**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 52

**سالّی/ 2009 – بەرگی پەنجاودوو**

---

**چاپی یەکەم/ سالّی 2009**

له بلاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2009)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 52
چاپی یەكەم: 2009
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/4/16 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/4/20 ل55

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن –سێ شەممە 2009/5/5 ل143

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/5/6 ل171

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/5/11 ل215

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/5/12 ل329

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/5/13 ل345

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/5/18 ل379

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/5/27 ل439


ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق
المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق
KURDISTAN NATIONAL ASSEMBLY - IRAQ

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**پێنج شەممە رێکەوتی 16\4\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 16/ 4/2009

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2009/4/16 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (7)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2009/4/16 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای پارێزگاکانی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای پارێزگاکانی هەرێم.

هەمیشە دیسان بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوەخۆ دەکەین، کە لەگەڵمان بەشدارە، داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، پێش دەست بە بەرنامەی کار بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمڕۆ 4/16، ڕۆژی بۆردومان کردنی ناوچەی بالیسان و دەوروبەریتی بە چەکی کیمیاوی، کە ئەوە یەکەم جار بوو بەو شێوەیە ناوچەیەکی نیشتەجێی خەڵکی بێ تاوانی گرتەوە، لە 1987/4/16 کە 250 کەس تێدا شەهید بوون، سەدان کەس تێدا بریندار بوون، ئەمڕۆژە ڕۆژێك بوو کە سەرەتای قۆناغێکی تازەی سیاسەتی حکومەتی بەغدا بوو کە ئاشکرابوو، پێشتریش ئەم سیاسەتە و ئەم بۆردومان کردنە کرابوو، بەڵام زۆر بەو ڕوونیە ئاشکرا نەببوو، لەو ڕۆژەدا مەترسییەکی گەورە هاتە پێشەوە کە ئەو ڕژێمە، ئەو چەکە قەدەغەکراوە لە لایەن دەوڵەتانەوە بەکاردەهێنرێ دژی گەلی کورد، بۆیە ئەو ڕۆژە زۆرلەلای ئێمەدا گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی ئەو چەکە کیمیاویە نەك بەس خەڵکی ئێمە بەهەزاران کەسی شەهید کردبوو، هەزارانی تریشی بریندار کردبوو، تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ماوەتەوە، ئەم چەکە ژینگەی کوردستانیشی پیس کردووە، بەردەوامیشە تەئسیراتی ئەو چەکە بە کۆمەڵ کوژە، لەسەر ئەوەی کە تا ئێستاکە ژینگەی کوردستان بە هۆی ئەوەوە پیس بووە، تەئسیرەکی زۆر خراپی هەیە لەسەر ژیانی خەڵك، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرۆژەیە کە لە ئێوەوە پیشکەش کرابوو، دوایی سەرۆکی حکومەتیش، دیراسەتی

لەسەر کردبوو، ئەو ڕۆژە دیاری کراوە وەکو ڕۆژی ژینگە لە کوردستان، بۆ ئەوەی بەو بڕیارەوە بایەخێکی زۆر بدرێتە ژینگەی کوردستان، هاووڵاتیان تێیدا ئاگادار بن کە چەند گرنگە ژینگەی خۆمان بپارێزین و پاکی بکەینەوە لە هەموو ئاسەواری چەکی کیمیاوی و چەکەکانی تر کە لە کوردستاندا بەکارهاتوون، جگە لەوەش ئەمڕۆ ڕۆژی ژینگەیە، پێویستە ڕاگەیاندن و حکومەت و پەرلەمان و میدیا، هەموو لایەك بەشدار بن لەوەی کە خەڵك ئاشنا بێتەوە بە ڕۆشنبیری ژینگە، چۆن ژینگەی دەپارێزین، لە کوردستانی ئێمەدا، لە عێراقدا ڕۆشنبیری ژینگە زۆر لە ئاستێکی نزمدایە، ناکرێت بە تەنیا حکومەت بەو ئەرکە هەڵبستێت، دەبێ هاووڵاتیان، هەموو هاووڵاتیەك بە هەستێکی لێپرسراویەوە، ئەو زانیارانەی هەبێت کە چۆن ژینگەی دەپارێزێت، لەم ڕۆژەدا، جارێکی تر بانگەوازێك دەکەین بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە بایەخێکی تەواو بدەن بە پاراستنی ژینگە، هەروەها داوا دەکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەو بڕیارە دەرچووە لێرەوە، ئەو قەراراتانەی کە لە لایەن وەزارەتی ژینگەوە دەرچووە، لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەی کە بایەخ بە ژینگە دەدەن، داوا کراوە ئیهتیمامی پێ بدەن، خەڵکی پێ ئاشنا بکەن، بە دوایدا بچن، هەروەها لەوانەش یاسای قەدەغەکردنی جگەرەش لە شوێنە ڕەسمیەکاندا، ئەوەش لە بەشێکی گرنگیدا پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە، بە تەندروستی هەیە، ئەمەش دەبێت ئێستا ڕچاو بکرێ بە پێی پێویست جێبەجێ نەکراوە لە هەموو شوێنێکدا، پێویستە بەدواچوونی تێدا هەبێت، بایەخی پێبدرێت لە ڕۆژی 4/16دا ڕۆژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، لە بالیسان و گوندەکانی دەوروبەری، سەری ڕێز و نوازەش بۆ گیانی پاکی شەهیدان دادەنوێنین، هەروەها دەبێ دووپاتی بکەینەوە هەمیشە بایەخێکی تەواوی دەدەین بە کەسوکاری شەهیدانی چەکی کیمیاوی و ئەنفالکراوەکان، هەموو شەهیدانی گەلی کوردستان، ئومێد دەکەین جێگایان بەهەشت بێت، خۆشبەختانە وەکو هەمیشە باسمان کردووە، ئەوانە کارەساتێکن بەرامبەر گەلەکەمان کراوە، بەڵام ئێمە لە ژیاندا بووین، ئەوانەی کە ئەو تاوانەیان کرد، ئەوە دەچنە حەقی خۆیان، سزای خۆیان پێدەدرێت، لەبەر چاوی هەموو خەڵکی کوردستاندا تەماشا دەکەین بەردەوام لە دادگادا یەك لە دوای یەك، ئەو تاوانانە ڕیسوا دەکرێن، دەبێتە دەرسێك و پەندێك بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و بۆ هەموو خەڵکی دونیا، کە تاوانباران چەند وەختیشیان بەسەر بچێ، دەبێ بگەنە سزای خۆیان، ئومێد دەکەم بتوانین بە هەموو هەوڵێکمان قەرەبووی زیانی ئەو شەهیدانە بکەین کە بە چەکی کیمیاوی شەهید بوون، لە بالیسان، لە هەڵەبجە، لە گۆپتەپە، لە هەموو ئەو شوێنانە، هەروەها کەسوکاری شەهیدان، ئەنفال، لە بادینان، هیچ شوێنێك نیە لە کوردستاندا شاڵاوی ئەو کارەساتەی نەگەیشتبێ، لەبەر ئەوە ئێمە قەرزاری ئەو شەهیدانەین، قسەیەك هەیە، تەبیعی هەندێ جار گلەیی لە لای خەڵکەوە زۆر دەکرێت، کە خزمەت نەکراون، کەم و کوڕی هەیە، یەك لەو هۆیانەی کە خەڵك وا گلەیی دەکەن و حەقیتی گلەیی بکاتن، ئەوەیە ڕەنگە کەم ماڵ هەبێت لە کوردستاندا تووشی ئەو کارەساتە نەبووبێت لە نزیکەوە، یاخود شەهیدێکی نەبێت لە ماڵیان، ماڵیان وێران نەکرابێ، بۆیە ئەو خەڵکە حەقی خۆیەتی، ئەو حوکمەتە، ئەو پەرلەمانە بە هی خۆی بزانێ، ئەو دەستکەوتانەی بە هی خۆی بزانێ، چاوەڕوانی شتی

زیاتریش بکات، چونکە ئەو هەموو دەستکەوتانەی بە خوێنی پاکی شەهیدان دروست بووە، بەو قوربانیانە بووە کە ئەوانە داویانە، بۆیە دەبێ لێپرسراوان، دەسەڵات، پەرلەمان، حکومەت، سەبری هەبێت بەرامبەر هەر گلەییەك، گازاندەیەك لەلایەن خەڵکەوە ئاراستەمان دەکرێ، ئێمە لیپرسراوین لێرە و بەشێکین لە خەڵك، هەست بە ئازار و کێشەیان دەکەین، چەند خزمەتیان بکەین، ئەوە واجبێکە لەسەر شانی ئێمە، منەتیش نیە لەسەر کەسێك، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ کۆمەڵانی خەڵکیش بزانن ئەم حکومەتە و ئەو پەرلەمانە هی خۆیانە، لە خۆیانەوە هاتووە، متمانەی پێدراوە، کەم و کوڕییەکان بە متمانەی هەموو لایەك چارەسەر دەکرێ، بەیەك لا چارەسەر ناکرێ، پێش هەموو کەسێك دەسەڵات خودی خۆی دەبێ چارەسەری بکات، چاکسازی بکات، پەرلەمان چالاکتر بێت، بەدواچوونی کێشەکانی کۆمەڵانی خەڵك بێت، لەم رۆژەدا سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدان، سوپاستان دەکەم، فەرموون لێژنەی یاسایی بۆ بەردەوام بوون لەسەر بەرنامەی کارمان، ببورن لێژنەی ناوەخۆش، وام زانی بەرنامەی تری تێدایە، فەرموون، هەردوو لێژنە، نیوەی لێژنەی ناوەخۆیە بمانەوێ یان نەمانەوێ، راپۆرتی هاوبەشتان هەیە، بەڵام هەردوکتان پێکەوە دانیشن باشتر و جوانترە، وابزانم ماددەی 16مان تەواو کردووە بۆ 17.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم:

سەرۆکەکانی یەکە کارگێڕیەکان:

1-پارێزگار:

ماددەی 17

1-پارێزگار بەرپرسی یەکەمی جێبەجێ کردنە لە پارێزگادا و بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەن و بە پلەی تایبەتی وەکیلی وەزیر دەبێ لە رووی ماف و خزمەتی فەرمانیەوە، لە رووی کارگێریەوە بەستراوەتەوە بە وەزارەتی ناوەخۆ.

2-مەرجە پاڵێوراو بە پایەی پارێزگار بە لایەنی کەم بڕوانامەی  زانکۆیی هەبێ لە پاڵ ئەو مەرجانەی کە پێویستن لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بێنە دی.

3-مەرسومێکی هەرێمی بە دامەزراندنی پارێزگار لە ماوەی 15 رۆژ لە مێژووی هەڵبژاردنی لە لایەن ئەنجومەنەوە دەردەچێ.

4-هەر پارێزگار و دوو جێگری دەبێ کە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و خاوەن شارەزایی و پسپۆری بن و بە پلی تایبەت (ب) دەبن و فەرمانی دامەزراندنیان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث:**

**المحافظ**

**المادة 17**

**1-المحافظ هو المسؤول التنفيذي الاول في المحافظة و مسؤول امام المجلس و هو من الدرجةالخاصة وكيل وزارة فيما يخص الحقوق و الخدمة الوظيفية و ترتبط المحافظة ادارياً بوزارة الداخلية.**

**2-يشترط في المرشح لمنصب المحافظ ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية على الاقل اضافة الى الشروط المطلوب توافرها في عضو مجلس المحافظة.**

**3-يصدر مرسوم اقليمي بتعين المحافظ خلال 15 يوماً من انتخابه من قبل المجلس.**

**4-يكون لكل محافظ نائبان حاصلان على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الاختصاص و يكونان بدرجة مدير عام و يصدر امر تعينهما من قبل مجلس الوزراء.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام ڕەنگە کوردییەکە وەکو پێویست خاڵەکان تەرجومە نەکران، لەبەر ئەوە گۆڕانکاری هاتووتە سەر پڕۆژەی ئەصڵی، بۆیە نەصە عەرەبیەکە ئەساسە بۆ موناقەشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس قسەی هەیە لەسەری؟ کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پارێزگار و هەردوو جێگرەکەی ئەندامی ئەنجومەنن و لە ناو ئەنجومەنەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەم پۆستە، بەڵام ئەو بەرپرسیارەتییەی کە هەیانە پلە نیە بەراستی، ئەوە مەسئولیەتە و ئەخرێتە سەر شانیان لەلایەن ئەنجومەنەوە، پارێزگار بە پلەی وەکیل وەزیر دائەنرێ و هەردوو جێگرەکەی بە مودیر عام، ئەوانە هەردووکیان مەشمولن بە خانەنشین و ئیمتیازاتی خۆیان دوای تەواو بوونی دەورەکەیان، کاتێك کە ئەندامانی ئەنجومەن ئەو مافەیان نیە، بەراستی ئەمە من وا ئەزانم ناحەقیەکە بەوانە ئەکرێ، چونکە ئەوانەی ئێستا جەنابت سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی، من تەصەور ئەکەم هەروەك ئەندامانی پەرلەمان ئیمتیازات و مافی خانەنشینت هەبێ، بەڵام ئەو لێپرسراوەیەتیە و ئەو ئەرکانە ئەنجومەنی پەرلەمان پێی بەخشیوی نەك وەك پۆستێك، لەبەر ئەوە ناحەقییەکە، دوو: لەرووی ئیدارییەوە قائیمقام سەر بە پارێزگایە، مەعقول نیە جێگری پارێزگار مودیر عام بێت و قائیمقائیمیش مودیر عام بێت، ئەوە لە رووی وەزیفیەوە وابزانم خەلەلێکە، ئەگەر چارەسەر بکرێ من زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر شەهادەکە قسەم هەیە، شەهادە ئەوەلیە، یەعنی تەرتیب بکرێ بە جۆرێك کە خزمەت بە وەزیفەکە بکات، یەعنی ئێستا بەکالۆریۆسی هەبێ لە جوگرافیا لە تەئریخ، یەعنی ناتوانێ زۆر خزمەتی پێ بکات، یەعنی دەبێ لە بەینی دوو ئیختیصاصدا بێت، هەندەسە و قانون، کە بە قەناعەتی من لەو جێگایانەی کە ئەو مەسئولە تەنفیزیانە موهەندیسن زیاتر لە رووی ئاوەدانکردنەوە، چونکە پارێزگار و ئەوانە زیاتر کارەکانیان ئاوەدانکردنەوە و بیناکردنە، چ بە خزمەت گوزاری و چ بە ئیعمار، لەبەر ئەوە ئەو دوو ئیختیصاصە ئەگەر هەر کامەیان بێت ئەوە خزمەتی زیاتر دەکات،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وللا من پرسیارێکم هەبوو ئەگەر لێرە جێی بێتەوە، سەبارەت بە قائیمقامی مەرکەز، قائیمقامی مەرکەز چۆن هەڵدەبژێردرێ؟ چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ؟ دەسەڵات و صلاحیاتی چۆن دەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم لەسەر بڕگەی 4 هەیە، یکون للمحافظ نائبان، ئەوە قەیناکە، بەڵام ئەو نائیبانە تەسمیە بکرێن، هەردوو نائیب صەلاحەتیان جودایە، دوو نائیب نیە، یەکیان موعاونە و یەکیان نائیبە، صلاحیاتی موعاون جودایە وصلاحیاتی نائیب جودایە، موعاون ناتوانێ لە کاتی فەراغی موحافەزە ببێتە جێگری موحافز، بەڵام نائیبەکەی دەتوانێ، بۆیە پێم باشە تەحدید بکەی، یەکیان بۆ ئیدارەی مەحەلی بێت و یەکیان بۆ ئوموری ئیداری بێ، نائیبی شوئونی ئیداریش یەکیان نائیب بێ و یەکیان معاون بێ، هەردووکیان نائیب نابێ، نائیبەکە جێگری موحافز دەبێ لە شوئونی ئیداری و ئەوەی تر معاونی ئیدارەی مەحەلی دەبێت، ئەوە جودا بکرێتەوە باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شكريە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی كە قسەكانم بكەم، دوو، سێ دانە جارە گوێم لێیە دەڵێن: نەصی عەرەبیەكە، ئێمە بە هێن دایئەنێین، مەعلعیلم لە ماددەی 4ی دەستووری عێراقدا هاتووە كەوا زمانی كوردی و عەرەبی رەسمین، كەواتە ئێمە لە هەرێمی كوردستانین، بۆچی ئێمە بناغەی هەموو شتەكان، ئەگەر كوردییەكەش رەكیك بێت، بۆ نەیكەین بە كوردی؟ بۆ ئیعتیماد بكەینە سەر نەصە عەرەبیەكە؟ چەندەها جار تەلەفۆن بۆ من كراوە، باشە تۆ مامۆستای زمانی كوردی، مامۆستای ئەدەبی كوردی، چۆن تۆ قسە ناكەی؟ ئێوە بۆ وا بێدەنگن؟ مامۆستایەك كە دەرچووی بەشی كوردییە، ئەو رێگایە ئەدەن كە هەر ئەبێ تەركیز لەسەر نەصە عەرەبیەكە بكەن، قەیناكە ئەگەر بە كوردییەكەش رەكیك بێ، ئەتوانین چاكی بكەین، بەڵام تكا ئەكەم مادەم لە دەستووردا هەیە، با پابەند بین، ئەوە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم:پەیوەندی بە خاڵی سێیەمەوە هەیە، كە لێرەدا نەنووسراوە، ئەڵێ: كە مەرسومێكی هەرێمی بۆ پارێزگار دەرئەچێ، ئەی باشە ناتوانین ئێمە ئیزافەی بكەین ئەگەر خانەنشین كرا، یان وەكو ئەڵێ: يحال الى التقاعد، ناتوانین لێرەدا هینی بكەین؟ هەر لە نەصە كوردیەكەشدا، خاڵی چوارەم: نووسراوە بە پلەی (ب)، ئەگەر بیكەی بە بەڕێوەبەری گشتی جوانتر نیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە فەقەرەی سێیەم دەڵێ: يصدر مرسوم اقليمي بتعين المحافظ خلال 15 يوماً من تاريخ انتخابه من قبل المجلس. لە پاش 15 رۆژەكەی، بیزەبت یەعنی ئەو مەرسومە ئیقلیمیە وەكو موباشەرەیە، تەعینەكە هەتا ئەو مەرسومە ئیقلیمیە دەرنەچێ موباشەرەكە ناكرێ، ئەوها باش بوو كە زیاتر تەوزیح بكرێ، دەست بە ئیشەكانی دەكات لە پاش 15 رۆژەكەی، یەعنی لە پاش 15 رۆژەكەی دەست بە ئیشەكانی دەكات، عەینەن لە دووەم (على الاقل) كەلیمەكی زۆر قانونی نیە، وەكو دەڵێی: 2-يشترط في المرشح لمنصب المحافظ ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية على الاقل، ئەو (على الاقل) شتێكی زیادە، علە شهاد جامعيە اوليە، ئەگەر زیاتریشی هەبێ ئەوە باشترە، (على الاقل) وا تێدەگەم زیادە و لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شێخ فەتاح فەرموو، سوپاس، د.هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان تێبینیم هەبوو، کە :ان یکون حاصلآ علی شهادة بکالوریوس في القانون او الهندسة، هەمان شت بە نیسبەت نائیبەکان، ان یکونوا ذو خبرة و اختصاص في مجال القانون او الهندسة، خبرە و ئیختیصاصەکە ئەگەر بکرێ، لا یقل عن 10 سنوات، ئەوە باشترە بۆ ئەوەی زیاتر خیبرەکەی هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر خاڵی دووەمدا هەیە، باشترە بووترێت: ان یکون حاصلآ علی شهادة بکالوریوس و یفضل ان یکون من خریجي کلیات القانون او الهندسة، یەعنی تەحدید بکرێ ئەوە باشترە، من لێرە دەڵێم تەفزیلێ بکرێ، شەرت نیە، یەعنی ئەگەر هەبێت باشترە تەفزیلێ بکرێ، خەریجی کولیاتی قانون بێت یان هەندەسە بێت، وشەی (علی الاقل) پێویست ناکات، چونکە کە ئەتۆ وتت بکالوریۆسی هەبێ هەر ئەوە علی الاقلە، کە دەڵێی : شهادە جامعیە اولیە او بکالوریوس، ئەوە خۆی علی الاقلە، بۆیە پێویست ناکات، بە نیسبەت نائیبەکانیش، فیعلەن ئەوەش وەکو ئەوەی د.هالە باسی کرد، ئەگەر ئەوانیش موختەص بن بە قانون یان هەندەسە، یەکیان قانون بن و یەکیان هەندەسە بن، هێشتا باشترە، بە نیسبەت ئەو تێبینیەی کە لەسەر مودیر عامەکان بوو، پێم وایە زۆر زۆر تەبیعیە، لە دیوانی وەزارەتەکانیش مودیر عامی دیوان هەیە، لە پارێزگاکانیش مودیر عامی دیوان هەیە، هیچ ئیشکالێك دروست ناکات، ئەگەر بە دەرەجەی مودیر عام بێت، نائیب و قائیمقام هەر بە دەرەجەی مودیر عامە و هیچ ئیشکالیەك نیە، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەمم پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك بارزان ئەکەم، دەرەجە وەزیفیەکانە، خاڵی دووەمم: پرسیارێکم هەیە، لە ماددەی 14 ئەڵێ: مەرجی ئەندامێیەتی بەلانی کەم بروانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەی هەبێ، بەڵام لێرە بۆ پارێزگار، ئەڵێ: لایەنی کەم، بروانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ، ئەو ئەنجومەنەی ئێمە وا بریار درا کە لەناو ئەنجومەنەکە هەڵبژێردرێ، بەڵکو لەو ئەنجومەنە یەکیان یان دووانیان تێدا بێ بۆ ئەو پۆستە، نازانم لەوێدا چی ئەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە پێشنیارێکم هەیە، لە خاڵی یەکەم، پارێزگا، بەرزترین بەرپرسی جێبەجێکردن بێت، هی یەکەم لابردرێ، ئەوە یەك، پێشنیارێکی دیکەشم هەیەن لە رووی کارگێریەوە ببەستڕێتەوە بە پەرلەمانەوە، لەو خاڵەش کە لە خاڵی دووەم: من هاورام لەگەڵ ئەو هاورێیانەم کە لە بارەی پلە و پایەی پارێزگار کەوا شەهادەکانیان تەحدید بکرێ، بەراستی ئەگەر بێت و بروانامەی هەبێ لە بواری تەئریخ یان جوگرافیە یان ماددەیەکی تر، بەو شێوەیە کارەکەی بەرێوەنابات، بەڵام ئەگەر بێت و لە بواری ئیختیصاصی تایبەتمەندی یاسا بێت یان ئەندازیاری، ئەوە زۆر باشترە، تێبینیەکی ترم هەیە، دووبارە لە خاڵی چوارەم، بەرێوەبەرە گشتیەکان بەلایەنی کەم 10 ساڵ خزمەتیان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە من پێم وایە زۆر بە باشی هاتووە، تەنها من دەمەوێ خاڵێك بخەمە روو، من ئەمەوێ بێنمەوە بیری بەڕێزتان و ئەندامانی بەڕێزیش، بەراستی ئەرکی پارێزگار ئەرکێکی زۆر قورسە، بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنێك، پێویستی بەوە هەیە کە، بەرپرسە لە جێبەجێ کردنی ئەو تەوصیات و پێشنارانەی کە ئەو ئەنجومەنە بۆی دیاری دەکات، ئێمە لێرە یاسای وەزارەتەکان کاتێك کە دامانناوە، بۆ هەر وەزیرێك بە یاسا، ماددەیەکمان داخیل کردووە کە چەند خەبیرێکی هەبێت، یان چەند راوێژکارێك تەعین بکات کە هاوکاری بکەن، بێگومان ئەرکی پارێزگاریش ئەرکێکی کەم نیە لە سنووری پارێزگایەکەی خۆیدا، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەی پێ بدەین، ماددەیەك ئیزافە بکەین لێرەدا کە بتوانێ چەند راوێژکارێك دابنێ کە هاوکاری بکات لە راپەراندنی ئەرك و کارەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو موناقەشە، رەئی لیژنەی قانونی و ناوەخۆ لەسەر ئەو موناقەشاتانە، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەوەی کە زۆر باسی لێکرا، مەوزوعی ئەوەی کە موحافیز شەهادەی جامیعی هەبێ علی الاقل، زۆر شتێکی تەبیعیە، خۆ ئەگەر زیاتریشی هەبێ هیچ مانعاتێکی نیە، مومکینە زروفێکی وا روودەدات کە دەرەجەیەکی زیاتر و بچێتە ناو لیستی مورەشەحەکانەوە، بە قەناعەتی ئێمەوە تەبیعیە، بەڵام تەحدید کردنی هەندەسە یاخود قانون بە نیسبەتی موحافزەوە، ئێمە شەهادەی جامعیەکەی بە موتلەقی بەجێ دەهێڵینەوە بە پێی زروف و وەختی ئەو دامەزراندنە، سەبارەت بە مەوزوعی نائیب موحافز و قائیمقام بە

پلەی مودیر عامەکەوە، فیعلەن هەردووکی نزیك یەکترن، لە ناحیەی خدمە رەنگە فەرقی بکات، ئەگینا بە نیسبەت پلە و پایە تەقریبەن دەتوانم بڵێم نزیك یەکترن، بۆیە ئێمەش مودیر عاممان داناوە، چونکە موصتەلەحێکی موتەداولە لە هەرێمی کوردستان، یان دەمانتوانی بچینە دەرەجاتی سولەمی وەزیفی کە لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە داندرایە، بەڵام ئێمە بۆیە مودیر عاممان داناوە، چونکە ئەوە موتەداوەلە بە نیسبەت دەزگاکانی ئێمە، مەسەلەی دوو نائیب، دوێنێ جەنابی وەزیر زۆر باش ئیشارەتی پێدا، یەکیان بۆ ئیدارەی عامە و ئەوەی تر بۆ ئیدارەی مەحەلی، ناویشیان نائیبە وا بزانم چ ئیشکالیەتێکی وا دروست ناکات، رەنگە لە عیراق وایان کردبێ، یەك نائیبە و یەك معاونە، بەڵام هەردووکیان نائیبن و ئیشوکارەکانیان دیاری بکرێ بە قەناعەتی من هیچ فەرقێکی وا ناکات ئەگەر بڵێی نائب المحافظ للادارة العامة او نائب المحافظ لشؤون الادارة المحلية، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەللا حەق نیە موقاتەعەمان بکەن، کەنگین قسەمان کرد و جوابمان داوە، ئەگەر وەڵامەکەمان وەکو پێویست نەبوو، ئەو وەختە موداخەلە بکەن، دوای ئەوە قسەکانمان تەواو دەکەین، ئێمەش سیلسیلەی ئەفکارمان تێك دەچێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری ئەوە کرا، قائیمقامی مەرکەز یان حەتا ئەنجومەنی قائیمقامیەتی مەرکەز چۆن هەڵدەبژێردرێ؟ لە مەرکەزدا وەکو قائیمقامیەکانی تر تەعامولی لەگەڵ کرایە، قائیمقامێکی هەر قەزایەك چۆن هەڵبژێردرایە هی مەرکەزیش وا هەڵدەبژێردرێ، لە قانونی عیراقیش بە هەمان شێوە دارێژراوە، پرسیاری ئەوە کرا بۆ ئەو ئەندامانە و ئەندامانی ئەنجومەنی ناحیە و قەزا و پارێزگا، مافی تەقاعودیان هەبێ، ئێمە تا ئێستا 308 ناحیەمان هەیە، 35 قەزامان هەیە، 3 پارێزگامان هەیە، برادەرەك حیسابی کرد نزیکەی 800 ئەندام هەیە، یەعنی هەر 4 ساڵ 800 ئەندامی دەبێ تەقاعود بکەین، جگە لە ئەندام پەرلەمان، لە وەزیر، بەراستی هەر چوار ساڵێك دەبێ لەشکرێك تەقاعود بکرێ، ئەوە ئێمە کردیتمان، لەو قانونەدا، ئەوانەی ئێستا لەسەر کارن، ئەوانە تەقاعود دەکرێن، بەڵام مەرحەلەی داهاتوو، خانەنشین ناکرێن، ئەوەش وەکو گرێبەستە، ئەوانەی دێن پێش وەخت دەزانن کە تەقاعود ناکرێن، ئەوەی پلە (ب) بکرێ بە مودیر عام، کاك شێروان بەراستی جوابی داوە بە گشتی، بەڵام بە تەفصیلی نەچووە ناوی، ئەوە لە کوردییەکەی باڵا هاتووە، خۆی لە عەرەبیەکەدا ب پلەی مودیر عامە، ئەوە پرسیاری ئەوە کران بەراستی موحافز دەست بەکار نابێت کە هەڵدەبژێردرێ، بەڵکو پاش ئەوەی کە مەرسومی ئیقلیمی بۆی دەردەچێ ئەوجا دەست بەکار دەبێت، ئەوەی برادەران باسیان کرد کە خەریجی هەندەسە بن یان قانون، جا چ نائب بێت یاخود پارێزگار، بەراستی پێمان وایە ئەو مافە بدرێتە دەرچووانی هەموو کۆلێژەکانی تریش، پێم وایە دەرچووی کۆلێژی زراعە یان هەر کۆلێژێکی تر دەتوانێ ئەو ئەرکە راپەرێنێ، نابێ حەصر بکرێ لە خەریجی یاسا

یاخود هەندەسە، موحافز نابێ رەبت بکرێ بە پەرلەمان، موحافز ئیشێکی تەنفیزیە و رەبتە بە وەزیری ناوەخۆ، ئەنجومەنەکان بەگشتی، جا چ پارێزگا بێت یخود ئەنجومەنەکانی تر بێت، ئەو دەکەویتە ژێر چاودێری پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هیچ قسەت هەیە؟

**بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری ناوەخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ماددەکە دەکەم، هەمووی وەکو چۆن هاتووتەوە، یەك مولاحەزەم هەیە لەسەر نائب موحافز و معاون محافز، راستە تا ئێستا معاون موحافز شوئونی ئیدارەی مەحەلی ئێستا ئەو بەرێوەی دەبات، بەلام ئێستا کراوتە نائب موحافز یەعنی بەرزتر بووە و صەلاحیاتی زۆرتر بووە، ئێمە تەئیدی ئەوە دەکەین بکرێتە نائب باشترە، ئەوەی کە هاتووتەوە لە قانون زۆر باشترە کە بکرێتەوە معاون موحافز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەندێ مولاحەزات هاتبوو، بەلام ئەوەی کاك بارزان و گێلاس خان لێرە جێی نیە، لێرە باسی مەعاش و شتی وا نەکرایە، کە وەختی هات باسی بکەن، چونیەتی دەرەجاتی و دەرەجەکەیەیتی و موحافز و نائیبەکانی، هەر وەختێکی هاتە سەر ئیمتیازاتەکانیان، ئەو مولاحەزاتانە دەتوانن تەرحی بکەن، ئێستا لە تەنیا شهادە جامعیە علی الاقل، ئەو علی الاقل شەتب بکرێ باشترە، چونکە کە وتت شهادە جامعیە ئەگەر نەشینووسین، کە ماجستێری هەبوو، بەکالۆریۆسی هەیە بە تەئکید، دکتۆراشی هەبێ یەعنی بەکالۆریۆسی هەیە، ئەوەی تریش باش شەرح کرا، خەریجی جامیعە بێت، شەهادەی جامیعی هەبێ، شەرت نیە ئیختیصاصەکەی دیاری بکرێ، ئەوە پارێزگارە مەسئولە لە هەمووان، ئەگەر موهەندیسیش بێت شارەزایی لە تەندروستی نیە، شارەزایی لە زیراعەی نیە، موهیم لە ئیدارەی شارەزایی هەبێت، لە ئیدارەش بکالۆریۆسی هەبێت ئینجا لە بوارێکدا، بەلام ئەوە معاونەکانیتی، لێژنەکانە، بێجگە لەوەدا ئەو فەرمانگانە هەمووی مودیر عامی خۆیان هەیە، ئیشەکانی خۆیان بە رێك و پێکی دەکەن، ئەوە زیاتر سەرپەرشتی کردنە، ئەگەر ئەو علی الاقل یان بیکەنە حد ادنی، هەر بیکەنە حد ادنی، یان حاصل علی شهادە جامعیە اولیە، موستەشار ئیعتیادیە هەر پێی ناوی، هەموو رەئیس دائیرەیەك بۆی هەیە موستەشار دابنێ، بیخوێننەوە تا بیخەینە تەصویت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث:**

**المحافظ**

المادة 17

1-المحافظ هو المسؤول التنفيذي الاول في المحافظة و مسؤول امام المجلس و هو من الدرجةالخاصة وكيل وزارة فيما يخص الحقوق و الخدمة الوظيفية و ترتبط المحافظة ادارياً بوزارة الداخلية.

2-يشترط في المرشح لمنصب المحافظ ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية اضافة الى الشروط المطلوب توافرها في عضو مجلس المحافظة.

3-يصدر مرسوم اقليمي بتعين المحافظ خلال 15 يوماً من انتخابه من قبل المجلس.

4-يكون لكل محافظ نائبان حاصلان على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الاختصاص و يكونان بدرجة مدير عام و يصدر امر تعينهما من قبل مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە بەس یەك شت چاك بكەن، ئەوەلەن: ترتبط المحافظ، بكەنە ، یرتبط المحافظ اداریآ، ئەو مولاحەزەیە لە دوورەوە قسەشی نەكرد كاك محمد خلیل زانیم ئەوەیە، كاك محمد خلیل، هەموو خەلیلێك كاك محمدی لە پێشە، ماددەكە بەو گۆڕانكارییەی (، یرتبط المحافظ) دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵیتی دەستی بلند بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم: ئەرك و دەسەڵاتەكانی پارێزگار:

ماددەی 18: پارێزگار ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

یەكەم: ئامادەكردنی بودجەی پارێزگا و بەرزكردنەوەی بۆ ئەنجومەن.

دووەم: جێبەجێكردنی سیاسەتی گشتی حكومەتی هەرێم لە سنووری پارێزگادا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكانەوە.

سێیەم: جێبەجێ كردنی ئەو بڕیارانەی كە ئەنجومەن بە پێی یاسا جێبەجێكراوەكان دەیدا.

چوارەم: نوێنەرایەتی پارێزگا دەكات لە كۆنگرە و كۆڕ و سیمینارەكاندا كە بۆیان بانگ دەكرێ، بەپێی یاسا و بنەمای باو.

پێنجەم: سەرپەرشتی كردنی بەڕێوەچوونی شوێنە گشتیەیان لە پارێزگادا و پشكنینیان جگە لە یەكە سەربازییەكان و پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) و دادگاكان و زانكۆ و كۆلیجەكان و ئەو پەیمانگایانەی كەسەر بەوەزارەتی فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستین و ئەو فەرمانگانەی كە تایبەتمەندی فیدرالیان هەیە لەهەرێمدا.

شەشەم:

1-دەرچوواندنی فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەرانی كارگێڕییە خۆجێیەكان و تەنسیب كردنیان لەسەر ئاستی پارێزگا، لەوانەی كە لە پلەی پێنجەم و بەرەو خوارەوەن لە پەیژەی پلەكانی فرمان كە لەیاسادا

**هـاتووە لەوانـەی کـە دەپـاڵێورین لـە فەرمانگـە تایبەتمەنـدەکانی بـەپێی پلانـی ئـەو میلاکـەی لەلایەنـە پەیوەندی دارەکانەوە پەسەند کراوە.**

**2-چەسپاندنی فەرمانبەرە خۆجێیەکان لە پارێزگادا لەنێو پەیژەی پلەکانی فرمان کە لەیاسادا هاتوون.**

**حەوتـەم: دەسـت دانـە جێبـەجی کردنـی رێکاری کـارگێڕیی و یاسـایی دەرحـەق فەرمانبـەرانی کارگێڕییـە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی پارێزگا.**

**هەشتەم: پارێزگار بەرپرسە لە دابین کردنی ئاسایش و نیـزام لـەپارێزگادا و بـۆی هەیـە فـەرمان بـدات بـە پۆلیس لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەدا بکات کە لەناو سنووری پارێزگادا روودەدەن.**

**نۆیەم: داواکردنی کردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی بنکەکانی پۆلیس لەسـەر پێشـنیازی بەڕێوەبـەری پۆلیسـی پارێزگا ، دوای پەسندکردنی ئەنجومەن بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی.**

**دەیـەم: پاراسـتنی ئاسـایش و نیـزام و مـافی هاوولاَتیـان و گیـان و مـاڵ و موڵکیـان و بـۆی هەیـە لـە بـاری نەتوانینی دەزگای ئاسایش لە پارێزگادا بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی لە پاراستنی ئاسـایش و نیـزام، ئـەم کارە بخاتە بەردەم وەزیری ناوخۆ وبڕێکی پێویست لەهێز بخاتەڕوو کە ئەو ئەرکەی پێ هەڵبسوورێ.**

**یازدەم:**

**یەکەم: نارەزایی دەربرین لە بڕیارەکانی ئەنجومەن لەم بارانەی خوارەوە :**

**ا:ئەگەر سەرپێچی کردنی دەستوور یان یاسا کارپێکراوەکان بوو.**

**ب ـ ئەگەر لە دەستەلاَت و تایبەتمەندیی ئەنجوومەن نەبوو.**

**ج ـ ئەگەر سەرپێچی کردنی پلانی گشتی حکومەتی هەرێم و بودجە بوو.**

**دووەم: پارێزگـار بڕیارەکـە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئەنجومـەن لەماوەیـەك لـە (15) پـازدە رۆژ زیـاتر نـەبێ لـە مێژووی پێڕاگەیاندنی، لەگەڵ هۆیەکانی رەخنەگرتنەکەی و تێبینیەکانیدا.**

**سێیەم: ئەگەر ئەنجومەن پێی داگرت لەسەر بڕیارەکەی خۆی بەبێ لابردنی سەرپێچیەکە، دەبێ بینێرێ بۆ دادگای کارگێریی تایبەتمەند بۆ بڕیاردانی یەکلاکەرەوە و بریاری دادگاش کـە پلـەی کۆتـایی وەرگرتبـێ دوا بڕیاری چەسپاوە لەو بارەیەوە.**

**چوارەم: پارێزگار بۆ هەیە هەندێ لە دەستەلاَتەکانی بدات بـەجێگرەکانی یـان قایمقـام یـاخود بەرێوەبـەری ناحیە، هەریەك لەکاروباری یەکە کارگێڕییەکەیدا.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ثانیاً: مهام وصلاحیات المحافظ**

**المادةالثامنة عشرة:**

**یمارس المحافظ المهام و الصلاحیات الآتیة:**

**اولاً: اعداد موازنة المحافظة ورفعها الی المجلس.**

ثانياً: تنفيذ السياسة العامة لحكومة الأقليم في حدود المحافظة بالتنسيق مع الوزارات المعنية.

ثالثاً: تنفيذ القرارات التى يتخذها مجلس المحافظة وفق القوانين النافذة.

رابعاً: تمثيل المحافظة في المؤتمرات والندوات والمحافل التي يدعى اليها.

خامساً: الأشراف على سير المرافق العامة في المحافظة وتفتيشها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم (البيشمەرگه) والجامعات والكليات والمعاهد التابعة لوزارة التعليم العالي والبحث العلمي والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في المحافظة.

سادساً:

1- اصدار امر تعيين موظفي الأدارات المحلية وتنسيبهم على مستوى المحافظة ممن هم في الدرجة السابعة فما دون من سلم الدرجات الوظيفية المنصوص عليها في القانون الذين يتم ترشيحهم من الدوائر المختصة وفقا لخطة الملاك المصدقة من الجهات المعنية.

2- تثبيت الموظفين المحليين في المحافظة في سلم الدرجات الوظيفية المنصوص عليها في القانون.

سابعاً: إتخاذ الأجراءات الأدارية والقانونية بحق موظفي الأدارات المحلية على مستوى المحافظة.

ثامناً: مسؤولية استتباب الأمن والنظام في المحافظة وله ان يأمر الشرطة بالتحقيق في الجرائم التي تقع داخل المحافظة.

تاسعاً: طلب استحداث او الغاء مراكز الشرطة بعد مصادقة المجلس بالأغلبية المطلقة لعدد اعضاءه.

عاشراً: الحفاظ على الأمن والنظام وحماية حقوق المواطنين وارواحهم وممتلكاتهم وفي حالة عدم قدرة الاجهزة الامنية على تحقيق ذلك يعرض الأمر على وزير الداخلية مبيناً مقدار القوة الكافية لأنجاز تلك الواجبات.

حادي عشر:

اولاً: الأعتراض على قرارات المجلس في احدى الحالات الآتية:

أ- اذا كانت مخالفة للدستور او القوانين النافذة.

ب- اذا لم تكن من اختصاصات المجلس.

ج- اذا كانت مخالفة للخطة العامة لحكومة الأقليم او للموازنة.

ثانياً: يقوم المحافظ بأعادة القرار الى المجلس خلال مدة اقصاها(خمسة عشر يوماً) من تأريخ تبليغه به، مشفوعاً بإسباب اعتراضه و ملاحظاته.

ثالثاً: اذا اصر المجلس على قراره، دون إزالة المخالفة التي بينها المحافظ، فعليه إحالته الى المحكمة الادارية للبت في الأمر ويكون قرار المحكمة المكتسبة لدرجة البتات في هذا الشأن باتاً.

رابعاً: للمحافظ تخويل بعض صلاحياته الى نوابه او القائمقام او مدير الناحية كل في امور وحدته الادارية.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەس چەند مولاحەزەکمان هەیە، مولاحەزەی یەکەم: بە نیسبەت پێنجەمـە، جامعات و کلیات و معاهدی تـەعلیم عـالی، پێشـتر چۆن موعالەجـەمان کـرد لێـرەش هـەر بـەو شـێوەیە لـە صیاغەکە موعالەجـە دەکـەین، واتـە پـاش حـرس الاقلـیم پێشـمەرگە دێـت، دەڵـێ: و الجامعـات و الکلیـات و المعاهـد التابعـة لـوزارة التعلـیم العـالي و البحـث العلمـي و الـدوائر ذات الاختصـاص الاتحـادي في المحافظـة، رایدەگرین بەراستی، ئەو صیغەیە ئەوها بێت و ئـەوانی تـر لێـی دەگـەڕێین، بـە نیسبەت تەسەلسولەکەش بەغەڵەتی هاتیە، تەسەلسولەکانی ڕێك دەیەخین، بەڵام لێرە و لەوێ هەندێ مولاحەزەمان بۆ هات لە لایەن ئەنـدامانی پەرلەمانــەوە، بــە نیسـبەت هەشــتەم، کــە دەڵــێ: مەسـئولیەتی اسـتیتابی ئـەمن و نیـزام لــە نیهایەتەکەی حەق وایە بگۆترێ موحافز رەئیسی لێژنەیە و هەمیشە لە موحافەزەیـە، ئـەوەش یەکێکـە لـە موقتەرەحەکانە کە لە ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتیە، بێجگە لەوە، ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نیـە، نـازانم ئەگەر لێژنەی ناوەخۆ چ مولاحەزەی هەبێ.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها دوو تێبینیمان هەیە، ماددەی 11 لە سێیەم: ثالثاً: اذا اصر المجلس على قراره، دون إزالة المخالفـة الـتي بینها المحافظ، فعلیه إحالته الى المحکمة الاداریة للبـت في الأمـر ، لێـرە دەبـێ بوەسـتین، ویکون قـرار المحکمـة المکتسبة لدرجة البتات في هذا الشأن باتاً.ئەوەی تر دەبێ حەزف بکرێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی کارەکان ئاسان بکەین، ئـەو فەقەرانـە، فەقـەرە، فەقـەرە، دێینـە سـەری، ئـەوە یەکـەم، اولاً: اعـداد موازنة المحافظة ورفعها الى المجلس، ئەوە زۆر تەبیعیە وابزانم هیچ موناقەشەی لەسەر نیە، فەرموو د.هالە.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە گوتمان موحافز مەسئولی یەکەمە، رفعها، ئەوە احالتها، چونکە ئەوە بەرزترە لە هەموویان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەجلیس بەرزترە، ئەو ئەندامە لە مەجلیس، ئەوە مەسئولی ئەوەلە لە تەنفیز، بەڵام لە ناحیەی هینـەوە مەجلیسە، چونکە خۆی ئەندامە لە مەجلیس، کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من رەئیم وایە، ئەوە دوێنێ موناقەشە کرا، موحافز ئامادەی ناکات، ئەوە لەو برگەی یەکەم:ئامادەکردنی بودجەی پارێزگا ناکرێت تەنها لە ئەستۆی پارێزگاردا بێت، لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادەی دەکەن و پارێزگار بەرزی دەکاتەوە، نەك تەنها پارێزگار ئامادەی دەکات، ئەگەر ئەوە چاك بکرێ باشە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەگەر ئەو مولاحەزەی کاك جەعفەر هینە، وای لێ بکەن، الموافقة علی موازنة المحافظة و رفعها الی المجلس، فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئیعدادی میزانیە موحافز دەیکات، پاش ئەوەی کە ئیستیشارە لەگەڵ دەوائیری فەرعی لە موحافەزە، ئەو ئیعدادی دەکات، ئیعدادەکە ئێمە تەسویتمان لەسەر کرد، لە ماددەکانی پێشتر، ئیعدادی موازەنەش هەر ئوصولی وایە بەڕاستی، جیهازی تەنفیزی ئیعدادی دەکات، بۆ جیهازی تەشریعی دەنێرێت، لێرەش موحافز هەڵدەستێ بە ئیعدادی پاش ئەوەی کە راوێژ دەکات لەگەڵ دەوائیری فەرعی لە موحافەزە، لەگەڵ مودیر ناحیە و قائیمقامەکان، بەرزی دەکاتەوە بۆ مەجلیس بۆ ئەوەی موصادەقەی مەجلیسی موحافەزەی لەسەر بێ بۆ ئەوەی جێگای ببێتەوە لە زمنی موازەنەی عامە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەوە هینە، بەڵام ئەو صیغەیە کەئەنهو موحافز خۆی ئامادەی دەکات، لە حەقیقەتدا نازانم صیغەکە، ناوتان دەنووسم، فەرموو.**

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەقریبەن من لەسەر هەموویەتی،**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**نا ئێمە گوتمان بەس لەسەر فەقەرەی یەکەم، کاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕەئی من بنووسرێ: اعداد مشروع موازنة المحافظة، نەك موازنە، جارێ هەر پرۆژەیە تا دێتە پەرلەمان، ئەوجا دەبێتە موازەنە، لێرە تەصدیق دەکرێ، لە هەموو قۆناغەکانی تریش هەر مەشروعە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك خەلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لە لێژنەی قانونی، وەکو ئەو قانونەمان کە دانا، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کاك فورسەت، ئیقتیراحێکی بۆمان رەفع کرد، باسی مەجلیسی تەنفیزی، ئێمە لە موحافەزە، لە وەحدەی ئیداری لە**

موحافەزە مەجلیسێکی تەنفیزیمان هەبێ، بە سەرۆکایەتی موحـافز و روئەسـای دەوائـیری ئەساسـی، لەگـەڵ هەردوو نائیب، موهیم تەشکیلەکە دابنێ، هەندێ صەلاحیاتی ئەو داندرا، یەك لەو صـەلاحیاتانە، ئیعـدادی موازەنە بوو، موحافز بەتەنیا ناتوانیـت ئیعـدادی موازەنـە بکـات، وا بـزانم ئـەو موقتەرەحـە تـا ئێسـتا لـەو مەشروعە نیە، من زۆر سوراخی ئەو مەوزوعەم کرد، چەند کیتابی قانونی ئیداری، پێـنج، شـەش قـەوانین دوەلیش هی سوڵتەی ئیداری مەحەلی، حوکمی مەحلی و موحافەزات، یەعنی مەسـەلەن ئـەوە ئـی میسـرە، لە ماددەی $32$، ماددەی $33$، ئێمە لە ماددەی $52$ و $53$، عەفو ئـەوە هـی لوبنانـە لـە لای مـن، ئـی سـودانە، هـەموویان بـاس دەکـەن، هەنـدێکیان ناویـان نایـە جیهـازی تـەنفیزی، یـان المکتـب التنفیـذي، یـان المجلـس التنفیذي، ئیحتیماله مەجلیسی تـەنفیزی زۆر زەرووری بێـت بـۆ ئێمـە، جێگایـەك بکەینـەوە لـە شـوێنێك، موحافز بە تەنیا، نەك بەس بۆ ئەوە، بۆ زۆر شتی تر، موحتاجی ئەو مەجلیسەیە، تەبعەن ئـەو مەجلیسـە سیفەتی تەقریری و سیفەتی تەنفیزی نیە، بەڵام دیراسەیە، ئیعدادە، موشاوەرەیە، وەعـدی عامەیـە، رفعـی موقتەرەحاتە، لێرە موحافز رەفعـی ئـەکات بـۆ مـەجلیس، ئـەمما ئیعدادەکـە لـەو مەجلیسـە دەبێـت، مـن وا ئـەزانم ئەگـەر ئـەو مەجلیسـە ئێمـە دابنـێین، ئـەو ئیشـکالە زەرووره و هەنـدێ شـتی تـریش، ئـەتوانین تەفصیلتریش لەسەر صلاحیاتی ئەو مەجلیسە قسە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرسەت تەوزیحێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە فەترەی موناقەشە کردنی ئەو پرۆژەیە لە قیبەلی لێژنەی قانونی، بـە تەلـەفۆن بـوو بەراسـتی، چونکە لێرە نەبووم، ئەو پێشنیارەم پێشکەشی ئەوان کـرد، بـەس ئیحتیمـال هەیـە، چـونکە بـە خـۆم حـازر نەبووم دیفاعی لێ بکەم، نەوعە غوموزەکی تێدا بێـت، لێژنەکـە دیـارە بـە ئەهمیـەتی وەنـەگرت، تەماشـای هـەموو ئەنزیمـەی لامەرکـەزیم کـرد لـە عالـەم، بمـا فیـە نیزامـی لامەرکـەزی بـەریتانی کـە سـاڵی $1835$ دەستیان پێکردووە، پاش ماوەیەکی درێـژ لـە هەشـتایەکان و حەفتایـەکان، گەیشـتنە قەناعـەت بـۆ ئیصـلاح کردنی جیهازی خۆیان، مادەم مەجلیسێکیان هەیە مونتەخەبە، بۆیە ئـەڵێین:سوڵتەی تـەقریری هەیـە، نـە سوڵتەی تەشریعیە، سوڵتەی تەقریریە، بڕیـار ئـەدات، تەماشـایان کـرد زۆر زەروریـە، روئەسـائی دەوائـیری فەرعی لە هەر وەحدەیەکی ئیداری زمنی حەلەقەیەك بن، یەکێك سەرپەرشتی بکات بۆ تەنفیزکردنی ئـەو بڕیارانە، بۆ حەل کردنی مەشاکیلی موشتەرەك، بۆ ئیعداد کردنی پـرۆژەی میزانیـە، بـۆ موتابەعـە کردنـی تـەنفیزی قـەرارات و قـەوانین، قـەرارانی ئەنجومـەن، زیـاتر لـە دوای چـووم و تەماشـام کـرد، لـە نیزامـی فەرەنسی پێی ئەڵێن مەکتەب تەنفیزی، لە نیزامی بریتانی مەسیلی هەیە، لە دولی عـەرەبی ئـەوە نیزامـی لامەرکەزی وەردەگرن، نەفسی نموونەی هەیە، لەبەر ئەوەی لەسەر نەفسی نەسق پێشنیارێکم تەقدیم کرد، هەتا جەنابت بیرت بێت ئەو رۆژەی رەئیس وزراش لێرە بوو، مەوزوعەکـە باسمـان کـرد و کـاك شـێروانیش

حازر بوو، زۆر بە شتێکی باشی وەرگرت بە ئیعتیبار هەنگاوێکە پێشترە لە قانونی عیراقی، ئەگەر بێت و دوو مەجلیست هەبێت، ئەنجومەنێکی تەنفیزی زائیدەن ئەنجومەنێکی مونتەخەب، سوڵتەی تەقریری هەبێت، نموونەیەکی موصەغەرە بۆ هەر حکومەتێك، بە ئیعتیبار لە حکومەت پەرلەمانێکمان هەیە، ئەنجومەنێکی وەزیرانمان هەیە، ئەنجومەنێکی مونتەخەبمان هەبێت، لەبەر تەنیشتنی ئەنجومەنێکی تەنفیزیمان هەبێت، ئەنجومەنی تەنفیزی لە رۆئەسائی دەوائیری فەرعی لەناو وحداتی ئیداری دێتن، سەرۆکی وەحدەی ئیداری سەرپەرشتی ئەکات وەك حکومەتێکی بچووك، رابیتەیەك ئەبێت لە بەینی مەجلیسی مونتەخەب و مەجلیسی تەنفیزی، لەوە زیاتر ئەو مەوزوعە لە پرۆژەی دەستوور هاتە موناقەشە کردن، هەموو برادەرانی لێژنەی قانونی، لەناو لێژنەی دەستوورینە، ئیعتیادی بە موافەقەی هەموویان وەرگیران، نەصی لەسەر کراوە لەوێ، بەڕەئی من ئەگەر ئێستا بێنە وەرگرتن باشترە لەوەی کە پاش دەرچوونی دەستوور ئەوجا موناقەشەی تەعدیل کردنی ئەو قانونە بکەین، پرۆژەکەش، ئەگەر روخسەتی من بدەی جەنابی سەرۆك، ئەیخوێنمەوە بەو شکلەیە:

يكون لكل وحدة ادارية، مجلس تنفيذي يرأسه رئيس الوحدة الادارية، و يكون رؤساء الدوائر المحلية اعضاء فيه و يختص بالامور التالية:

1-وضع مشروع الميزانية السنوية للوحدة الادارية و رفعه الى رئيس الوحدة الادارية.

2- وضع خطة تنمية الوحدة الادارية.

3-تنفيذ القوانين و القرارات و التعليمات الصادرة من السلطات المختصة.

4-التنسيق في المواضيع المشتركة.

5-اقتراح مشاريع القرارات لمجلس الوحدة الادارية.

چونکە مەجلیسی وەحدەی ئیداری، ئیحتیمالی هەیە وەکو پەرلەمان، بەتەنیا کیفایەت نەبێت پرۆژەی بڕیارەکان بە خۆی دروست بکات، ئیحتیمالی هەیە موحتاجی ئەوانە بن، جیهەتێکی تر پرۆژەیان بۆ بنێرن.

6-دراسة المواضيع المحالة اليه من مجلس الوحدة الادارية.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مولاحەزاتانە بە هەندن بەڕاستی، بە هەر حاڵ ئەندامان داوای قسەیان کردیە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەوەی کاك فرسەت دەڵێ، راستە، ئەوەی کە کاك خەلیلیش دەڵێ، راستە، لە یاساکانی هەندێ لە وڵاتاکان ئەو مەجلیس تەنفیزیە هاتیە، تەنزیمیش کرایە بە شکلێکی رێك و پێك، بەڵام ئێمە عەرزی لێژنەی قانونیمان کرد، زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی لێژنەی قانونی و لێژنەی داخیلیش لەگەڵی بێ،

**تەنها یەك، دوو ئەندام نەبێت، ئەوە لە لایەك، لە لایەكی تر: ئەوە واقیعیەن لەدام و دەزگاكانی ئێمە هەیە و ئێستا ئەو مەجلیسە هەیە، تەنها ئەوەندیە كە سیفەتی رەسمی وەرنەگرتیە كە لەناو یاسایەكە ناوی بێت، ئەوە دوو، نوقتەی سێیەم: ئێمە ئەگەر هات و بەو شكلەی كە كاك فرسەت دەڵێ: بڕگەكانمان هێنا ناو قانونەكە، بەو شێوەیە تەعاروزێك دروست دەبێت لەگەڵ گشت قانونەكان، بەڵام ئەگەر پێتان باش بێت، ئێمە بڵێین: مەجلیسێكی تەنفیزی دروست دەبێت لە زمنی موحافەزە، بە ریئاسەتی موحافز، مەهام و ئیختیصاصاتی بە نیزامێك تەحدید دەكرێ، ئەگەر پێتان باش بێت، ئەوە باشە، ئەو وەختە موحافز و خۆیان نیزامەكە دادەنێن و رەوانی ئەنجومەنی وەزیران دەكرێ و موصادەقە دەكرێ و تەعاروزیشی تێدا نابێت و قانونەكەش دەڕوات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك رەشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت قانونی موازەنە هەوەكو بۆ جەنابتان روونە، لەسەر ئاستی هەرێم، هەر وەزارەتێك كە موازەنەی خۆی دادەنێ، چەند كۆبوونەوەیەكی دەكەن لەگەڵ هەموو بەرێوەبەرە گشتییەكان، پێداویستیەكانیان چیە؟ دیراسەتێكی واقیعی دەكرێ، ئەوجا رەفع دەكرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران، با ئەو مەجلیسی موحافەزەش بەو بۆچوونەی تەماشای بكەین، موئەسەسەتێكە وەكو موئەسەسەی وەزارەتێكی موستەقیل ئیش دەكات لە هەرێم، بەرێگای بەرێوەبەرایەتی گشتییەكان كە تابیعی موحافەزەینە، ئەوانە چەند كۆڕ و كۆبوونەوەك دەكرێ، پێداویستی خۆیان بەیان دەكەن، دیراسەتی موازەنەكە دەكرێ، بەرێگای موحافیز بەرز دەكرێتەوە بۆ مەجلیس، لە مەجلیس دیراسە دەكرێ بە وردی، پاش دیراسە كردنەكەی، موهەیەء دەبێ بۆ بەرز كردنەوەی بۆ جیهاتی مالی، موناقەشە دەكرێ و شەرتیش نیە هەمووی قبوڵ بكرێ، دەچیتە جیهاتی مالی و لەوانەیە كەم بكرێتەوە، زیاد دەكرێ، بەڵام ئەو مەجلیسەی برای بەڕێزم كاك فرسەت ئیشارەتی پێدا، خۆ زۆر چاكتر بوو مەجلیسی ئەعلا لە وەزارەتی تەختیت هەبوایە، لەوێ دیراساتی كامیل بكرابا لەسەر مەنتیقەی، بۆ ئەوەی دوائیری فەرعی وەزارەتەكان و ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزایەكان ئیش و كاری خۆیان لە نیتاقی ئەو مەجلیسە دارێشتبایە، بۆ دیراسەت كردن و بەرزكردنەوەیان بۆ جیهاتی عولیا، لەبەر ئەوەی موازەنە ناكرێ ئەو هەموو مەجالیسە بۆ بكرێ و لەو كات و ساتەی كە وەزعی ئێمە موهەیە نیە، ئەوەی فەرموویان زۆر راستە لە دەوڵەتی پێشكەوتوو، ئیشی بۆ دەكرێ، ئەوە سەمەرەی چەند سەد ساڵێكە، ئێمە بێن و لەو كات و ساتە ئەو هەموو مەجلیسەی دابنێین بە قەناعەتی من تێكەڵاویەك دروست دەبێ، ئیشەكە بەسەر ناچێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كوێستان خان فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من هەر ئەوەیە، پشتگیریە بۆ قسەکانی کاک شێخ جەعفەر، پارێزگار بە تەنها دەسەڵاتی ئەوەی نەبێ کە بودجەی پارێزگا ئامادە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بیکەینە: المصادقة على موازنة المحافظة و رفعها الى المجلس، ئەکرێت، یاخود نا؟ زۆر زۆر بەتوندی پشتگیری پێشنیارەکەی کاک فرسەت دەکەم، چونکە بەراستی بۆ ئەوەی ئاگاداری یەکتری بین، بۆ ئەوەی ئیتر فێر بین بە پلان ئیش بکەین، چۆن ئەو تەنسیقە بکەین پێکەوە، ئەگەر ئیجباریان نەکەین، لەناو مەجلیسێکی تەنفیزیدا نەیکەن، ئەو تەنسیقە نابێ لە نێوان موحافز روئەسائی بەرێوەبەرایەتیەکانی کە لەناو موحافەزە هەیە، بەراستی پشتگیری دەکەم و حەقە دەری کەین لەناو ئەو یاسایەدا، بۆ ئەوەی یاسایەکی موتەکامیل دەربچێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەهەمان شێوە پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک فرسەت دەکەم، قسەیان زۆر لەسەری کرد، قسە ناکەم، بەڵام سەبارەت بە بودجە ئێمە هەموومان ئەزانین کە بودجە ئەساسی لامەرکەزی ئیداریە، مادام پارێزگار و ئەو ئەنجومەنە، ئەگەر پێشنیارەکە سەری گرت، ئامادەسازی ئەو بودجەیە ئەکەن، حەق وایە حیسابی خیتامیەکەش هەر ئەوان بن، ئێمە بە قانون ئیلزامە لێرە حیسابی خیتامیەکەشیان بنێرن، چۆنە لێرە، ئەوەهای چارەسەر کردووە، بۆیە باشە لێرە: اعداد مشروع الميزانية و الحساب الختامي للمحافظة، ئەوەشیان بۆ زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالرحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمان احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پارێزگا خۆی زۆر بەشی فراوان دەکات، بۆیە بودجەکەشی گرفتی زۆر دەبێ، بۆیە من پێم باشە بەو شێوەیە رێکی بخەین: ئامادەکردنی بودجەی پارێزگا بە پێی پێوەری دەستووری، وفق المعايير الدستورية، ئەوە زۆر ئیشکال حەل دەبێت و بەپێی لائیحەیەك رێك دەخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو ئیشکالیەی کە کاك فرسەت باسی کرد، تەبعەن منیش پشتگیری دەکەم، بەڵام من پێم وایە لە خاڵی یەکەمدا ئەوەی کە جەنابی باسی کرد جێگیری بکەین، بە دوو شێوە ئەتوانین جیگیری بکەین، یان بڵێین: 1-اعداد میزانیة المحافظة مع المجلس التنفیذي الذي یتکون من رؤساء الدوائر المحلیة في المحافظة و رفعها الى المجلس، یان بڵێین: اعداد موازنة المحافظة مع رؤساء الدوائر المحلیة في المحافظة و رفعها، یەعنی هەردووکیان دەبێت، جا ئەگەر پێتان باش بێت مەجلیسەکە مەجلیس تەنفیزی هەبێت، ئەوە لێرە جێی دەکەینەوە، ئەگەر بەس رؤساء بێت ئەوە ئیشکالەکە حەل دەکات، ئەوە خاڵێکمە کە تێبینیم لەسەر هەبوو، یەعنی پشتگیریە بۆ کاك فرسەت بەس بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەم، بڕگەی پێنجەم، یەك و دوومان هەیە، لەوێدا دەبێ ئاگادار بین، وشەکان تێکەڵ نەبێ بۆ ئەوەی تەناقوز دروست نەبێ، یەکەمیان دەڵێ: وتومانە و دەنگمان لەسەر داوە: ئامادە کردنی پرۆژەی بودجەی ئەنجومەن بۆ تۆمارکردنی لە بودجەی پارێزگا، دووەم:ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا کە لە لایەن پارێزگارەوە تەقدیم کراوە، واتە ئەو دوو ئەرکە هی ئەنجومەنی موحافەزەیە، بۆیە دەبێ لە وشەکان ئاگادار بین، کە لەوێ جارێکی تر نووسیمانە ئیعدادی بودجە بۆ پارێزگار، لێرەدا دژ بە یەکیەك دروست دەبێت، ئەوە مەوزوعێك، مەوزوعێکی تر، چونکە لێرە نەهاتووە لەناو مەهامەکان و ئەرك و صەلاحیەتی موحافز، لەبەر ئەو وەزعەی بێ سەر و سامانی بازاڕی ئێمە، گرانی بازاڕ، من پێم باشە بە فەقەرەیەك ببێتە ئەرکی موحافز بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی بازاڕ و چاودێری کردنی باری ئابووری پارێزگا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەم سەبارەت بەو پێشنیارە تازەیەیە کەوا لە لایەن کاك فرسەت و کاك خەلیلەوە پێشنیاز کرا، لە عێراقدا ئەنجومەنێك هەبوو بە ناوی( مجلس اللواء العام)، نیوەی ئەندامانی سەرۆکی دەزگا سەرەکەیەکان

بوو، وەکو بەرێوەبەری تەربیە کە پێیان ئەوت(مدیر المعارف)، لەگەڵ هی ئەشغال و ئیسکان (بلدیە)، هی ئەوانی دی، ئەوانە هەمووی بەحوکمی قانون ئەندام بوون لەو ( مجلس اللواء العام)، نیوەی ئەندامانی ئەو مەجلیسە لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردران، بۆ ئەوەی کەوا جۆرە تێکەڵ و پێکەڵیەك دروست نەبێت لێرە، مەجلیسی تەنفیزی و مەجلیسی ئەنجومەن و ئەو هەموو ئەنجومەنانەی تریش کەوا دامەزراندنیان کراوە، من پێشنیازی ئەوە دەکەم کەوا سەرۆکی دائیرە سەرەکیەکان لە پارێزگادا، ئەندام بن لە ئەنجومەنی پارێزگادا، بەڵام مافی دەنگدانیان نەبێ، لەو حاڵەتەدا ئەتوانن هاوکاری ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بکەن، بۆ ئامادەکردنی بودجە، هەروەها بۆ پێشکەش کردنی راوێژکاری بۆ ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو روونکردنەوەی مام رەشاد دای، سەد لە سەد تەواوە، مام رەشاد وتی: ئێستا بۆ نموونە وەزارەتی شارەوانی، کە بودجەی خۆی دەنێرێت ساڵانە، مەسەلەن ئەو پرۆژانەی کە پێویستە بیکات، پەیوەندی دەکات بە هەموو بەرێوەبەرە گشتیەکانەوە، بە هەموو بەرێوەبەری دائیرەکانەوە، بزانن چیان پێویستە، بۆ نموونە لە وەزارەتی شارەوانی بۆ ساڵی 2009 بکرێت، مەفروزە لە مانگی 5 و 6 و 7 و 8 ەوە دەست بکەن بە تەخمین کردن بزانن ئەو وەزارەتە چەندی پێویستە؟ هەموو بەرێوەبەرەکان، هەموو بەرێوەبەرە گشتیەکان، بەرێوەبەری سەرجەم فەرمانگەکان پێداویستیەکانی ساڵی داهاتوو، چەندیان پێویستە؟ بڕی پارەکان دیاری دەکەن، دەینێرن بۆ وەزارەت، وەزارەتیش بەرزی دەکاتەوە بۆ وەزارەتی مالیە، هەروەکو مام رەشاد ئاماژەی پێدا، شەرت نیە سەد لە سەد ئەوە موصادەقەی لەسەر بکرێ، چونکە دائیمەن داوای زیاد دەکرێ بۆ ئەوەی کەمیان بۆ بکرێ، ئەوەی لێرە هاتووە، پارێزگار ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە، حەز دەکەم با هەموومان ئەوەی چاك بزانین، خۆ پارێزگار ناتوانێ بچێ بزانێ پارێزگا چەندی پێویستە؟ بودجەکە دابین بکات، پارێزگار پرس بە لێژنەکانی ناو ئەنجومەنی پارێزگا دەکات، لەناو ئەنجومەنی پارێزگا، تەبعەن لێژنە هەیە، لێژنەی شارەوانی هەیە، لێژنەی یاسا هەیە، لێژنەی وەرزش و لاوان هەیە، لێژنەی ئاوەدان کردنەوە هەیە، یەعنی چەند وەزارەت هەیە؟ ئەوانیش ئەوەندە لێژنەیان هەیە، ئەو لێژنانە چەندیان پارە پێویستە دەیبەنە بەردەم پارێزگار، ئەوجا پارێزگار ئەوەی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەنجومەن، ئەوەتا نووسیتی بۆ ئەنجومەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوە لە جێی خۆی هاتووە و دەستکاریشی نەکەن بۆ ئەو سەردەم و زەمانەی زۆر تەواوە، ئامادەکردنی بودجەی پارێزگا و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەن زۆر تەواوە و من لەگەڵ لێژنەی یاسادامە و دەستتان خۆش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كەمال داوای قسەی دەكات، فەرمووو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت لێرە كە هاتووە، مەعنای ئەوە نیە موحافز ئەڕوات لە ژوورێكی موغلەق دائەنیشی و بە كەیفی خۆی میزانیە ئەنووسێ و ئەینێرێت، بەو شیكلە نیە، دائیمەن ئەو مەشروعە كە حازر دەكەن، لەگەڵ سەرۆكی وەحدە ئیدارییەكان، لەگەڵ بەرپرسی بەشەكان، لە خوارەوەش بۆ ئەو دێت، ئەوجا رێكی دەخەن بەڵام ئەو تەسلیمی دەكات وەكو بەرپرسی یەكە، بۆیە پێشنیاری من ئەوها دێت: اعداد مشروع موازنة المحافظة بالتعاون و التنسيق مع رؤساء الوحدات الادارية و رفعها الى المجلس، ئەو شكلە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كاك د.كمال دەڵێ، نابێت تەنها هەر رؤسائی وەحداتی ئیداری بێت، چونكە دەوائیری فەرعی لە موحافەزە شمولی ئەوەش دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

اعداد مشروع الميزانية بالاشتراك مع رؤساء الدوائر المحلية و رفعها الى مجلس المحافظة، ئەوە باشە، ئەوە فەقەرەی یەكەم بەو شكلەیە، كێ لەگەڵیتێ دەستی بەرزبكاتەوە تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ ئەو فەقەرە رۆیی، بەڵام من تەبعەن مەجالم دا و موناقەشات كرایەوە و هیچ رەبتی بەو فەقەرەیە نەبوو، لەبەر ئەوەی هەردووكیان رەخنەیان لەوە دەگرت كە لە تەوەر دەردەچێت، كاك فورسەتیش موقتەرەحێكی دا كە ماددەیەكە بچێتە ئاخیر شت، بەڵام ئیتر وەختی خۆی وەرگرتبوو و بۆ ئەوەی هەر رەخنەكان لەمن نەگیرێت و لە تەوەر دەرچوویمە، ئەو موقتەرەحەی كاك فرسەت بە هەندە، بەڵام دوو رەئی هەیە، ئەو تەفصیلاتەی ئەو هەیەتی، موقتەرەحێكی تریش كە وتیان: يكون للمحافظ مجلس تنفيذي يرأسه المحافظ و يضم رؤساء الدوائر و الوحدات الادارية ضمن حدود المحافظة، ئەوە لە كۆتایی ئەو ماددەیە دەخرێتە فەقەرە یەك، ئیتیفاقی لەسەر بكەین و صیغەكەی یەك بخەین، دووەم: ثانياً: تنفيذ السياسة العامة لحكومة الأقليم في حدود المحافظة بالتنسيق مع الوزارات المعنية. ئەوە چ موناقەشە هەڵناگرێت، پێویست ناكات بیخەینە دەنگدانیشەوە، چونكە هەمووی پێكەوە دەیخەینە دەنگدان، سێیەم: ثالثاً: تنفيذ القرارات التى يتخذها مجلس المحافظة وفق القوانين النافذة، ئەوەش هیچ ئی موناقەشەی نیە، چوارەم: رابعاً: تمثيل المحافظة في المؤتمرات والندوات والمحافل التي يدعى اليها، ئەوەش هیچ هەڵناگرێ، تەواو تەبیعیە، خامساً:

الأشراف على سير المرافق العامة في المحافظة وتفتيشها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم (البيشمەرگە) والجامعات والكليات والمعاهد التابعة لوزارة التعليم العالي والبحث العلمي والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في المحافظة، خوێندمەوە بە چاکردنەوەکەی، چ مولاحەزەتان لەسەری هەیە؟

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەرەبیەکەشی هەست دەکەم حەرفیە و تەرجومەکە ئەگەر عەرەبیەکە ئەصڵ بێت و کوردییەکەی لەسەر کرابێ وا نایبێنین، خاڵی چوارەم کە ئەڵێ: نوێنەرایەتی پارێزگا دەکات لە کۆنگرە و کۆڕ و سیمینارەکاندا کە بۆیان بانگ دەکرێ، ئەوە عەرەبیەکە تا ئێرە تەواوە، بەڵام ئەوەی تر:بەپێی یاسا و بنەمای باو؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێنجەمی موناقەشە دەکەین.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەمیش بە هەمان شێوە، لە کۆتاییەکەیدا زیادەیە کە تایبەتمەندی فیدراڵیان هەیە لە هەرێمدا، لێرە: ذات الاختصاص الاتحادي في المحافظة، ئەگەر عەرەبیەکە ئەساسە بۆ لە کوردیەکە وا نیە؟ مەفروزە کوردیەکە تەعبیرە لە عەرەبیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان ئاماژەی پێکرد، گوتی لە کوردییەکەدا تۆزێ غەڵەت هەیە، عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس، ئێستا کوردییەکە چاك دەکەینەوە بەو شێوەی کە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی پێنجەمدا من وای ئەبێنم کە موحافز صەلاحیاتەکەی، کە ئەڵێ: الاشراف على سير المرافق العامة في المحافظة، هەتا ئێرە بەسە، و التفتیش و ئەوانەی ناوێ، ئەو وشەیە، خۆی کە ئیشرافیشی کرد ئەویش ئەگەینێ، ئەو تەفتیشە لێرە من بە زیادی ئەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.هالە فەرموو.

**بەڕێز هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارە، بە نیسبەت مەتارات، بۆی هەیە تەفتیشی بکات یان بۆی نیە؟ پرسیارێکی تریش ئەوەیە: بۆ نموونە ئەگەر بیانەوێ ساڵۆنەکی حیلاقە یان مەحەلێك یان هەر شتێکی تر، صیحە بیەوێ دایبخات، بە واستەی موحافز دایدەخات یان وەزارەتی داخیلیە؟ چۆن دەبێ تەریقەی داخستنەکە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە مـن هەمـە، تێبینیـە پەیوەنـدی بـە دووەم و پێنجـەم و هەشـتەمەوە هەیـە، ئـەوەی کـە ئەڵێین: الدوائر ذات الاختصاص الاتحادي، یەعنی کۆمەڵێك گرفتی گەورە هەیە روو ئەدەن هەندێ جار لـەو نوقاتە حدودیانە، راستە ئەمە هی ئیتیحادیە، بەڵام دەبێ ئاگامـان لـێ بـێ هەنـدێ جـا مەسـەلەی ئـەمنی و ئەوانەی تێئەکەوێ، ئەگەر ئەمە پەیوەندییەکی ئیشرافی لەسەر ئەوانە نەبێ، زۆر مەشاکیل دروست دەبـێ، لەبەر ئەوە ئەکرێ ئێمە بڵێین مەسەلەن ئەوە بە تەنسیق یان بە شتێك هین نابێ، ئەوە وەزارەتـی تـەعلیم عالی شـتێکی عیلمیـە و تـەواو قسـەی دروسـتە، مـەحاکم نـابێ کـەس هـینی لەسـەر بـێ، بـەڵام ئـەو نوقاتـە حدودیانە ناکرێ، ناکرێ بە شێوەیەك ئەوها ئەوە بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مولاحەزەیەت راستە و چاوەڕوانم دەکرد یەکێك بیڵێت، زۆر راستە، موحافز حەقـە دەسـەڵاتی هـەبێ و هەر دائیرەیەکیش (ذات الاختصاص الاتحادي) ش بێ، موحافـەزەی خۆیـەتی، ئـەو جوملـەی ئـەخیرە شـەتب بکرێ، گومرگە، گومرگ ئیتیحادیە، ئەو ئیختیصاصەی کە ناتوانێت و بە قانون دیاری کراوە نایکات، بـەڵام تۆ لێرە بۆ تەحریمی بکەی؟ زۆر جەوانبی تر هەیە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەقەرەکانی تر ئەوە هاتووە و دەنگیماش لەسەر دا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەوێ دەنگمان بۆ دا بۆ مەجلیس بوو، بۆ مەجلیس دەنگمان بۆ دا، مەجلیس ئیشی ئەوەیە ئیشـراف لەسـەر دەوائـیری موحافـەزە بکـات، بـەڵام موحـافز مەسـئولیەتی ئـەمنی هەیـە، مەسـئولیەتی حـدودی هەیـە، مەسئولیەتی تەنزیمی زۆر شتی هەیە، ئیتیحادیە بەڵام ئەو دەتوانێ پرسیار بکات و دیفـاع لـە هاووڵاتیـانی موحافەزەی خۆی بکات، بەڵام مەجلیس لەوێندەر کە دامانایە، ئەوە ئیعتیادیە و تەنفیزی نیـە، بـەڵێ کـاك عبدالرحمان.

**بەڕێز عبدالرحمان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوەی کـە جـەنابت باسـی دەکـەی نوقتـەی حـدودی، خـۆی نوقتـەی حدودیـە و عایـدی حـەرەس حـدودە، حەرەس حدود لێرەدا ئیختیصاصی ئەوە نیە، دەبێت تەداخول نەکات، نوقتـەی گـومرگ، راسـتە لـە عـەینی

موحافەزەیە، بەڵام مەسئولیەتی مەرکەزە، هی موحافەزە نیە، لەبەر ئەوە ناتوانێ تەداخول بکات لە بەعزێ شت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گومرگ راستە ئیداریە، بەڵام ئیدارییەکەی موشتەرەکە، باشە ئەوڕۆ گومرگت هەیە لە ڕانیە، کێشەیەکی ئەمنی روو دەدا، دەبێ موحافز بێ دەنگ بێت؟ مەسئولیەتی هەیە بچێت و تەماشا بکات و بزانێت چیە و چۆن نیە؟ بەڵام مەجلیس ناچێ لەوێ، ئەوە ئیشی مەجلیس نیە، ئیشی تەنفیزیە، ئەی چۆن لە جێگایەکدا دەڵێ: هو اعلى سلطة تنفيذية في حدود المحافظة؟ ئەوە تەناقوز دەکات لەگەڵ ئەوەدا، بەڵام بە شەرتێك تەدەخولی دەسەڵاتی ئیتیحادی نەکات، فەرموو مام خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدەن بۆ قسەی جەنابت، پێش ئەو قانونەی ئێستا ئێمە دەریبکەین، لە تەئریخی عێراق، موحافز مومەسیلی رەئیسی جمهوریە و مومەسیلی هەموو وەزارەتەکانە لە موحافەزەی خۆی، بۆیە حەقی هەیە جگە لەوە لەو سێ، چوار جێەی کە باسمان کرد مەحاکم و جەیش و ئەوانە، ئیشراف لەسەر هەموو موئەساساتی دەوڵەت بکات لە حدودی موحافەزەی خۆی، بەڵام لە هەندێ شت ئیجرائات لە صلاحیەتی ئەو نیە، دەبێ ئیختیراع بکەین ئەو صەلاحیاتانە، هەندێ ئیجرائات کە پێویستە بکرێ لە هەندێ موئەسەساتی موحافەزە، لە هەموو بوارەکانەوە، مومکینە لە هەندێ ئیجرائاتەکە لە صلاحیەتی موحافز نەبێ، دەبێ لەگەڵ جیهاتی موختەص ئیتیصال بکات و ئیختیراع بکەن، ئەبێ حەقی ئەوەی هەبێ ئیشراف لەسەر هەموو موئەسەسات هەبێ و تەحقیقیشی لێ بکەن، بەس لە هەندێ مەجال صلاحیاتی ئەوەی هەبێ ئیجرائات وەربگرێ، لەگەڵ جیهاتی موختەص ئیتیصاڵ دەکات و ئیجرائاتی وەردەگرێ، کەواتە پێویستە ئەو ئیجرائات وەرگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە زۆر راستە، بۆ ئێمە لێرە قانونیەن مەنعی بکەین؟ لایبەین، ئەوە خۆی دەمێنێتەوە بۆ تەقدیری خۆی و بۆ تێگەیشتنی خۆی و بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە و بۆ ئەو دەسەڵاتانەی کە لە دەستووردا هاتووە، مەجالیش بدەین بۆ ئەو تەنسیقەی کە ئەگەر ویستی لەگەڵ وەزیرێك بیکات؟ بەڵام لێرە ئەگەر بە قانون مەنعی بکەین، لێرە من هیچ دەسەڵاتێکم نیە، لەبەر ئەوە من ئیقتیراح دەکەم هەردوو لێژنە ئەو جوملەی ئەخیری شەتب بکەن، لەسەر داوای کاك محمد فەرج ئەو ئەوەل جار قسەی لێ کرد، بیخوێننەوە ماددەکە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئەوەی جەنابت دەڵێی، بەڵام ئێمە مەسئولیەتی ئەمنی دایتمانە موحافز بە پێی ماددەیەك و بڕگەیەکی تایبەت، بما فیە هەموو نوقاتەکانی زمنی موحافەزە، لە رووی ئەمنیەوە حەقێکی تایبەتی خۆیەتی، بەڵام لە رووی سیر المرافق لەسەر دەزگایەکی ئیتیحادی، ئەوە جێگای موناقەشەیە بە حەقیقەت، ئایا موحافز ئەو حەقەی هەیە مەسەلەن ئیشراف بکاتە سەر دەزگایەکی ئیتیحادی؟ موراقەبە بکات؟ مەسەلەی ئەمنی من لەگەڵتم، ئێمە بە بڕگەیەکی تایبەت ئەو دەسەڵاتەمان داوە بە موحافز، زۆر تەبیعی و

زۆر ئیعتیادیشه، بەڵام ئەوانەی تر:سیر المرافق و الاشراف على المرافق، كه سەر بە سوڵتەیەكی ئیتیحادیە، ئەوە دەكرێ؟ من نازانم بەراستی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من روونی دەكەمەوە، ئێستا ئێمە وەزارەتی مواردی مائیمان هەیە لە بەغدا، ئیتیحادیە، لێرەشدا وەزارەتمان هەیە، وەزارەتی ئێرە ئیشراف دەكاتە سەر هەموو مەشروعەكانی كە لەلای ئیتیحادەوە دێت، بەنداو و جەسر و ئەوانەیە، ئیشراف دەكات و تەنسیقیشیان لەگەڵ هەیە، زۆر تەبیعیە، موحافزیش هەمان دەسەڵاتی هەیە لە سنووری خۆیدا، كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی لە نیزامی فیدراڵیدا، عادەتەن ئەگەر جوگرافیەن ئەو مەناتیقانە ڕەبت بن بە یەكەوە، ئێستا قواتی فیدراڵ بەسەر حدودە، لە ناحیەی جوگرافی بە هیچ شێوەیەك ڕەبت نیە، ئەبێ بەسەر ئیقلیمدا بڕوات، لەبەر ئەوە هەر قوەتێك، هەر ئیشێك، هەر كارێك كە بكرێ لە سنووری ئەو مەناتیقانە، ئەبێت (ئیسكۆرت) بكرێ، یەعنی لەگەڵیدا قواتی مەناتیقی ئەوی لەگڵدا بێ، كەوا ئەبێ موحافز بەئاگا بێ لە هەموو شتێكەوە و ئیشرافیش دەكات، نەك هەر ئەوە، شتێكی واریدە ئەگەر لابردرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار نەصێكی دەستووری دەخوێنێتەوە و ڕەدیشم هەیە لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوائر ذات الاختصاص الاتحادي، یەعنی ئەو دائیرانەیە كە بەپێی ماددی 110ی دەستووری عێراقی دروست كراوە، تختص باختصاصات الحصریه التالیه، جەنابت و كاك محمد فەرج نموونەتان هێناوە، كاك محمد فەرج باسی گەمارگ دەكات، گەمارگ صلاحیاتی موشتەرەكە بەینی سوڵتاتی ئیتیحادی و ئیقلیم، 1-اداره الگمارگ بالتنسیق مع الحكومات الاقلیمیە، لێرەدا موحافز بۆی هەیە چاودێری بكات، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان باسی مەسائیلی ئاوی كرد، لە حەوتەم هاتیە، رسم سیاسه الموارد المائیه، ئەویش هەر صلاحیاتی موشتەرەكەیە، بە رەئی من هەر دائیرەك ئیختیصاصی ئیتیحادی هەبێ، نەك هەر موحافز ناتوانێ تەفتیشی بكات و تەدقیقی بكات، بەڵكو حكومەتی هەرێمیش ناتوانێ تەفتیش بكات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من خۆم وتم جوابم هەیە، دەمزانی ئەوەی دەخوێنێتەوە، ئەوەیان وا نیە، ئەوەی جەنابت دەفەرمووی، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم پرسیارێکم هەیە ڕەنگە ببێتە نوقتەی نیزام، ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ناوی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئایا صەلاحیەتی موحافز و مودیر ناحیە و قایمقام دەچێتە ناو ئەو قانونەی ئەصڵەن ئێمە قسەی لەسەر بکەین؟ ئایا بە قانونێکی تر ڕێك نەخراوە، یاخود ناکرێ ڕێك بخرێ؟ چونکە ئەوە بەس تەنها بۆ ئەنجومەنەکانە بەڕاستی، ئەنجومەنەکان ڕێك دەخەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موحافز بەشێکە لە ئەنجومەن، ئەندامە لە ئەنجومەن، ناوەکەشی :یاسای پارێزگاکانە هەر بەتەنیا، هی ئەنجومەن نیە، بەراستی ئەوەی تێدا نەبێ خۆمان تووشی ئەو موناقەشەیە ناکەین، دەسەڵاتی حەصری دیارە، هاوبەش دیارە، موحافز مرۆڤێکە، خوێندەوارە، دەستووری عێراقی خوێندووە، دەستووری وڵاتی خۆی دەزانێت، دەزانێ لە کێندەر تەدەخول بکات و لە کێندەر تەدەخوڵ نەکات، بەڵام نابێ بڵێین حەصری بکەین و نابێ بچێت تەدەخوڵ بکات، ئەتۆ دەستی دەبەستیەوە، بەڵام ئەگەر تێیدا نەبێ ئەوە تێدەگات لێرەدا هاوبەشە و دەبێ تەدەخول بکات، ئەگەر موصرین هەردوو لێنە، موقتەرەحەکەی سەرۆکایەتی ئی کاك فرسەتیش هین دەکەین، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئیقتراح دەکەین ئەو فەقەرەی ئەخیر: و الدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في المحافظة، ئەوەی شەتب بکرێ، واتە موحافز بۆی هەبێ بە پێی تێگەیشتنی لە قەوانین و دەستوور لە هەر شوێنێکدا هین بکات، ئەوە موقتەرەحی سەرۆکایەتیە بۆ شەتبی ئەو جوملەیە، کێ تەئیدی دەکات دەستی بەرز کاتەوە تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ زۆرینە شەتبی کرد، پێنجەم دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان، خامساً: الأشراف على سير المرافق العامة في المحافظة وتفتيشها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم (البيشمەرگە) والجامعات والكليات والمعاهد التابعة لوزارة التعليم العالي والبحث العلمي، ئەوەی دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیتی دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ شەشەم بڕۆ.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم:

1-دەرچوواندنی فەرمانی فەرمانبەرانی کارگێڕی خۆجییەکان، تەنسیب کردنیان لەسەر ئاستی پارێزگا، لەوانەی کە لە پلەی پێنجەم و بە رەوی خوارەوەن، لە پەیژەی پلەکانی فەرمان کە لە یاسادا هاتووە، لەوانەی کە دەپاڵێورن و لە فەرمانگە تایبەتیەکاندا بە پێی پلانی ئەو میلاکەی لە لایەن پەیوەندیدارەکانەوە تەصنیف کراوە.

2-چەسپاندنی فەرمانبەرە خۆجەییەکان لە پارێزگادا لە نێو پەیژەی پلەکانی فەرمان کە لە یاسادا هاتوون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سادساً:

1. اصدار امر تعیین موظفي الأدارات المحلیة وتنسیبهم على مستوى المحافظة ممن هم في الدرجة السابعة فما دون من سلم الدرجات الوظیفیة المنصوص علیها في القانون الذین یتم ترشیحهم من الدوائر المختصة وفقا لخطة الملاك المصدقة من الجهات المعنیة.

2. تثبیت الموظفین المحلیین في المحافظة في سلم الدرجات الوظیفیة المنصوص علیها في القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وا بزانم ئەوەش هیچی تێدا نیە، فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر تەنها غەڵەتێك هەیە لە دەرەجەكە، لە عەرەبیەكە دەرەجە حەوتە و لە كوردیەكە دەرەجە پێنجە، جا كامیانە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە ئەڵێ: دامەزراندنی فەرمانبەر، ئێمە خۆمان ئەزانین وەحدەی ئیداری زۆر جار پێویستی بە دامەزراندنی پۆلیس هەیە، هێزەكانی ئاسایشی ناوەخۆ، یەعنی بۆ ئەو صەلاحیەتەشی نەبێ، ئەو جۆرە دامەزراندنەش نەكات؟ یەكێك لە موشكیلەكانی ئێمە ئەوەبووە دامەزراندنی مەركەزیەت لە ئەنجومەنی وەزیران كە چەند موشكیلە بووە بۆ كارگوزارێك، رەنگە مەكتەبێك، خەستەخانەیەك دەیان جار كیتابی كردووە بۆیان نەكردووە، باش وایە صەلاحیەتی هەبێ بۆ دامەزراندنی پۆلیسی ئاسایش، سەبارەت بەوەی ئەمر تەعین، من پێم باشە دوای تەصدیق، دوای تەصدیقی ئەنجومەنەكە ئەمرەكە دەربكات، دوای ئەوەی كە ئەنجومەن ئەو مەجموعە فەرمانبەرەی كە ئەو داوای دەكات دابمەزرێ، بعد تصدیق المجلس، ئەوجا ئەمرەكە دەربكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالرحمان.

**بەڕێز عبدالرحمان احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەوەی مـن هـەر تێبینیەكـەی كـاك جـەمال بـوو، ئـەو خەلەلـە بـوو هـی پلـەكان، حـەوت و پێـنج بـوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە حەقیقـەت پێشـتر كـاك دكتـور پرسـیارێكی كـرد و وەڵامدانـەوەی نـەبوو، مەسـەلەی قایمقـام و مەركـەزی موحافەزە، ئەوە لە قەزاكان مەجلیسێك هەیە ئینتیخابی قایمقامی دەكات، لـە مەجلیسـی موحافـەزە باسـی موحافز دەكەن لە لای ئەنجومەنی موحافەزەوە و ئینتیخاب دەكرێ، بۆ قایمقـامی مەركـەزی موحافـەزە نـە لـە ئەنجومـەنی پارێزگـا ئیشـارەتی پێـدراوە، نـە لـە موقتـەراحاتی موحـافز بـۆ ئـەوەی قایمقـامی مەركـەز دەستنیشان بكەن، لە ناو مەركەزی موحافەزە دوو مەجلس نابن، كاك سەردار ئیشارەتی پێدا، ئەبێ ئەویش مەجلیسێك هەبێ، مەجلیسی موحافەزە هەیە، مەجلیسێكی تـر دروسـت دەبـێ بـۆ ئـەوەی تـەنیا بـۆ ئیشـی قـەزای موحافـەزە؟ بـە تەصـەوری مـن ئـەبێ ئـەو مەوزوعـەش موعالەجـە بكـرێ، قایمقـامی مەركـەزی موحافەزە لەلای كێوە پێشنیار دەكرێ، یان ئینتیخاب دەكرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە دەڵێ: وتنسیبهم علی مستوی المحافظة ممن هـم في الدرجـة السابعة فما دون، فمـادون نـابێ، فمـا دونهـا، دەبێ (ها)ی بۆ زیاد بكرێ، ئەوە یەكەم لە شەشەم، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عادەتەن هەر وەكو لە یاساكەشدا هـاتووە، خیتـەی میلاكـی مـوەزەفین ئیعـداد دەكـرێ و دەچـێتە وەزارەتـی مالیە بە نیسبەت موحافەزە، پاش ئەوەی كە خوتەكەی موحافەزە تەصدیق كرا، دەدرێتە موحـافز، ئـەمری ئیصداری تەعینەكە موحافز دەیكات دوای ئەوەی كە خوتـەی میلاكـات تەصـدیق دەبـێ، ئـەوە بـە نیسـبەت قسەكەی كاك عادل، بە نیسبەت ئەوەی كاك ئیحسان دەیڵێ، ئەوەی لە عێراق موتەبەعە بە نیسبەت قـەزای

مەرکەز، ئەوان مەجالیسی تایبەتی خۆیان هەیە لە قەزا، چونکە کۆمەڵێك دێهات هەیە، سەر بە مەرکەزی قەزانە، بۆیە ئیمکان هەیە مەرکەزی قەزا دروست بێ ئەگەر هات و دێهاتی هەبێ، لێرە موفتەرەحێك هاتیە لە لایەن هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانیش دەڵێن: مومکینە تەداخول بێ بەینی ئیختیصاصاتی مەجلیسی قەزا و ئیختیصاصاتی مەجلیسی موحافەزە، ئەگەر مەجلیسی موحافەزە سەرپەرشتی ئیش و کارەکانی مەجلیسی قەزایەکە بکات، با بڵێین ئەوە ئیختیصار دەبێ لە ئیش کردنەکە، واتا ئەنجومەنی قەزای مەرکەز نەمێنێ، قایمقامی قەزای مەرکەزیش بەشێوەی تەعین بێتە ئاراوە، پێویست ناکات دوو مەجلیس لە ناو موحافەزەیەك هەبێ، مەجلیسی قەزای مەرکەز و مەجلیسی موحافەزە، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مولاحەزاتانەی کە درا، لە راستیدا ئەوەی کاك عادل کە باسی ئاسایشی کرد، ئەگەر لێرە باسی بکەین و هێشتا ئاسایش تایبەتمەندی خۆی هەیە، تەوحید نەکراوە و سەربە ئەنجومەنی وەزیرانە و لێرەدا تێکەڵاویەك دەبێ، هەر وەختەکی ئەوە عیلاج کرا، ئەو وەختی دەکرێت ئەو هینانە باس بکرێ لێرەدا، لەبەر ئەوە شتێك بڵێین مەبدەئیەن راست بێت، کە نەگونجێت لەگەڵ واقیع، نابێت ئەوە، ئەوانی تر کاك هین وەڵامی دایەوە، پێم وایە ئەو شتە باش هاتووە، دەرەجە سابعە فما دون یان دونها، ئەو شتە زۆر فەرق ناکات کاك سعدالدین وابزانم، من وەکو خۆی و چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، فەرموو کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی شەش فەقەرە 13، وتوومانە: المصادقة بالاغلبیة المطلقة علی اقتراح اجراء التغیرات الاداریة، ئەمە کەی ئیقرارە؟ جیهەتی تەنفیزی مەجلیس موحافزە، ئێستا لێرە تۆ تەنها چیت داوەتێ، استحداث او الغاء مراکز الشرطة، مەفروزە ئەوانەی تر هەمووی، یەعنی دروستکردنی ناحیەیە، لابردنێتی، دەمج کردنیتی، مادام ئەی کێ بۆ مەجلیسی رەفع دەکات؟، بۆ چی لێرە تەنها هەر شورتەیە؟ ماددەی شەش فەقەرە 13 ، ئەو هەموو شتانە خۆ شتێکی دروستە، کێ رەفعی ئەکات؟ کێ رەفعی ئەکات بۆ مەجلیس؟ مەفروزە لە رێگەی موحافزەوە بێت، بۆچی لێرە تەنها شورتەت داوەتێ؟ لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو شتانە هەموو جارێ ئەوەی لە مادده شەش فەقەرە 13 نووسراوە، مەسەلەن : طلب اجراء التغیرات الاداریة علی الاقضیة و النواحي و القری للدمج و الاستحداث و الخ، تەلەبەکە ئەو بیکات، تەلەبی ئەوانە ئەو بیکات، مادەم مەجلیس ئیقراری ئەکات.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە ماددەی 13 باسی کراوە، لە نیهایەتەکەیدا: ضمن حدود المحافظة و باقتراح المحافظ او ثلث اعضاء المجلس، هەر لە خودی ماددەکەدا باس کراوە، موصادەقەکە لە لایەن مەجلیسی موحافەزەکە دەبێ، مەرسومەکەش لە ماددەی 25 باسی کرایە بە تەفصیل، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە صەلاحیاتی تەعین و تەسبیت و دەرەجات و رەفع و ئەوانەیە، دەیخەمە دەنگەوە ئەو ماددەیە، کێ لەگەلیتێ دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ ئەوەش قبوڵ کرا، حەوتەم دەڵێ: إتخاذ الأجراءات الأدارية والقانونية بحق موظفي الأدارات المحلية على مستوى المحافظة، ئەوە شتێکی رۆتینیە، هیچ موناقەشەی هەڵناگری، فەرموو مام خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیجرائاتی قانونی لەگەڵ موەزەفینی دەوائیری حکومەت، لە زمنی موحافەزە، مودەرائی ئەقسام صلاحیاتی موحافز نیە ئیجرائاتی لەگەڵ بکات، موەزەفین دەتوانی، بەڵام هەر رەئیس قسمێك یان رەئیس دائیرەیەك یان رەئیس بەلەدیەك، موحافز صەلاحیەتی نیە ئیجرائاتی لەگەڵ بکات، ئاگاداری وەزارەتەکەی بکات ئیجرائاتی وەربگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی بە تەئکید بە پێی قانون ئەوەی دەکات، ئەوە نووسرایە : إتخاذ الأجراءات الأدارية والقانونية بحق موظفي الأدارات المحلية على مستوى المحافظة، مەعلومە بە پێی قانون دەیکات، ئەوەی دەسەڵاتی نەبێ نایکات، ئەوەی دەسەڵاتی هەبێ دەیکات، ئەوەش تەواوە پێویست بە موناقەشە ناکات، فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە بۆ وەرگرتنی ئیجرائاتی ئیداری و قانونی، باسی رۆڵی مەجلیسی موحافەزە نەکراوە، یەعنی ئەگەر بێت و لەوەشدا تەنسیق هەبێ باشە، تەنسیق لەگەڵ مەجلیسی موحافەزە، چونکە ئەوە ئیجرائاتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە شتێکی نیزامیە، رەبتی بە مەجلیسەوە هەیە، ئەگەر وا بێت مەجلیس 24 سەعات دەبێ دابنیشی، ئێستا هەشتەم: ثامناً: مسؤولية استتباب الأمن والنظام في المحافظة وله ان يأمر الشرطة بالتحقيق في الجرائم التي تقع داخل المحافظة، بۆ ئەوەی موافیق بن لەسەر ئەو مولاحەزاتانە، مسؤولية استتباب الأمن والنظام في المحافظة وله ان يأمر الشرطة والاجهزة الامنية بالتحقيق في الجرائم التي تقع داخل المحافظة، داوا کردن و ئەمر کردن بە ئەجهیزەی ئەمنی، یەعنی هەم ئاسایش و هەم پۆلیس، هەردووکیان کە تەحقیق لە جەرائیم بکەن و نەك شتی تر، ئەوە شتێکی تەبیعیە، کەس قسەی هەیە؟ فەرموو کاك جەعفەر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەبێ لەو بڕگەیە شتێك زیاد بکەین، کە پێشترکاك شێروان باسی کرد، ئەبێ بڵێین، چونکە بە خۆی هەر وابوو پێشتر، نەك هەر بۆ موحافز، بۆ قایمقامیش و بۆ مودیر ناحیەش، لە کۆتایی بڕگەکە زیاد بکرێ، ئەوە دەبێ بۆ قایمقام و بۆ مودیر ناحیەش، لەبەر ئەوەی بەرپرسی لێژنەی ئەمنی لە پارێزگادا موحافز و قایمقام و مودیر ناحیە بەرپرسن، زائیدەن، ئیزافەی ئەوەش بکرێ، چونکە لە خاڵی پێنجەم مەنعمان کردیە کە داخیلی هێزی پێشمەرگە بن، بەس لە لێژنەی ئەمنیدا، هێزی پێشمەرگە بەشدارن لە مەنتیقە، ئەوانە عوزون لە لێژنە ئەمنیەکان، وەکو ئاسایش و پۆلیس، هێزی پێشمەرگەش ئەبێتە عوزو لە لێژنە ئەمنیەکان، ئەبێ لە کۆتاییەکەی ئەگەر ئەوە زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی بەرپرسی لێژنەی ئەمنیە لە پارێزگاکە، ئەوە بۆ قایمقام و مودیر ناحیەشە، لێژنەی ئەمنی، هێزی پێشمەرگەش موشتەرەکە لەو لێژنە ئەمنیە، چونکە پێشتر وا بووە، ئێستاش هەر وا دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بیدایەتەکەی: ثامناً: مسؤولية استتباب الأمن والنظام في المحافظة، ئەوە واریدە، بەس: ان يأمر الشرطة بالتحقيق في الجرائم التي تقع داخل المحافظة، ئەوە ئیشی مودەعی عامە، ئیشی شورتە نیە، تحريك الشكوى، تەحقیقە، ئێمە بەراستی ئەگەر گرنگی بەو مەوزوعە بدەین، بۆ ئەوەی خەڵکێکی تر لەو ئیشانە نەکات، چونکە لەوانەیە وەکو پێویست و یاسایی کار لە مەوزوعەکە نەکەن، بۆیە پێویستە مدعی عام ئەو کارە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم حمە جان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە سەبارەت بە بڕگەی هەشت، دەڵێم ئەگەر مەجالم بدەیی، بڕگەی هەشتەم و دەیەم زۆر هاوصیغە و هاوشێوەی یەکترن، حەقە بکرێنە یەك بڕگە بەم شێوە: پارێزگار بەرپرسە لە دابینکردنی ئاسایش و نیزام لە پارێزگادا، پاراستنی ئاسایش و نیزام و مافی هاووڵاتیان و گیان و ماڵ و موڵکیان، بۆی هەیە فەرمان بدات بە پۆلیس لێکۆڵینەوە لەوتاوانەدا بکات کە لە ناو سنووری پارێزگادا روودەدەن، لەباری نەتوانی دەزگای ئاسایش لە پارێزگادا جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی لە پاراستنی ئاسایش و نیزام بخاتە

بەردەم وەزیری ناوەخۆ، برێکی پێویست لە هێز بخەیتە گڕ، ئەو ئەرکەی بۆی هەڵبسوورێ، بەو شێوە هەردوو ماددەی هەشتەم و دەیەم ئەبێتە یەك بڕگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مام خورشید فەرمووو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە هاتووە لە بڕگەی هەشتەم من لەگەڵیمە، بەڵام ئەو صەلاحیەتە پارێزگار ناتوانێ ممارەسەی ئەو صەلاحیاتە بکات، ئەگەر نەیکەنە رەئیسی لێژنەی ئەمنی موحافەزە، دەبێ ئەو عینوانە تەسبیت بکەین، چونکە ئێستا واقعێکی دیکە هەیە، دووەم: من پێم وایە ماددەی هەشت و دە لەیەك بدرێ، چونکە هەردووکیان یەك مەعنای هەیە و دەوڵەمەندتر بکرێ، هەر مەسەلە ئەمنیەکەیە، حیمایەتی ئەمن و مومتەلیکاتە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئیعتیادی موحافز مەسئولە لە دابین کردنی ئەمن و ئاسایشی موحافەزە، بەڵام کە دەڵێ: ان یأمر الشرطة بالتحقیق في الجرائم التي تقع داخل المحافظة، مەوزوع تەحریکی شەکوا نیە، جەریمەیەك لە جێگایەك روودەدات، موحافز دەڵێ: جەریمەیەك لە فلان گەرەك رووی داوە، فەرموو تەحقیقات بکەن، مەسەلەکە بەو شکلەیە، بەڵام دیسان ئەگەر بە پێی قانون ئیزافە بکەین هیچ مانعەتێك نیە، وفق القانون، ئەگەر ئیزافە بکرێ، زۆر شتێکی تەبیعی و ئیعتیادیە، بە نیسبەت ئەوەی کاك شێخ جەعفەر دەیڵێ بە نیسبەت پێشمەرگە، ئیمکان هەیە لە لێژنەی ئەمنی وەکو نوێنەر لەوێ موحافز دایبنێ، بەڵام نەك وەکو ئەجهیزەی ئەمنی شورتە ئەمریان پێ بکات بە تەحقیق، نەخێر، لە زمنی لێژنەی ئەمنی بۆ راوێژکردن لە مسائیلی ئەمنی لەگەڵیان، ئەوە شتێکی تەبیعی و ئیعتیادیە پێمان وایە، بە نیسبەت ئەوەی کە موحافز رەئیسی لێژنەی ئەمنیە لە موحافەزە، ئیعتیادیە، بەڵام کە هاتینە مەهام و صەلاحیاتی قایمقام و مودیر ناحیە، بە هەمان شێوە لەوێش دەبێ عەینی نەص هەیە، ئێمە نەصی جیاجیا دادەبەزێنین بە نیسبەت لە هەر یەك لە مەهام و صەلاحیاتی قایمقام و مودیر ناحییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو نەصەی دەخوێنمەوە ئەگەر موافق بوون پێویست ناکات موناقەشەی بکەین: ثامناً: مسؤولیة استتباب الأمن والنظام في المحافظة وله ان یأمر الشرطة و الاجهزة الامنیة بالتحقیق وفق القانون في الجرائم التي تقع داخل المحافظة بصفته رئیساً للجنة الامنیة في المحافظة، فەرموو کاك سعدالدین.

**بەڕێز ملا سعدالدين ملاعبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وله ان يأمر الشرطة، ئەوە نا، لە جياتی: مسؤولية استتباب الأمن والنظام، بڵێين: للمحافظ سلطة مباشرة، ئەوها باشترە، و لە ان يأمر بتحريك الشرطة، يەعنی ئەوە ئەمری بە شورتەی ناكات، ئەوە تەحريكی شورتە دەكات للتحقيق في الجرائم، ئەمری موباشر لە دەستی ئەو نيە، لە پاشان دەڵێ: التي تقع داخل المحافظة، ئەوە كەليمەكی ڕێك نيە، بڵێين: التي تقع ضمن الحدود الادارية للمحافظة، ئەوها جوانترە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو نەصەم كە جەنابت خوێندتەوە، بەڵام بۆ كورت كردنەوەی مەوزوعەكان، منيش عەينەن ئەو ڕەئيەم هەيە كە فەقەرەی دە زياد بكەينە سەری، لە حاڵەتێك كە نەيتوانی داوای يارمەتی لە وەزارەتی ناوەخۆ بكات، ئەمەش ئيزافە بكرێ كە لە فەقەرەی دە هاتووە، بۆ ئەوەی كورت بكەينەوە مەوزوعەكەی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی كە نازناز خان دەيڵێت، تەحصيل حاصلە، بەڵام ئەو جوملەيەی ئيزافە دەكەم، بەڵام جارێكی تر دەيخوێنمەوە: مسؤولية استتباب الأمن والنظام في المحافظة وله ان يأمر الشرطة و الاجهزة الامنية بالتحقيق وفق القانون في الجرائم التي تقع ضمن حدود المحافظة بصفته رئيساً للجنة الامنية في المحافظة، كێ لەگەڵ ئەوەيە دەستی بڵند بكات تكايە؟ كێ لەگەڵدا نيە؟ بۆ نۆيەم: طلب استحداث او الغاء مراكز الشرطة بعد مصادقة المجلس بالأغلبية المطلقة لعدد اعضاءه، ئەوەش موناقەشەی ناوێ، عاشراً: الحفاظ على الأمن والنظام وحماية حقوق المواطنين وارواحهم وممتلكاتهم وفي حالة عدم قدرة الاجهزة الامنية على تحقيق ذلك يعرض الأمر على وزير الداخلية، ئەوەی خاتوو نازناز داوای كردبوو لێرە هاتبوو، بۆيە هينم نەكرد، عاشراً: الحفاظ على الأمن والنظام وحماية حقوق المواطنين وارواحهم وممتلكانهم وفي حالة عدم قدرة الاجهزة الامنية على تحقيق ذلك يعرض الأمر على وزير الداخلية مبيناً مقدار القوة الكافية لأنجاز تلك الواجبات، ئەگەر بۆی نەكرێ ئەوەی نازناز خان وتی، داوا لە وەزيری ناوەخۆی دەكات، تەبيعيە ئەوە، بەڕێز كاك زانا قسەی هەيە، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێی من ئەو فەقەرەيە بۆ حاڵەتی ڕووداوێكی لەناكاوە، فەقەرەی پێشتر بە شێوەيەكی گشتيە بۆ ئيستيتبابی ئەمنە، بەڵام لێرەدا لە كاتی ڕووداوێكە، اثناء القلاقل و الاحداث، نەبوويتە حاڵەتی تەواری، بەڵام ڕووداوێك ڕوويدايە لە سنووری موحافەزەی، ئەو قوەتەی كە لەبەر دەستيتی بەشی ناكات، ئەوجا

داوای قوەتێکی تر دەکات، بۆیە پێم باشە بڵێین: اثناء القلاقل، عاشراً: الحفاظ على الأمن والنظام وحماية حقوق المواطنين وارواحهم وممتلكاتهم اثناء الاحداث و القلاقل،وفي حالة عدم .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە مەفهومە لێرە و ئەوە تەحصیل حاصلە، با رەبتی نەکەین، کێ لەگەڵ نەصەکەیە بەبێ گۆڕانکاری دەستی بڵند بکات تکایە، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینە، ماددەی یازدەم: حادي عشر:

اولاً: الأعتراض على قرارات المجلس في احدى الحالات الآتية:

أ- اذا كانت مخالفة للدستور او القوانين النافذة.

ب- اذا لم تكن من اختصاصات المجلس.

ج- اذا كانت مخالفة للخطة العامة لحكومة الأقليم او للموازنة.

ثانياً: يقوم المحافظ بأعادة القرار الى المجلس خلال مدة اقصاها(خمسة عشر يوماً) من تأريخ تبليغه به، مشفوعاً بإسباب اعتراضه و ملاحظاته.

ثالثاً: اذا اصر المجلس على قراره، دون إزالة المخالفة التي بينها المحافظ، فعليه إحالته الى المحكمة الادارية للبت في الأمر، ئەوەی تر شەتب کراوە لەسەر ئیقتیراحی هەردوو لێژنەی هاوبەش، ئەوە زۆر نەصێکی تەواوە، تەبیعیە، بۆیە پێم وایە هیچ موناقەشەی هەڵناگرێت، فەرموو د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حادی عشر بە عەرەبیەکە کە وتراوە حادی عشر، لە کوردیەکە نووسراوە: یەکەم و دووەم و سێیەم و ئەلف و با و جیمە، لە عەرەبیەکەش عەینەن اولآ و ثانیآ، بەڵام کاك شێروان بە ئەلف و با و جیمی خوێندەوە، ئینجا دوایی ئەلفی یەکەمی کردە 1و 2و 3، ئینجا ئەوە دروست نیە، ئەوەل جار دەبێ بڵێین: اولآ، کە هاتووە حادی عشر ئەبێ بڵێین یەك، نەك ئەلف، ئینجا بکرێتە ئەلف و با و جیم، نەك عەکسەکەی ئەوەی کاك عەونی خوێندیەوە، ئەبێ ئەوەل جار حادی عشر، یەك، ئینجا دوایی ئەلف و با و جیم، بەو شێوەیە، یەعنی دەبێتە یەك و دوو و سێ و چوار، بەڵام یەکەکە دەبێت ئەلف و با و جیم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردووکی دەبێ، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوار دەڵێ: للمحافظ تخويل بعض صلاحياته الى نوابه او القائمقام او مدير الناحية، نواب قەیناکە، بەڵام قایمقام و مودیر ناحیە لێرە صلاحیات و مەهامیان دیاری کراوە، ئەوە یەك، دووەم: ئەوانە وەحداتی شبە موستەقیل و وەحدەکی حیسابیشیان هەیە، امر بالصرفیشن بە خۆیان، لە زمنی دائیرەی موحافەزە نیە کە تەکلیفی مودیر قسمەکی بکات، یان نائیبی موحافز نینە موباشەرەتەن، لەبەر ئەوەی وەحدەکی

شبه موستەقیل و وەحدەکی حیسابیشە، مەهامی و ئەوەشی لێرە دیاری کراوە، بە رەئی من دەتوانین نەك بەعزێ صەلاحیات، بەڵکو بەعزێ مەهام تەخویل بکات یان وەکالەتی بداتێ بە تایبەتی کە ئەو بچێ لە جیاتی ئیشەکە بکات، بەلام صەلاحیاتی موحافز نادرێتە قایمقام، بۆ دەوائیری خۆی دەبێ لە زمنی دائیرە، نابێ بۆ قایمقام و مودیر ناحیە، چونکە وەحدەی موستەقیلن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیعتیادیە، زۆر سوپاس، فەرموو شەمسە خان.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە ئەڵێین موحافز صەلاحیەتی ئەوەی هەیە کە ئیعتیراز بگرێ لەو قەرارانەی کە مەجلیس دەری ئەکات، لە ئەلف و با و جیم، لە جیمدا دەڵێ: ئەگەر موخالەفەی موازەنەی کرد، بەلام ئێمە لە بڕگەی یەکدا وتوومانە: ئیعدادی موازەنە موحافز خۆی ئەیکات، لێرەش ئەو کاتە زۆر دەستم هەڵگرت، بەداخەوە ناوت نەنووسیم، لێرە لە بڕگەی ج ئەڵێ: اذا کانت مخالفة للخطة العامة لحکومة الأقلیم او للموازنة، ئەگەر ئیعدادی موازەنە لە بڕگە یەکی ئەو ماددەیە موحافز خۆی کردبێتی، چۆن لێرە موخالیف ئەبێ و ئیعتیراز لەو قەرارە ئەکرێ؟ پرسیارەکەم ئەوەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەعفەر.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی چوارەم، دەبێ ئێمە تەئکید بکەین لێرە، ئەقدەم قائیمقام یان ئەقدەم مودیر ناحیە، چونکە کە کردتە وەکالەت، ئەبێ ئەقدەم قایمقام بکەیە وەکیل، نەکەی ئەوەی ئێستا هاتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لێرەدا خۆ پێتان وایە لە کاتی سەفەر و شتی وانیە، مەسەلەن لە هەولێرێ موحافز هەندێ دەسەلاتی دەداتە قایمقامی شەقلاوە، بۆ ئەقدەم؟ ئەقدەمەکە بۆ چیە؟ هەر قایمقامێك بێ دەسەلاتی دەداتێ، دەسەلاتی صەرفە، دەسەلاتی هینە، ئەوەی نووسرایە تەواوە، فەرموو کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت چوارەم، چوارەم لە زمنی فەقەرەی 11 نیە، دەبێ ببێتە 12، چونکە ئەوە بڕگەکی موستەقیلە، دەڵێ: یەك لە ئیختیصاصاتی تر، نەك لێرە لە زمنی ئەو 11 بێت، 11 مەوزوعێکی ترە، چوارەم مەوزوعێکی ترە و ئیختیصاصێکی ترە، لەبەر ئەوەی مەفروزە لێرە چوارەمەکەی بکەینە 12، پارێزگار بۆی هەیە هەندێ ......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کاکە بۆ لە لێژنەی قانونی موعالەجەت نەکرد و ئەو موشکیلەت هێنایە ئێرە؟ بۆ ئـەوەی ئیشـەکانمان ئاسان بکردبا هەر لەوێ ئیقتیراحت بکردبا، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ موعالەجە کردنی ئەو تەسەلسەلە ئیمکان هەیە، چوارەمی بکەینە 12، بە بڕگەیەکی موستەقیل بێینـە خوارێ، چ ئیشکالیەتیشی تێدا نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشـە بڕگـەی 4 لەسـەر ئیقتیراحـی کـاك هـین دەبێتـە 13، جا ئێسـتا ئێمـە حـادی عشـر، 1و 2و 3 بـەو گۆڕانکاریەی کە کرا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتێ دەستی بڵندکاتەوە؟، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیـە؟ 12: للمحافظ تخويل بعض صلاحياته الى نوابه او القائمقام او مدير الناحية كل في امور وحدته الادارية، ئەوەش موناقەشە کرا، کێ لەگەڵیتێ دەستی بڵند کاتەوە؟، کێ لەگەڵدا نیە؟ ئەویش بـە کـۆی دەنـگ قبـوڵ کـرا، بـە ئەکسەریەت، ماددەی 18 بە هەموو گۆڕانکارییەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیتێ دەستی بڵند بکات؟، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، ماددەی 19.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆزدەم:

لە بارێـك کـە پارێزگـار نـەتوانێت ئەرکـەکانی رابپـەڕێنێت لەبـەر هـۆی تەندروسـتی بـۆ ماوەیـەك کـەزیاتر نەبێت لە سێ (3) مانگ ئەوا خانەنشین دەکرێت و پێویستە لەسەر ئەنجومەن پارێزگارێکی نوێ هەڵبژێرن بە هەمان شێوازی لەم یاسایەدا هاتووە و تا ئەو کاتەش یەکێك لە جێگرەکانی بە کارەکانی هەڵدەستێت .

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة عشرة:

في حالة عجز المحافظ عن اداء مهامه لاسباب صحية مـدة تزيـد علـى ثلاثـة اشـهر تـتم احالتـه علـى التقاعـد وعلى المجلس انتخاب محافظ جديد بـنفس الآليـة المـذكورة في هـذا القـانون ويقـوم احـد نوابـه بمهامـه لحـين انتخاب المحافظ الجديد.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بـەڵام پێمـان وایـە ئـەو ماددەیـە ئـەوە ببێتـە فەقـەرەی یەکـەمی، فەقـەرەی دووەم ، موقتەرەحێك وەختی خۆی بۆمان هات لە لایەن کاك ئیحسانەوە ئەگەر غەڵەت نەبم، لەلای خۆمان

نووسیومانە، فەقەرەکە بەو شکلەیە: في حالة غياب المحافظ، ينوب عنه احد نوابه لاداء مهامه طيلة فترة الغياب، ئەگەر ئەوە بکرێتە فەقەرەی دووەم، لەگەڵ ئەوەش یەکتری دەگرێتەوە، ئەگەر بکرێ موناقەشە بکرێ، و فەقەرەی ئیزافی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئەگەر واش بێ فەقەرەی یەکەم بێت دەبێ لێرە، ئەوە تەحصیل حاصلە، ئەوەی فەقەرەی یەکەم بێ، في حاله غيابه ينوب عنه احد نوابه، دووەم: في حالة عجز المحافظ عن اداء مهامه لاسباب صحية مدة تزيد على ثلاثة اشهر تتم احالته على التقاعد وعلى المجلس انتخاب محافظ جديد بنفس الآلية المذكورة في هذا القانون ويقوم احد نوابه بمهامه لحين انتخاب المحافظ الجديد، ئەوە هیچ شتێکی ناوێت، هەم فەقەرەکە ئەوە ئیزافە کراوە، ماددەی 19 دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیتی دەستی بڵند کاتەوە، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ ئەویش قبوڵ کرا، ماددەی بیست.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیستەم:

پارێزگار و هەردوو جێگرەکەی بەردەوام دەبن لە بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانە دوای تەواو بوونی ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەن و تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی نوێ لە دوای ئەوان کەسێکی تر هەڵدەبژێرن .

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يستمر المحافظ ونائباه في تصريف الامور اليومية بعد انتهاء مدة الدورة الانتخابية للمجلس والى حين انتخاب من يخلفهم من قبل المجلس الجديد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش تەبیعیە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند یکات، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگەوە ئەوەش قبوڵ کرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و یەکەم:

یەکەم: وەزیری تایبەتمەند بۆی هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەکانی بدات بە پارێزگار.

دووەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی کە نەبەستراونەتەوە بە هیچ وەزارەتێک، رای پارێزگار لەو کاروبارانە وەرگرن کە دەیانەوێ بیکەن لە پارێزگادا و ئاگادارکردنەوەی پارێزگار بەو

**نامەنووسینانەی کە لەگەڵ فەرمانگەکاندا ئاڵوگۆڕی دەکەن لە چوارچێوەی پارێزگادا، بۆ ئەوەی ئاگادار بێ لێیان و چاودێری کردنی جێبەجێ کردنیان.**

**سێیەم: پێویستە سەرۆکەکانی فەرمانگەکان و دەزگا گشتیەکانی ناو پارێزگا خۆیان بەمانەی خوارەوە ببستنەوە:**

**1-ئاگادار کردنەوەی پارێزگار بە ئاڵوگۆڕکردنی نووسراو لەگەڵ فەرمانەگە فەرعیەکاندا.**

**2-بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ پارێزگار لەبارەی ئەو کاروبارانەی بۆیان دێت.**

**3-ئاگادارکردنەوەی پارێزگار لەکارەکانیان کە پەیوەندییان هەبێ بە ئاسایش یان کاروباری گرنگ یان کێشەکانی کە پەیوەندیدارن بەزیاتر لە فەرمانگەیەك لە پارێزگادا، یان بەرەوشتی فەرمانبەرەکانی.**

**4-ئاگادارکردنەوەی پارێزگار لە دەست بەکاربوونی سەرۆکەکانی فەرمانگەکانی فەرعی خۆجێیی لەئەرك و فرمانیان یاخود دەست هەڵگرتنیان لەکارەکانیان.**

**چوارەم: پێویستە پارێزگار وەزارەتی پەیوەندیدار ئاگاداربکاتەوە بە وردەکاریی پڕۆژەکانی کە جێبەجێ دەکات لەسەر ئاستی پارێزگا و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە تایبەتمەندییەکانی ئەو وەزارەتانەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الحادية والعشرون:**

**اولاً: للوزير المختص منح بعض من صلاحياته الى المحافظ.**

**ثانياً.على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة استطلاع رأي المحافظ في الامور التي تروم القيام بها في المحافظة واعلام المحافظ بالمخاطبات التي تجريها مع دوائرها ومرافقها في نطاق المحافظة، لأطلاعه عليها، ومراقبة تنفيذها**

**ثالثاً: على رؤساء الدوائر والمرافق العامة في نطاق المحافظة الألتزام بما يلي:-**

**1- إعلام المحافظ بمخاطباتهم الرسمية، مع دوائرهم الفرعية.**

**2- رفع التقارير الى المحافظ بخصوص الأمور التي تحال اليهم.**

**3- احاطة المحافظ علما بأعمالهم التي لها مساس بالأمن او الأمور المهمة او القضايا التي تتعلق بأكثر من دائرة واحدة في المحافظة او سلوك موظفيهم.**

**4- إعلام المحافظ بمباشرة رؤساء الدوائر الفرعية المحلية لمهام وظائفهم او إنفكاكهم منها.**

**رابعاً: على المحافظ اعلام الوزارات المعنية بتفاصيل المشاريع التي تنجزها على مستوى المحافظة والتي لها علاقة باختصاصات تلك الوزارات.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لێژنە، لێژنەی یاسا و لێژنەی ناوەخۆ لەگەڵ دەقی ماددەکەینە، چونکە ماددەکە هەمووی لە روانگەی تەنسیق و هاوکاری نێوان موحافز و وەزارەت و نێوان دەوائیری فەرعی لەگەڵ موحافز و هەندێکیان عیلاقەی بە مەسائیلی ئیداری هەیە، بۆیە ئێمە پێمان وایە ماددەکە زۆر ماددەیەکی تەبیعی و ئیعتیادیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو چرۆ خان.

**بەڕێز چرۆ علی حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی یەکەم کە ئەڵێ: المادة الحادیة والعشرون:

اولاً: للوزیر المختص منح بعض من صلاحیاته الی المحافظ، بەرای من ئەوە لە صەلاحیاتی وەزیرە، لێرە جێگای نیە، ئەگەر بخرێتە قانونی وەزارەتی داخیلیەوە، بخرێتە صەلاحیاتی وەزیرەوە، بە نیسبەت خاڵی دووەمیشەوە، ئەگەر لە وەزارەتەکانی دیکە مەسەلەن ئاماژە بەوە کراوە کە موحافز ئاگادار بکەنەوە، با ئەم خاڵە لێرە نەبێ، ئەگەر نا موشکیلە نیە خاڵی دووەم هەبێ، بەڵام خاڵی یەکەم بەڕاستی ئێرە جێگای نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، بە نیسبەت یەکەم و دووەم، هەردووکی لێرە جێگای نیە، حەقە ئەوە لێرە لابرێ، چونکە عیلاقەی بە موحافز و بە مەجلیسی موحافەزە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بڕگەیە بڕگەیەکی گرنگە، بەڵام من مولاحەزەم لەسەر وشەی منح هەیە، تەفویز دروسترە لەوەی بڵێی منح، تەفویزی سوڵتاتی ئیداری دروسترە لەوەی کە بڵێی منح، منح موستەلەحێکی قانونی نیە، پێم باشە لە جیاتی ئەوەی بڵێین: للوزیر المختص منح بعض من صلاحیاته الی المحافظ، بکرێتە : الی رؤساء الوحدات الاداریة، لەبەر ئەوەی ئەبینین لە دوورترین جێگا، لە دوورترین ناحیە، لە دوورترین قەزا، دائیرەیەك

هەیە، ئەو دائیرەیە ئیشەکانی بە ئاسانی ناڕوات، ئەگەر وەزیرەکە بە قانون ئێمە دەسەڵاتی بدەینێ و تەفویز بداتە مودیر ناحیە یان قایمقام، باشتر ئەتوانێ خزمەتی خەڵك بکات، باشتر ئەتوانێ ئیشەکەی بڕوێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان تەعلیقتان چیە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ صەلاحیەتەکە وجوبی نیە، جەوازیە، یان وەزیر دەیدا یان نایدا، ئەوە یەکن دوو:بوونی ئەو ماددەیە بە قەناعەتی من لەو یاسایە زەرووریە تەحدیدەن بۆ موحافزیش، موباشیر بە نیسبەت موحافز هینە وەزیری داخلیەیە، سێ: بە نیسبەت یاساکەی وەزارەت کە چرۆ خان باسی کرد، راستە لەوێندەرێش ئەو بڕگەیە هاتووە کە بە نیسبەت دام و دەزگای تری دیوانی وەزارەت موحافز دەسەڵاتیان بداتێ، ئەوە مودیر دیوانی عامە یان ئەوە مودیر عامی شورتەیە، لەو بابەتانە، بەڵام ئەوە خاص بە موحافیزە، بۆیە ئێمە پێمان وایە وجودی ئەوە لێرە زەرووره و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر قسەیەکت هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە؟

**بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری ناوەخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی ئەو تەوزیحەی کاك شێروان دەکەم کە لێرە هەبێ، ئەو جیاوازیە، ئیحتیمالە وەزیر صەلاحیاتی نەداتێ، بۆیە لێرە هەبێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جوابدانەوە بۆ چرۆ خان، ئەوەی لە قەوانین وەزارات هاتیە دەڵێ: بعض صلاحیاته الی المدراء العامین او المسؤول في داخل الوزارة، باسی ئەوەی نەکردووە لە دەرەوەی وەزارەت و موحافز و ئەوانە، لێرە پێویستە ناوی موحافزیش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە وەکو دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتێ دەستی بڵندکاتەوە، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، زۆر سوپاس، ئێمە دەچینە ثالثآ: القایمقام، با ئەو ماددەیەش تەواو بکەین ناوی خوای بینین، ماددەی 22.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی بیست و دووەم:**

**یەکەم: قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە بالأترین فەرمانبەری جێبەجێ کردنن لە یەکە کارگێڕییەکانیاندا.**

**دووەم: مەرجە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە پاڵ مەرجی پێویست کە دەبێ لە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بێتەدی، قایمقام خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و بەرێوەبەری ناحیەش بڕوانامەی زانکۆیی لە یاسا دا هەبێت .**

**سێیەم: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی کارگێڕیی دەردەچوێنێ بەدامەزراندنی هەریەك لە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە دوای هەڵبژاردنیان لەلایەن ئەنجومەنەکانیانەوە.**

**چوارەم: قایمقام بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرێوەبەری ناحیەش بە پلەی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی دەبێ.**

**پێنجەم: لەکاتی ئامادە نەبوونی قایمقام، پارێزگار لە یەکێك لە بەڕێوەبەرەکانی ناحیەی سەربەقەزاکە رادەسپێرێ بۆ راپەراندنی کارەکانی و لەکاتی ئامادە نەبوونی بەڕێوەبەری ناحیەش، قایمقام یەکێك لەبەڕێوەبەرەکانی ناحیەی سەر بەقەزاکە رادەسپێرێ بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية والعشرون:**

**اولاً: يعد القائمقام ومدير الناحية اعلى موظفين تنفيذين في وحدتيهما الأدارية.**

**ثانياً: يشترط في القائمقام ومدير الناحية بالاضافة الى الشروط المطلوب توافرها في عضو مجلس المحافظة ان يكون القائمقام من حملة شهادة جامعية اولية، ومدير الناحية حاصلاً على شهادة جامعية في القانون.**

**ثالثاً: يصدر رئاسة مجلس الوزراء امراً ادارياً بتعيين كل من القائمقام ومدير الناحية بعد انتخابهما من قبل مجلسيهما.**

**رابعاً: يكون القائمقام بدرجة مدير عام ومدير الناحية بدرجة معاون مدير عام.**

**خامساً: عند غياب القائمقام يكلف المحافظ احد مدراء النواحي التابعة للقضاء للقيام بمهامه، وعند غياب مدير الناحية يكلف القائمقام احد مدراء النواحي في القضاء للقيام بمهامه.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام دوو مولاحەزەمان هەیە، رەنگە لە کوردییەکە فەرقی هەبێ، بە نیسبەت چوارەم، مودیر عام و معان مودیر عام بەکارمان هێناوە نەك دەرەجاتی ئەوەی ئێستا بەکاردێت، چونکە ئەوە زیاتر لەلای ئێمە موتەداولە، بەڵام موقابیلیشی هەیە لە زمنی دەرەجاتی وەزیفی، ئەمەیان**

یەك، دوو، بە نیسبەت مودیر ناحیە، ئێمە و لێژنەی داخیلی هەر لەو رەئیە بووین کە پێویستە بەلای کەم مودیر ناحیەش شەهادەی جامیعی هەبێ و دەرچووی قانونیش بێ، لەبەر ئەوەی گچکەترین وەحدەی ئیداری کە شەخسیەتی مەعنەوی هەیە و جێبەجێی یاساکان دەکات، بۆ ئەوەی ئیتیلاعەکی کامیلی هەبێ لەسەر یاساکان بە نیسبەت ئەو وەحدە ئیداریە بچووکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر چاکە، بەس ثالثآ:یصدر رئاسة مجلس الوزراء امرآ وزاریآ نەك اداریآ ، ئیداریەکەی بکەنە وزاری، شەهادە جامعیە، ئەوەلیەکەی لابدەن، کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە من قسەکەی رابوردوو تکرار دەکەمەوە، خۆی ئەبێ مودیری ناحیە بە تەئکید شەهادەکەی قانون بێت، لەبەر ئەوەی مودیریەی شورتەی هەیە و یەك، دوو حاکمیشی هەیە، ئێمە مولزەمی ئەنجومەنەکە بکەین کە پێنج کەسن و قانونی هەڵبژێرێ، یان ئەبێ پێنج کەسەکە قانونی بێ یان ئەبێ یەکێك مولزم ئەکەین، کە باسی ئەوانەمان کرد ئەبێ یەکێك هەڵبژێرن کە ئەو قانونەی پێیە، ئەوە یەکەم، دووەم: قایمقام و بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری ناحیە بە پلەی یاریدەر، ئێمە وتمان ئەوانە شمولی تەقاعودی ناکەن، ئەوە لێرە ئەوانە مەشمولن بە تەقاعودی، هەم قایمقام و هەم مودیر ناحیە، سێیەم، داوای لێبوردن دەکەم ئەوە جەنابت وتت راستە من غەڵەتم کرد، ئەلێرە ئەقدەمەکە دەنووسرێ بۆ قایمقام و مودیر ناحیەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی سێیەم، بۆ مەسئولی ئیقلیمی بۆ موحافز 15 رۆژمان دانا، سەقفێکی زەمەنیمان دانا بۆ دەرکردنی ئەمری وەزاری دەست بەکاربوونی قایمقام و مودیر ناحیەش سەقفێکی زەمەنی دابنێن، ئەگەر 15 کەم بێت، بڵێین مانگێك، ئەوە پێشنیاری منە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە بە نیسبەت کە جەنابی قایمقام دەبێ مەفروزە قایمقام وەکیلی بێت، ئێستا لە هەر وەزارەتێك وەزیرێکی بەڕێز غایب بێت، وەزیرێك دەبێتە وەکیلی، وەکیل وەزیر نابێتە وەکیل، لەبەر ئەوەی

مەهامی قایمقامی زۆر گەورەترە لە ناحیە، پرسیاریکی تـرم مایـە، جائیزە مـودیر ناحیـە ببێتـە وەکیلـی؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە عورفە کاك رەشاد، قایمقام دائیمەن، مودیر ناحیەیە لە سنووری قایمقامیەتەکەی جێگرێتی کـە غایـب دەبێ، کاك محمد فەرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەم لەسەر یەکـەم هەیـە، یـەعنی اعـلاە، قـانون ئـەبێ موحـەدەد بـێ، گومـان دروسـت نـەکات، هـەموو ئەعلایەك ئەدنایەك دروست دەکات، ئەدنا و ئـەعلا وابـزانم جوان دروسـت نابێت، بـۆ وەکو پارێزگـای لـێ نەکەین؟، لە فەصڵی سێ، لە 17: المحافظ: هو المسؤول التنفیذي الاول، بۆ چی بۆ ئەمـە وا ئـەڵێین، بـۆ چـی بۆ ئەوان وا ناڵێین؟، بڵێین: کل منهما المسؤول التنفیـذي الاول في حـدود ادارتهمـا، ئـیتر اعـلا و ادنـی خـۆش دەرناچێ، وا بزانم وەکو موحافزی لێ بکەین، المسؤول التنفیذي الاول، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەوەی ئێرە مەقصـەدەکەی وایـە، قایمقـام بـەرزترین دەسـەڵاتی تەنفیزیـە، اعلـی موظـف تنفیـذي، وا دەکات مەعنایەکەی، یعـد القایمقـام اعلـی موظـف تنفیـذي في وحدتـە الاداریـة، و یعـد مـدیر الناحیـة اعلـی موظف تنفیذي في وحدتة الاداریة، ئەوە کاك فرسەت شەرحی هەیە.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیسی وەحدەی ئیداری ئەعلا موەزەفی تەنفیزیە، چونکە ئەدنایەکە هەموو موەزەفی ئیـداری تـر ئەدنانـە، ئەگەر بێت و رەقەمی تەسەلسولی پـێ بـدەین، بڵـێین: اول موظـف تنفیـذي، لازمـە موەزەفـەکانی تـر وەکو جەیشەکن هەموویان تەسەلسولاتی پێ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەقدەمەکە کاك جەعفەر، لێرەشدا نەنووسرێ باشترە، لەبەر ئەوەی رەنگـە قایمقـام یـاخود موحـافز کە راوێژ دەکەن، ئەقدەمیش هەبێ، بەڵام یەکێکی تریان پێ باشتر بی، بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان رەئی جەنابتمان هەیە، ئەو سوڵتە تەقدیریە ئەبێ بـۆ موحـافیزی بـەجێ بـێڵین، شـەرت نیـە ئێمـە ئیلا لێرە ئەبێ بیچەسپێنین ئەقدەم، چونکە مومکینە ئەقدەمە بەس نەتوانێ بەراستی، ئـەوە قیـاس نیـە، ئەوە یەك، دوو، بە نیسبەت ئەو موقەرەحەی تر کە بە نیسبەت کاك زانا لە سـێیەم هـاتووە، ئیمکـان هەیـە لە دوای مودیر ناحیە بڵێین: خلال 15 من تاریخ انتخابهما من قبل مجلسیهما، وەکو موحافز.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر پرسیارێکمان لە جەنابت هەیە، فەقەرەی پێنجەم، دەڵێ:خامساً: عند غیاب القائمقام یکلف المحافظ احد مدراء النواحي التابعة للقضاء للقیام بمهامه، وعند غیاب مدیر الناحیة یکلف القائمقام احد مدراء النواحي في القضاء للقیام بمهامه، ئەوە فەراغێکی ئیداری دروست ناکات؟ پێشتر وا بووە کە مودیری شورتە وا.

**بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری ناوەخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من هیچ فەراغێکی ئیداری دروست ناکات، دووەم: لە ناحیە ئیحتیماله، چونکە لە ناحیە دائیمەن، ئێستاش دارجە مودیر شورتە دەبێتە وەکیل، لە ناحیە ئەوە ئێستاش دارجە، بەس ئەوەی ئەقدەم، هەندێ برادەران باسی ئەقدەم و ئەوە دەکەن، ئێستا هەموویان تازە ئینتیخاب دەکرێن، ئیحتیماله یەکێکی کۆنی تێدا نەبێ، کامەیان ئەقدەمە؟ ئەقدەم نیە، یەعنی ئەوە بەرەئی نەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە لە قانونی عیراقیدا وا هاتووە دەڵێ:عند غیاب القائمقام یکلف المحافظ احد مدراء النواحي التابعة للقضاء للقیام بمهامه، ئەوە دروستە، بەس وعند غیاب مدیر الناحیة، لەوێشدا دەڵێ: مودیر ناحیە دادەنێ، لێرە مودیر شورتە بێت باشترە، کەواتە: عند غیاب مدیر الناحیة یکلف مدیر شرطة الناحیة.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە شروتی مودیر ناحیە وتوومانە دەبێ شەهادەی قانونی هەبێ، لێرە لە مەنتیقی خۆیدا بە ئیعتیبار زۆر قەوانین و زۆر حەوادس لە زۆر بابەت ئەوە سیفەتی حاکم جنح هەیە، مودیر شورتە مەرج نیە خەریجی قانون بێت، دەبێ هەر مودیر ناحیە بێت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قائیمقام غائیب بێ زۆر ئیعتیادیە مودیر ناحیە لە جێگای بێت، بەس ئەگەر مودیر ناحیە غائیب بێت، ئەتو مودیر ناحیەکت دانا جێگای، باشە مودیر ناحیەی دووەم جێگای دیسان بەتاڵ کرد، بووە شاغر، لەوێ کێی دائەنێی؟ لەبەر ئەوە لازمە ئەو حەلەقە موفرەغە لەوێ ئینتیهای پێ بێ، نابێت بەردەوام بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانونیەکان جاوبمان بدەنەوە باشترە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر دابنێین مودیر شورتە، ڕەنگە بە نیسبەت ناحیە پلەی مودیر شورتە هەر نەبێ، دەبێ لەوێ بڵێین زابت مەرکەز یاخود مومکینە مفەوەزەکە، باوەڕ ناکەم مودیر شورتەیەك لە ناحیەیەك هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە تێکەڵاویەك هەیە، ئەو قیاسەی کە برادەران قسەی لەسەر دەکەن بە پێی قانونی موحافەزاتی ساڵی 1969ی عێراقە، ڕاستە ئەگەر قایمقام نەبێ، مودیر ناحییەك تەکلیف دەکرێ لە جێی قایمقام، ئەگەر مودیر ناحیە نەبوو، ئەوە معاونی یان معاونی شورتە ئەو لە شوێنی مودیر ناحیەیە، کاك سەردار ئاماژەی بەوەدا کە هەندێ قەوانین هەیە، 23 قانون هەیە و 32 قەراراتی مەجلیس قیادەی سەورە و ئەوانە، صەلاحیاتی قازی جنح ئەداتە مودیر ناحیە، بەڵام ئەبێ ئێمە فەرق بکەین، ئەو مودیر ناحیەیە مودیر ناحیەکی هەڵبژێردراوە، قایمقام هەڵبژێردراوە، یەعنی تۆ مودیر ناحیەیك کە کاتێ قایمقامی شارێك نابێ، مودیر ناحیەیەك لە شارێکەوە دێینە شارێکی تر، ئەو مودیر ناحیەیە مەجلیسی ئەو قەزایە دەنگی نەداوە بێت لێرە بێت، ئەوە تەناقوزە، حەق وایە قایمقام بەدیلێکی تری هەبێ و مودیر ناحیە بەدیلێکی تری هەبێ، بەراستی ئێمە لە لامەرکەزیەتی ئیداریدایین، بەڵام لە قانونی موحافەزاتی عیراقی و مەرکەزیەتی ئیداری بووە، مودیر ناحیە ئەنجومەنی وەزیران دایناوە، یەعنی مەرکەزیەتی ئیداریە، بەڵام لامەرکەزیەی ئیداریە، یەعنی حەق وایە لەناو قەزاکە خۆی لە جیاتی قایمقامەکەی دانێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك فرسەت ئیقتیراحێکی تری هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم، ئەندامێکی ئەنجومەن ئیختیار بکرێ بە شێوەیەکی موئەقەت بۆ فەترەی ئیجارزەی مودیر ناحیە مەوزوعەکە ئینتیهای پێدەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری ناوەخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی ئەنجومەن شەهادەی متەوەسەتە هەیە، ئیحتیمالە تەنها مودیر ناحیە حقوقی بێ، کابرایەکی خەریجی متەوەستە، زابتێکی شورتە خەریجی کولیەی شورتەیە، ئیحتیمالە حقوقیش بێ، یەعنی ئەوە موشکیلەیەك دەخولقێنی و ناکرێ، تەناقوزە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازناز خان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم ناوی منت نووسیبوو بۆ موداخەلە لە ئەخیردا، ناوم هاتبوو، هەم موداخەلەیە و نوقتەی نیزامی لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیر، جەنابی دەڵێ: ئەو بەکالۆریۆسی هەیە و چۆن دەکرێ بە شەشی ئامادەیی یاخود بە بنەڕەتی بێت لە جێگای ئەو دابنێشی؟ چونکە من لەگەڵ ئیقتیراحەکەی کاك فرسەتم، من کە داوای موداخەلەشم کرد، بۆ ئەو مەوزوعە بوو، دیموکراسیەکەی ئێمە نەوعێکی تایبەتە، دیموکراسی رۆژهەلاتیە بەراستی، ئەنجومەن دادەنێین، بەلام شروتی یەکسان بۆ ئەعزای شۆرایەکەی دامانناوە، بێ گومان ئەو پێنج کەسە کە لە ناحیە هەڵیدەبژێرین، مادەم بنەڕەتیمان بۆ داناوە لەوانەیە چواریان شەهادەی بنەڕەتیان هەیە و یەکیان قانونی تەواو کردبێ، یەکەم: لە شرووت چونکە یەکسان نین، نێوان ئەو کەسانە لە عیلمی و کەسایەتی و ئەو شتانە زۆر زۆر جیاواز دەبێ، خۆی لە خۆیدا ئەوە خۆی فەرز دەکات لەسەر ئەو ئەنجومەنەدا، ئەوە کێشەیەك دروست دەکات، لە حاڵەتی کە بتەوێ دووبارە کەسێك هەڵبژێریەوە، دیسانەکە شرووتەکان هەمووی وەکو یەك نیە بۆ ئەوە کێشە دەبێ، لە ناو قایمقامیەتی بە هەمان شێوە، بۆیە دوێنێ ئێمە ژمارەیەکمان داوامان کرد بنەڕەتیەکە بکرێتە ئامادەیی، بۆ ئەو مەوزوعە بوو، چونکە بێ عەدالەتیەك هەیە لە بێ شرووتەکە، بۆیە ئەو کاتەی ئەو فاصڵە زۆرە دروست دەبێت، نەوەك منیش تەئیدی ئیقتیراحەکەی کاك فرسەت دەکەم بۆ ئەوەی کەسێکی تر لەناو ئەنجومەنەکە ببێتە مودیر ناحیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری ناوەخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامی ئەنجومەن سوڵتەی رقابی هەیە، لێرە دەبێتە سوڵتەی تەنفیزی، تەناقوز دروست دەکات، ئەوە ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرەحەی بگەڕێننەوە ئەساسەکەی، مودیر ناحیە کە غایب بوو، کەسێك دەبێ لە شوێنی خۆی دەوام بکات، لەبەر ئەوە مودیر شورتەکە باشترە، مودیر شورتەکە، خۆ ئەو شەرەتەی کە دەڵێن: دەبێ بەکالۆریۆسی هەبێ، غالبآ هەیەتی، خەریجی کولیەیە، ئەگەر قانونیش نەبێت، خۆ مودیر عام خەریجی کولیە نیە، بەلام بە وەکالەت مومکینە مەعهەدیشە

دەیکەین بە وەکالەت، مادەم موئەقەتە دەکرێت، من تەئیدی هینەکەی کاك فرسەتی دەکەم، ئەوەی کە مودیر ناحیە، مودیر شورتە و معاون شورتەشە دەبێ و بە موئەقەتیشە، ئەوە بێت، بەڵام ئەگەر پێتان باشە لیژنەی یاسایی، کەواتە وای لێ دەکەین، دەیخوێنمەوە: المادة الثانية والعشرون:

اولاً: يعد القائمقام ومدير الناحية اعلى موظفين تنفيذين في وحدتيهما الأدارية، ئەوە لە قانونی عیراقیشدا عەینی شت وا هاتووە.

ثانياً: يشترط في القائمقام ومدير الناحية بالاضافة الى الشروط المطلوب توافرها في عضو مجلس المحافظة ان يكون القائمقام من حملة الشهادة الجامعية، ومدير الناحية حاصلاً على شهادة جامعية في القانون.

ثالثاً: يصدر رئاسة مجلس الوزراء امراً وزارياً بتعيين كل من القائمقام ومدير الناحية خلال مدة 15 يوماً بعد انتخابهما من قبل مجلسيهما.

رابعاً: يكون القائمقام بدرجة مدير عام ومدير الناحية بدرجة معاون مدير عام.

خامساً: عند غياب القائمقام يكلف المحافظ احد مدراء النواحي التابعة للقضاء للقيام بمهامه، وعند غياب مدير الناحية يكلف مدير الشرطة في الناحية للقيام بمهامه.

ئەوە دەخەمەوە دەنگەوە، کێ لەگەڵیتێ دەستی بڵند بکات؟، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینە، موفتەرەح ئەوەیە دواى بخەین، رۆژی دووشەمە، سەعات 11، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**دووشەممە رێکەوتی 20\4\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)

## دووشەممە ڕێکەوتی 2009/4/20

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2009/4/20 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (8)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی - كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (8)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 20/ 2009/4 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای پارێزگاكانی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان. دانیشتنەكەمان دەكەینەوە. بەرنامەی كار:

دانیشتنی ئەمڕۆ بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای پارێزگاكانی هەرێم.

داوا لە هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، دیارە جەنابی وەزیری ناوخۆ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، ئەمڕۆ كۆبوونەوەی گرنگیان هەیە، هی حكومەتی هەرێم موناقەشەی بودجە دەكەن، بۆیە عوزریان هێناو نەیانتوانی بێن، رەئی بۆچوونەكانیان پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەكەن، فەرموو كاك محمد رفعت.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەكەم، ڕێگەم پێ بدەن چەند دەقیقەیەك قسە بكەم، هیوادارم كە قسەكانم پەیوەندی هەیەی بەباری ئێستای ئەو پرۆسە دیموكراتیانەی كەلەبەر دەستمانە كە ئەویش هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستانە، من پێموایە هەقە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان هەرچەندە هەرواش ئەبێت، دەوری خۆی ببینێت لەوەی كە پرۆسەكە بەشێوەیەكی هێمنانە، ئاشتیانەو دیموكراتیانە بڕوا بەڕێوە، دیارە كەمن ئەم قسانە دەكەم، بادریەك هەیە كە هێشتا لە بیدایەت داین، ئەویش ئەوەیە كە وا دەكەن ئەوخەڵكانە بترسێنن، بەوهیوایەی كە ئەو بادیریە لە ئێستاوە بن بڕبكرێت، هیوادارم كە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەوری خۆی لەگەڵ سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان ببینێت، بۆئەوەی پرۆسەكە

بەشێوەیەکی ئاشتیانەو دیموکراتیانە بڕوات، وابکەین خەڵکی هەرێمی کوردستان ڕوو بکەنە سندوقەکانی دەنگ دان، نەوەکو بیان تۆقێنین و نەچنە بەر سندوقەکانی دەنگ دان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کاك محمد رفعت، ئەوەلەن من وامزانی نوقتەی نیزامیت هەیە، ئەمە نوقتەی نیزامی نیە، نوقتەی نیزامی لەسەر پڕۆژەی ئەوەمانە ئەوە یەك، دووەم ، ئەو قسانەی کە جەنابت کردت هیچ ئەساسەکی نیە، کەس خەڵکی نەتۆقاندووە، کەس خەڵکی نەترساندووە بەعەکسەوە، ئەگەر شتێك هەبێت لە ناحیەی هەرحزبێکدا ئەوە لێرە جێگای باس نیە، بچێت لە ناو ئۆرگانی حزبی خۆیدا باسی بکات، لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی ڕێگا بەکەس نەگیراوە، وەرێگا لە ئەندامانی پەلەمان نەبەستراوە قسەی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە بکەن، موناقەشە دەکرێت، بەو پەری ئازادیەوە موناقەشەیان کردووە، ڕێز لە رەئیان گیراوە، من دڵنیاشم لەوەی کە لە هەموو کەسێك دڵسۆزترن ئەوەی خۆمان لێرە دانیشتوین، ئەو حزبانەش کە بەخوێنی دەیان شەهیدانیان ئەم دیموکراتیەیان دابین کردووە، کە بەردەوام دەبن لە بەرژەوەندی خۆیانەو، لەبەرژەوەندی گەلیشە، لەبەرژەوەندی ژیانی داهاتووشمانە، کە هەمووومان پابەند بین بە یاسا، هەمووومان پابەند بین بە پرنسیپەکان، لێرەو لەوێ پێشێلکاری بکرێت، ئەو کەسەی پێشێلکاری دەکات خۆی مەسئول دەبێت، نابێت تەعمیم بکرێت یەکیك لە جێگایەك هەڵەیەك بکات، پێموابێت ئەوە پەرلەمان لێی مەسئولە، حکومەت لێی مەسئولە، حزبەکان لێی مەسئولن، هەرکەسێك تەحەمووڵی هەڵەی خۆی دەکات، فەرموو کاك شێروان لە ماددەی (23) راوەستا بووین لەوێوە دەست پێبکەن، کاك اخر فەرموو.

**بەڕیز اخر جمال أنور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## چوارەم ـ ئەرك و دەستەڵاتەکانی قایمقام

**ماددەی بیست و سێیەم:**

قایمقام ئەم ئەرك و دەستەلاتانەی خوارەوە دەگرێـتە ئەستۆ:

**یەکەم:** ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی خۆجێیەتی قەزا و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا.

**دووەم:** جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان دەریدەکات.

**سێیەم:** سەرپەرشتی کردنی ڕاستەوخۆی فەرمانگە فەرمیەکان لە قەزا و فەرمانبەرانی و پشکنینیان، بەدەر لەیەکە سەربازییەکان وپاسەوانانی هەرێم( پێشمەرگە) و دادگاکان و زانکۆ و پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و خاوەن تایبەتمەندیی فیدرالی لە هەرێمدا.

**چوارەم:** قایمقام بەر پرسە لە دابین کردنی ئاسایش و نیزام لە یەکە کارگێڕیەکەیدا و بۆی هەیە فەرمان بەپۆلیس بدات بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لەناو قەزاکەدا ڕوودەدەن.

**پێنجەم:** پاراستنی ئاسایش و نیزام و پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیان و گیان و موڵك وماڵیان.

**شەشەم:** پاراستنی موڵك و ماڵی گشتی و چاككردنەوەی و كۆكردنەوەی داهاتەكانیان بەپێی  یاسا.

**حەوتەم:** قایمقام بۆی هەیە فەرمان بدات بە پێكهێنانی مەفرەزەی پۆلیس بەشێوەیەكی كاتی لەقەزادا، بۆ پاراستنی ئاسایش لەكاتی پێویستدا.

**هەشتەم:** سەرۆكەكانی فەرمانگەكان لەقەزادا  قایمقام ئاگادار دەكەنەوە لەو نووسراوانەی كە لەگەڵ فەرمانگە فەرمیەكاندا ئاڵوگۆڕیان دەكەن.

**نۆیەم:** قایمقام بۆی هەیە تانووت لە بڕیاری لادانی لەلای دادگای كارگێڕیی تایبەت بدات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رابعاً- مهام وصلاحيات القائمقام

المادة الثالثة والعشرون

يمارس القائمقام المهام والصلاحيات الآتية:

اولاً: اعداد مشروع موازنة القضاء ورفعها الى المجلس المحلي للقضاء.

ثانياً: تنفيذ القرارات التي يتخذها المجلس المحلي للقضاء وفق القوانين النافذة.

ثالثاً: الأشراف المباشر على الدوائر الرسمية في القضاء وموظفيها وتفتيشها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية  وحرس الاقليم (البيشمركة)  والجامعات والكليات والمعاهد التابعة لوزارة التعليم العالي والبحث العلمي والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في الاقليم.

رابعاً:  مسؤولية  استتباب الأمن والنظام في وحدته الأدارية وله ان يأمر الشرطة بالتحقيق في الجرائم التي تقع داخل القضاء.

خامساً: الحفاظ على الأمن والنظام وحماية حقوق المواطنين وأرواحهم وممتلكاتهم الخاصة.

سادساً: الحفاظ على الأملاك والأموال العامة وصيانتها وتحصيل إيراداتها وفقاً للقانون.

سابعاً: للقائمقام الامر بتشكيل مفارز من الشرطة بصورة مؤقتة في القضاء للحفاظ على الأمن عند الحاجة.

ثامناً: يقوم رؤساء الدوائر في القضاء بأعلام القائمقام بمخاطباتهم مع دوائرهم الرسمية.

تاسعاً: الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر لەلایەن پەرلەمانەوە دەسکاری کرا، بەنیسبەت مەهام و سەلاحیاتی قایمقام، لێرە واپێویست دەکات کە ئیمە دەستکاری هەندێك لەبڕگەکان بکەین، بەتایبەتی بڕگەی 3 کە دەبێت ئەو (والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي) هەڵبگیرێ، بەهەمان شێوە ئیعادەی سیاغەی بکرێتەوە بەنسبەت کولیژو پەیمانگاکان، بەنیسبەت چوارەمیش، بەهەمان شێوە دەبێت ئیعادەی نەزەر لە سیاغە بکرێتەوە، لە دوای(يأمر الشرطة بالتحقيق)،( وفق القانون) ئیزافە بکرێت، کە مەسئولیەتی رەئیسی لیژنەی قەزا بدرێتە قایمقام، جگە لەوەش لە نۆیەمیش ، دەبێت بە نیسبەت ئەو تەعنە مەواد دیاری بکرێت، سەقفی زەمەنی دیاری بکرێت، لەبەر ئەوەی کە ئەو تەعنە یاخود ئەو تانەیە، لە زمنی هینەکانی بەرێوەبەری ناحیەو قایمقام نەهاتووە پێشتر بەنیسبەت مجلسی محەلی، بۆیە ئێمە وامان بەباش زانی لێرە جێگای بکەینەوە، لە زمنی مەهام و ئەو سەلاحیاتانە دایبەزێنین، سەقفی زەمەنیشی بۆ دابنێین کە ئەگەر هاتو قایمقام یان بەڕێوەبەری ناحیە، ئیقالە کرا بۆی هەبێت تەعن بدات، لە قراری ئیقالە لەبەر دەم مەحکەمەی ئیداری، هەروەکو مافز و وەکو رەئیسی مەجلس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە وەکو کاك شێروانیش ئاماژەی پێ کرد، ئەو گۆرانکارییەی کە لە دەسەڵاتی پارێزگارمان کرد لێرەشدا پێویستە بیکەن، لە ناحییەی لوغەوی و ئەوانە، لە بڕگەی سێیەم و لە چوارەمیش باسی کرد، هەروەها نۆیەمیش ئەگەر کاك شێروان تەماشا بکەی(الطعن في القرار المتخذ باقالته)نەوەکو (بالاقالة، بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ تبلغه بالقرار) ئەگەر شتەکی زۆر هینتان نیە، ئەوە وەکو پارێزگار وایە، ناوتان دەنوسم ئەوانەی داوای قسە دەکەن، کاك محمد فرج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر شەشەم قسەم هەیە(الحفاظ على الأملاك والأموال العامة وصيانتها) (تحصيل)ئیشی ئەم نیە مدیریەتی تایبەت هەیە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە ئەو دەیکات،من پێم باشە بڵێین (الاشراف على ايراداتها) یەعنی ئەوانە ئەم ئیشرافی دەکات چونکە لە پێشیش وتومانە لە ماددەی 3 بڵێین ( الاشراف المباشر) یەعنی ئەم ئیشراف دەکات بەسەر شتەکان، وەکو بڵێی کارەکان دەکات، ئەوە تەعەروزێ دروست دەکات(تحصيل) ئیشی ئەم نیە، مدیریەتی ئەمە هەیە لەهەموو قایمقامیەتێکدا هەڵدەستێت بەو ئیشە، کە پەیوەستە بە وەزارەتی داراییەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مەهام و سەلاحیەتی قایمقام، بەتەسەوری من فەقەرە 2 (تنفیذ القرارات) بێت پێش ئەوەی ببێتە (تنفیذ القوانین والانظمة والتعلیمات النافذة) دوای ئەوە فەقەرەی کامل بێت (تنفیذ القرارات التي یتخذها المجلس) بە ئیعتبار کۆمەڵەك قەوانین هەیە، قایمقام ملزەمە جێبەجێی بکات، مادام مەهام و سەلاحیات ئەوە دەبێت بێتە نووسین،دووەم: ئەگەر ئەو فەقەرانەش ئیزافە بکرێت لە سەلاحیات و مەهامی قایمقام حەقە بە پێویستی دەزانم، یەکەم،(الطلب من المحافظ زیادة القوة الامنیة عند الحاجة) دووەم: ( اقتراح فتح الدوائر الرسمیة فی حدود القضاء بموافقة مجلس القظاء ) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکم هەیە، بە نیسبەت قایمقامی مەرکەز، قایمقامیەت مەرکەزی هەیە، ئینتیخاباتی بۆ دەکرێت، خەڵکان و دانیشتوانی هەیە، بەڵام پلەی قایمقامی مەرکەز، قایمقامەکە هەیە، مەرکەزی نیە، مەهامیشی لە دوو، سێ خاڵ کۆکراوەتەوە، یەکەم لابردنی تەجاوزاتە لە ناو شار، دووەم، دابین کردنی گازوائیلە بۆ مولیدات، سێ، پەسەند کردنی ئیستمارەی سەکەنە لە داخلی پارێزگا، ئەو دەرەجەیە لە کوێ جێی دەبێتەوە؟ ناتوانێت ئینتیخابات بکات، لەبەر ئەوەی هیچ کەسی نیە، لە ناو مەرکەز دانیشتوە یان ناشکرێت دوو مەجلس لە ناو مەرکەزێك بێت، پێم خۆش بوو ئەگەر ڕوون کردنەوەیەکمان بدەنێ لەسەر ئەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێزجعفرمصطفى معروف :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی دوو، سێ، چوار چاك کرا، ئەگەر بڕگەیەکیش وەکو ئەوە محافەزە بکرێت باشە، بۆئەوەی چونکە مناقەشەمان زۆر کرد لەو بڕگە ئەمە یەك، دوو، بڕگەی حەوت لەهەموو قەزایەك ئاسایشێك هەیە، راستە ئێستا ئاسایش لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ نیە، بەڵام مەفروزە لەو لیژنە کە هەر پۆلیس ناتوانێت ئەو دەورە ببینێت بەراستی، دەبێت ئاسایشیشی لەگەڵ دابێت، من پێشنیارێکم هەیە بۆ خالێکی تر، قایمقام بۆی هەیە داوای هێز بکات لەسەرووی خۆی لەکاتی پێویستدا، چونکە ئەو عەمەلانە زۆر دووبارە بۆتەوە، زۆر کاتیش ئیستیفادەی لێکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفورطاهر سعيد مەخموری :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت مەهامەكانی قایمقام، من پێشنیاری ئیزافە كردنی خالێك دەكەم، لەبەر ئەوەی كوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە بەراستی، هەرچی گوندو دێهاتی كودرستان هەیە وێران كراوە، بەزۆری گوندەكانیش دەكەونە سنوری وەحدەی ئیداری قەزاكان و ناحیەكان، من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە بنووسرێ یەك لە مەهامەكانی بایەخ دان بە ئاوەدانكردنەوی گوندەكان و پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری بۆیان، لەبەر ئەوەی تەماشادەكەی ئێستا ئەو گوندانەی كە ئاوەدانیش كراینەوە وەكو پێویست خزمەتگوزاریان بۆ نەچووە، ئەوە بكەینە ئەركی قایمقام، كە قایمقام لە داهاتوودا كە ئەو یاسایە دەردەچێت لە زمنی ئیشەكانی خۆی دابنێت، لەكاتی پێشكەش كردنی  موازەنە، لەكاتی پێشكەش كردنی داواكاریەكان، مەسەلەی بایەخ دان بە گوندەكان لە ئەولەویەتی كارەكانی خۆی دابنێتەوە، بۆیە من پێشنیار دەكەم بەو شێوەیە سیاغەكەی بنووسرێت، بایەخدان بە ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان و پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆیان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر كەس كاك كریم بەحری، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحري عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی من لێرەدا، سەبارەت بە بڕگەی یەكەم( اعداد مشروع الموازنة) تەعریفمان كردووە كە محافەزە پێك دێت لە وەحدەی ئیداری قایمقام، قەزا، ناحیە، دێهات، ئەو موازەنەی لەلایەن محافەزەوە عەجەبە میزانیەی قەزاو ناحیەكان ناگرێتەوە، كەئیعداد دەكرێت، نازانم ئیعدادی موازەنەی تایبەت، بۆهەر قەزایەك و هەرناحیەیەك پێموابێت مەسەلەكە دەكات زۆرموازەنە، من پێموایە هەموو موازەنات لە ناو موازەنەی عامەی محافەزە كە جێی دەبێتەوە، ئێرە جێی نیەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان وەلامتان بۆ ئەو ملاحەزاتانەی برادەران، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت حیفاز لەسەر ئەملاكی عامە، یەك لە ئیش و كارەكانی محافەزەیە، چونكە شوعبەیەك هەیە لە محافەزە سەربە وەزارەتی داراییە، كە شوعبەی ئەملاكە ئیشراف دەكاتە سەر ئەموالی عام، بەنیسبەت قەزاش هەمان شوعبە هەیە، بەنیسبەت تەنفیزی قەوانین، بەراستی تەنفیزی قەوانین ئەوە (تحصیل

حاصل)ە بمانەوێت ونەمانەوێت، قايمقامە، مدير ناحيەيە، محافزە، ئەوە پێويست ناكات لەناو قانونەكە زيكر بكرێت، كە دەنگيشمان دا لەسەر دەسەلآتى پارێزگاكان، ئەم نوقتەيە ئەسەلەن بەنەزەرى ئيعتبار وەرنەگيراوە، تەسويت وەكو خۆى كراوە، بەنيسبەت دابەش كردنى دەسەلآتەكان بەنيسبەت محافزو بەنيسبەت قايمقام، رەنگە بەينى خۆيان ئەو تەنسيقە هەبێت، قايمقام ئێستا حالّى حازرى هەستى بە رەفعى تەجاوزات يان بە ئيشراف كردن لەسەر مۆليدات، ئەمە شتێكى تەنسيقيە حالى حازر، بەس لەوانەيە ياسايەكە كە پەسەند كرا، مەوزوعەكە قالبێكى تر وەردەگرێت و ئيختيساسەكان يەك لابكرێتەوە، سەبارەت بە مەوزوعى ئەجهيزەى ئەمنى ئيعتياديە، ئەگەر لە زمنى ماددەكە ئەجهيزەى ئەمنيش داخيل بكەين، بەنيسبەت تەشكيل كردنى مەفارز لەلايەن قايمقامەوە، بە قەناعەتى من شتێكى ئيعتيادى و تەبيعيە، بەنيسبەت موازنە، موازەنە بەتەئكيد بەڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنى قەزا، ڕاوێژ لەگەڵ محافەزەو لەگەڵ ئەنجومەنى محافەزە دەكرێت، پێشتريش ئێمە ئيشارەتمان پێيدا، ووتمان ئەگەر محافز كە موازەنە دادەنێت، پێويستە مەسەلەى قەزاو ناحيەكانيش بەنەزەرى ئيعتبار وەرگرێت، بەتەئكيد ئەوانيش موازەنەى تايبەتيان دەبێت، بەلآم هەموو موازەنەكە هى قەزاو ناحيەكانيش خۆى لە موازەنەى محافەزە دەگرێتەوە، ئەوەى كاك غەفور ئيشارەتى پێيدا، (اهتمام بالقرى) ئێمە لەگەڵ ئەو مەبدەئەينە، بەلآم ئەوە دەكرێت ئێمە لەهەموو ياساكان ئەو مەبدەئە بێنينە خوارەوە، ئێمە مەبادئى عاممان هەيە بۆ ئەم بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردارصباح بوزۆ هەركى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەوەى كە كاك جعفر باسى كرد، زۆر راستە، بەلآم ئێمە مەعالەجەمان كرديە ئەوەى هێزەكانى ئاسايش، لە برِگە چوار(مسؤولية استتباب الأمن والنظام في وحدته الأدارية وله ان يأمر الشرطة بالتحقيق في الجرائم التي تقع داخل القضاء.) ئەوە موعالەجەمان كردووە، بەلآم سياغەكە كاك شێروان نەى خوێندەوە، خالّى دووەم ئەوەى كاك كريم بەحرى باسى كرد لەسەر موازەنە، لەماددەى شەش لە برِگەى پێنج دووەم، دەڵێت(اقرار مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ بموافقة الاغلبية المطلقة على ان تراعى المعايير القانونية والنظامية في توزيع التخصيصات لمركز المحافظة والاقضية والنواحي ورفعها الى وزارة المالية في حكومة الاقليم.)سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

لە جياتى(قوة امن داخلية والاجهزة الامنية) چونكە بڵێ (قوة داخلية) شورتە هەر خۆى (قوة داخلية) لەبەر ئەوە (والاجهزة الامنية) كاك بارزان دەڵێت، فەقەرەى نۆ مافە نەوەكو سەلاحيات، بەس مافە و مومارەسەى دەكات، مافە راستە، فەرموو كاك بارزان بيخوێنەوە.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سەدی دەستووردەڵێت، (دەفەیاساییەكان بۆیان نیە هیچ كارێك یان بڕیارێكی ئیداری بەدووربگرن لە تەعن و ڕەخنە گرتن)، یەعنی مافی هەموو تاكێكە نەك تەنها قایمقام و یەكەی ئیداریەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

چ كۆسپێك نیە لەوەی كە لێرەش بنووسرێت، خراپەی نیە، مافێكە دەتوانی ئەو مافەی خۆی ممارەسە بكات، نوقتەی نیزامی، فەرموو پرسیارەكەت بكە.

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكەم ئەوەیە بەنیسبەت ئەوقەزایانەی كە لەسەر سنوورن، ئایا قایمقام سەلاحیەت ئەوەی هەیە ئیتیفاقاتی مەحەلی لەگەڵ قەزای وڵاتی دراوسێ بكات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە دەستووردا هەیە، هەرچەند عورفیشە لە دەستوور مەسالحی مشتەرەك وپاراستنی بەرژەوەندی هینەكان و تێگەیشتنی قانوون، بەڵێ، هەر قەزایەكی حدودی بۆی هەیە لەگەڵ قەزای ئەوەی تر لەچوار چێوەی بەرژەوەندی وتێگەیشتن، دەسەڵاتی تەنزیمی ئەوە بكات، ماددەكە بەو گۆڕانكاریانەی كە باس كراو ئاماژەی پێ كرد كاك شێروان و كاك سەردارو ئەوەی ئیزافە كرا، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ سوپاس، بەكۆی دەنگ ماددەی 23 قبوڵ كرا، بۆ ماددەی 24 تكایە، فەرموو كاك اخر.

**بەڕێز ئاخرجمال أنور :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

## پێنجەم ـ ئەرك و دەستەڵاتەكانی بەڕێوەبەری ناحیە

**ماددەی بیست و چوارەم:**

بەرێوەبەری ناحیە ئەم ئەرك و دەستەڵاتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەكەم:** ئامادەكردنی پرۆژەی بودجەی خۆجێیەتی ناحیە و بەرزكردنەوەی بۆ ئەنجومەنی یەكەی كارگێڕیی لە ناحیەدا.

**دووەم:** جێبەجێ ئەو بڕیارانەی كە ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە دەریدەكات بەپێی یاسا كارپێكراوەكان.

**سێیەم:** سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆی فەرمانگە فەرمیەکانی ناحیە و فەرمانبەرانی وپشکنینیان بەدەر لە یەکە سەربازییەکان وپاسەوانانی هەرێم( پێشمەرگە) و دادگاکان و زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بەوەزارەتی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەگەڵ ئەو فەرمانگانەی کەتایبەتمەندی فیدرالیان هەیە لە هەرێمدا.

**چوارەم:** بەڕێوەبەری ناحیە بەرپرسە لەدابین کردنی ئاسایش و نیزام لەناو یەکە کارگێڕییەکەی و بۆی هەیە فەرمان بداتە پۆلیس بۆ لێکۆڵینەوەی لەو تاوانانەی کە لە ناحیەکەیدا روودەدەن.

**پێنجەم:** پاراستنی ئاسایش و نیزام و پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیان و گیان و موڵك و ماڵیان.

**شەشەم:** پاراستنی موڵك و ماڵی گشتی و چاککردنەوەیان و کۆکردنەوەی داهاتیان بەپێی یاسا.

**حەوتەم:** بەرێوەبەری ناحیە بۆی هەیە فەرمان بداتە پۆلیس بۆ دامەزراندنی مەفرەزەی پۆلیس بەشێوەیەکی کاتی لە ناحیەدا بۆ پاراستنی ئاسایش لە کاتی پێویستدا.

**هەشتەم:** سەرۆکەکانی فەرمانگەکان لە ناحیەدا، بەرێوەبەری ناحیە ئاگادار دەکەنەوە لەو نامەکارییانەی کە لەگەڵ فەرمانگە فەرمیەکاندا دەیکەن.

**نۆیەم:** بەڕێوەبەری ناحیە بۆی هەیە تانووت لەبڕیاری لادانی بدات لەلای دادگای کارگێڕی تایبەتدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خامساً- مهام وصلاحيات مدير الناحية

المادة الرابعة والعشرون:

يمارس مديرالناحية المهام والصلاحيات الأتية:

اولاً: أعداد مشروع موازنة الناحية ورفعها الى المجلس المحلي في الناحية.

ثانياً: تنفيذ القرارات التي يتخذها المجلس المحلي للناحية وفق القوانين النافذة.

ثالثاً: الأشراف المباشر على الدوائر الرسمية في الناحية وموظفيها وتفتيشها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم (البيشمركة) والجامعات والكليات والمعاهد التابعة لوزارة التعليم العالي والبحث العلمي والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في الاقليم.

رابعاً: مسؤولية استتباب الأمن والنظام في وحدته الأدارية وله ان يأمر الشرطة التحقيق في الجرائم التي تقع في الناحية.

خامساً: الحفاظ على الأمن والنظام وحماية حقوق المواطنين وأرواحهم وممتلكاتهم الخاصة.

**سادساً: الحفاظ على الأملاك والاموال العامة وصيانتها وتحصيل إيراداتها وفقاً للقانون.**

**سابعاً: الامر بتشكيل مفارز من الشرطة بصورة مؤقتة في الناحية للحفاظ على الأمن عند الحاجة.**

**ثامناً: يقوم رؤساء الدوائر في الناحية بأعلام مدير الناحية بمخاطباتهم مع دوائرهم الرسمية.**

**تاسعاً: الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەلاَم چەند ملاحەزەیەكمان هەیە، هەروەكو پێشتر ئیشارەتمان پێیدا، ملاحەزەی یەكەم بەنیسبەت یەكەم لە جیاتی( مجلس الوحده الاداریه) ( المجلس المحلی فی الناحیه) ئەوە هەڵەیەی مەتبەعیە، بەنیسبەت سێ یەم و چوارەم و بەنیسبەت نۆیەم، هەمان ملاحەزاتی پێشترمان هەیە، كە لەسەر دەسەلاَتەكانی مدیر ناحیەو قایمقامیش هەمان بوو.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئەو ماددەیە وەكو ماددەی پێشترە هەمان گۆڕانكاری كە مناقەشەی لەسەر كرا، هەمان گۆڕانكاری لەسەر دەكرێت و پێموایە هیچی لەسەر نیە، خیلافێكی لەسەر هەیە؟ باشە ناوتان دەنوسم، فەرموو كاك ئارام.**

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەم ماددەیەدا هەروەكو ماددەی پێشووش كە ئێمە سەلاحیەتی قایمقاممان دەست نیشان كرد، بەلاَم ئەگەر لەو ماددەیە قسە بكەین، بڕگەی پێنجەم باس لە پاراستنی ئەمن و ئاسایش و موڵك و ماڵی هاووڵاَتیان دەكات، بڕگەی حەوتەم ئیشارەت بەوە دەدات كە مدیر ناحیە بۆی هەیە مەفرەزە تەشكیل بكات، فەرمان بدات بۆ پێك هێنانی مەفرزەی پۆلیس لەكاتی پێویستدا، دوو: بڕگە كە پەیوەندی بەئەمن و ئاسایشی هاووڵاَتیان هەیە، لەماددەی پێشوو برای بەڕێزم كاك احسان ئاماژەی بە خاڵێكی زۆر گرنگ دا كە بەراستی، چ لە قەزا قایمقام، چ لە ناحیەكان مدیر ناحیەكان، پێویستە ئەمە ئیشارەت پێ بدرێت كە یەكێك لە ئەركەكانیان جێبەجێ كردنی ئەو یاسایانەیە كەلەهەرێم دەردەچن، نەك تەنها ئەو بڕیارانەی كە لە ئەنجومەنی خۆجێیەتی ئەو قەزایە یاخود ناحییەیە دەدرێت، بەلاَم ئەوانە لەو قەزارو ناحیانە نوێنەری حكومەتن، واتە پێویستە مولزەم بكرێن كە ئەو یاسایانەی لە هەرێم كاریان پێ دەكرێت، لە پەرلەمان دەردەچن ئەمانەش جێبەجێ بكەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مدیر ناحیە، قایمقام، محافز کە سوێند دەخوات، پێش هەموو شتێك دەڵێت، سوێند دەخوم کە بە جێبەجێ کردنی قانون، لەبەر ئەوە وەکو کاك شێروان ئاماژەی پێکرد، ئەوە دووجارە مولاحەزەی بکەین، ئەوە (تحصیل حاصل)ە قانون جێبەجێ دەکات، بەلاّم لێرە قەراراتی ئەنجومەنی مەحەلی، قەراراتی ئەنجومەنی قەزا، قەراراتی ئەوانە دەبێت بەقانون، بەو قانونەی ئیلزامی بکەی کە جێبەجێی بکات، کاك حەمە رشید، فەرمووو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم لەسەر خاڵەکانی ئەم ماددەیە نیە، بەلاّم قسەیەکی جیام هەیە لێرە، ئیهتیمامی ئەم پرۆژەیە بەتەواوەتی لەسەر پارێزگایە، قایمقامیەتە، ناحیەیە، یەعنی هەموو ئیهتیمامەکەی چڕ بۆتەوە لەسەر ئەم هینە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەگونجێ قەزایەك هەبێت، پێنج ناحیەی هەبێت، بەلاّم ناحیەی وا هەیە، پەنجا تا شەست گوندی هەیە، لەناو ئەو گوندانە گوندی زۆر متەمەیزیش هەیە، لەرووی ئابووریەوە، لەرووی کۆمەلاّیەتیەوە، لەگەڵی رووی تردا، یەك زەرە ئیهتیمام نەدراوە بە گوند لەم پرۆژەدا، من بۆ ئەم مەبەستە پێشنیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بۆ هەر گوندێك لەو گوندانە، بەرپرسێك لە کاتی هەڵبژاردنەکانی پارێزگا، بەرپرسێك دیاری بکرێت، کە گوندەکان خۆیان هەڵی بژێرن، لێرە دەرك بکرێت وەکو قانون، ئەمە لەجیاتی ئەنجومەنی ئەوە، ئەنجومەن پێویست ناکات، بەس ئەگەر ئەوەبوو ئەوا ئیهتیمام زۆر زیاد دەکات، دەبێتە ئەڵقەی وەسڵ لەبەینی دێکەو ناحیەکەش، پێداویستیەکانی پەروەردەو، هەرشتێك بێت تەندروستی و یان ڕێگاو بان، لەو ڕێگەیەوە دەگات و ئیهتیمامێکی چاکیش دەبێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس دەمەوێ بیهێنمەوە بیر لیژنە، لەبەر ئەوەی باسەکە باسی قایمقام و مدیر ناحیەیە، ئێمە لە قانونی عیراقی 23 قانون هەیە، 32 قەرار هەیە، لەو قانون و قەراراتانە کە ئیلغا نەبوونەتەوە ، رەئیسی وەحدەی ئیداری، مدیر ناحیە، قایمقام، سەلاحیەتی قازی جونحیەو عقوبە فەرز دەکات، ئینجا ئەو بابەتانەی کە دەسەلاّت دراوەتە قایمقام و مدیر ناحیە، یەعنی بابەتێکی زەروریە، بۆنموونە، قەدەغە کردنی راو، تەنها رئیسی وەحدەی ئیداری هەقی ئەوەی هەیە فەرزی عقوبە بکات بەپێی قانونی راو، بۆ نموونە قانونی چاندنی برنج، قانونی فریاکەوتنی ناچاری کەلەکاتێك لافاوێك، بومەلەرزەیەك، شتێك بێت،

رەئیسی وەحدەی ئیداری سەلاحیەتی هەموو ئیمکانیەتی ولأت بەکار بهێنێت، ئێمە لە قانونی رێکخستنی دەسەلأتی دادوەری لە ماددەی پێنج، دەڵێت هەر تاوانێك تەنها مەحکەمە سەلاحیەتی هەیە ئەوە هین بکات، بەراستی ئەم مەوزوعە من بۆیە باسی دەکەم، ئەگەر لە ئەحکامی خیتامیش بێت ئەو کۆمەڵە قەوانینە کە دەسەلأتی مدیر ناحیەو قایمقامە قازی جونحە، ئەگەر ئێمە معالەجەیەکی بۆ نەدۆزینەوە بۆشاییەکی قانونی دروست دەکات، یەعنی لە زۆر بوار، بۆ نموونە لەوەڕگای سروشتی مەحکەمە هینی نیە، عقوبە بدات ئەگەر یەکێك مخالەفەی کرد لەو لەوەڕگای سروشتیە، تەنها رەئیسی وەحدەی ئیداریە، یەعنی ئالیەتێك نیە، پێویستە ئەو بۆشاییە یاساییە ئێمە معالەجەی بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم قانونە ئەبێتە قانونێکی ئەساسی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکان و ناحیە و قەزاو پارێزگاکان، جا بۆیە من دەیخەمەوە بیرتان ئەگەر لە خیتام بێت، ئەگەر لە دوای دانیشتن دیراسەیەکی بکرێت، بەراستی ئەو مەوزوعانە معالجە بکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەش لە ماددەی حەوت، دەبێت بنووسرێت(قوە امن داخلی) لەبەرئەوەی لە ناحیە ئەمنیشی لێیە ئاسایششی لێیە، لەبەرئەوە هەندێ پۆلیسی سنووریش و پۆلیسی غاباتیشی لێیە، لەبەرئەوە دەبێت تەئکید بکرێت و بڵێت قوای ئەمنی داخلی دەنا ئەشکالات پەیدا دەبێت لەبەر ئەوە روتبەکەیان فەرقی هەیە، ئەو کاتە ئیشکال نابێت لە بڵێی(قوە امن داخلی) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پۆلیس هەمووی دەگرێتەوە، فەرموو کاك شیروان.

**بەڕێزشێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك ئارام جەنابت جوابت دایەوە، بەنیسبەت دێهاتەکان، حاڵی حازر ئێمە تەنها نیزامی موختاریمان هەیە، ئەوەش بەیاسایەك تەنزیم کراوە، لایەزال پیادە دەکرێت چۆنیەتی دامەزراندنی موختار، جگە لەوەش بەسورەتەکی غەیری رەسمی لە دێهاتەکان ئێستا ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو هەیە، تەنسیق دەکات لەگەڵ موختار بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی، بەڵام ئەنجومەنەکە رەسمی نیە، هەر لەناو دێهاتەکاندا تەشکیل کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە کاك شێروان، کاك شعبانمان لەبیر کرد، فەرموو کاك شعبان.

**بەڕێز شعبان محمد طاهرصادق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسایی، بەنسبەت سەلاحیەت و مەهامی قایمقام و مدیر ناحیە، تەقریبەن وەکو یەکن، یەعنی چ جیاوازی لە نێوانیان نیە، یەعنی وەکو پرسیار بەنیسبەت مدیر ناحیە پێویست نیە سەلاحیاتی قەزائی زیاتر بدرێتێ؟ چونکە ناحیەی مەحکەمە ئێمە نیمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو نوقاتانەی کاک عادل ئیسارەی کرد، بەراستی پێشتر سوڵتەی حاکم جەزا دەدرا بە روئەسای وەحداتی ئیداری و قایمقام و مدیر ناحیەکان، بەشکلەکی عام، لەبەر ئەوەی بوو کە زۆربەی زۆری قەزاو ناحیەکان مەحاکمی تێدا نەبوو، ئەمە یەك، دوو، پاشان قەرارێکی تایبەت دەرچوو پێویستی نەدەکرد، بە جیا جیا سوڵتەی حاکم جەزا بدرێت بە قایمقام و مدیر ناحیەکان، عمومی قایمقامەکان ئەوەی کە مەحاکمی تێدا نەبوو، ئەو دەسەڵاتەیان پێدراوە، ئەو بڕیارەش تاوەکو ئەمڕۆ لەغو نەبووە، سێیەم، ئەمڕۆ زۆربەی زۆری ناحیەکانی ئێمە، قەزاکانی ئێمە مەحاکمی تێدایە، کە مەحاکمی تێدابێت چ پێویست دەکات ئێمە ئەو سوڵتەیە مدیر ناحیە یاخود مدیر ئیدارە بەکاری بهێنێت، محاکم بەکاری دەهێنێت بەشکلەکی تەبیعی و ئیعتیادی، بەقەناعەتی من هیچ تەعاروزەکی تێدانیە، هیچ فەراغەکی تێدانیە، ئەو مەنتیقانەی کە یان ئەو ناحیانەی کە مەحکەمەی تێدانیە، ئیمکانە ئێستاش مدیر ناحیەك بتوانێت یاساکان جێبەجێ بکات، چ بەنیسبەت قانونی حیمایەتی ئینتاجی زراعی، چ بەنیسبەت قانونی صەیدی ئەحیائی مائیە، وەبەدەیان قەوانینی تر، بۆیە بە قەناعەتی من مەوزوعەکە لە جێگای خۆیەتی کە هاتووە، ئەوەی کاک شێردڵیش نازانم ملاحەزەکەی کاک شێردڵ بەراستی زۆر لێی تێنەگەیشتم، ئەگەر ئیعادەی بکاتەوە، بەڵێ، باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاک شێردل باسی کرد، زۆر تەواوە، ئێمە مەعالەجەمان کردووە، بەلاَم نەخوێندراوە لە بڕگەی چواردا هاتووە، کە ئەجهیزەی ئەمنیمان موعالەجە کردووە، دەڵێت (مسؤولية استتباب الأمن والنظام في وحدته الأدارية وله ان يأمر الشرطة) (والاجهزة الامنية) مان ئیزافە کردووە، دوو، ئەوەی کاک شعبان باسی کرد، باسی هەمان سەلاحیەتی نیە لەبەر ئەوەی قایمقام رئیسی وەحدەی ئیداریەکە واتە قەزا، قەزا چەند

ناحیەی هەیە، قایمقام مەسئولی هەر هەموویانە، کەچی مدیر ناحیە تەنها بەرپرسی ئەو وەحدە ئیداریەیە کەلە زمنی ئەو ناحیەی کە هەیەتی، خاڵێکی تر ئێمە ئەو سەلاحیاتانەی حاکم جونح، ئەگەر بە مدیر ناحیە یان قایمقام درابێت، لەهەر قانونێکی تایبەت یان قانونی خاسە ئیلغامان نەکردۆتەوە، ئێمە تەنها لە ماددەیەك دەڵێین(لایعمل بای نص یتعارض واحکام هذا القانون) هیچ قانونێکی ترمان ئیلغا نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێزشێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك شێردڵ دەڵێت، ئەگەر مەسەلەی ئەجهزەی ئەمنی بێت، ئیمکان هەیە لێرە داخلی بکەین، کاك شێردڵ شەرحی بکە زیاتر، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە ناحیە بەڕێوەبەرایەتی شورتە جیاوازە، مدیری شورتەی نەجدە، فەرقی هەیە لەگەڵ مدیری شورتەی مەحەلی، مدیری شورتەی مرور لەگەڵ مدیری شورتەی هەولێر فەرقی هەیە، ئێستا لە ناحیەکانمان هەمووشتێ هەیە، مدیریەتی ئەمنی هەیە ، جاران ئەوە نەبوو، مدیری شورتەی هەیە ، مروری هەیە، دوای ئەو مەفرەزەیە، لە هەندێ شوێن حەرەسی حدودیشی هەیە، لەبەر ئەوە چونکە مەفەرزەیە، مشەکەلە، جۆراو جۆرە، لەبەر ئەوە بڵێ (قوە امن داخلی) یەعنی هێزەکانی ئاسایشی ناوەوە، چونکە ئەگەر بڵێی شورتە روتبەیان زۆر فەرقی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بەتەنیا شورتە بڵێ راستە، بەس ئێمە وتمان( شرطة والاجهزة الامنية).

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کە مەفرەزە دروست دەکەی جۆراو جۆرە، خۆی ئسولیەن وایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو کەس داوای نوقتەی نیزامی دەکەن، کاك عثمان و کاك عادل، انشاءالله هەردووکتان یەك نوقتەی نیزامین،فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی كاك شێردل باسی كرد، قوەی ئەمنی داخلی شتێكی باشە من پشتگیری دەكەم، بەلاّم ناكرێت ئاسایشی تێدا بێت، چونكە ئاسایش هەقە دەربێت لەناو مەسەلەی كاری پۆلیس، بەراستی كێشەی زۆر دروست دەكات لە بەینی ئاسایش و پۆلیس، چونكە تەنها پۆلیس قەوانینەكان جێبەجێ دەكات، ئاسایش عیلاقەی بەو مەسەلەیەوە نەبێت، دوو، برادەرێك باسی لادێی كرد، لێرە هەقە ئێمە لادێیەكان یەك لابكەینەوە، لە بەشێك لە كوردستان لادێیەكان مختاری هەیە، لە بەشێكی ئەنجومەنی هەیە، دیارە ئەنجومەن بەشێوەی هەڵبژاردن دێت، لە موختار بەشێوەی مەركەزی دادەنرێت، دیارە ئەو دوو سیستەمە هەقە یەك بخرێت، ئێمە لێرەدا یەك لای بكەینەوە، بۆئەوەی كە فعلەن لەهەندێك جێگا ئیشكال دروست دەبێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل بزانم نوقتەی نیزامی تۆش وەكو كاك عثمان دەبێت، فەرموو.

**بەڕێزعادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر هی من وەكو ئەو نیە، ئەوەی كاك شێروان و كاك سەردار تەفسیریان كرد وانیە، لە ناحیەیەكا لەبەر ئەوەی مەحكەمەی نیە، سەلاحیەت بەو دراوە، مەحاكم جەرائیمی ئیعتیادی لە ناحیەش جەریمە بكرێت ئەوە دێتەوە مەحكەمە، بەلاّم كۆمەڵێك شت هەیە كە زۆر زەرورو پەلەیە، بۆ نموونە، تۆ قەرارێكی كۆنی مجلس قیادەی سەورە هەڵوەشایەوە، دەڵێت ئەو كەسەی ڕاوی ئاسك بكات، 1000 دینار غەرامە و دوو مانگ سجنە، ئەگەر دووبارەی بكاتەوە، 2000 هەزارو دوومانگ، دەڵێت رەئیسی وەحدەی ئیداری قایمقام یان مدیر ناحیە، قەراراتی باتە، یەعنی تەعنیش قبوڵ ناكات، ئینجا ئەوە یەكێكە لە 23 قانون و 32 قەرار، من مەبەستم ئەوەیە، بۆنموونە قانونی ڕێی، ئاودێری، نوقتە نیزامیەكەم ئەوەیە ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەی لە ناحیە، كاك شێروان تەفسیرەكەی قانونی نیە......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال تۆش نوقتەی نیزامی سێیەمت هەیە بڵێ، بۆئەوەی كۆی كەمەوە ئەو نوقتە نیزامیانە، فەرموو.

**بەڕێزجمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنەی ناوخۆو لیژنەی یاسایی تەقریرەكەمان هاوبەشە، هەق نیە بۆ هەموو جارێك لیژنەی ناوخۆش قسە بكات، لیژنەی یاسایش قسە بكات، چونكە هینەكەمان هاوبەشە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا وانیە، لیژنەی ناوخۆ دووجار مداخەلەی كرد، فعلەن ئیختیساسی لیژنەی ناوخۆیە، لەسەر مەوزوعی شورتە و قوەی ئەمنی داخلی، قسەی كردووەو خۆشی قانونیشە لە جێگای خۆی بووە، لەبەر ئەوە هەقە هەندێك جار تەكمیلەی دەكات، قسەی لیژنەی یاسایی تەكمیلە دەكات، فەرموو كاك شێروان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو سێ نوقتە نیزامیانەی كەبەداخەوە نوقتەی نیزامی نەبوون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەڵەن كاك عادل هەق نیە بڵێت قسەكانی ئێمە وانیە، ئەگەر بۆشمان ڕاست بكاتەوە ئێمە مەمنونی دەبین، بەڵام هەق وایە بەم شێوەیە بێت ئاراستەكە، ئەمە یەك، دوو ماددەی پێنج لە قانونی سوڵتەی قەزائی دەڵێت(تسری ولاية المحاكم على جميع الاشخاص الطبيعية والمعنوية بما فى ذالك الحكومة وتختص بالفصل فى المنازعات و والجرائم كافة) ئەمە قانونی سوڵتەی قەزائیە، ئەمە یەك، هی دوو: لە ئەسڵ دەسەڵاتەكە بۆ مەحاكمە، بۆ ئیدارە نیە، ئەوە فەرمانبەری ئیداری زۆر لەناو ئەو پەرلەمانە هەیە، ئیستیسنائی ئیداری بۆ ئەو شوێنانەی كە مەحاكمی تێدانیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرسەتیش شەرحەكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئیدی قسەكانی كاك شێروان دەكەم، لە ئەسلی سەلاحیاتی مەحاكمە، هی فەرمانبەری ئیداری نیە، ئیستیسنائەن بە رەئیسی وەحدەی ئیداریەوە، ئەگەر بێتو ئەو سەلاحیەتەی پێ بدەین، لازمە لە قەوانینی تایبەت پیێ بدەی، یەعنی بۆ نموونە، قانونی رێی نەسەكی تێدایە، قانونی حیمایەی ئینتاجی زراعی نەصی تێدایە، ئەمە قانونی محافەزاتە، قانونێكی عامە، نابێت لێرە سەلاحیەتێكی متلەق بە روئەسائی وەحدەی ئیداری بدەی، سەلبی مەحاكم بكەی لە سەلاحیاتەكانیان، مەفروزە لەقەوانینی تایبەت ئەو سەلاحیاتانەی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەقەرەی حەوتەم چی لێهات كاك شێروان،؟ بیخوێنەوە كاك عونی فەرموو.

**بەڕێزعونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوزیحەكم هەیە، برادەران ئشارەتیان بەوەدا كە مەفرەزە دائیمەن موشتەرەكە، تەبیعی ئێمە ئەوە دەزانین، بەتایبەتی فەقەرەی پێنجەم لە ماددەی 121 لەدەستووری عیراقی بەوازحی ئیشارەتی بەوە دەدات

(تنظيم قوة داخلى الاقليم كالشرطة والامن وحرس الاقليم) واتە پێی ناوێت ئێمە هەموو جار تەئكيد لەسەر ئەوە فەقەرەیە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حەوتەم بۆ ئەو ملاحەزەی كاك شێردڵ، بۆئەوەی هین نەبێت، وەومکینە ناچار بێت لە شورتەی مرور وەربگرێت، لە ئاسایش وەربگرێت، لە جیاتی شورتە بڵێی (مفارز من قوه الامن الداخلی) ئەوە ئەو گۆڕانکاریەی كە لەدەسەڵاتی قایمقام هاتبوو، لێرەش دەبێت لەگەڵ ئەو ملاحەزەیەی كاك شێردل، كاك عونی ملاحەزەی ئەوە بكە، ئەو ملاحەزەی كاك شێردڵ وەرگیرا، لەگەڵ ئەو ملاحەزاتانەی كە دەسەڵاتی قایمقام چاكمان كرد، هەموو نەقل كراوە بۆ ئیعلام، ماددەكە دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟سوپاس، كێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بەكۆی دەنگ قبول كرا، بۆ ماددەی 25 كاك اخر فەرمووو.

**بەڕێز اخر جمال أنور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم

یەكەم ـ لەنوێ دامەزراندنی یەكە كارگێڕیەكان

ماددەی بیست و پێنجەم:

1- لەنوێ دامەزراندنی قەزا یان ناحیە بەمەرسوومێكی هەرێمی دەبێ و ئەمەش لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگا و ڕەزامەندیی وەزیر و پەسندكردنی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ.

2- هەمواركردنی سنووری قەزا و گۆڕینی ناو و سەنتەرەكەی بەمەرسومێكی هەرێمی دەبێ، كە لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگا و ڕەزامەندیی وەزیر و پەسندكردنی ئەنجومەنی وەزیران بێ.

3- هەمواركردنی ناحیە و گۆڕینی ناو و سەنتەرەكەی بەبەیاننامەیەك دەبێ كە وەزیر لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگا دەری دەكات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**أولاً: إستحداث الوحدات الأدارية**

المادة الخامسة والعشرون :

1- تستحدث القضاء او الناحية بمرسوم اقليمي بناءاً على اقتراح مجلس المحافظة وبموافقة الوزير ومصادقة مجلس الوزراء.

2- تعدل حدود القضاء ويغير إسمها ومركزها بمرسوم إقليمي وبإقتراح من مجلس المحافظة وبموافقة الوزير ومصادقة مجلس الوزراء.

3- تعدل حدود الناحية ويغير اسمها ومركزها ببيان يصدره الوزير بناءً على إقتراح مجلس المحافظة.

**بەڕێزشێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، چونكە بڕگە یەك ئیستیحداسی قەزاو ناحیەی تێدایە، بڕگە دوو تعدیلی حدودی قەزای تێدایە، بڕگە سێ تعدیلی حدودی ناحیەی تێدایە، بەپێی ئەو زەوابتەی كە لە ناویدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مساعەدە بكەن پێش هینەكە، ئەو فەسلەی پێشوو كە بریتی بوو لە ئەنجومەنی محافەزەو ئەنجومەنی قەزاو، ئەنجومەنی ناحیەو، پارێزگارو، قایمقام و مدیر ناحیە، ماددەیەك كاك فرسەت ئیقتراح دەكات، وابزانم لیژنەی یاسایی و كاك خلیل باسی كرد، كە دەبێت پێش ئەوەی ئەو فەسلە تەواو بكەین، موقتەرەحەكەی ئەوماددەیە ئیقرار بكەین، بخرێتە سەرەتای ئەو فەسلەی پێشوو، پیش ئەوەی باسی ئەنجومەن بكەن، ئەویش ئەوەیە لە هەر وەحدەیەكی ئیداری مەجلیسێكی جێبەجێ كردن دروست بێت، یەعنی ( تشكيل وحدة ادارية مجلس تنفيذى، يكون لكل وحدة ادارية مجلس تنفيذى) ئەوەی یەكەم جار وابزانم كاك خلیل بوو، بەلأم كاك فرسەت سیاغەیەكی باشی كردووە، بۆ ئەوەی ئەو باسی تنفیذیە تۆزێ خەلەلی هەیە،دەیخوێنمەوە ئەگەر پێتان باش بێت، پەسەندتان كردو بۆئەوەی لەو فەسلە هێشتا كۆتایمان نەهێناوە بیخەینە سەرەتاكەی، دەڵێت (يكون لكل وحدة ادارية مجلس تنفيذى يرأسه رئيس الوحدة الادارية يكون رؤساء الدوائر المحلية اعضاء فيه ويختص بالامور التالية) یەعنی رەئیسی وەحدەكە ئەگەر محافز بێت، لەگەڵ رئەسای دەوائیری سنوری محافەزەكە، ئەگەر قایمقام بێت لەگەڵ روئەسای سنوری قایمقامیەتەكە، ئەگەر مدیر ناحیەبێت، لەگەڵ روئەسای دەوائری سنوری ناحیەكە، ئەو مەجلسە جێبەجێ كردنە كارەكانی ئەوە دەبێت یەكەم، (وضع مشروع ميزانية للوحدة الادارية ورفعه الى مجلس الوحدة الادارية)، یەعنی ئەمە میزانیەكە زۆر جار باسمان كردووە و خەلەل هەبوو لێرە عیلاجی كردووە، دوو (وضع خطط التنمية الادارية) سێ (تنفيذ القوانين والقرارات) بزانە لێرەدا ئەوەی باسی قانونی كردووە(تنفيذ القوانين والقرارات) هەمووی دەگرێتەوە، جا نەتانوت كوانێ قایمقام وهین و ئەوانە، ئەلێرە ئەو فەسلەش جوابی ئەوە دەداتەوە (تنفيذ القوانين والقرارات والتعليمات الصادرة من السلطات المختصة)چوار (تنسيق المواضيع المشتركة) پێنج (اقتراح مشاريع قرارات مجلس الوحده الادرايه) شەش (دراسه المواضيع المحالة اليه من مجلس الوحدة الادارية او رئيس الوحدة الادارية) ئەوە وەكو هینە وەكو مجلس تنفیذی دەسەلأتەكەی دیارە،

**زەروریشە پێموایە مناقەشەمان کردووە، کاک شێروان ئەگەر رەئیتان بدەن بۆئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو کاک شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لە لیژنەی هاوبەش ئەو موقتەرەحەی برای بەڕێزم کاک فرسەت دیراسەمان کرد، بە شیکلێکی تەفسیل، بەلاّم ئەو سەردەمە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی لیژنەکە لەگەڵ نەبوون، تەنها سێ کەس لەگەڵ بووین، من و کاک عونی و برای بەڕێزم کاک خلیل لەگەڵ دابووین، کە ئەوە بەراستی شتێکی زۆر زۆر بەباشی دەزانین، جگەلەوەش لە قەوانینی زۆر وڵاتان دا هاتووە، بەلاّم تەنها ئەگەر بەنیسبەت دەسەلاّتەکان تەعاروز نەکات، لەگەڵ ئەو دەسەلاّتانەی کە ئیقرارمان کردووە، ئێمە پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەین بەراستی، پێمان باشە وەکو ماددەیەك لە ناو یاساکە بچەسپێت، بۆئەوەی تەنها تاك رەوانە چ محافز، چ قایمقام، چ مدیر ناحیە ئەو ئیشانە بەتەنها نەکات، بەڵکو بەدەستە ئەو ئیشانە بکرێت، بەتەئکید ئێمە حەتمەن پرۆژەکە و قەراراتەکانیش بەشێوەیەکی رێك و پێك بەڕێوەدەچێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تەعاروز ناکات، چونکە ئەوە دەڵێت ئەو مەجلسە رەئیسەکەی رەئیسی وەحدەی ئیداری دەبێت، یەعنی رەئیسەکەی پارێزگار لەپارێزگا دەبێت، رەئیسەکە لە قایمقامیەت قایمقام دەبێت، لە ناحیە مدیر ناحیە دەبێت، یەکەم (وضع مشروع الميزانية السنوية للوحدة الادارية) بزانە چی دەکەی ئەوە رەئیسی تێدایە، کە روئەسای وەحدەی ئیداری بوو، هەروەحدەیەك پێی دەڵێن میزانیەی خۆت بێنە، کە میزانیەکەی خۆی هێنا لەناو محافەزە بێت دەڵێت مدیر عامی ئیدارەو مالیە ئەو میزانیەیەی فروعەکان تەوحید بکەن، میزانیەیێکی موحد هین بکەن، دیراسەتی دەکەن ئیقراری دەکەن، تەقدیمی دەکەن بۆ مەجلیسی محافەزە، یان مەجلیسی قەزا ئەویش رەوانەی دەکاتەوە بۆ هین، کاک زانا قسەی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دروست کردنی هەر مەجلسێکی تر لە سنووری ئەو وەحداتی ئیداریە لە قیمەتی ئەسلی مجلسەکە کەم دەکاتەوە، کە مەجلسی وحدەی ئیداریە، بۆیە بەشێوەی مجلس نەیەت باشە، ئەو نموونەیەی دەوڵەتە عەرەبیەکانیش کە هینایانەوە، زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی لامەرکەزی پیادە ناکەن، یەمەن و میسر و ئەوانە وتیان لەوێ هەیە، ئەو نموونەیە تەتبیق نابێت لێرە، بۆیە من دەڵێم بەشێوەیەکی موقتەزەب وەکو ماددەیەك بەو شێوەیە بێت، (يجتمع رؤساء الوحدات الادارية مع رؤساء الدوائر دوريا للتشاور والتنسيق) ئەو تەفاسیلە ئیشی ئەوەیە بە هیچ شێوەیەك باس نەکرێت، مەجلیسێکی ئیستیشاری**

لەگەڵ رەئیسێکی وەحدەی ئیداری بە ناوی مەجلسیش نەبێت، (یجتمع رؤساء  الوحدات الاداریة مع رؤساء الدوائر دوریا للتشاور والتنسیق) ئەوەندە عامەو کافیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە قسەتان دەدەمێ ئەوەی دەیەوێت قسە بکات، کاک عبدالکریم ابوبکر یەکەم کەس قسە دەکات، فەرموو، کاک طارق ئاخیر کەس فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر هەمەوەند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرەئی من ئەو ماددەیە زیادە، چونکە  ئەگەر بمانەوێت ئەو ئیختیساساتانە محافز، قایمقام یان مدیر ناحیە، بەخۆی دەیکا بەخۆی نایکات، لەگەڵ روئەسای دوائر دەکات هەروەکو روئەسای وەزارەتەکانی تر، چ وەزارەتەکمان مجلس تەنفیزی هەیە، هەتا ئێمە مجلس تەنفیزی بدەینە محافەزەو قەزاو ناحیە، ئێ ئەوانیش هەر عەینەن بودجەی دادەنێن، هەموو تەنفیزی ئەحکامی قەرارات ئەو شتانە دەکەن، بەینەما روئەسای دەوائیری خۆیان کۆدەکەنەوەو عەینن هەمان ئەو ئیشەی دەکەن، ئەمە لەلایەکی مەجلس تەشریعیەك و مەجلیسی تەنفیزیەکی بۆ دادەنێین، وەکو دەوڵەتێکیان دەدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو پێشنیارەی کە تازە خرایە روو، ئێمە لە لیژنەی یاسایش باسمان کرد، پێشنیارێکی یاساییە، سەد لەسەد دەبێت وابێت، بەس من پێشنیار دەکەم لە جیاتی مەجلیس تەنفیزی بۆئەوەی لەگەڵ مەجلیسی محافەزە ناوەکان تێکەڵ نەکرێت، لەهەیئەی تەنفیزی، دەستەی جێبەجێ کردن کە مەجلیسی محافەزە، رەقابەی لەسەر ئەو هەیئە تەنفیزیە هەیە، لەجیاتی وەزعی میزانیە، بکرێتە ئیعدادی میزانیە و تەنها، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە بۆچوونەکە دەکەم، هیوادارم هەمووان بەهەمان چاو سەیری بکەن، ئەمە تەداخلی سوڵتات نیە لەگەڵ مجلس، ئەمە هەموو ئەو دەوائرانە کاری تەنفیزی دەکەن، دەبێت محافەزە ئاگادار بێت، دەبێت محافز ئاگاداربێت، ئەوە جۆرێکە لەوەی کەتۆ کۆیان دەکەیتەوە، هەم بۆ تەنفیز کردن و هەم بۆ ئیستیشارەت، چونکە یەکێك لە ماددەکان یەکێك لە بڕگەکان دەڵێت بۆ تەنمیەی محافەزەکە (اعداد مشاریع

تنموية)كەواتە ئەمە زیاتر بەرەو پێش چوونی ئیشەكانە پێموایە ئەگەر ئێمە بەو چاوە سەیری بكەین، ئەوە دەتوانین دەنگی بۆ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە من بە پێشنیارێكی باشی دەزانم، ئەو سیستەمە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپیش پەیڕەو دەكرێت، ئەمە ئەو هەیئەتەیە كە پێی دەوترێت (لۆكەڵ گاڤەرمێنت) واتە حكومەتی مەحەلی، نموونەیەكیش ئەگەر بێنینەوە، لە پارێزگای هەولێر چەند ساڵێكە ئەم لیژنەیە هەیە و كاردەكات، ڕاستە ئەم لیژنەیە ناوێكی تری لێنراوە، لە پارێزگای هەولێر پێی دەوترێت لیژنەی پاراستنی ژینگەیی، بەڵام لە پارێزگار و سەرجەمی رەئیسی دائیرەكان و لە قایمقام و مدیر ناحیەكانیش بەشداری دەكەن، بۆ ئەوەی كە هەماهەنگی و تەنسیق هەبێت لە بەینیاندا بۆ كاروچالاكیەكانیان، بۆیە من بە شتێكی باشی دەزانم و پشتگیری دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز مەلا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو مەجلسە تابعێكی زیاتر ناتوانێت، پێی بڵێن تابعێكی تەنفیزی بدەینێ،چونكە ئەگەر تابعی تەنفیزیمان بدابایە دەبوایە پێش ئەوەی كە تەوزیعی سەلاحیات بكەین، ئەو مادده موفتەرەحە تەسویتی لەسەر بكرابایە، ئێستا ئێمە هەموو سەلاحیاتمان تەوزیع كردووە بۆ روئەسای دەوائر، ڕاستە روئەسای دەوائر لەوێ هەیە، دوایی دیسان هەتا لێرە ئێمە كە باسی موازەنە دەكەین، دیسان موازەنەكە دەچێتەوە كوێوە، دیسان موازەنەكە دەچێتەوە مەجلس، ئینجا مسادەقەی لەسەر دەكرێت، یەعنی نابێت تابعێكی تەنفیز بێت، موجەرەد ئەو مەجلسە دەتوانێت مەجلسەكی ئیستیشاری بێت، یان تابعێكی تەنسیقی هەبێت، یەعنی تەنسیق لە مابەینی روئەسای دەوائر، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەو باوەڕەدام كەوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكانیش زیاتر لەسەر بنەمای سیاسی دەبن تاوەكو بنەمای ئیداری، بۆیە بەشی زۆری ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە، كەسانی شارەزا نابن،

هەروەك لە قانونی پێشتر كە مەجلسی ليوای عام هەبوو، پێشنياری ئەوە دەكەم كە سەرۆكی دائيرە سەرەكيەكان، ئەندام بن لەو ئەنجومەنانە، بەڵام مافی دەنگ دانيان نەبێت، وەكو راوێژكار، لەگەڵ ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە بەشدار بن، دەتوانن هاوكاريان بكەن، پێشنياری كاری چاكيان بۆ بكەن، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئيدی ئەو پيشنيارە دەكەم، بەڕاستی ئەمەش هەنگاوێكە بۆ ئەوەی كە هەموو تواناكان و دەسەڵاتەكان لە يەكێك كۆنەبێتەوە، بەڵكو بە دەستە لە ناوچەيەكی دياری كراو ئەوانە دەبن بە ئاليەتێكی تەنفيزی ئەو كارانە و ئەو بڕيارانەی كە لە ئەنجومەنی محافەزە يان قايمقاميەت دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

مريم خان فەرموو.

**بەڕێز مريم حسن ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستی من هيچ تەعليق لەسەر ئەوە نەبوو لەسەر ماددەی يەكەم و دووەم و سێيەم، بەس من پرسيارەكم هەبوو، من دەمەوێت بزانم لازمە چەند بێت ئەو نفوسی ناحيە بێت يان قەزا بێت، بۆئەوەی ببێتە ناحيەيەك؟ گەلەك گوند هەنە زۆرن، يەعنی گەلەكن نفوسی ئەوان، بەس هەتا ئێستا ئێمە نازانين چەندە نفوسی ئەوانەی كە لازمە ببێتە ناحيە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك طارق ئاخير كەس ، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەربارەی ئەنجومەن قسەمان كرد، نابێت لەدەرەوەی ئەنجومەن ببێتە ئەندام، ئايا چۆن قبوڵ بكرێت ئەنجومەنێك بيهێنن كۆی بكەينەوە، ئێستا محافزەكان، قايمقامەكان، مدير ناحيەكان كۆبوونەوەی ئاسايی دەكەن، تحسيڵ حاسڵە ئەو ئيشە هەيە لە واقع وپێشتريش هەبووە، ئێمە داوای لامەركەزی بكەين، ئەو ئەنجومەنە بەرەئی من زيادەيە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر ئەوەندە تەعلیقەم هەیە، منیش لەگەڵ کاك طارقم ئەو ئەنجومەنە ئێستا هەیە جێبەجێش دەکات، بەلأم ئەگەر ئێمە لە قالبێکی قانونی دابنێین وابزانم ئێمە سەرکەوتوانە ئیشێك ئەنجام دەدەین بەراستی، بۆ هەر بەو فەراغە بمێنێتەوە، محافز یان قایمقام یان مدیر ناحیە، بە میزاجی ئەنجومەنەکەی بانگ بکات یان بانگ نەکات، بەڵکو لەناو قانونەکە ئێمە دەبێت ئەو ماددەیە بچەسپێنین، نەوەکو ئاوا بەفەراغی بەجێی بهێڵین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لەڕاستیدا وەکو کاك طارق ئاماژەی پێی کرد، عەمەلیەن ئەوە هەیە، ناوی لیژنەیە، محافز، قایمقام کۆبونەوە دەکات، وەکو کۆبونەوەی ئاسایی دەوائیرو هین و ئەوانە، بەلأم دەوائر وەکو هین کران دەبێت ئیلتیزام بکرێت، بە نەسەکی قانونی ئیلزام بکرێت باشترە، دەسەلأتەکانیش دیاری بکرێت، ئەو ملاحەزاتانەی کاك کریم من پێم باشە کاك فرسەتیش پێی باشە، تەعدیلی کردووە، مجلسەکە ببێتە هەیئە، (وضع مشروع میزانیة اعدادمشروع ) ئەو مجلسە بەتەنیا نابێت، اعداد پێویستی بە خەڵکی ترە،چونکە (اعداد وضع)( اعداد مشروع میزانیە) لەبەر ئەوەی چەند ئەندامێکیش قسەیان کرد، موافق نەبوون، بەلأم پرۆژەکە لەلایەن کاك فرسەت و پشتگیری هەردوو لیژنەکە هاتووە، بەو دوو تەعدیلەوە یەکەم جار ئەو ماددەیە  دەخەمە دەنگەوە، ئەگەر ئیقرارتان کرد دەچێتە سەرەتای فەسلی پێشوو کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، سێ کەسن، بەزۆرینە قبوڵ کرا، ئینجا دێینە سەرفەسلی چوارەم دەبێتە ماددەی 26 خوێندرایەوە کوردیەکە و عەرەبیەکە، پشتگیری لێدەکەین کاك شێروان، ئەوە تەبعەن ماددەیەکی زۆر رۆتینیە دەستوریشە تەبیعی هاتووە، ئەگەر کەس قسەتان نیە دەیخەمە دەنگەوە، بەلأم دیارە قسەتان هەیە، باشە ناوتان دەنوسم، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەك و دووی ماددەکە نوێکردنەوە دامەزراندن یان هەموارکردن و گۆڕینی ناوی قەزاو ناحیەکان، بە مەرسومی هەرێم دەبێت، لە سەر پێشنیاری ئەنجومەنی پارێزگاو بە موافەقەتی وەزیری ناوخۆ، من نازانم ئەگەر ئەنجومەن پێشنیار بکات، وەزیر ئەو مافەی هەیە رەفزی پێشنیاری ئەنجومەن بکات؟ لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە موافەقەتی پەسەند کردنی وەزیری ناوخۆی تێدا نەبێت، ئەکرێت بکرێت بڵێین لەڕێگەی وەزیری ناوخۆ، بێنێتە ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆکایەتی ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە پێچەوانەو ناکۆکە لەگەڵ ماددەی شەش بڕگە 13، ئێمە دەستمان بۆ هەڵبڕیوەو دەنگمان بۆ داوە، لەویٚ بە مسادەقەی ئەنجومەنە لێرە ئیقتراحی ئەنجومەنە، لەویٚ بە ئیقتیراحی محافز و سولسەی ئەندامانی ئەنجومەنە، لێرە بە ئیقتیراحی ئەنجومەنە، ئەوە ناکۆکی دروست دەکات، بۆیە ئێمە دەبێت وەکو یەکی لێبکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم من چ خیلافەك نابینم، 13 دەڵێت (المصادقة بالأغلبية المطلقة على اقتراح) اقتراح یان سلسی ئەعزای مەجلسە، یان قایمقامە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دەڵێت( بناء على اقتراح مجلس) لەویٚ دەڵێت(مصادقة المجلس بناء على اقتراح المحافظ او ثلثی اعضاء المجلس) مەرسوم جمهوری راست، دەبێت مەرسومی اقلیمی پیٚ دەربچێت، مرسوم اقلیمی، بەڵام(بعد مصادقه المجلس) مەرسوم ئیقلیمی دەربچێت(بعد مصادقه المجلس) نەوەك (بناء على اقتراح المجلس) دوایی ناکۆکە لەگەڵ ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موساعەدە بکەن توخوا، عەرەبیەکە وابزانم زۆر وازحە، لە فەقەرە 13 چ دەڵێت (المصادقة بالأغلبية المطلقة على اقتراح إجراء التغييرات) ئەوە یەك مساعەدە بکە با تەواوی بکەم، لە فەقەرە 13 لە ماددەکەی پێشووە مەجلسی محافەزە مسادەقە دەکات لەسەر ئیقتراحێك، ئیقتیراحەکەی قبول کرد، ئەو ئیقتیراحەی کە قبول کرد، ئیقتیراح دەکاتەوە بۆ مەجلسی وزەرا لە ڕێگای وەزیری ناوخۆوە، کە موافەقە بکرێت، هەردووکیان هەر ئیقتراحە تەواوە، خاتوو چرۆ فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە، ئەگەر هاتو مەسەلەن دێیەك کرا بە ناحیە، مەسەلەن لێرە ئێستا خاڵی یەکەم و دووەم بە مەرسومی ئیقلیمیە، خاڵی سێیەم بە موافەقەتی وەزیرە، ئەگەر هاتو دێیەك کرا بە ناحیە، بەس پرسیارم ئەوەیە، چۆن دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەورەی پەرلەمانی پێشی ئێمە، بڕیای دابوو چوار مەنتیقە یان چوار قەزا ئیستیحداس بکەن بە محافەزە، ئەویش هەڵەبجە بێت، ئاکرێ بێت، گەرمیان بێت، سۆران بێت، لێرە دەڵێت (استحداث قضأء او ناحية بمرسوم، القضأء والناحية) لەبەر ئەوە بۆ نابێتە محافەزە؟(المحافظة او الناحية او القضأء) یەعنی سەلاحیەتی هەرێم نیە قەزا و ناحیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەم یاسایە زۆر تەئکید لەسەرسیستەمی لامەرکەزی دەکەینەوە، دەمانەوێت بەئاراستەی لامەرکەزیبوون بڕوات، لێرە قسە لەسەر هەمووارکردنی سنووری قەزاو گۆڕینی ناوی سەنتەری قەزا، ئەنجومەنی قەزا لێرە فەرامۆش کراوە، قسەلەسەر ئەوە نیە کە ئایا پرس و رایەکیان هەبێت، ئەگەر رایەکیان هەبێت، رەئیەکەی ئەوان نەبوو، رەنگە رەئیەکی تریان هەبێت، یان تێگەیشتنێکی تریان هەبێت، بەیەکەوە نوێنەری قەزاکان، مەفروزە لێرە رەئی ئەنجومەنی قەزا قسەی لەسەر بکرێت، ئەمە یەك، دووەم، باسی ئەوە کراوە ئەنجومەنی پارێزگا بەرەزامەندی وەزیر، ئەگەر وەزیر رازی نەبوو، ئایا ئیرادەی ئەنجومەنی قەزا یان ئەنجومەنی پارێزگا لەوێ چی لێدێت ئەگەر وەزیر رازی نەبوو، چونکە لێرە بەرەزامەندی وەزیرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی یەکەم، بەراستی رێگایەکی زۆردوورو درێژیان داناوە بۆ بوون بە ناحیە، یاخود بوون بە قەزا، من پێشنیار دەکەم کە رێگایەکە نەختێك کورت بکرێتەوە ئەمە یەك، دوو: مەسەلەی بوون بە ناحیە یاخود بوون بە قەزا، لەکاتی باس کردنی گوندەکان باسی 100 -150 یاخود زیاتر ناوبرا بۆ ئەوەی ناو بنرێت بە گوند، بۆچی لێرە هیچ پێوەرێك دانەنراوە؟ لەوانەیە لە تەفاسیل یاسایەکە شتێك هاتبێت، بەڵام من لەبەر ئەوە بەهۆی ئەوەی کە زۆرێك لە گوندەکان بەڕاستی غەدرێکی زۆریان لێکراوە، کە بۆ ئەوەی نەبن بە ناحیە، هەتا لەکاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکان هەندێك گوند غەدریان لێکرا نەیانتوانی شارەوانیان هەبێت،لەبەر ئەوەی هیچ پێوەرێك نەبوو، لەو کاتە من پێموایە پێوەرێك دابنرێت،

بۆ بوون بە ناحیە یان بوون بەقەزا، خاڵێکی تریش ئەوەیە ئێمە لەسەرجەم یاسایەکان لەدەستوورا باسی کراوە، کە ئەگەر ناوچەیەك شوێنێك زۆرینەی نەتەوەیەکی لێبێت باسی خسوسیەت کرابێت، هەروەها لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش باسی ئەم کۆتاو ئەم خسوسیەتە کراوە، ئایا لەم یاسایەدا شوێنێك نیە بۆئەوەی باسی ئەمەش بکرێت، جێگای ببێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحسی ئیستیحداسی قەزاو ناحیە هاتۆتە کردن، ناوی پرۆژەی بەخۆی قانونی محافەزات، رەئیامن زەروریە بڕگەك هەبوایە، کا چۆن محافەزەی ئیستیحداس کرن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هۆیە پێویستیەکانی ئەم قانونە، دەڵێت لە پێناوی بەدیهێنانی پرنسیپی ناسەنتەری لە دابەش کردنی دەسەڵاتەکان هتد، دواتر دەڵێت پاراستنی ماف و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا، ئەمە مەبەستی سەرەکی ئەم یاساییە، یەکێکە لە مەبەستە سەرەکیەکانی ئەوەی کە ئێمە ئەم یاسایەی بۆ دەردەکەین، بەراستی من لەم ماددەیە، دەبینم قەزاو ناحیە دادەمەزرێت و ناوەکەی دەگۆڕێت، سنوورەکەی دەگۆڕێت، بەبێ ئەوەی کەس پرس بە دانیشتوانەی بکات یان بە ئەنجومەنەکەی بکات، یەعنی ئیرادەی ئەنجومەنەکەی لێرە وون بووە، بۆیە بە بۆچوونی من پێویستە لە پێش هەموو کەسێك، ئەنجومەنی ناحیەو قەزاکە، خۆیان ڕەزامەندیان هەبێت، پێشنیاری ئەوان بێت ئەم گۆڕانکاریانە بکرێت، نەوەکو لەلایەکی ترەوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەم دەربارەی پێوەر بوو بۆ دروست کردنی قەزاو ناحیەکان، هەروەکو چرۆ خان کردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان و کاك سەردار وەڵامیان، تکایە فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە دەوری ئەنجومەن، بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیرا نەوەك پەراوێز كراوە بەڕاستی، چونكە ئەگەر موقتەرەح لە ئەنجومەنەوە نەیەت، ئەسلەن ئەوانی تر ناتوانن راستەوخۆ ئەو تەعدیلاتە بكەن، چ بەنیسبەت ئیستیحداس چ نەبەنیسبەت تەعدیل، بەنیسبەت ئیستیحداسی محافەزە بە قەناعەتی ئێمە دەبێت یاسا بێت، وە یاسایەكەش لەو پەرلەمانە دەربچێت، نەوەك بەو ئالیەتەی كە بە نیسبەت قەزاو ناحیەكان دانراوە، سەبارەت بە دروست كردنی محافەزە، ئەوانی تر لە جواب دانەوەی پێشوومان هەمووی ئیشارەتمان پێیدا، نازانم ئەگەر كاك سەردار هیچ ملاحەزەی تری هەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بۆ ئیقتراحی تەعدیل، (الاداری على الاقضية والنواحی) ئەگەر ئیجازەم بدەی حەز دەكەم بەكورتی شەرحی بكەم، ئەوە پرسیارەكەی كاك كریم بوو، سەرەتا پێشنیارەكە لە لایەن پارێزگار دەبێت یان سولسی ئەعزا، پاش ئەوەی مسادەقە بە ئەنجومەن دەكات (اغلبية مطلقة)، بەلأم مسادەقە چی لێدێت، لێرە تەقید كراوە ، بە ماددەی 25، ماددەی 25 پاش ئەوەی كە ئەنجومەن مسادەقەی كرد، وەزیر موافەقەی لەسەر دەكات، جارێكی تر ئەنجومەنی وەزیران مسادەقە دەكرێت، ئەوكاتە ئیعتبار دەكرێت كە گۆڕانكاری كراوە، وە مەرسومی ئیقلیمی پێ دەردەچێت، ئەوە تەناقوزی تێدانیە، لەبەر ئەوەی ماددەی 25، ماددەی 6 بڕگەی 13 ی تەقید كردووە، ئالیەتەكە وەكو كاك رۆمیۆ باسی كرد لەوانەیە دوورو درێژ بێت، بەلأم تەناقوزی تێدا نیە، ئەوەی چرۆ خان باسی كرد، گوند بكرێتە ناحیە، دەڵێت (تستحدث قضاء والناحية) باسی نەكردووە ئەگەر گوند بێت یان گوند نەبێت ئیدی ئیستیحداسە، بە شێوەیەكی گشتی، ئیستیحداسی محافەزە چۆن دەكرێت، ئەوە بە یاسایە قانون دەبێت بۆی دەربچێت، هەر جەنابیشت باسی كرد وەختی خۆی وابزانم بۆ ئاكرێ بۆ مەنتیقەی گەرمیان و هەڵەبجە بووە، بە قانون كراوەتە محافەزە، هەڵوەشاندنەوەشی دیسان دەبێت هەر بە قانون بێت، برادەران باسی ئەوەیان كرد، رەئی مەجلسی قەزا وەرنەگیراوە لە گۆڕانكاری قەزا، بەهەمان شێوە چۆن لە محافەزە، ئیستیحداسی محافەزە هەڵوەشاندنەوەی بە قانون دەبێت، وەرگرتنی رەئی مەجلس نەبێت نابێت، یەعنی هەیئە تێكی بالأتر، مجلسی قەزاو مەجلسی ناحیەش بەهەمان شێوە، مەجلس دەكرێت بەو ئالیەتە لە ماددەی 25 شەرحی بۆ كراوە، پرسیاری ئەوە كرا كەمە نەتەوەكان و یاخود تایفەكان، ئەو یاسایە باسی ئەوە ناكات، نەتەوەكانی تر ببوورە یاخود ئاینەكان ، لێرە باسی جێگا ناكرێت، لێرە تەنها باسی دەسەلأتەكانی ئەنجومەنەكان دەكرێت، لەگەڵ سەرۆكەكانی یەكەی ئیداریەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەس جوابی شیرین خانیان نەدایەوە، شیرین خان، بەڵام جوابەكەت دراوەتەوە، لە فەقەرەی یەكەم (تستحدث القضاء او الناحیة) كە ناحیەت بوو، یەعنی گوندەكە بوەتە ناحیە، كاك سعدالدین شتێكی تازەت هەیە، چونكە ناوت نووسرابوو هەقم پێت نەدا، ببوورە، ئەگەر قسەی ترت هەیە فەرموو، بەس كاك سعدالدین چونكە ناوی نوسرابوو چاوم لێی نەبوو، فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە باس لەوە دەكات، دەڵێت ( بموافقه الوزیر) باسی مسادەقەی مەجلس وزەرا دەكات، باسی موافەقەی وەزیر دەكات، ئەگەر عەینەن ئەو موافەقەی وەزیر بكرێتە ئیقتیراح شتێكی خراپ نیە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ حەلی ئەو فەقەرەیەی كە دوو، سێ برادەر ئاماژەیان پێی كرد، ئەگەر وەزیر رەفزی كرد چ بێت، لەگەڵ كاك فرسەتیش باسم كرد كاك د.كمال و لیژنەی یاسایش، ئەگەر وای لێبكرێت(فی حالة رفض الوزیر یكون القرار لمجلس الوزرأء ) یەعنی دەبێت موفتەرەحەكە بەرز بكاتەوە لەهەموو حالەتدا، ئەگەر موافەقەتی كرد، رەئی خۆی دەربڕی موافقم، ئەگەر رەفزی كرد، قەرارەكە بۆ مەجلس وزەرا دەمێنێت لەبەر رۆشنایی ئەو، كاك د. دلێر نوقتەی نیزامی هەیە، دایمەن نوقتەی نیزامیەكانی ئەو مەزبوتن، بابزانین فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پرسیارەكەی من لەسەر ئەوە بوو، لە كاتێكدا قەزایەك یان ناحیەیەك دروست دەكرێت، پێك دەهێنرێت سەر لەنوێ، یان لادەبردرێت و نامێنێت، یان ناوەكەی دەگۆڕێت، رەئی ئەنجومەنی ناحیەكە یان رەئی ئەنجومەنی قەزاكە وەرناگیرێت، رەئی ئەنجومەنی پارێزگایە بڕیار دەدات، نەك ئەوە، پرسیارەكەی من ئەوەبوو نەوەك ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئەوە تەحسیل حاسلە، خۆلە خۆیانەوە رەئیان نابێت، مەسەلەن ئەوە تەحسیل حاسلە، قەزایەكە داوای كردووە پێشتر لە گوندەكە داوادەكەن ببێتە ناحیە مەراحلی بڕیوە، كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر گوندێك بیەوێت ببێت بە ناحیە، یان ناحیەك بیەوێت ببێت بە قەزا، هەزار و پێنج سەد واستەی دەكات، هەزار داواكاری بەرز دەكاتەوە، خۆی لە خۆیدا هیچ پێویست ناكات ئەوە بنووسرێتەوە، ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، ئەگەر خەڵكی شوێنەكە داوا نەكات، چۆن دەبێتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان نوقتەی نیزامی هەیە، ئەمڕۆ نوقتەی نیزامی هیچ یەکێکیان تا ئێستاکە نوقتەی نیزامی نەبووە، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرساری من وابزانم تێنەگەیشتن لیژنەی یاسایی، ئەو ناوی محافەزە قانونی محافەزەیە، قانون محافەزات هاتووە، چۆن نابێت جێگای محافەزە لێرە بێت، هەندی قەزا ئێمە هەمانە یەعنی بێت ببێت رۆژەکی ببێتە محافەزە، من حەز دەکەم بۆ ئێمە کەمێك روون تر بکەن، ئێمە دوو قانونمان هەیە، قانونی ئەنجومەنی محافەزات و قانونی ئینتیخاباتی محافەزات، وە قانونی محافەزات، دەبێت جێگای محافەزە لە و قانونە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل قسەی نەکردووە ئەمڕۆ و زۆریش داوای قسەی دەکات، فەرموو کاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بە بۆچوونی من هەر ئیشکالەکە مایە ئەوەی کاك کەریم وتی، چونکە لێرە لە بڕگەی 13 لەو ماددەیە صەلاحیاتی موحافزە باسی صەلاحیاتی ئەنجومەنی موحافەزەی کرد، دەڵێ: موصادەقە، لەوێش ئەڵێ موصادەقە، موصادەقەی مەجلیسی وزرا ئەخیری، باشە چۆن دوو موصادەقە بوو، یەك مەوزوع بوو، ئیشکالەکە بە نیسبەت ؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردووکی موصادەقەیە لەسەر ئیقتیراح، جەنابت قانونی، موصادەقە لەسەر ئیقتیراح، ئێمە ئیقتیراحێك دەکەین و موصادەقەی لەسەر دەکەین و قەراریش دەدەین، دەبێ موصادەقەی ریئاسەتی ئیقلیمی لەسەر بێ، هەر کەسێك لە دەسەلاتی خۆیەوە، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە و بە پێی قانون، مەعنای وا نیە پێشتر موصادەقەی لەسەر ناکرێ، پێم وایە شەرح کرایە، زۆریش قسەی لەسەر کرا، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئەگەر هات و تۆ ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو بڕیاری دا حدودێك بگۆڕێ، یان ئیستیحداسی ناحیەك بکات، یاخود قەزایەك بکات، ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوە لە لایەن خەڵکەوە، ئەکرێت وەزیر موافەقەتی لەسەر نەکات، یاخود ئەنجومەنی وەزیران؟ ئەوە پرسیارەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەکرێت، زروفی مەسەلەن یەکەم، لە لایەن میزانیەوە فەرق دەکات، لە لایەن مەشاریعەوە فەرق دەکات، لە لایەن ژمارەی ئەندامانی میلاکی ئەو هینە فەرق دەکات، ئینجا ئیحتیمالیشی هەیە لەو رۆژانەدا، ئەو قەزایەی کە تۆ دەتەوێت بیگۆڕی لەسەر سنووری 140 بێت حیساباتی هەیە، بۆیە ئەنجومەنی پارێزگا رەنگە ئینتیباه نەکات، بۆیە کە دەگاتە لای وەزیر و مەجلیس وزرا مومکینە ئەو مولاحەزاتانە هەمووی یەکلابێتەوە، میزانیەی بۆ تەرتیب کراوە، موراعاتی میلاك کراوە، موراعاتی جانیبی سیاسی کراوە، بۆیە قەرارەکە نیهائی لەوێ مەجلیس وزرا دەیدات، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئێستاش پێم وایە ئەو ماددەیە ئەگەر وا بڕوات، ماددەکە بە سەقەتی دەڕوات، بەلام لەگەڵ ئەوەش، ئەگەر هەر سوورن لەسەر ئەوەی بەو شێوەیە بێت، لە ماددەی پێشوو باس لە دەمج و ئیلغا کراوە، لێرە باس نەکرایە بەس ئیستیحداس و تەعدیل باسی لێ کرایە، دەمج و ئیلغا باسی لێ نەکراوە، بەم جۆرە باسی لێ نەکرایە، بۆیە ئەوە نوقصانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەریم خۆت لە صیاغە بەشداریت کردووە، الفصل الرابع، عینوانەکەی چیە؟ استحداث الوحدات الادارية، فەقەت باسی ئیستیحداس دەکات، باسی دمج نیە، باسی ئیلغا نیە، لەوەی کە باسی صەلاحیاتی کردووە لەوێ باسی کردووە، لێرە فەصڵەکە ناوی وایە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وانیە ئەو رەئیەی کە کاك کەریم باسی کرد تەناقوز بێت لەویەدا، تەناقوزی تێدا نیە ئەو دوو ماددەیە، ماددەی شەش کە باس لە صەلاحیاتی مەجلیس دەکات، ئەو موصادەقەیە کە مەجلیسی موحافەزە ئەیکات، موصادەقەی ئەو موقتەرەحە ئەکات کە موحافز تەقدیمی دەکات یان سولسی ئەعزای مەجلیس تەقدیمی دەکات، بۆ ئیستیحداس یاخود بۆ دمج، زۆر ڕاستە لە فەصڵی چوارەم، لە ماددەی 25دا ئەو موقتەرەحەی کە موصادەقەی کراوە لە مەجلیسی موحافەزە، ئەو موقتەرەحەیە ئەنێرێت بۆ وەزارەت، بۆ رێگای مەجلیسی وزرا، بۆ ئەوەی ئیقتیراح بکەن دەمجێك یان ئیستیحداسێك هەبێ، من پێم وا نیە تەناقوزێك لەو ماددەیە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان بەس ئەگەر فەقەرەی یەکەم، مەسەلەی موافەقەی وەزیر، ئەو صیغەی هین بکەن، ئەگەر موافەقەتی نەکرد قەراری نیهائی لە لایەن مەجلیس وزراوە بێت، ئەو ماددەیە ماددەی 26 پێشتر 25بوو،

بوو به 26، بەو گۆڕانکاریەی کە لە فەقەرەی یەکەوە باسمان کرد، هی کێ بوو ئەو هینە؟ ئەوەی کە وتتان ئەگەر وەزیر موافەقەی نەکرد؟ کاك جوتیار بوو، ئەگەر وەزیر موافەقەتی نەکرد قەراری نیهائی لە مەجلیس وزرا دەدرێت، یەعنی رەفزی وەزیر بات نیە، ئەوە باشە، ئەو فەقەرەیە مولاحەزەیەکی باش بوو، ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکارییەوە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی دەستی بڵند بکات؟ فەرموو، کێ لەگەڵدا نیە؟ کاك کریم و سارا خان، سارا خان لەبەرئەوەی داوای قسەی کردو منیش دەنگم نەدایە، باشە بە زۆرینە قبوڵ کرا، ماددەی 26 بوو بوە 27 کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم - دارایی پارێزگا

ماددەی بیست و حەوتەم:

داهاتی دارایی پارێزگا لەمانەی خوارەوە پێکدێ:

یەکەم: ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێم بۆ پارێزگای تەرخان دەکات لەناو بودجەی گشتی هەرێمدا.

دووەم: ئەو داهاتانەی کە پارێزگا دێتە دەستی لە ئەنجامی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکات.

سێیەم: ئەو پیتاك و بەخششەی کە بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دێتە دەستی.

چوارەم: ئەو داهاتانەی کە لە فرۆشتن و بەکرێدانی ماڵی گواستراوە و نەگواستراوە بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مال و موڵکی دەوڵەت و یاسا کارپێکراوەکانی دیکە دێتە دەستی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً- مالية المحافظة

المادة السابعة و العشرون:

تتكون الموارد المالية للمحافظة مما يأتي:-

أولاً: ما تخصصه حكومة الاقليم للمحافظة ضمن الميزانية العامة للأقليم.

ثانياً: الايرادات المتحصلة للمحافظة من جراء الخدمات التي تقدمها واشعار وزارة المالية بالايرادات المتحققة.

ثالثاً: التبرعات والهبات التي تحصل عليها بموافقة مجلس الوزراء.

رابعاً: الايرادات المتحصلة من بدلات بيع وايجار اموال الدولة المنقولة وفقا لقانون بيع وايجار اموال الدولة والقوانين الاخرى النافذة في الاقليم.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، هیچ مولاحەزەكمان نیە، بەڵام یەك شت هەیە دەمانەوێ روونی بكەینەوە، ئەویش بە نیسبەت ئەوەیە: تەخصیصاتی تەنمیەی ئەقالیم، داخیلمان نەكردیە، چونكە دوای ئەوەی كە چەندین كۆبوونەوەمان ئەنجامدا لەگەڵ لێژنەی قانونی ئەنجومەنی وەزیران و لە كۆبوونەوەكانی هاوبەش نێوان سەرۆكایەتی پەرلەمان و حكومەتیش، كە ئیستیقراری لەسەر ئەوە كرد كە تەنمیەی ئەقالیم شتێكی وەقتیە، هەتا ئێستا یان جارێك یان دوو جار كراوە، بۆیە ئەوە واریداتەك و تەخصیصاتەكی سابیتی نیە، بۆیە ئێمە داخیلمان نەكردیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت میزانیەی پەرەپێدانی پارێزگاكان، مادام جارێك هاتووە بۆ چی باسی نەكەین لێرە؟ ئەوە لە مافی خۆمان خۆش دەبین، بە رەئی من باس بكرێ، ئەگەر هات ئەوە مەزمونە و ئەگەر نەهات داوای بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

میزانیە گرنگترین شتە بۆ جێبەجێ كردنی ئەم قانونە، بۆیە من بڕگەیەك پێشنیار دەكەم ئەگەر بكرێ زیاد بكرێ لێرە، راستە ئەوە لە سەرەتای ماددەكە باسی مەوارد دەكات، بەس پێم باشە وەكو فەقەرەیەك ئەوە زیاد بكرێ، لەبەر ئەوەی لێرەوە ئێمە وەزارەتی دارایی ئیلزام بكەین كە بەشێكی تایبەت هەبێ بۆ تەرخان كردنی میزانیەی پارێزگاكان، پێشنیارەكەی من وایە، تدرج موازنة كل محافظة في قسم خاص بالموازنة العامة للاقليم، ئەوە بڕگەیەكە، و تعتبر جزءآ منها و يسري عليها ما يسري على الموازنة العامة من احكام، و تودع فائض الميزانية للمحافظة باسمها، ئەوە زۆر موهیمە كە ساڵانە لێی ئەمێنێتەوە بەناوی خۆی ئیداع بكرێ نەك بچێتەوە خەزینە عامە و ئیرادات عامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە هیچ قانونێكدا نیە و لە عیراقیشدا وانیە، میزانیە بمینێتەوە و بگەڕێتەوە هین، ئەوە نابێت، ئەوە تر هینە، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پرسـیارم ئەوەیـە کـە ئەوەنـدەی ئێمـە لـە پەرلـەمان بـووین ئـەو چـوار ساڵە، کـە بودجـە هـاتووە بەبـەردەوامی میزانیـەی پەرەپێـدانی موحافـەزات هـەبووە، بۆیـە مـەوزوعێکی موهیمـە کـە بەڕاسـتی صیغەیەکی قانونی وەربگرێ، ئەگەر ئـەوە شتێکە کە لـە حکومـەتی فیـدراڵ دەبـێ بدرێتـە موحافـەزات و ساڵانەش دەدرێت و نیزامەکەش وایـە، بـا ئێمـەش جێگیری بکەین، بـۆ خۆمـانی لـێ نـەبان بکـەین و بـە پارەیەکی کەمیش نیـە، بەشێکی زۆری ئاوەدانیـەکانین بەڕاسـتی ئەوەنـدەی ئێمـە بەدواداچوونمان کردیـە، بەشێکی زۆری ئاوەدانی شارەکانی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاوەدانکارییەی کە موحافەزە کردوویەتی، ئەوە یەکـەم، دووەمـیش: ئەوەنـدەی ئێمـە دیقـەتمان دا لـە نـاو موناقەشـەی بودجـە، بابێکمـان نـەدیتوە لـەناو بودجەی حکومەتی کوردستان داندرابێ بۆ موحافەزات، من نازانم ئەوەی فەقەرەی یەکەم، ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێم لـەناو پارێزگاکـان تـەرخانی دەکات لـە بودجـەی گشتی، ئـەوە پرسـیارە تـەعلیق نیـە، لـە لێژنەی یاسایی دەپرسم، من هیچ بابێکم نەدیتووە لەو چەند ساڵەی کە موناقەشـەمان کردیـە لـە شـوێنێك نووسرابێ ئەوە بودجەی پارێزگایە، بۆ چ مەصاریفێك، چونکە ئەوەی پارێزگا دیارە، پەرەپێدان بابـەکانیان دیارە، ئەوەی تریش ئی حکومەت، ئی وەزارەتەکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە لەسەر تەنمیەی ئەقالیم دەدرێ هی موحافـەزات و هـاورەئیم لەگەڵ ئەوەی کە لێژنەی قانونی باسی کرد، بەڵام شتێکی تر هەیە وەکو ئەوەی نازنـاز خـان تـازە تـەواو تـەوزیحی کرد، ویستم ئەوها تەوزیحی بکەم، ئەو بڕە پارەیە ئەگەر بۆ جارێك بێ یان بۆ دوو جاریش بـێ هـاتبێ، ئـێ خۆ ئەبێ ئەو پارەیە دیوانێکی رەقابەی مالی یـان جیهـەتێك لێـی بەرپرسـیار بـێ، بـزانن ئـەو پارانـە چۆن سەرف کراوە، ئەگەر داخل نەکرێ زمنی ئیرادات بۆ موحافەزات، چۆن ئەو کاتـە باسـی لەسـەر دەکرێ؟ مـن پێم وایە چاوێك بەوە بخشێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مادام دوو مولاحەزە هەبووە با تیکرار نەبێتەوە، ئەو بڕە پارەیە کە دێتن، داخیل دەکـرێ زمـنی میزانیـەی موحافـەزە، دووەم: ئەوەنـدەی مـن بـزانم ئـەو تەنمیـەی موحافـەزە لـە حکومـەتی هـەرێم دەبـڕێ، بـەڵام ڕاستەوخۆ لە حکومەتی فیدراڵەوە دێتن، وە نـەبێ هبـە بێـت، بـا هەنـدێ جار، مەسـەلەن ئـەو پـارەی کـە پارەکە حکومەتی ئیتیحادی تەرخانی کرد بۆ وشکە ساڵی، ئەویش داخیلی میزانیە دەبێت، ئەویش رقابـەی مالی لەسەرە، ئەویش حیسابە لە هینە، ئەویش ئیزافە دەکرێ لەسەر میزانیە و ئەوانـە، تەنمیـەی پارێزگـا

هبەیەك نیە لە حكومەتی ئیتیحادیەوە و جیاواز بێت، دەیدا و باشتر دەیدا بۆ هەموو هینەکان، ئێمەش لێرە موافەقەتی مەجلیسی وزرای لەسەر بوو، لە زمنی 17٪، بەڵام موئەقەتە و ئەگەر هەشبێت و دەوامیش بکات، هەر لە 17٪کەیە، بیدەینە ئەوانیش دەبێ لێرەدا و لە میزانیەی خۆماندا ئیشارەتی پێ بدەین، میزانیە بۆ موحافەزە دابنێین و و مەسەلەن وەزارەتی مالیە کە داینا، ئەو بەشەی بزانێت لە بەغدا ئاوها دانراوە بۆ تەنمیەی قانونی، زمنی ئەو میزانیەی موحافەزەکە دادەنێ، بەڵام لە زمنی 17٪ خۆیەتی، بۆیە ئەو تەوزیحەم دا بۆ ئەوەی مولاحەزاتەکانی داهاتووتان رچاوی بکەن، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی یەکەم یەك تێبینیم هەیە، ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێم بۆ پارێزگای تەرخان کردووە، لەناو بودجەی گشتیدایە، من پێشنیار دەکەم ئەگەر ئەوە لێرە ئەوها بمنێتەوە، چونکە ساڵانە ئێمە کە بودجەی پەسند دەکەین، بە تایبەتی ساڵی پار کە ڕۆیشت، بودجەی گەشە پێدانی پارێزگاکان لەناو پەرلەمان پەسند کرا، بۆ سلێمانی 200 ملیار داندرا، بۆ هەولێر 180 ملیار، بۆ دهۆك 115 ملیار، ئەگەر بڵێین ئەو پارەیەی کە حکومەت بۆ پارێزگاکان تەرخانی دەکات، کەواتە ئێمە ناتوانین لێرە هیچ بکەین، من پێشنیار دەکەم بنووسین ئەو پارەیە تەواو پەرلەمان پەسندی دەکات بۆ پارێزگاکان، بۆ ئەوەی بتوانین زیاد و کەمی تێدا بکەین تا بودجەکە دەگاتە ئێرە، ئێمە لە ئەنجامی سەردانی لێژنەکەمان بۆ ناوچەکان، دەرکەوتووە لە 80٪ پرۆژەکان لەسەر بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکاندا کراوە، خۆ راستە ئەو پارەیەش هەر ئەنجومەنی وەزیران داویەتی، هەر حکومەت داوەتی، بەڵام بەڕاستی ئەگەر پارێزگاکان بودجەکەیان بۆ زیاد بکرێ، زۆر ڕۆتین کەم دەبێتەوە لە پەرەپێدانی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری لە هەموو بوارەکاندا، چونکە ئێمە لەگەڵ بەڕێز کاك (تمر رمضان) دانشتین، لەگەڵ کاك دانا دانیشتین، لەگەڵ کاك نوزاد قسەمان کردووە، بەڕاستی لە ئەنجامی سەردانی لێژنەکەشمان و بە شاهیدی هەموو ئەندامانی لێژنە دەرکەوتووە ئەو پرۆژانەی کە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا کراوە، هەر لە پارێزگای دهۆکەوە و بە هەموو قەزا و ناحیەکانی، لە پارێزگای هەولێر بە هەموو قەزا و ناحیەکانی، لە قەزا سلێمانی بە هەموو قەزا و ناحیەکانی، لە 80٪ی پرۆژەکان لەسەر بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان کراوە، لەبەر ئەوەی من پێشنیار دەکەم لە خاڵی یەکەم بڵێین: ئەو پارەیەی کە پەرلەمانی کوردستان پەسندی دەکات بۆ پارێزگاکان، چونکە لەوانەیە کە بودجە دێتە ئێرە بڕێکی کەمیان بۆ دانا بێ، با ئەو مەجالەمان هەبێ بۆیان زیاد بکەین یان بۆیان کەم بکەین، ئەگەر زۆر زۆریشیان بۆ دانا بوون کەمی دەکەینەوە، ئەگەر کەمیان بۆ دانا بوون ئەوە بۆیان زیاد دەکەین، من هەر ئەو تیبینیەم هەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە هەندێ جوانبی مالیە، بۆیە هین دەکەم، ئەوەی پێشتر کە تۆ موصادەقەت لەسەری کرد، ئەو قسەی جەنابت دەڵێی: ئەویش دەگرێتەوە، پەسندی میزانیەت کرد بە تەفصیلاتەوە، بە میزانیەی موحافەزەوە و بە پەرەپێدانەوە و بە هەموو شتێکەوە، خاتوو شەمسە فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر برگەی چوارەم، لەسەر صیغەکەی مولاحەزەم هەیە، لێرە هەر ناوی ئەموالی مەنقولە براوە، بەڵام لە کوردییەکە ماڵی گواستراوە و نەگواستراوە باس کراوە، جا کامیانە؟ یەعنی هەردووکیانە یان هەر مالی گواستراوەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

صبری خان فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس وتراوە هی من، مەسەلەی بودجەی هەرێمەکان بوو، کە ئیزافەی پێبدرێ لە خاڵێکدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر لێرە سەیری برگەی یەك و دوو و سێ بکەین، من ئەو پرسیارەم هەیە: چ کاتێك جەنابی سەرۆکی حکومەت یان جێگری سەرۆکی حکومەت دەچێتە مەنتیقەیەك، لەسەر پێشنیاری خەڵکەکە لەسەر مەسەلەی تەندروستی، لەسەر مەسەلەی پەروەردە، لەسەر مەسەلەی ڕێگا و بان، یان لەسەر مەسەلەی سوکنا، وەکو خانیەکانی ئەنفالەکان، مەبلەغێك پارە دەدرێتە مەنتیقەکە، ئەو پارەیە لە کوێدا جێی دەبێتەوە؟ یان ئەو پارەی کە هاوپەیمانان سەرفی دەکەن، یان کە مونەزەماتی خەیری سەرفی دەکەن لەسەر قەزا و ناحیەکاندا، ئەوە لە کوێ جێی دەبێتەوە؟ بە قەناعەتی من ئەوە بکرێتە خاڵێکی ئیزافی و بە تەبەروعات حیساب بکرێ، ئەگەر حکومەت بیدات، ئەگەر مونەزەمات بیدات، ئەگەر هاوپەیمانان بیدات، بە تەبەروعات حیساب دەکرێ، ئەوە جێی لێرە نیە، تیای نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم بڕگەی چوار هەر ئیلغا بكرێ، لەبەر ئەوەی كێشەكی زۆر دروست دەكات، ئەگەر بەو شێوەیە هاتیە، بیع اموال منقولە، ئەگەر غیر منقولەی لەگەڵە، قسەم هەیە، ئەگەر هەر منقولەكە بە تەنێیە ئەوە باسێكی دیكەیە، ئەوجا ئەگەر منقولە و غیر منقولەیە یان بەس منقولەیە؟ چونكە ئەگەر غیر منقولە بێت، ئەرازی بەلەدیە و مومتەلەكات هەیە دەفرۆشرێ و بۆ وەزارەتی مالیە دەبێ، ئەوەش وا بە باش دەزانم هەر لابرێ، چونكە كێشە دروست دەكات، قانونەكەش رەقمی با بنووسرێ باشە، قانون بیع و ازالة اموال الدولة رقم 32 ساڵی 86 كە كاری پێدەكرێ، بۆ ئەوەی دیار بێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر قسەم لەسەر ئەوە بوو، ئەو بڕە پارەیەی دابین دەكرێت بۆ پارێزگاكان لەسەر سیستەمێك لە عیراق، بە پێی ژمارەی دانیشتوان بڕە پارە دیاری دەكرێت بۆ پارێزگاكان، دواجار بۆ قەزاو ناحیەكان، دیارە ئەو بڕە پارەیەی كە بۆ هەرسێك پارێزگای هەرێمی كوردستان تەرخان كرا بوو، لەو لە 17٪ یە لە هەرێمی كوردستان بڕاوە، بەڵام بۆی دیاری كرابوو، ئێمە لە پەرلەمان پەسەندمان كرد، بەڵام دەركەوت وەكو بڕادەرانیش قسەیان لەسەر كرد، ئەنجومەنی پارێزگاكان توانیویانە خزمەتگوزاری زۆر باش بكەن، كۆمەڵانی خەڵك لێیان رازین، بەراستی بۆ ئەوەی ئێمە ئەوە جێبەجێ بكەین، گرینگی سیستەمی لامەركەزی لەوەدایە، كە ئەنجومەنی قەزاكان دەسەڵاتی خەرج كردنیان هەبێت، لێرە بەرەئی من پێشنیار دەكەم، خاڵێك بنووسرێت ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك پارەی بۆ دیاری بكرێت، هەلبەت لەوە بەدەر حكومەتی هەرێم بۆ خۆی دوای ژمارەی دانیشتوان چەند پارە دەدات، ئێستا لە هەر پارێزگاكەئەوەندەی ئێمە بەدواداچونمان كردووە، بەدەر لەو بڕە پارەیەی كە تەرخانكراوە بە پێی ژمارەی دا نیشتوان، حكومەت بڕە پارەیەكی تری داوە بە ئەنجومەنی محافەزەكان، بۆ ئەوەی ئیش و كاری لەسەر بكەن، دوایی لە محافەزەو قەزاكان بكەین، بۆیە باشترە لێرە ئاماژە بەوە بدەین، بە پێی ژمارەی دانیشتوان بڕە پارەیەك تەرخان بكرێت، بۆ هەر پارێزگایەك بە جیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیتنا من وەکو موحافەزە بۆ هەندێ ئیستقلالیەتی مالی پیچەکی بەهێز تر بیتن و بگونجێت لەگەڵ سیستەمی لامەرکەزیەت، بە تەسەورا من گەلەك جار مەشاریعێت ئیقتسادیەت مەزن حەتا تیجاری یان ئینتاجیەت مەوارد تەبیعیەت سنووری پارێزگایەکی تێتە کرن، لێرە چ رەسمەکە یان چ نسبەکە یان رێژەکا مەحدود ئەگەر بهێتە دەست نیشان کرن وەکو نسبەکا موحەدەد (نسبة محددة من الموارد الطبيعية والصناعية والتجارية والزراعية فى المحافظة) ئەوە ژی ببیتە فەقەرەك و ئیزافە ببیت لەسەر میزانیا موحافەزەیا، ئەڤە نوقتەك، نوقتە دی تر ژی بیتن لە سنووری هەر پارێزگایەك گەلەك جار حاڵەتێت وا دهێنە پێش، مەسەلەن یەك دەمریتن چ وەرەسە نینە، خانی هەیە یان دکانی هەیە یان مومتەلەکاتەك هەیە یان تشتەك هەیە، ئەڤە چی ببتە ملکی موحافەزە یان میزانیا موحافەزە بێتە ئیزافە کردن، یان کو ئیزافەی فەقەرە (ممتلكات من لا وارث له)، سپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە کاك عادل کردی، جەنابت وا هەستم کرد کە بەشێکیت قەبوڵ کرد، بەس تەئکید لەسەر ئەوە نەکرایەوە، پێم وایە ئەوە هەر لە جێی خاڵی یەکەم دا دیاری بکرێت باشترە، بەم شێوەیەش نالێین (ماتخصص اولا)، لە جیاتی ئەوەڵەن (تدرج ميزانية كل المحافظات قسم خاص من الموازنة العامة للاقليم جزءا منها وتسرى عليها ما تسرى على الموازنة العامة من احكام) ئەوەکەی تر جەنابت پێت باش نەبوو ئەوە لامان دا، کاك عادل کە خوێندیەوە، پێمان باشە ئەگەر بەو شێوەیە بێت و خاڵی یەکەم دیاری بکرێت و میزانیەکی تایبەتی هەبێت، یەعنی ادراج بکرێت لە ناو هینی میزانیەی عامە بۆ موحافەزات، ئەوە زۆر مەشاکیل حەل دەکات، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەوەی کاك عادل و د.ناصح ئیشارەتیان پێدا ئێمە لە بیدایەتی مەوادەکان ئەگەر تەماشا بکەین، خۆمان دەڵێین موازەنەکە لە زمنی موازەنەی عامەی دەوڵەتە، وە ئیقراریشمان کردووە بە نەسێکی قانونی، ئەوەی کاك احسان ئیشارەتی پێیدا کە دەڵێت ئەو کەسانەی کە وارسیان نیە، ئەو کەسانەی کە وارسیان نابێت بە تەئکید ئەمە (حكومة وارث من لاوارث له)، دەچێتەوە بۆ حکومەت و ئیدارەی مەحەلی

ئەنجومەنی پارێزگاکان بە نەتیجە، ئەوانەی تر جەنابت هەمووت جواب دایەوە، بە نیسبەت ئەو مەوزوعەی کاك زرار ئیشارەتی کرد بەڕاستی ئەوە ئێمە لە پەرلەمان موازەنە بە شکلێکی عام پەسەند دەکەین بیمافیهی موازەنەی موحافەزە، وابزانم لیژنەی دارایی زۆر لە ئێمە باشتر دەزانن 2009 مەسەلەی موحافەزەکان میزانیەی تایبەتی خۆی هەبێت و لەو پەرلەمانەش پەسەند کرا، واتە میزانیەی موحافەزە لە زمنی موازەنەی عامەی دەوڵەت پەسەند دەکرێ و پەرلەمان ئیقراری دەکات ئەو وەختە ئیمکان هەیە لێرە بتوانین زیادو کەمی بکەین بە نیسبەت تەخسیسات بە گوێرەی بوارە جیاجیاکانی کە ئیشی لەسەر دەکرێت، من هەر ئەوەندە مولاحەزەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیزافەیەکم هەیە لەسەر قسەکانی کاك شێروان، ئەگەر مولاحەزەی ماددەی 3 بکەن کە دەنگی لەسەر درا دەڵێت (يقسم الاقليم اداريا الى محافظات والمحافظات الى اقضية والاقضية الى نواحى وتكون لكل وحدة ادارية شخصية معنوية و ذمة مالية مستقلة ضمن ميزانية المحافظة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی خوشکە شەمسە خان باسی کرد لە نوسخەی کوردیەکە (نەگواستراوە) بە هەڵە هاتووە، لە نوسخە عەرەبیەکە فەقەت (اموال الدولة المنقولة)یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شتێکی ئەوتۆ نیە، تەنها لە (رابعا) ئەگەر کاك شێروان و کاك سەردار و کاك اخر مولاحەزە بکەن، (الارادات المتحصلة من بدلات بيع وايجار اموال الدولة المنقولة)، باشتان گوت بەس (وفقا لقانون بيع وايجار اموال الدوله والقوانين الاخرى) ئەوانە زیادە، یەکسەر وای لێ بێت ((الارادات المتحصلة من بدلات بيع وايجار اموال الدولة المنقولة وفق القوانين النافذة فى الاقليم)، یەعنی خۆمان ڕەبت نەکەینەوە بەوە، ئەوە ڕەئی کاك فرسەتیشە، نەوەك هین بێت، ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵێەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، ئەوە بۆ ئەوەی دوای هین نەکات، ئەموالی دەولە مەبەستی ئیقلیمە، مەفهومە شتەکە، بەڵام ناوی قانونەکەی وایە (اموال الدوله) ماددەی 27 کە بووەتە ماددەی 28 بیخوێننەوە کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

**بەڕێوەبەرایەتی یەكە كارگێڕییەكان و ئەنجومەنە خۆجێیەكان سیستەمی ژمێریاری پشت پێ بەستراو لەكرداری ژمێریاری پەیڕەو دەكەن.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة والعشرون:**

**تقوم ادارة الوحدات الادارية ومجالسها باتباع النظم المحاسبيه المعتمدة في عمليات الحسابات.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە لەك گەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەمان نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لە عەرەبیەكە (المعتمدة فی عملیات الحسابات)، بكرێتە (فی عملیاتها الحسابیة)، چ خیلاف نیە ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، وای لێ دێت ( تقوم ادارة الوحدات الادارية ومجالسها باتباع النظم المحاسبيه المعتمدة)، كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، ماددەی 28 كە بووە بە ماددەی 29 بیخوێننەوە كاك اخر فەرموو.**

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

**فەرمانگەكانی یەكە كارگێرییەكان و ئەنجومەنە خۆجییەكان دەكەونە بەر چاودێری كردنی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة والعشرون:**

**تخضع دوائر الوحدات الادارية والمجالس لرقابة ديوان الرقابة المالية في الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هیچ مولاحەزەیەکمان نیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەوە شتێکی تەبیعە ئەو ماددەیە دەخەم دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ فەسڵی پێنجەم (الفصل الخامس، اولاً: الحقوق والامتیازات) کە ماددەی 29 کە دەبێتە ماددەی 30 بیخوێنەوە کاك اخر فەرموو.**

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی پێنجەم

## ماف و تایبەتمەندییەکان

**ماددەی سییەم:**

**1- ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێیەکانی یەکە کارگێڕییەکان ئازادی تەواویان هەیە لەدەربرینی راوبۆچوونەکانیان لەوتوویژکردنی ناو ئەنجومەندا.**

**2- نابێ راوە دوونان یاگرتنی ئەندامی ئەنجومەنی خۆجێیەتی یەکەی کارگێڕی ئەنجام بدرێ بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەن بە نووسین تەنیا لە حاڵەتی ئەنجامدانی تاوان یا کەتنێك نەبێ کە پێیەوە دەگیرێ.**

**3- ئەندامی ئەنجومەنی خۆجێیەتی یەکەی کارگێڕیی لە کاتی ماوەی ئەندامیەتی دا بەوە دادەنرێ کە خزمەتێکی گشتی پێ سپێردرا بێ بۆ مەبەستی پیادە کردنی یاسای سزاکان.**

**4- سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکان بەرامبەر بە خزمەتگوزاریەکەیان پاداشتێکی مانگانەیان دەکەوێ، کە ئەنجومەنی وەزیران دیاری دەکات.**

**5- سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێیەکان لەکاتی تەواوبوونی خولی هەڵبژاردنیان پاداشتێك وەردەگرن کە یەکسان بێت بە پاداشتی شەش مانگی کۆتایی ئەندامێتی یان .**

6. کاری ئەندام لە ئەنجومەنەکان بە خزمەت دەژمێردرێت بە مەبەستی عەلاوەو پلە بەرزکردنەوە و خانەنشینی .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الخامس

اولاً: الحقوق والامتيازات

المادة الثلاثون:

1- يتمتع اعضاء المجالس المحلية للوحدات الأدارية بحرية تامة في أبداء آرائهم في المناقشات داخل المجلس.

2- لا يجوز ملاحقة او توقيف عضو المجلس المحلي للوحدة الأدارية دون استحصال موافقة المجلس التحريرية إلا في حالة التلبس بجناية أو جنحة.

3- يعد عضو المجلس المحلي للوحدة الأدارية أثناء مدة عضويته مكلفاً بخدمة عامة لأغراض تطبيق قانون العقوبات.

4- تمنح مكافأة شهرية مقطوعة لرؤوساء المجالس واعضائها تحدد من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

5- يمنح رؤوساء واعضاء المجالس عند انتهاء مدتهم الانتخابية مكافئة تعادل ما كان يتقاضاه من مكافئاتٍ للاشهر الستة الاخيرة من عضويته.

6- يحتسب عمل العضو في المجلس خدمة لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام لەبەرئەوەی بابەتێك هاتە ئاراوە ئەویش لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دهۆك، هەولێر، ئەویش دەڵێن پێویستە ماف و ئیمتیازاتی خولی یەکەمی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان لە یاساکەی ئێمەدا ئاماژەی پێ بکرێت، هەرچەندە لە یاسای عیراقی ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام ئەوان داوای ئەوە دەکەن کە بۆ ئەو ماددەیە فەقەرەیەکی ئیزافیمان ئامادە کردووە، ئەگەر دەرفەتمان بدەنێ ئەو فەقەرەیە دوای ئەو ماددەیە دەخوێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك شێروان بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفقرة الثانية:**

**يستحق رؤساء واعضاء مجالس المحافظات للدورة الانتخابية الاولى:**

**أ ـ راتبا تقاعديا بنسبة 80٪ ثمانية بالمئة من المكافأة الشهرية التى كان يتقاضونها اثناء الخدمة.**

**ب ـ مكافأة رواتب نهاية الخدمة تعادل ما كان يتقاضونها من مكافأة للاشهر الستة الاخيرة من خدمته.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شێروان (من مكافأة) نیە (مكافأة رواتب نهاية الخدمة تعادل ما كان يتقاضونها من راتب ومخصصات للاشهر الستة الاخيرة ) ناوەكەی موكافەئەیە، كەواتە هی ئەوان ڕاستە، ئێستا بەو فەقەرەی كە باسیان كرد، كە دەبێتە فەقەرەی دووەم بۆ ئەوەی ئەو مەجالسی موحافەزاتی كە ئێستا هەیە بە پێی قانونی پێشوو هەڵبژاردنیان بۆ كراوە، ئەو مافەیان مافێكی موكتەسەبە، لەبەر ئەوە نابێت قانونێك دەربكەین ئەسەری ڕەجعی هەبێت، مافێك بە كەسێك درابێت و ئێمە لێیان بسێنینەوە، بۆ ئەوەی لە ئەنجومەنی داهاتوو ئێمە ئەو قانونە دادەنێین كە موكافەئەیان بەو شكلە بێت كە لە قانون دا هاتووە، ئەو ئەنجومەنانەی كە ئێستا هەیە و ئەو موكافەئەی كە بۆیان سەرف دەكرێت، حەقێكی موكتەسەبە، ئەو داواكاریەی ئەنجومەنی پارێزگاری سلێمانی و هەولێر و دهۆك ڕاستە و ڕەوایە، بۆیە ئێمەش لە سەرۆكایەتی باسمان كردووە و پشتگیری لە پێشنیارەكە دەكەین و ئەگەر كەسێك مولاحەزەی لەسەر ئەو ماددەیە نیە كە ئیزافە كراو باسمان كرد، كاك عادل فەرمووو بۆ ئەوەی هینەكانت بڵێی و تەعلیقت نەبیٚ.**

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەڵڵا بیٚ تەعلیق دەرناچم لەلایەن جەنابتەوە هەموو جارێك تەعلیقت داوە، برا گەورەی! وەڵڵا من قسەم لەسەر یەكەم بڕگە هەیە، (يتمتع اعضاء المجالس) یەعنی بەڕاستی ئەو وشەیە زۆر بە قانونی نازانم و ئیلزامێكی تیا نیە، من پێشنیارێكی ترم هەیە، یەعنی ئەو تەمەتوعی زۆرجار خەڵك بۆ سەفەر چوو و تەمەتوعی كردووەو ئەوانە، بەڕاستی من پێشنیارێكی ترم هەیە، هەروەها لێرە كە دەڵێت (فى ابداء ارائهم) ڕەنگە هەندێك جار قسەیەك بوترێت نەك ڕەئیەك تەرح بكرێت، وە موناقەشەش شەرت نیە زۆرجار لە مەجلس بێت، لیجانی هەیە، ئەكید ئەو ئەنجومەنە لیجانی هەیە، لەوانەیە لە لیجنەكانیش قسە و موناقەشە بكرێت، بۆیە من پێشنیارێكم هەیە ئەگەر قبوڵی بكەن، بەدیلی ئەو بڕگەیە ئەمە بێت (لايسأل عضو المجالس عن مايبديه من اقوال أو اراء اثناء اجتماعات ومناقشات المجالس ولجانه)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنە بۆ؟ مەجلس وایە، ئەوە تەحسیڵ حاسڵە لیژنە بەشێكە لە مەجلس، عەینی شت دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بۆ مەجلس بڵێی ڕاستە كە تۆ ئێستا ئەندامی و لێرەی، لێرە قسەك بكەی و لە پەرلەمان حەقی ئەوەت هەیە، كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەگوێرەی یاسا هەریەك لە پارێزگارو دوو جێگرەكەی و قائیمقام و مودیری ناحیە، ئەوانەش ئەندامی مەجلسن و لەناو مەجلس هەڵدەبژێردرێن مەشمولن بە راتبێكی تەقاعودی و بەو ئیمتیازاتانەی كە هاتووە، من نازانم بەڕاستی ئەمە جیاوازیەكی زۆرە كە هەمان مەجلسە و هەڵبژێردراوی خەڵكە ئەو بۆچی تەقاعود بێ و مەحافزو دوو جێگرەكەی و قائیمقام و مودیری ناحیە ئەندامی مەجلس بۆ نەبێ؟ من جاری پێشوو كە پێشنیارم كرد كە مەجلسی قەزاو ناحیە نەمێنێ، مەبەستم ئەوە بوو بەڕاستی، برادەران باسیان لەوە كرد كە ئێمە دەبێت خسوسیاتی هەرێم بپارێزین، ئێمە بۆ دەسەڵات و سەڵاحیەتەكان خسوسیاتی هەرێم دەپارێزین، بەڵام ئەوان موبەرری هێشتنەوەی مەجلسی قەزاو ناحیەكانیان ئەوە بوو كە لە عیراق دا بەو شكڵە هاتووە، دەكرا ئێمە مەجالسی قەزاو ناحیە نەهێڵین، بۆ ئەوەی مەجلسی موحافەزە مەشمول بوون بەو راتب و ئەو تەقاعودیەی كە هەیانە، ئەگەر ناشكرێت من پێشنیارێكم هەیە كە ئەندامانی مەجلس خزمەتەكەیان بە دوو قات بۆ حیساب بكرێت بۆ مەبەستی تەقاعودی و ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش ئەو پرسیارەی كاك بارزانم هەبوو، چونكە ئەوە دەبێتە خیلاف لە بەینی ئەندامانی ئەنجومەن، چونكە هەڵبژێردراوی ئەنجومەنن، چ موحافز و چ قائیمقام و چ هەردوو جێگرەكان، ئەوان بۆ تەقاعود دەبن و ئەوان بۆچی تەقاعود نابن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێكم هەیە كە بەڕاستی یاسا دەبێت ڕوون و قابیلی تەئویلی جیاواز نەبێت، لێرە دەڵێت (سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێییەكان لە كاتی تەواو بوونی خولی هەڵبژاردنیان پاداشتێك وەردەگرن كە

یەکسان بێت بە پاداشتی 6 مانگی کۆتایی ئەندامیەتیان، ئەمە مانای ئەوەیە کە تەقاعود دەکرێن، ئەو پاداشتی تەقاعودیە وەردەگرن، ئاخۆ سبەینێ فەرمانبەرێك و کەسێك کە ئەندامی ئەم ئەنجومەنانەیە دەچێتەوە سەر وەزیفەکەی خۆی ئەم پاداشتەی وەرگرتووە، دواتر تەقاعود دەبێت، لە کاتی تەقاعودی دا ئاخۆ کە پارەکەی وەرگرت موەزەفێکی لێ ڕاست نابێتەوە بڵێت وەختی خۆی وەرت گرتووە ئەو پاداشتە، دەبێت لێرە تەوزیح بکرێت بۆ ئەوەی ئەو ئەشکالیەتە دروست نەکرێت سبەینێ بۆ ئەو ئەندامانە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قانونی عوزویەت دەبێت عزو موتەفەریغ بێت لە بۆ ئیشی مەجلس، ئەوانەی موەزەفن کە کۆتایی هات دەگەڕێتەوە ئیشی خۆی ئیعتیادیە یان ئەگەر مودەی تەواو بێت تەقاعود دەبێت، بەڵام ئەوانەی کە موەزەف نینە، وابزانم مەغدوریەتێك هەیە لەوەی کە ئەو نوخبەیەی کە هەڵدەبژێرێ لە قیبەل خەڵکانی کوردستان ملیۆنێك خەڵك دەنگیان دەداتێ و نوێنەری ملیۆنێك خەڵکن من بە باشی نازانم ڕاستەوخۆ بچێتەوەماڵی خۆی و هیچیشی نەبێت ژیانی دەگۆڕێ وەزعی دەگۆڕێت و وەزعی چاك دەبێت پاش چوار ساڵی پێی بڵێی بڕۆ خواحافیزو هیچت نەما، وای بە باش دەزانم یەکسانی هەبێت و با ئەوانیش شمولی تەقاعودی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پێشنیارم هەیە، دیارە هەندێك لەو ئەندامە بەڕێزانە باسی ئەوەیان کرد کە بەعزێك لەو ئەندامانە ڕەنگە ئیشیان نەبێت، بەڵام من ئیزافەیەکم هەیە ڕەنگە یەك ئەندام بۆ سێ دەورە هەڵبژێرێتەوەو کاربکات، ئەگەر کاریشی هەبێت ناتوانێ بچێتەوە سەر ئەو کارەی پێشووی، مامۆستایەك 12 ساڵ لێی دابڕێ، یان موهەندسێك یان هەر کەسێك بێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەگەر لە سێ دەورەی دوابەدوای یەك دا ئەندام بوو حەقی ئەوەی هەیە تەقاعود بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خدمە کە دوو قات حیساب بکرێت، بەڕاستی ئێمە غەیری هێزی پێشمەرگە نەبێت بۆ هیچ کەسێك ئەو حیساباتانەمان نەکردووە بەڕاستی ، بۆیە ئێمە پێمان وایە نەسەکەی ئێمە لە جێگەی خۆیەتی، بە نیسبەت ئەوەی کە تەقاعود دەبن دوو پاداشت وەردەگرن دەڵێن موکافەئەیە، ئەوەی تر پاداشتی موچەیە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکان هەر حەقی یەك پاداشتی هەیە چ هی پارێزگا وەربگرێ، چ هی وەزیفەکەی وەربگرێت، حەقی دوو پاداشتی نیە، بە نیسبەت ئەندامانی ئەنجومەن ئەوەی کە موەزەف نینە بەڕاستی کە دەگەڕێنەوە حەق وایە ئەولەویەتیان بدرێتێ لە تەعین و ئەو چوار ساڵەیان بۆ بە خدمە بکرێت بۆ غەرەزی تەقاعود و تەرفیع و عەلاوەو ئەو شتانە، بەڵام لێرە دەمەوێت ئیشارەت بە یەك خاڵ بدەم ئەویش ئەوەیە ئێمە ئەگەر ماف و ئیمتیازات بدەینە هەموو ئەنجومەنی پارێزگاکان و ناحیەکان و قەزایەکانیش ئێمە دەبێ بزانین 105 ناحیە و 35 قەزامان هەیە، زەربی 5 و 7ی بکە دەگاتە حدودی 800 کەس، ئەم 800 کەسە دەکرێت هەر چوار ساڵێك جارێك ئێمە 800 مەعاون و مودیری عام بەرێ بکەین و وەجبەیەکی تر بێنین، ئایا مەنتق ئەوە قەبوڵ دەکات ئەو ئیمکانیەتە هەیە؟ ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئێمە تەبعەن هی خولی ئێستا بە ڕەوای دەزانم حەقێکی موکتەسەبیان هەبێت لە قانونی عیراقی، بەڵام لێرەش حەقێکی تەبیعیە ئێمە بڕگەیەکیان بۆ دابنێین، بە نیسبەت خولەکانی داهاتوو حەق وایە ئەو کەسەی کە دەبێتە ئەندام پێش وەخت وەزعەکەی خۆی بزانێ چیە، ئینجا بچێ ئەندامیەتی ئەنجومەن یان ئەندامیەتی قەزا و ناحیە بکات یان نەکات؟ بۆیەش ئێمە ئەو حەقانەمان ئاوا ڕوون کردووەتەوە و ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکانین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پرسیارێکم لە قانونیەکان هەیە، ئێمە کە باسی ئەو 6 مانگەمان کرد موکافەئە بدرێت ئەوەی من تێ گەیشتم لەو موناقەشانە مەبەستمان ئەوە نەبووە کە ئەو حەقەی کە دەگەڕێتەوە وەزیفە دوایی تەقاعود دەبێتەوە ئەو شەش مانگە نەبێت، ئەو تەنها بۆ ئەوە بوو کە حەقی تەقاعودیمان نەداوەتێ ئەو شەش مانگە بیدەنێ تاوەکو بگەڕێتەوە وەزعی ئاسایی خۆی تەوازونێك پەیدا بکات، مەسروفاتی وەکو ئەندامی مەجلس تا دەگەڕێتەوە ئەو هینانە من ئەوەی لێی تێ گەیشتم کە ئەو حەقەی دەبێت وەکو موەزەف، لەبەر ئەوە سیغەیەکی وا بدۆزینەوە کە موکافەئەی 6 مانگەکەی نەبێت، موکافەئەیەك بێت تایبەت و خاس بێت، لێرەدا ئەنجومەنەکە دەگەڕێتەوە وەزیفە و ئەو حەقەی لە وەزیفەکە دەمێنێت، وەکو ئەوەی کاك بکر گوتی ئەگەر فەقەرەیەك ئیزافە بکەین ئەو کەسانەی کە موەزەف نین ئەگەر 3 دەورە ئەندامی مەجلس بوون حەقی تەقاعودیان هەبێت وەکو موحافز یان وەکو قائیمقام، ئەگەر مووزەف نەبوو سێ دەورەش لە ئەنجومەن بوو حەقی تەقاعودی هەیە 80٪ ئەگەر ئەو سیغەیە هین بکەین، لەبەرئەوەی ئەو مەوزوعە ئەگەر مەوەزەف نەبێت، ئەگەر موەزەف بوو دەگەڕێتەوەو ئەو مودەشی بۆ حیساب دەکرێت، سێ

**جار حەقی خۆیەتی، ئەگەر موەزەفیش بوو موخەیەرە خۆی تەقاعود دەكات لەو هینە یان دەگەڕێتەوە و فەترەیەكی بۆ زیاد دەكرێت، جا ئەو سیغەیەی 6 مانگیە یەعنی وازح بێت كە ئەوە حەقێكی موكتەسەبی ئەندامیەتی مەجلسەكەیە، بەڵێ كاك اخر فەرموو.**

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە حەقیقەت ئێمە وەكو لیژنەی ناوخۆ وا تێ گەیشتووینە كە ئەو 6 مانگە موكافەئەیە لە بەدەل تەقاعودی نیە، یەعنی ئەگەر بگەڕێتەوە سەر وەزیفەی خۆی پاشی 5 ساڵی دی و 10 ساڵی تر تەقاعود بوو لەوێش وەردەگریت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەگەر بە ئەوە موعالەجە دەكرێت، كاكە عیلاجێكی قانونی دۆزیەوە لە پێنجەم (یمنح رؤوساء واعضاء المجالس عند انتهاء مدتهم الانتخابية مكافئة تعادل ما كان يتقاضاه من مكافئاتٍ للاشهر الستة الاخيرة من عضويته ولايحجب ذالك ما يستحقه بموجب قانون التقاعد النافذ من مكافأة  نهاية الخدمة)، یەعنی ئەوە وازح بێت كە ئەوەی تر لێی نابڕێت، موافقن لەسەر ئەوە؟ زۆر چاكە ئەوەی تریش ئەو فەقەرەی كە ئیزافەمان كرد موافەقەتتان كرد كە فەقەرەی 2 (ئەندامانی ئەنجومەنی مەجلس تەقاعود دەكرێت....... ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبێت كاك د.ناصح پێت دەبڕم، فەرموو.**

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو پێشنیارەی كە جەنابی كاك شێروان بە ناوی لیژنەی یاساییەوە پێشنیاری كرد بۆ خاڵی دووەم لە جێی خۆیەتی، بەڵام بە چ دەرەجەیەك؟ پرسیارەكەم ئەوەیە بە چ دەرەجەیەك ئەوانە ....... .**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوە عیلاقەی نیە، موكافەئەیان هەیە لە 80٪ی ئەو موكافەئەیە، وازحە شتەكە، ئێستا موكافەئەیان هەیە و بۆیان دیاری كراوە، 80٪ ی ئەو موكافەئەیە 3 ملیۆنە شتێكی وایە، كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەروەكو جەنابت ئیشارەتت پێیدا بەڵێ موكافەئەیە، موكافەئەكەشیان 3 ملیۆنە ئەوەندەی من دەیزانم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە ئەو ماددەیە بەو ئیزافەیەی كە بووە دووەم لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریەی كە ئەو حەقەی پێشنیان نەبێت، بەو گۆڕانكاریەوە دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، بەڵێ كاك اخر فەرموو.**

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکان**

**ماددەی سی و یەك:**

**یەکەم:** ئەنجومەنەکان لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی 3/2 ئەندامان لەم بارانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنەوە:

1. زیان گەیاندنێکی مەزن بەو کارو ئەرکەی پێی سپێردراوە.

2. ئەگەر مانەوەی زیان بەخش بوو بۆ بەرژەوەندیی گشتی.

3. ئەگەر نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

**دووەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە ئەنجومەنە خۆجێییەکان بە زۆرینەی دەنگی 3/2ی ژمارەی ئەندامانی هەڵوەشێنێتەوە لەسەر داوای قایمقام بەنیسبەت ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا یان بەڕێوەبەری ناحیە بە نیسبەت ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە یان لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی .

**سێیەم:** ئەنجومەنە هەڵوەشاوەکان یان سێیەکی ئەندامانی بۆیان هەیە تانووت لە بریاری هەڵوەشانەوەکە لەبەردەم دادگای کارگێڕیی بدەن لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی دەرچوونیەوە و دادگاش دەبێ لە ماوەی (30) رۆژ بڕیاری خۆی لە بارەی تانووتەکەوە بدات.

**چوارەم:** پەرلەمان بۆی هەیە ئەنجومەنی پارێزگا بە زۆرینەی رەها هەڵوەشێنێتەوە ئەمەش لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر دەرکەوت یەکێك لە هۆیەکانی کە لەبڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیەی لێ هاتەدی.

**پێنجەم:** لە بارێکدا کە پەرلەمان رەزامەندی لەسەر پێشنیازەکە دەربڕی، وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ رادەگەیەنرێ لە ماوەی شەست رۆژ لە مێژووی رەزامەندییەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ثانياً: حل المجالس**

**المادة الحادى والثلاثون:**

**اولاً: يحل المجالس بأغلبية ثلثي اعضائه بناء على طلب ثلث اعضائه في احدى الحالات الآتية:-**

1- الاخلال الجسيم بالاعمال والمهام الموكلة اليه.

2- اذا كان بقائها مضرة بالمصلحة العامة.

3- اذا اصبحت عاجزة عن اداء مهامها.

ثانياً: للمجلس حل المجالس المحلية بأغلبية (3/2) ثلثي عدد اعضائه بناء على طلب من القائمقام بالنسبة للمجلس المحلي للقضاء او مدير الناحية بالنسبة للمجلس المحلي للناحية او ثلث اعضاء المجلس المحلي.

ثالثاً: للمجالس المنحلة او لثلث اعضائها الاعتراض على قرار الحل امام المحكمة الادارية خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ صدوره وعلى المحكمة البت في الاعتراض خلال ثلاثون يوماً ويكون قرارها باتاً.

رابعاً: للبرلمان حل مجلس المحافظة بالأغلبية المطلقة بناء على طلب من مجلس الوزراء او طلب من ثلث عدد اعضائه اذا تحقق احد الاسباب المبينة في الفقرة(اولاً) من هذه المادة.

خامساً: في حالة موافقة البرلمان على الاقتراح يتم الاعلان عن موعد اجراء انتخاب المجلس الجديد خلال مدة ستين يوما من تاريخ الموافقة من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین بەس دوو، سێ مولاحەزەی بچووكمان هەیە، یەكەمیان: (تحل المجالس ، نەك (يحل المجالس)، ئەوە لە ڕووی سیاغەوەیە، جگە لەوەش ئێمە پێمان باشە فەقەرەیەكی تر ئیزافە بكرێت لە ئەوەڵەن كە ببێتە فەقەرەی چوارەم، ئەوەش موخالەفەی ئەحكامی دەستوور و قەوانینی نافزەیە بە نیسبەت حەلی مەجالس، ئەمە دوو، ئەوەی تریش بە نیسبەت (ثانيا) پێمان باشە لە ئەخیری فەقەرەكە بگوترێت(لنفس الاسباب الواردة اعلاه أو اذا تحقق احد الاسباب الواردة اعلاه) بە نیسبەت سێیەمیش (ويكون قرارها باتا) حەزف بكرێت وە ئیكتیفا بكرێت بە ئەسڵی نەسی فەقەرەكە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

مادام لوغەویت باس كرد، هەر (تحل المجالس باغلبية ثلثى اعضاءها)، كەس قسەی هەیە، لەسەر ئەو ماددەیە، باشە ناوتان دەنووسم، پەخشان خان، فەرمووو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەی من دوابەدوای ئەو تێبینیەیە كە كاك شێروان باسی كرد، لە بڕگەی چواردا، لێرەدا دەڵێین (اذا كانت تحقق احد اسباب المبينة) لە فەقەرەی یەكدا، كاك شێروان وتی (للاسباب الواردة اعلاه) ئەمە فەرقی

دەبێت، ئەگەر وامان وت، یەعنی هەرچواریان بەیەکەوە، بەڵام (تحقق احد)ئەوە بەیەك حاڵەتیشیان تەحقیق ئەبێت، ئەوە تێبینیەکەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەم بۆ بڕگەی یەکەم، کە خاڵێکی تر زیاد بکرێت، لەکاتێکدا کە پێچەوانەی دەستوور یان یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم، کاریان کرد ئەنجومەنەکە، ئەوە یەکێك بێت لەبنەماکانی هەڵوەشانەوەیان، دووەمیش: لەبڕگەی چوارەمدا باس لەوە ئەکات کە پەرلەمان، بۆی هەیە مەجالیس هەڵبوەشێنێتەوە، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، بەڕاستی ئەمە پێچەوانەی ئەو مەبدەئەیە، کە مەجلسێکی هەڵبژێردراو بۆچی مەجلسێکی تەنفیزی بتوانێ هەڵیبوەشێنێتەوە، بۆ بڕگەی پێنجەمیش، ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ، بکرێت بەسەرۆکایەتی هەرێم، واتە سەرۆکی هەرێم بۆی هەبێت ئەوە بکات، نەك ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا من دەزانم تێبینیەکانتان دووبارە دەبێتەوە، لەبەرئەوە با ڕوونکردنەوەیەك بدەم، کە دوو، سێجاریش ئەو پرسیارە ئاراستەی من کراوە، بۆچی پەرلەمان حەقی هەبێت مەجلسێك حەل بکاتەوە، خۆی لەڕاستیدا ئەگەر باش نەیخوێنینەوە، ئەوە پرسیارەکە بەجێیە، دەڵێت پەرلەمان بۆی هەیە مەجلسی پارێزگا حەل بکات، بە زۆرینەی ڕەها، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە مەرجێکە، یەعنی ئەوە بە ئارەزووی ئێمە نیە، ئەنجومەنی وەزیران داوا لە ئێمە ئەکات، کەوا حەلی ئەنجومەنی پارێزگا بکەین، یان بە داوای (3/1) ئەندامانی پەرلەمان، کە دەڵێت، (رابعاً: للبرلمان حل مجلس المحافظة بالأغلبية المطلقة بناء على طلب من مجلس الوزراء او طلب من ثلث عدد اعضائه اذا تحقق احد الاسباب المبينة في الفقرة(اولاً) من هذه المادة)واتە هەم بەداوای ئەنجومەنی وەزیران و هەم بە سێ یەکی ئەندامانی پەرلەمانیش، قەراری ئێمە ناکرێت بەبێ ئەوەی یەکێك لەو حاڵەتانە نەهاتبیتە ئاراوە، یەکەم: ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا، کارێکی زۆر خراپی کردبێ، کە زەرەری هەبێت بۆ ئەو کارو مەهامانەی کە پێی ڕاسپێردراوە، دووەم: ئەگەر بێت و مانەوەی زەرەر بەبەرژەوەندی گشتی میللەتەکەمان بگەیەنێت، سێیەم: ئەگەر بێت و نەتوانێ بەکارەکانی خۆی هەستێت، باشە پەرلەمان لە ئەنجومەنی پارێزگا گەورەتر نیە، بەڵام وتوومانە سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە، پەرلەمان حەل بکات لەو حاڵەتانەی خوارەوەدا، کە ڕاستیشە هەڵبژێردراوین، بەس ئەو وەختە متمانەی خەڵکمان پێ نامێنێت، ئەگەر نەتوانین کارەکانمان بەجێبگەیەنین، مەسەلەن بۆ پەرلەمان نیوەی ئەندامانی پەرلەمان نەمان و ئیستیقالەیان دا، یان وازیان هێنا، ئەصڵەن شەرعیەتی کۆبوونەوەی نامێنێت، لەبەر ئەوە دەبێ تەرەفێك هەبێت حەلی بکات، ئێمە بەنیسبەت ئەو ئەنجومەنەوە، دەسەڵاتەکەمان داوە

بەپەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەو موناقەشەیە، موناقەشـەیەکی تێروتەسـەل بێـت لـەناو پەرلەمانـدا، ئەنجومـەنی وەزیران داوای دەکات یان سێ یەکی ئەندامانی پەرلەمان داوای دەکـەن، دەبـێ یـەکێك لـەو مەرجانـەی تێـدا هەبێت، دیراسەت کرابێ و موناقەشەکەش لێرە ئـەکرێت، بـەڵام تـەرەفێك هـەبێت، ئێستا تـەرەفێك هەیـە، ڕەچاوی ئەوە ئەکات کە ئەو پەرلەمانە کە هەڵبژێردراوە، کە باڵاترین دەسەڵاتی تەشریعیشە، ئەگەر بێت و بەئەرکەکانی نەتوانێ هەستێت، ئەگەر بێت وببێت بەکۆسپ لەڕێگای جێبەجێ کردنی بەرنامەی حکومەت ومتمانە دان بەحکومەت، ئەگەر بێت ونیوەی زیاتر بێت، ئەوە دەتوانێ حەلی ئەو پەرلەمانە بکات و داوای هەڵبژاردن بکات، بەنیسبەت ئەنجومەنی پارێزگاوە بەهەمان شێوەیە، کـاك بـارزان، نوقتـەی نیزامـی هەیـە، فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـە بڕگـەی چـواردا، لـە دەقـە کوردیەکـەدا $(3/1)$ ئەنـدامانی تێـدا نیـە، ئـەڵێت لەسـەر داوای ئەنجومـەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکـە ئەساسـە، باشـە کوردییەکـە چـاك بکـەن، نـەخێر پێچـەوانە نیـە، ئەگـەر بـاش بیخوێنیتـەوە دەڵێت(تحل المجالس) لەوێش (مجالس) پێناسە کراوە، واتە مجالس وحدە ئیداریە، واتە ئەنجومـەنی پارێزگـا بە $(3/2)$ی ئەندامانی ئەتوانێ داوا بکات هەر ئەنجومەنێکی تر، کە ئەنجومەنی قەزا بێت یان ناحیە بێـت، کە لێرەدا مەبەستیەتی، ئەتوانێ حەلیان بکات، ئەگەر بێت وئیخلال بکات بەو مەرجانـەی کـەدانراوە، کـاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن قسـەم لەسـەر فەقـەرەی یەکـەم و دووەم هەیـە، فەقـەرەی یەکـەم(الاخـلال الجسـیم) یـەعنی میعیـاری ئیخلالی جەسیم چیە؟، ئەبوو باس لەو مەرجانە بکەین، یـان ئـەو ئیختیصاصاتانە بکـەین کـە ئەنجومـەن هەیەتی، یەعنی بڵێین (الاخلال بألاختصاصات الـتي وردت في المـادة السادسـة)لـەماددەی شەشـەمدا کۆمـەڵێك ئیختیصاصاتی هەیە، کە ئەگەر ئیخلالی بەوەوە کرد، ئەگینا کێ هەیە ئەو ئیخلالە جەسیمە دیـاری بکـات، وەکـو بڵـێین مەفتوحـە، دووەم: ئـەم ئەنجومـەنی پارێزگایانـەو ئـەوانی تـریش مـن پـێم باشـە بیخەینـە مەحکەمەی تەمییز، کاتێ کە ئیعتراز ئەگرن، چونکە مەحکەمەی ئیداری بۆ کـاری ئیدارییـە، ئێمـە باسمـان کـردووە، کـەپارێزگارو قایمقـام و مـودیری ناحیـە بێـت، ئەمانـە ئەنجومـەنی هەڵبـژێردراون، یـەعنی بـۆ ڕێزگرتن لێیان و بۆ ڕێزگرتن لـەو خەڵکەی کە دەنگی داوە بەمانـە، ئەمانـە کـاتێ کـە ئیعترازیـان هـەبوو، ئیعترازەکە هەروەکو ڕۆتینیشە، مەحکەمەی تەمییز ئەمە بکات، نەك مەحکەمەی ئیداری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەریم بەحری، فەرموو.

**بەڕێز کريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من حەلی مەجالس بەو شێوەیە کە ئەو چوار حاڵەتەی تێدایە، ئەگەر هەبێت یان نەبێت، مەفروزە ئەو چوار حاڵەتە زکر نەکرێت لێرەدا، تەنها لە برگەی چواردا زکر بکرێت، بۆ چی؟، چونکە ئەنجومەن لێرەدا، رەقابەی زاتیان هەیە، خۆیان ئەزانن کە ئایا ئەتوانن ئەو ئەنجومەنە بەڕێوە ببەن یان نا، ئەگەر ئەنجومەنەکە ($3/2$) بڕیاری دا کە خۆی حەل بکات، ئەو حاڵەتەی تێدا بێت یان تێیدا نەبێت ئەو مەجلسە مەحلولە، کەواتە زکر کردنی ئەو چوار حاڵەتە، پێویست ناکات لێرەدا هەبێت، لەجیاتی ئەو چوار حاڵەتە پەرلەمان چاودێری هەیە لەسەر ئەنجومەن، حاڵەتەکان دەبێ لەوێ دیاری بکرێت، زەمانەن بۆ ئەوەی نەوەکو پەرلەمان حەلەکەی کەیدی بێت، یان خوانە خواستە بەشێوەیەکی وا بێت کە نایاسایی بێت، بەڵام خۆیان بۆ خۆیان ئەتوانن خۆیان حەل بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من ئەو قسەی کاك کەریم بۆ یەك شت ئنتیباه ئەکەم، صیاغەکە، چونکە تێگەیشتنی من ئەوەیە، ئەگەر بۆم ڕاست بکەنەوە کاك فرسەت، کاك شێروان، کاك عەونی، برادەرانی تر، اولاً: تحل المجالس بأغلبية ثلثي اعضاء المجلس اولاً: يحل المجالس بأغلبية ثلثي اعضاء المجلس بناء على طلب ثلث اعضائه في احدى الحالات الآتية) چونکە من واتێگەشتووم، کە ($3/2$)ی ئەندامانی حەلی مەجلس ئەکەن، بۆ ئەوەی ئەو ڕوونکردنەوەیە زیاتر بێت، ئەو قەرارە، ئەنجومەنی پارێزگایە بۆ ئەنجومەنی قەزاو بۆ ئەنجومەنی ناحیە، حاڵەتی چوارەم، قەراری پەرلەمانە بۆ حەلی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەوە دوو شتی جیاوازە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە من بزانم کە یاساکەمان داڕێشتووە، هەر واشە بەخۆی،مەجالس چ هی پارێزگا بێت، چ هی قەزا بێت، چ هی ناحیە بێت، ماڧی ئەوەیان هەیە، بە ($3/2$) خۆیان حەل بکەن، لەسەر داوای ($3/1$)ئەندامانی ئەنجومەنەکە، ئەمە حاڵەتێك، حاڵەتی دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە، مەبەست لێرەدا ئەنجومەنی پارێزگایە، کە حەلی ئەنجومەنی قەزاو ناحیە بکات، بەم ڕێژەی کە لە زمنی ماددەکە هاتووە، ئەوەی چوارەم کەهاتووە، بەنیسبەت ئەنجومەنی پارێزگا، پەرلەمان بۆی هەیە لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، یاخود داواکردنی ($3/1$)ی ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر هاتوو، یەکێك لەو هۆکارانەی کە لەماددەی یەکەم تەحەقوقی کرد، ئەوەی ئێمە لێی تێدەگەین بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی مەنتقێك بەکار بێنین کە هیچ ئەنجومەنێك هەیە، ($3/2$)ی دەنگ بدات بۆ حەل کردنی خۆی لەسەر داوای خۆی، کە ئیخلالی جەسیمی کردووە، یان بڵێت مانەوەم زەرەری هەیە، یان ناتوانم ئیش بکەم، کە واتا ناتوانێ کۆبوونەوە بکات، ئەمە چۆن شتی وا ئەبێت، ببورن بزانن قانونی عێراقی چی ئەڵێت؟، ( يحل المجلس و المجالس المحليە) یەعنی مەجلسی پارێزگاو مەجلسی مەحەلی ( يحل المجلس و المجالس المحلية بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه بناء على طلب ثلث اعضاءه في الحالات التالية)

1 - اخلال الجسيم.

کاك دکتۆر کەمال، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە زۆر ڕوونە، ئەگەر سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنەکە، شك بکەن کە ئیش باش ناڕوات، داوا دەکات لەناو ئەنجومەنەکە موناقەشە ئەکرێت، ئەگەر ($3/2$)ی ئەندامانی ئەنجومەنەکەی خۆیان گەیشتنە قەناعەت، کە فیعلەن خەلەل هەیە، ئەوە خۆیان حەل ئەکەن، ئەوە زۆر ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد رفعت، فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خاڵی یەکەم ، بڕگەی دوو پێشنیار ئەکەم، 2- اذا كان بقائها مضرة بالمصلحة العامة. ئەوە لابرێت، بکرێت بە ( في حالة مخالفة الدستوور والقوانين النافذة في الاقليم) چونکە ناکرێت یەکێك خۆی لە ئەنجومەنەکەدا بێت، بڵێت من مانەوەم دژی بەرژەوەندی گشتیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی چی بۆ ئەوەی تۆزێك مەنتقی تێدابێت، ئەو قانونەی کە دایئەڕێژین، فەقەرەی یەکەم، حەلی مەجلس حەقی خۆیەتی، پەرلەمان دائەنیشێت، فەرموو ئێمە ئێستا دانیشتووین لێرەدا، ئەگەر بزانین حکومەت بەقسەمان ناکات، یاساکانمان جێبەجێ ناکات، داواکاریمان جێبەجێ ناکات، مەسەلەن ئێمە ئەڵێین سێ وەزارەتەکە یەك بگرێتەوە، قەرار دەدەین، ئەگەر جێبەجێ نەکرا، ئەوە خۆمان بە ($3/2$)ی ئەندامانی خۆمان حەلی خۆمان دەکەین، بەڵام نەك بەو حاڵەتانەی خوارەوە، هیچ پەرلەمانیش نیە، خۆی بڵێت من خراپم، زەرەری میللەتم هەیە، بۆیە ئەمە کە پێشنیاری کاك فرسەتە، (تحل المجلس بأغلبية ثلثي اعضاءه بناء على طلب ثلث اعضائه) ئەوە بمێنێتەوە بۆ تەقدیری خۆی، بەڵکو بڵێت مەسەلەن میزانیەی داواکردووە، ئەنجومەنی پارێزگا ئیهتیمامی پێنادات، بەڵام مەڵێن لەبەر ئەو هۆکارانە، چونکە ئەو هۆکارانە قابیل نیە، ئەنجومەنێك بەخۆی بڵێت من خراپم، ئەو مەرجانە دوایی کە لەپەرلەمان دەڵێن، پەرلەمان

بۆی هەیە، مەرجەکان لەویٚ ئیزافە بکەن، یەعنی چوارەم، کەدەڵێت(رابعاً: للبرلمان حل مجلس المحافظة بالأغلبية المطلقة بناء على طلب من مجلس الوزراء او طلب من ثلث عدد اعضائه اذا تحقق مايلي): یەك، دوو، سیٚ، ئەوانەی سەرەوە بنووسرێت.

1- الاخلال الجسيم بالاعمال والمهام الموكلة اليه.

2- اذا كان بقائها مضرة بالمصلحة العامة.

3- اذا اصبحت عاجزة عن اداء مهامها.

کاك فرسەت، ئەیەوێت زیاتر ڕوونی بکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام، کە هەر مەجلسێك حەقی هەیە، خۆی حەل بکات، ئەگەر زۆرینەکە تەواو بوو، کە داوای حەلەکە ئەکەن، بەلاٌم هیچ مەجلسێك ناڵێت من زەرەرم لەبەرژەوەندی گشتی داوە، یان کەمتەرخەمیم کردووە، یان ناتوانم ئیشی خۆم بکەم، جیهەتی تر ئەتوانیٚ ئەوە بڵێت، ڕەئی منیش ئەوەیە، ئەو سیٚ هۆکارانە ببنە هۆکارێك بۆ فەقەرەی دووەم و چوارەم، ئەگەر پەرلەمان حەلی ئەو ئەنجومەنانە بکات، لازمە هۆکارێك لەو هۆکارانە هەبێت، یانیش ئەگەر مەجلسی پارێزگا بێت ئەنجومەنێکی ئەدناتر حەل بکات، لازمە هۆکارێك لەو هۆکارانە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (20) لەقانونی عێراقی لە بڕگەی یەك دەڵێت( حل المجلس والمجالس المحلية بألاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس بناء على طلب ثلث اعضائه) واتە ئەنجومەنی پارێزگا ئەو ئەنجومەنانە حەل ئەکات، لەسەر داواکاری (3/1)ی ئەندامان، لە حاڵەتی دووەم، کە باس ئەکات،( مجلس المحافظة حل المجالس المحلية بناء على طلب القائمقام و مدير الناحية) یەعنی لەهەردوو حاڵەتدا، مەجلسی پارێزگا حەلی ئەو مەجلسانە ئەکات، لەحاڵەتی یەکەم، (بناء على طلب ثلث اعضائه)چ قەزا بێت چ ناحیە بێت، لە حاڵەتی دووەم، (بناء على طلب القائمقام و مدير الناحية)ئەو هەڵەی کەلێرەدا کراوە لە یاساکەی ئێمەدا، لە بڕگەی یەکەم دەبیٚ بڵێین( تحل المجلس والمجالس المحلية بألاغلبية المطلقة لعدد اعضاء مجلس المحافظة بناء على طلب ثلث اعضائه) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەقەناعەتی من ئەوەی لە یەکەم هاتووە، لەجێگای خۆیەتی، چونکە ئەگەر ئێمە سێیەکی ئەندامان بڵێین و هیچ ئەسبابێك دەستنیشان نەکەین، چۆن لێرە دوو لەسەر سێ دێنی وئەو وەختەش دوو لەسەر سێ پێویست دەکات، بۆیە بەقەناعەتی من ئەوە لەجێگای خۆی هاتووە، لە هەموو حاڵەتێکدا دوو لەسەر سێی ئەوێت، ئەگەر هاتوو ئەو هۆکارانە بنووسرێت یان نەنووسرێت، چونکە پێویستە ئەسبابی تر هەبێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئێمە دەڵێین دەبێ ئەنجومەنەکان شەخصیەتیان بدەینێ، دەسەڵاتیان بدەینێ، بتوانن چارەسەری وەزعی خۆیان بکەن، لەلایەکی تریشەوە ئەو حەقەیان لێ حجز بکەین، ئەوەش ڕەئی هەردوو لیژنەیە هی ناوخۆ و هی یاسایش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، کاك فرسەت، ئەوە تێکەڵاویەکی تێدا هەیە، حەتا ئەوە لەقانونی پارێزگای عێراقیش تێکەڵاویەکی تێدا هەیە، من مولاحەزاتەکانم کۆکردۆتەوە، ئەگەر پێتان باش بێت وای لێدەکەین، اولاً: تحل المجالس بأغلبية ثلثي عدد اعضائه. ئەوە یەك، ثانياً: للمجلس حل المجالس المحلية بأغلبية (3/2) ثلثي عدد اعضائه بناء على طلب من القائمقام بالنسبة للمجلس المحلي للقضاء او مدير الناحية بالنسبة للمجلس المحلي للناحية او ثلث اعضاء المجلس المحلي في الحالات التالية، یەعنی ئەو حەلە کەدراوە بە ئەنجومەنی پارێزگا، لەسەر داوای فلان و فلان، حەلی مەجلسی قایمقامیەت وئەنجومەنی ناحیەکە، یان لەسەر داوای سێیەکی ئەوانە، في الحالات التاليه:-

1- الاخلال الجسيم بالاعمال والمهام الموكلة اليه.

2- اذا كان بقائها مضرة بالمصلحة العامة.

3- اذا اصبحت عاجزة عن اداء مهامها.

بۆ سێیەم: وەکو خۆی ثالثاً: للمجالس المنحلة او لثلث اعضائها الاعتراض على قرار الحل امام المحكمة الادارية خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ صدوره وعلى المحكمة البت في الاعتراض خلال ثلاثون يوماً.

رابعاً: للبرلمان حل مجلس المحافظة بالأغلبية المطلقة بناء على طلب من مجلس الوزراء او طلب من ثلث عدد اعضائه اذا تحقق احد الاسباب المبينة في الفقرة(ثانياً) من هذه المادة.

خامساً: في حالة موافقة البرلمان على الاقتراح يتم الاعلان عن موعد اجراء انتخاب المجلس الجديد خلال مدة ستين يوما من تاريخ الموافقة من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

کاك دکتۆر کەمال مولاحەزەیەکی بچووکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم، بڕگەی یەکەم، کە ئەڵێت دوو لەسەر سێ حەلی خۆی ئەکات، باشە ئیقتراح بۆ حەل بوونەکە کێ ئەیکات، ئەمە زۆر باش هاتووە، سێ یەکی ئەندامانی ئەنجومەنەکە، پێشنیار ئەکات ئەڵێت ئێمە باش ئیش ناکەین، مەشاکیلمان هەیە، موناقەشە ئەکرێت دوو لەسەر سێی ئەندامەکان، قبوڵ ئەکەن، ئەمە زۆر جوان هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا با باشتری بکەین، عەفوشم بکەن هەرچەندە، چەند ئەندامێکیش داوای قسەیان کردووە، لیژنەی قانونیش ڕازین، و قسەکەی کاك کەریمیش بە هەند وەردەگرین، اولاً: تحل المجالس بأغلبية ثلثي عدد اعضائها، مطلق بۆ وتی نەك بۆ ئەو ئەسبابانە، ئایا ناڕازین یان ئینسجامیان نیە، حکومەت شتیان بۆ جێبەجێ ناکات، ئەو حەقە وەکو مافێك دوو لەسەر سێ، ئێمەش حەقمان هەیە، بێین لێرە دابنیشین پەرلەمان حەل بکەین، ئەویش مەجلسی محەلیە، بۆی هەبێت و ئەسبابەکەش دیاری دەکات، ئەوەی تر، بەهۆی ئیخلال کە زەرەر بگەیەنێت بە ناحیەکەو بەقەزاکە، یان نەیتوانیبێ بە ئیشوکارەکانی هەستێت، دەسەڵاتەکە بدرێت بە ئەنجومەنی پارێزگا، ثانیاً: للمجلس حل المجالس المحلية بأغلبية (3/2) ثلثي عدد اعضائه بناء على طلب من القائمقام بالنسبة للمجلس المحلي للقضاء او مدير الناحية بالنسبة للمجلس المحلي للناحية. ئەوەی تر (او ثلث اعضاء المجلس المحلي) ئەمە شەتب بکرێت،( في الحالات التالية) ئەو سێ حاڵەتەیە کە باسم کرد.

1- الاخلال الجسيم بالاعمال والمهام الموكلة اليه.

2- اذا كان بقائها مضرة بالمصلحة العامة.

3- اذا اصبحت عاجزة عن اداء مهامها.

ثالثاً: للمجالس المنحلة او لثلث اعضائها الاعتراض على قرار الحل امام المحكمة الادارية خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ صدوره وعلى المحكمة البت في الاعتراض خلال ثلاثون يوماً ويكون قرارها باتاً.

رابعاً: للبرلمان حل مجلس المحافظة بالأغلبية المطلقة بناء على طلب من مجلس الوزراء او طلب من ثلث عدد اعضائه اذا تحقق احد الاسباب المبينة في الفقرة(ثانياً) من هذه المادة. ئێستا بەو شێوەیە، ئەوەی تر دەبێ پەرلەمان دیاری بکات لە ماوەی شەش ڕۆژدا، کە هەڵبژاردنی بۆ بکرێت، ئەگەر کەس نوقتەی نیزامی نیە، لەسەر ئەو خاڵانە ئەوە دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو ڤیان خان، نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی نوقتەی نیزامیەکەم لێرەدایە، لەلای من و لەلای زۆربەی ئەندامانیش، حەتمەن ئەو پرسیارە هەیە، لە خاڵی چوارەم، کە دەڵێت لەسەر داخوازی یەك لەسەر سێی ئەندامانی، من بەپشت ڕاستیەوە ئەو

قسەیە ئەكەم، یەك لەسەر سێی ئەندامان كەلێرەدا هاتووە، باسی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا ئەكات، نەك هی پەرلەمان، بەوەی كە لەخاڵی دووەمیش بەهەمان شێوە هاتووە، جەنابت چەند جار دووبارەت كردەوە، یەك لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، لێرەدا یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە تۆ تۆمەتبارمان دەكەیت، بەس عەرەبییەكە زۆر وازحە، (بناء علی طلب من ثلث عدد اعضائه)واتە پەرلەمان، مامۆستا كاكە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرەی یەكەم، (تحل المجالس) ئەوە باش نیە، بڵێین( للمجالس ان تحل نفسها) چونكە خۆی حەلەكە ئەكات، بۆیە ئەگەر وابنووسرێت جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان، دەتەوێت قسە بكەیت، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نازانم ڕەئی لیژنەی ناوخۆ چیە؟، چونكە ئێمە بە ئیتیفاق ئەوەمان داڕشتووە، هەر فەقەرەیەكیش قابیلی گۆڕانكارییە، بەڵام ئێمە وەكو لیژنەی یاسا، ڕەئیمان لەگەڵ فەقەرەكەیە وەكو خۆی، بەنیسبەت یەكەم، ئەوە وەكو خۆی بمێنێتەوە، وە سێ یەكی ئەندامانیش هەر لەناو مەتنی فەقەرەكە بێت، جگە لەوەش ئەگەر ئێمە وتمان(تحل المجالس بأغلبية ثلثي عدد اعضائه) ئەوە بەشێوەی موتڵەق دێت، چ ئەو ئەسبابانە بێت، چ ئەسبابی تریش بێت، ئەگەر ئەسبابەكە تەحدید بكرێت هەمووی دەگرێتەوە، لەلایەكی تر دەڵێت(1- الاخلال الجسیم بالاعمال والمهام الموكلة الیە) لەلایەكی تر ئەڵێت(2- اذا كان بقائها مضرة بالمصلحة العامة) ئەوی تریش (3- اذا اصبحت عاجزة عن اداء مهامها) یەعنی هیچ نیە نەیگرێتەوە بەڕاستی، تەحدید كردنیشی بەڕای ئێمە شتێكی زۆر باشە، پێویست ناكات ئێمە بە موهمەلی بیهێڵینەوە، وەكو ئەوانی تر با تەحدیدی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان، بۆ ئەوەی بگەین بەو نەتیجەیەو ئەو خیلافەش نەمێنێت، جەنابتان موسڕن لەسەر ئەوەی كە ئەو ڕستەیە لاببەن، بڵێن( تحل المجالس فی الحالات التالیە) مەڵێن (بأغلبیة ثلثي عدد اعضائه)باشە مەبدەئەكە بنووسن، لەم حاڵەتانە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەبێ نیسبەتەکە دیاری بکەین، باشە بە چ نسبەیەك تحل دەبێت، لە قانونی عێراقی بە زۆرینە هاتووە، ئێمە پێمان وابوو فلتەرەکە بە قوەت تر وبەهێز تر بێت، زۆرینە نەتوانێ وەکو دوو لەسەر سێ فلتەرەکە بە قوەت تر بکەین، بۆیە دەبێ نیسبەتەکە دیاری بکەین، کە بەچ ڕێژەیەك عەجەبا دەتوانێ حەلی مەجلس بکات، نەك ئەوەی جەنابت ئیشارەتت پێدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من ڕەئی خۆمە، ئەوەش قەراری پەرلەمانە، بەڵام ئەو صیغەی لێرەدا هاتووە، صیغەیەکی ناعەمەلیە، نامەنتقیشە، مەجلسێك دوو لەسەر سێی خۆی بڵێت من خۆم حەل ئەکەم، لەبەر ئەوەی مانەوەم زەرەری میللەتی تێدایە، ئەوە شتی وا نابێت لە دونیاشدا نیە، چونکە ئەوە هەموو حقوقێکی دەفەوتێت، هەر مافێکیشی هەبێت دەسووتێت، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کۆمەڵێك ئەندام ناومان نووسی تا موناقەشە بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل تۆ لەهەموو کەس زیاتر قسەت کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا قسەم داویتێ، کەچی ڕەخنە ئەگریت، باشە فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە قسەی من نیە، لە لامەرکەزییەی ئیداری لە فەرەنسا، لە ئیتالیا ولە مصریش، تێیدا نیە، مەجلس خۆی حەل بکات، ئەسبابی داوە، ئەسبابی موخالەفاتی جەسیمی قانونی یان دەستووری، یان موقەسر بوون لەکارەکانیان، ئەو کاتە کۆمەڵێك ئەسباب دراوە، لەسەر ئەو ئەساسانە لە فەرەنسا ئەنجومەنی وەزیران ئیلغا ئەکات و مەرسوومێك دەرئەکات، بەدیلیش ئەدۆزێتەوە ئەبێ لەماوەی دوو مانگدا، هەڵبژاردن بکرێت، لە ئیتالیا سەرۆکی وڵات دوای ئەوەی موناقەشە ئەکات، لەگەڵ لیژنەی پەرلەمانی کە تایبەتمەندە بە ئیداراتی مەحەلی، ئیلغای ئەکاتەوەو ماوەی سێ مانگ دیاری ئەکات، لەو ماوەیەدا، هەڵبژاردن بکرێت یان داوا ئەکات لەو ناوچەی کە مەجلیسە مەحەلیەکەی هەڵئەوەشێنێتەوە، خۆیان سێ کەس هەڵبژێرن لەماوەی سێ مانگدا، لە مصریش بەهەمان شێوەیە، ئەنجومەنی وەزیران ئیلغای ئیداراتی مەحەلی ئەکات، تۆ دوو سەبەب( حالة اخلال المجلس اخلالا جسيماً بواجباتە كالتقصير في رقابة المرافق المحلية، او تراخي في عقد الجلسات)ئەوە یەکەم: دووەمیش(حالة المخالفة الجسيمة للقانون)یەعنی لەهەموو دونیادا، نە حەلەکە پەرلەمان کردوویەتی نە خۆشی حەلەکەی کردووە، موخالەفاتی دەستووری، هی قانونی کارەکانی خۆی

ئەكات، ئەوكاتە یان ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆكی وڵات بەمەرسوومێك ئیلغای ئەكاتەوە، بەدیلیش دائەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا وابزانم قسەی زۆری لەسەر كرا، بەس من لێرەدا هەم وەك پێشنیارێك هەم وەك پرسیارێك دەیكەم، لێرەدا لەم قانونە لەسەر حەلكردنەكان، لە سێ مادده هاتووە، وەكو ماددەی ( 6-30-31)جا لێرەدا لەدوای ماددەی (31) تەقریبەن ئەتوانینن ئەگەر بكرێت كراوە بەدوو مادده، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەكان، ماددەی (31)بكرێت بە یەكەمی ئەم ماددەیە، ئەو كاتە مادام ناوی قەزاو ناحیەكانیش هاتووە بۆ حەل كردنیان، ئەتوانین ماددەی (31) شەتب بكەین، بكرێت بە یەكەمی ماددەی (30)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا موتەفقین لەسەر سەبەبەكان، ئەزانین ئەگەر سەبەب نەبێت ناتوانین ئەم مەجلیسانە حەل بكەین، بەس لێرەدا تەنها ئەوەیە كە دەبێت ڕێك بخرێت، خۆی موستەحیلە ئەنجومەن هەبێت بەخۆی خۆی حەل بكات، خۆی ئێمە لە شەرقی ئەوسەتدا دەژین، لە وڵاتانی رۆژئاواش شتی وا هەر نیە، كە خەڵك خۆی، خۆی حەل بكات، بڵێین ئەوان ئیتیفاقمان كرد و خۆمان حەل ئەكەین، باشە من مەبەستم ئەوەیە كە كێ تەحدیدی سەبەبەكان ئەكات، ئەبێ جیهەتێك لەدەرەوە بێت، بڵێت ئێوە موقەصرن، ئێوە فلان شتان كردووە، لەوانەیە بۆ یەكەمجار بێت من پشتیوانی لە ئیقتراحەكەی سەرۆكی پەرلەمان ئەكەم، بۆ ئەوەی بەو صیغەیە چاك بكرێت، ئیتر مەشاكیل نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەش گۆڕانكارییەكی گەورەیە، كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس قسەكانم كران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرەی چوارەم ویەکەم مـن قسـەم هەیـە، ئەگـەر بکرێـت، ئـەو سێ خاڵەی کـە دیـاری کـراوە، ببێتە فەقەرەی چوارەم، مەسەلەن مەجلسەکە خۆی ئەو هۆکارانە دیاری ناکات، وەك خۆشتان باستان کـرد، کە من واخرابم ونەمتوانیوە ئەدائی مەهامی خۆم بکەم، بۆیـە داوای حـەل ئەکـەم، کـە دێتـەلای پەرلـەمان ئەویش حەلی ئەوە ئەکات، کە ئەو سێ هۆکارەی سەرەوە،

1- الاخلال الجسیم بالاعمال والمهام الموكلة الیه.

2- اذا كان بقائها مضرة بالمصلحة العامة.

3- اذا اصـبحت عـاجزة عـن اداء مهامهـا. بۆیـە مـن پشـتیوانی پێشـنیارەکەی جـەنابت ئەکـەم، بـەو شـێوەیە پەرلەمان ئەتوانێ تەقیم بکات، ئەو ئەنجومەنە ئیشوکارەکانی چی بووە، لیژنەش هەبێت بۆ بەدواداچوونی زیـاتر تـەقیم کردنـی ئیشـوکارەکان، لەبـەر ئـەوەی ئەگـەر مەجلسـەکە خـۆی، خـۆی حـەل بکـات، ئـەوە موستەحیلاتە وهەرگیز شتی وانابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هۆکارەکانەوە، بڕگەی یەکەم ودووەم زۆر مەتاتین وتێکەڵن، بەس بڕگەی سێیەم، ئەڵێت، ئەگـەر نەیتوانی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەوە یاساییە، ئەوەش کاك شێروان ئاماژەی پێکرد، ئەگەر پێچەوانەی دەسـتوورو یاسـا کـاریکرد، ئـەو دوو بڕگەیـە زیـاتر دیـارن، بڕگـەی یەکـەم ودووەم مـەتاتین، پێشـنیاری بڕگەیەکی تریش ئەکەم، ئەگەر یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن دەستیان لەکار کێشایەوە، ئەوە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێم وایە، دانیشتنەکەمان دوا بخەین بۆ سەعات (5) ئەو فەقەرەیەش ڕاوێـژێکی بکـەین و صـیاغەیەکی بۆ بدۆزینەوە، لەبەر رۆشـنایی ئـەو موناقەشـاتانەی کـەکران، تـا سـەعات (5) بـەخواتان دەسـپێرم، کۆتـایی بەدانیشتنەکە دێنم.

**دوای پشوو**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، داوا لە لیژنەی یاسایی و ناوخۆ دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن، ئەگەر ئیجازەم بدەنێ ئێمە تەبعەن لە ماددەی سی كە بووە سی و یەك موناقەشەمان زۆر كرد، دواتر لە پاش ئەو پشووەی كە هەمان بوو، ئێستا رەئیەكی غالب گەلاڵە كراوە، دەیخوێنمەوە ئەگەر هینتان بوو دەیخەینە دەنگدانەوە.**

**المادة الحادية والثلاثون:**

**اولاً: تحل المجالس نفسها بأغلبية ثلثي اعضائها بناء على طلب ثلث الاعضاء.**

**ثانياً: للمجلس حل المجالس المحلية بأغلبية (3/2) ثلثي عدد اعضائه بناء على طلب من القائمقام بالنسبة للمجلس المحلي للقضاء او مدير الناحية بالنسبة للمجلس المحلي للناحية او ثلث اعضاء المجلس في احدى الحالات التالية:**

**1- الاخلال الجسيم بالاعمال والمهام الموكلة اليه.**

**2- اذا كان بقائها او بقائه مضرة بالمصلحة العامة.**

**3- اذا اصبح عاجزة عن اداء مهامه.**

**4- خرق الدستور ومخالفة القوانين.**

**ثالثاً: للمجالس المنحلة او لثلث اعضائها الاعتراض على قرار الحل امام المحكمة الادارية خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ صدوره وعلى المحكمة البت في الاعتراض خلال ثلاثون يوماً.**

**رابعاً: للبرلمان حل مجلس المحافظة بالأغلبية المطلقة بناء على طلب من مجلس الوزراء او طلب من ثلث عدد اعضائه اذا تحقق احد الاسباب الواردة في الفقرة (ثانياً) من هذه المادة.**

**خامساً: في حالة موافقة البرلمان على الاقتراح يتم الاعلان عن موعد اجراء انتخابات المجلس الجديد خلال مدة ستين يوما من تاريخ الموافقة من قبل رئاسة مجلس الوزراء.**

**بەڵێی كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە ئاگاداریمان لەو صیاغەیە نییە بەڕاستی، وەكو لیژنەی یاساش حەق وایە ئاگادار باین، بەلاّم ئێمەش كۆبوونەوەی خۆمان كردووەو رەئی خۆمان هەیە و تەبریراتی خۆشمان هەیە بەنیسبەت فەقەرەی یەك، ئێمە پێمانوایە تەبریراتەكانی ئێمەش مەنتیقیە، نامەنتیقی نییە، چونكە ئێمەش دەڵێین دەبێت ئەسبابی مەعلوم بێت، تەماشای قانونی شەعبی مصریشمان كردووە، بە هەمان شێوە ئەسبابی مەعلومە، ئەو**

مەنتیقەی کە بەیانی موناقەشەی لەسەر کرا لەسەر ئەساسی فەقەرەی یەکەم تەنها بمێنێتەوە، مەنتیقە ئەگەر بمێنێتەوە، ئەگەر نەمێنێتەوە، چونکە ئەسبابەکان هەبێت چۆن مەجلیس قەرار دەدا خۆی حەل بکات ئەسبابەکانیش دەبێت چۆن مەجلیس قەرار دەدا خۆی حەل بکات لە هەردوو حالەت ئەسباب قائیمە، هەردوو ئەسبابیش مەنتیقییە، دوا رەئیش رەئی ئێوەو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە، ئێمە ملکەچین بەنیسبەت هەر رەئیەکی پەرلەمان دەیداتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێنەوە موقتەرەحی خۆتان، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية والثلاثون:

اولاً: تحل المجالس نفسها بأغلبية ثلثي اعضائها بناء على طلب ثلث اعضائه في احدى الحالات الآتية:

1- مخالفة احكام الدستور والقوانين النافذة.

2- الاخلال الجسيم بالاعمال والمهام الموكلة اليه.

3- اذا كان بقائها مضرة بالمصلحة العامة.

4- اذا اصبحت عاجزة عن اداء مهامها.

ثانياً: للمجلس حل المجالس المحلية بأغلبية (3/2) ثلثي عدد اعضائه بناء على طلب من القائمقام بالنسبة للمجلس المحلي للقضاء او مدير الناحية بالنسبة للمجلس المحلي للناحية او ثلث اعضاء المجلس المحلي اذا تحقق احد الاسباب الواردة في الفقرة (اولاً) اعلاه.

ثالثاً: للمجالس المنحلة او لثلث اعضائها الاعتراض على قرار الحل امام المحكمة الادارية خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ صدوره وعلى المحكمة البت في الاعتراض خلال خمسة عشرة يوماً.

رابعاً: للبرلمان حل مجلس المحافظة بالأغلبية المطلقة بناء على طلب من مجلس الوزراء او طلب من ثلث عدد اعضائه اذا تحقق احد الاسباب المبينة في الفقرة (اولاً) من هذه المادة.

خامساً: في حالة صدور قرار بات بالحل يعلن مجلس الوزراء عن موعد اجراء انتخاب المجلس الجديد خلال مدة ستين يوما من تاريخ الحل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمانوایە پاش ئەوەی باش دیقەتماندا، پاش وەرگرتنی بۆچوونی برادەران، برگەی یەك بەڕاستی خەلەلی تێدایە، کە سەیری قانونی عێراقیشمان کرد هەمان خەلەلی تێدایە کە حالەتی دوو لەسەر سێ،

خۆی ئەو برِگەیە مەجالیس خۆی حەلی دەکات، کە دوو لەسەر سێی خۆی حەلی بکات، پێویستی بەو ئەسبابە ناکات، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ لەسەر ئەو پێشنیارەی سەرۆکایەتی رازین و سوپاس.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرقەکە زۆر گەورە نییە، یەك نوقتە هەیە من دەمەوێت شی بکەمەوە، لێرەدا کە ئیقتراحەکەی سەرۆکایەتی ئەوەیە حەلی مەجلیس بۆ خۆی حەقی خۆی هەیە حەلی بکاتن، مەبدەئەکە تەسبیت دەکەین، بەلاَم پێمانوایە ئەو ئەسبابانەی کەدانراوە ئیمکان نییە خۆی داوا بکاتن لەسەر ئەو ئەسبابەو ئیشارەت بەو ئەسبابانە بکاتن و خۆی حەلی بکات، رەنگە خۆی حەلی بکات لەبەر ئەسبابێکی تر، رەنگە نارازی بێتن لەسەر میزانیە، رەنگە نارازی بێتن لە دەسەلاَت، رەنگە نارازی بێتن لەسەر ئەوەی برنامجەکەی جێ بەجێ ناکرێت، بەلاَم ئەو ئەسبابانە دەبێت بدرێتە ئەنجومەنی پارێزگا ئەو هین بکاتن، یەعنی من پێموایە هەر کامەیان هین بکەین زۆر فەرقی نییە، فەرقێکی ئەوتۆی نییە، بەلَێ کاك شێروان.

**بەرِێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت باسی موازەنە دەکەیت، ئێمە دەلێین (الاخلال الجسیم بالاعمال والمهام الموکلة الیە)، مانای وا نییە هەر شتێك ئیختیصاصاتی بێت ئیخلالی پێ بکات (بما فیهم موازنە) حەقیشی هەیە، بۆیە ئێمە پێمانوایە فەقەرەکان فەقەراتی شاملن، هیچ حالَەتێك نییە شمولی نەکات، خاصەتەن ئەگەر بلێی (اذا اصبحت عاجزة عن اداء مهامها، اذا کان بقائها مضرة بالمصلحة العامة)، ئەمە زۆر خالَ دەگرێتەوە، خالَەکان فراوانن، یەعنی خالَ نییە لەوانە دەرباز بێت، زۆر سوپاس.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاخر فەرموو.

**بەرِێز اخر جمال انور:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە فەرقەکە زۆر نییە، ئیختیلافەکە زۆر نییە، چ ئەوەی جەنابتان هی سەرۆکایەتی، چ ئەوەی لیژنەی یاسایی، فەقەرە بە فەقەرە تەعدیل بکەین و دەنگی لەسەر بدەین و کۆتایی پێ بێنین، وابزانم خەلەلەکەی ئەوەندە نییە، سوپاس.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر فەرقێکی ئەوتۆ نییە، حەز دەکەن لەبەر ئەوەی موقتەرەحەکەی سەرۆکایەتی تازەترە، هەردووکتان بۆ هین دەکەم و دوایێ دەیخەمە دەنگدانەوە، موقتەرەحی سەرۆکایەتی ئەوەیە شەرحیشی دەکەم بە کوردی و بە عەرەبی (اولاً: تحل المجالس نفسها بأغلبیة ثلثي اعضائها بناء علی طلب ثلث الاعضاء) یەعنی مەجالیسی مەحلی بۆی هەیە، حەقی خۆیان هەیە خۆیان حەل بکەن بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان لەسەر داوای یەك لەسەر سێی، ئەوە مەبدەئێکە تەسبیتمان کردووە، سەرۆکایەتی پێیوایە ئەو مەبدەئە ئەوها تەسبیت

بکرێت، لیژنەی یاسایی پێیوایە ئەو مەبدەئە ئەوها تەسبیت بکرێتن بڵێتن لەو حاڵەتانەی خوارەوە، ئەو حالەتانەی خوارەوە ئەوەیە یەك، دوو، سێ، چوار:

(1- الاخلال الجسيم بالاعمال والمهام الموكلة اليه.

2- اذا كان بقائها او بقائه مضرة بالمصلحة العامة.

3- اذا اصبح عاجزة عن اداء مهامه.

4- خرق الدستور ومخالفة القوانين) فەرقەکە بۆ ئەوەی هێن بکەیت دەنگ دەدەن بزانن بۆچی دەنگ دەدەن، یەعنی مەبەستەکە چیە، فەرقەکە ئەوەیە، ئێمە دەڵێین مەبدەئی حەل کردنی خۆی هەبێت بۆ مەجلیسەکە، بەلأم ئەسبابەکە فەرق دەکاتن، مەسەلەن مەجلیسی موحافەزە کە بیەوێت مەجلیسی قەزا حەل بکاتن، مەجلیسی ناحیە حەل بکاتن، بۆ ئەو چوار ئەسبابە مەنتیقە، بەلأم یەکێك خۆی حەلی بکاتن بۆ ئەو چوار سەبەبە مەنتیق نییە، بۆیە دەڵێین ئەو چوار سەبەبە بدرێتە ئەسبابی موجیبەی مەجلیسی موحافەزە کە حەلی مەجلیسی قەزا دەکاتن، هی مەجلیسی ناحیە دەکات، هەرچی لیژنەی یاسایە ئەو مەبدەئە لەمێژە تەسبیت بکرێتن لەولاش تەسبیت بکرێتن، بۆ پەرلەمانیش تەسبیت بکرێتن، فەرقەکە لێرە ئەوەیە، ئەگەر رەئی لیژنەی قانونی لە فەقەرەی یەکەمدا ئەو چوار سەبەبە بێت، رەئی سەرۆکایەتی ئەوەیە لە دووەمدا تەسبیت بکرێتن، کە دەڵێین دەسەلأت بدرێتە مەجلیسی موحافەزە، بۆ ئەوەی حەلی مەجلیسی قەزاو مەجلیسی ناحیە بکاتن لەسەر داوای قائیمقام، یان مودیر ناحیە، یان یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی قائیمقامیەت و ئەنجومەنی ناحیە بە دوو لەسەر سێی هێنە لەو حالەتانەی خوارەوە:

(1- الاخلال الجسيم) ئەو چوار سەبەبەکە بخرێتە ئێرە، سێیەم خیلافی لەسەر نییە، ئەو مەجالیسانەی کە حەل دەکرێن حەقی ئیعتیرازیان هەیە لە ماوەی پازدە رۆژداو مەحکەمە قەراری بەت دەبێت سی رۆژە، بەلأم قەراری ئەو بەتەی هەردوولامان ئیقتیراحم ئەوەیە شەتب بکرێت (ويكون قرارها باتا) ئەوە پێویست ناکات بنووسرێت، چوارەمیش/ (للبرلمان حل مجلس المحافظة بالأغلبية المطلقة لعدد اعضائه) زیاد بکرێت، واتا (اعضاء البرلمان بناء على طلب من مجلس الوزراء او طلب من ثلث عدد اعضائه اذا تحقق احد الاسباب المبينة في الفقرة) ئەگەر موقتەرەحی لیژنەی یاسایی (اولاً)، موقتەرەحی سەرۆکایەتی فەقەرەی (ثانياً)، چونکە چوارەکەمان هێناوەتە خوارێ.

پێنجەم (في حالة موافقة البرلمان على الاقتراح يتم الاعلان عن موعد اجراء انتخابات المجلس الجديد خلال مدة ستين يوما من تاريخ الموافقة البرلمان) دەبێت وا بێت، (من تاريخ قرار البرلمان)، نەك (موافقه البرلمان)، چونکە مەجلیسی وزەرا موافەقەت ناکات ناردوویانە موقتەرەحێکە (من تاريخ قرار البرلمان) یان (من تاريخ مصادقة رئيس الاقليم على حل)، دەبێت وا بێتن (من تاريخ مصادقة رئيس الاقليم على حل)، چونکە رەئیسی ئیقلیم بۆی هەیە ئیعتیراز لەسەر قەراری پەرلەمان بداتن، لەبەر ئەوە دەبێت لێرە بنووسین (من تاريخ اصدار القرار)، ئینجا ئەوەتان بۆ وازیح بوو، موقتەرەحی سەرۆکایەتی تازەترە لە موقتەرەحی

لیژنەی یاسایی، لە لایەن لیژنەی ناوخۆ پشتگیری كراوە، موقتـەرەحی سـەرۆكایەتی دەخەمـە دەنگدانـەوە، كێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ ئـەوەی ئـەو دەڵێتن خوێندمـەوە، ئینتیبـاهی نـەكردووە كـاك عـەونی، صـیاغەكە عـەینی شـتە، كاكـە پـازدە رۆژ كەمـەو دەنگیشی بۆ درا، پازدە رۆژ كەمە، چونكە مەجلیسی موحافز قەرارە هەتا دەچێتن و شـكایەت دەكـات، ئـەوە دەنگی بۆ درا، بەس لە مـەوزوعی سـی رۆژەكـەی ئینتباهمـان نـەكرد بـوو، دەتـوانین ئـەو فەقەرەیـە ئەگـەر هینی هەبێتن دەیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەنگی بۆ درا، بەڵام عەدەدی مومتەنعین چەند بوو؟، چوار، پێنج چۆن دەبێت، درا چەند كەس لەگەڵدایە، چەند كەس لەگەڵدا نییە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ پێنج كەس دەنگیان هەڵگرت، دەتوانین بگەڕێینەوە، باشە جارێكی تـر دەنگـەكان دەژمێرێنـەوە كاكـە، ئەوەی كە موافەقە دەستی هەڵگرت بوو، موافیق بوو لەسەر موقتەرەحی سەرۆكایەتی تەغیر ناكرێتن، بەس بۆ ئەوەی بژمێرین، كێ موافیق بوو لەسەر موقتەرەحی سـەرۆكایەتی دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ فـەرموو، كـێ موعتەریزە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (13) دەنگ، بەزۆرینەی دەنگ موقتـەرەحی سـەرۆكایەتی وەرگـیرا، كـاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلە ئەوە نییە، بەس نوقتەیەك هەیە حەز دەكەم تەوزیحی بكەم مەقصەدیشم هیچ نییە، حـەز ناكـەم بـە نـەوعێكی دیكـە تەفسیر بكـرێتن بـەو حیسابەی بێـت هـەر موقتـەرەحێك سـەرۆكایەتی تەبـەنی بكـات دەڕوات، هـەر موقتـەرەحێك سـەرۆكایەتی تەبـەنی نـەكات نـاڕوات، ئیشـەكە وای لـێ دێـت بەڕاسـتی، ئینجا حەقیش نییە بەو شێوەیە بەڕێوە بچێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر بە بیری بێنمەوە چەند جار وا بووە سەرۆكایەتی ئیقتیراحـی كـردووە بـە قسـەی لیژنـەی یاساییتان كردووە، بە قسەی ئێمەتان نەكردووە، گلەییشمان نەكردووە، چونكە قەرار قەراری ئەندامانە، بـڕۆ مـاددەی سی و یەك، بۆتە سی و دوو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و دووەم:

دەشێ ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێییەکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان (قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیـە) لـە کـار لابـدرێن لەلایـەن ئەنجومـەنی پارێزگـای پەیوەندیـدار بـە زۆرینـەی دوو لەسـەر سـێی$3/2$ ژمـارەی ئەندامانی لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە ماددەی (شەشەم/ دووەم)ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية والثلاثون:

يجوز اقالـة عضـو المجالس المحليـة ورؤسـاء الوحـدات الأداريـة (القائمقـام ومـدير الناحيـة) مـن قبـل مجلـس المحافظة المعنية بأغلبية ثلثي عدد اعضائه للأسباب الواردة في المادة (السادسة/ ثانياً) من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆمان شەرح بکەن ماددەی شەشەم/دووەم چیە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت (ثانیا) لە ماددەی شەش بەو شـێوەیە (اقالـة رئـيس المجلس او نائبـه بنـاء علـى طلب ثلث عـدد اعضائه ويعتبر الرئيس أو نائبه مقالاً بموافقة $3/2$ ثلثي عدد اعضائه عند فقدانه احد شروط العضوية او تحقيق احد الاسباب الآتية:-

أ- عدم النزاهة او استغلال المنصب الوظيفي.

ب- التسبب في هدر المال العام.

ج- الاهمـال او التقصـير المتعمـد في اداء الواجـب)، هـەمان سـەبەبە بەنیسـبەت ئیقالـە کردنـی ئەنـدامانی ئەنجومەنی مەجالیسی ئەقزیەو نەواحی، لەبەر ئەوەی ماددەکە، هیچ ماددەیەك بەوە نەهاتووە، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو لێرە جێگای بکەینەوەو ئەو ماددەیە دابڕێژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە شتێکی تەبیعییە، ڤیان خان بۆ ئەوەی نەڵێی منی نەدیتوە.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کاتەش من قسەم کرد کە لە ماددەی شەش بووین، بەڵام دەنگی لەسەر درا، چونکە هەر دەمویست ئـەو خاڵەیە هەر لە یەك شـوێن دووبـارە بێتـەوە، لێـرەش ئەگـەر سـەیری مـاددەی سـی و یـەك بکـەین، سـەیری ماددەی سـی و دوو بکـەین هـەردووکیان بەنـدن بـە (انتهـاء العضـوية)، بۆیـە مـاددەی سـی و یـەك لـە خـاڵی دووەمی ماددەی سی و دوو دووبارە دەبێتەوە، دەتوانین هەردووکیان لەگەڵ یەك دەمجیان بکەین یـەك جـار بێتەوە، چونکە هەردووکیان بە هـەمان مـاددە گـرێ دراون بـە مـاددەی شـەش بڕگـەی دووەمـی بـۆ عـوزوی

مەجالیس، لێرە باسی مەجالیسی مەحەلی دەکات، لێرە باسی مەجلیسی موحافەزات بە تەنیا دەکات، پێویست بەو شتە ناکات، هەر یەك جار بۆ هەموو مەجالیسەکان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، لەبەر ئەوەی بە (یجوز) هاتووە، ماددەی قانونی جەوازی نابێت، وجوبی دەبێت، ئەوە یەك.

دوو/ ئەو حالەتانە عیلاج کراوە لە سێ ماددەی تردا، بەنیسبەت لە ماددەی نۆ (ثالثا) هاتووە (اقالة رئیس المجلس والقائمقام)، لە ماددەی دوازدە هاتووە ئیقالەی رەئیس و مودیر ناحیە کە رەئیسی وەحدەی ئیدارییە، بەنیسبەت ئەعزا لە ماددەی شەش هاتووە ئەو ئەسبابانەی کە جەنابی کاك شێروان خوێندیەوە، ئەو حالەتانە هەمووی لەو سێ ماددەیە عیلاج کراوە، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە زیادە، داوا دەکەم ئیلغا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا وەزارەتی ناوخۆ بووە بە یەك، فەترەیەکی دیکە ئینشائەڵلا پۆستەکان بەدل دەکرێت لە بەینی پارێزگاکاندا، بە رەئی من لەو کاتە وەزیری ناوخۆ لەگەڵ راوێژکار بکرێت، چونکە لەو کاتە ئێمە ئیشکالاتێکی لایەنی دروست دەبێت، نایەوێت فلان کەس قائیمقام بێت، یان مدیر ناحیە بێت، وەکو تەکەتولێك لەسەری دەنگی لەسەر دەدەن بۆ لابردنی، ئەگەر راوێژی وەزارەتی ناوخۆی تیا نەبێت، ئەوە لەوێ موشکیلە دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوە ڤیان خان ئیشارەتی پێدا سەببەبەکان فەرقن، بەنیسبەت ماددەی سی و یەك ماددەکە ئیقالەیە، ئەگەر هاتو ئەو ئەسبابانەی لە شەشەم/ ماددەی دوو تەوەفوری کرد، ئەمە یەك.

ئەوەی کە لە ماددەی سی و دوو هاتووە (ثانیا) ئەوە خاصە لە حالەتی فوقدانی شەرتی عوزویە، واتا ئیقالەکان فەرقی هەیە، ئەو فوقدانی شەرتی عوزوییە، ئەوی دیکەش نتائیجی پرسیارو وەڵامە، هەمان شت

بەنیسبەت بڕای بەڕێزم کاك ڕەشاد لەوێ ئەگەر مولاحەزە بکە پرسیارو وەڵام هاتووە، ئەگەر ئیقالە کردنەوە بەو ئەسبابانە، بەڵام عوزوی مەجلیسی تێدا نییە، لێرە ئێمە عوزوی مەجلیسمان داخیل کردوە، لە هەمان کاتدا مدیر عام و قائیمقاممان داخیل کردووە، ئەوە نەقصێك بوو پڕمان کردەوە، ئەوەی کە شێخ جەعفەر دەڵێت بەنیسبەت وەزیری ناوخۆ بەڕاستی ئەم مەسەلەیە عیلاقەی بە وەزیری ناوخۆ نییە، عیلاقەی بە مەوزوعی مەجالیس هەیە، ئەو دەسەڵاتە دراوەتە مەجالیس، وەزیری ناوخۆ چ عیلاقەی بە دانانی موحافز هەیە، چ عیلاقەی بە دانانی قائیمقام هەیە، چ عیلاقەی بە دانانی مودیر ناحیە هەیە، بەڵام ڕەنگە موڕاسەلاتی ڕەسمی بۆ ڕاگەیاندنی ئەو مەسەلانە لە ڕێگای وەزیری داخلیەوە بەرەو ئەنجومەنی وەزیران دەڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنیا لە ناحیەی صیاغەوە، ئەگەر پێتان باش بێتن چاکی بکەن (يجوز اقالة عضو المجالس المحلية ورؤساء الوحدات الأدارية (القائمقام ومدير الناحية) من قبل مجلس المحافظة المعنية بأغلبية ثلثي عدد اعضائه للأسباب الواردة في الفقرة الثانية من هذه المادة)، نەك (في المادة السادسة)، (في الفقرة الثانية من المادة السادسة من هذا القانون)، سارا خان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەی سی و یەك نابێت لە ژێر ناونیشانی (حل المجالس)دا بێت، چونکە ئیقالە یەك عوزوە، یان دوانن، نەك حەلی مەجلیسەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان جوابتان بۆ ئەو نوقتە نیزامیە چیە؟ ڕەبتێکی هەیە، نەك لەسەر عینوانەکەی، بەڵام ڕەبتێکی هەیە، هەر مەوزوعی ئیقالەیەو مەوزوعی حەلەو هین و ئەوانەیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکاریانەی کە گوتمان، فەرموو کاکە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئیقالەیە بۆ وەحداتی ئیداری قائیمقام و مدیر ناحیەیە، ئەی ئەگەر عوزوی مەجلیسەکە عوزوی مەجلیسی موحافزە بوو، چی؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عیلاج کراوە، کەی شروتی ئەندامیەتی فەقد کرد، مەجلیس خۆی بە عەینی ئالیەت لایدەباتن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکارییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئەو نوقتە نیزامیەی کاك محەمەد، نوقتەی نیزامی نەبوو، چونکە ڕەبتی بەو ماددەیەوە نییە، لە تەصویتیش ڕایگرتین، داوای لێبووردن دەکەم،

تەصویتیشت راگرت ڕەبتی بەو ماددەیەوە نەبوو نیهائییەن، مولاحەزەکەت باشە، بەلاّم ڕەبتی پێوە نەبوو، تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی)

ماددەی سی و سێ:

یەکەم: ئەندامیەتی لە ئەنجومەنەکان لەم بارانەی خوارەوە کۆتایی دێ:

1. تەواو بوونی ماوەی خولی هەڵبژاردن.

2. مردنی ئەندام.

3. تووشبوونی بە ناتەواوی، یان نەخۆشیەکی ترسناك کە نەیەڵێ بەردەوام بێ لەسەر کارەکەی بەپێی بڕیارێك کە لە لیژنەی پزیشکی تایبەتمەندەوە دەرچووبێ.

4. وازهێنانی ئەندام دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەن بەزۆرینەی ژمارەی دەنگی ئەندامانی.

5. لادانی ئەندام لەسەرکارەکەی بەهۆی ئامادە نەبوونی لە پێنج دانیشتنی یەك لەدوای یەکی ئەنجومەن، یاخود ئامادە نەبوونی لە چواریەکی ژمارەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە شێوەیەکی پچڕپچڕ لە ماوەی چوار مانگدا بەبێ عوزری ڕەوا.

دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە ئەندامیەت کۆتایی پێبینێ بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی لە کاتی لە دەستدانی ئەندام لە یەکێك لەمەرجەکانی ئەندامیەتی، یان یەکێك لە هۆیەکانی ماددەی (شەشەم/دووەم)ی ئەم یاسایەی لێهاتە جێ.

سێیەم: ئەندامی ئەنجومەن بۆی هەیە تانووت لە بڕیاری کۆتایی پێهێنانی ئەندامیەتی لەبەردەم دادگای کارگێریی تایبەت لە هەرێم بدات، بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان - عیراق ژمارە (14)ی ساڵی 2008.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالثاً: انتهاء العضوية

المادة الثالثة والثلاثون:

اولاً: تنتهي العضوية في المجالس في الحالات التالية:

1- انتهاء مدة الدورة الأنتخابية.

2- وفاة العضو.

3- اصابته بعجز او مرض خطير يمنعه من الأستمرار في عمله بناءاً على قرار صادر من لجنة طبية مختصة.

4- استقالة العضو بعد موافقة المجلس بأغلبية عدد أعضائه.

5- اقالة العضو بسبب عدم حضوره خمس جلسات متتالية او غيابه ربع عدد جلسات المجلس خلال مدة أربعة أشهر دون عذر مشروع.

ثانياً: للمجلس انهاء العضوية بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه في حالة فقدان العضو لشرط من شروط العضوية او تحقق احد الاسباب الواردة في المادة (السادسة/ ثانياً) من هذا القانون.

ثالثاً: لعضو المجلس الطعن بقرار انهاء العضوية امام المحكمة الادارية المختصة في الاقليم وفق احكام قانون مجلس الشورى لأقليم كوردستان - العراق رقم 14 لسنة 2008.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەس ئەوەی بـرای بـەڕێزم كـاك محەمـەد فـەرەج ئیشارەتی پێدا، لێرە لە (ثانيا) زۆر بە وازیحی هاتووە، بە منی گوت هەر مومكینە دەڵێی دێت، منیش گوتم بەڵێ دێت، فیعلەن دەڵێت (للمجلس انهاء العضوية بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه في حالة فقدان العضو لشرط من شروط العضوية او تحقق احد الاسباب الواردة في المادة (السادسة/ ثانياً) من هذا القانون)، بۆیە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك شت ئەگەر عیلاج بكەن كاك شێروان تەعنەكە، ئەگەر فەقەرەی یەك و دوو بێت، ئەوە بۆی لە تەعنە حەقی نییە شكایەت بكاتن مودەی تەواو بێت بچێت شكایەت بكات، یان وەفاتی كرد بێت، ئیستیقالەش، لە چوار حالەتەدا هین نییە، دەبێت بڵێین (لعضو المجلس الطعن بقرار انهاء العضوية المستند الى الفقرات (3 و5) من اولاً من هذه المادة)، ئەو فەقەراتانەی كە بۆی هەیە، ئیشارەتی پێ بكرێت (لعضو المجلس الطعن بقرار انهاء العضوية المستند الى الفقرات (3 و5) من اولاً من هذه المادة)، یەعنی سێ و پێنج و (ثانياً) ئەوانە ئیزافە بكەن، ئەو فەقەرەیە گۆڕا، كێ دەیەوێت قسە بكات ناوی دەنووسم، دكتۆرە هالە.

**بەڕێز د.هاله سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە (3- اصابته بعجز او مرض خطير)، (خطير)ەكە زیادە، (3- اصابته بعجز او مرض يمنعه من الأستمرار)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەی منیش لەسەر بڕگەی سێیە كاتێك تووشی بارێكی نائاسایی دەبێت، یان نەخۆشیەك، تەواوی بكەین بڵێین (پاشان خانەنشین بكرێت)، چونكە ئەوە لە ماددەی نۆزدە بۆ پارێزگار بە هەمان شێوە هات،

كە حاڵەتی تەندروستی تەواو نییە، هاتووە بە تـەعبیری خانەنشـین دەكرێـت، چـونكە ئەنـدامی ئەنجومـەن موكافەئەی هەیە، ئەگەر ئێمە تەحدیدی نەكەین خانەنشین دەكرێت كە توانای كاری نەماوە، توانای ئیشـی نەماوە، لێرە دیاری بكرێت خانەنشین بكرێت شتێكی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە مەرجی تریش زیاد بكرێت بۆ لە دەستدانی ئەندامیـەتی، ئەگـەر لـە ئەسـنای ئـەوەی یـەكێك ئەندامـە تـاوانێكی جینایـەتی كـرد، یـەعنی ئـەوەش حەقـە وەكـو مـەرجێك زیـاد بكرێـت، تـاوانێكی كـرد، جینایەتێكی كرد، پیاوێكی كوشت، یەعنی ئینسان موعەرەزە بۆ ئەوەی غەڵەتێك بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت یەكەم فەقەرەی پێنج دەڵێت (اقالة العضو بسـبب عـدم حضـوره خمـس جلسـات متتالیـة)، ئـەوە مەعقولە ( او غیابـە ربـع عـدد جلسـات)، ئێمـە نـازانین جەلەسـاتی دەوری چـەندە؟ ئەگـەر لـەماوەی چـوار مانگ، ئەگەر چـوار جەلسـەی كـرد بـوو لـە یـەكێكی نـەهات، مانـای وایـە دەربكرێـت، ئیقالـە بكرێـت، ئـەوە شتێكی مەعقولیش نییە وابزانم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عـەینی مولاحـەزەی مامۆسـتا كاكـەم هەیـە، بـەس یـەك پرسـیارم هەیـە لـە لیژنـەی یاسـایی، باشـە ئـەم مەجالیسانە مانگی چەند جار كۆ دەبنـەوە؟ ئەگـەر پێـنج جەلسە یـەك لـە دوای یـەك نـەهات، مـن ئـەوەی ئاگادارم هەموو رۆژێك دەبێت دەوام بكەن، ئـەی لـە مانگێكدا چـەند جـار كـۆ دەبنـەوە؟ حـەزم كـرد ئـەو پرسیارە وەڵامم بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی بیرو بۆچوونەکەی کاك عبدالرحمن دەکەم، بەڕاستی ئەندامێکی ئەو ئەنجومەنە کاتێك کە نەخۆش دەکەوێت بەدەست خۆی نییە، داوای نەکردووە نەخۆش بکەوێت، ئەمە کارەساتێکە هاتووە بەسەریدا، لەبەر ئەوە مافی خۆیەتی خانەنشین بکرێت، نەك لابرێت ئەندامیەتی لێ بسەندرێتەوە، لێرە بکرێت بە خانەنشین.

سەبارەت بە خاڵی پێنجەم، بەڕاستی ئەگەر ئەندامێك پێنج کۆبوونەوەی لەسەر یەك ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن نەبێت، مانای وایە ئەو ئەندامە بڕیاری داوە کە کار نەکات، لەبەر ئەوەی پێنج کۆبوونەوە زۆر زۆرە، بۆیە کەمتر بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی سی و دوو پێشتر ئیقالە بە ئەغلەبیەی (ثلثي)مان دانا، لێرە بە سەبەب عەینی ئەسباب ئەغلەبیەی موتلەقە هەیە، یەعنی ئەو ئیشکالە هەیە، ئینجا چاکی بکەین لەوێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا، ئێمە لە تەعاریفەکاندا مەجلیس هەیەو مەجالیسیش هەیە، لێرە کە دەڵێی (انتهاء العضوية في المجالس)، ئایا مەجلیسیش دەگرێتەوە؟ مەجلیسی موحافەزە؟ یان نا؟ پێویستە هەردووکی زیکر بکرێت، یەعنی ئەو تێکەڵاوییە لە ماددەکانی تریش پەیدا بووە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی دووەمەوە (وفاة العضو)، ئایا ئەگەر هاتو عوزویەك وەفات بکات، فەرمانبەر نەبوو بێت؟ تەقاعودی دەدرێت بە ماڵ و منداڵەکەی؟ ئایا هیچ شتێك بۆ ماڵ و منداڵەکەی دەمێنێتەوە؟ یان هەروا وەفات دەکات و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من پێش ئەوەی قسە بدەمە لیژنەی یاسایی، تەعلیقێك لەسەر ئەو داوایەی كە كرایە نەخۆش حەقی تەقاعودی هەبێت، دوو ئیشكالت لە پێشە یەكێكیان تۆ ئەو حەقەت نەداوەتە ئەو كەسەی ڕەنگە سێ ساڵی تر خزمەت بكاتن دەگەڕێتەوە، ئەگەر فەرمانبەر بێتن حەقی تەقاعودی هەیە بەپێی ئەو وەزیفەیەی كە هەیەتی، بەپێی ئەو حیساب كردنەی ئەو خزمەتەی لێرەی هەیە، ئەو شەش مانگ ئەوەشی دەدەیتێ.

دووەمین/ ئەگەر ئەوە داخیل بكەین، مانای وایە ئەندامانی مەجلیس ئەوە ئیتیهام نییە، ڕەنگە شەش مانگ تەقریرێكی توبی بێنێت، بۆ ئەوەی ئەو خانەنشینە وەربگرێتن، تەناقوز دروست دەبێتن، خەلەلێكی هین دەبێت، فەرموو كاك شێروان وەڵامیان بدەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوەی دكتۆرە شوكریە مەجالیس چەند كۆبوونەوە دەكات، بەڕاستی ئێمە لەو قانونە دەسەلأتمان داوە كە پەیڕەوێكی ناوخۆ دابنرێت و چۆنیەتی بەڕێوە چوونی ئیش وكاری مەجلیس لەناو ئەو پەیڕەوە دیاری بكرێت، ئەوەی ئێستا لە ئارادا هەیە بەنیسبەت ئەو مجالیسەی موحافەزات كە ئێستا قائیمە، نیهائیەن بە قیاسی وەرناگرم كە چەند كۆبوونەوەیان كردووە؟ یان نەیانكردووە؟ ڕەنگە هەندێكیش زۆریان كرد بێت، هەندێكیش كۆبوونەوەیەكی كەمیان كرد بێت، ئەوە بەنیسبەت پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان تەنزیم بكەن چۆن كۆبوونەوە دەكەن، مانگێ جارێك دەكەن، یان دوو جار دەكەن، ئەوانە هەمووی لە پێڕەوی ناوخۆ دێتە خوارێ.

سەبارەت بە مولاحەزەكەی مامۆستا كاكە، من نازانم پێموایە نەصەكە لەجێیەتی، هیچ قوصورێكی نییە، عەدا روبع عەدەدی جەلساتی هەڵبگرین، ئەگەر پێتان باش بێت، پێنج جەلساتی موتەتالی، یەعنی سێ جەلساتی موتەقەتیع و پێنج جەلساتی موتەتالیە، ئەگەر ئەوە بكەین باشە وەكو پەرلەمانی لێ بكەین بزەبت، من هەر ئەوەندە مولاحەزەم هەیە، نازانم كاك سەردار چ مولاحەزەی تری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی دكتۆرە هالە باسی كرد، ئەوە زۆر ڕاستە، خەتیرەكە زیادە، ئەوەی كاك خەلیل باسی كرد لێرە لە (ثانیاً) ئەوە فوقدانی شروتە، واتا فوقدانی شروت تەنها لەوانەیە پێویستی بە ئەغلەبیەی موتڵەقە بێت، كەچی لە ماددەی سی و یەك مەجلیسی موحافەزە ئیقالەی ئەندامانی مەجالیسی دیكە دەكات، قائیمقام و مودیر ناحیە دەكات، بۆیە لێرە كەمێك زەحمەت تر كراوەو قورستر كراوە، كراوەتە (ثلثي اعضاء المجلس)، ئەوەی چرۆ خانیش باسی كرد، بەڕاستی لێرە (ثالثاً) باسی ئینتیهای عوزویە دەكرێت، نەك باسی حقوق و ئیمتیاز، بۆیە لێرە عیلاج نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك جەمالیش ئیشارەتی پێدا، بەڕاستی کە دەڵێی مەجالیس هەمووی شمول دەکات، مەجلیسی موحافەزەو مەجلیسی قەزاو مەجلیسی ناحیە شمول دەکات، لە سەرەتای ماددەکەدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەوەی جێگای مولاحەزەیە دکتۆرە هالە باسی ئەوەی کرد لە سێیەم (مرض خطیر) خەتیرەکە زیادە راستە، پێویست ناکات مادام نەخۆشەکە ناهێڵێتن بە ئیشەکەی هەڵبستێت، یەعنی خەتیرە، ئەگەر تۆزێك لەسەر پێنجەم مامۆستا کاکە باسی کرد (اقالة العضو بسبب عدم حضوره خمس جلسات متتالیة او غیابە ربع عدد جلسات) خۆی رەنگە روبع عەدەدی جەلسات پێنجەکە نەبێتن کە لەوێ هینت کردووە بەڕاستی، لە نیهایەتی چواردەوە ئەوان خۆ فەسڵی دەوریشیان نییە، وەکو پەرلەمان هەیانە چوار مانگە، یەعنی نازانم ئەگەر بمێنێت، بەلاَم روبعەکە زۆر کەمە، مولاحەزەکەی مامۆستا کاکەی بەو شێوەیە موعالەجەی بکەین خۆ نازانی ئەوان دەورەیان چەندە؟ بڵێین (ثلث عدد جلسات المجلس خلال اربع اشهر)، یەعنی پاش چوار مانگەکە، یەکێك ئەگەر سێیەکی ئەو کۆبوونەوانە حازر نەبوو بێتن لەو چوار مانگەدا بەبێ عوزری مەشروع حەقی ئیقالەی هەبێتن، بەڵێ مامۆستا کاکە ئەو ئیقتیراحە هی خۆتە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێت ئەو (ثلث)ە بەلای کەمی پێنج جەلسە پتر بێت، ئایا پێی دەکرێت بەو (ثلث)ی پێنج دەربچێت؟ شەرت نییە، جا لەبەر ئەوەی ئەوە هەر نەمێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بە چوار مانگ پێنج جەلسەیان نەبێتن، یەعنی مەجلیسەکە چۆنە، باشە دەیکەینە (ثمانیة جلسات متفریقة خلال اربعة اشهر) باشە، کەواتە ماددەکە بەو شکلەی لێ دێت خەتیرەکە لادەچێت، لێرەش دەبێتە (ثمانیة جلسات متفرقة خلال اربعة اشهر)، فەقەرەکەی تریش (لعضو المجلس الطعن بقرار انهاء العضویة المستند الی ثانیا من هذه المادة والی الفقرات (3 و5) من اولاً من هذه المادة)، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ئەحکامی خیتامی.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی شەشەم**

**حوکمە کۆتاییەکان**

**ماددەی سی و چوار:**

ئەنجومـەن بـۆی هەیـە نەخشـەی دیـزاینی بنـەڕەتی پەسـند بکـات، یـان دووبـارە دیـزاین کردنـەوەی یەکـە کارگێڕییەکان لە پارێزگادا بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل السادس**

**الاحكام الختامية**

المادة الرابعة والثلاثون:

للمجلس المصادقة على خريطة التصميم الأساسي أو إعادة التصميم للوحدات الأدارية في المحافظة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ماددەیەکی تەبیعییە، هیچ هینێکی نییە، کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە عیلاقەی بە ئەنجومەنی شارەوانییەوە نییە؟ پرسیارێکە لە لیژنەی یاسایی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەقریبەن ئەوانە جێی ئەنجومەنی شـارەوانیش دەگرنـەوە، چـونکە رەئیسـی ئەنجومـەنی شـارەوانی دەبێتـە ئەندام لەو مەجلیسە، لەبەر ئەوە تەبیعییە، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جیهـەی تەصـمیمی، ئیختیصاصـی وەزارەتـی شـارەوانییە، بەڕێوەبەرایەتیـەکی گشـتی هەیـە مەسـئوولە لـە تەصامیم هی هەموو وەحداتی ئیداری، هی هەموو وەحداتی سەکەنی، ئینجا ئێمە وای بە باش دەزانین بەو شـێوەیە بنووسـرێتەوە (للمجلـس المصـادقة علـى خاريطـة التصـاميم الأساسـية أو اقـتراح تعديلـها للوحـدات الأدارية في المحافظة)، ئیقتیراح بکات بە خۆی ناتوانێت سەلاّحیەتی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەوە فەقـەرەی یـەك ئیعتیـادی هـاتووە، بـەلاّم (اقـتراح اعـادە التصـميم) ئـەوە باشـە، هـەر خۆشـی باشـتر دەگونجێت، وا نییە کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی تەصامیمی ئەساسی و تەعدیلاتی و ئیعادەی تەصامیم و وەحداتی ئیداری لە لایەن وەزارەتەوە دەدرێت، تەواوە، بەلاَم ئەوەی کە هەیە بەنیسبەت مەجلیس کە مەجلیسی موحافزە تەنها موصادەقەی لەسەر دەکات، بۆ ئەوەی ئاگادار بێت لەو تەعدیلاتەی کە بەنیسبەت تەصامیمی ئەساسی کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی مەقصدەکە لێرەیە کە موصادەقە لەسەر خەریتەی تەصمیم و لەسەر ئیعادەی تەصمیم و وەحدات کە لەولاوە هاتووە، ئەگەر وا بێتن تەواوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی سی و چوار کە بۆتە سی و پێنج.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و پێنج:

ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجومەنەکانی شارەوانی بۆ یەکە کارگێڕیەکان پێکدێنێ بە پێڕەوێکی تایبەتی کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة والثلاثون:

يُشكل مجلس المحافظة المجالس البلدية للوحدات الأدارية بنظام خاص يصدره مجلس الوزراء باقتراح من وزارة البلديات.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش ماددەیەکی تەبیعییە، دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم قانونە دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا ئەنجومەنی شارەوانییەکان لەناو شارو شارۆچکەکان نەمێنێت، کە بەپێی قانونێکی تایبەتی پەسند کراوە، ئەرکی ئەنجومەنی شارەوانییەکان زۆر جیاوازە لە ئەرکی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان، ئەم ئەنجومەنەش دەبێت لە لایەن خەڵکی شارو شارۆچکەکان

خۆیـان هەڵبـژێرن، چـونکە ئـەرکی تایبـەتی خۆیـان هەیـە لـە چوارچـێوەی شـارو شارۆچـکەکان، کەچـی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان تایبـەتن بـە هـەموو وەحـدەی ئیـداری، ئایـا پارێزگـا بێـت؟ ئایـا قـەزا بێـت؟ ئایـا ناحیـە بێـت؟ بەڕاسـتی مـن ئـەم ماددەیـە زۆر بـە خەتـەری دەزانم، زۆر بـە پێچـەوانەی ئـەو ئەنجومەنەیە تاکو ئێستاکە لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دروست بووە، توانیویەتی ئەرکی خـۆی زۆر بـە باشـی جێ بەجێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی پارێزگـا سـەر بـە وەزارەتـی ناوخۆیـە، ئەنجومـەنی شـارەوانیش سـەر بـە وەزارەتـی شـارەوانییە، یەعنی ئێستا تەزاروب نابێت لەنێوان دوو وەزارەت لەسەر ئەو مەسەلەیە، کێشە دروست نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە شـەرعیەتمان داوەتـە مـەجالیس لـە ناحیـەکان و لـە قـەزاکان چ ببـێتن، ئـەوە مەجلیسـی موحافـەزە، مەجلیسی شارەوانییەکان لە قەزاو ناحیەکان دروست ببێت، بە تەسەوری من باشتر دەبێت ئەگەر تەنسیق بێت لەگەڵ مەجلیسی مەحلی، یەعنی (یشکل مجلس المحافظات بالتنسیق مع المجلس المحلي المعني مجالس البلديات) ئیشەکە تەواوتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێروان جوابتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی برای بەڕێزم کاک دکتۆر نوری ئیشارەتی پێدا ئەو سیستەمە هەیـە، لـە سیسـتەمی عێراقـی کـۆنیش هەر هەیە، بەڵام ئەو سیستەمەی ئێستا هاتۆتە ئاراوە سیستەمێکی تازەیە، ئەمە لە لایەك.

لە لایەکی تریشەوە شارەوانی وەکو جیهازێکی خەدەمی دەمێنێتەوەو ئەرکـەکانی خـۆی جـێ بـەجێ دەکات، بـەڵام ناکرێـت ئێمـە بـۆ ئەنجومـەنی شـارەوانییەکان هەڵبـژاردنێك بکـەین، بـۆ ئەنجومـەنی پارێزگـا هەڵبژاردنێك بکەین، بۆ پەرلەمان هەڵبـژاردنێك بکـەین......... هتـد، بۆیـە مەبـدەئی تـەعین لێـرە هاتۆتـە گۆڕێ، مەبدەئی تەعینەکەش بەڕاستی بە تەنسیق دەبێت لەگەڵ وەزارات و ئیداراتی مەعنی.

بەنیسبەت دكتۆرە هالە، كە دەڵێت مومكینە تەعاروز هەبێت، ئەنجومەنی پارێزگاكان مومكینـە بـەگوێرەی ئەو یاسایە هاتووە رەبتی لەگەڵ پەرلەمانەوە هەیە، نەك لەگەڵ وەزارەتی داخلی.

بەنیسبەت كاك ئیحسانیش، من پێموایـە نەصـەكە لـە جێگـای خۆیـەتی، مەجلیسی موحافـەزە گـەورەترین مەجلیسە لەناو هەرێمدا، حـەق وایـە ئەوەنـدە دەسـەڵاتەی بـدەینێ، تـاكو بتوانێـت بـە تەنسیق و هاوكـاری لەگـەڵ ئەنجومـەنی قـەزاو ناحیـەكان تەشكیلی ئەنجومەنـەكانیان بكـات، بـە تەئكیـد ئـەوەش بـە تەنسیق دەبێت، یەكلایەنە نابێت، بەتایبەتی ئێمە ئەگەر تەماشای مـاددەی (سـی و چـوار) بكـەین دەڵـێین ئـەوە بـە نیزامێك تەنزیم دەكرێت لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری شارەوانی بـە ئەنجومـەنی پارێزگاكانـەوە ئەمانەی هەمووی خۆی لەو نیزامە دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خـۆی كـە وتـت مەجلیسی موحافـەزات هـەموو دەوائیرەكـان دەگرێتـەوە، چ موحافـەزات، چ شـارەوانییە، چ ناوخۆییە، چ پۆلیسە، تەندروستییە، چونكە هەمووی رەبتی هەیە، ئەو ماددەیـە دەخەمـە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر سی و پێنجە بۆتە سی و شەش.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و شەشەم:

ئەنجومەنە خۆجێیەكانی یەكە كارگێڕییەكان دەكەونە بەرچاودێری ئەنجومەنی نیشتمانی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة والثلاثون:

تخضع المجالس لرقابة البرلمان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی هاوبەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەڵام رەئیەك هەبوو لە لیژنەی قانونی، كە پێویسـتە ئێستا تەرحی بكەین، ئەویش ئەوە بوو، هەندێك لـە بـەڕێزانی هـەردوو لیژنـە پێیـان وا بـوو ئەسـڵەن ئـەو نەصەش نەشبێت موشكیلە نییە، چونكە بە ئەسڵ پەرلەمان هەر رەقابەی هەیە لەسەر ئەو دامودەزگایانە، هەبوون و نەبوونی ئەو نەصە چ ئیشكالیەتی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە تەحصیل حاصلە پەرلەمان رەقابەی هەیە لەسەر هینەكان، لەسەر هەموو شوێنەكان، لەبەر ئەوە لێرە هەبێت و نەبێت هین نییە، با ئیتیهام نەكرێین كە ئێمە دەسەڵاتمان كەم كردۆتەوە، كە شتێك بەدیهییە بە

ماددەیەك هین بكەین وەكو ئێمە دەسەڵاتی ئەنجومەنمان كەم كردۆتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە سەرۆكایەتی تەئیدی ئەو رەئیە دەكەین، كە ئەو ماددەیە زیادە لێرە، ئیقتیراح دەكەین ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت، فەرموو كاك رەشاد نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوو ساڵە موحاوەلە دەكەین رەقابەی موحافەزە، پەرلەمان بیكاتن، ئێستا لەو یاسایە زۆر باش هاتیە، هەموو ئیش و كار لەناو موحافەزەیە، پەرلەمان هیچ سوڵتەیەكی رەقابی نییە لەسەر مەجلیسی موحافەزە، ئێمە چەند ساڵە موحاوەلەمان دەكرد، ئەمە ئیلا دەبێت بەڕێگای وەزارەتی ناوخۆ بێت، زۆر باش هاتیە لە جێی خۆیەتی، داوا دەكەم لە جێی خۆی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر رەقابەتان نەكرد بێت، ئەوە خەلەلەكە لە قانوندا نییە، حەقی پەرلەمان هەیە رەقابەی هەموو شوێنێك بكاتن، خەتای قانون نییە، خەتای ئالیەتی پەرلەمانە، خەتای خۆمانە با بڵێین، من لەبەر ئەوە دەڵێم با نەڵێن خەڵك دەنگی پێ داوین و رەقابەیان لەوێیە حەلمان نەكرد، لەوێوە رەقابەمان دانە دەستی، لەبەر ئەوە موقتەرەحەكە، كە رەئیەك بووە لیژنەی یاسایی باسی كرد، ئێمەش پشتگیریمان كرد، كە ئەو ماددەیە زیادە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت تەحصیل حاصلە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (34) دەنگ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (36) دەنگ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا ئەو ماددەیە دەمێنێتەوە، كاك شێروان رەئیت چیە ئەو موقتەرەحە هی سەرۆكایەتی و سەرۆكی لیژنەی یاسا بوو پەرلەمان موافەقەتی لەسەر نەكرد، بەڵێ كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەوزیح هەر چەندە صیاغە عەرەبیەكە ئەساسە، بەلأم لە كوردیەكەی بە هەڵە هاتووە، دەڵێت (ئەنجومەن خۆجێیەكان)، خۆی ئەنجومەنەكانە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ماددەی دواتر كاكە، ماددەی سی و شەش كە بۆتە سی و حەوت.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و حەوتەم:

چۆنیەتی رۆیشتنی كار لە ئەنجومەنە خۆجێیەكان بەپێڕەوێك دیاری دەكرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة  السابعة والثلاثون:

يحدد بنظام كيفية سير العمل في المجالس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو ماددەیەمان پەسند کردووە، دەسەلاّتماندا بۆ دانانی پەیڕەوی ناوخۆ، پێموایە ئەو ماددە سی و شەشە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی قسە بکەیت لەگەڵ کاك فرسەت گوتمان ئەم ماددەیە هەم زیادە، هەم دیاری نەکراوە کێ دەیداتن؟ بۆیە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە بە شەتب کردنی ئەم ماددەیە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ ئیلغا کرا، ماددەی سی و حەوت وەکو خۆی فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و حەوتەم:

خولی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کە ئێستا هەنە درێژ دەکرێنەوە تاکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێم ئەنجام دەدرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة والثلاثون:

يحدد موعد انتخابات مجالس الوحدات الادارية في الاقليم ببيان تصدره رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە عەرەبیەکەی هاتووە تەواوە، دەڵێت (يحدد موعد انتخابات مجالس الوحدات الادارية في الاقليم ببيان تصدره رئاسة مجلس الوزراء)، ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ مولاحەزەمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ڕاستە قەرارێكی تەنفیزییە مەجلیسی وزەرا دەریدەكات، پێویستی بە پەرلەمان نییە، مەجلیسی وزەرا دەریدەكات و تەحدیدی ڕۆژی ئینتیخابات دەكات لەبەر ڕۆشنایی قانونی ئینتیخابات، كە پرۆژەكەمان خوێندەوە لەمەودوا هین دەكەین، ئەو قانونی ئینتیخاباتە ئەوەی داناوە، دوایێ هینی دەكەین، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشی ئەوەی بچینە ماددەی تر، ماددەیەكی ئیزافیمان هەیە بەپێویستی دەزانین لە زیمنی ئەحكامی خیتامی داخلی بكەن، ئەویش قانونی ژمارە (159)یە هی ساڵی 1961 و هەموار كردنەكەی، ئەوەش قانونی پارێزگاكانە، تەبعەن لە عێراق ئەو قانونە لەغو بووە، بەڵام پەسەند نەكراوە لەلایەن پەرلەمانەوە، بۆیە ئێمە وای بەباش ئەزانین كە بڕگەیەك بێتە خوارەوە، ئەقەلەن بڵێین (ایقاف نفاذ قانون المحافظات رقم ( 159 ) لسنة1969 وتعديلاته في اقليم كوردستان – العراق) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە زۆر ڕاستە، ئەو قسەی كەكردت ماددەیەكی ئەحكامی خیتامیە، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی كە خوێندیەوە، ئەویش ئەوەیە كە ماددەیەك ئیزافە بكرێت بە ڕاگرتنی ، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ، ئەو ماددەیە ئیزافە كرا، ئینجا ئەو ماددەی كە بەعەرەبی خوێندمانەوە كە دەڵێت (يحدد موعد انتخابات مجالس الوحدات الادارية في الاقليم ببيان تصدره رئاسة مجلس الوزراء) كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە، باشە كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا مولاحەزەیەكمان بۆ هاتووە، ئەڵێت قانونی ئیدارەی بەلەدیات ئیلغا بكەن، ئەم قانونە ئیلغا نابێت، ئێمە تەنها بەنیسبەت قانونی ئیدارەی بەلەدیات، ئەو تەعدیلەی كەكراوە پەیوەندی هەیە، بە ئەنجومەنی شارەوانیەكانەوە فەقەت، ئەویش لەوێ وەرگیراوەتەوە، لێرە دراوە بە ئەنجومەنی پارێزگا، ئەوی تر وەكو خۆی دەمێنێتەوە، لەلایەن شارەوانیەكانەوە جێبەجێ ئەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئێستا بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و نۆیەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة والثلاثون:

لايعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئیحسان، فەرموو پرسیاری هەیە.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت هەمیشە کە قانونێك دەردەکەین، ئەو جیهەتەی کە قانونەکە بۆ ئەوە، فەقەرەیەکی تایبەت هەیە، دەڵێت (بۆ ئەو جیهەتە هەیە، تەعلیمات دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە)، نازانم لێرە ئەو مافە بە ئەنجومەن دەدەین کە ئەو تەسهیلاتانە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەسەڵاتەیان پێ دراوە لە بیدایەتی ماددەکەش دانرا، وەك تەعلیمات و ئەنزیمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پەسەندیش کرا،

المادة التاسعة والثلاثون:

لايعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون. کە هەردوو لیژنەکەش پشتگیریان لێ کرد، فەرموو کاك خەلیل.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لیژنەی یاسایش باسم کرد، ئێمە تەوەجوه وایە، وای پێدەچێت کە ئەنجومەنی قەزاو ناحیە، دوادەکەون و دروست نابن بەمزوانە، ئێمە سەلاحیاتمان داونەتێ، بەبێ مومارەسەی ئەو سەلاحیاتانە، نەوعە نەقصێك یان فەراغێك دروست ئەبێت، من لەئەحکامی خیتامی، بەپێویستی ئەزانم ئیقتراحی ماددەیەك بکەین، بڵێین( يمارس مجلس المحافظة اختصاصات المجالس المحلية للاقضية والنواحي في حالة عدم تشكيلها) ئەگەر سەیری ئیختیصاصاتی هەردوو مەجلیس بکەین، دەزانن کە ئەم ئیختیصاصاتانە لازمە ئەنجومەنی پارێزگا مومارەسەیان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، ئێوە ڕەئیتان چیە؟، موافقن لەسەر ئەو ئیقتراحە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مولاحەزەیەکمان لەبرای بەڕێزم کاك فرست بۆ هات، کە لەزۆر قانون ئەوەمان پیادە کردووە، کاك فرست پێی وایە کە (لایعمل باي نص قانوني او قرار یتعارض مع احکام هذا القانون) ئەوە نەنووسریت باشترە، چونکە ئەو قانونە یەکەم شت: پاش قەوانینی تر دەرچووە، ئەوی تر ئەو قانونانەیە کە پاش ئەم دەردەچن، لەبەر ئەوە بۆ ڕاگرتنی بلاّنصەکە، ئەوەی تێدا نەبێت باشە، بەنیسبەت ئەوەی کاك خەلیل، بەڕاستی ئێمە حەق وایە بەنیسبەت قەزاو ناحیەکان، شەخصیەتیان نەتاوێنینەوە لە شەخصیەتی پارێزگادا، شەخصیەتی مەعنەویمان داوە بە ئەنجومەنی قەزاکان، هی ناحیەکان، بەهەمان شێوەی پارێزگاکان، یەعنی حەق نیە ئەو شەخصیەتە مەعنەویەیان لێ بسەنینەوە، ئیمڕۆ ئەگەر هەڵبژاردنی پارێزگا کرا، پاش ماوەیەکی تر هی قەزاو ناحیەکان کرا، ئەوە هیچ ئیشکالیەتی تێدا نیە، بەلاّم با قانونەکە دەستکاری نەکرێت، ئەو نەصەشی تێدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پشتگیری ڕەئیەکەی کاك شێروان ئەکەم، بە نەوعێکی تر، بە تەفسیرێکی تر، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر ئەنجومەنێك مەسەلەن پەرلەمانی کوردستان کە فەرزمان کرد نیە، باشە کێ مومارەسەی دەسەلاّتی پەرلەمانی کوردستان ئەکات، خۆ پەرلەمانی عێراق نایکات، سوڵتەی تەنفیزی ئەیکات، ئەنجومەنی وەزیران ئەیکات، ئەگەر پەرلەمان تەعتیل بوو، ئەوە ئەنجومەنی وەزیران ئەیکات، لەوێش ئێمە قەرارمان دا، کە ئەنجومەنێکی تەنفیزی لە وەحداتەکان دروست بکەین، قایمقامە، مودیری وەحداتە، ئەوان بەو ئیشانە هەڵدەستن، ئەگەر بیدەینە ڕەحمەتی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەوە بە کەیفی خۆی ئیش ئەکات، ئەنجومەنی قەزاکە و هی ناحیەکە، کەئەوان لەویّ ئیش ئەکەن، ئەزانن کە بەرژەوەندیان لەچیدایە، بەلاّم هەیئەی تەنفیزی کە قایمقامە، مودیری ناحیەیە، لەگەڵ سەرۆکی دائیرەکان، بەو ئیشە هەڵدەستن، ئەو موقتەرەحەش کەسی تر تەئیدی نەکرد تابیخەمە دەنگەوە، کەس هەیە، باشە کاك کەریمیش ئێستا ئەو موقتەرەحەی کاك خەلیل و کاك کەریم، کە دەڵێن، تاکو تەشکیلی ئەنجومەنی قەزاو ئەنجومەنی ناحیە ئەکرێت، ئەوە با ئەنجومەنی پارێزگا بە ئیشوکارەکانی ئەو دوو مەجلیسە هەستێت، کاك کەریمیش تەئیدی ئەکات، باشە کاك کەریم شەرحی ئەکات، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گریمـان قایمقـام ومـودیری ناحیـە هەڵنەبـژێردران، لەبـەر ئـەوەی بـەزوویی هەڵبـژاردن نـەکرا، لـە قـەزاو ناحیەدا، باشە ئەو کاتە ئەو دووانە لەلای کێیـەوە هەڵدەبـژێردرێن؟ ئـەو کاتـە دەبـێ تـەعین بکـرێن، بۆیـە ئەگەر سەلاحیەت درا، بە ئەنجومەنی پارێزگا ئەوە پڕدەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاخر، فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت قایمقام و مودیری ناحیـە، ئێستا لـە هـەموو قـەزا و ناحیـەکان قایمقـام و مـودیری ناحیـە هـەن ومەوجودن، بەنیسبەت عێراقیش شەش مانگ هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکان تەئجیل کرا، بەس هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاکـان کـرا، ئـەوەش لەوانەیـە کاتێـك تـەئجیل بکرێـت، هـەتاکو لەسـەر نەفسـی یاسـاو پێڕەوەکانی پێشوو کە هەن ئەڕۆن تا ئەم یاسایە تەواو ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر هەردووکتان یان یەکێکتان سەحبی ناکەن ئەوە دەیخەمە دەنگەوە، باشـە هـەردووکیان کـاك کـەریم و کاك خەلیل موسڕن لەسـەر موقتەرەحەکـەیان، لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی نـاوخۆش ئـەڵێن ئـەوە پێویسـت ناکات، ئێمەش پشتگیریمان کردن، بۆیە دەیخەمە دەنگـەوە، کـێ لەگـەڵ موقتەرەحەکـەی کـاك خلیـل و کـاك کەریمدایە؟ کە دەڵێن هەتاکو هەڵبژاردن ئەبێت لە قەزاو ناحیەکاندا، ئەنجومەنی پارێزگا بە ئیشوکارەکانی ئەوان هەستێت، کێی لەگەڵدایـە بادەسـتی بڵنـد بکـات تکایـە؟، 7کەسـی لەگەڵدایـە؟ فـەرموون کێـی لەگەڵـدا نیە؟، بەزۆرینە لەگەڵیدا نین، بۆیە سەری نەگرت، ئێستا ماددەی(لایعمل باي نص قانوني او قـرار يتعـارض مع احكام هذا القانون) کاك فرسەت ڕەئیەکی دابوو، کاك شێروان هیچ گۆڕانکاری کـرا، لەسـەر ئـەو ڕەئیـەی کاك فرسەت، کاك فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نەصە زۆر ڕاستە لەزۆربەی یاساکانی ئێمەدا هاتووە، بەس نەصەکە موتڵەق هاتووە، ناڵێت ئـەو قانونـە دەربچێت و موعارزی قانونی ئەصڵی بێت، سابق بێت یان لاحق بێت، یەعنی بەو مەفهومە ئەوە بەموتڵەقی هات، ئێمەش سبەی تەعدیلێك بخەینە سەر ئـەم قانونـە، ئـەو تەعدیلـە موتـەعارزە، لەگـەڵ ئـەم قانونـەدا، مانای وایە لازمە ئێمە تەعدیلەکە نەکەین، ئێمە قاعیدەیەکمان هەیە لەقانون، (الاحق ينسـخ السـابق)مـادام ئەو قاعیدەیە موستەقرە لەهەموو دونیادا، مەفروزە بـەڕەئی مـن بـا ئـەو نەصـەی تێـدا نـەبێت باشـترە، بـا لەدوای قاعیدەکە بچین باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین وەکو هەموو یاساکانی تر، ئەو ماددەیە هەبێت، لەبەرئەوە لەو ماددەیە باسی ئەوە ئەکات، ئەڵێت (لایعمل بای نص قانوني او قرار یتعارض مع احکام هذا القانون)، یەکەم: باشە ئەگەر ئەوەمان لابرد کە حاڵەتی تەعاروز هەبوو، ئەو کاتە کار بەکام یاسا ئەکرێت؟، دووەم: لێرەدا کە لیژنەی یاسایی پێشنیاریان کرد، ڕاگرتنی قانونی ژمارە(159)ی ساڵی 1969، کە چەندین یاسای تریش هەیە ئاماژەمان پێنەکردووە، (قانون المجلس المحلي رقم (25)لسنة 1995) ئەوەی کە کاتی ڕژێم دەرچووە، (قانون ادارة البلدیات رقم(165) لسنة 1964) ئەویش دەرچووە، لەگەڵ چەند قانونی تر، ئەوانە کاتێ کە تەعاروز دەکرێت بەکامیان ئیش ئەکرێت؟، بۆیە من پێم وایە ئەوە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهەرحاڵ ئەوە موفتەرەحی کاك فرسەتە، کاك شێروانیش تەئیدی ئەکات، بۆیە کێی لەگەڵدایە کە ئەو ماددەیە نەمێنێت، بادەستی بڵند بکات تکایە؟، 4 کەس فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە مایەوە، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چلەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاربعون:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم ئەوە ڕۆتینیە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دایە، بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چل ویەك :

ئەم یاسایە لە دەستپێکی خولی هەڵبژاردنی دادێی ئەنجومەنەکان جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بلاّودەکرێتەوە.

المادة الحادية والاربعون:

ينفذ هذا القانون ابتداء من الدورة الانتخابية المقبلة للمجالس وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رەشاد، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕستەیە وابزانم کەمێك نوقسانی هەیە، بۆیە دەبێ ئیشارەت بدرێت بە صدوری قانونەکە، (بعد صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر خۆی هەر صدور ئەکرێت، بەلاّم بۆ ئەوەی ئێستا جێبەجێ نەکرێت لەسەر ئەو ئەنجومەنە، (ينفذ هذا القانون ابتداء من تأريخ صدوره و من الدورة الانتخابية المقبلة) باشە کاك شێروان صیغەیەك بدۆزنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئێمە ئەڵێین ( وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)، مانای وایە تەنفیزەکەی لەو ڕۆژەوە ئەبێت کە لە جەریدەی(وقائع كوردستان) بلاّو دەبێتەوە، پاش ئیصدار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

صیغەکە باش هاتووە، کاك ڕەشاد، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ اسباب موجبە تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة

لغرض تنظيم اختصاصات وصلاحيات مجالس المحافظات وإداراتها في الاقليم وتطويرها ولتحقيق مبدأ اللامركزية في توزيع السلطات بهدف تسهيل وتحسين ايصال الخدمات العامة للمواطنين والمحافظة على حقوق ومصالح المجتمع، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا هەموو پرۆژەکە لەگەڵ (الاسباب الموجبة) دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەس کاک دکتۆر نوری تاڵەبانی موعتەریزە لەسەر قانونەکە، بەزۆرینەی دەنگ قبولکرا، زۆر سوپاس، سوپاسی هەمووتان دەکەم، بەتایبەتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، ماندووبوونێکی زۆرتان کێشاوە، ئەندامانی پەرلەمانیش بەهەموویانەوە، ئەو پرۆژەیان دەوڵەمەند کرد، هیوادارم کارێکی گرنگ بێت، بۆ پێشخستنی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەڕێوەبردنی، زیاد کردنی خزمەتگوزاری، چەسپاندنی دیموکراسیەت، لامەرکەزیەت، نەهێشتنی ڕۆتین، هەماهەنگی لەنێوان هەموو دەزگاکانی هەرێم، کۆبوونەوەی داهاتوومان ئاگادارتان دەکەینەوە، چونکە ئەوە پێویست ئەکات لەسەری ئیش بکەن، بەرنامەی داهاتوومان (پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆیە)، لەگەڵ هەر پرۆژەیەك کە ئامادە بوو، هەروەها (پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان) چونکە ئەو دوو پرۆژەیە ئەولەویەتی هەیە، کەی لیژنەکان کارەکانیان تەواو کرد، بانگهێشت دەکەین بۆ دانیشتن، کۆتایی بەدانیشتنەکە دێنم، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)**

**سێ شەممە ڕێكەوتی 5\ 5\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2009/5/5

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2009/5/5 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 5/ 2009/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1-ئامادەبوونی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ پێشكەش كردنی وتارێك سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی و راگەیاندنی رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان. دانیشتنەكەمان دەكەینەوە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان، ئامادەبوونی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، بۆ پێشكەشكردنی وتارێك سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی وڕاگەیاندنی ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، سەرەتا زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی جەنابی كاك (مسعود بارزانی) سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەكەین و هی وەفدی یاوەریشی، برایانی بەڕێز جێگری سەرۆكی حكومەت و وەزیرە بەڕێزەكان، برایانی بەڕێز كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان، هەروەها هەموو میوانە بەڕێزەكانیش، كەلەسەرەوە لەگەڵمان دانیشتوون، لێرەدا بەشدارن لەو دانیشتنەدا، زۆر بەخێربێن سەرچاوان، دیارە لەسەر داوای جەنابی سەرۆك، ئەم دانیشتنە تایبەتە ئەنجامدرا، بۆ ئەوەی لەبەردەم بەڕێزتان باسی وەزعی سیاسی بكات و هی ئەو قۆناغانەشی كەلەڕابردوودا پێیدا تێپەڕ بووین، چیش چاوەڕوان دەكرێت بۆ داهاتوو، هەروەها بۆ دیاری كردنی ڕۆژی هەڵبژاردن كە هەموو خەڵكی كوردستان چاوەڕوانی ئەوە دەكەن، كە ئەو ڕۆژە دیاری بكرێت لەلایەن جەنابیەوە، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كەپێی دراوە، داوا لەجەنابی دەكەم، كەبێت لەشوێنی پێشكەشكردنی وتارەكەی دابنیشێت، فەرموو.

**بەڕێز مسعود بارزانی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان)؛**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

خوشك و برایانی خۆشەویستی ئەندامانی پەرلەمان، برای خۆشەویستم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان، میوانە بەڕێزەکان، زۆر زۆر بەختەوەرم کە ئەم دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندم کەبێم جارێکی تر لە خزمەتتاندا باسی وەزعی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەگشتی بکەین، هەروەها خالّی هەرە گرنگ ئەوەیە وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕابگەینین، پێشی ئێستا وابزانم بەڕێزتان رۆژی 19 ی مانگی ئایارتان دەست نیشان کردبوو، بەلاّم دوای ئەوەی کە زۆر ڕاوێژمان کردن لەگەلّ کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژاردن، دەرکەوت کە ئەو ڕۆژە زۆر گونجاو نییە، چونکە ناتوانن خۆیان ئامادە بکەن، هەروەها دوای مەشورەتێکی زیاتر لەگەلّ کۆمسیۆن تا رۆژی 5/2 کاك فەرج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژاردن بەڕەسمی ئاگاداری کردین، کە هەموو گرفتەکان چارەسەر کراون، لەناحیەی تەکنیکی و ماددی، ئەوان لە 20 ی تەمووزەوە ئامادەن بۆ ئەم هەڵبژاردنە، بۆیە منیش بەشانازییەوە پێتان ڕادەگەینم کە پشت بەخوای گەورە بەرەو ئەو هەڵبژاردنە دەڕۆین، 25 ی تەمووز رۆژی ئەو هەڵبژاردنە دەبێت، لە ئێستاوە داوای سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان و بۆ هەموو ئەو قەوارانەی کە بەشدار دەبن لەو هەڵبژاردنە دەکەین، بەم بۆنەیەوە داوا لەهەموو لایەك دەکەم، ئەوانەی بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن ڕێز لەلایەنی فرە سیاسی بگرن، چونکە ئەو ڕێزگرتنە زامنە بۆ بەهێزبوونی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، هەروەها داوا لەجەماوەری هەرێمی کوردستان دەکەم کە بەشێوەیەکی فراوان بەشداری لەوهەڵبژاردنە بکەن و، بەو پەڕی ئازادییەوە دەنگی خۆیان بدەنە ئەو لیستەی کە پێیان وایە توانای ئەوەی هەیە، داوا دەکەم کە شوێنە ڕەسمیەکان و هەروەها مزگەوتەکان و شوێنە پیرۆزەکان نەکرێنە شوێنی ئەنجامدانی پڕوپاگاندەی هەڵبژاردن و دەزگاکانی حکومەت و قەوارە سیاسییەکان هاوکاری تەواوی کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکەن، تا هەڵبژاردنێکی بێگەرد و دادپەروەرانە ئەنجام بدرێ. هەروەك ئاگاداریشم تا ئێستا تا دەوری 40 قەوارە ناوی خۆیان لە کۆمسیۆنی بالاّ تۆمار کردووە، ئەوەی دەمەوێ بیلێم ئەو قەوارانە ئازادن لەئەنجامدانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، بەلاّم لەهەمان کات دا نابێ ئەو پڕوپاگەندەیە بۆ ناوزڕاندن یان بەکارهێنانی توندوتیژی بێت. من لەکاتی ڕاپەڕین رێك لە ئاداری 1991 لەشاری کۆیە بەڵێنم بەخەڵکی کوردستان دا کەدەبێ هەڵبژاردن بکەین بۆ ئەوەی خەڵك بەئازادی و خواستی خۆیان دەنگ بە نوێنەرانی خۆیان بدەن، مەسەلەی هەڵبژاردن بۆ ئێمە مەسەلەیەکی مەبدەئیە و باوەڕێکی تەواویشمان بەوە هەیە کەدەبێ میللەت بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، خەباتی ئێمە لەپێناو ئازادی گەلەکەماندا بووە و ئەم ئازادیەش ئەمڕۆ بەهەموو تاکێکی ئەو کوردستانە، و بۆ هەموو تاکێکی ئەو کوردستانە هاتووتەدی، سەربەرزیشین بەو خەباتە کە کردوومانە، خوشك و برایانی بەڕێز لەسالّی

1991 تـا ئـەمڕۆ گـۆڕانێکی زۆر گـەورە لـەدونیا روویـداوە بەتایبـەتی لەناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، کوردستانیش بەشی خۆی هەبووە لـەو گۆڕانـە، بـا بەئینسافەوە سـەیری مەسـەلەی گەلەکـەمان بکـەین کـە پێشتر لەچ ئاستێك بووە و ئێستاش لەچ ئاستێکدایە، ئەمڕۆ ئـەو هەرێمـەی ئێمـە لەگشت جیهانـدا سـەنگی خـۆی هەیـە و حیسـابی ورد و گـەورەی بـۆ دەکرێـت، ئەمـەش هـەروا بـەخۆڕایی دروسـت نـەبووە، بـەڵکو لەئەنجامی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانـەکان و جـەماوەری کوردسـتان وئـەو شـەهیدانەی سـەری خۆیـان لـەپێناو هێنانــە دی ئـەو ئازادییــە نایــەوە. بــووە دەســتکەوتێکی زۆر گــەورە بەدەســت هــاتوون و پاراستنی ئەو دەستکەوتانە ئەرکی هەموو تـاکێکی ئـەو کوردسـتانەیە، بەلایەنـە سیاسییەکانیشـەوە. راسـتە بەرپرسیارییەتی پارتی و یەکێتی لەهەموو لایەك زیاتر بووە و لەبەرئەوەی سلبیات و ئیجابیـات کەوتۆتـە سەر شانیان، بەڵام پێویستە هـەردوولا کـار بـۆ نەهێشتنی ئـەو سلبیاتانە بکـەن، ئـەو گلـەیی و گازاندانـەی کەهەن زۆر ئاساییە ئاڕاستەی هەردوولایـەن بکـرێ بـەڵام پێویسـتە زۆر بەئینسافانە رۆڵـی هـەردوو لایـەن هەڵبسەنگێنرێ، کە باسی سلبیات بکرێ پێویسـتە باسـی ئیجابیـاتیش بکـرێ، کەسـیش نـەی ووتـوە هـەموو شتەکان تەواون، لەژێر سایەی ئەو ئازادییەی هاتوونەدی ئەمڕۆ هەموو کەس لەرەخنەگرتن ئازادن، جا ئەو رەخنەیە لەهەردوو لایەنەکە بـێ یـان لەسـەرکردایەتی، بـەڵام دەمـەوێ بـەیادی هـەموو خـەڵکی کوردسـتان بێنمـەوە، ئـەو ئازادییـە ئـەمڕۆ هـەموومان لـەژێر سـایەی دا دەژیـن ئـەو دوو لایەنـە رۆڵـی سـەرەکییان لـە هێنانـەدی بینـی، کـەس نـەهاتووە پێمـان بڵـی دەبـێ ئـەو شـتە بکـەن و ئـەو دوو حزبـە بـەدەنگی گـەل دەسەڵاتیان بەدەست گرتووە و بەدەنگی گەلیش دەتوانن بمێنێن یان نا، کەباسی گەندەڵی دەکرێ نـابێ ئـەو دیاریدەیـە بەشـێوەیەکی گشـتی باسـی لێـوەبکرێ، بـەڵکو پێویسـتە دەسـت نیشـان بکـرێ بـۆ ئـەوەی بێتـە چارەسەرکردن و بنەبڕکردن، لێـرەدا دووپـاتی دەکەمـەوە هـەردوو دەزگـای چـاودێری و نەزاهـە دەبـێ بـەو نزیکانـە بێنـەوە دامەزرانـدن و لـەم ڕووەوە رۆڵـی کاریگـەری خۆیـان ببیـنن، کـە دەزگـای نەزاهـە دەمـەزرا پێویستە ئەو دەزگایە رۆڵی خۆی بەتەواوی ببینێ، و دەزگایەکی کاریگەر بێت. دەبـێ یاسـا سـەروەر بێـت و هەموومان پابەندی یاسا بین، من پێم راست نییـە حزبـەکان لەمـەودوا پەیوەنـدییان لەگـەڵ حکومەتکانـدا هـەبێ، ئـەوان دەتـوانن لەگـەڵ حـزب و لایەنـەکان پەیوەنـدی ببەسـتن، بـەڵام پەیوەنـدی رەسمـی لەگـەڵ حکومەتەکان تەنها ئەرکی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتانە، رەخنـەی بونیاتنـەر خۆشـە و پـڕ بـە دڵ و بـە سوپاسەوە وەریـدەگرین دڵنیاشـم لـەوەی زۆر لەوانـەی رەخنـە دەگـرن لەدڵسۆزییانەوە بـۆ ئـەو ئەزموونـە، بەڵام بەدڵنیایشەوە دەڵێم هەندێ لەوانەی رەخنە دەگرن بەداخەوە ئەجنـدای دەرەکیـان لەپشـتە، ئەمـەش تۆمەت نییە، بەڵکو زانیاری تەواومان لەبەر دەستدایە، چاکسازی لەناوەوە دەکـرێ کـەس نـاتوانێ لـەدەرەوە شتمان لەسەر فەرزبکات، خۆمان بڕوامان بەیەکسانی و پێکەوە ژیان و فرە حزبی هەیە، و بەئەرکی خۆمان دەزانین ئەو بنەمایانە بنەماکانی دیموکراسـیەت لـەنێو کۆمـەڵگای کوردسـتانیدا بچەسـپێنین و گەلەکـەمان تامی ئەو بنەمایانە بکات و هەمیشە خاوەنی ئیرادەی خۆی هەبێ، بەداخەوە ئەوەی پـێم سـەیرە لەهەنـدێ نووسیندا وانیشاندەدرێ گوایە ئەو بنەمایانە لەژێر فشاردا دەکرێن و ئەمەش هیچ دروسـتییەکی بـۆ نییـە،

مەسەلەی ئازادی و مافی مرۆڤ وماقی ئافرەت بە تایبەتی هەمیشە لە پێشەنگی کارەکانمان بووە، کوشتنی ئافرەت کە دیاردەیەکی خراپی ناو کۆمەڵگەی ئێمەیە، تا ئێستا بوونی هەیە، بۆیە هەمووومان بەیەکەوە پێویستە کار بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردە کۆمەلایەتییە ناشیرنە بکەین، و ئەمەش پەیوەندی بە فەرهەنگەوە هەیە. کەس لە خۆمان بۆ کوردستان بەدڵسۆزتر نازانین و ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی کوردستاندا شەڕی خۆکوژی واتە شەڕی کورد و کورد نەماوە، بە نەهێشتنی ئەو شەڕەش گەورەترین شانازیمان تۆمارکردووە، نابێ ئەمڕۆ هەر تاکێکی کورد خۆی بە کەم ببینێ، پێویستیشە تەرکیز لەسەر بیری نەتەوەیی بکرێتەوە، چونکە ئەو غەدرەی لە ئێمە کراوە لەسەر بابەتی نەتەوەیی بووە. لەناو خۆمان هەبوونی بۆچوونی جیاواز زۆر ئاساییە، بەلام لە بەرامبەر مەترسی و بەرژەوەندیە ستراتیژی و نەتەوەییمان دەبێ هەمیشە یەك ڕیزو یەك دەست بین.کە باسی مەترسیی دەرەکی دەکەین، مەبەستمان دۆزینەوەی پاساو نییە بۆ کەموکوڕیەکانمان، ئێمە زانیاری تەواومان دەربارەی ئەو هەوڵە دەرەکیانە هەیە کە دەیانەوێ ئەزموونەکەمان بە شکستخواردوو نیشانبدەن و سووکی بکەن، و ئەوانەی دەڵێن مەترسیی دەرەکی نەماوە ڕاست ناکەن، بەڵکو هێشتا زۆری ماوە. باسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەکرێ، من حەزدەکەم بە هەموو لایەك ڕابگەینم داوام کردووە لێکۆڵینەوەیەکی جددی و ورد دەربارەی ئەو مەسەلەیە بکرێ و نابێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیچ جۆرێك پێچەوانەی یاساو بنەماکانی مافی مرۆڤ کاربکات، و سوپاسی هەر کەس و لایەنێك دەکەم ئەگەر زانیاریی هەبێت دەسنیشانی بوونی یەك زیندانی سیاسی لەکوردستان بکات، ئێمە هەمیشە خوازیارین خزمەتی گەلی کوردستان بکەین، چونکە بە ئەرکێکی سەرشانی خۆمان دادەنێن. ئەوەی جێی دەستخۆشییە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی فیدراڵ بوو کە دەڵێ ڕێژەی هەژاری لە کوردستان بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی عێراق زۆر کەمترە، ئەمەش نیشانەی بایەخدانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە چاکتر کردنەوەی باری گوزەرانی خەڵك، وەك ڕاپۆرتەکە دەڵێت ڕێژەی نەبوونی لە عێراق 23٪ یەو لە کوردستان 4٪ ە. حکومەتی هەرێم بەبێ جیاوازی دەڕوانێتە هەموو دەڤەرەکانی هەرێم و ئەو پرۆژانەی لەم دواییەدا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگەیانرا بەتایبەتی لەگەرمیان کەبڕیار وایە بەبڕی 200 ملیۆن دۆلار دەڤەری گەرمیان ئاوەدان بکرێتەوە شانازیەکی دیکەی حکومەتی هەرێمە و پێشتریش حکومەتی هەرێم 100 خانووی بۆ خانەوادەی شەهیدانی ئەنفال دروست کردبوو، دەشبێ لەسەر ئەو پرۆژانە بەردەوام بێت. ئێمە بەیەك چاو سەیری پێکهاتەکانی کوردستان دەکەین هەر هەموویان بە عەرەب و تورکمان و ئاشوور و کلدان سریان و ئەرمەن کە بەشێکی گرنگی گەلی کوردستانن و مافی هەمووانیش پارێزراو دەبێت، ئەوانە برای ئێمەن و نابێ جیاوازی لە نێوانماندا هەبێت، ڕەشنووسی دەستووری هەرێمیش مافی هەموو لایەکی زامن کردووە ئەو 11 کورسییەی کە بۆیان تەرخان کراوە دەبێ برایانی تورکمان و کلدان و ئاشووری و سریانی و ئەرمەن ئازادانە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن، و کەس دەست لەکاروبارەکانیان وەرنەدات، ڕاپۆرتی دیمستۆرامان بەدەست گەیشت، بۆ دیراسەتکردنی لیژنەیەکمان پێك هێناوە بۆ ئەوەی سرنج و تێبینیەکانی

**هەرێم بخاتە ڕوو، هەر کاتێکیش وەڵامی لیژنەکە ئامادە بوو دانەیەك بۆ پەرلەمان دەنێرم بۆ ئەوەی ئاگاداربن و هەر تێبینیەکیشتان هەبێت لیژنە ئامادەیە وەری بگرێتەوە. خوشك و برایانی بەڕێز ماوەیەکە باس لە کێشەکانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێ، ئێمە لەم مینبەرەوە دووبارە دووپات لەسەر دەستوور و ماددەی 140 دەکەینەوە و رازیش نابین ئەلتەرناتیف بۆ ئەو ماددەیە دروست بکرێ. بەراستی مافی خۆمانە نیگەرانی بین. فەرموون بزانن لە موصل شۆڤینیەکان چۆن دووژمنایەتی کوردیان کرد، نازانم بەچ پێوەرو مەنتقێك کورد کە سێیەکی پارێزگای موصڵ پێکدێنن حیسابیان بۆ نەکرا، پرەنسیپی تەوافوق لە هەموو عێراقدا پەیرەو دەکرێت، بۆیە یان دەبێ موصڵ لەسەر ئەو پێوەرە حوکم بکرێ یانیش بوار بەوە نادەین ئەو لیستە ناوچەکانی کوردستان حوکم بکەن و مافی خۆمانە بپرسین بۆ لە موصڵ وا ڕەفتار دەکەن و لە کەرکووك داوای بەشداربوون دەکەن.**

**تا ئێستا هیچ پێشکەوتنێك نەهاتۆتە سەر یاسای نەوت و غاز، چونکە سیاسەتی نەوتی وەزارەتی نەوتی عێراق فاشیلە و ناشیانەوێ ئێمە هیچ بکەین، من لێرەدا دەمەوێ بۆتان روون بکەمەوە لە شوباتی 2007 ڕەشنووسی ڕێکەوتنێك ئامادە کرا، تابچێتە پەرلەمان، پاشکۆیەکیشی لەگەڵ دابوو کە تیایدا هاتبوو کە ئەگەر تا مانگی پێنج ئەو یاسایە لەپەرلەمان دەرباز نەبوو هەرێم بۆی هەیە گرێبەست ئیمزا بکات، کاتێ ئەو رەشنووسە چووە بەغدا و لەئەنجومەنی وەزیران پەسند کرا و ناردیانە ئەنجومەنی شوورا بەناوی دووبارە داڕشتنەوەی یاساکە، دەستکاری جەوهەرەکەیان کرد و هەرهەموویان گۆڕی، کاتی خۆیشی لەبەغدا لەکاتی نووسینی دەستووری هەمیشەیی عێراق گفتوگۆی زۆر دەربارەی پەیوەندی و دەسەڵاتی هەرێم دەربارەی پرسی نەوت کرا، ئێمە گەیشتینە ئەو ڕێکەوتنەی کە ئەو کێڵگە نەوتیانەی پێشتر دەرهێنراون حکومەتی فیدڕاڵ لەگەڵ هەرێم ئیدارەی بکەن و کێڵگە تازەکان حکومەتی هەرێمی ئیدارەی دەکەن و خیلافی ئێمە لەگەڵ ئەوان دەربارەی هەردوو دەستەواژەی (بالتنسیق یان معاً) بوو، ئەوان لەهەرکوێ نووسرابوو (معاً) بەیەکەوە لایاندا بوو، هەر بۆیە ئێمە بەو رەش نووسە رازی نەبووین، ئەوانیش پشتگۆیان خست، من نامەوێ زۆر بچمە ناو وردەکاریەکانی ئەو بابەتە ئەوان مەبەستی خۆیان لێ هەبوو، لەڕاستیشدا ئێمە یەك شتیشمان لەدژی دەستووردا نەکردووە و ئەو گرێبەستانەی حکومەتی هەرێم ئیمزای کردووە دەستووریە، چونکە یاسایەکەیان لەپەرلەماندا دەرباز نەکرد، ئێستاش ئامادەین ئەو یاسایە بچێتە پەرلەمان و بەسەرچاو هیچ گرفتێکمان لەگەڵدا نییە، ئێمە بڕوامان بەوە هەیە نەوت موڵکی هەموو عێراقە، و داهاتەکەشی بۆ هەموو عێراقە و ئێمە هیچ خیلافێکمان نییە لەو بارەیەوە، ئێستا وەکو وەزیری نەوت پێی ڕاگەیاندم کێڵگەی زاخۆ ئامادەیە ڕۆژانە سەد هەزار بەرمیل نەوتی لێ بفرۆشێتەوە دەرەوە و بەوەزیری نەوتی عێراقیش وتراوە ئامادەین بۆڕییەکەی زاخۆ بەو بۆڕییە گرێ بدرێ کە بۆ تورکیا دەڕوات و داهاتەکەشی بۆ هەموو میللەتی عێراقە، ئەوان ئیش ناکەن و نایانەوێ کەسی دیکەش ئیش بکات، بۆیە ئێمە خۆمان بەبەرپرس نازانین، هیچ شتێکمان لەدژی دەستووردا نەکردووە و ئەوان گوێیان بەدەستوور نەداوە، ئێمە چەندین جار دووپاتمان کردۆتەوە کە پێویستە دەستوور حەکەم بێت، پابەندیمان بۆی**

نیشانداوە و ئامادەشین ئەو خالأنەی جێی ناکۆکین بەیاسای نەوت و غازیشەوە بەپێی ئەو دەستوورە چارەسەر بکەین، پەیوەندییەکانی ئێستا زۆر لە جاران باشترن بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا کە گۆڕانێکی ئیجابی تیادا ڕوویداوە، لە چەند مانگی ڕابردوودا سەردانی کوێت و قەتەرم کرد پاشان ئێران و دواتریش ئەمریکا دوای ئەوەش چەند وولاتێکی ئەوروپی. دەمەوێ پێتان ڕابگەیەنم پەیوەندیمان لەگەڵ ولاتانی دراوسێدا باشە، هەورەها لەگەڵ زۆربەی ولاتانی عەرەبیش بەرەو پێش دەچێت. سەردانەکەی سەرۆکی فەلەستین و دیدارەکەم لەگەڵ سەرۆك ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاتنی سەرۆك ئەرکانی سوپای ئەمریکا و تەلەفۆنی خاتوو کلینتن و هاتنی بالیۆزی نوێی ئەمریکا دروشمی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی ئێمە دووپاتدەکەنەوە. پەیامی ئیدارەی ئۆباماش ڕوون و ئاشکرایە، کە پابەندی خۆیان بە هەموو عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان دایە زۆربە پەرۆشەوە خەریکی زەمینە سازکردنین بۆ کۆنفراسی نەتەوەیی حزبە کوردستانییەکان لەهەموو پارچەکان و کەسایەتیە ئەکادیمییەکان بۆ دارشتنی گوتارێکی یەکگرتووی کوردستانی کە خۆی وتاری ئاشتی و برایەتی دەبینێتەوە. ئەوەش لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان دایە. ئێمە زۆر نیگەرانین بەکردەوە سەربازییەکانی سەر سنوور کە جارناجار ئەنجامدەدرێ. ئەو کردەوانە کە تۆپباران و بۆمبارانی ناوچە سنوورییەکانی لێدەکەوێتەوە، بەجدی کاربۆ کۆتایی پێهێنانی دەکەین کە بەداخەوە خەلکی هەرێم ئەوانەی نیشتەجێی سنوورن و تووشی ئێش و ئازاربوون لەمبارەیەوە. من بڕوایی تەواوم بەگەلی کوردستان هەیە، کە دەزانی بۆ ئایندەی خۆی چ باشە و ئەو ئازادییەی لە کوردستاندا هەیە وای لێدەکات بەشێوەیەکی ئازاد بڕیاری خۆی بدات. دووبارە داوا لە هەموو گەلی کوردستان دەکەم بەشداریی کاریگەری لەو هەلبژاردنەدا بکەن و داواش لە کۆمیسۆنی بالا دەکەم بەپێی توانا چاودێری دەرەوە و بێ لایەن دابین بکات تا چاودێری هەلبژاردن بکەن و بەشێوەیەکی شەفاف بەڕێوە بچێت، و کەس نەتوانێ پاش ئەنجامدانی تانەی لێ بدات، هەروەها داوا لەهەموو قەوارە بەشداربووەکانی هەلبژاردن دەکەم، رێز لە ئەنجامەکانی هەلبژاردن بگرن، چونکە ئەو رێزگرتنە رێزە لە ئیرادەی خەلکی کوردستان، کە شایستەی ئەو رۆژە و رۆژانێك و ئاسۆیەکی گەشترە، خوای گەورە پشت و پەنای ئەم گەل و ئەم ولاتە بێت. هەروەها داوا دەکەم هەلبژاردنی سەرۆکی هەرێمیش راستەوخۆ ئەنجامبدرێت و داواش دەکەم پەرلەمان ئامادەکاریی بۆ بکات.

داواشتان لێدەکەم کەوا هەندێ زانیاریتان دەربارەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کەوا ئەنجامدراون لە دوای ساڵی 1991 واتە لەدوای ڕاپەڕین، بۆ ئەوەی بەرچاوی خەلکی کوردستان و ئێوەش ڕوون بێت، کۆمەلێك زانیاری دەربارەی کاروپڕۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەدوای ڕاپەڕینەوە لە بوارە جیاجیاکاندا جێبەجێکراون و بەراورد کردنیان، لەگەڵ سەرەتاکانی ڕاپەڕین لە ساڵی 1991.

**یەکەم: لەڕووی خوێندنی بالاوە:**

لەپاش ڕاپەڕین تەنها یەك زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو کە ئەویش زانکۆی سەلاحەدین بوو، کە لە (7) کۆلێژو (31)بەشی زانستی پێکهاتبوو، ژمارەی قوتابیانی لەوەرزی خوێندنی 1991 – 1992 بریتی

بـوو لـه (7754) قوتـابی، هـەروەها ژمـارەی مامۆسـتایانی هـەڵگری بڕوانامـەی دکتـۆراو ماسـتەر(489) مامۆستا بوون، جگە لەوەش تەنها سێ پەیمانگای تەکنیکی لە شارەکانی ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك) هەبوو، کە 14 بەشی زانستیان تێدا بوو، بـەڵام ئـەمڕۆ لـەوەرزی خوێنـدنی 2008 – 2009 ژمـارەی زانکۆکـانی کوردسـتان گەیشـتووەتە (6) زانکـۆی حکـومی کـە (105) کۆلێـژ لـەخۆ دەگـرن و(382)بەشـی زانسـتیان تێدایـە، هـەروەها ژمـارەی پـەیمانگاکانی تـەکنیکی لـە هـەرێمی کوردسـتان گەیشـتووەتە (20) پـەیمانگای تەکنیکی لەگەڵ (3) کۆلێژی تەکنیکی کە لە پێش ڕاپەڕیندا نەبوون، جگـە لـەوەش بـۆ پێشخسـتنی بـواری زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئـابووری(17) کۆلێـژ و(12) پـەیمانگای تـەکنیکی جیاجیـا لـە قـەزاو ناحیەکانـدا کراونەتـەوە، کـە پێشـتر نـەبوون، هـەروەها ئـەمڕۆ چـەندین دەزگـاو سـەنتەری توێژینـەوە لـە زانکۆکانی کوردستاندا هەیە کە پێشتر بوونیان نەبووە.

أ- سەنتەری توێژینەوە لە هەموو زانکۆکاندا.

ب- دەزگای کوردستان بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی.

ج- بۆردی پزیشکی.

ژمـارەی مامۆسـتایانی دکتـۆرا و ماسـتەر لـە زانکـۆو پـەیمانگاکان گەیشـتووەتە (4017) مامۆسـتاو ژمـارەی قوتابیـانیش لـە سـاڵی خوێنـدنی 2008 – 2009 گەیشـتووەتە (7637)خوێنـدکار کـە بـەخۆڕایی و بەبێبەرامبەر لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوێنن، هەروەها ئەمڕۆ (6) زانکۆی ئەهلی مۆڵەتیان هەیە وبەپێی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەپاڵپشتی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان پرۆسـەی خوێنـدنیان تێـدا ئەنجامـدەدرێت، لەگـەڵ (2) کۆلێـژی زانکـۆی تایبـەت کـە ژمـارەی سەرجەمیان دەگاتە(7000)قوتابی.

دووەم: لەبواری پەروەردەدا:

بەبـەراورد لەگـەڵ سـەرەتاکانی ڕاپـەڕین ڕەوتـی خوێنـدنی و پـەروەردە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیـەوە بینیوە، بۆ ساڵی خوێندنی 1991 تەنها (1320) قوتابخانە لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە، بەڵام بۆ ساڵی 2008 – 2009 ژمـــارەی قوتابخانـــەکان گەیشـــتووەتە (5482) قوتابخانـــە لەسەرتاســـەری هـــەرێمی کوردستاندا، بۆ ساڵی خوێندنی 1990 – 1991 ژمارەی مامۆسـتایان (21291)مامۆسـتا بـوو، بـەڵام لـەم ساڵەدا ژمارەیان گەیشتووەتە (83314)مامۆسـتا، بـۆ سـاڵی خوێنـدنی 1990 – 1991 ژمـارەی قوتابیـان (531970)قوتابی بوون، بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی 2008 – 2009 ژمارەیان گەیشتووەتە (1329542) قوتابی.

سێیەم: لەڕووی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانیەوە:

لـــەڕووی کردنـــەوەو قیرتـــاوکردنی ڕێگاوبـــان لـــە هەرســـێ پارێزگـــای( هـــەولێر، ســـلێمانی، دهـــۆك) (4120)کیلۆمەتر ڕێگا کراوەتـەوەو (8690) کیلۆمـەتریش ڕێگـا قیرتـاوکراوە، ژمـارەی ئـەو گوندانـەی تـا ئەمڕۆ ئاوەدانکراونەتەوە و پرۆژەی خزمەتگوزارییان تێدا ئەنجامدراوە، گەیشتووەتە (4100)گوند.

**لەڕووی پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆشەوە، لەپاش ڕاپەڕینەوە تاکو ئەمرۆ بەدرێژایی (8900)کیلۆمەتر تۆڕی ئاوی خواردنەوە دروستکراوە، (4030)پرۆژەی جۆراوجۆری ئاویش جێبەجێکراوە، کە تێیدا چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیژیش هەیە، لەوانەش:**

- **پرۆژەی ئاوی ئیفرازی هەولێر.**
- **پرۆژەی ئاوی دوکانی نوێ بۆ سلێمانی.**
- **پرۆژەی ئاوی مەزنێ بۆ قەزای مێرگەسۆر.**
- **پرۆژەی ئاوی سۆران.**
- **پرۆژەی ئاوی زاخۆ.**

**لەڕووی ئاوەڕۆشەوە تاکو ئێستا(6800)کیلۆمەتر تۆڕی ئاوەڕۆ لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دروستکراوە.**

**چوارەم: لەڕووی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە:**

**بە بەراوردکردن لەگەڵ سەرەتاکانی ڕاپەڕینەوە کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا ئەو پێشکەوتنانەی خوارەوەی بەخۆیەوە بینیوە:**

**لە ساڵی 1991 ژمارەی نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان (27) نەخۆشخانە بوون، بەڵام ئێستا تا کۆتایی ساڵی 2008 ژمارەیان گەیشتە(49) نەخۆشخانە.**

**نەخۆشخانەی گشتی حکومی:**

**کۆی گشتی بنکە تەندروستیەکان لە ساڵی 1991 (163) بنکە بوون، بەڵام ئێستا تا کۆتایی ساڵی 2008 ئەو ژمارەیە گەیشتە (740)بنکەی تەندروستی.**

**لە ساڵی 1991 هۆڵی نەشتەرگەری لە کوردستاندا ژمارەیان (42) هۆڵ بووە، ئەمرۆ گەیشتووەتە(149) هۆڵی نەشتەرگەری.**

**پێش ڕاپەڕین لە کوردستاندا هیچ نەخۆشخانەیەکی تایبەت نەبووە، بەڵام ئەمرۆ (30) نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان هەیە، کە هەموو پسپۆڕییەکانی تێدایە.**

**ژمارەی پزیشکان لە ساڵی 1991 (1153) پزیشك بوو، بەڵام ئەمرۆ ژمارەیان(3226) پزیشکی تایبەتمەند لەبوارە جیاجیاکاندا لە کوردستاندا خزمەت دەکەن.**

**پێنجەم: لەڕووی خزمەتگوزارییەکانی کارەباوە:**

**لەپێش ڕاپەڕینەوە تاکۆتایی ساڵی 2007 (11) وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە توانای (29,15) تا (29,10) مێگاوات لە هەرێمی کوردستاندا دامەزراون.**

**هەروەها لە ساڵی 2008 وێستگەی بەرهەمهێنانی (500) مێگاوات کەوتەکار، چاوەڕوان دەکرێت وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای چەمچەماڵیش بە توانای (750)مێگاوات لەو مانگەدا بکەوێتەکار و تاکۆتایی ساڵیش یەکەکانی دیکە قۆناغ بە قۆناغ کار بکەن. لەمانگی داهاتووشدا وێستگەی بەرهەمهێنانی تاسلوجە**

به توانای (51)مێگاوات دەکەوێتە کار، هەروەها دەست بەدانانی (2) وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە دهۆك و دامەزراندنی وێستگەیەکی هایدرۆ پاوەریش بە توانای(30) مێگاوات لەم پارێزگایەدا کراوە.

لە شارۆچکەی خەباتیش وێستگەیەکی (حەراری)بەتوانای (300)مێگاوات لەبواری جێبەجێکردندایە، بەکەوتنەکاری سەرجەم ئەو پرۆژانە گرفتی کارەبا تارادەیەکی زۆرباش چارەسەر دەکرێ، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە دیراساتی چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری دیکەیە لە بواری بەرهەمهێنان و پێشخستنی کەرتی کارەبا لە کوردستاندا بەردەوامە.

جگە لەوانەش لە ڕووی نۆژەنکردنەوەو دامەزراندنی وێستگەکانی دابەشکردن و گواستنەوەی کارەبا لە دوای ڕاپەڕینەوە تاکو ئەمڕۆ (6) وێستگەی ناوەندی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ دابەشکردنی کارەبا هەروەها(3410)کیلۆمەتر هێڵی باڵەپەستۆی بەرز بۆ گواستنەوەی کارەبا ڕاکێشراوە، جگە لە هێڵی باڵەپەستۆی نزم، تاکو ئەمڕۆ (3450)قەزاو ناحیەو گوند بە تۆڕی کارەباوە بەستراون، جگە لەدابینکردنی مۆلیدەی کارەبا بۆ ئەو گوندانەی تاکو ئێستا هێڵی کارەبایان بۆ ڕانەکێشراوە.

لەڕاستیدا من ویستم ئەو زانیاریانە پێشکەش بکەم، چونکە پێم وایە ئەو ڕاستیانە بۆ زۆر کەس ڕوون نین، لەکۆتایشدا من زۆر سوپاستان دەکەم بۆ گوێگرتنتان و شتێکم زۆر لاسەیرە، تا ئێستا نەمدیوە و کەس لە هیچ تەلەفزیۆنێك نەیانوتووە ئەو خۆڵبارانە خەتای حکومەتی هەرێمە. زۆر سوپاستان دەکەم، باشە ئەگەر پرسیاریشتان هەیە، من حازرم کەوا جوابتان بدەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاسی جەنابی کاك مەسعود بارزانی دەکەم، بۆ ئەو وتارە بەنرخەی کەوا پێشکەشی کرد، ڕۆژی هەڵبژاردنیشی دیاری کرد کەوا (2009/7/25) دەبێت، لەمڕۆوە زۆری نەماوە بەپشتیوانی خوای گەورە، هەموو لایەك لە کوردستاندا پابەند دەبین بەو پرەنسیپانەی کەوا جەنابی ئاماژەی پێیان کرد، لە یاساکەشدا هاتوون، تاکو ئەو ڕۆژە پیرۆزە بەڕێکوپێکی، بە شەفافیەت، بە ڕیزگرتن لە یاسا، بە ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ، ئەنجام بدرێت، ببێتە قۆناغێك بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان، پێشکەوتنی دیموکراسیەت، پێشکەوتنی کاری پەرلەمان، دەرکردنی یاسای گونجاو بۆ کۆمەڵ، جەنابی کاك مەسعودیش دیارە پرەنسیپەکانی پەرلەمانیش هەروابووە، لە زۆربەی زۆری دونیاشدا، کە سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی کۆمارکە قسە ئەکات، تەنها وتار پێشکەش دەکات، بەڵام خۆی جەنابی وتی من مانعم نیە؟ ئەگەر چەند برادەرێك پرسیاریان هەبێت، منیش سوپاسی دەکەم، ئەگەر چەند پرسیارێك هەبێت لەسەر تەوەری ئەو قسانەی کەوا کردی، فەرمووو پرسیارەکانتان بکەن، ئێستا ئەوانەی کەوا قسە ئەکەن ناویان ئەنووسم، تەبعەن ناکرێ هەمووتان قسە بکەن، لە هەر فراکسیۆنێك یەکێك قسە بکات، زۆر کەس داوای قسەی کردووە، بەس من ڕەچاوی ئەوە ئەکەم کە لەهەر فراکسیۆنێك یەکێك قسە بکات، ئەگەر لە فراکسیۆنێك یەکێکم لەبیر کردبێ پێم بڵێن، کاك غەفور فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم، بۆ پەرلەمانی کوردستان، من لێرەدا دەمەوێت لەسەر دوو مەسەلە قسە بکەم، جەنابیان باسیان لە پرسێکی زۆر گرنگ کرد، مەسەلەی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، من ئەگەر لە بیریان بێت بەڕێزیان، لە کۆنگرەی (12)ی پارتی من قسەم کرد لەیەکێك لەتەوەرەکان تەئکیدم کرد لەسەر ئەوەی کە دەبێ حکومەتی کوردستان، لە یاسای حزبەکان بێت یان لەهەر شوێنێك بێت، ئەو شتە چارەسەر بکات، بەداخەوە ئەمڕۆ لەکوردستان تەماشا دەکەین، زۆر لە حزب و لایەنە سیاسیەکان پەیوەندیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە هەیە، بگرە مەکتەبیشیان هەیە لەوڵاتانی دەوروبەر، ئەوەش بەشێوەیەك لە شێوەکان کاریگەری دەبێت لەسەر بڕیاری سیاسی کوردستان و تێکەڵ بوونی تەوەجوهات و بڕیاری سیاسی ئەو وڵاتانە لەگەڵ هی کوردستان، بۆیە پێویستە ئێمە بەیاسا ڕێگری لەوە بکەین، لە هەموو وڵاتانی دونیا کارە دبلۆماسیەکان دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، قونسوڵیەت لە پارێزگاکان دەکرێتەوە، سەفارەتیش لە پایتەخی وڵاتەکان دەکرێتەوە، ئەو پەیوەندییە دبلۆماتکارییانە لەڕێگەی حکومەتەوە ڕێك دەخرێت، حزبەکان وەك بەڕێزیشیان ئاماژەیان پێکرد، لە گەڵ حزبی ئەو وڵاتانە ئاساییە پەیوەندییان هەبێت، بەڵام بەداخەوە لەلای ئێمە ئەوە نیە، زۆر لە قونسوڵیەتی وڵاتانیش ئەوەی کە بەپێی زانیاری ووردیش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەحزبەکانەوە دەکەن و سەردانیان دەکەن، لێرەشەوە پێویستە حکومەتی کوردستان بۆ ئەوە ڕێگاچارەیەکی گونجاو بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە نەمێنێت لەکوردستاندا، خاڵێکی ترم من دەمەوێت پرسیارێك لەجەنابیان بکەم؟ سەبارەت بەو خەڵکەی کە فۆڕمی خۆراکیان لە( خانەقین، شنگار، شێخان، مەخمور) گوازراوەتەوە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا نەیانتوانی دەنگ بدەن، بەهەڵپەسێردراوی ئەو کێشەیە مایەوە، ئێستاش ئەگەر بڵێم ئەوە ژمارەیەکی زۆرە کە ژمارەیان (60) هەزار کەس دەبێت، ئەگەر وابمێنێتەوە دیسان نەتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمان بکەن، ئەوە ناحەقیەکە بەرامبەر بەوان دەکرێت، لەلایەك مافیان دەخورێت، نەیانتوانی دەنگ بدەن بەنوێنەرانیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەتایبەتی پارێزگای( موصڵ، دیالە) و ئەو شوێنانەی تر، ئەمجارەش ئەگەر مافیان بخورێت، و بەشدارنەبن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوە بەڕاستی ئەوان تووشی مەغدووریەتیەك دەبن، هەست بە مەزلۆمیەتێك دەکەن، بۆیە من داوا لە جەنابیان دەکەم کەوا لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵا، لەگەڵ حکومەتی عێراقی هەوڵی ئەوە بدەن، کەوا چارەسەری ئەو گرفتەش بکرێت، نەك ئەو گرفتە بەهەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر ئێستا چارەسەر نەکرێت، بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقیش ئەو گرفتەمان هەر دەمێنێتەوە، بۆیە هیوادارم کەوا کار بکرێت و چارەسەری ئەو گرفتەش بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شێخ فەتاح، فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی بەخێرهاتنێكی گەرمی جەنابی سەرۆك دەكەم، ئەوەی كە من ویستم باسی لێوە بكەم، دوو خاڵە، یەكێكیان: ئەوەیە كە كاك غەفور باسی كرد، بەحەقیقەت حەقە بۆ ئەو ئەحزابانەی كەلەناو كوردستاندان و پەیوەندی دەرەوەیان هەیە، لەپەرلەماندا قانونێك دروست بكرێت، بەو قانونە ئەوە دیاری بكرێت كەوا ئەو ئەحزابانە تاچەند دەتوانن لەغەیری حكومەت لەگەڵ وڵاتان پەیوەندیان هەبێت، داوا دەكەم لە پەرلەمان قانونێكی بۆ دابڕژێت بۆ ئەو مەسەلەیە، كاك غەفور بە درێژی باسی كرد، منیش پشتگیری لە ڕەئیەكەی ئەو دەكەم، خاڵی دووەم: بۆردوومانی سنوورەكان، وەكو جەنابی سەرۆك باسی كرد، من پێم وایە نازانم لە ڕێگای پەرلەمانەوە یان لەڕێگای پەرلەمانی بەغدادەوە، چ هەوڵێك بدرێت بۆ ئەوەی ئەو بۆردوومانە ڕابوەستێت لەسەر ئەو سنوورانەی ئێمە، بەحەقیقەت ئێمە هەوڵدەدەین بۆ ئاوەدانكردنەوەی وڵاتەكەمان، بەڵام ئەو دەوروبەرەمان نایانەوێت، وڵاتەكەمان ئاوەدانبكرێتەوە، بۆیە تكام وایە، هەوڵێك بدرێت بەجدی بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەو بۆردوومانە دابندرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ئارێز، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ سەرۆكی هەرێم بۆ وتارە شاملەكەی، من سێ پرسیارم هەیە، لەجەنابی سەرۆكی هەرێم، یەكەم: خۆی باسی دیاردەی كوشتن و ژن كوشتنی كرد لە هەرێمی كوردستان، كە دیاردەیەكەو هەیە، بێگومان ئەو هەموو كوشتنە كە دەكرێت لە كوردستان یان بە چەكی هێزە چەكدارەكانی هەرێمی كوردستانە، یان بەچەكی نایاساییە، ئێمەش ئەوە ئەزانین لە ڕۆژگارێكدا كە دیاردەی چەك هەڵگرتن و چەكداری زۆر باو بووە، ئەوەش نازانم لە نەزانینمان بوو یان ئەوە بوو كە خەڵك پێویستی پێی هەبوو، بەداخەوە تا ئێستاش ئەو دیاردەیە هەر وەكو خۆیەتی، حیمایەو پاسەوانی تایبەت و بەردەگای ماڵان و كۆڵان و كوچەو ئەو شتانە، یەعنی بەڕاستی وەكو ئەوەیە كە هیچ شتێك نەكرابێ، ئێمە لە هەموو ڕوویەكەوە هەنگاومان ناوە بۆ پێشەوە، بەڵام هەندێ كۆڵان كە دەچیت وا ئەزانی ساڵی 1991 ەو هەر پڕیەتی لە حیمایەو حەرەس و ئەو شتانە، ئەو دیاردەی چەكداریەش كە هەبووە لە زۆر ڕووەوە بەخراپ كاری كردووە، یەكێكیان لەوێ دیاردەی بێكاری ڕوو داپۆشراو، خەڵكێكی زۆر بەناوی پاسەوانی بن دیوارو نازانم (تۆزو باو) ئەو شتانە مووچەو مەعاش وەردەگرێت، كە چەكیشی هەیە و لە كۆتایشدا جەریمەیەكی پێدەكات، كەچی پارێزراویشە لەبن دەستی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس، لایەنەكەی تری ئەو پرسیارەیە كە ئایا كاتی ئەوە

نـەهاتووە ئـەو دیاردەیـە نەهێڵدرێت؟، چـەکی هێـزی پێشـمەرگەو ئـەو کەسـانەی بـەناوی پێشـمەرگە یـان پۆلیس ئەو تاوانانە دەکەن، ئیجرائـاتی توونـدتریان لەگەڵدا بکرێـت، چـیتر چـەك لەکوردسـتان بـەو شـێوە بەکار نەهێدرێت، بە مەهانەی پاسەوانی تایبەت وحیمایە، چونکە بەڕەئی من ئـەوە هـیچ پێویسـت ناکـات، کە پێم وایـە ئەگـەر ئـەوە بکرێـت، ئـەوە دیـاردەی ژن کوشـتن و تاوانـەکانی تـریش کـەم دەبێتـەوە، دووەم: جەنابی باسی دامەزراندنی دەزگای نەزاهەی کرد، بێگومان ئێمە تا ئێستا یاسایەکمان نیە بۆ نەزاهە، بـەڵام دەزگای چاودێری دارایی لـە کوردسـتان، لـە پەرلـەمانی کوردسـتان یاسـای بـۆ دەرکـرا، بێگومـان دەزگایـەکی گرنگـە، یاسـاکەی هەیـە، بـەس تـا ئێسـتا ئەنجومەنەکـەی بـۆ دانەمـەزراوە، ئایـا کـەی ئـەو ئەنجومەنـە دادەمـەزرێت؟، بـۆ ئـەوەی ئیشـوکارەکانی خۆیـان بکـەن، بێجگـە لـەوەش ئایـا کـاتی ئـەوە نـەهاتووە؟، کـە هەڵمـەتێکی نیشـتمانی بکرێـت بـۆ بەگـژدا چوونەوەی گەنـدەڵی، چونکە ئەگـەر دەزگاکـەش نـەبێت، واتـە دیوانی چاودێری داراییش نەبێت، خۆ ئێمە شتی ترمان هەیە، یاساکانی ترمان هەیە، کە ئەوانیش زۆر باش چارەسەری کێشەی گەندەڵیان کردووە لەکوردستان؟، کە ئایا ئەبێ ئێمە ڕابوەستین یـان کـاتی ئـەوە هـاتووە بەجدی بە دوای مەسەلەی گەندەڵیدا بچین و بنەبڕی بکەین؟، سێیەم: من بەو پێیەی کە سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانم جەنابیشت باسی هەندێك لە پەیوەندییەکانت کرد، کە پێویستە حکومەت لەگـەڵ وڵاتـانی دەرەوە هەیبێت، بێگومـان ئـەوە کـارێکی زۆر باشـە، زۆر پـیرۆزە، ئێمـە هـەمووومان پشـتیوانی لـەو هـەنگاوە دەکـەین، پێویسـتە چـی تـر حـزب و لایـەن وتـاك، پەیوەنـدییان بـەوڵاتانی دەرەوە نـەبێت، بـەڵام بـا مـن پرسیارێك لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بکـەم؟، بۆچـی تـا ئێسـتا حکومـەتی هـەرێم لـە سێ وڵات لـە وڵاتـانی جیهـان نوێنـەرایـەتی ڕەسمیمـان هەیـە؟، زۆر لێـرەو لـەوێ خـەڵك بـەناوی نوێنـەرایـەتی حکومـەت، لەوڵاتێك دوو کەس بەناوی نوێنەرایەتی حکومەتەوە کار دەکەن، لە وڵاتێکی تـر 1 کـەس هەیـە، کـە تـەنها یەك نوێنەری ڕەسمیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ڕۆمیۆ، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای بەخێرهاتنی گەرمی سـەرۆکی هـەرێم و وەفـدە یاوەرەکـەی، مـن تەئکیـد لەسـەر دووخـاڵ دەکەمـەوە، یەکەم: مەسەلەی کۆتایـە، مـن سوپاسـی جـەنابیان دەکـەم، کـە گرنگیـەکی تـەواوی بـە نەتـەوەکانی غـەیرە کوردی داوە، بە خۆیان و مافەکانیان و داهاتوویان، بەڵام من لێرەوە دەپرسم؟، ئایا ئەوەی ڕاسـتی بێـت مـن تا دوێنێ وا لەمەسەلەی کۆتا گەیشتبووم، کە مەسەلەی کۆتا مەسەلەی خصوصیەتە بۆ نەتـەوەکان، کەواتـە ئەبێ هێزو لایەنە سیاسـیەکانی سـەر بەنەتـەوەکان، وەکـو گـەلی ئێمـە( گـەلی کلـدانی، سـریانی، ئاشـووری) هەروەها برا تورکمانەکان وبرا ئەرمەنەکانیش، ئەو کورسیانەی کە بۆیان دانراوە، ئەبێ ئەوان ڕووبـەڕووی هەڵبژاردن بن بۆ هەڵبژاردنی(5) نوێنەرەکەی خۆیان، هەریەکـەو بـەگوێرەی ئـەو چـەند کورسـیەی بۆیـان

دانراوه، بەڵام ئەگەر کۆتاکە بەو شێوەیە بێت، کە برای کوردو تورکمان و حەتا عەرەبیش بتوانێ دەنگ بەنوێنەری نەتەوەکان بدات، هەروەها نەتەوەکانی تریش دەنگ بەوانی تر بدات، بەڕاستی من دەپرسم ئایا ئێمە نەختێك لەمەسەلەی مانای کۆتاکەو لە خصوصیەتەکەی دوور ناکەوینەوە؟، من وام ئەزانی کە کۆتاکە دەبێ بە پاراستنی خصوصیەتی نەتەوەیەك، کەواتە من دەپرسم ئایا نوێنەر و هێزو لایەنە سیاسیەکانی کە کۆتایان بۆ دانراوە حەقی خۆیان نیە؟، کە ئەوانیش لە لیستەکانی تر بەشدار بن، هاوپەیمانی بکەن، دووەم: ئەبێ ئەم نەتەوانە ئەوەی ڕاستی بێت نوێنەریان لە لیژنەکانی باڵا و لە لیژنەکانی تردا هەبێت، ئەوانەی کەوا پەیوەستن بەهەڵبژاردن، وەکو لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، سێیەم: بەڕاستی من هەر لە ڕوانگەی گرنگیدانتان بەمەسەلەی نەتەوەکان، من دەپرسم سەرەڕای ئەوەی بەرێزیشتان باستان کرد مەسەلەی دەستوورە، من وەکو ئەندامی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، لەوانەیە چەندەها هۆکار هەبن، کە تائێستا دەستوورەکە نەهاتووەتە پەرلەمان، پەرلەمان و خەڵکی کوردستانیش دەنگیان لەسەر ئەم دەستوورە نەداوە، بەڵام من پێم باشە، لەبەر ئەوەی گەلی ئێمە ئەوەی ڕاستی بێت، یەکێك لەهۆیەکانی دواکەوتنی دەنگدان لەسەر دەستوور، ئێمەش ئەگرێتەوە، ئێمە کە گیروگرفتێکمان هەیە، کێشەیەکمان هەیە، مەسەلەی ناوە، ئەوەی ڕاستی بێت من لەکاتی خۆیشیدا لەکاتی هەموارکردنی چوارەمی یاسای پەرلەمانی کوردستاندا، لە $12$ی مانگی شوباتی ڕابردوو، باسی ئەوە کرا، ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پێنج کورسیە بۆ گەلی( کلدانی، سریانی، ئاشووری)دیاریکرا، نەك وەکو( کلدانی سریانی ئاشووری) بۆیە ئێمە داوا دەکەین کە ئەم یاسایەی لە $12$ی شوباتی مانگی ڕابردوو دەرچوو، بکرێت بە بنەمایەك بۆ ئەوەی ئێمەش لەو گیروگرفتەو لەو کێشەیە نەجاتمان بێت، چونکە ئەتوانم بڵێم ئەمە داخوازی سەرجەم نوێنەرانی گەلی ئێمەیە، کە لەم پەرلەمانەدا ئێستا ئامادەن ، گوێیان لە ئێمەیە، هەروەها بەپێی دۆکیمێنت و یاداشتنامە ئەتوانم بڵێم $80$٪ی لایەنە سیاسیەکانی ئێمەن، کە ئێمەش بەشێوەیەکی ڕەسمی گەیاندوومانەتە دەست لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی دەکەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەها وەزیرە بەڕێزەکانیش و میوانانیش، وەڵڵا من سێ خاڵم هەیە کە قسەی لەسەر بکەم، یەکەم: ئێمەش پشتگیری ئەوە ئەکەین کە هەڵبژاردن زۆر گرنگە، کەوا بەپاك و خاوێنی بڕوات، چونکە ئێمە ئەزانین ئەم گەلەی ئێمە و ئەم ئەزموونە، تەنها ڕێگەیەکە کەلەبەردەمانـدا مابێت بۆ ڕێزگرتن لەماف و ئازادیەکان، ئەم هەڵبژاردنانەش سەنگی مەحەکە، ئێمەش پشتگیری جەنابت ئەکەین و ئەخوازین کەوا خاوێن ودیموکراسی بێت، فیعلەن شەفاف بێت

بەجۆرێك كەوا هیچ ڕەخنەیەكی دەرەكی نەیەتـە سـەرمان، دووەم: ئـەو ڕاپۆرتـەی كـەوا دەرچووە، یـان ئـەو ڕاپۆرتە بیانیانەی كە ناوە ناوە دەردەچن، لەسەر ڕەوشی مافی مـرۆڤ لەكوردسـتاندا، نـاتوانین بڵـێین هـەمووی ڕاستە یان هەمووی ناڕاستە، بێگومان تێكەڵە، بەڵام حەقی خۆیـەتی ئێمـە هـەنگاو بنـێین بـۆ ئـەوەی، ئەگـەر كەمە كەمتری بكەینەوە، ئەگەر زۆریشە نەیهێڵین، ئەگەر بتوانین چارەسـەری بكـەین وائـەزانم مەسـەلەیەكی زۆر گرنگە بۆ ئێمە، منیش پشتگیری ئەو بەڕێزانە ئەكەم و ئەو وتارەی جەنابیشت لەسەر مەكاتبی حزبی لـە وڵاتانی دەرەوە یان پەیوەندی ئەحزاب بە وڵاتانی دەرەوە، من داوا ئەكەم كەوا لە سـەڵاحیەتی جـەنابت بێـت، بڕیارێـك دەربچـێت كـەوا مـەكاتبی حزبـی لـە وڵاتـان نـەمێنێت، ببێـت بـە مـەكاتبی هـەرێمی كوردسـتان، نوێنەرایەتی هەرێمی كوردستان لەو وڵاتانەدا هەبێت، ئەگەر حزبیشین و پێویستیەكمان هەیـە بـەو وڵاتانـە، لە ڕێگای ئەو نوێنەرایەتیانەوە ئەو كارانە بكەین، بەداخەوە ئەتوانم بڵێم لـە بـەعزێك وڵات، وەكـو بازرگـانی لێهاتووە، خەڵكێك دێت یەكێ وەرەقەی بۆ ئەكات، یان شتی تر، وا ئەزانم ئـەوە چـەند گرفتێكـی هەیـە، خـاڵی ئەساسیم ئەوەیە، بەڕێز سەرۆكی هەرێم، ناكرێ ئێمە بۆ ئەو كێشەو گرفتانەی كەوا لەگـەڵ بەغـداد هەمانـە، ئێمەش پـرۆژەمـان هـەبێت، یـان پێشـنیارمان هـەبێت، مەسـەلەن هەمیشـە چـاوەڕێی دیمسـتۆرا ئەكـەین، یـان چاوەڕێی یەكێكی تر ئەكەین، ئەویش ئەوەندە شت تێكەڵ ئەكات، دوایی نـازانی بەشـی خـۆت لەكوێـدا هەیـە، مەسـەلەن جـەنابت تەئكیـدت لەسـەر ئـەوە كـردەوە، كـە مـاددەی 140 وەكـو خـەتی سـور وایـە بـۆ ئێمـە، مەزلۆمیەتی ئێمەیە، نەك خەتی سور، مەزلۆمیەتی ئەم میللەتەیە، ئایا ناكرێت ئێمە پێشنیارێك بكـەین كـە هەم مەسەلەی خۆمان باس بكەین، هەم هی دەوروبەرەكەش، چونكە ئەوەی ئێمە ئەیزانین كە ئێمە بەشێكین لەم مەزلۆمیەتە، خەڵكی تر بەو چاوە سەیری ناكات، خەڵكی تر لەوانەیە لەبەرژەوەندییەكی نێودەوڵەتیـەوە یان لەبەرژەوەندییەكی دەوروبەرەوە سەیری بكات، كێشەی ئێمـە و موصـڵ، مەسـەلەن ئەمـە پێشـنیارمە، كـە ئەمە گرفتێكە ڕوو لە ئێمە ئەكات، هەرچی سەیر ئەكەین چ عەرەب بێت یان خەڵكی تر بێت، بەبێ ئـەوە تـۆ لە مەسەلەكە دوور خراویتەوە، هەر تۆش بەتاوانبار سـەیر ئەكـەن، ئایـا نـاكرێ ئێمـە خۆمـان پێشـنیارێكمان هەبێت؟، كە بەلای كەمەوە بیدەین بە ڕای جیهانی، ئەگـەر لایەنـەكان ئەمـەمان لێوەرنـاگرن خـۆ ئەگـەر ڕای جیهـانی سـەیری ئەمـە بكـات، ئـەزانێ ئێمـە هـەم بـاس لـە مەزلۆمیـەتی خۆمـان ئەكـەین هـەم مـافی دەوروبەرەكەشمان ئەپارێزین، لەو مەسەلەی كە ئێمە هاوبەشین لەگەڵیاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك حەسەن، فەرموو.

**بەڕێز حسن بابكر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆكی هەرێم ئەكەم، داوامان لـە بـەڕێزیان ئەوەیـە، ئـەوەی كـە بـەپێی ئـەو بەرپرسیاریەتیە گەورەیەی كە لەسەرشانیەتی و خەڵكیش چاوەڕوان ئەكات، كە ئەو پەڕی هەوڵ بدات هەرلە ئێستاوە، لەكاتی هەڵبژاردنـەكانیش بـۆ ڕوونـەدان و خاوكردنـەوەی هـەر گرژیـەك كـە خوانەخواسـتە ئەگـەر

ڕووبدات لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، بەڕاستی ئەو شتە لەسەرشانی هەموو لایەکمان پێویستە، بەڵام بەپێی ئەو دەسەڵاتە و ئەو توانایەی کە جەنابی سەرۆکی هەرێم هەیەتی، زیاتر بەرپرسیاریەتیەکە ڕوو لەو ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنێکی گەرمی سەرۆکی هەرێم ومیوانە بەڕێزەکان ئەکەم، ئەکید ئەو قسانەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کردی، لەبارەی شەفافیەت ولەبارەی چۆنیەتی زامن کردنی مونافەسەیەکی دیموکراسیانە، لەم قۆناغەی ئێمەدا، بەڕاستی زەرووریەتێکی گرنگەو ئێمەش تەئکید لەوە ئەکەینەوە، کە ئێمە لەم قۆناغەدا پێویستیمان بە مونافەسەیەکی دیموکراتیانەو شەفاف هەیە، کە هەم بتوانێ دیموکراتیەت زامن بکات و هەم بتوانێت مافە دەستوری وسیاسیەکانمان لە ئاست یەکڕیزی ئەمڕۆی کوردستان، بەرامبەر کێشەکانمان لە بەغداد زامن بکات، بۆیە دووپاتی ئەکەمەوە کە زەرووڕەت وایە کە وەك بەڕێزیشی وتی کە چۆن لە ئیجابیات و سلبیاتەکانیشدا زۆرترین مەسئولیەت ئەکەوێتە لای ئەوان، کە هەم لە ئیجابی و هەم لە سلبیدا، لەبەرئەوە لە ئاستی هەڵبژاردنیشدا لەم قۆناغە نوێیەدا پێم وایە زۆرترین مەسئولیەت کەئەکەوێتە سەرشانی بەڕێزیان، کە چۆن بتوانین ئەم قۆناغەش بە هەنگاوێکی زۆرتر ئیجابیانە بچێتە پێشەوە و بتوانێ لە خزمەت دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بێت، لەم قۆناغەدا کە بەڕاستی ئێمە پێویستیمان بەچەسپاندنی دیموکراتیەت هەیە لەم قۆناغەداو پێویستیشە، دووەم مەسەلەی من زیاتر پرسیارێکە؟ ئەو پێشنیارەی ئێستای دیمستۆرا، ئێمە مولزەم نیین پێی لە ڕووی قانونیەوە، بەڵام ئەو پێنشیارانە خۆی بوعدێکی لە ئاستی نێودەوڵەتیش هەیە، لە ئاستی عێراقیش هەیەتی، و پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆشی بە ئێمەوە هەیە، ئەکید ئێمە هەموومان تەئکید لە زەرووڕەتی ماددەی 140 ئەکەین، کە ئەوە ئەبێ خەتی سور بێت، چونکە ئەوە یەکەم چارەسەرە بۆ زامن کردنی مەسەلە ڕەواکانی ئێمەیە لە چوارچێوەی ئەو ناوچانەی کە هێشتا نەهاتوونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام من پێم وایە زەرووڕەت وایە بەرامبەر بەم پێشنیارانەی کە ئەکرێت، ئێستا بەنیسبەت خەڵکی کوردستان، تا ئێستا وازحیەك نیە، ڕوونیەك نیە، ئەو پێشنیارانە چین، تەنها لەڕوانگەی ڕۆژنامەنووسانەوە ئەبیندرێت، کە هەندێ مانشێت پێشنیاری بەم شێوازانەی کردووە، بۆیە پێم وایە ئەکرێت لە ئاستی سیاسی کوردستانی، لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کە بەرپرسیارێتیەکی مێژوویان هەیە لە ئاست ئەم قۆناغەو لە مێژووی سیاسی کوردستانیشدا بەشداری جدی بکەن، بۆ گفتوگۆکردن لەو پێشنیارە نوێیانەی کە ئەخرێنە بەردەم چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانە، کە مەسەلەیەکی گرنگە، ئەصڵەن زەمانەتێکی گرنگیشە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ئەم هەرێمە بتوانێ، هەرێمێکی قانونی فیدڕالی

بێت لەئاستی عێراقدا، هەموو ئەو ململانێش کەئێستا لەبەرامبەر ئێمە وناوەنددا پێم وایە ئەتوانین بەیەکڕیزی خۆمان زیاتر بپارێزین، خزمەتیش بە دۆزەکەمان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا ئەوانەی کەوا بەناوی فراکسیۆن و حزبەکان قسەیان کرد تەواو بوو، بەڵام من ڕێگام بدەن بەئیجازەی جەنابی سەرۆك یەکی دەقەیەکیش بدەم بە کاك عوسمان بانی مارانی وکاك عوسمان أحمد و د. شکریەو کاك پیرخدر، کاك عوسمان بانی مارانی، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر( بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەکەم، سوپاسی جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش ئەکەم، کە مەجالی پێدام دەقەیەك قسە بکەم، بەڕێز سەرۆکی هەرێم من دوو پرسیارم هەیە، یەکەم: دەنگۆی ئەوە هەیە، کە گوایە هەر مووچە خۆرێك لە کوردستان دەنگ بدات بە لیستی گۆڕان هەڕەشەی بڕینی مووچەکەی لێ ئەکرێت؟ جەنابتان قسەتان چیە بۆ ئەم ڕایە؟، دووەم: وەکو جەنابت ئاماژەت پێکرد، دیارە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم هاوکات دەبێت، لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە تا ئێستا لەکوردستاندا دەستوورێکی بڕیار لێدراومان نیە؟، بەپێی دەستووری عێراقی فیدڕالیش سیستەمی بەڕێوەبردن، سیستەمێکی پەرلەمانیە، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم شێوەی بەڕێوەبردنی سیستەم دەگۆڕی لەکوردستان بۆ سیستەمی ریئاسی جەنابتان وەڵامتان بۆ ئەو پرسیارەش چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان احمد، فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی گەرمی جەنابی سەرۆکی هەرێم و وەفدی یاوەری ئەکەم، بێگومان لەهەموو دونیادا هەڵبژاردن خاڵی وەرچەرخانە، دوعا خوازین لەخوای گەورە، هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستان لە 25 ی تەموز وەکو جەنابی سەرۆك ڕایگەیاند، خاڵی وەرچەرخان بێت بەرەوباشتر و باشترکردنی کارو ئیشەکان، خزمەتگوزارییەکان، گەڕانەوەی متمانەی زۆرترینی جەماوەر بە حکومەتەکەی، بەو شێوەی کە ئەو ئینتمایەی کەوا 100٪ ە ئینتمای نەتەوەیی، ئینتما بۆ خاك و خۆڵی پیرۆزی کوردستان کەوا قورئان کوردستانی بە پیرۆز بڕیار داوە، جەنابی سەرۆکی هەرێم باسی لەو خزمەتگوزاریانە کردو موقارەنەی کرد لەگەڵ ساڵانی پێشوودا، لە 1991 – 1992 تا 2008 – 2009 کەشتێکی جوانە، لە 1991 تا 2005 کوردستان سەرۆکی هەرێمی دیاریکراوی نەبوو، ئێستا سەرۆکی هەرێمی هەیە، ئومێدەوارین کەوا جەنابی سەرۆکی هەرێم بەچاوی باوکانەوە تەماشای هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی کوردستان بکات، بەڕاستی ئەوە خاڵێکی وەرچەرخانی گەورەو پێشینەیەکی زۆر مێژوویی دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان

وجێگای شانازی دەبێت بۆ هەموو کوردێك لە دونیادا، یەك خاڵتان عەرز دەکەم کەوا ئومێد دەکەم، بۆ ئینتما بۆ خاك و خۆڵ ودڵخۆش بوون بە کوردستان ودڵخۆش بوونی خەڵکی کورد بەشارەکەی و بەماڵەکەی، کە ڕژێمی پێشوو هەوڵی دەدا، ئینتما بۆ خاك و خۆڵی کوردستان نەمێنێت، ئینتما بۆ شار نەمێنێت، بۆ بەها پیرۆزەکان نەمێنێت، چۆن هەوڵبدەین کەوا ئەو ئینتمایە 100٪ بگەڕێنرێتەوە، یەك نموونە کەوا لە ئیعلام دەبیستین مەسەلەی تاپۆکردن لە کوردستان یان لە زۆر شاردا یان لە شارۆچکەدا گرفتی هەیە، هەر بۆ نموونە، دیارە ئەندامی پەرلەمان دەبێ باسی هەموو کوردستان بکات، بەڵام من ئەڵێم بۆ نموونە، لەشاری قەڵادزەی چەندجار شەهید، لە ساڵی 1970 (202)خانوو، کە گەڕەکێکەو (39) ساڵ پێش ئێستا ئەکات، لەسەردەمی (احمد حسن بکر)دا تا سەردەمی( سەدام حسین) بێ ئەوەی خەڵکەکە هیچ گرفتێکی قانونی هەبێت، تا ئێستا لەگەڵ ئەوەی کە جارێك لە ساڵی 1978 حکومەت، زەوییەکانی بەخەڵکەکە فرۆشتووەتەوە، وەصڵی پارەیان هەیە، بەڵام تائێستا تەملیکیشیان هەیە، بەس تاپۆیان بۆ ناکرێ، گرفتی تاپۆ ئومێد دەکەم کەوا بەپشتیوانی خوای گەورە، لە هەموو کوردستاندا نەمێنێت، بۆ ئەوەی خەڵکەکە دڵی بە خانووەکەی خۆش بێت، دڵی بەخاکەکەی خۆش بێت، بەشارەکەی خۆش بێت، بەکوردستانەکەی خۆش بێت، بە ئومێدی سەرکەوتن وبەختەوەری بۆ هەموولایەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە شکریە، فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی هەرێم دەکەم، بەڕاستی من حەزمکرد، پرسیارێك بکەم و ڕوونکردنەوەشم هەیە، بەڕێزت هەموو شتێکی جوانت باسکرد، ئەو هەموو خزمەتگوزاریانەی کەوا لە هەرێمی کوردستان پێشکەشکراوە، پێم خۆش بوو باسی دەوری میدیاشمان بکردایە، کە بەڕاستی لەدوای ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستا نزیکەی (17) کەناڵی ئاسمانیمان هەیە، ئەو هەموو ڕادیۆیەمان هەیە، ئەو هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەیەمان هەیە، ئەو هەموو چاپەمەنیەمان هەیە، بەبەراوردێك لەپێش ڕاپەڕین ودوای ڕاپەڕین، ئەو هەموو قەڵەم نووسانەو ئەو هەموو ئەدیبانەی کەوا کتێبی خۆیان چاپکردووە، ئەو هەموو شاعیرانە، ئەو هەموو خەڵاتی شارستانیەتیەی کە دابەشکراوە بەسەر ئەدیبان ونووسەران وهەروەها ئەوانەی کەوا داهێنان ئەکەن ئەمڕۆ لەبواری ئەکادیمیدا، ئەمانە پێمان خۆش بوو کەوا ڕوویەکی جوانی شارستانی کوردستان پیشان دەدات، من ئەمڕۆ بەویژدانەوە دەڵێم، دەبێ لەمڕۆوە ڕۆژنامەنووسەکانمان هەموو کەناڵەکانی میدیا بەویژدانەوە باسی جوانی کوردستان بکرێت، ئیتر کاتی ئەوە نەماوە، کەوا هێرش بکرێتە سەر ئەملاو ئەولا، من هەموو لایەکی هۆڵەکەم ژمارد، نزیکەی (60) ڕۆژنامەنووس و کەناڵ لێرە وەستاون، من پێم خۆشە لەمڕۆوە ئەو زمانی توندو تیژییانەی کەوا ئاراستەی حکومەتی هەرێمی دەکەن، پێویستە لەمەودوا بە ویژدانەوە ئێمە هەنگاو هەڵبێنین، خاڵێکی ترم، بەڕاستی مەسەلەی ڕاپۆرتی دیمستۆرا کەزۆر تەئکیدیان لێکردەوە، بەڕێزیشت

ئاماژەت پێدا، ئێمە کێشەکەمان کێشەی دەستوورە، ئەبێ لەدەستووردا هەموو شتێك چارەسەر بکرێت، (U.N)هاتە ناو مەسەلەکەوە، بەڕای بەڕێزت دووری ویاری کردن بەکاتەکان نیە؟، بۆ ئەو مەسەلەیە، کە ئێمە کێشەکەمان لەناو پەرلەماندایەو پێویستیشە لە بەغداد چارەسەر بکرێت، لەگەڵ مەرکەزدا، پرسیارێکیشم لە بەڕێزت هەیە؟، بەڕێزت ئاماژەت بە هاتنی سەرۆکی یەکێك لەدەوڵەتانی عەرەبی کرد کە لە فەلەستین هاتبوو، ( محمود عباس)بوو، دوو، سێ کەناڵ پەیوەندی بەمنەوە کرد، گوایە (محمود عباس) بۆ ئەوە هاتووە، کەوا فەلەستینی بێننە کوردستانەوە، لێرە نیشتەجێ ببن، من بەڕاستی ئەوەی کەوا خۆم واقیع ببینم، قەت بەڕێزت ئاماژە بەو شتانە ناکەیت، کە عەرەبەکانی فەلەستین بێنە کوردستانەوە، ئەگەر شتێکیش هەبێت ئەوەندەی ئێمە لە بەڕێزت دڵنیاین کە هەموو شتێك ئەگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، ئایا تا چ ڕادەیەك من نەمتوانی هیچ تەسریحێك بدەم، چونکە بەگوێی خۆم گوێم لێ نەبووە، ئەگەر شتێکیش هەبێت دڵنیام سەرۆکی هەرێم هەموو شتێك ئەگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك ڕاستە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا ئەگەر ئیجازەش هەبێت دەنگێکی برا ئیزیدییەکان و دەنگێکی تورکمان ماوە، با ئەوانیش قسە بکەن، کاك پیرخدر، فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا جەنابی سەرۆکی کوردستان وشاندنی یاوەری دکەم، سێ خاڵ دەخەمە ڕوو، یەکەم: جەنابی ئەو ئاگادارە کو خەڵکی مە لە دەورووبەری موصڵ، ئەندامانێ کوردستانێ ئەرکی خۆی و نەتەوەیی ڕابوون، لە تەنگاڤن چارەنووسا وان چیە؟، لە ڕاپۆرتا دیمستۆرا ئیمکانە بێتە گووتن، دووەم: پارێزگای دهۆك درێغی ناکات بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو چوار، پێنج قەزایە، بەس بودجەی ئەوێ دەرحەق نایەت، ڕاسپاردەیەك لەجەنابتانەوە هەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئەم خاڵە ڕەچاو بکات، سێیەم: کو کێشەیەك ئەمسالێش دووبارە بوویەوە، ئەو قوتابیانەی ئێمە کەلە زانکۆی ئەنستۆتی لە موصڵ هاتینە وەرگرتن، بۆ ساڵی 2008 – 2009 هەتا ئێستا ئەو کێشەی ئەوان چارەسەر نەبوویەو بۆ ماڵێ خۆ ڕۆیشتینە، لە دوماهیش ئەمیش موصڵ مەخابن هاتینە دابڕین، خەڵکی مە ناچێتە موصڵ لە هەندێ وەزارەتدا دەرچووی ئێمە تێنە دامەزراندن، مە حەزکرد ڕاسپاردەیەك لەجەنابتەوە هەبێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی تر، هەریەکەو لەبواری تایبەتمەندی خۆی بێتە دامەزراندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك تەڵعەت، فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەکەم و هی وەفدە یاوەرەکەشی، بەڕاستی ئێمە چوار تورکمان لەم دەورەی پەرلەمان بەشداریمان کردووە، زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کەزۆر یارمەتیانداوین، فراکسیۆنەکان هیچ ڕۆژێك لەڕۆژان تەماشایان نەکردووین کەگوایە ئێمە چوار کەس تورکمان لەم مینبەرە پیرۆزەوە تەمسیلی تورکمانەکان دەکەین، زۆر ڕێزیان لێگرتووین، ئێمەش ئەو فەرقەمان نەکردووە، چاکیش نوێنەرایەتی میللەتەکەمان کردووە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، تەعبیریشمان لە مەشاعیری میللەتەکەمان کردووە لێردا، بەڕاستی زۆر هەستمان کرد کەچەند زەرەرمان کردووە کە لە دەورەکانی پێشوودا بەشداریمان نەکردووە، ئێستا بەشدارین و لەهەموو لیژنەکانیش بەشداریمان کردووە، زۆر شتی باش کراوە بۆ تورکمانەکان، بەڕاستی نزیکیش بووین لەقەراری سیاسی لەکوردستان، ئەو برادەرانەی کەوا پێشتر ڕەخنەیان لێدەگرتین، دەیانگوت ئەوانە چوونەتە ژێر ئالآی کوردستان ئیش ئەکەن، لەپەرلەمانی کوردستان بەشداری دەکەن، ئەوانە پارتی و یەکێتی هەڵیان بژاردوون، سیخوڕیەتی بۆ پارتی ویەکێتی دەکەن، ئەوە شەرەف بوو بۆ ئێمە، ئەو کەسانەی کەوا ئەو قسانەیان بە ئێمە ئەوت، ئەوان سیخوڕیەتیان بۆ وڵاتانی دەرەوە دەکرد، ئێستاش زۆر زۆر مەمنوونین لە هەڵبژاردنی داهاتوو (5) نوێنەرمان دەبێت، ئێستا ئێمە کە (4)نوێنەرین شتی باشمان کردووە لە پەرلەمانی کوردستان، شتی باشیش کراوە بۆ تورکمانەکان، دەست بەدەست لەگەڵ هەموو فراکسیۆنەکان، زۆر سوپاسی هەموو لایەکیش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دوا کەس گەلاوێژخان، فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەکەم، من پرسیارەکەم هەر دەبارەی کۆتاکەیە، جەنابی سەرۆك ئیشارەتی کردو تەئکیدیشی لەوە کردەوە کە دەست تێوەردان نەبێت، لەو نسبەی کۆتایە کە بۆ نەتەوەکانی تر هاتووە لەکوردستاندا، لە پرۆژەی هەڵبژاردنی داهاتوودا، من لێرە پرسیار دەکەم؟، کاتێ کە حزبێکی کوردی یان کوردستانی لەو ماوەی ئێستادا، کیانێکی سیاسی تەشکیل دەکات، لە مەسیحیەکانی ناو حزبەکەی خۆی، ئایا ئەمە دەست تێوەردان نیە؟، یاخود بەدەعمی حزبەکانی کوردی چەند کۆنفرانسێك یان موئتەمەراتێك دەکەن، بۆ ئەوەی تەشکیلی کیانی سیاسی نوێ بکرێت، ئایا ئەمەش هەر دەست تێوەردان نیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ پرسیارەکانتان، **هەرچەندە** وابزانم تەنها پرسیارەکەی گەلاوێژخان، دەبێ ئاراستەی من بکرێت، چونکە ئەوەی ڕاستی بێت، یەکێك لەکیانەکانی مەسیحی ناوی بەشێوەیەك هاتووە، کەڕەنگە یەکێتی

بكات، بۆیە نەوەك كاك مەسعود پرسیار بكات كە مەبەستی كێیە؟، فەرموو جەنابی سەرۆك بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان.

**بەڕێز مەسعود بارزانی (سەرۆكی هەرێمی كوردستان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەو تێبینیانەم تۆماركردووەو یەكە یەكە پێیاندا دەچم، بەنیسبەت ئەو كەسانەی كەوا پێشتر مەحروم كرابوون لەدەنگدان لە ناوچەی مەخمور، یان ئەو ناوچانەی كەوا كاك غەفور باسیكرد، بەتەئكید لەگەڵ كۆمیسیۆنی باڵاو لەگەڵ لایەنەكانی تریش بەجیدی لەسەر ئەوە قسە كراوە، چونكە ئەمە غەدرێكەو نابێ بكرێت، ئەبێ عیلاج بكرێت بە تەئكید، بەڵام ئێستا بەحەقیقەت نازانم پێت بڵێم چۆن دەبێ، یان چۆن عیلاج دەكرێت، دەبێ لەگەڵ ئەو لایەنانە مەشورەت بكەین، هەوڵێكی جیدیان بۆ دەدەین، حەقی خۆشیانەو حەقی خۆشمانە وەكو كورد لەسەر ئەو مەسەلەیە بدوێین. زۆر لەبرادەران باسی ئەوەیان كردو تەئكیدیان كردەوە، لەسەر پەیوەندی ئەحزاب لەگەڵ وڵاتان، بۆ ئەوەی ڕوون وئاشكرا بێت، كە من دەڵێم ئەحزاب، مەبەستم یەكێتی و پارتیشە، نەك حزبەكانی تر، ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسیە پێویستە هەرێم بیكات، ئەوەی تر حزبە پەوەندی هەیە لەگەڵ حزبی ئیشتراكی نەمساوی، لەگەڵ حزبی پارێزگارانی بەریتانی، یان لەگەڵ حزبی ئیسلامی لە وڵاتی دیكە، ئەوە حزبەكان ئازادن، بەڵام پەیوەندی ڕەسمی لەگەڵ دەوڵەتان بەهیچ شێوەیەك نابێت، بەتەئكید دەبێ قانونی پێ دەربچێت، و داواش دەكەم هەموو لایەك لەوبارەیەوە هاوكار بن، یەكەمجاریش دەبێ پارتی ویەكێتی بگرێتەوە، هیچ حزبێك موستەسنا نیە لەمەدا، ئەوەی باسی ژن كوشتن و چەكداریان كرد، وەڵڵا سەبەبەكە هەر ئەوە نیە، بەڵام ئەو دیاردەی چەكدارییە شتێكی ناشیرینە، بەتەئكید لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ، بەرنامەیەكی ڕێكوپێك دادەنێین بۆ ئەوەی سنورێك بۆ ئەمە دابندرێت، چەك هەبێ دەبێ لای پێشمەرگە بێت، لای پۆلیس بێت، لای ئاسایش بێت، ئەگەر پێویست بێت لەهەندێك شوێن چەكی موجاز هەبێت، بەڵام هەر كەسەو بیەوێت چەك هەڵبگرێت، ئەوە بەهیچ شێوەیەك نابێ ئەو دیاردەیە بمێنێت، ئەوەی چەكی هەبێت ئەبێ مجاز بێت، جا چ لەوەزارەتی ناوخۆ یان لەوەزارەتی پێشمەرگە بێت، جا ئەوە چۆن بڕیار دەدرێت ئەو لایەنەی ئیجازە دەدات دەستنیشان دەكرێت، ئەبێ ئەوەش تەنزیم بكرێت، ئەمەش زۆر ڕاستە، دیاردەیەكی ناشیرینەو ئەبێ نەشمێنێ ئەو دیاردەی چەكدارییە بەم شێوەیە، وابزانم كەمیش بووەتەوە، بەڵام دیسان بەشی ئەوەندە ماوە كە ناشیرینەو نابێت ئەوە بمێنێت، نەخێر من ناڵێم چاوەڕوان بین تا دەزگای نەزاهە دادەمەزرێت، دەزگای چاودێری دارایش هەیە، بەڵام فەعال نەبووە، یەعنی ئەو دەزگایە نەبووە كەلە مستەوای پێویستی هەرێمدا بێت، ئێمە دەمانەوێت هەم چاودێری و هەم نەزاهەش بەڕاستی كاریان دیار بێت، یەخەی هەمووومان بگرن، ئەبێ ڕۆڵی خۆیان ببینن، مەبەست ئەوەیە، بەڵام تا ئەو كاتە من تەمەنا ئەكەم، داوا ئەكەم لەهەموولایەك فعلەن ئەمە ئەركی هەموولایەكە، بەگژ گەندەڵیدا بچین، كەس نیە پێی خۆش بێت وڵاتەكەی یان میللەتەكەی وابێ، بەڵام ئەوە بەقسەكردن نابێ ئەبێت هاوكاری یەكتری بكەین، دەبێ دەست لەسەر خاڵەكان دابنێین و نابێ تەنها قسە بكەین و هیچی

تـر، هەنـدێجار هـەر باسـی گەنـدەڵی دەکـەین باشـە ئـەو گەندەڵیـە لـە چ وەزارەتێکـە، لـە چ شـوێنێکە، لـە چ بەرپرسێکە؟ کەس نیە لەهەڵەکردن بـەدەربێت، کەسـیش دیفـاع لەگەنـدەڵی ناکـات، بـەڵام دەبـێ هاوکـاربین، هەموو هاوکاری یەکتری بکەین تا زۆرچاك ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەین و ئەم دیاردەیەش نەهێڵین، بـەڵام ئەگەر هەندێك هەر قسە بکەن، ئەوە تەبعەن چارەسەر ناکرێت، خـۆی لـەم نزیکانـە نوێنەرایـەتی حکومـەتی هەرێمی لەهەندێك شوێندا تەواو بووە، لەهەندێکی تریش تـەواو دەبێت، لـە (ئـەمریکا، بـەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئـەڵمانیا، ئێـران، سـوێد، ئیسپانیا، بەلـژیکا، ئوسـترالیا) ئەمانـە نوێنـەری هـەرێم دەسـتبەکار دەبێـت لێیان، هی هەرێمیش دەبێت هی ئەو حـزب و ئـەو حـزب نیـە، تەبعـەن ئەمـەش بەرنامەیەکـە ئێمـە لەسـەری بەردەوام دەبین، ئەوەی کاك ڕۆمیۆ باسی کرد، کۆتای نەتەوەکانی تـر، نوێنـەرەکانیان دەبێـت لـەخۆیان بێـت، بەڵام کێ بۆ کام لیست دەنگ دەدات، ئەوە ئازادە، من پێم خۆشە کاك عەدنان یان د. کەمال، یان کـاك فرسـەت، ڕوونکردنەوە لەم بارەیەوە بدەن، چونکە ڕەنگە باشتر بێـت، وەڵامـی برایـانی تـر، بەڕاسـتی هەڵبـژاردن ئـەبێ شەفاف بێت، کەبێ کەس نەتوانێ تانەی لێبدات، جارێکی تریش مـن داوا لـە کۆمیسـیۆنی بـاڵا دەکـەم، خۆشـم داوام کردووە وەختێ ئەو سەفەرەی ئەوروپام لە یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ وڵاتانی تـر وەك ( بـەریتانیا، ئیتاڵیـا، ئەڵمانیا) هەموویان داوام لێکردوون کـە نوێنـەر بنێـرن ئـەو پەیوەندییـەی کەهەمانـە، لەگـەڵ حکومەتـەکان لەگەڵ ئەحزاب بێن نوێنەر بنێـرن لەگـەڵ (U.N) لەگـەڵ ئەمریکیـەکان، کۆمیسـیۆنیش دیسـان ڕجایـان لـێ دەکەم کـە دەوری خۆیـان ببیـنن، داوایـان لـێ بکـەن چـەندی بتـوانین ئـەو هەڵبژاردنـە لـەژێر چاودێرییەکی بێلایەنی و شەفافدا بێت بۆ ئێمەش سەربەرزییە، لەبەرئەوە هیچ تەحەفوزێك نیەو هیچ مەترسیەکیش نیە لەم بارەیەوە، ڕاسـتە ئـەو ڕاپۆرتـەی کەلەسـەر مـافی مـرۆڤ هەیـە، هـەمووی ڕاسـت نیـەو هەمووشـی درۆ نیـە، سوپاسیشیان دەکەین، یەعنی بەڕاسـتی وەکـو ئینسـان بەچـاوی خـۆی زۆر کـەموکوڕی نابینێـت، ڕەنگـە چـاوی خەڵکی تر باشتر بیبینێت ئەو کەموکوڕیانەی ئێمە، یەعنی بێن پێمان بڵێن لێـرە ئەمـە خـیلافی مـافی مرۆڤـە، ئەمە ڕاست نیە، ئەمە باش نیە، ئێمە سوپاسیان دەکەین و بەسنگێکی فراوانیشەوە وەری دەگرین، پـەیمانیش دەدەین، ئیجرائاتی تەواو دەکەین بۆ ئـەوەی بـەهیچ شـێوەیەك تـەجاوزی مـافی مـرۆڤ نەکـەین لەکوردسـتاندا، ڕاپۆرتی دیمستۆرا فیعلـەن ڕاسـتە ڕاپـۆرتێکی دوورو درێـژە لـە (500)لاپـەڕە پێکهـاتووە، کـاتێ ئـەو ڕاپۆرتـە دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت نازانی لەکوێ دەستپێدەکات و لەکوێش تەواو دەبێت، ئینسان بزر دەبێـت وەکـو ئەوەی بچیتە ناو دەریایەك، بۆیە ئێمە لیژنەیەکمان داناوە لە یاساناس و خەڵکی شـارەزا و حـەتا هەنـدێکیش خەبیری دەرەوەمان هێناوە، ئەوانەی کـەزۆر شـارەزان لەمەسـائیلی قـانونی ودەسـتووری وئەوانـەدا، هـەروەکو عەرزم کردن من ئەو ڕەشنووسەتان بۆ دەنێرم، ئێـوەش دیراسـەی بکـەن، لایەنـە ئیجابیەکـە لێـرەدا ئەمەیـە، ئێسـتا نـەك هـەر (U.N) بەتەنهایـە ئـەو ڕۆژەی کـەهات، خـۆی وەکـو نوێنـەری تایبـەتی سـکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان، نوێنەری سەفارەتی ئەمریکای لەگەڵ بـوو، سـەفیری بـەریتانیای لەگـەڵ بـوو، سـەفیری چیکی لەگەڵ بوو، بەنوێنەرایەتی ئیتیحادی ئەوروپی، تەبیعی هەرحەڵێك ئەمانەی تێدا بێت، بـۆ ئێمـە زۆر شەرعیەتێکی دەولی لەگەڵدایـە، لەبەرئـەوە ئێمـە ئـەبێ نەفـەسمان بـەرزبێت، بـەڵام نـابێ مساوەمە بکـەین،

یەعنی نەتیجە هەرچیەك دەبێت با ببێت، بەلاّم مساوەمە لەسەر ماڤی ڕەوای خۆمان ناکەین، بەلاّم ئەمە فرسەتێکە ئەگەر ئێمە بتوانین حەلێك بدۆزینەوە بە پشتیوانی ئەمانە بەڕاستی میللەتی ئێمە هەتا هەتایە ئیستراحەت ئەکات، هێشتا زووە بلّێین ڕاپۆرتەکە هەمووی خراپە، یان هەمووی باشە، با وەلاّمەکە حازر بکرێت و بێتەوە دوایی موناقەشەی لەسەر دەکرێت، ئەگەر مەبەستیان کوشتنی کات بێت ئەوە مەعلوم دەبێت، ئێمە قبولّی ناکەین، ئەگەر دۆزینەوەی حەلیش بێت ئەوە زۆر چاکە، من ئەو پرسیارەم کرد وتم لەباتی ئەو هەموو هێنان وبردنە بۆ ماددەی 140 جێبەجێ ناکەن، تەعقیداتێکی زۆر هەیە، دژایەتیەکی زۆر هەیە، ململانێیەکی ئاسان نیە، من حەز ئەکەم زۆر لایەن دەستیان خستۆتە ناو مەسەلەکە، بەلاّم تەنها بەلّێن بەمیللەتی خۆمان دەدەین کە بەهیچ شێوەیەك مساوەمە ناکەین، تا دەگەین بەحەلێکی مەعقول، دوایی دێینە ناو ئەم پەرلەمانەو دەلّێین گەیشتینە ئەم قۆناغە، فەرموون چ بڕیارێك دەدەن شەڕ بکەین، تەسلیم ببین، ڕابکەین، ئەو حەلە قبولّ بکەین، چ قەرارێك دەدرێت با میللەت خۆی قەرار بدات، ئەوەی ڕەفتاری شۆڤێنیەکانی موصلّ کەس ئێمەی ئیتیهام نەکردووە بەعەکسەوە، هەموو ئەوانەی کەمن دیومن ئەوانیان ئیتیهام کردووە، مەگەر هەندێ شۆڤێنی وەکو خۆیان نەبێ، ئەلّێن ئەوان ناحەقن بەڕاستی ئێمە زۆر بێ منەتیشین، یەعنی نە ئەوەندە موشتاقین نەئەوەندەش پێویستیمان بەوان هەیە، بەلاّم ئەگەر مەبدەئی تەوافوق هەبێت ئەوە با لەسەرتاسەری عێراق هەبێت، باشە سبەی لیستی ئیئتیلاف زۆرینەی هێنا دەکرێ حکومەتەکەی کورد و سونەی تێدا نەبێت، ئەگەر بەو مەنتقە بێت کە ئەوان دەیلّێن شیعەکان حەقیان هەیە، حکومەتی بەغداد دابمەزرێنن وئەصلّەن نەکوردی تێدا بەشدار بکەن و نە سونەش، بەلاّم ئەمە عەمەلیەن ناکرێت و نابێ، باشە سێ یەکی پارێزگای نەینەوا کوردە، ئەوان کورد بەشدار نەکەن پێیان ناکرێ، ئەوان تەنها حوکمی شاری موصلّ ئەکەن، نە ئەتوانن لە شنگال و نە شێخان و نەمەخموور حوکم بکەن، لەبەرئەوە کەیفی خۆیانە بیانەوێت شەریك بین وبەشدار بین پێکەوە، ئەوە ئێمە ئامادەین، کوردیش بەشدارناکەن خۆیان ناتوانن حوکم لەکورد بکەن، ئەوەی جاران تەصەوریان دەکرد ئەوان حوکم لەکورد ئەکەن وکورد بەهاولاّتی پلە دوو دادەنێن، ئەوە ئەو ڕۆژە نەما، تەبیعی شتێکی تریش هەیە، ئێستا زۆرلام سەیرە، حەتا کیتاب لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش دەرچووە، ئەصلّەن مەخموور هەر بەشێکە لە هەولێر، مەخموور نەبووە بە بەشێك لە موصلّ، حەتا بە بڕیاری مەجلسی قیادەی سەورەی جارانیش مەخموور ئیدارییەن نەخراوەتە سەر موصلّ، بە بڕیارێکی کاتی دوای ئەوەی کە ڕاپەڕین بوو، لێرە ڕایان کردو چوونە مەخموور، بەشێوەیەکی کاتی مەخمووریان ڕەبت کرد بە موصلّ بۆ مەسائیلی ئیداری، وەك مەسەلەی مەعاشات و ئەو شتانە، لەبەرئەوە من نازانم یەعنی موتابەعەی ئەوە نەکراوە کە مەخموور ئەصلّەن وەکو ئەوەی شێخان و شنگال وخانەقین و ئەوانە نیە موشکیلەکەی، مەسەلەی متمانە وەلّلاّهی ڕاستە، یەعنی ئێمە وەکو کورد هەرچیەك بین هەر کوردین، ئێمە برای یەکین، خەلّکی ئەم ولاّتەین، ڕاستە بۆچوونی جیاوازمان هەیە، ئەفکاری جیاوازمان هەیە، حزبی جیاوازین، ئەمە شتێکی زۆر زۆر تەبیعیە، یەعنی نابێ ئێمە ئەمە بەشتێکی نایاسایی وەربگرین، بەلاّم کە بگاتە مەسەلەی بەرژەوەندی نەتەوەییمان، مەسائیلی ستراتیژی نەتەوەییمان

پێم وایە ئەو وەختە حزبایەتی ئەبێ قیمەتی نەمێنێت، من حزبایەتی وا تێدەگەم کەوا بۆ خزمەتی میللەتە، بۆ خزمەتی کوردایەتیە، ئەگەر وای لێهات حزبایەتیەکەی تۆ تەقاتع بکات لەگەڵ کوردایەتی ئەو کاتە ئینسان ئەبێ کوردایەتی هەڵبژێرێت، جا لە چ دینێك بین لە چ مەزهەبێك بین، لە چ حزبێکی سیاسی بین، پێم وایە ئەمە ئەبێ پەیمانێك بێت هەموو تاکێکی کورد ئەمە لەگەڵ خۆی و خوای خۆی و وڵاتی خۆی بدات، ئەوەی تر لەچ حزبێکی موبارەکت بێت، هیچ موشکیلەیەك نیە، تۆ لەو حزبەی من لەم حزبەم، ئێمە هەموو برای یەکین، هیچ گرفتێکمان نیە، بەڵام کە گەیشتە ئەوەی خۆت جیاکردەوە لە وڵاتی خۆت، لە میللەتی خۆت ئەو وەختە موشکیلە دروست ئەبێت، وەڵڵا ئەوەی تاپۆ ببورە من باش تێنەگەشتم، لەبەرئەوە نازانم وەڵامەکەت بدەمەوە، ئەبێ یەکێکی قانونی وەڵامی ئەوە بداتەوە، ئەوەی دکتۆرە شوکریەش باسی کرد، مەسەلەی میدیا، وەڵڵا ڕاستە پێشکەوتنی گەورە بوو، بەڵام هەرچی دەکەین میدیا لێمان ڕازیی نیە، لەبەرئەوە وتم نەوەك ناویشیان بهێنم ڕازی نەبن، ئەوەی پرسیار لەسەر هاتنی (محمود عباس) هاتنی سەرۆکی فەلەستینی لە ناحیەی مەعنەوەی، بەڕای من شتێکی گەورە بوو، حەز ئەکەم بە کەمی نەزانن، جارێ زۆر لە عەرەبە شۆڤینیەکان سەری بەند وبنی بەندیان ئەوەیە عیلاقەی کورد و ئیسرائیلەو هاتنی سەرۆکی فەلەستینی بۆ ئێرە وەڵامە بۆ هەموو ئەو تۆمەتانەو ئەو قسە بێ بنەمایانە کە شۆڤینیەکان دەیان کرد، ئەگەر وای لێبێت لەناو (20) دەوڵەتی عەرەبی، فەلەستینی موحتاجی ئەوە بن کورد یارمەتیان بدات، پێم وایە ئەمە شانازییەکی گەورەیە بۆ کورد، بەڵام کاکە ئەوە عیلاقاتە شتێکی مەعنەویە بەینی کوردو فەلەستینی ئەو پەڕی کەداوایان کردووە، ئیحتیمالە هەندێ مینەحی دیراسی زەمالات بدرێت بەهەندێ قوتابی ئەوان، ئەویش بەسەرچاو بۆیان ئەکەین، هیچ موشکیلەیەك نیە، ئەگەر کەسێکی ئەوان جارێك پێویستی بە کورد بێت یان ئێمە کۆمەکی بکەین یان یارمەتی بدەین، ئەوەی ئێمە پێمان بکرێت دەیکەین، بەڵام ئەوەی کە فەلەستینی بێن و لێرە دابمەزرێن ئەوە باس نەکراوە، بەڵام بۆ ئێمە سەربەرزیە کەیارمەتی فەلەستین بدەین، من بەشتێکی زۆر باشی دەزانم، پیرخدر بۆ مەسەلەی ئەو خوشك وبرایانەی ئێمە لە دەوروبەری موسڵ، یان دەبێ موشارەکە قبوڵ بکەین لە موصڵ یان ئەوان خۆیان ماددەی 140 جێبەجێ بکەن و بێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، خۆزگە کەرکووکیش وەکو ئێوە بکەن، ئەگەر ڕازی بن کە موشارەکە بێت دەبێ بەشدار بن لە حکومەت، ئەگەر ڕازی نەبن ئەوە ئەوان لەماڵی خۆیان و ئێوەش لەماڵی خۆتان، ئەو کاتە دێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بودجەش ئەوە حەقی ئەوان نیە بودجە بڕن، یەعنی ئەوان ناتوانن بودجەی ئەو ناوچانە ببڕن، بێشك ئەگەر گەیشتە ئەو حەدە، ئەوە هەرێمی کوردستان لە بودجەی سلێمانی، هەولێر، دهۆك، عیلاجێکتان بۆ دەکەین، ئەوە موشکیلە نابێت، بۆ مەسەلەی کێشەی قوتابیانی ئێوەو دامەزراندنیان، ئەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باس دەکرێت، ئەوەی کە کاك عوسمان باسی کرد، تەبیعی مووچەی ئەو کەسەی کە کارمەندی حکومەتە هی کەس نابڕێت، بەڵام لەناو حزبێك، ئەو حزبە بە پێی پەیڕەو وپرۆگرامی خۆی لەگەڵ ئەندامێکی خۆی چۆن ڕەفتار بکات ئەوە حەقێکی تەبیعی ئەو حزبەیە کەچۆن ڕەفتار دەکات، بەڵام ئەوەی عیلاقەی بە حکومەتەوە هەیە، واتە

حکومەتی هەرێم کە هی هەموو لایەکە، کەس نـاتوانێ مووچـەی کـەس ببڕێـت، ئـەوەی تـر خـۆی وەختـێ کـە قانونی سەرۆکی هەرێم دەرچوو، ئەڵێت ئەمجارە لەپەرلەمان بوو، جـاری داهـاتوو بەشـێوەی موباشـر دەبێـت، هەر لەقانونەکەشدا هاتووە، ئینجا ئیستنادەن لەسەر ئەو قانونە، دەتوانین ئەوە بکەین، یەعنی من پـێم وایـە شتێکی خیلافی قانون نیە، من بەش بـەحاڵی خـۆم ئەگـەر موباشـر بێـت ئـەوە دەیکـەم، ئەگـەر هەڵبـژاردنیش لەپەرلەمان بێت، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو پەرلەمان من حازر نیم جارێکی تر خۆم هەڵبـژێرم، ئەگـەر موباشـر بێت ئەوە دەیکەم، تەبعەن ئەگەر خیلافی قانونە خۆ ئێـوە پەرلـەمان ئـەتوانن بڕیارێـك بـدەن، ئەگـەر بـەپێی ئەو قانونە کەخۆتان داتان ناوە، جاری دووەم موباشر بێـت، مـن پـێم وایـە شـتێکی قانونیـە، یـەعنی خـیلافی قانون نیە، کاك تەڵعەت باسی ئەوەی کرد بەتەئکید تورکمان برای ئێمەن، بەئەرکی خۆمانی دەزانـین ئـەوەی پێمان بکرێت خزمەتیان بکەین، من دەتـوانم ئێسـتاش بـەناوی گـەلی کوردستانیشـەوە بڵـێم، ئەگـەر وەکـو لـە ماددەی 140 هاتووە، کەرکووك چارەسـەر بکرێـت، کـەرکووك بێتـەوە سـەر هـەرێمی کوردسـتان ئێمـە وەعـد دەدەین لـە مەسـائیلی ئیـداری ئەوپـەڕی سـەخاوەت بەرامبـەر بـە تورکمـان و عـەرەب بـەکاربهێنین، بـەڵام بـا هەویەی کەرکووك تەحدید بکرێت، بەپێی ئیرادەی خەڵکی کەرکووك، وەکو وتراوە تەتبیق، ئیحسا، ئیستیفتا، ئەگەر ئەو خەڵکە وتیان ئێمە نامانەوێت بچینەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو وەختە ئێمە هیچ حەقێکمان لەسەریان نامێنێت، ئەگەر داواشیان کـرد ئیحترامـی ئـیرادەی ئـەم خەڵکـە بگیرێـت، ئەگـەر فیعلـەن ئیحترامـی ئیرادەی ئەم خەڵکە گیرا و هاتەوە سەر هەرێمی کوردسـتان، وەڵڵا هـی ئـەبینن کـە ئێمـە چـەند سـەخی ئـەبین بەرامبەر بە عەرەب و تورکمـان، بـەڵام ئـەوەی ئێسـتا دەیکـەن وهـەموو شـتێك دژی کـوردە، یـەعنی حـەقێکی شەرعی و قانونی کوردە، هەر ناهێڵن و دژی ئەبن، تەبعـەن ئـەو وەختـە کـوردیش تووشـی کاردانـەوە ئـەبێت، ئێمە ئێستا ناتوانین ئەوەی ئەو وەختە بۆیان دەکەین ئێستا بیکەین، ئینجـا بۆیـە ئێـوە ئـەتوانن بـەو برایانـە بڵێن بە تورکمانەکان لەکەرکووك لەهەموو شوێنێك، کە کورد ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت لەهـەر شـوێنێك بێـت ئەو پەڕی خزمەتی ئێوە دەکەن و ئێوە برای ئێمەن، نابێ هیچ جیاوازییەکیش هەبێت، ئەوەی کۆتا تەشـکیلی کیانی تازە، بەهیچ شێوەیەك ئەمە قابیلی قبوڵ نیە، دەست تێوەردان لە کۆتای نەتەوەکانی تـر قـابیلی قبـوڵ نیە، هەر کەسێك بیکات دەبـێ هەڵوەشـێتەوە، ئـەوە مـومکین نیـە، ئـەو ڕۆژەش لەگـەڵ جـەنابی سـەرۆك مـام جەلالیش قسەمان کرد، ئەویش هەمان ڕەئی هەیە، سەرکردایەتی هەردوولاش هـەمان ڕەئیـان هەیـە، وابـزانم پەرلەمانیش ئەو بڕیارەی داوە، لەبەر ئەوە کەس ناتوانێ و ئەوەشی بیکات خیلافە، وەڵڵا وابزانم من وەڵامـی هەموو پرسیارەکانم دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەنها دوو نوقتە هەیە، کەجـەنابت ئاراسـتەی ئێمـەت کـردەوە، بەنیسـبەت کۆتـاوە، ئـەوەی کـاك ڕۆمیۆ باسی کـرد، ئێمـە کۆتـا واتێدەگـەین کەتایبەتـە بـۆ ئـەو نەتـەوەو پێکهاتانـەی کـە لەکوردسـتاندا هـەن، بەتایبـەتی (تورکمـان، کلـدان، سـریان، ئاشـوور) هـەروەها کۆتایـەکیش بـۆ (ئەرمـەن)، دیـارە ئێمـە لەگـەڵ کۆمیسیۆنی باڵا بەتایبەتی (قازی قاسم) ئەو مەوزووعەمان باسکردووە، پێمان وابوو کە دەبێت پێکهاتەی ئەو

کۆتایە دەنگ بدەن، ئەو دوو شتی خستە ڕوو، یەکەم: ئێمە ئەو ئیحسائەمان نیە، کە بزانین کێ تورکمانە، کێ مەسیحیە، کلدانیە، ئاشووریە، سریانیە، ئەرمەنە، دووەم: ئەگەر دەنگدان حەسر بکەین بەنەتەوەکەوە، ئەوە دژی پرەنسیپەکانی نێونەتەوەییە، سێیەم: ئێمەش ئەوەمان بۆ ئیزافە کرد تەئیدەن بۆ قسەکانی (قازی قاسم) ئەوەیە، کە بەتەئکید بەبێ ئەوەی ئەو سەرژمێریە هەبێت یان ئەو حیساب و کیتابە هەبێت کە کێ تورکمانە، کێ مەسیحیە، پێم وایە کەس ئامادە نیە کەچووە سەر سندوقی دەنگدان، ئامادە بێت نەتەوەی خۆی بگۆڕێت یان دینی خۆی بگۆڕێت دەنگ بەیەکێکی تر بدات، بۆیە لەهەر شوێنێکدا بێت بۆی هەیە دەنگ بدات بەو لیستەی کە خۆی تێدایە یان باوەڕی پێی هەیە، جا هەرکەسێك بڕوای وابوو موسوڵمانەو دەنگی بە لیستێکی مەسیحی دا، ئەوە کەیفی خۆیەتی دەبێ تۆش ڕێزی بگریت و هەموو کەسیش بەو شێوەیە، بەس من پێم وایە با بەشێوەیەکی واقیعی تەماشا بکەین، ئەو دەنگدانە دەبێتە هۆی ئەوەی دیاری بکرێت، کە کێ نوێنەری حەقیقی تورکمانە، یان کێ نوێنەری حەقیقی سریان و کلدان و ئاشوورە، کێ نوێنەری حەقیقی ئەرمەنیشە، بەنیسبەت سەرۆکی هەرێم، ئێمە وەکو جەنابی سەرۆك باسی کرد، بەیاسا ئەو هەڵبژاردنە کراوە، بەڵام کاك عوسمان سیستەمی هەر وڵاتێك ریئاسیە یان پەرلەمانیە، یان چۆنیەتی هەڵبژاردنی پەرلەمان یان هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، بەڵکو بەکۆمەڵێك لەو یاسایە یان ئەو دەستوورەی کە وڵاتەکە بەڕێوە دەبات ئەوە نیشانی دەدات کە ئەو سیستەمە لەو وڵاتەدا ریئاسیە یان پەرلەمانیە، یان هاوبەشە، ئێمە ئێستا لەڕێگای ئەوەداین و موئەسەسات دروست دەکەین لە کۆمەڵگای کوردستان هێشتا تەواویشمان نەکردووە، هێشتاکە ئێمە پێویستیمان بە زۆر یاسای تریش هەیە، یاسای دەسەڵاتی دادوەریمان پەسەند کرد لێرە، کە یاسایەکی سەربەخۆیە لەسەدا سەد، یاسای سەرۆکایەتیشمان لێرە پەسەند کردووە، یاسای پەرلەمانیش بەپشتیوانی خوای گەورەش دەستووریش لێرە لە دوو هەفتەی داهاتوودا کۆتایی پێدێت، ئەوەش خاڵێکە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ئەمەی ئاماژە پێکردووە، ڕێك کەوتووە لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەدەنگدانی گشتی بێت، جا ئەوە تەبعەن هەم ڕەئی ئەوانە کە لەگەڵ یاساکە ئەگونجێت دەبێ ئێمە ئەوە تەبعەن هەر کەسێك ئازادە کە خۆی هەڵدەبژێرێت، بەپێی ئەو قانونەی کە بۆ هەڵبژاردنی یاساکە دەردەچێت، من زۆر سوپاسی هەموولایەکتان دەکەم، سوپاسی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەم، بۆ وتارەکەی، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، سوپاسی میوانەکانمان دەکەین کە لەو دانیشتنەدا بەشداریان کرد، ئومێدەوارم هەموولایەك سەرکەوتوو بن، بۆ سەرخستنی پرۆژەی هەڵبژاردنی پەرلەمان، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین، باشە جەنابی سەرۆك بارزانی تەوزیحێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز مەسعود بارزانی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك وبرایان من بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، چونکە زۆرجار گوێم لێبووە، دەڵێن لەناو پەرلەمان و هەردوو حزب لەبەینی خۆیان ڕێك کەوتوون، زەختیان لە ئەحزابی تریش کردووە، تەهدید کراون، ئەمە سەفقەیەکە، ئەگینا بەحەقیقەت من ئەمەوێت ڕەئی خەڵکی کوردستان بزانین، ئەگەر دەنگ بدەن

خزمەتیان دەکەین، دەنگ نەدەن دەستیان ماچ دەکەین، یەعنی من دەمەوێت شارعی کوردی بڕیار بدات، بۆ ئەوەی ئەو قسەو قسەلۆکانە نەمێنێت، چونکە بەخوا من یەك ڕۆژ مەسئولیەت وەرناگرم، ئەگەر بەزۆر بێت و خۆفەرزکردن بێت، ئەگەر فەرزکردن بێ من قبوڵی ناکەم، ئینجا لەبەر ئەوە من حەز ئەکەم، ئەگەر قبوڵی بکەن با موباشر بێت، ئەگەر موباشر نیە ئەوە پەرلەمان خۆتان قەراری خۆتان بدەن، منیش قەراری خۆم دەدەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەیانی سەعات 10/30 کۆبوونەوەی ئاسایی خۆمان دەست پێدەکەینەوە، تا ئەندامانی پەرلەمان حازر بن تکایە، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

**چوارشەممە رێكەوتی 6\5 \2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)

## چوارشەممە رێكەوتی 6/ 2009/5

كاتژمێر ()ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2009/5/6 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 6/ 2009/5 دا بەم شێوەیە بێت:

-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2009 كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بە نووسراویان ژمارە 977 لە 2009/4/26 .

2-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای قەرەبووكردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی كە یاسای رێكخستنی موڵكایەتی زەوی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان ژمارە 90 ی ساڵی 1975 دەیانگرێتەوە كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بە نووسراویان ژمارە 803 لە 2009./4/12

3-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بە نووسراویان ژمارە 976 لە 2009./4/26

4-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەكان لە هەرێمی كوردستانی عیراق كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بە نووسراویان ژمارە 978 لە 2009./4/26

5-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای پاراستنی ناوچەكانی سەوزایی و دار ڕواندن لە شارەكانی هەرێمی كوردستانی عیراق كە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

6-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان كە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

1-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2009 كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بە نووسراویان ژمارە 977 لە 2009/4/26 .

2-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای قەرەبووکردنەوەی ئەو هاوولاتیانەی کە یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 90 ی ساڵی 1975 دەیانگرێتەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە 803 لە 2009./4/12

3-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە 976 لە 2009./4/26

4-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە 978 لە 2009./4/26

5-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پاراستنی ناوچەکانی سەوزایی و دار ڕواندن لە شارەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

6-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

داوا لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەکەم بێنە شوێنی خۆیان بۆ دەست پێ کردن بە کارەکانمان، سەرەتا دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەك بدەم سەبارەت بە ئەنجامی دانیشتنەکانی دوێنێ، دیارە پاش ئەوەی جەنابی سەرۆکی هەرێم ڕۆژی هەڵبژاردنی دیاری کردکە 7/25 ە، لە هەمان کاتیش دا نووسراوێکیشی کردووە بۆکۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، وەکو لە یاسایەکەش داهاتووە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی گشتی دەبێت، بۆیە ئەمڕۆ لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا باسمان کرد کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە هەمان کاتدا بێت کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت کە لە 7/25ی ئەم ساڵدا هەم هەڵبژاردنی گشتی دەکرێت بۆ پەرلەمان و هەم دەنگدان بۆ سەرۆکی هەرێم دەکرێت، دیارە بە پێی یاساکە فەرقی هەیە و وەختمان لە پێشە، یەك مانگ پێش هەڵبژاردن دەرگا دەکرێتەوە بۆ خۆ پاڵاوتن بۆ ئەو هینە، چونکە من دوێنێ لەو هینە، گوتم ڕەنگە نەکرێت، بەڵام لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا باسمان کرد ئەمڕۆ تەماشای یاساکەمان کرد، ئومێد دەکەین وەك ئەوەی کە ئیتفاقمان کردووە لە 7/25 ئەوەش ئەنجام بدرێت بۆ ئاگاداری ئێوەو خەڵکی کوردستانی بەڕێزیش، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆتایی دانیشتنی دوێنێ بڕیاردرا کە دانیشتنی ئەم بەیانیە سەعات 10,30 ئەنجام بدرێت، دیارە ئێستا سەعات 11,30 کە سەعاتێك دواکەوت، هیچ ئاماژەیەکتان پێی نەداوە هیوادارین سەرۆکایەتی بۆ خۆی ڕەچاوی ئەو کاتانە بکات کە دانیشتنەکان دیاری دەکات، یاخود هۆکاری دواکەوتنەکەی بۆ پەرلەمان باس بکات، ئەمە یەك، دووەم: کۆمەڵێك پرۆژە یاسا ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، زۆر جێگای دڵخۆشیە، زۆر پێمان خۆشە ئەندامانی پەرلەمان کە هەندێك لەو یاسایانە فەترەیەکی زۆرە چاوەڕێن،

بەڵام بە داخەوە نوسخەیان نەگەیشتووتە دەستمان، هیواداریین بەلایەنی خوێندنەوە یەکەم نوسخەی زووتر بگاتە ئەندامان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە لەسەنگەر دای بۆ ئەوەی نوقتەی نیزامیەك پەیدا بکەی! ئەوەڵەن ڕوونکردنەوەکەی  من پێیم وابوو کە داوای لێ بوردن دەکەم کە تەئخیر بووین، پێم وابوو ڕوونکردنەوەکە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی دواکەوتین، ئەو سەعاتەی کە دواکەوتین، لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا دانیشتمان هەبوو بەلای کەمی 40 دەقیقەی بۆ ئەو مەوزوعە بوو کە یەکلای بکەینەوە، هەروەها باسی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانمان کرد، کە یەك، دوو تێبینیان دا بە ئێمە کە پێویستە بخریتە بەردەم ئێوە لە هەفتەی داهاتوو دا، پێویستیان بە هەندێك هەموار کردنی پێویست هەیە، بە تایبەتی لەوەی ئەو کەسانەی کە خروقات دەکەن لە هەڵبژاردندا لە کاتی حەملەی ئینتیخابی دا، هەروەها هەندێك کەموکوڕی هەیە لە یاساکە لەسەر مەسەلەی کۆتا، لەسەر مەسەلەی ماوەکان، هەفتەی داهاتوو، بۆیە دواکەوتین، وام تەسەور کرد کە ئەو قسانەم تەبریر بوو،قسەی دووەمت ڕەت دەکەمەوە، لەبەرئەوەی کۆپی ئەو پرۆژانە پاش ئەوەی خویندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت ئەوجا ئاڕاستەی ئەندامی پەرلەمان دەکرێت، نەك وا، هەموو پرۆژەکانیش هەر وا ڕۆیشتووە، ئەوانەش هەر وان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم خاڵی یەکەم لە بودجەی هەرێمی کوردستان، ئیقتڕاحێك هەیە لەلایەن لیژنەی یاسایی  و کاك فرستیش، ئەوە زۆرە بۆ ئەوەی وەختەکەمان هین نەبێت، تەنها ئاماژەی پێ بکرێت و ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندار و لیژنەکان بکرێت، خاڵی یەکەم زەروریە بخوێندرێتەوە، (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2009 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە 977 لە 2009/4/26)، فەرموون بۆ خوێندنەوەی، کاك خلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەکە هەر بە عەرەبی لەبەر دەستی ئێمە دایە.

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**اقليم كوردستان – العراق**

**رئاسة الاقليم**

**الرئيس**

**باسم الشعب**

**قرار**

**رقم (  ) لسنة 2009**

## قانون موازنه اقليم كوردستان – العراق لسنه 2009

وفقا للفقرة الاولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة اقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2005 المعدل وبناء على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق فى جلسته المرقمة ( ) والمنعقدة فى / / 2009 قررنا اصدار:

## قانون رقم ( ) لسنة 2009

## قانون موازنة اقليم كوردستان – العراق لسنة 2009

المادة الاولى:

يرصد لنفقات السنة المالية /2009 مبلغ قدره (8,857,263 ) فقط (ثمانية ترليون و ثمانمائة وسبع وخمسون مليار و مائتان وثلاثة و ستون ملون دينار) فقط ويوزع كالاتى:-

اولا/ مبلغ قدره (2,303,338 ) فقط (اثنان ترليون و ثلاثمائة وثلاثة مليار وثلاثمائة و ثمانية وثلاثون مليون دينار)لنفقات المشاريع الرأسمالية.

ثانيا/ مبلغ قدره (6,553,925 ) فقط (ستة ترليون وخمسمائة وثلاثة خمسون مليار وتسعمائة وخمسة وعشرون مليون دينار) للنفقات التشغيلية.

المادة الثانية:

تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية /2009 من اجمالى نفقات الموزانة الفدرالية (8,857,263) فقط (ثمانية ترليون و ثمانمائة وسبع وخمسون مليار و مائتان وثلاثة و ستون مليون دينار).

المادة الثالثة:

فى حالة حصول عجز فى موازنة حكومة اقليم كوردستان يخول وزير المالية بتخفيض المبلغ الاجمالى للموازنة بنفس النسبة التى حصل فيها العجز.

المادة الرابعة:

يحصر الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية (المنح، الاعلانات، موجودات غير المالية، نفقات المشاريع الرأسمالية) من الموزانة العامة لحكومة اقليم كوردستان ولوزير المالية تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف مباشرة على بعض مستويات الحسابات الرئيسة.

المادة الخامسة:

1 ـ تتولى وزارة المالية لاقليم كوردستان ـ العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

2 ـ تضاف ايرادات البلديات الى ميزانياتها الخاصة وتقوم وزارة المالية بمراقبة هذه الايرادات وكيفية صرفها.

المادة السادسة:

لرئيس المجلس الوطنى لكوردستان - العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس الوطنى.

المادة السابعة:

**لرئيس مجلس القضاء اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بمجلس القضاء.**

**المادة الثامنة:**

**اولا/ يخول وزير المالية صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه.**

**ثانيا/ لوزير المالية اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التى يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن الفصل الواحد و وحدة الصرف الواحدة.**

**ثالثا/ لايجوز اجراء المناقلة بين تخصيصات التنمية بين المحافظات.**

**المادة التاسعة:**

**تقدم وزارات و دوائر الدولة كافة حساباتها الشهرية (موازين المراجعة) فى موعد لاتتجاوز مدته (10 ايام) من نهاية كل شهر الى الوزارة المالية- مديرة المحاسبة.**

**المادة العاشرة:**

**يخول وزير المالية اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية للسنة المالية 2009 بنسبة (1٪) من اجمالى الاعتمادات المصدقة للميزانية للاغراض التالية:**

**اولا/ اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال السنة المالية 2009.**

**ثانيا/ اضافة اعتمادات جديدة فى ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتى يقررها مجلس الوزراء.**

**المادة الحادية عشرة:**

**تتولى وزارة المالية بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان العراق للسنة المالية 2009 والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة فى الميزانية.**

**المادة الثانية عشرة:**

**لايجوز لاية جهة الحكومية بضمنها رئاسة مجلس الوزراء تنفيذ مشاريع خاصة ضمن موازنتها.**

**المادة الثالثة عشرة:**

**اولا/ للوزير المختص صلاحية الصرف بما لايزيد على مائتان وخمسون مليون دينار عن كل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالا يزيد على (100) مائة مليون دينار.**

**ثانيا/ لرؤساء الدوائر غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما يزيد على (150) مائة وخمسون مليون دينار لكل حالة مع مراعاة ما يلى:**

**1 ـ ان يتم الصرف وفقا للاعتمادات المصادق عليها فى الموازنة السنوية وللاغراض المحددة لها.**

**2 ـ التقيد بالاعتمادات المخصصة فى الموازنة ولايجوز الدخول فى الالتزام بالصرف بما يزيد عما هو مخصص فى الموازنة.**

**المادة الرابعة عشرة:**

**لوزير المالية اضافة تخصيصات مبالغ الايرادات الشهرية التى تحققها وزارة الصحة لكافة دوائرها الى موازنة وزارة الصحة لاغراض شراء الادوية وتدارك نفقات الصيانة بانواعها وحسب طلب وزارة الصحة مشفوعا بجداول الايرادات المتحققة فعلا.**

**المادة الخامسة عشرة:**

**تقيد مبالغ التبرعات الممنوحة للوزارات والجهات غير مرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية، ايرادا نهائيا للميزانية العامة على ان يقوم وزير المالية بتخصيصها من اعتمادات الوزارة او الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الاغراض التى منحت من اجلها.**

**المادة السادسة عشرة:**

**ايقاف التعينات بعقود كافة الا بعد موافقة وزارة المالية.**

**المادة السابعة عشرة:**

**لاتزيد المكافات للموظفين على ثلاثة ملايين دينار سنويا للشخص الواحد وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة المختصة وبموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية.**

**المادة الثامنة عشرة:**

**يحال رئيس الدوائر لوحدة الانفاق الى التحقيق وفق القواعد القانونية والتعليمات النافذة، الذى يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2009 لدائرته بعد نفاذ القانون.**

**المادة التاسعة عشرة:**

**اعفاء الشركات المتعاقدة مع حكومة الاقليم ومؤسساتها على مشاريع المناهج الاستثمارى من جميع الضرائب والرسوم بضمنها رسم الطابع المترتبة عليها فى الاقليم نتيجة اعمالها المذكورة فى اطار العقد.**

**المادة العشرون:**

**لايعمل باى قرار مخالف لهذا القانون ولاتتحمل الخزينة اى اعباء مالية لهذا القرار مالم يكتسب الشرعية القانونية ويصادق فى المجلس الوطنى.**

**المادة الحادية والعشرون:**

**على وزارة المالية تقديم تقرير دورى كل ستة اشهر عن الوضع المالى للاقليم للمجلس الوطنى لكوردستان ـ العراق.**

**المادة الثانية والعشرون:**

**لوزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون خلال اسبوعين من تاريخ اصداره.**

**المادة الثالثة والعشرون:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الرابعة والعشرون:**

**ينشر هذا القانون فى الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) ويعتبر نافذا اعتبارا من / / 2009.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، من لەڕێگەی جەنابی وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، ئەو ڕەخنەیە ئاڕاستەی دەكەین كە ئێمە قانونمان دەرهێناوەو ناوی پەرلەمانمان گۆڕیوە دەبوایە ڕەچاوبكرێت، لە زۆر لە فەقەرەكان كلێشەی پاریان هێناوەو داخلیان كردووە، ئەو پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەم، كوردیەكەی تێدانیە، هەر بە عەرەبی هاتووە، بەڵام دەبوایە هین بێت، بۆیە ئێمە دوامان نەخست، چونكە دواخستنەكەی خۆی دواكەوتووە، بەڵام بە تەئكید دەبێت كوردیەكەش ڕەچاوبكرێت، ئاڕاستەی لیژنەی دارایی و ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی و هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش، داوا لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەم، كە لەگەڵ لیژنە پەیوەندارەكان سەبارەت بە بودجەی وەزارەتەكان دانیشتنی تایبەت بكەن و تێبینیان هەرچی هەیانە، بەڵام هەموو تەفسیلاتی میزانیەكە لەلای لیژنەی دارایی و ئابووری دەبێت، بۆ ئەوەی دیراسەتی خۆیان تەواو بكەن، هەر لیژنەیەك بۆی هەیە لەگەڵ لیژنەی دارایی بەدواداچوون بۆ میزانیەی وەزارەتی پەیوەندار بكات لەگەڵ لیژنەكەی، هەروەها لیژنەی یاسایش بۆ كاری پێویست و ئەندامانی پەرلەمانیش، ئەگەر نوقتەی نیزامی نیە، دەچینە خاڵی دووەم، (خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای قەرەبووكردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی كە یاسای ڕێكخستنی موڵكایەتی زەوی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان ژمارە 90ی ساڵی 1975 دەیانگرێتەوە كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بە نووسراویان ژمارە 803 لە (2009/4/12)، ئەگەر دوورودرێژە تەنها ئاڕاستەیان دەكەین، ئەگەر كورتە بیخوێنەوە، ئەوە ئیعتبار كرا خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا و ئاڕاستەی لیژنەی كشتوكاڵ و لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی و ئەندامانی پەرلەمانی دەكەم، خاڵی سێیەم لە بەرنامەی كار خۆی نووسراوە (خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بە نووسراویان ژمارە 976 لە (2009/4/26)، خۆی ئەوە جارێكی تریش خوێندراوەتەوە، بەڵام گۆڕانكاری زۆری بەسەرداهاتووە، وەكو پرۆژەیەكی تازە نێردراوەتەوە، بۆیە ئەوە دەبێتە ئەساس، من پێم باشە پێشتر كە خوێندراوەتەوەو لەلایەن هەمووتان ئاشكرایە و بەدواداچوونیشی بۆ كراوە، ڕاپۆرتەكە حازر كراوە، دەكرێت بە زووترین كات لە هەفتەی داهاتوو ڕۆژێك دابنێین ئەگەر بیتو بودجە نەهێتە پێش، بۆ ئەوەی ئەوە بخرێتە بەرنامەی كار و یەكلا بكرێتەوە، ئاراستەی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنانی دەكەین و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان دەكەم، تكام وایە بەزووترین كات راپۆرتی هاوبەشیان حازر بكەن بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی كار، هەروەها لیژنەی ناوخۆش پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە، خاڵی چوارەم**

(خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە 978 لە (2009/4/26)، ئەمەش ئاڕاستەی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، خاڵی پێنجەم (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پاراستنی ناوچەکانی سەوزایی و دار ڕواندن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە)، ئەمەش ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی شارەوانی و ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، هەروەها لیژنەی تەندروستیش، خاڵی شەشەم (خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە)، فەرموون بۆ خاڵ بە خاڵ خوێندنەوەو گفتوگۆ کردن لەسەری، داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن و مادده بە مادده بیخوێننەوە بە کوردی و بە عەرەبی و ڕای لیژنەکانیشی لەسەر بدەن، کاک جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی**

**پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ئامانجەکان**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق

دووەم: دەستە: دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە کوردستان دا.

سێیەم: ئەنجومەنەکان: ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنە خۆجێیەکانی قەزا و ناحیەکان.

چوارەم: بازنەی هەڵبژاردن: هەموو ناوچەیەکی دیاری کراو کە ژمارەیەك کورسیان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ تەرخان کراوە.

پێنجەم: مەڵبەندی هەڵبژاردن: ئەو شوێنەی کە دەستە لە ناو بازنەی هەڵبژاردنەکان دای دەنێت بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی دەنگدان لێی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مشروع قانون انتخاب مجالس المحافظات**

**و الأقضية والنواحي في اقليم كوردستان_العراق**

**الفصل الأول**

**التعاريف والأهداف**

المادة (1): يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة إزاءها لأغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان_العراق.

ثانياً: الهيئة: الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في كوردستان.

ثالثاً: المجالس: مجالس المحافظات والمجالس المحلية للاقضية والنواحي.

رابعاً: الدائرة الانتخابية: كل منطقة محددة خصص لها عدد من المقاعد وفقا لأحكام هذا القانون.

خامساً: مركز الانتخاب: المكان الذي تعينه الهيئة ضمن الدائرة الانتخابية لإجراء عملية الاقتراع فيه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی ڕۆژی چوار شەممە لە 2009/4/15 کۆبووەوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان دا لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 5ی ڕۆژی 2009/4/14 کە بۆی هاتووە، دوای وتوێژو تاوتوێ کردنی، لیژنە پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات لە پێناو خۆ ئامادەکردن بۆ دەرچوواندنی یاسایەك بۆ جێ بەجێ کردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان، بەمەبەستی پتەوکردنی ڕێبازی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان و چەسپاندنی یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی ئەویش دەستاو دەست کردنی ئاشتیانەیە بۆ دەسەڵات لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و پاك دادپەروەرانە بۆ هەموو پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێم دا، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پرۆژەکەمان قبوڵە و هیچ پێشنیارێك و تێبینیمان نیە لەسەر ماددەی یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری ناوخۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی 2009/4/27 کۆبووەوە بۆ گفتوگۆ کردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە 5ی ڕۆژی 2009/4/14 پاش گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن، لیژنەکەمان پێشنیار و بۆچوونەکانی خۆی بەم شێوەیە پێشکەش دەکات، ئێمە تەنها سێ تێبینیمان هەیە، یەکەم: لیژنەکەمان پشتگیری لە پرۆژە یاساکە دەکات، دووەم: لیژنەکەمان زۆر تێبینی هەیە لەسەر کۆپیە کوردیەکە، سێیەم: ژمارەیەك لە ئەندامانی لیژنەکەمان تێبینیان هەیە لەسەر بڕگەی 8 لە ماددەی 27 و لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی ماددە یەك هیچتان نیە، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژەیە لەلایەن 10 ئەندام باش گەلاڵە کراوە لە لیژنەی یاسایی و لەگەڵ لیژنەی ناوخۆش، هەروەها ئەساسی ئەم پرۆژەیە قانونی هەڵبژاردن هی موحافەزاتی عیراقی بووە و هەتا سیاغەکەش نزیکی ئەوە، فەقەت ئەوەی کردوومانە ئەوە بووە زۆرتر بگونجێنین لەگەڵ خسوسیاتی ئێمە، لەگەڵ ڕاوبۆچوونی ئەوێ بگونجێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەمەمان پێشانی برادەرانی کۆمسیۆنی باڵاشمان داوە، زۆر پێیان باش بوو مولاحەزاتیان لەسەر نەبوو، بۆیە پرۆژەکە پرۆژەیەکی گەلاڵە کراوە لەلایەن لیژنە و مفەوەزیەش ئاگادارە و خسوسیاتی کوردستانیش ڕەچاوکراوە، ئیستیفادەش لە هی عیراق کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك شت هەیە کە ئێمە ماوەیەکی کورتمان ماوە، لە تەمەنی پەرلەمان و پرۆژەیەکی زۆریشمان لە پێشە و هەمووشیان یەك لە یەکتری گرنگترن، توندوتیژی خێزان و بودجە و دەستوور، لەبەرئەوە داوا دەکەم موداخەلەکانتان کورت و لە جێی خۆی دابێت و تیکراری تێدا نەبێت، بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە وەخت بکەین و بە زووترین کات تەواوی بکەین، ماددەی یەکەم هەردوو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی پشتگیریان لێی کرد، ئەگەر کەسێك مولاحەزەی لەسەر نیە؟ کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 1 لە پرۆژە یاساکە خاڵی 2 (الهیئة: الهیئة العلیا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في کوردستان)، ئێمە ئەمەمان بە ڕەسمی بە یاسا ناساندووە؟ ئایا یاسامان بەمە دەرنەچوواندووە؟. یاسای (الهیئة العلیا المستقلة

للانتخابات والاستفتاء في كوردستان)، به ياسا ئێمه شتی وامان نەکردووە؟ دووەم: لە ناو ئەو پرۆژە یاسایە کۆمەڵێك زاراوە دووبارە دەبێتەوە، ئایا نایەوێت بیناسێنین؟ وەکو (ناخب، مرشح، سجل الناخبین، القائمە، قاسم الانتخابی)، ئەمانە دووبارە دەبنەوە لە هینەکە، ئەی تەعاریف بۆ ئەوانە؟ ڕاستە ئێمە هەرکەسێك وەکو خۆمان ئاگامان لێیە، بەڵام وابزانم سیستەمی تەعاریف دەبێت هەرچی لەوێ هاتبێت، موستەلەح بێت و ئەساس بێت، دەبێت تەعریف بکرێت، مەسەلەن ناخیب کێ یە؟ مورەشەح کێیە؟ ئەوانە لە تەعریفەکاندا دەبوایە هەبوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم لە لیژنەی خۆمانە لە ماددەی 1 بڕگەی 4 پێویستە لێرە لە بڕگەی 4 ئێمە دیاری بکەین و تەئکید لە ژمارەی کەسەکان بکەینەوە، یەعنی بە چەند نفوس دەتوانێ لەو شوێنانە کورسی بهێنێت، ئەمە یەك، دووەم: قەزاو ناحیەکان دیاری نەکەین، چونکە گوند هەیە زۆر گەورەیە، ئایا ئەو گوندانە حیسابێکیان لەگەڵ دادەکرێت؟ چونکە قەزاو ناحیەکان نەهاتووە، سێیەم: ئێمە لە لیژنەکەمان چاکمان کردەوە، لێرە چاك نەکراوە، چوارەم: (تەرخان کراوە) نابێت، (تەرخان دەبێت)، لە کۆتایی جوملەی چوارەم، چونکە کراوە بۆ ڕابردووە (دەکرێت) لە مەستەقبەل دا ئەوە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پرسیاری (کاك محمد فرج )م لەلای وروژا، (الهیئة العلیا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في کوردستان)، شتێکە تەواو تازەیە لەلای ئێمە، ئایا ئەم دەزگایە بوونی هەیە یان دروست دەکرێت لەدوای یاساکە؟ هەروەها زۆر موستەلەح هاتووە و تەعریف نەکراوە، دەبێت ئەوەش لە پێشدا تەعریف بکرێت یان هەمووی تەعریف بکرێت یان ئەو تەعریفانەش نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منيش هەمان پرسیارە، ئەگەر چی لە ماددەی 3 ئیشارەیەکی داوە کە هەیئە وجودی نیە، لەبەرئەوە دەڵێت (لحین تشكیل الهیئە)، لە دوای فەقەرەکە کەنەهاتووینەتە سەری، پێم وایە ئەو پێناسە زیادەیە، هەیئە پێویستە دابمەزرێت، دواتر باسی لێوە بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی کاك شێخ جعفرم هەیە، تێبینیم هەیە لەسەر دێیەکان، بەس باسی قەزاو ناحیەکان کراوە، ئێستا ئێمە ئۆردوگامان هەیە نە ناحیەیە و نە قەزایە، ئەنجومەنی هەلبژێردراوی هەیە، لە جاری پێشوو لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی پێشوو بە هەڵبژاردن هەڵبژێردراوە، دێمان هەیە نفوسی لە 3 هەزار تا 4 هەزار کەس پترە و ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی هەیە، ئەوانە مەسیریان چی لێ دێت؟ وەکو ئەوەی لێرە لە تورەقی هەمانە، دێیەو ئەنجومەنی شارەوانیشی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان: بەداخەوە تەنها عەرەبیەکەم لەبەردەست دایە، سەبارەت بە ناونیشانی فەسڵی یەکەم ( التعاریف والاهداف)، من پێم باشە (التعاریف) بێت، چونکە ماددەی 2 دەکرێت بیخەینە ئەسبابی موجبەوە، ماددەی 3یش وەکو ماددەیەك لە ئەحکامی عامە دابێت، نەك لێرە، سەبارەت بە (الهیئة العلیا المستقلة للانتخابات والاستفتاء فی کوردستان)، ئەوە ئەو ناوە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دا هاتووە، ئەو دەزگایەی کە ئێستا هەیە پێی دەڵێن دستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، کەواتە دەبێت بەو جۆرە بێت، نەك بەو شێوەی ئێستا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان؟ کاك سەردارفەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم ئەوەی برگەی 2 (الهیئة) ئێمە لێرە هەوڵمان داوە یاسایەکە بگونجێت لەگەڵ ئەو تەعاریفەی کە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان هاتووە، لەوێ مەجموعە موستەڵەحاتێك هاتووە، ئێمە هەوڵ دەدەین لێرە نەسەقێك هەبێت یاخود هەمان ئەو بێت، ئەگەر وانەبێت لە موستەقبەل کە دەستوور دەرچوو دەبێت قانونەکەمان هەمووی هەموار بکەین، ئەوە یەك، دووەم: هەڵبژاردنەکان لە

هەرێمی کوردستان هەیئەیەکی مەحەلی سەرپەرشتی دەکات، بۆیە دەبێت هەیئەی خۆمان هەبێت، چونکە زمنی سەلاحیاتی حەسری نیە ئەوەی لە ماددەی 110 دەستووری هەمیشەیی عیراقی هاتووە، کەواتە لێرەدا ئەسڵەکە ئەوەیە ئێمە هەیئەی خۆمان دادەنێین، لەبەرئەوەی دروست نەکراوە، ئێمەش لە ماددەی 3 دەڵێین تاوەکو دروست دەکرێت موفەوەزیەی عولیای موستەقل لە بۆ هەڵبژاردنەکان جێگای دەگرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە هەندێك پێناسەی تر بکرێت، وەکو ناخب و مورەشەح و هتد.. ئێمە لە فەسڵی دووەم و لە فەسڵی سێیەم باسی ناخب و مورەشەحمان کردووە و پێویستی بە پێناسە ناکات لێرە بێت، چونکە لەوێ لە ماددەی 4 (**يشترط في الناخب أن يكون**) بەدرێژی باسی لێوە کراوە، ئەوە تەقریبەن تەعریفەکەیەتی، مورەشەحیش بەهەمان شێوە، کاك جعفر باسی دائیرەی ئینتیخابی کرد، دائیرەی ئینتیخابی لێرە 3 نەوع دائیرەی ئینتیخابی هەیە، دائیرەی ئینتیخابی لە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی پارێزگا هەمووی یەك دائیرە دەبێت، قەزاکان خۆشی یەك دائیرە دەبێت، لە ناحیەکانیش بۆ هەڵبژاردنی ناحیەکە یەك دائیرەی دەبێت، سەبارەت بە پرسیارەکەی جەنابت و کاك شێخ الله ئەوەی مەجالسی قورا، لە یاسایەکی تر موعالەجە کراوە کە یاسای شارەوانیەکانە، لەو قانونە باس کراوە کە هەر گوندێك چەند هەزار کەس بێت ئەنجومەنی بۆ دادەندرێ و شێوازەکانی، باس لەوە کرا کە هەندێك موستەڵەحاتی تریش لێرە دەبێت باس بکرێ و موختەسەری بدرێتێ، ئێمە تەماشامان کردووە کامەی زۆر دووبارە بۆتەوە ئەومان موختەسەر کردووەتەوەو لەو ماددەیەمان داناوە، ئەوەی د.نوری باسی کرد ماددەی 3 دەکرێت ئەو ماددەیە لە ئەحکامی خیتامی دا بکرێت، بەڵام لێرەش جێگەی دەبێتەوە، تەعاریف و ئەهداف کە ماددەی 2، ڕاستە بە دوو ڕستە هاتووە، بەڵام لەناوی دا ئەگەر تەرکیز بکەی زۆر هەدەفی تیایە، نەك هەر یەك هەدەف، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك، دوو شتی گرنگ وروژێندرا، یەکێکیان مەسەلەی هەیئەیە لە بەینی دوو شت داین، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دا ئەو ناوە هەیە، پرۆژەی دەستووریش لەو نزیکانە دەنگی بۆ دەدرێت لە پەرلەمان، وەکو هینەکە، لەلایەکی ترەوە ئەوە شتێکی تەبیعیە دەمانەوێت قانونەکانمان بگونجێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو مولاحەزەیە بوجێ یەو قانونیشە، شتێك کە هێشتا وجودی نیە، تۆ لەناو قانون دا دای بنێی، جا نازانم یەعنی موعالەجەیەك بکرێت، شەرحی بکە کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باس لە باسی قانون دەکەین،وەکو شتێکی ئەسڵ و سابت و بەردەوام ئێمە هەیئەمان هەیە لە پرۆژەی دەستوور، هەیئەیەکی تایبەت بۆ سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی ئینتیخابات، هەر ئینتیخاباتێك یان ئیستیفتایە لە کوردستان بکرێت و لە قانونی پەرلەمانساڵی 1992 ڕەقەم یەك هەیە، ئەوە لە پرۆژەش هەیە، لێرەش دەبێت هەبێت، چونکە ئەمە ئەسڵە، ئێستا مفەوەزیەی ئیتیحادی لە بەغدا شتێکی ئیستیسنائیە، لە هەموو قەوانین گوتومانە تاوەکو تەشکیل بکرێت، ئێمە لازمە بۆ ئەو فەترەیە کورت بوو

نەمانتوانی ئەو تەشکیلە بکەین، ئەگەرنا ئەسڵ تێیدا ئەوە هەبێت، بە ڕەئی ئێمە وەکو لە لیژنەی قانونیش باسمان کرد، ئەمە ببێت باشترە تاوەکو هەموو جار لەبەرچاومان بێت و بە شتێکی گرنگی دەزانین و شتێکی تایبەت بە خۆمان ببێت و تەشکیلاتیشی بۆ دروست بکەین تا بزانین باشە، ئەوەی ماموستا محمد فرج باسی لێوە کرد، ڕاستە موستەڵەحاتی تر هەیە، بەس ئێمە لە ئەنزیمە و ئەوەڵەن لە قانون دیارە و لە ئەنزیمەش دیاری دەکرێت ناخب کێ یەو مورەشەح کێیەو فائیز کێیەو ئەوانە هەموو بە ئەنزیمەی تەواو شەش ئەنزیمە دەرکەوتووە تا ئێستا ئیحتیمالە شتی تریش ببێت، تەفسلات بۆ شەرح و ئەوانە لە ئەنزیمەی مفەوەزیە دیاری دەکرێت، ئەو دوو مولاحەزەی بەڕێز د. نوری قانونین و زۆر موناسبە وەکو لەڕووی فەنی ڕاستە و لە ئەسبابی موجبەش هاتووەو جێگای ئەوێیە، ئەوەی تریش مادام بۆ شتێکی موئەقەتە، یەعنی دەبێتە ئینتیقالی جێگای موناسب ترە بچێتە ئەحکامی خیتامی لەجێیە، بەڵام زۆر زەرەریش ناکات، بەڵام ئەگەر بڵێی قانون باشترەو جوانترە ئسوڵی ترە کە بچێتە ئەولا وەکو جەنابی فەرمووی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئەوەی فورا ، لێرە نووسراوە مجالس ئێمە ئیقرارمان کرد کە ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان دەکرێت، لێرە ناوی فورایەکە نەهاتووە( مجالس: مجالس الاقضیة والنواحی) کە هەڵبژاردنی بۆ دەکرێت مانای وانیە، مەجلسی گوندەکانی شارەوانی شتی وای نیە، کە هەڵبژاردن دەکرێت لەو قانونە مەبەستمانە هی ئەقزیە و نەواحیە، هەر دەمێنێتەوە نوقتەی دووەم، ئەگەر ئەوەش هەبێت خۆ دەکرێت ئەگەر بێتو وەکو پەرلەمان، ئەگەر نەتوانین ئەو هەیئەیە ئیشەکەی جێ بەجێ بکات دەڵێین (تقوم هیئة المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات لاجراء.....) یەعنی موشکیلە لەوە دا نابێت تا ئەو کاتەی ئێمە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەین، ئەگەر ئەوەمان جێ بەجێ نەکرد بوو و قانونی تایبەتمان دەرنەهێنا بوو بۆ دامەزراندنی ئەو هەیئەتە، دەکرێ ئەو وەختی قەرارێك دەربهێنین (تقوم هیئة المفوضیة العلیا للانتخابات فی العراق بمقام .......... أو ثانثا: الهیئة المستقلة للانتخابات والاستفتاء فی کوردستان)، بەڵام لێرە مادام پرۆژەی دەستوورمان هەیە، بۆچی ئێمە شتێك بکەین و دواتر بێینەوە سەری و جارێکی تر هەمواری بکەینەوە، ئەوە تەسمیاتە زیاتر، بەڵێ کاك محمد خۆت ساحبی ئیقتراح بووی لەگەڵ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ ئەوەڵەن (لاموجود)(لایعرف)، ئەم قانونە وجودی نیە، ئیتر تۆ تەعریفی چی دەکەی؟ ئەمەش لە سەڵاحیەتی موشتەرەکەیە، یەعنی ئێمە هەر ڕۆژێك ئەمەمان ویست دایدەنێین، یەعنی وەکو ئەوەی کە دەڵێی کێوێ بیخەینە دیوان، ئیتر دواتر ناتوانین بیکەین ئیتر با ئەوە بێت، ئەمە لە سەڵاحیەتی موشتەرەکەیە، هەر ڕۆژێ کە ئێمە ئەم یاسایەمان دانا مافی خۆمانە، ئیتر ئەمە لامەوجودێکە ئیتر دوایی

ئیشارەتی پێی کرد، لەبەرئەوە دامان نەناوە هەیئەی عولیای مفەوەزیە دێت سەرپەرشتی ئەمە دەکات، یەعنی ئەمە تۆزێك وەکو ئەڵێی گوێ چەپوکانە لەملاوە دەستی بۆ بەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەڵەن ئەوە لە زمنی سەڵاحیاتی موشتەرەك نیە، بەڵکو لە زمنی سەحیاتی هەرێمە، ئێمە مافێکی خۆمانە کە ئەمڕۆ یاسایەکمان هەبێت بۆ مەسەلەی ئەم دەستەیە، یاسایەکەش لیژنەی یاسایی تەبەنی کردووە، حازرەو ڕەنگە تەقدیمی دەستەی سەرۆکایەتیش کرابێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لە دەستوور داهاتووە، هەروەکو جەنابت ئیشارەتت پێی دا بە قەناعەتی من بوونی لێرە هیچ زەرەرێکی نیە، ڕاستە خۆی قانونیەن تەئسیس نەکراوە، بەڵام بوونەکەی زەرەری نیە، لەبەرئەوەی دەستووریەن و دەستوورەکەش نزیکە بدرێتە پەرلەمان، بۆیە بە قەناعەتی من ئەوە لە جێگای خۆی هاتووە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە با ئیتر لە هینی انشاللە دروستی دەکەین و انشاللە دەمان بێت و انشاللە دەستووریش پەسەند دەکەین! ئیتر تەواو با لەسەر انشاللە نەمێنێ، هەمانە ئەو هەیئەتە؟ نەخێر نیمانە،ئێمە قەیدی چیە ئەگەر هاتو لە دوایی دا هەموار بکرێت، کەی کێشەیە، هەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، چەندین ساڵە، سێ جاری تریش هەموارمان کردووەتەوە، ناوە ئەسڵیەکە ئەوەی کە کارەکە دەکات ئەوە دابندرێت یاسایی ترە لەوەی ناوی دابندرێت، لەسەر شتێك لەسەر ئەساسی شتێك کە شتەکەش هێشتا تەسدیق نەکراوە، ئەگەر لەسەر ئەساسی دەستوورە دەستوور تەسدیق نەکراوە، یەعنی چۆن دەبێت لەسەر ئەساسی شتێك، شتێك بنیات بنێی کە نەبووە، لەبەرئەوە من ئیقتراح دەکەم بوترێت (الهیئە) لێرە هەیئە مەبەستی مفەوەزیەیە، ناوی مفەوەزیە بهێنین (المفوضیة الی حین تشکیل الهیئة)، قەی چی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا لە کوردستان دا بە پێی قانونی ژمارە 11ی 2007 کە قانونی موفەوەزیەی عولیای ئینتیخاباتە، لە عیراق دا دەزگایەك هەیە چەند ساڵە ئیش و کاری خۆی دەکات بەناوی (دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان) ئێمە ئەو ناوە دابنێین، ئەو دەزگایەمان بەلاوە ناوە، پاشان هەر وەختێکی کە دەستوور پەسەند کرا ئەو کاتە دەڵێت ئەو قانونانەی کەوا بە پێچەوانەی ئەم دەستوورەوەیە کاریان پێ ناکرێت، ئۆتۆماتیکیەن ئەو کاتە ئەو ناوە دەگۆڕدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە یەکەم جارنیە باسی ئەو هەیئەتە دەکرێت، یاخود بگوترێت ئەو هەیئەتە (من العدم)، لە یاسای ژمارە 1ی پەرلەمانی کوردستان لە ماددەیەك زۆر بە سەریحی باسکراوە کە ئەو ئەنجومەنە دەبێ دروست بکرێت، ئەمە یەك، دووەم: ئێمە لە خاڵی 3 ئاماژەمان بە ئەوە کردووە (لحین تشکیل الهیئة) واتە تاوەکو ئێستا تەشکیل نەکراوە، سێیەم: ئێمە ئەو یاسایەمان وا داڕشتووە کە لە موستەقبەل پێویستی بە تەعدیل نەبێت، یەعنی ئێمە کە باسی هەیئە دەکەین، سبەینێ ئەگەر هەیئەکە دروست کرا دەتوانێ ئیعتماد لەسەر ئەو قانونە بکات و هیچ موشکیلەیەکیشی نابێت، لێرە کە لە خاڵی سێیەم دەڵێت موفەوەزیە جێگای دەگرێتەوە، چوارەم: ئەوەی من دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە ئەوە یەکەم جار نیە بەو نەوعە سیاغە کراوە، لە قانونی ژمارە 1 بۆ ئینتیخاباتی پەرلەمان بە هەمان نەوع تەعامولمان لەگەڵی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان انشاللە دەگەیە نەتیجە! کاك فرست موقتەرەحێکی هەیە، دەڵێت بۆ ئەوەی  نە ئێستا و نە دواڕۆژ نابێ ببێتە (الهیئە المختصە بالانتخابات فی اقلیم کوردستان) جا ئەگەر دوایی هەمواریش بکرێتەوە دەبێت، تەبعەن ئەوانەی کە ئیعتزازیان لەسەر ئەو فەقەرەیە گرت، فەقەرەیەکی هینیان پێشکەش نەکرد، تەنها کاك د.نوری دەڵێت هەیئەی پێشوو بمێنێتەوە، (هیئة العلیا المستقلة للانتخابات فی اقلیم کوردستان)، ئەوەی ئێستا لیژنەی هاوبەش هێناویەتی تازەترە، یەعنی ئەوەی کە د.نوری هەیە و مەوجودە، ئێوەش هیچ شتێکی موحەددەتان هین نەکرد، لەبەرئەوە بە تەنها ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ کە هەیئەکە بەوە تەعریف بکرێت، دەیخەمە بڕیاری ئێوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕیاری هاوبەش، لێژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ هەیئەیان تەعریف کردووە بە (الهیئة العلیا للانتخابات والاستفتاء فی کوردستان)، کێ پشتگیری لەو موقتەرەحە دەکات، دەستی بڵند بکات تکایە؟ 43 کەس، فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ 22 کەس، دەمێنێتەوە وەکو خۆی، ماددەی 1 دەخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ماددەی 1 دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموون بۆ ماددەی 2، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

**مەبەستی ئەم یاسایە چەسپاندنی بنەماكانی دیموكراسیە و چەسپاندنی پرینسیپی دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتە لە ڕێگای دابین كردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێكی ئازاد و پاك و دادیانەی ئەنجومەنەكان و فەراهەم كردنی دەرفەتی یەكسان بۆ بەشداری كردن لە هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتن دا.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (2):**

**يهدف هذا القانون إلى تثبيت اسس الديمقراطية وتكريس مبدأ التداول السلمي للسلطة من خلال ضمان اجراء انتخابات حرة ونزيهة وعادلة للمجالس وتوفير فرص متساوية للمشاركة في الانتخاب والترشح.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك دلێر فەرموو.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی نیە لەسەر ئەم ماددەیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەی ناوخۆ هیچ تێبینی نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك بكر فەرموو.**

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەموو جارێك هەندێ لەو ئەندامە بەڕێزانە كە باس لە ماددەیەك دەكەن، باسی ماددەیەكی تریش دەكەنەوە، ئەوە حەقی وایە كە ڕەنگە لە ماددەی یەكەم دا تۆ قسەت نەبێت و لە ماددەی دووەم دا قسەت هەیە، جا من تەنها مەبەستەكەم ئەوە بوو ماددەی دووەم زەرەری نیە، چونكە لە ئەسبابی موجبە دا هەیە،**

ئەوەی کاك د.نوری باسی کرد کە پێم وایە ئەو ماددەی 2 شوێنی نیە و ئیلغا بکرێت، چونکە لە ئەسبابی موجبە دا باس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونە کە ئەو ماددەیە لە ئەسبابی موجبەیە و هۆکاری دەرچوواندنی ئەو قانونەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕایەکەی د.نوری دەکەم، کە ئەم ماددەیە لێرە زیادەیە، چونکە لە ئەسبابی موجبە بە باشی هاتووە، بۆیە ناوی بەشی یەکەم کە پێناسە و ئامانجەکانە هەروەکو د.نوری گوتی ئامانجەکانیش دەبێت لەوێ لابردرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من یەك پرسیار دەکەم، ئەوەی کە سیاغەی ئەمەی کردووە، دەڵێت (توفیر فرص متساویة للمشارکة في الانتخاب والترشح) باشە فورصی موتەساوی بۆ تەرەشوح، ئێمە کۆتا بۆ ژنان دادەنێین، ئەوە چۆن هینێکە؟ تەواو پێچەوانەی مەبدەئی کۆتایە، بۆ نەتەوەکانیش و بۆ ژنانیش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من لەمە (مبدأ التداول السلمي للسلطة)، ئەوەی کە گشتمان خوێندوومانەوەتەوە سوڵتە هەر بۆ پێکهاتەی دەوڵەتە، سوڵتە سێ بەشە، سوڵتەی تەشریعی سوڵتەی تەنفیزی و سوڵتەی قەزائی، سوڵتە لێرە مەعنایەکی نابێت لەو مەسەلەیە، لە قانونی ئینتیخاباتی مەحافەزاتی عیراق دا بە گشتی باشتر بۆ ئەو مەسەلەیە چووە و دەڵێت هەدەف لەو قانونە یەکەم: (مشارکة الناخبین فی اختیار ممثلین فی مجالس

المحافظات .......) دووەم: (المساوات فى المشاركة الانتخابية)، سێیەم: (ضمان حق الناخب والمرشح)، چوارەم (ضمان عدالة الانتخابات وحريتها ونزاهتها)، پێنجەم: (توفير الحماية القانونية لمراحل الاجراءات العملية الانتخابية)، یەعنی هەدەف لەمە ئەمە جوانترە، نەك مەسەلەن تۆ بێی بۆ نیزامی حوكم سوڵتە ماناكەی واسعە و گەورەترە، تۆ هەدەفت لەم یاسایە چیە؟ خەڵك بە مساوات بێ و خەڵك بتوانێ هینی خۆی هەڵبژێرێ، یەعنی هەدەفەكە ئەم خاڵانە وازح تر دەكات، ئەمانەی كە لێرە بۆ دیمەكراسی و تەداولی سوڵتە هێناویەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سێ ئەندامی پەرلەمان لە حوجەتی ئەوە باسیان كرد  داوا دەكەن ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت، كاك د.نوری و كاك بكر و نازناز خان موفتەرەحیان كرد، ئەو موفتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە كە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت دەست بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە ئەغلەبیەت ئیلغا كرا ماددەی 2، فەرموون بۆ ماددەی 3

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەكان سەپەرشتی هەموو قۆناغەكان و ڕێكارەكانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكان لە هەرێم دا دەكات تاوەكو ئەو كاتەی دەستەكە دادەمەزرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (3):

تتولى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات الاشراف على كافة مراحل واجراءات انتخابات المجالس في الاقليم لحين تشكيل الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە تەبیعیە وەكو هینەكە، پێویست ناكات، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا بۆ ماددەی دواتر، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**مافی هەڵبژاردن**

**ماددەی چوارەم:**

مەرجە هەڵبژێر ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی.

**یەکەم:** بە رەگەزنامە عیراقی بێت.

**دووەم:** شیاوی تەواوی هەبێت.

**سێیەم:** هەژدە ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت، لەو ساڵەی کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت.

**چوارەم:** ناوی تۆمارکرابێت لە تۆماری هەڵبژێرەکانی ئەو پارێزگایەی کەهەڵبژاردنی لێدەکرێ، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی کە لە دەستەوە دەردەچن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**حق الانتخاب**

المادة (4):

يشترط في الناخب أن يكون:

أولاً: عراقي الجنسية.

ثانياً: كامل الأهلية.

ثالثاً: أتم الثامنة عشر من عمره في السنة التي تجري فيها الانتخابات........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ کەس نوقتەی نیزامیان هەیە، کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە فەسڵی یەکەم، ماددەی دووەممان ئیلغا کرد کە هەدەفە، لەبەرئەوە پێویستە فەسڵەکە تەعاریف و ئەهداف تەنها تەعاریف بمێنێتەوەو ئەهدافەکەی لێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

انشاللە ئێوەش نوقتەی نیزامیتان هەمان شتە، بزانە سۆزان خان انشاللە چۆن جێی خۆی گرتەوە! سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك خليل فەرمووو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**حق الانتخاب**

المادة (4):

يشترط في الناخب أن يكون:

أولاً: عراقي الجنسية.

ثانياً: كامل الأهلية.

ثالثاً: أتم الثامنة عشرة من عمره في السنة التي تجري فيها الانتخابات.

رابعاً: مسجلاً في سجل الناخبين للمحافظة التي تجرى فيها الانتخاب ووفقا لأحكام هذا القانون والتعليمات التي ستصدر من الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیمان نیە، کۆمەڵێك پرنسیپی سابتیان لەسەر ئەوە هەڵبژاردووە بۆ هەرکەسێ کە خۆی هەڵدەبژێرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ پشتگیری لە ناوەڕۆکی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.هالە فەرمووو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(ثانيا و ثالثا) ئەگەر دەمج بكرێت باشترە، لەبەرئەوەی مەسەلەی تەمەن بەشێكە لە ئەهلیەت، (كامل الاهلية واتم الثامنة عشرة من عمره)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تێبینیم لەسەر كوردیەكە هەیە، هەڵبژێر بكرێتە دەنگدەر باشترە، پێشنیارێكم هەیە ماددەی 4 و 5و 6 باسی دەنگدەر و مورەشەح دەكات، من پێم باشە ئەوە لە فەسڵێك بەناوی (شروط الناخب وشروط المرشح)، یەعنی بە فەسڵێك ئەو ماددانە ڕیز بكەین لەژێر ئەو ناونیشانە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سعدالدين فەرمووو.

**بەڕێز سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولاحەزەم لەسەر (ثالثا) هەیە، (أتم الثامنة عشرة من عمره في السنة التي تجري فيها الانتخابات)، بەخۆی ئەو (اتم) لە سیغەی قانونی (اكمل)یە، لە قانونی عیراقیش هەر ئەوە هاتووە، (أكمل الثامنة عشرة من عمره في الشهر التي تجري فيها الانتخابات) نەك (فی السنة)، چونكە ئیحتیمالی هەیە ئەگەر لە سەنە بێت نەقس دەكەوێت و ئیشكال دروست دەبێت ئایا، داخل بكرێت لە سجلی ناخبین یان داخل نەكرێت، ئەوە ئیشكالەكە لێرە، لە (رابعا) (مسجلا فی سجل الناخبين)، ئەوە لە كوردیەكەش هەتا تەرجومەكەی بە رەكیكی كراوە، (أو)نووسراوە كە (أو) نیە (لەو)ە، یەعنی لەو پارێزگایەی، لە عەرەبیكەش (لام)ێكی دەوێت، (مسجلاً في سجل الناخبين للمحافظة التي تجرى فيها الانتخاب)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام فەرمووو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی دووەم: مافی هەڵبژاردن، ئەگەر تەماشای بكەین ماددەی 5 باسی مەبدەئەكان دەكات، مەبدەئ پێش مەرج دێت، بۆیە من پێم باشە ماددەی پێنجەم بگورازرێتەوە بۆ پێش ماددەی چوارەم، سەرەتا مەبدەئەكان باس بكرێت ئینجا مەرجەكان، دووەم: لە ماددەی 4 بڕگەی 2 شیاوی تەواوی هەبێت، بەڕاستی من نازانم پێم وایە ئەمە مەتاتیە و دەتوانی زۆر تەفسیلاتی بۆ بكەی، دەنگدان پرنسیپێكە و مافی هەموو هاووڵاتیەكە ئیتر شیاوی تەواوی هەبێت من تێی ناگەم، پێم وابێ لێرەدا جێی نابێتەوە، چونكە ئەگەر

شیاو لە ڕووی تەندروستیەوە بێت ئەوە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکانیش دەتوانن و مافی دەنگدانیان هەیە، ئیتر نازانم ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان لەوە بدەنێ من پێم وایە شیاوی تەواو لێرە جێی نابێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم لەسەر بڕگەی 3یە، خۆی لێرە نووسیومانە ئەگەر چاکی نەکەین، دەبێت 19 ساڵ دەنگ بدات بەڕاستی، چونکە دەڵێت 18 ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت، دەبێت 19 ساڵ دەنگ بدات، ئێمە دەڵێین 18 ساڵ دەنگ بدات، ئەگەر ئەو (تەواوی کردبێت) لابرێت چاکە بکرێتەوە بە 18 ساڵیەکە باشترە نەك 19 ساڵ، بڕگەی 3 کە 18 ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت دەچێتە 19 ەوە ئینجا حەقی هەیە، ئەگەر ئەوە لابرێت بە 18 ساڵ حەقی دەنگدانی دەبێت نەك 19 ساڵ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ڕەئیتان لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د.هالە باسی دەمجی ئەهلیە و کامل ئەهلیە کرد، مولاحەزەی کاك ئارامیش لە کوردیەکە نازانم ئەو مەعنایە نادات شیاوی هەیە مەبەست لێرە نیە، ئەمە موستەڵەحێکی قانونیە و کامل ئەهلیە، کە کاملی ئەهلیە ئەوەیە کە مەحجور نەبێت، سەفیە نەبێت، مەعتوە نەبێ، جونحە و جینایەتێکی وای نەبێت حقوقی لێ بسێندرێتەوە بە قانونێك، یەعنی ئەوە باسی ئەو مەوزوعانەیە، نەك باسی شتی تر، ئەوەی مەلا سعدالدین کە دەڵێت بیکەینە ئەکمەلە، لە قانون (اکمل و اتم) هەردووکی وەکو یەکە لەڕووی لوغەویەوە، وە لەوەی عیراق ئەو نوسخەیی لەلای ئێمەیە (أتم)یە نەك (أکمل)، هەرچەندە لە قەوانینی ئینتیخاب لە دوەلی عەرەبی هەمووی لەلام هەیە هەرسێ موستەڵەح، (بلغ و اکمل و اتم) هەیە، یەعنی دەمێنێتەوە مەعناکەی کە گوتت (بلغ) مەعنای 18 ساڵ بێت، کە گوتت (أکمل) لازمە تەواوی کردبێت، ئەو ڕۆژەی ئینتیخاب دەکات لازمە ئەوە 18ی تەواو کردبێت، مەبەستم ئەوەیە کە کەلیمات هەیە لەڕووی قانونی و لەڕووی لوغەوی ئیشکالمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەئکید بۆ قسەکانی کاك خلیل تەبیعی جاران دەیتوانی 18 ساڵی تەواو کردبایە ئینجا دەیتوانی دەنگ بدات، ئێستا لەو ساڵە مەسەلەن بڵێین هەڵبژاردن لە مانگی 5 دابکرێت، لە مانگی 8، لە مانگی 10 هەر مانگێك لەو ساڵە ئەو شەخسە ببێت بە 18 ساڵ بۆی هەیە دەنگ بدات، بە پێی یاسای تازە، نەخێر دەڵێت لەو ساڵی کە هەڵبژاردنی تیادا دەکرێت، مەسەلەن لەو ساڵە کە هەڵبژاردنی تیا دەکرێت من 2009 لە هەر ڕۆژێك لە 2009 دا 18 ساڵی تەواو بکات ئەو شەخسە بۆی هەیە کە دەنگ بدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا سەبارەت ئەو سیاغەی کە ساڵ بکرێتە مانگ ئەوەی گوتراوە (فی السنة التی تجری فیها الانتخابات) بەڕاستی ئەوە داواکاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق بوو کە گوتیان ئەوە داخل بکەن قانونی ترە، دووەم: مەسەلەی کامل ئەهلیە ئەوەی کاك خلیل باسی کرد فەرقی هەیە لەگەڵ تەمەنەکە، مەسەلەی ئەهلیە هەر ئەوە نیە تەمەنی بگاتە 18 ساڵ، هەندێك مەرجی تریشی هەیە، ئیرادەی هەبێت و سەفیە نەبێ و مەرجی قانونی داڕێژراون، جگە لەوە عەقڵیەتی تەواو بێت، توانای بڕیاری هەبێت، یەعنی ئیرادەی کامل بێت، کاك ئارام باسی ئەوە دەکات ماددەی 4 و 5 بگۆڕدرێت، بەڕاستی ئێمە وەکو ئەو برادەرانەی کە سیاغەی ئەو یاسایەیان کردووە پێمان وا بوو کە جارێ ناخب دەبێت مەرجەکانی چیە؟ ناخبەکە دەست نیشان بکرێت ئەوجا مافەکانی تر، جۆریەتی تەسویت و مەسەلەی تەسویت بە وەکالە و ئەوە پاش ئەو ماددەیە دێت، مەسەلەی (بلغ الثامنة عشرة) یان (أتم الثامنة عشرة) بەڕاستی لە یاساکانی عیراق هەمووی (أتم الثامنة عشرة )یان (أتم ثلاثین من العمر)، ئەگەر بیکەینە (بلغ الثامنة عشرة) یان (بلغ الخامسة والعشرین)، 24 ساڵ بێت، 17 ساڵی دەگرێتەوە، 17 ساڵ و 1 ڕۆژ یەعنی 18 ساڵی دەگرێتەوە، بۆیە دەبێت بڵێین (أتم)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ حەسمی ئەوە، وەکو لە قانونی پەرلەمان دا هاتووە (أکمل الثامنة عشرة من عمره)، بەبێ ساڵەکە، ساڵی پێویست ناکات، چونکە ئەغلەبی خەڵك ڕۆژ و مانگی دیار نیە، لە 7/1 ەوە حیساب دەکرێت، (أکمل) ئەوە موفەوەزیە دەتوانی بیکاتە ناخب یان نا (أکمل الثامنة عشرة من عمره)بە بێ سەنەکە وەکو ئەوەی قانونی پەرلەمان، بلغ بۆ ئەوە نابێت، (بلغ) دەبێتە 17 ساڵ، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە کۆمسیۆن هاتنە لای ئێمە باسی ئەوەیان کرد کە ئەو قانونە گۆڕینی تێدا کراوە، بۆیە ئێمە ماوەیەکی زۆرە ئیش دەکەین لەو موزوعە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لەم ساڵە ببنە 18 ئەوە قانونەکە لای ئەوانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

واتە (أكمل الثامنة عشرة من عمره)، بەبێ تەفسیلەکەی پێشوو وەکو قانونی پەرلەمانیش وایە، کامل ئەهلیەکە تەواوەو شەرحی کرد کاك خليل موستەڵەحێکی قانونیە و تەواوە، کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەنە ژی ڤەکە گەلەك ژی مەحروم بە، وەکی رەئیا کاك جمال قاسمی بزەبت یا دروستە، ئەگەر سەنە رابت ئەوێ هەیڤا فەرەزەن ئینتیخابات هەیڤا 7 دێنە کرن، بەس ئێك لە هەیڤا نەهە ژی ببێتە 18 ساڵی وژی شەمل کرد، ئیجا ئەگەر سەنە ڕابوو ئەو شەمەل نابی، سەنە بمینێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی چیە ئێمە قانونی پەرلەمانمان وا نووسراوە (أكمل الثامنة عشرة من عمره) ئەوەی دەنگ دەدات عەینی مافە و عەینی ئینسانە، دەکرێت لە پەرلەمان قانونێکی بۆ دەربکەی ئەهلیەتەکە لە 18 کەمتر بێت و ناکرێت، چۆن نووسراوە دەبێت وا بێت، دواتر لە هەموو دونیا دا دەڵێت 18 ساڵ دەبێت تەواو بکات، حەقی دەنگدان حەقی خۆ تەرشیح کردن، لەبەرئەوە ئەکمەلەکە باشترە، ئێوە لە یەك شتدا لێتان تۆزێ تێکەڵاوی بووە، ئێمە لە بۆ گەنجان گوتمان بلغ ئەو وەختە ئەو موشکیلەیەمان نیە 24 بێت یان 25 بێت، بۆ ئەوەی ئەوەی یەك ڕۆژیش داخلی 25 ی بووبێت حەقی ئەوەی هەبێت، 24 ەکە فەرقی هەیە، ئێستا لە هەموو ستانداردێکی دونیادا ئەهلیەتەکە تەواو نابێت تا 18 ساڵی تەواو نەکات، لەبەرئەوە بەلەغەکە ناکرێت لێرە، وەکو قانونی پەرلەمانی لێ بکەن و تەناقوزیش نەبێت، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە (أكمل) نەنووسین لەو حاڵەتەدا تەحدیدی نەکەین، کەواتە ئێمە دەبێت فەقەرەی 2 لابدەین، چونکە کە گوتمان کامل ئەهلیە دەبێت 18ی تەواو کردبێت، ئەوە ئەهلیەی قانونیە و قانونیەن ئێمە ناتوانین لە نەسێك لێرەدا موخالەفەی کۆمەڵێك نسوسی تر بکەین، ئەوە حەقی وجوب و حەقی ئادایە، حەقی تەسەروفە....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە موناقەشەی زۆر کرا، زۆر سوپاس، ئێستا ئەوە کامل ئەهلەیەکە دەمێنێتەوە وەکو خۆی و (أتم) دەبێتە (أكمل الثامنة عشرة من عمره)، ئەوەی تر شەتب دەکرێت، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەس کاك ئارام، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر، ماددەی 5 کە بووەتە ماددەی 4 کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

**یەكەم:** هەڵبژاردن مافی هەموو هاووڵاتیەكە كە ئەو مەرجانەی لێ بێتە دی كە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە.

**دووەم:** هەر هەڵبژێرێك مافی خۆی دەگرێتە بەر لە دەنگدان بە شێوەیەكی ئازادانە و راستەوخۆ و بە نهێنی و بە تاكەكەسی.

**سێیەم:** دەنگدان لە ڕێگەی بریكارەوە نابێت.

**چوارەم:** دەنگدان مافی تاكە كەسی و نهێنیە.

**پێنجەم:** هەڵبژێر یەك دەنگی هەیە لە یەك هەڵبژاردن دا و نابێت زیاتر لە جارێك دەنگ بدات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خليل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (5):

أولاً: الانتخاب حق لكل مواطن ممن توافرت فيه الشروط المنصوص عليها في هذا القانون .

ثانياً: يمارس كل ناخب حقه في التصويت للأنتخاب بصورة حرة ومباشرة وسرية وفردية .

ثالثاً : لا يجوز التصويت بالوكالة.

رابعاً: التصويت شخصي وسري.

خامساً: للناخب صوت واحد في الانتخاب الواحدو لا يجوز ان يدلي به أكثر من مرة .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی لەگەڵ ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من  دوو مولاحەزەم هەیە، هەرچەندە ملاحەزەی یەکەم زۆر باس کرا، بەڵام ئەمڕۆ ناکرێت ئەومولاحەزەیە دووبارە نەکرێتەوە، بەڕاستی ئەمە بەشێوەیەك خراپە هەندێك بڕگەی تیایە من هەر لێی تێ ناگەم و وا هەست دەکەم کوردی نیە، مەسەلەن بڕگەی یەکەمی ئەمە ئەگەر موقارەنەی بکەی لەگەڵ عەرەبیەکەی وا هەست ناکەی ئەم خاڵی یەکەمە کوردیە، ئێمە +وشەیەکمان هەیە دەڵێت ئەم مەرجانەی تیا بێت، ئەم مەرجانەی هەبێت، نازانم (ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی)یە یەعنی چی؟ لێ بێتە دی لەوە دەچێت بڵێی جلی لێ بێت! یەعنی زۆر ناشیرینە ئەم کوردیە زۆر لە قاڵب دراوە، کە پێویستە هەمووی سیاغە بکرێتەوە،مولاحەزی دووەمم پێم وایە 2 و 4 دەکرێت بکرێت بە یەك خاڵ ، 2 و4 یەك شتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە 2 و 4 بکرێت بەیەك، لە پێنجەم دا هەڵبژێر یەك دەنگی هەیە لە یەك هەڵبژاردن داو نابێت زیاتر لە جارێك دەنگ بدات، ئەوە خۆی ڕێوشوێنەکەی وا گیراوەتە بەر کە یەك جار دەنگ بدات، چونکە لە لیستەکە کە ناوەکەی ئیشارەتی پێدراوە و ناتوانێت جارێکی تر دەنگی بۆ بداتەوە، من ئەوەش بە زیادە دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش مولاحەزەکەم لەسەر خاڵی 2 و 4 بوو باسیان کرد منیش دەمەوێت کە ناڵێم بکرێت بە یەك، پێم وایە هەر لابرێت، لەبەرئەوەی لە دووەم دا باسی لە سڕی و فەردی کردووە، لە چوارمیش دا باسی شەخسی و سڕی کراوە، شەخسی هەر فەردیەوە و سڕیکەش تیکرار کراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی 2 (حقه في التصويت للأنتخاب بصورة حرة ومباشرة وسرية وفردية)، پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە ئەوانەی کە نەخوێندەوارن دەنگدانی ئەوان چۆن دەبێت؟ لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بۆچوونانەی کە گوتران هەر ئەوانە بوون، لێرە من ئیشارەتێك بە شتێك دەدەم بڕگەی 2 و 3 و4 و 5 زۆربەیان هاوشێوەی یەکن، جا بۆیە ئەگەر ئەو بڕگەیەی 3 و 4و 5 لە بڕگەی دووەم دا کۆبکرێتەوە بەم شێوەیە دەتوانێ مەعناکەی بدات، وەکو هەڵبژێردرێت مافی خۆی دەگرێتە بەر، بە دەنگدان بە شێوەیەکی ئازادانە و ڕاستەوخۆ و بە نهێنی و بە تاکەکەسی دەتوانێ یەك دەنگ بدات کە ڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت و نابێت لەڕێگەی بریکارەوە بێت، ئەوە کۆتایی بە سێ بڕگەکەی تر دەهێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس قسەکانم کوێستان خان کردی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش هەمان تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی 2 و 4، بڕگەی 4 مەم پێ زیادە، لەبەرئەوەی پێم وایە تیکرارە، پشتگیری لە ڕەئی برادەرانی پێشوو دەکەم کە باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە منیش هەمان مولاحەزەم هەبوو، خاڵی چوارەم زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین حمە صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، دەنگدان لە مافی تاکەکەسی نهێنیە، ئەوانەی کە نەخوێندەروان هەندێك کەسیان داناوە لە شوێنی هەڵبژاردنەکە کە بۆیان پڕبکەنەوە، ئەو کەسەی بۆی پڕدەکاتەوە خۆی سەر بە چ شوێنێك بێت ئەو دەنگەی بۆ دیاری دەکات، چونکە ئەو نەخوێندەوارە نازانێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆربەی زۆری ئەو ئەندامانەی کە قسەیان کرد، داوا دەکەن 4 ئیلغا بکرێت، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ رەئیتان لەسەر ئەو مولاحەزاتانە؟ کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو برادەرانەی ئەو یاسایانەیان سیاغە کردووە، بەڕاستی ئێمە تەنها عەرەبیەکەمان سیاغە کرد، نوسخەی کوردیەکە درایە شارەزایان، لیژنەی قانونی و شارەزایانی پەرلەمان ئەوان تەرجومەیان کردووە، ئێمەش وەکو لیژنەی ناوخۆ زۆر تێبینیمان هەیە، هەروەکو لە ڕاپۆرتی خۆشمان هاتووە لەسەر نوسخە کوردیەکە، بۆیە نوسخە عەرەبیەکە پێشنیار دەکەین ببێتە ئەساس، نوسخە کوردیەکە دەبێت پێیدابچینەوە، ئەوەی دووەمیان زۆربەی برادەران و کوێستان خان، کاك شێخ الله و چرۆ خان و گیلاس خان و سۆزان خان باسیان کرد، ئەوەی 2 و 4 ئێمەش پێمان وایە فەقەرەی 2 خاڵی 4 یش دەگرێتەوە، ئەگەر 4 ئیلغا بکرێت، ئەوەی کاك تەڵعەت باسی کرد بەڕاستی ئەوەی نەخوێندەوارە لە ماددەکانی تر عیلاج کراوە، لەلایەنی ئینتیخابیش ئەگەر یەکێك بێت پێچەوانەی رەغبەتی ئەو نەخوێندەوارە دەنگ بدات، سزای بۆ داندراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بە نیسبەت مولاحەزەکەی کوێستان خان، عەرەبیەکە ئەساس دەبێت کوردیەکە چاك دەکرێتەوە، هەردوو لیژنە موافقن فەقەرەی 4 ئیلغا بکرێت، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ فەقەرەی 4 ئیلغا کرا، ماددەکە بە بێ فەقەرەی 4 دەیخەینە دەنگەوە بە تەلسەلسولی تازەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ ب کۆی دەنگ ماددەی 4 قبوڵ کرا، بۆ ماددەی 5 کە ماددەی 6 بووە ماددەی 5 کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی سێیەم

## مافی خۆ پاڵاوتن

**ماددەی 5**

**یەکەم:** ئەوەی خۆی دەپاڵێوێت بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنەکان دەبێت ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی.

1- دەبێت عیراقی بێت و شیاوی تەواوی هەبێت و تەمەنی گەیشتبێتە 25 ساڵ لە کاتی خۆ پاڵاوتنی دا.

2- دەبێت بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەی بەلایەنی کەم هەبێت بۆ پاڵێوراوانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنەکانی قەزاکان و بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەی هەبێت بۆ پاڵێوراوانی ئەنجومەنە خۆجێیەکان و ناحیەکان.

3- دەبێت ژیاننامە و ناوبانگ و ڕەوشتی باش بن و حوکم نەدرا بێت بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر.

4- دەبێ لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێریەکە بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی یان بە شێوەیەکی بەردەوام لێی نیشەجێ بێت بۆ ماوەیەك لە 10 ساڵ کەمتر نەبێت، نیشتەجێ بوونەکەشی بۆ مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی نەبێت.

5- نابێت لە کەسەکانی هێزی چەکدار یان دەزگاکانی ئاسایش بێت.

6- نابێت بەشداری لەو تاوانانەدا کردبێت کە ڕژێمی بەعس لە هەرێمدا نەخشەی بۆ کێشابێت یاجێ بەجێ ی کردبێت.

**دووەم:** هەر هاووڵاتیەك ئەم مەرجانەی لە بڕگەی سەرەوەی تیا بێت مافی خۆ پاڵاوتنی هەیە.

**سێیەم:** پاڵێوراوەکان دەکەونە بەر حوکمی ڕاستاندنی دەستە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**حق الترشيح**

**المادة (5):**

**اولاً: يشترط في المرشح لعضوية المجالس مايلي :**

1. ان يكون عراقيا كامل الاهلية بلغ الخامسة والعشرين سنة من عمره عند الترشح .
2. ان يكون حاصلا على الشهادة الاعدادية او مايعادلها على الاقل بالنسبة لمرشحي مجالس المحافظات والمجالس المحلية للاقضية وعلى الشهادة الاساسية او ما يعادلها بالنسبة لمرشحي المجالس المحلية للنواحي .
3. ان يكون حسن السيرة والسمعة والسلوك وغير محكومة بجناية او جنحة مخلة بالشرف .
4. ان يكون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية او مقيما فيها بشكل مستمر لمدة لاتقل عن عشر سنوات على ان لاتكون اقامته لاغراض التغير الديموغرافي .
5. ان لايكون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنية .
6. ان لايكون مشتركا في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي في الاقليم .

ثانياً: لكل مواطن تتوفر فيه شروط الترشيح الواردة في الفقرة اعلاه من هذه المادة حق الترشح.

ثالثاً: يخضع المرشحون لمصادقة الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، لێرە تەقریبەن زۆربەی هەرە زۆری ماددەكە دووبارەیە لەگەڵ ئەو مەرجانەی كە لە یاسای پارێزگاكان هاتووە، یەك تێبینم هەیە ئەویش لە بڕگەی 6 (ان لایكون مشتركا في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي في الاقليم)، ئێمە لە یاساكەی تر (للاقليم)مان لاداوە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی دەنگ بۆ ئەوە بدەن، ئەو شەشە خۆی باسی كرد دەبێت فی الاقليم لابچێت، چونكە یەكەم شت هەموو جەرائیمێك كە بەرامبەر هەموو میللەتی عیراق كرابێت، ئەوە جەرائیمە نابێت قبوڵ بكرێت، دووەمیش ئیقلیم كەركووكیش دەگرێتەوە، بۆیە (فی الاقليم) لابچێت هەر كەسێك لەو تاوانانەی بەشداری كردبێت حەقی ئەوەی نەبێت، هەروەها (ثانیا) زیادە، لەبەرئەوەی تۆ لە ئەوەڵەن نووسیوتە (یشترط فی المرشح لعضویة.........)، بۆیە داوا دەكەم ئەوە شەتب بكرێت، بێجگە لەو دوو مولاحەزەیەی كە من گوتم كێ قسەی هەیە؟ كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی تەنها لەسەر تەمەنەكە تێبینیم هەیە و پێشنیارە، پێم وایە وەك مافێكی كەسی هەموو كەسێك حەقی ئەوەی هەیە دەنگ بدات و خۆی هەڵبژێرێ كە هەرئەوەندەی ئەهلیەی تەواوی هەبێت پێم وایە حەقی خۆیەتی ئیتر خۆی هەڵبژێرێ، بە تایبەتی ئەم ئەنجومەنانە ئەنجومەنی لەسەر ئاستی شارەكانە، پێم وایە لێرە وەكو پەرلەمان نیە كە لە 25 ساڵ دابندرێت، زەرورەت وایە لە 18 ساڵی ئەو حەقە بدرێت بە هەموو كەسێك مافی ئەوەی هەبێت خۆی هەڵبژێرێ، خەڵك ئازادە دەنگی دەداتێ یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به حەقەت من پرسیارێك هەیە سەبارەت بە فەقەرەی 2 و تێبینیەك ژی هەیە، فەقەرەی 2 کو دبێژتن شەهادەی ئامادەیی ئان هاوتەریب هەبێت بۆ بەربژێرەکان، باشە ئەگەر لە ئەنجومەنێك ج لە ئاستی پارێزگا یان لە قەزا یان ناحیە، هەموو ئەوانەی بوونە ئەندام خەریجی ئەعدادیە بن، خەریجی کولیە لەناو دانەبیتن؟ مەرجیشە موحافز یان قائیمقام ئان مدیر ناحیە خەریجی کولیە بیتن، ئەو کاتە چون موعالەجەی ئەو مەسەلەیە دەکەن؟، دووەم: فەقەرەی 4 دەڵێت (ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة) لەوانەیە کابرایەك خەڵکی ئەو شارە ئەو 20 ساڵە چووە خارج ناوەکەی لە سجلی ئەو شارە نەماوە، وە ئەمەش شروتی دیکەی هەیە، حقی ویش هەیە بگەڕێتەوە بژیت بە ناوی ئەو شارە، بە تەسەوری من ئەگەر فەقەرەیەکی تریش ئیزافە بکەی (ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة او بموجب ای دلیل اخر)، یەعنی ئنتیمای ئەو شارەی هەبیتن، یەکێك کە لە خارج بیت 20 ساڵ حەقی خۆیەتی بێتەوە، بەناوی شاری خۆی بگەڕێتەوە، ئەگەر شتێك ئیزافە بکەین بۆ ئەوەی ئەو مافە ئەو کەس هەی بێتن، ئەو مافە بگەڕێتەوە کە ناوەکە لە سجلەکە نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دا بە هەمان تەفاسیلْ و بە هەمان شێوە هاتووە، من تەنها پرسیارێکم لە هەردوو لیژنەی بەڕێز هەیە، هۆکاری تیکرار کردنەوەی ئەم ماددەیە لێرەدا ئایا بەس تەنها تەئکید کردنەوەیە؟ چونکە من پێم وابێ کە لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا هاتووە، بە تایبەتی لەوێ بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکەیە و لەوێ جێگای باشتر بووە تا ئێرە، ئەگەر زەروریەتێکی تایبەتی نەبێت بەڕاستی پێشنیار دەکەم کەلابېردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵەکانم زۆری گوترا، تەنها خاڵێك ماوە، ئەویش ئەوەیە خاڵی پێنجەم کە دەڵێت (ان لایکون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنیة) وا پیشان دەدرێت کە ئەوانە بۆیان نیە بە هیچ شێوەیەك هەتا ئەگەر ئیستیقالەش بدەن، من بۆیە وای بە پەسەند دەزانم بە شێوەی موسبەت زکر بکرێت نەك بە شێوەی مەنفی، بگوترێت (أن یکون مستقلا اذا کان من أفراد القوات المسلحة أو المؤسسات الامنیة)چونکە ئەگەر ئەوانە ئیستیقالەیان دا بۆیان هەیە خۆیان تەرشیح بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك رشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تێبینیم لەسەر بڕگەی 4 هەیە، كە دەڵێت (أن یكون من أبناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة) ئەوەندە كافیە لەو بڕگەیە بمێنێت، نەوەك (مقیما فیها بشكل مستمر لمدە لاتقل عن عشر سنوات) ئەوە تەفسیرات زۆر هەڵدەگری، جانبە نەفسیەكەی ئەگەر موراعات بكەین، هەركەسە و لە مەنتیقەی خۆی دیارە، ئەوانە نوخبەن لە سەر ئاستی پارێزگایە، قەزایە، ناحیە، وانیە لەسەر ئاستی هەموو كوردستان بێت و بڵێین ئەو مەجالەی بدەین، هەركەسە لە مەنتیقەی خۆی حەقی هەبێت خۆی هەڵبژێرێت، بەوەندەی یەعنی (أن یكون من أبناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك سعدالدین فەرموو.**

**بەڕێز سعدالدین مەلا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەكو مولاحەزە لە بڕگەی 3 (ان یكون حسن السیرة والسمعة والسلوك) ئەو سێ، چوار شتەی لەدوای یەك ڕیز كردووە، هەر ئەوها بگوترێت باشترە (ان لایكون محكوما علیه بجنایة أو جنحة) هەر ئەوەندە بەسە (أن یكون معروفا بحسن السیرە)، چونكە ئەو سومعە و سلوك و موكمینە ئەوە تەغیربكرێت لە مەنتیقەیەك بۆ مەنتیقەیەكی تر، هەركەس بە عاداتی، لە (ان لایكون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنیة) لەوێ وا باشە بۆ ئەوەی ئەو ئەشكالە لابچێت بگوترێت (عند الترشیح) كە گوتت (عند الترشیح) ئەوە نامێنێت وەكو ئەو مولاحەزاتەی كە تازە باسكرا، لە 2 دەڵێت (ثانیاً: لكل مواطن تتوفر فیه شروط الترشیح الواردة في الفقرة اعلاە من هذه المادة حق الترشح)، ئەوە زۆر دوورو درێژە، هەر (یجوز لمن یتوافر فیه شروط الترشیح، أن یرشح نفسه الواردة فی الفقرة اعلاە من هذه المادة)، ئەوەندە بەسە، لەگەڵ ڕێزم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**رمزیە خان فەرموو.**

**بەڕێز رمزیە احمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خاڵێ دووهێ (ان یكون حاصلا على الشهادة الاعدادیة) ئەڤە یا دیارە بەس، پرسیارا من ئەوە، بە نیسبەی (لمرشحي مجالس المحافظات والمجالس المحلیة للاقضیة وعلى الشهادة الاساسیة) لێرە ئەساسیە دیاری دكات كو**

شەهادە بنەڕەتیە ئان نا؟ لە کوردیا هاتیە بنەڕەتیە، دروستە، بەس ئەساسیە دەبیتە ئەساسی بنەڕەتی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای پارێزگاکان لە شورتی عوزویە وا هاتووە لە بڕگەی 1 (ان یکون عرقیا کامل الاهلیة أتم الخامسة والعشرین)بەس لێرە لە بڕگەی 1 وا هاتووە (ان یکون عراقیا کامل الاهلیة بلغ الخامسة والعشرین) بۆ تەوحیدی ئەوە هەردوو یاساکە پێم باشە ئەویش بکرێتە (أتم الخامسه) بۆ ئەوەی جیا نەبێت لە یەکتری، بەنیسبەت بڕگەی 4 ەکە 10 ساڵ دانداروە، هەرچەندە بۆ پارێزگاکان 10 ساڵ داندراوە، بەڵام من پێم وایە 10 ساڵ یەکجار زۆرە، چونکە ئەگەر بە پێی نیزامی مەوتنیش بێت لە ئەوروپا ڕەنگە بە 5 ساڵ جنسیە وەردەگری لەو وڵاتە، باشە ئەوە کەسێك خەڵکی ئەو وڵاتە بێت بۆ 10 ساڵ دابنیشێت؟ ئایا 10 ساڵ زۆر نیە بۆ ئەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر خاڵی 5 ئەوەی ئەفرادی قواتی موسەلەحە قسەم هەیە، عادەتەن ئەوانە دەبێت لە قواتی موسەلەحە نەمابن، بەڵام مودەتیان بۆ دادەنێن لە بۆ ئەوەی مەنسبەکەیان ئیستیغلال نەکەن، بەڕای من ئەگەر وای بنووسین بڵێین (أن لایکون مستمرا فی الخدمة فی القوات المسلحة والمؤسسات الامنیة مدة لاتقل عن ستة اشهر قبل یوم ترشیحه من یوم الانتخابات)، ئەوە لە پەرلەمانیش ئەو 6 مانگە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر بڕگەی 2 بۆ بڕونامەی ئەندامی ئەنجومەن لە ناحیەکان، بەڕاستی کەمترین بڕوانامە 3ی ناوەندیە، یەعنی هەر دەکاتە خوێندەوار، شەهادەی تازەو ئەم ئەنجومەنە ئیشی بەڕێوەبردنە بەڕاستی پێویستی بە ئەوە هەیە خەڵکێك هەیە بە توانا بێت، حەق وایە ئەندامی ئەنجومەنی ناحیەش هەروەکو

قەزا دەرچووی ئامادەیی بێت، تێبینی دووەمم لەسەر بڕگەی 5 هەیە، کە لە جیاتی (المؤسسات الامنیة) باش وایە بنووسن (قوی الامن الداخلی)، لەبەرئەوەی قوەی ئەمنی داخلیە، پۆلیسی مەحەلی دەگرێتەوە، ئاسایش و پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە و پۆلیسی هاتووچۆ دەگرێتەوە، یەعنی ئەوانە هەمووی دەگرێتەوە، ئەوە من بە قانونی تری دەزانم لە جیاتی موئەسەساتی ئەمنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان ڕەئی کاك شوقیم هەیە و لە کاتی یاساکەشدا هەر ئەو ڕایەم هەبوو، بەڕاستی 10 ساڵ هیچ بیانوویەك نیە، لەبەرئەوە خەڵك بە ئاسانی ئێستا هاتووچۆ دەکات و بە گوێرەی ئیش و پیشەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی دەگۆڕدرێت، وەك ئاماژەی پێدا لە ئەوروپاش ئەو مەرجە نەسەپێندراوە بەسەر بیانیەکاندا، زۆر بیانی ئەگاتە ئەندامی پەرلەمان لەوێ، بە نیسبەت ئەو خاڵەی جەنابت گوتت بڕگەی 2 زیادەیە، من 3یش بە زیادە دەزانم، چونکە لە سەرەوە لە دوو ماددەی پێشووتر باسی ئەو شتانە کراوە، مەسەلەی هێزە چەکدارەکانیش هەق نیە ئەوانەش مەحروم بکرێن، مەرجە کە ئێستا لە کارەکەدا نەبن، خەڵکی وا هەیە پێشتر لەوێ ئیشی کردووە، بۆچی مەحروم بێ لەوەی خۆی بپاڵێوێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی کۆمەڵێك تێبینیم هەیە، یەکەم: مەسەلەی تەمەنەکە کە 25 ساڵ بێت، من 25 ساڵ بە زۆر دەزانم کە 18 ساڵمان دانا، دەتوانین لە 18 ساڵەوە دایبنێین تا 25 ساڵ، دووەم: مەسەلەی شەهادە بۆ دەبێت بنەڕەتی بێت؟ کە ئەمڕۆ لە کوردستان دا دەتوانم بڵێم نەخوێندەروای زۆر کەم بووەتەوە، زیاتر خەڵك بەرەو شەهادەی بەرز دەڕوات، ئەگەر لە جیاتی ئەوەی بڕوانامەی بنەڕەتی بکرێت بە ئامادەیی با کەمتر نەبێت لە ئامادەیی، سێیەم: دەبێت ژیانامەو ناوبانگ و ڕەوشتی باش بێت، خۆی ئەمە بۆ جەمع نیە، ڕەوشت و ژیاننامەو ناوبانگ بۆ کەسێکە کە خۆی هەڵدەبژێرێت، نەك جەماعەتێك، ئەم سیفەتانەی کە تیا بێت، چوارەم: بۆ مەسەلەی ئەو 10 ساڵە کە داندراوە، بەڕاستی من کەسێك دەناسم کوردەو خەڵکی هەولێرەو چۆتە هۆڵەندا بە ماوەی 5 ساڵ گەیشتە پەرلەمان، زمانەکەی وا زەبت کردوو موهەندسیشە، تا ئەو 10 ساڵە زۆرە بە ڕەئی من هەر بکرێتە 5 ساڵ زۆر باشترە، پێنجەم: کە دەڵێت دەبێت حسن سیرەی باش بێت، حوکم نەدرابێت بە تاوانێك یان کەتنێك، ئەی باشە سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر عەفویەکی عامی بۆ دەرچوو؟ کەتنێکی خراپ بوو و دوایی دەرکەوت ئەوە نیە، کە پێویستە ئێستا ئەوە خاڵێك بێت، هەتا

به نیسبەت ئەوانەی کەوا مەحکومن، من پێرێ لە جەریدەش ئەوەم خوێندەوە، زۆر دانە جار لە دەوڵەتان دا دەگەنە ئەوەی، کە ئێستا لە ئەمریکا چەندین حاڵەتی وا دەرکەوتووە کە بە خۆڕایی ئەو کەسە گیراوەن هەموو بەڵگەکان کە پاش 10 ساڵ کۆکراوەتەوە ئەوە دەرنەچووە، ئەی باشە ئەگەر هاتو عەفویەکی بۆ دەرکەوت، ئەمە ئەو تاوانەیە کەوا بەخۆڕایی درابوو! یەعنی من سەرۆکی پەرلەمان سێ ساڵ لەمەوپێش شەخسێك کەسێکی دا بە گرتن، گوتی ئەمە لە جەماعەتی ڕەوتە ئیسلامیە توندڕەوەکانە، ئەو شەخسەی ئەم کەتنەی کردبوو، بۆ 700 هەزار دینار ئەمەی کردبوو، دوای ئەوەی کەوا کەشفێکی تایبەتیان کرد بلفعل ئەو کەسە دەرنەچوو کە لەسەرئەمەیە، بۆ مەسەلەی پارە بوو، کەچی هەر لە تاوانی موخەلبی هین درا، کەواتە لێرە بەریئە ئەو کەسە، ئەمە پاش ماوەیەك، ئەمە خاڵێکی، خاڵی دووەمیش لە ماددەی 6 هەرهاووڵاتیەکی ئەم مەرجانەی لە بڕگەی سەرەوەی لێ بێتەدی مافی خۆ پاڵاوتنی نیە، بە رەئی من هەر هاووڵاتیەك ئەم مەرجانەی سەرەوەی گرتەوە مافی خۆ پاڵاوتنی هەیە، خاڵی سێیەمیش بەڕاستی وشەی (ڕاستاندن) زۆر ئێسکی گرانە لێرەدا، پاڵێوراوەکان دەکەونە بەر حوکمی دەسەڵات، تەنها ئەو وشەیە دابندرێت (پاڵێوراوەکان دەکەونە بەر حوکمی دەستە)، جوانتریشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فضیلە خان فەرموو.

**بەڕێز فضیلە رمضان سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی 2 و 4 هەیە، ڕاستی زۆر قسە لەسەر خاڵی 2 کرا، بەس ئەوەی گرنگە دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم مەوزوعی شەهادە و ئەندامی موحافەزە و قەزا، ئەندامی موحافەزە بە روتبەی مودیری عامە، شتێکی بچووك نیە، ئێمە لازمە زۆر گرنگی بە ئەو بابەتە بدەین، چونکە ئێستا ئێمە بە هەزاران کەسمان هەیە شەهادەی ماجستێر و دکتۆرای هەیە ئیستیفادە لە خیبرەی ئەوکەسانە بکەین، ئەزمەی شەهادەو ئەو تشتە نینە، یەعنی مەفروزە ئەندامی مەجلسی موحافەزەو قەزا خەریجی کولیە بێت، وە هی ناحیەکانیش شەهاەی ئەعدادی هەبێت و لەوە کەمتر نەبێت، خاڵی 4 وەحدەی ئیداری زۆر کورد هەیە لە موسڵ و بەغدا بوو، پشتی 2003 هاتیە دانیشتیە لە دهۆك و هەولێر، یەعنی ئەو 10 ساڵە زۆرە خیبرەی هەیە، بەس چیە واقعی وی مەجالی نەداوە دانیشێت لە ئیقلیم، پشتی ئەو گۆڕانکاریە ئێستا دانیشتووە و هەمی شیانی و مەرجی هەیە، باشترە ئەوە نەمێنێت یان 5 ساڵ بێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو رەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو تێبینیانە؟ فەرموو.

**بەڕێزخلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە قانونی موحافەزات لە فەسڵی دووەم لە چوارم باسی شروتی عوزویەتمان کردووە، لێرەش وەکو ئەوەی هاتووە هەمووی کەلیمەی (أتم) فعلەن لەوێش ئەتەمەیە (الخامسە والعشرین) لێرە دامان ناوە (بلغ) بگۆڕین لازمە ئەوەی تریش بگۆڕین، یەعنی عەینی ئەوە هاتووە، ئەوەی کاك شێردڵ و برادەران دەیڵێن ئێمە باسی کاتی تەرشیح، باسی شروتی مورەشەحە، هەروەکو خۆی تەرشیح دەکات، ماوەیەك داندراوە لە مفەوەزیە لەم کاتە بۆ ئەو کاتە، لەو کاتە لازمە لە ئەفرادی قواتی موسەلەحە و ئەمن نەبێت، پێشی ئەو بە ڕۆژێکیش ئیستیقالەی دابێت، موهیم ئەو کاتە لەناو ئەوە دانەبێت، ئەگەر ئیستیقالەی دابێت و قەبوڵ کرابێت پێشی ئەوە تەواو حەقی ئەوەی هەیە، بە نیسبەت ئێمە ئەوی 10 ساڵ لە عەینی قانونی پێشترمان هەیە ئەو شروتەی تێدایە، مەوزوعی شەهادە بۆ ئیعدادیە و بۆ مەجلسی موحافەزات لەوێ ئەوەی بنەڕەتی بۆ ئەقزیە و نەواحی داندراوە، یەعنی وابزانم عەینی ئەو پەرلەمانە دەنگی دا بۆ ئەو شروتانە، عەینی شروتە یان لێرە هەمووی حەزف بکەین با نەبێت و لەوێ هەیە، یانیش وەکو ئەو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت مەسەلەی عەفو ئەوانە، ئەگەر کەسێك تاوانبار بوو هەتا ئەگەر عەفوش بکرێت، بەڵام تاوانەکە لەسەر ئەو تەسبیتە، یەعنی مانای ئەوە نیە ئەو کەسە نەیکردووە، یەعنی هەر حوکمەکە لەسەری هەیە، بەڵام مەعفو دەبێت بە زروفێکی جیاواز، بۆ ئەوە ئیجرائاتێکی ترە، لەبەرئەوە یەکێك دەبێت لەوانەی کە لە شەرتی ئینتیخاب و خۆ هەڵبژاردن شمولی نەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو برادەرانەی باسی دەرەوەیان کردو گوتیان لەوێ بە 5 ساڵ خەڵك دەبێت بە مواتن، مواتن بوون جیاوازە لەوەی کە خزمەتی خەڵك، عادەتەن تۆ دەتوانی بە 5 ساڵ ببی بە مواتن، بەڵام بە 5 ساڵ نە لوغەی فێردەبی، نە شارەزای شارەکان دەبی، نە عادات فێردەبی، نە ئاگات لە مەساڵحی خەڵك هەیە، لەبەرئەوە بە هیچ شێوەیەك بە 5 ساڵ بۆت نیە خۆت هەڵبژێری، ئەوە لە دەرەوە، بە نیسبەت ئێرە کە سیستەمێکی وا دادەندرێت کە 10 ساڵ بێت، ئەو 10 ساڵە بۆ ئەوەیە ئەو کەسەی لەوێ هەر بۆ شارەزا بوون نیە، دەبێت خیبرە پەیدا بکەی، مەشاکلی ئەو کۆمەڵگای چیە؟ پێویستە بزانی چیان بۆ بکات؟ چۆن خزمەتیان بکات؟ چۆن بە پیریانەوە بچێ؟ شارەزای تەواوی وەزعەکە بێت، لەبەرئەوە حیکمەتێکی تیایە

ئەو 10 ساڵە، ئەو 10 ساڵە حیكمەتێكی باشی تیایە بۆ ئەوەی كە بتوانرێت كەسانێك هەڵبژێردرێن بتوانی پڕاوپڕ خزمەتی ئەو خەڵكە بكات لەو ناوچەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە، انشاللە نوقتەی نیزامی نیە! سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك جمال قاسم حەق نیە خۆی بخاتە هەڵەی واوە! ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا ئەم ساڵ سوێندی یاسایی خوارد تەمەنی 21 ساڵە و 6 ساڵە لە هۆڵەندایە........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نیە، فەرموو دانیشە، وەڵلا انشاللە یەكەت دەرنەچوو! قسەكەت ڕاستە، بەڵام نوقتەی نیزامی نیە، ئەوە شەرحێكی كە كردی، ئەوەڵەن هەندێك جار هەندێك شت باس دەكەین ئەوە موحافەزەیەكە، جارێ ئەوەڵەن بەینی هەولێر و سلێمانی و دهۆك وە انشاللە كەركووكیش لە ئاییندەیەكی نزیك دا فەرقێكی جیاوازی نیە لە كەڵچەر و لە تێگەیشتن و شارەزا بوون، دووەم: ئەو مولاحەزاتانەی كە درا بە نیسبەت خاڵی 2 لە (أولا : شهاده الاساسیه) ئەگەر بكرێت ببێتە (شهاده المرحله الاساسیه)، بۆ ئەوەی تێ بگەیەندرێت كە دەكاتە متەوستە، یەعنی سیستەمەكە گۆڕاوە، ئیبتدائی و سێ ساڵەكەی تر كە مەرحەلەی ئەساسیە، ببێتە (شهاده المرحله الاساسیه)، پێنجەم: ئەوەی كاك شێردڵ ئاماژەی پێی كردئەگەر ئیزافەی ئەوە بكرێت، ئەگەر برادەرێكی تریش كاك شوقی و كاك كریم و كە موئەسەساتی ئەمنی بكرێتە (قوی الامن الداخلی)، كەواتە 5 ئەگەر بكرێتە ( أن لایكون من أفراد القوات المسلحة أو من القوی الامن الداخلي عند ترشحه).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە بۆچی داندراوە؟ ئەوە تەرەشوحی پێ ناوێت بنووسی، چونكە ئەوە خۆ موەزەفی تریش وان، بەڵام ئەوە لە بۆ ئەوەیە كە مەنسەبەكە ئیستغلال نەكات، لەبەرئەوە مودەتێكیان داناوە، 6 مانگ پێش ئەوەی ئیستیقالەی كردبێت یان نەما بێت، هەر لەبەرئەوەیە، من گوتم ئەگەر بڵێین (أن لایكون مستمرا فی خدمة القوات المسلحة أو المؤسسات الامنیة مدة لاتقل عن 6 أشهر قبل یوم ترشیحه).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە دەقیقیە کاك شێردڵ، من لەگەڵتم، سیغەی قانونی پەرلەمان ئەگەر وابێت، با ئەوەش وابێت، ئەوەی خاڵی 4 (أن یکون من ابناء )، فعلەن ئەوەی 10 ساڵەکە، ئیعرتازیان هەبوو کاك شوقی بوو دواتریش شکریە خان ئەخیرەنیش سۆزان خانیش چاکی کردەوە بەو مولاحەزەی کە دای و نوقتەی نیزامی نەبوو، بەڵام مولاحەزەیەکی باش بوو، دوایەش ئەو پارێزگاریانە لێك نزیکن، یەعنی 5 ساڵ لە جێگایەك موقیم بێت و دوایەش بەشی ئەوەندە دەکات کە متمانەی هەبێت و لە ناو قائیمەیەك دابێت کە خەڵك دەنگی بۆ بدات و بتوانێ خزمەتی شارەکە بکات، پێم وایە ڕەنگە 5 ساڵ لێرە بەس بێت، بۆیە ئەگەر موافەقەت بکەن، لەوێ لە قانونی موحافەزات هاتووە، قەیناکە ئەگەر شتێکی زەرەری بوو لەوێ تەعدیلی دەکەین، ئەگەر موهیم نەبوو تەعدیلی ناکەین، ئەوە تازەترە جێی وی دەگرێتەوە، ئەگەر نا وەکو سۆزان خان دەبێت جوابەکەم، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی تووشی ئەو کێشەیە نەبین، لە فەقەرەی یەکەم دەڵێت (دەبێت لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕیەکان بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی) کەواتە ئەوە لێرە مانای ئەوەیە شەرت نیە 10 ساڵ لەوێ بێت، چونکە ئیتر ئەوە هەویەی ئەحوالی شەخسی هەیە و سەر بەو موحافەزەیە... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفوم دەکەی ئەوە وا نیە، ببورە ئەوە مەبەستی ئەوە نیە، ئەوە ئەوەیە کە یەکێك با بڵێین خەڵکی سلێمانی بێت بە پێی دەفتەر نفوس و ئەوانە، بەڵام نیشتەجێی هەولێر بێت و بۆی هەیە ببێتە ئەندام، بۆی هەیە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، ئەگەر چی دەفتەری نفوسەکەی یان هینەکەی یان خەڵکی سلێمانی بێت و یان، خۆی عەکسەکەشی ئەگەر خۆی تەرشیح بکات، فەقەرەی یەکەم (شهادە المرحلە ألاساسیە)، مەرحەلەکەی بۆ ئیزافە بکرێت، ئەوە لە (ثانیا)، (بلغ) بمێنێت زۆر ڕاستە لەبەرئەوەی لە بۆ پەرلەمان نووسیمان بەلەغە، مەبەستمان لەوە بوو کە 24 ساڵ و ڕۆژێك بۆی هەیە خۆی هین بکات، لەپەرلەمان وامان لێ کرد، ئەمە ڕاسترە بۆ پەرلەمان کە بۆ گەنجان تەمەنمان کەم کردەوە لە 30 ساڵ بۆ 25 ساڵ موناقەشەی زۆرمان کردو کردمانە بلغ بۆ ئەوەی 24 ساڵ و ڕۆژێکیش بێت بیگریتەوە، لێرەش ناکرێت بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان ساڵێك زیاتر بێت، بەلەغەکە ڕاسترە، ئەوەش چاك بکەنەوە، خۆشتان واتان نووسیوە، پێم وایە زۆریش تەناقوز نەبێت 10 ساڵەکەش باب و جوابی تێدایە، ئەگەر سەحبی ناکەنەوە 10 ساڵەکە بمێنێت دەیخەمە دەنگەوە، ڕەئی خۆت گوتووە و ڕەئیەك هەیە دەڵێت 10 ساڵ ببێتە 5 ساڵ، بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو مەوزوعەی، ئەوەی کە خیلافی لەسەرە، لێرە نووسراوە 10 ساڵ لە قانونەکەشدا نووسراوە 10 ساڵ، بەڵام لێرە 4 ئەندامی پەرلەمان دەڵێن 10 ساڵ زۆرە بیکەنە 5 ساڵ، ئەو موقتەرەحەی ئەو 3 ئەندامەی پەرلەمان کە خیلافی هەردوو لیژنەکەیە کێ لەگەڵ ئەوەیە 10 ساڵەکە ببێتە 5 ساڵ دەستی بڵند بکات تکایە؟ 21 کەس، فەرموون، کێ لەگەڵ ئەوەیە 10 ساڵەکە وەکو خۆی

بمێنێتەوە دەستی بڵند بكات تكایە؟ ئەغلەبیەتە، دەمێنێتەوە وەكو خۆی، ئەوانی تریش پێویست ناكات بیخەمە دەنگەوە، چونكە دوو، سێ شتی شكلیە (شهادة المرحلة الاعدادیة) دەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی..... كاك كریم جێگاكەت دوورە كە قسە دەكەی من گوێم لێیە لێرە یان بچۆ بۆ تەنیشتی یانیش بێ دەنگ بە، ئەو سیغەیەی كە كاك شێردڵ گوتی وەكو لە هین داهاتووە (ان لایكون من افراد القوات المسلحة او قوی الامن الداخلی عند ترشحه) وەكو پەرلەمانی لێ بكرێت كە دەڵێت 6 مانگە، من ئەسڵەكەم لا نیە، ئەگەر تێیدا نەبێت (عند ترشح) كافیە، كەواتە (عند ترشحه)، فەقەرەی 6 لەسەر ئیقتراحی سەرۆكایەتی داوا دەكەین كە لابچێت (ان لایكون مشتركا فی الجرائم فی الاقلیم) لابدرێت، (ثانیا: لكل مواطن تتوفر شروط الترشیح الوارد فی الفقرة 2 من هذه المادة حق الترشیح) چونكە لەوە دانووسراوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرە زیادەیە ئیلغا بكرێت دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ ئەوەش قبوڵ كرا، تەبعەن قانونەن هەموو مورەشەحەكان دەبێت هەیئە موسادەقەی بكات، یەكێك گوتی بۆچیە ئەوە؟ هەیئە دەبێت موسادەقەی بكات و هەیئە تەدقیقی دەكات لەو شروتە، بۆیە ئەو ماددەیە بەو گۆڕانكاریەی كە باسم كرد دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵیەتی دەستی بلند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ 2 كەس، سۆزان خان و گوڵناز خان لەگەڵدا نین، بڕۆ بۆ ماددەی دواتر كە دەبێتە ماددەی 7، بوو بە ماددەی 6 كاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 6

خۆ پاڵاوتن بە شێوەی لیستی داخراو دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 7

یكون الترشیح وفقاً لنظام القائمة المغلقة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەكان رەئیتان بڵێن، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە هەردوو لیژنە بەزۆرینە لەسەر لیستی داخراو بووین، بەڵام منیش تەوقیعم کردووە کە تێبینیم هەیە، تێبینیەکەش هەر ئەوە بوو کە گوتی مادام بۆ پەرلەمان نەکرا داخراو، موبەرراتی خۆی هەبوو ئەمە، عەلەل ئەقەل بۆ موحافەزە ئەوە باشترە و خەڵك یەکتر دەناسن، هی کابرای خزمەتکار، خیبرەی شایستەی، یەعنی ئەوە زیاتر ڕێز گرتنە لە دەنگی دەنگدەر، تەئسیری دەنگی ئەویش دەبێت، ئیرادی وی باشتر دەبێت، ڕێز لە حوریەت و ئیختیاری وی دەگیرێت، من حەوجە نیە لێرە باسی موبەرررات بکەم، بەڵام هەر بۆ ئەمانەت هەر لەگەڵ ئەوەینە لە ئینتیخاباتی مەجالسی موحافەزات سیستەمەکە سیستەمی لیستی کراوە بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی بەشێکی قسەکانم نزیکە لەوانەی کە کاك خلیل کردی، چونکە من بۆ خۆم یەك لەو کەسانە بووم کە لەگەڵ لیستی داخراو بووم بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لە ناوەڕۆك دا ئینتیخابات بۆ پەرلەمان زۆر جیاوازە لە پارێزگا، چونکە پارێزگا زیاتر ئەنجومەنێکی خەدەمیە پێویست وایە کەسەکانی ناوی لەلایەن خەڵکەوە ناسراو بێت، دەبێت خەڵك ڕاستەخۆ دەنگی بداتێ، چونکە کە ئەو خەڵکانە ئیشی یەکێك لە ئیشە گرنگەکانی خزمەت کردنە بە خەڵکی ناوچەکەی خۆیان، زەرورەت وایە، ناسرا بێت، چونکە ئەوان ئیشی تەشریعیان نیە، زەرورەت نیە ئیللا وەکو پەرلەمان دیاری بکرێت، بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە لیستی ئازاد بێ نەك کراوە، بە مەعنای ئەوەی لیستی ئازاد کەوا خەڵك حەقی ئەوەی هەبێت هەریەك لە شوێنێك دەتوانێ لیستێك دروست بکات لەو شوێنەی کە خۆیان هەڵدەبژێرن کە پێیان وایە ئەو خەڵکە ئەمە کەسێکی باشە و لەوێش کەسێکی باشە، لە هەموویان لیستێکی ئازاد دروست دەکات، کراوە جیاوازە، ئەگەر لە حاڵەتێك ئازاد نەبێت ئەوجا من لەگەڵ کراوەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی زۆر موناقەشەی نەکەین، ئێمە شتەکە بە دیموکراتیانە باس بکەین لەسەر سەرۆکایەتی پێشتریش تۆزێك هینی کردو ئەوانە، بەڕاستی ئێمەش پێمان وایە نیزامی ئینتیخاباتی ئەنجومەنی پارێزگاکان نابێت وەکو ئینتیخابات پەرلەمان بێت، لەبەرئەوەی خەدەمیە و لە سنووری پارێزگاکانە، دەکرێت بە شێوەیەکی دیمەکراتیانە تر باشتر بێت و خەڵك بتوانێ دەنگی بۆ بدات بۆهینەکە، بۆیە پێم وایە و پێشنیار دەکەم ئەوە وەکو ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق بێت، یەعنی کراوەی سنووردار، قائیمەی

ڕێژەیی کراوەی سنووردار، وەکو ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەگەر دەتانەوێ چەند ڕۆژێك بدەین و تاوەکو هەفتەی داهاتوو موناقەشەی بکەین، چونکە نوقتەیەکی موهیمە، پێم باشەتەئجیل بکرێت بۆ ئەوەی پەلەی نەکەین، باشتر پێداچوونەوەی بۆ بکەین و سیغەکەی ئەوەش بزانین ئەگەر ئەو سیغەیەش بوو دەبێت، ئەسڵەن ئەو سیغەیەش غەڵەتە، دەبێت بنووسرێت (یعتمد نظام القائمة المغلقة)، ئەوەش غەڵەتە، کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نسبەی 30٪ ئافرەتان بە نەزەر ئیعتیبار وەرگیرا کێشەمان بۆ دروست دەکات، چونکە ئەو ماددەیەی لەدوایدا کێشە دروست دەکات بۆمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت، ئەوە مولاحەزە دەکرێت، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو تەکیفی قانونی دا، شتێك نیە بڵێی (ترشیح علی اساس القائمه المغلقه)، تەسویت هەیە، قائیمەی مەفتوح و قائیمەی موغلەق، ئەمە نیزامی تەسویتە، بێینەوە سەر نیزامی ئینتیخابی ئەغلەبیە هەیە وتەمسیلی نسبیش هەیە، یەعنی ئەمە لە هەموو دونیا مەعلومە، بۆیە ئەوە غەڵەتە، من هینێکم هەیە ئەگەر درێژەی هەبێت، من یەك پێشنیارم هەیە ئەوەی کە جەنابت باست کرد، ئەوە نیمچە کراوە نیە ئەو دەنگدانە، پێی دەوترێت (تصویت التفضیل)، قائیمەکە موغلەقە، بەڵام تۆ لە ناو قائیمە تەفزیل دەکەی، چەند مورەشەحێك، ئەوە باشترین ڕێگایە لەوەی کەوا ئەهوەن ئەشەرەین، وەسەت هین نەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل ڕەنگە بەلای کەمی حەفتا جۆری هەڵبژاردنی جیاجیا هەبێت، نیزامی ئینتیخابی جیا لە عالەم دا جیاجیا هەبێت، ئەوەی لە عیراق دا ئەنجام درا، بۆ پارێزگاکانی موحافەزات سیستەمێکی تازە بوو بۆ یەکەم جار، لەسەرتاسەری دونیادا ئەنجام درا، لەبەرئەوە شتێکی وانیە، ئەوە ئیجتهاداتی هەر تەجروبەیەکە، ئیجتهاداتی قانونیەکانە، ئیجتهاداتی سیاسیەکانە، ئیجتهاداتی شارەزاکانە، تەتویری پێ دەکەن، ئەی بۆچی بووەتە 70 نیزام، خۆ یەکەمجار بە نیزامێك دەستی پێ کرد، ئەوەی ئێمەش لێرە باسی دەکەین ڕەنگە شتێکی تازە بێتە پێشەوە، من کۆبوونەوەکە دوا دەخەم تا ڕۆژی دووشەممە سەعات 11، یەك نوقتەتان لێ داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، بێجگە لەو نوقتەیەی کە گرنگە، نوقتەیەکی نیزامی کۆتا بۆ برا مەسیحیەکان و کلدان و ئاشوور بۆ مەجلس موحافەزە، چونکە قەزاو ناحیە

**نازانین کێیە، بەڵام بۆ مەجلسی موحافەزە دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەن و ئیقتراحاتمان بدەنێ لەو شوێنانەی کەهەن، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین تاڕۆژی دووشەممە.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 11\ 5\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## دووشەممە رێكەوتی 2009/5/11

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2009/5/11 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (11)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2009/5/11 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، خولی دووەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (11)، رۆژی دانیشتن 2009/5/11، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2009/5/11دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ فەرموون بۆ سەر مەنصە، خوشكە كوێستان هێشتا دەستمان پێ نەكردووە، ڕێگات پێ نادەین، ئەوە لە بەرنامەی كار نەبوو، كە هاتە سەر ماددەكان ئینجا هەر ڕەئیەكت هەیە بەسەرچاو، بەڵام هەر شتێك ڕجائەن هێشتا بەرنامە دەستی پێ نەكردووەو یاسایەكە نەخوێندراوەتەوە، ماددەكان نەخوێندراونەتەوە، داوای لێبووردنت لێ دەكەم، زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون، تكایە هێمنی موراعات بكەن، ڕجائەن، تكایە هێمنی موراعات بكەن، بۆ ئەوەی دەست بە ماددەكان بكەین، زوو تەواوی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

خۆ پاڵاوتن بەشێوەی لیستی داخراو دەبێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

یكون الترشیح وفقاً لنظام القائمة المغلقة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەین ئەو صیغەیە بگۆڕدرێت، چونكە سیستەمی هەڵبژاردن لە دوو مادده هاتووە، لە ماددەی حەوت و لە ماددەی نۆ، لە ماددەی نۆ بڕگەی یەك دەڵێت (یتم توزیع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابیة من خلال نظام التمثیل النسبي)، لێرەش دەڵێت (یكون الترشیح وفقاً لنظام القائمة المغلقة)، قائیمەی موغلەقە بەشێكە لە سیستەمی هەڵبژاردنی تەمسیلی نسبی، بۆیە پێشنیار دەكەم تەوحید بكرێت بەو صیغەیە (یكون الترشیح وتوزیع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابیة من خلال (نظام التمثیل النسبي - القائمة المغلقة)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە ئێستا دەیانەوێت لەسەر ئەو ماددەیە موداخەلە بكەن، تكایە دەستیان بەرز بكەن ناویان بنووسین، كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە جاری پێشوو هەمان باسی کراوەو داخراومان کرد، بەڵام بۆ پەرلەمان نەبوو، پێمان باشە بۆ ئەم قۆناغەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، لەبەر ئەوەی کارێکی تەنفیزییە، پەیوەندی بە خزمەتکردنەوە هەیە، ئەو کەسەی کە دەردەچێت بۆ پارێزگاکان، ئەو کەسانەن کە بتوانن زیاتر خزمەتی خەڵکەکان بکەن، ئەم خزمەتکردنەش پێویستی بەوە هەیە ئەم کەسە ناسراو بێت، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەم داخراوە نەبێت، بکرێتە کراوەیەکی ڕێژەیی بەو واقیعەیەوە، هەموو کەس بتوانێت دەنگ بدات بۆ قائیمەکەش، ئەوە موغلەقەکەشی تیایەو، دەنگ بدات بەو کەسەی کە پێیوایە ئەم کەسە دەتوانێت خزمەت زیاتر بکات، ئەمە هەم خزمەتکردنێکە  بە خەڵك دەتوانێت ئەم کەسانە دیاری بکات کە خۆی پێیوایە ئەمە زیاتر خزمەتێکە.

دوو/ ئەمە بەرەو دیموکراسی بوون بۆ ئێمە زۆر گرنگترە.

سێیەم/ خەڵکانێك کە لەدەرەوەن سەیری ئەم ئەزموونەی ئێمە دەکەن، دەڵێن ئەمە لە هەرێمی کوردستان هەنگاونان بەرەو دیموکراسی بەهێزتر بووە، هەنگاوی باشتری ناوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم لە جیاتی داخراو بکرێتە کراوەیەکی ڕێژەیی، لەبەر ئەوەی خزمەت زیاتر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە لە دانیشتنی پێشوو، پێش ئەوەی دانیشتنەکە کۆتایی پێ بێت، ئەو کاتەش ڕەئیەکی وا هاتە پێشەوە، کە ئایا ئەم هەڵبژاردنە بە لیستی داخراو بێت، یان کراوە بێت، من حەز دەکەم لێرە بە بیری بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان بێنمەوە، کە ئێمە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا لەم پەرلەمانە بڕیارماندا کە هەڵبژاردنی پەرلەمان بە لیستی داخراو بێت، بۆیە من پێموایە ئێمە دەبێت خۆمان ڕێز لەو بڕیارە بگرین و دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکەین، کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕاستە گرنگیەکی خۆی هەیە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام گرنگتر نییە لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، کە ئێمە پێمانوا بێت دیموکراسیەت بەوە قووڵتر دەکەینەوە، ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنەکە بکەینە کراوە، بۆیە من داوا دەکەم هەموو ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەی کە ئەم پەرلەمانە بڕیاریدا هەڵبژاردنی پەرلەمان بە لیستی داخراو بێت، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەبەرچاوی بگرن و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لەم قۆناغەدا بە لیستی داخراو بێت، دەکرێت هەروەکو پێشتریش باسمان کردووە بۆ ئایندەی ئێمە کار بکەین لەسەر ئەوەی سەرجەم هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان سیستەمەکەی بگۆڕدرێت و بەرەو پێشەوەی ببەین، جارێکی تریش من دەمەوێت تەئکید لەوە بکەمەوە کە هەروەکو زۆرێك لە پسپۆڕانی بواری هەڵبژاردنیش

و خەڵکێکی شارەزا باسیان لەوە کردووە، هەڵبژاردن خۆی پرۆسەیەکی دیموکراسیە، ئیتر سیستەمەکەی بە لیستی داخراو بێت، یان کراوە بێت، یان نیوە کراوە بێت، بۆیە من بە تەواوەتی پشتگیری لە ماددەکە دەکەم هەروەکو خۆی هاتووەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە لیستی کراوە بێت، چونکە لیستی کراوە لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ئەو خەڵکانەی لە پارێزگاکاندا هەیە، لە قەزاکاندا هەیە، لە ناحیەکاندا هەڵدەبژێرن، دەبێتە خەڵکانێك کە خەڵکەکە دەیانناسێت، تواناو ئیمکانیەتیان چەندە لە خزمەت کردنی کۆمەلأنی خەڵکی ناوچەکەی خۆیان؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەوە بە لیستی کراوە بێت، نەك لیستی داخراو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەردوو لیستەکە داخراوو کراوە سلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەیە، ئەوەی ئێمە مولاحەزەی دەکەین لە هەندێك ولأتانی ئەوروپا، کە زۆر پێشکەوتوون تا ئەمڕۆش داخراوە، ئێمە وەکو کورد، وەکو کوردستانی و حزبە کوردستانیەکان، ئەمڕۆ پێویستمان زیاتر بە وەحدەی خیتابی سیاسی و ئیداری هەیە، لەبەر ئەوە لەبەرژەوەندی حزبە بچووکەکاندایە کە لیستی داخراو بێت.

دوو/ تەجروبەی پارێزگاکانی عێراق فەشلی هێناو تا ئەمڕۆش ئەنجامەکانی نادیارن، کێشەو گیروگرفت لەناو حزبە عێراقیەکاندا تاکو ئێستا ماون، تەجروبەیەکە لە پێش چاومانە عێراقە، ئەمڕۆ زۆر مەشاکیلی لەسەر دروست بووە، تەجروبەیەکە کە فەشلی هێناوە، لەبەر ئەوە ئێمە چۆن لاسایی تەجروبەیەکی فاشل بکەین ئەمڕۆ لە عێراق هەیە، من لەگەڵ ئەوەم لیستی داخراو بێت، جگە لەوە بۆ دەنگدەر زۆر ئاسانترە کە دەنگ بدات بە لیستی داخراو، کارەکانی ئاسانتر دەکات، نەك چەند ناوێك لەناو لیستەکە دەربێنن کە سەر لێشواندنە بەحەقیقەت، من پێموایە لیستی داخراو ئەمڕۆ بۆ زەرورەتی کوردستان و تەحالوفاتی حزبە کوردستانیەکان، بۆ یەك ڕێزی میللەتی کورد، بۆ یەك ڕێزی خیتابی سیاسی ئەمڕۆ، من پێموایە لیستی داخراو لە قازانجی میللەتی کوردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، خاتوو سارا فەرمووو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هۆیە پێویستیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایەدا دەڵێت (بە مەبەستی پتەو کردنی ڕێبازی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان)، ئێمەش دەزانین کە لیستی کراوە زۆر دیموکراتیترە لە لیستی داخراو، ئەوە یەکیان.

دووەم/ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێت ئێمە جیاوازی پێ بکەین لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان، نوێنەرانی هەڵبژێراو لە ئەنجومەنی پارێزگاکان نوێنەری ناوچەیەکن، نەك نوێنەری هەموو کوردستان، لەو ناوچانەشدا زۆر پێویستە خەڵکەکە ڕاستەوخۆ هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە، لەبەر ئەوە خەڵکی مەنتیقەکە باشتر دەتوانن نوێنەری خۆیان ڕاستەوخۆ هەڵبژێرن، دەتوانێت باشتر خزمەت بکات، ئەوان دەتوانن کەسێك هەڵبژێرن کە بەڕاستی لە خەمی ناوچەکە بێت و دڵسۆزانە کاری خۆی بکات، بۆیە لە لیستی کراوە هەڵبژێر دەتوانێت بە ئاسانی دەنگ بدات بەو پاڵێوراوەی کە مەبەستیەتی، ئەوە خاڵێکی تریان.

لە لایەکی دیکەوە هەندێك بۆچوون هەیە لیستی کراوە زیان بە سیستەمی کۆتا دەگەیەنێت، بە هیچ جۆرێك لیستی کراوە زیان بە سیستەمی کۆتا ناگەیەنێت چ بۆ نەتەوەکانی تورکمان و کلدو ئاشوور، چ بۆ ژنان کە ڕێژەی لە 30٪یە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێژەیەی کە لە یاسای پەرلەماندا دانراوە، کە دەبێت لە 30٪ بێت پێش هەڵبژاردن لە لیستەکاندا ئەو لە 30٪یە لەبەرچاو دەگیرێت، ئینجا لە دوای هەڵبژاردنیش بۆ یەکلا کردنەوەی دەنگەکان جارێکی تر ئەو ڕێژەیە بەرچاو دەگیرێتەوە بۆ ژنان، بۆیە بە هیچ جۆرێك لیستی کراوە لە دژی بەرژەوەندی ژناندا نییەو، زیان بە لە 30٪ی ناگەیەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك سەعدەدین فەرمووو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر دەمەوێت تەوزیحێکی بکەم لەسەر لیستی داخراو و لیستی کراوە، ئێستا وایە لەناو ئەوساتێك باوە کە زۆر ئیتیلاعی لەسەر لیستی داخراو و لیستی کراوە نییە، وا تێدەگات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە شەرحی ماددەکە بکە، تەعلیق لەسەر قسەی ئەندامان مەدە رجائەن، کەس تەعلیق لەسەر قسەی برادەرانی خۆی و ئەندامێکی پەرلەمان نەدات، بیروبۆچوونی خۆی بدات بە چاکی و خراپەکەی روون بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەڕێزەکانی تر دەنگ بدەن کامەی باشترەو سوپاس.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ گوێ لە قسەکەی من رابگرە، ئینجا حەز دەکەم تەعلیق لەسەر قسەکەم بدەیت، من دەڵێم ئیتیلاع وا دروست بووە لەناو ئەوسات وا تێدەگەن کە لیستی داخراو ئەوەیە، یەعنی کە لیستی داخراو ئەوەیە کە ئەو ناخیبەی کە دەچێت صوت دەداتن نەتوانێتن هەردوو شریت کە ئەوەی دەوێت، یان ئەوەی کە ئەو جیهەتەو ئەو لایەنانە دادەنێت، ئەوانە جیهەتی خراپن، لەبەر هەندێ لەناو لیستی داخراو داینایینە هەتا لە تەسلسولەکە لە ئاخیری ببڕێتەوە، ئەوە وا نییە، لیستی داخراو حەسب تەسلسولە لە ئاخیری تەواو دەبێت، دەتوانێت صوت بۆ ئەو لیستە بدات، یان بۆ لیستە داخراوەکەی، یان بۆ لیستە کراوەکە بدات، خۆ ناخیب بە کەیفی خۆیەتی دەتوانێت کێ هەڵبژێرێت و کێ هەڵنەبژێرێت؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاک محەمەد فەرەج و کاک محەمەد رەفعەت و سارا خان، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە لیستی کراوە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیستی کراوەو لیستی داخراو زۆر باسی لەسەر کراوە، بە تەئکید هەر یەك لەو پرۆسانە سەلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەیە، نا تێ گەیشتنیش هەیە لەو مەسەلەیە، ئەویش شەرت نییە ئەو وڵاتانەی کە لیستی داخراو پیادە دەکەن، ئەو وڵاتانە وڵاتی نادیموکراتن، بەڵکو زۆری وڵاتی دیموکراتی و پێشکەوتوون لیستی داخراو پیادە دەکەن لە هەڵبژاردنەکان، من پێموایە ئێمە دەبێت لە شێوازێکی ئاسان بگەڕێین بۆ دەنگدەران، بۆ ئەوەی بەزووترین وەخت بگەنە مەراکزی دەنگدان و بە ئاسانترین رێگا دەنگی خۆی بدات، ئەویش لە لیستی داخراو خۆی دەگرێتەوە، نەك لە لیستی کراوە، لە هەمان کاتدا لە لیستی داخراودا دادپەروەریەکی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە حزبە بچووکان مافەکانیان پارێزراو دەبێت و چەند دەنگ دەهێنێت و قەبارەی چەندە؟ ئەوە ئەوەندە کورسی وەردەگرێت لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، جگە لەمەش بەڕاستی ئەگەر بچێت لە هینەکان بخوێنیەوە لە مەسائیلەکان دەبینی لیستی داخراو بەڕاستی لە زۆربەی زۆری وڵاتان پیادە کراوە، ئەو سەلبیاتەی کە دەخرێتە پاڵ لیستی داخراو بەو شێوەیە نییە کە باسی لێ

دەکرێت، لە هەمان کاتدا لیستی داخراو بەڕاستی زەمانەتێکە بۆ دابین کردنی کۆتای ژنان، چ بەنیسبەت پەرلەمان، چ بەنیسبەت ئەنجومەنی پارێزگاکان بێت، جگە لەوەش ئێمە دوو تەجروبەمان هەبووە، تەجروبەی 2005مان هەبووە، تەجروبەی 1992شمان هەبووەو سەرکەوتووانە ئەو دوو تەجروبەیە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، هیچ ئیشکالیەتێکیشمان نەبووە، زۆر لە مومەسیلاتی قۆنصولیات هاتونەتە ئەو پەرلەمانە، هەتا نوێنەری یۆنامیش هاتونەتە ئێرە، ئێمە ئەو پرسیارەمان لێ کردوون، گوتوومانە عەجەبە ئێوە رەئیتان چیە لە لیستی کراوەو داخراو؟ وەلامیان ئەوە بووە گوتیتیان موهیم واقیعی کۆمەڵگای ئێوەیە، واقیعی کۆمەڵگای ئێوەش چ شتێك باشە بۆیان، بەوە دەتوانن بگەنە پرۆسەی هەڵبژاردنی خۆتان، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە لیستی داخراو پەسند بکرێت لە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لیستا ڤەکری و لیستا ڤەنەکری وەکی مامۆستا گوتی گەلەك باشێت خۆ و خراپێت خۆی هەینە، ئەگەر ئەم بروێنین لیستا داخراو دائیمەن بەرژەوندیا نەتەوەیتکە یەعنی ئەقلیاتی دینی و قەومیش دێتن، دێ ئەقلیاتی قەومی و ئەقلیاتی دینی لە بەرژەوەندی وان دابێتن، لیستا ڤە کری لە بەرژەوەندا واندا نینە، چونکە هێشتا مەجتەمەعی ئێمە نەگەیشتینە ئەوەی ئاستی کو بە شێوەیەکی راستەقینە نوێنەری خۆ هەڵبـژێرن، راستی کوردستانێ سەراسەر بۆ نموونە بێـژم ئیل دهۆکێ ئەگەر نوکە چەند ئێزیدی خۆ تەرشیح بکەن بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، ئەز باوەڕ ناکەم ئێکی ئێزیدی بێتن، چونکە ئەڤە عەشیرەت گەرییەو ئەوە خزمایەتیەو، بەرژەوەندی وان ئەقلیاتی دینی و قەومیش دانینە، لیستا ڤەکری بێت، ئەگەر لیستا داخراو بێت زۆر گەلەك باشە، هەروەسا بەرژەوەندی ئافرەتی تێدایە، لە بەرژەوەندی ئەحزابی بچووکدایە، ئەگەر لیستا داخراو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم سیستەمە راستەوخۆ پەیوەندی بە هاوولاتیانەوە هەیە، مومارەسەی رۆژانەیە لە ئیدارەو بەڕێوبردنی پارێزگاکانی ناوچەکە، جیاوازە لە پەرلەمان، ئێمە شتێك هەیە کە پێی دەڵێن نا شەفافیەت کە ئێستا هەیە، ئەو کاتە دەزانێت دەنگدەر کێ هەڵبـژێرێت، ئەو پسپۆڕە، ئەو پالێوراوە لەناوچەکەی خۆی دەزانێت گرفتەکانی چیە، دەنگ بە کێ بدات؟ ئەمەش پێی دەگوترێت لیستی داخراوی کراوە، یان لیستی تێکەڵاو، لەناو قائیمەی داخراودا ئەو تەفزیلیە دەداتە ئەو کەسەی کە توانای باشترە، دەتوانێت دەنگ بدات

بە قائیمەکە، یان دەنگ بدات بە شەخصەکە لەناو قائیمەکە، کە توانایـەکی باشـتری هەیـە، پسـپۆڕی هەیـە، وەکو خۆی دەیناسێت دەبێتە زیـاتر کرانـەوەی شـەفافیەت و هانـدانی دەنگدان بـۆ سـەر سـندوقەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینەکم لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، ئەم فەسڵە باسی مافی خۆ کاندید کردن دەکات، حەق وایە بەڕاستی ئەمە بە فەسڵێکی تایبەت بنووسینەوە بڵێین نیزامی ئینتیخابی، لەبەر ئەوەی لێرە باسی قائیمەو دەنگدان و چۆن ئەوەیە لە ماددەی حەوت و هەشت و ماددەکانی دوای ئەوە، ئەوە وەکـو یەکـەم کـە گوایـە فەسـڵێکی تایبەتمان هەبێت بۆ ئەم بابەتە، سەبارەت بەوەی کە (یکون الترشیح وفقاً لنظـام القائمـة المغلقـة)، بەڕاسـتی ئەوە زاراوەیەکی هەڵەیە وەکو ئاماژەی پێ کرا، چونکە دەنگدان یان بە لیستی داخراو، یان بە لیستی کـراوە شتێکمان نییە بەناوی تەرشیحی قائیمەی موغلەق، جا سەبارەت بەوە ئایا دەنگدان بـە لیسـتی کـراوە بێـت، یان بە لیستی داخراو، من پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر لیستی داخراو بوو، بەڵام لە لیستی داخراودا تەرتیبی هەیە، یەعنی دەنگ دەدەیتە لیستەکە لە یەکەم ناوەوە تا ئاخیرمان چەندی بـەر دەکـەوێت، مـن پـێم باشـە تـەفزیلێك بدەینـە دەنگـدەر، لـەناو ئـەو لیسـتە هـەر لیسـتەکە کراوەیـە، بـەڵام (علـی ان یکـون التصـویت تفضـیلیاً)، یـەعنی وا بنووسـرێت، بـۆ ئـەوەی دەنگـدەر دەچـێت دەنـگ دەدات، بتوانێـت کـام مورەشـەح لـەو مورەشەحانە دەتوانێت خزمەتی خەڵك زیـاتر بکـات، بتوانێـت دەنـگ بـەو مورەشـەحە بـدات، حـەز دەکـەم وەکو مولاحەزە بڵێم جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەنجومەنی پارێزگاکان و لەنێوان پەرلەماندا، بەڕاستی زۆر جار کادیرێکی ئیداری لێهاتوو، کادیرێکی چاك و پاك لەناوچـەیەکدا دەتوانێـت خزمـەتێکی زۆر گـەورە بکات و خەڵك راستەوخۆ کەسەکان دەناسێت بـە چـاکی دەیناسـێت، لەبـەر ئـەوەی هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگـاو ناحیـەو قـەزاکان دواتـر کـە دەکرێـت دائیرەیـەکی بچووکە، یـەعنی هـەموو کـەس کـادیری بـاش و کادیری ناباش دەتوانێت بناسێت، بۆیە پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت (علی ان یکون التصویت تفضـیلیاً)، دەتوانین بۆ ژنان مەرجێکیش دابنێین، مەسەلەن بڵێین ئەو قائیمەی ئەگەر سێ کەسـە تەصـویتی تـەفزیلی دەکـات، بۆیـە دەبێـت بڵێین ژنێکـی تیـا بێـت، یـان چـەند کەسـە نیسـبەیەکی بـۆ دانـێین دەتـوانین ئـەوەش موعالەجە بکەین بە فەقەرەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو قسانەی کەوا دەمویست بیکەم بەشی زۆری برادەران کردیان، سەبارەت بەو سیستەمەی کەوا پێشنیاز دەکرێت، من وابزانم کەوا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێو سیستەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، زیاتر لێرە لەسەر بنەمای خزمەتگوزاری پەیوەندی شەخصی زیاتر راوەستاوە، با ئێمە کارێکی وا نەکەبن کەوا هەموو شتێك بکرێت بە سیاسەت، بە سیاسەت کردنی هەڵبژاردن لە ئەلفەوە تاکو یای، بۆیە چاکترە کەوا لەسەر بنەمای رێژەیی کراوە بێت، بۆ ئەوەی خەڵکەکان دەنگ بەو کەسانە بدەن کەوا لە نزیکەوە دەیانناسن، دەتوانن خزمەتی زیاتر بە خەڵکی ئەو قەزاو ناحیانە بکەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس، کاك عوسمان فەرموو.**

**بەڕێز عیمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش پشتیوانی لە هەموو ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم کە پشتیوانیان لە لیستی کراوە کرد، شەرحیش کرا کە لیستی کراوە لە ئەنجومەنی پارێزگاکان پەیوەندی راستەوخۆی بە جەماوەرو خزمەتگوزاری هەیە بەڕاستی، کاتێك کە ئەندامەکەی دەناسێت و هەڵیدەبژێرێت پشتیوانی لێ دەکات، بۆیە ئەوەندە من زیاتر بە پشتیوان و خاوەنی جەماوەرەکە دەزانێت لە دیفاع کردن بۆ هەموو ئەو خزمەتگوزارانەی لە چوارچێوەی موحافەزات پێویستە بکرێتن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس، کەژاڵ خان فەرموو.**

**بەڕێز کەژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان منیش پێم باشە بەشێوازێکی لیستی کراوەیی رێژەیی بێت، واتا لە لیستی خۆپالأوتن بەشێوازەك دەبێت، کە دەنگدەر بۆی هەیە لەهەمان کاتدا دەنگ بە پاڵێوراوەکە بدات، یاخود بە لیستەکە بدات، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس، سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە ئێمە حەزمان لێیەتی ئەسیل نوجەیفیەکی تر دروست بکەین لە کوردستان، کە قەبول نەکاتن لەگەڵ هیچ قائیمەیەکی تردا دەستی بخاتە ناو دەستیەوە پێکەوە کارەکانیان بکەن، من نازانم ئەگەر ئەو**

برادەرانەی بەتایبەتی نوێنەرەکانی سلێمانی ئاگاداری ئیش و کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەوە لیستی داخراویشەو هیچ عەیبێکیان نییە، بەو پەڕی ئازایەتی و جورئەتیشەوە ئیشی خۆیان دەکەن و بڕیارەکانی خۆیان دەدەن، وابزانم هەموو حزبەکانی دیکە لێرە دانیشتوون نوێنەریان هەیە لەوێ، ئەگەر بڵێین رۆژێك لە رۆژان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا رێگریمان لێ کراوەو نەیانهێشتووە ئیشەکانمان جێ بەجێ بکەین، ئێمە لێرە دەبێت داکۆکی لەسەر ئەوە بکەین پێوەری خستنی ئەو خەڵکانە لەناو ئەو لیستانە دەبێت چۆن بێت، یەعنی ئێمە دەبێت رەچاوی ئەو حاڵەتە سیاسیە بکەین کە ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، تۆ بە رێگەی ئەم سیستەمی هەڵبژاردنە لەبەر خاتری ئیدیعا کردنی دیموکراتیەت ناکرێت تۆ بێنیت ئەم تەجروبەیە وێران بکەیت، دیموکراتیە، بەڵێ دیموکراتیە، هەموو نەوعە هەڵبژاردنێك دیموکراتیەتە، ئەی باشە هەر ئەوانەی ئەوانە قەبول دەکەن ئێمە مەرجێك دابنێین هەموو پیاوێك کە دەنگی بۆدرا لەناو لیستەکەدا بێت ژنێکیش موقابیلی دەنگی بۆ بدرێت، قەبولی ناکەن لەو حاڵەتەدا، ئەگەر بەو مەرجە قەبولتانە من قەبولە، چونکە مەعقول نییە پیاوێك (20) هەزار، (30) هەزار دەنگ وەربگرێت، ژنێك هەزار دەنگ وەربگرێت بچن لە تەنیشت یەکەوە دابنیشن، ئەمە پێی دەوترێت لەبەر خاتری ئەوەی بزانێت چ هەستێك دروست دەکەن لەناو ئەو ئەنجومەنەدا، لەبەر ئەوە من داواکارم لیستی داخراو بێت، هەتاکو دەساڵی تریش، تاکو تۆزێك ئەو کۆمەڵگایە دەزانێت چۆن دیموکراتیەت بەکار بێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی پرۆسەی هەڵبژاردن خۆی پرۆسەیەکی دیموکراسیی تر بە هەر چ شێوەیەکی تر بێت کەس باس لەوە ناکات ئەگەر داخراو بێت نادیموکراسیەو کراوە بێت دیموکراسی ترە، بەڵام ئێمە دەڵێین قۆناغی رابردوو لە پەرلەمان و لە ئەنجومەنی پارێزگاکان تیایدا قۆناغێکی انتقالی بوو بۆ کوردستانیش هەروەکو عێراق دەیخواست کە یەك دەنگ بوو، یەك ریزی و هەڵوێستە سیاسیەکان لەو ئاستەدا قەبول بکرێت و بەو شێوەیە رێزبەندی بۆ بکرێت و بە لیستێکی داخراو دابەزێت، ئێمە لە قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان جەخت کرایە سەر لیستی کراوەیی رێژەیی بێت، ئێستاش ئێمە جەخت دەکەینەوە سەر قائیمەی ئەوجارە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کراوەیی رێژەیی بێت، بەڵام مانای ئەوە نییە کە ئێمە داوا دەکەین هیچ شتێکمان دیراسەت نەکرد بێت، یاخود بەبێ هیچ ئەزموونێك ئەو قسانە بکرێت، بەڵکو ئێمە دەڵێین قۆناغەکە دەخوازێت کە هەنگاوێك بەرەو پێشتر، بەرەو دیموکراسیەتی زیاتر بڕۆین، بۆیە من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو بەڕێزانەی داوای لیستی کراوەیی رێژەییان کردووە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەتایبەتی کاک عادل کەرەم بکەن فەرموون.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی ئەو خاڵە باشەی لەو گفتوگۆیانە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان جگە لە هەر یەکێك کە رۆشنبیری خۆی هەیە، لەسەر سیستەمەکانی هەڵبژاردن تەجروبەشمان لە پێش هەبووە، تەجروبەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە بەڕاستی هەموومان زۆر سوودمان لێ وەرگرتووە، چ لە خاڵە ئیجابیەکان بێت، چ لە خاڵە سلبیەکان، بۆیە من چەند خاڵێك هەیە حەز دەکەم بۆ ئێوەی روون بکەمەوە:**

**یەکەمیان/ پێش هەموو شتێك هەردووکیان چ قائیمەی کراوە، چ قائیمەی داخراو بێت هەردووکیان حزب ئەو لیستە دروست دەکات، هەردووکیان پێی دەگوترێت یەك نیزامە، نیزامی نوێنەرایەتی رێژەییە، یاخود تەمسیلی نسبی، ئەویش سێ جۆری هەیە قائیمەی موغلەقی هەیە کە لەو دەوڵەتانە هەیە (جەزائیر، ئەنگۆلا، ئەرجەنتین، بەلجیکا، بولغاریا، لە نەتەوە یەکگرتووەکان) بۆمان هاتووە، (کەمبۆدیا، کۆستەریکا، سیلفادۆر، غینیای ئەستوائیە، ئیتالیا، فەرەنسا، عێراق، ئیسرائیل، مغرب، مۆزەنبیق، نیپالیکە، پەرەگوای، ، پیرۆ پورتوغال، جنوبی ئەفریقیا، ئیسپانیاو ئۆرەگوای)، سیستەمەکەی تر کە سیستەمی کراوەیی مەحدود (بەرازیل، کۆلۆمبیا، فلندا، ئیسلەندا، ئەندەنوسیا، یابان، سیستەمەکەی سێیەمیان و ئەخیریان قائیمەی مەفتوح ئەویش تەنها لە سویسرایە، واتا هەردووکیان حزب لیستەکەی دروست دەکات، واتا ئەشخاص نییە.**

**خاڵی دووەم/ وەکو تاڤگە خان باسی کرد سۆزان خانیش ئاماژەی پێ کرد هەردوو شێواز هەڵبژاردنە، کە هەڵبژاردن بوو بەڕاستی هەردووکیان شێوازێکی دیموکراسیە ناکرێت بە نەوعێکیان بڵێین دیموکراسی نییەو ئەوەی تر دیموکراسی ترە، یەعنی ئەو وڵاتانەی کە خوێندمەوە مەسەلەن بروتغالە، بەلجیکایە، فەرەنسایە، جنوب ئەفریقیایە، ئیسرائیلە، کەس ناتوانێت بڵێت ئەوانە دیموکراسی نین.**

**خاڵێکی تر/ بەڕاستی قائیمەی مەفتوح، ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دیتمان گیروگرفتێکی یەکجار زۆری دروست کردووە بۆ هاوپەیمانیەتی، کاتێك کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پێچەوانەی هاوپەیمانەتی دەبێت لەو کاتەدا هاوپەیمانەکان هەموو تێکچووە، ئێمە ئەوانەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراقمان بینی لەو دوو، سێ رۆژەی لەو موئتمەرەی کە لە هەولێر کرا بەڕاستی ئەوەی بۆمان دەرکەوت زۆربەی هەرە زۆری پەشیمانن و ئەو سیستەمە بووە مایەی ئەوەی کە زۆربەی هاوپەیمانەتی کە لە ناوەڕاست و لە خوارەوەی عێراق هەموویان تێك بچن.**

**خاڵێکی تریش/ ئەوەیە کە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، ئەو سیستەمە جۆرێك لە تەناقوزات دروست دەکات، کاتێك شەخصێك لەناو لیستێك دەنگێکی زۆر بە دەست دەهێنێت، من حەز ناکەم ناوی لیستێك بهێنم تاکو نەبێتە دیعایە بۆ ئەو، شەخصێك لەناو لیستێك مەسەلەن سێ سەد هەزار دەنگی هێناوە لەگەڵ دەنگەکانی دیکە نۆزدە کورسی لە پارێزگایەکی بە بەری کەوتووە وای لێهاتووە ئەندامێك لە**

هەمان لیست سەدو بیست و یەك دەنگی هەبووە کورسی بە بەرکەوتووە، هەبووە سەدو شەست و یەك، دوو سەدو پەنجا، سەدو هەشتاو سێ بەو ڕێژە کەمە کورسی بە بەرکەوتووە، لیستی دیکە هەبووە کە بیست و چوار هەزار دەنگی هەبووە دەنگەکانی هەمووی بە خەسار چووە، بەڕاستی لێرە گومان دەکەوێتە سەر شەرعیەتی ئەو کەسەی کە بە سەدو بیست و یەك دەنگ کورسی بە بەرکەوتووە، هەروەها ئەوە گێروگرفتێکی یەکجار زۆرە بۆ ئەحزابی بچووك، مەسەلەی قائیمەی مەفتوح زیاتر لە بەرژەوەندی حزبی گەورەیەو لیستە گەورەکانە، لیستە بچووکەکان هەمووی تیایدا زەرەر دەکەن.

خاڵێکی تر/ مەسەلەی ژنان، بەڕاستی ئەوانەی باسم کرد ژمارەیەکیان ژنانن، مەسەلەن سەدو بیست و یەك دەنگی هەیە، یان سەدو هەشتاو سێ دەنگی هێناوە لەمووسڵ کورسی بە بەرکەوتووە، زۆربەیان ژنن، لێرەدا بەڕاستی گومان دەکەوێتە سەر شەرعیەتی، بە خۆشی ئەگەر پێچەوانەی دەستووری عێراقیش نەبێت، من پێموایە یەعنی خۆی ئیحراج زۆری هەبوو بۆ سەدو هەشتاو یەك دەنگ، یان بیست و یەك دەنگ مەقعەدی بە بەرکەوتووە، یان یەکێك بیست هەزار دەنگی هەبێتن.

خاڵێکی تر/ ئەوەیە دەمانەوێت باسی بکەین ئەوەیە مەسەلەی ئەوراقی ئیقتیراع، لەبەر ئەوەی لە لیستی کراوە هەم دەبێت ناوی لیستەکان بنووسرێت، هەم دەبێت ناوی پاڵێوراوەکان هەمووی بنووسرێت، بۆ نموونە لە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بێتو بە قائیمەی کراوە چل و دوو کیانی سیاسی هەیە، ناوی هەر چل و دوو کیانە سیاسیەکە دەنووسرێت، هەر چل و دوو کیانە سیاسیەکە ئەگەر سەد پاڵێوراویان هەبێتن هەر یەکە سەد حیساب بکە دەکاتە چەند؟ کاغەزی دەنگدان چەند گەورە دەبێتن، بەم شێوازە دەنگدەر کە دێتن دەنگ دەدات بەراستی ئەو هەموو ناوانە بزر دەبێت و ئیرتباکی بۆ دروست دەبێت تەوەتوریشی بۆ دروست دەبێت، بەو شێوازە زۆر لەو ئەوراقی ئیتیلاعە بە فیڕۆ دەچێت، دەنگەکان زۆربەی بە فیڕۆ دەچێتن، خاڵێکی تر ئەو برادەرانەی باسیان کرد بەڕاستی قەوائیمی موغلەق مانای ئەوە نییە شەخصەکان نەناسراون، ئەو تەجاروبەی کاك شێروان باسی کرد، ئێمە دوو نموونەمان لە پێشە، لە پەرلەمانی کوردستان دوو هەڵبژاردن کراوە، بەڕاستی پاڵێوراوان دیعایەیان کردووە، لە لایەن خەڵك ناسراو بووینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشوودا تەرحێکی وا کرا کە هەڵبژاردن ئەمجارە لە پارێزگاکان لەسەر ئەساسی لیستی ئازاد بێت، یەعنی لیستی کراوە بێت، لەسەر ئەساسی ئەوەش دانیشتنەکە دواخرا، بەهەر حاڵ ئێستا ئەم گفتوگۆیانەی کە کرا دیارە تەعبیر لە کۆمەڵێك تێڕوانینی جیا دەکات، بەش بە حاڵی ئێمە من نامەوێت هەندێك لە قسەکانی کاك سەردار دووبارە بکەمەوە، چونکە لە رووی قانونیەوە کۆمەڵێك تەفسیراتی

قانونی حەقیقییە، بەلأم ئێمە تەرحێکی ترمان کرد، چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان کە وتت لیست، لیستی داخراوو کراوە، هەر یەکەو حزب تەمسیلی دەکات لەگەڵ لیستی ئازاد، لیست نا، یەعنی هەڵبژاردنی ئازاد، من پێموایە ئەو خەڵکە تەعبیرەکە زیاترە کە باس لە مەفهومی دیموکراتیەت دەکرێت، هەر هەمووی دیموکراتییە، بەلأم بە رێژە شتێکی زیادو شتێك کەم پەیوەندی بە حوریەتی فەردە لە چۆنیەتی دەست نیشان کردنی ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێرین، لەو حاڵەتەدا ئەگەر مەفهومەکە بگەڕێنینەوە بۆ ئەو دیموکراتیە راستەوخۆیەی کە خەڵك مەبەستیەتی لە چوارچێوەیەکی تەواوی ئازادا بێت، ئەوە دەبێت لەسەر شتێکی تر بێت، کە قائیمە نەبێت بە ئەسڵ ئەوسا دەبێت دەوائیری بچووك بێت لەسەر ئەساسی ئەوەی کە راستەوخۆ خەڵك دەنگ بە شەخصەکان دەدات و خەڵکەکە دەیناسێت ئیحتیمالی زۆریشە ئەم حاڵەتە بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان کە بچووکە خزمەتگوزارییە شتێکی باشتر بێت لەو قۆناغەدا، بەلأم ئەمەی راستی بۆ ئەوەی ئێمە بە هەڵەدا نەچین هەردووکی کە دیموکراتین بەڕاستی، چونکە لە ئەسڵە مادام هەڵبژاردنە، کەواتە بەخۆی مەبدەئی دیموکراتی هەیە، لە گۆڕێیە، دەمێنێنێتە سەر ئالیەتەکان، تۆ دەگەڕێیت بەدوای باشترین ئالیەتدا کەس مافەکانی تیا پێشێل نەکرێت، بەشێك لەوانە پەیوەندی بە لیستی بچووکە، ئەحزابی بچووکەکانە، بەشێك پەیوەندی بە مافی ژنانە، زائیدەن ئەوەی ئێمە پێشنیارێك دەکەین بە قەناعەتمان پاش ئەوەی ئێمە دوێنێکە گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد لەسەر ئەم مەسەلانە باشتر وایە ئێمە ئێستا لە بەغدا کە ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژاردن کرا کۆمەڵێك ئیجابیاتی تێدا بووەو کۆمەڵێك سلبیاتیشی تێدا بووە بۆ عیوبی خۆی بۆ هەبووە، ئەو عیوبانە بەڕاستی زەرەری لە زۆر خەڵك و لایەن داوەو ئەسڵەن هەندێك موعادەلەی سیاسیشی گۆڕیوە، باشتر وایە ئێمە لەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانیشدا عەجەلەی لێ نەکەین چاوەڕێی ئەوە بکەین دیراسەیەکی ورد بکرێت لە هەردوو هەڵبژاردن، ئەو لیستە کراوەی کە ناونراوە لیستی کراوە لە بەغدا، ئەوەی لە جنوب کرا، لەگەڵ ئەمەی پەرلەمان دەکرێت، پەرلەمانی داهاتوو بە دیراسە کردنێکی وردەوە، شێوازێکی نوێ ئیختیار بکات بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا کە درەنگتر دەکرێت، لە مانگی (12) دەکرێت باشترە بە قەناعەتی من بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە هەر یەکەمان لەلای خۆمان ئەویان دیموکراتیترە، کە هەر لە ئەسڵدا هەردووکی دیموکراتی تیا هەیە، بەلأم وەکو کاك عادل گوتی لەڕاستیدا نەوعێك تەفزیلیەتی تیایە، ئەوە خۆی پێی ناوترێت کراوە، پێی دەوترێت بە تەفزیلی، چونکە تۆ دەست نیشانی کەسەکان دەکەیت، تەنها حوریەتەکە ئەوەندەیە، ئەگەرنا ناتوانین ئەشخاص دەربکەیت لەو قائیمەیە، چونکە دیسان ئەو کەسانە تەمسیلی لیستێکی سیاسی حزبی دەکەن، تۆ بۆت هەیە ئەحمەد نەخەیتە پێشەوە، دەنگی زۆری نەدەیتێ، مەحمود بخەیتە پێشەوە، لەمەیان دەگۆڕێت پێی دەڵێن قائیمەی تەفزیلی لە ئەسڵە خۆی، بەلأم خەڵکێك تەفسیری دەکات بە جیا یەکێك ناوی دەنێت کراوەو نیمچە کراوەو تەفزیلی و لە ئەسڵدا یەك محتەوای هەیە، بە هەر حاڵ ئەو پێشنیارە پێمانوایە باشترە، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان کە ئەمە بهێڵینەوە بۆ پەرلەمانی داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لیژنەی قانونی راپۆرتی ئەوەیە لەگەڵ موغلەقە بێت، لەگەڵ داخراو بێت، بەلاَم من تەوقیعم كرد بوو جارێكی تریش هەر باسم كرد بوو من لەگەڵ كراوەمە، ئەگەر مەجالم بدەیت، دروستە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

تكایە باس كرا، زۆر لە بەڕێزەكان بیست كەس لەسەری قسەی كردووە، جەنابت لەگەڵ كراوەی، ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە، زیاتر لەسەری موناقەشە ناكەین رجائەن، فەرموو بەلاَم بە كورتی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم/ ئەلحمەدولله ئێمە لە كوردستان یەك رێزی و یەك گۆتاری چ شك تێدا نییە بەرامبەر دەرەوەی خۆمان، ئەو گرفتە لە كوردستان نییە، یەك رێزین و یەك خیتابمان هەیە بەرامبەری و موشكیلات و تەحدیات و مەترسیەكان چ لەگەڵ بەغدا، چ لەگەڵ دەرەوە بێت هیچ ئیشكالاتمان نییە، ئەوە یەك.

دوو/ ئەگەر برادەران باسی ئەوەیە بۆ ئەحزابی بچووك باشترە، ئێمە ئەو حزبی بچووكە لێرە هیچ موشكیلەمان نییەو لەگەڵ ئەوەینەو با لە زەرەری ئێمە بێت، ئەم كراسە بە تەفسیلی قامەو قەدی خۆمان نەكردیە، بە بەژن و بالاَی خۆمان نەكردیە.

سێ/ سەغەراتی (ثغرات) ئەوی عێراق لەوە نییە كو كراوە بوو، سەغەراتی لەوە بووە كە ئەو دەنگانەی نەگەیشتینە قاسمی ئینتیخابی تەوزیع كراینە لەسەر قەوائیمی فائیزە، ئەمە ملیۆنێك و سەد هەزار دەنگ چووینە بۆ ئەوانەی فائیز یەعنی 31 لە سەد لە كورسیەكانی ئێستا ئەو دەنگانە ئەوە نین سەغرەی قانونی موحافەزات لە بەغدا ئەوە نییە كو كراوە بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

تكایە، رجائەن رەئیەكە وازیح بوو، نوقتەی نیزامیش هەیە نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سەرەتا بەڕاستی رێزم بۆ كاك خەلیل، ئیزن نەدرا بوایە بۆ؟ لیژنەی یاسایی تەئیدی ئەو پرۆژەیەی كردووە، دوو كەسیش قسەیان كرد بە تێرو تەسەلی تەوزیحیان كرد، یەعنی زۆر زۆر تێرو تەسەل بوو تەوزیحەكەیان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

رجائەن كاك خەلیل لەناو لیژنەكە تێبینی خۆیداو نووساندووە، رجائەن دانیشە، مولاحەزەی هەبووە لەسەر خاڵەكە، تەفسیری كردووە، دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەن داوا دەكەن كە كراوە بێت ئەسڵی مەشروعەكە كە لیژنەی ناوخۆ پەیوەندیدارە لیژنەی یاسایی صیاغەی كردووە هەردووك لەگەڵ ئەوەن داخراو بێت، مەجموعەیەكی ئەندامی پەرلەمانیش لەگەڵ ئەوەن كە كراوە بێت، لەبەر ئەوەی ئیقتیراحی كراوە تازەیە، ئەو بەڕێزانەی كە لەگەڵ ئەوەن ئەو هەڵبژاردنە بە لیستی كراوە بێت تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە؟ (21) كەس لەگەڵ ئەوەیە كراوە بێتن، ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە داخراو بێت صیاغەی ماددەكە پاشان، كێ لەگەڵ ئەوەیە داخراو بێت تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ لەگەڵ داخراو بێت، تكایە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ صیاغەی ماددەكە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم صیاغەی ئێستا هەرچەندە لە عێراقیش بەو شێوەیە گوتیە (یكون الترشیح)، ئێمە وا نابینین، باسی تەرشیح نییە، باسی ئینتیخابە، باسی نیزامی ئینتیخابیە، جا ئێمە ئیقتیراح دەكەین بەو شێوەیە بێت (یكون انتخاب اعضاء المجالس وفقاً لنظام التمثیل النسبي وعلى اساس القائمة المغلقة)، یەعنی صیاغەكە بەو شێوەیە بێت، لەوانەیە باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە بڵێین ئینتیخاب لەوانەیە زۆر دەقیق نەبێت، لەبەر ئەوەی تەصنیفی سیستەمەكانی هەڵبژاردن لەسەر سێ ئەساس دەكرێت، ئەساسی یەكەم شێوازی خۆپاڵاوتن، یاخود خۆ تەرشیح كردن، ئەوەی دووەم چۆنیەتی دەنگدان، یاخود تەصویتی، سێیەم فەرز، یاخود دەست نیشان كردنی فائیزەكان، بۆیە ئێمە پێشنیارێكی ترمان هەبوو، یەعنی ئەو ماددەیە لەگەڵ برگەی یەك لە ماددەی نۆ یەك بخرێت بڵێین (یكون الترشیح وتوزیع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابیة وفق نظام التمثیل النسبي – القائمة المغلقة)، لێرەدا ئێمە هەم باسی تەرشیحمان كردووە، هەم باسی تەوزیعی مەقاعیدمان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئەو صیاغەی ئەخیر كەخوێندرایەوە، ئەوە دەنووسرێت، بینووسەو بیخوێنەوە بماندەنێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەمەلیەی ئینتیخاب باسی ئەوەیە نیزامی ئینتیخابی چۆن دەبێت؟ لێرەش ئێمە باسی نیزامی ئینتیخابی دەکەین، نیزامی ئینتیخابی چۆنیەتی دەنگدانە، یەعنی بیتاقەی ئیقتیراع چۆن دەبێت؟ حەجمی دائیرە چۆن دەبێت؟ فەرزی ئەصوات چۆن بێت؟ زائیدەن ئەو سێ عونصری ئەساسی، من لێرە تۆزێك گۆڕانكاریم كردووە تاكو وازیحتر بێت (یكون انتخاب اعضاء المجالس وفقاً لنظام التمثیل النسبي عن طریق الاقتراع على اساس القائمة المغلقة)، چونكە قەوائیم خۆی نیزام نییە، نیزام نیزامی تەمسیلی نیسبییە، قائیمەی موغلەقە، ئان مەفتوحە باسی بیتاقەی ئیقتیراعات ئەو ئیستیمارەی ئەو دوو دەنگ دەدەیت، جا ئیستیمارەكان تەنزیم دەكرێن لەسەر شێوەی قائیمەی موغلەقە، كەواتە لێرە (عن طریق الاقتراع على اساس القائمة المغلقة)، وابزانم ئەمە قانونییە، بەڵێ ئەمە صیاغەیە بەو شێوەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

هەردوو لیژنە صیاغەكەتان بدەن بەزووترین كات تكایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە سەیدا فرسەت ئەوی یەكە صیاغەكی تر دەڵێت (یعتمد نظام القائمة المغلقة لانتخابات مجالس المحافظات والاقضیة والنواحي).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئەو صیغەیە جارێكی تر بخوێنەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

صیغەی ئەخیر بۆ ماددەی حەوتەم كە دەخرێتە دەنگدان (یعتمد نظام القائمة المغلقة لانتخابات مجالس المحافظات والاقضیة والنواحي)، چونكە تەمسیلی نیسبی لە ماددەیەكی تر هاتووە لە ماددەی نۆ لە فەقەرەی یەكەم لەوێ هاتووە، لێرە ئەمەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو نەصەی ئەخیرە كە خوێندرایەوە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، تكایە ماددەیەكی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

یەكەم: دەبێت ژمارەی پاڵێوراوانی لیستێك لە سێ كەمتر نەبێت و لە ژمارەی كورسیەكانی كە بۆ بازنەی هەڵبژاردنەكان تەرخانكراوە زیاتر نەبێت.

دووەم: ڕێـژەی 30٪ بـەلانی کـەم بـۆ ئافرەتـان لـە ئەنجومەنـەکان تـەرخان دەکـرێ و ئـەم ڕێژەیـەش ئـەو کورسیانە دەگرێتـەوە کە هەر لیستێکی سەرکەوتوو بە دەستی هێنا بێت، هەروەها لە کاتی پێکهێنانیشی لە کاتی خۆپالاوتندا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (8):

أولاً: يجب ان لايقـل عـدد المرشـحين في القائمـة عـن ثلاثـة و لا يزيـد علـى عـدد المقاعـد المخصصـة للـدائرة الانتخابية .

ثانياً: تخصص نسبة 30٪ على الاقل للنساء في المجالس، وتسري هذه النسبة على المقاعـد الـتي حصـلت عليها كل القوائم الفائزة وعلى تشكيلها عند الترشح.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەنیا لە ناحیـەی صیاغی دووەم وەکـو قـانونی مەجالیسـی موحافـەزات و نزیکـی پەرلـەمان بێـت، لـە ناحیەی صیاغییە، ئەوە وا ڕێك بخەین (ثانیاً: تـنظم قـوائم المرشـحين بالشـكل الـذي يضـمن نسـبة مشـاركة للنساء لاتقل عن 30٪ من الاعضاء)، بەو شێوەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن دەستیان بـەرز بکـەن تـاکو ناویـان بنووسـین تکایـە، نوقتـەی نیزامـی فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باری یەك حوشتر ئێمە پرۆژە یاسامان لەسەر مـاوە، هەمووشـی چـەند ڕۆژێـك مـاوەی کـارکردنی پەرلـەمان ماوە، بۆیە ئێمە ئەو پرۆژە یاسایە ئەگەر هەر ماددەیـەك ئـەو هـەموو خەڵکـە قسـەی لەسـەر بکـاتن و بـەو

**شێوەیە بڕوات، رەنگە هەر لەو ماوەیە هەر ئەو پرۆژە یاسایە تەواو بکرێت، بەڕاستی یەعنی ئێوە رێکی بخەن و ئێمە هەموو لایەکمان موراعات بکەین و تاکو ئیشەکان بڕوات بە ئاسانی، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ئەگەر ئێمە ئەم یاسایە ئەمڕۆ تەواو دەکەین، ئەگەر تا دەی شەویش بێت دەبێت تەواوی بکەین، ئینجا کەیفی خۆتانە، ئەوە حەقیقەتە، دەبێت تەواو بێت، مام رەشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینیەك دەکرێت لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ گفتوگۆیان لەسەر کردووە، دیراسەتیان لەسەر کردووە، کەچی لێرە بە پێچەوانەی ئەو شتی تازە دێتە کایە، ناکرێت پاش ئەو هەموو گفتوگۆیەو ئەو هەموو راوبۆچوونەی کۆبوونەوە، کەچی لیژنە لەناو هۆلی پەرلەمان گۆڕانکاری دروست دەبێت لەسەر پرۆژەکە.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس راستە، تکایە لە ئەندامانی لیژنە ئەوانەی لەسەر مەنصەن رەئی شەخصی خۆیان نەدەن، رەئی لیژنە بدەن، ئەو بەڕێزەی کە رەئی شەخصی خۆی دەدات دەبێت لەناو ئەندامانی پەرلەمان دابنیشێت، زۆر سوپاس، ئێستا کاك شێخ جەعفەر فەرموو.**

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پرسیارێکم هەیە، لەماددەی حەوت بڕگەی یەکەم دەڵێت دەبێت ژمارەی پاڵێوراوانی لیستێك لە سێ کەس کەمتر نەبێت بۆ موحافەزەو بۆ قەزا باشە، بەس بۆ ناحیە پێنج کەس چۆن لیستێکی سێ کەسی تەقدیم دەکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس، کاك رەشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیار دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، ماددەکە زۆر بە دەقیقی هاتووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس، دکتۆرە رۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر خاڵی دووەمی ئەو ماددەیە هەیە، بەو شێوەیە داڕشتنە تەرخان کردنی ئەو ڕێژەیە مسۆگەر ناکات کەوا ئافرەت ئەو ڕێژەیە مسۆگەر بکات لەنێو ئەنجومەنەکان، ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، بۆیە ئەوەی کاک خەلیل پێشنیاری کرد دووبارە دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەك کەوا زەمانەتی ئەوەی بکات، مسۆگەر بکات، کە ئەو ڕێژەی دەنگمان بۆدایە لێرەش مسۆگەر بکەین کە ئافرەت نەك تەنها لە لیستەکان لە کاتی قائیمەکان تەنزیم دەکرێت، نەخێر لە دوایێش ئەنجامی نەتیجەی هەڵبژاردنەکە ئەو ڕێژەیەی بە دەست بێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی کە هاتووە هەردوو حاڵەتەکەی لەبەرچاو گرتووە، لە حاڵەتی (عند الترشح)، لە حاڵەتی (القوائم الفائزة)، بەڵام من یەك تۆز لێرە صیغە قانونیەکەی دەڵێت نابێت بڵێت (تخصص بنسبة 30٪ على الاقل)، دەبێت بوترێت (تخصص نسبة لاتقل عن30٪ للنساء في المجالس، وتسري هذه النسبة على المقاعد التي حصلت عليها كل القوئم الفائزة وعلى تشكيلها عند الترشح)، یەعنی لەکاتی تەرشیح کردنەکە دەبێت لە 30٪یەکەی تیا بێت، کاتێکیش کە دەرچوو قائیمە فائیزەکە دەبێت لە 30٪ی ژنان دابنێت، بەس ئەگەر ئەوە چاك بکرێت (تخصص نسبة لاتقل عن30٪)، نەك بۆ ئەوەی وەکو خۆی هەیە، ئەوە هێنترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو صیاغەی کاك خەلیل خوێندیەوە، پێموایە ئەو صیاغە ڕاست و دروستترە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە قانونی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەهەمان صیاغە هاتۆتە خوارێ و دەنگیشمان بۆداوە، ناکرێت ئێستا صیاغەکەی ئێمە بگۆڕین و تەناقوزی پێ بکەین لەگەڵ ئەو یاسایەی کە خۆمان پەسندمان کردووە، بۆیە زەمانی ئەو نیسبەتە دەبێت لە قەوائیم بێت، نەوەك لە مەجلیس هەروەکو لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر (ثانیاً: تخصص نسبة لایقل 30٪) (علی الاقل) نەمێنێتن باشترە، چونكە (علی الاقل) وا دیار دەكات ڕێژەی لە 30٪ كەمتر بێتن، بەس (لایقل عن 30٪) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عەونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم هەردوو بڕگەكە لە ماددەكە یەك بخرێت بەو شێوەیەی خوارەوە، بەتایبەتی بڕگەی دووەم صیاغەكەی بگۆڕدرێت:( المادة (8): یجب ان لایقل عدد المرشحین في القائمة عن ثلاثة ولا یزید علی عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابیة ویكون تنظیم قوائم المرشحین بالشكل الذي یضمن نسبة تمثیل للنساء لاتقل عن 30٪ من عدد أعضائه)، ئەوە موتابق دەبێت لەگەڵ ماددەی چوار لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكان كە پەرلەمانی كوردستان بە یاسای ژمارە (3) لە ڕۆژی 2009/4/20 پەسەندی كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك شێخەڵلا فەرمووو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی پێشنیارەكەی كاك عەونی دەكەم و پشتگیری لە ڕەئیەكەی دەكەم لەسەر ئەوەی كە دائیرەی ئینتیخابی دەبینین پێنج كورسی هەیە، ئەوە لەوێ نیسبەتی ئافرەتان لەوێ چۆن جێ بەجێ دەكرێت، ئەوە پرسیارە لە لیژنەی یاسایی دەكەم، پێنج كەس بێت، چونكە دەڵێ لە 30٪ بەلای كەمیش تێدا نەمێنێت (علی الاقل)، تەسبیت بكرێت لە 30٪ ئیزافی بكرێت (علی الاقل)یش نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، ئەگەر بە ئیجازەتان كاك فرسەت موداخەلەیەكی هەیە، كەرەم بكە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕەئی کاك شێروانم، نەصێکمان هەیە لە قانونی موحافەزات ئیقرار کراوەو تەصویتمان لەسەر داوە، نابێت ئێمە نەفسی مەوزوع بێین بیخەینە نیقاش و تەصویتێکی تر لەسەری بکەین، نەصەکە دابەزینین لێرە ئیعتیادی تەصویتێك لەسەری بکەین و پێویستی بەو نیقاشە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە من ویستم بیڵێم و دەیڵێم کاك فرسەت تەئکیدی لەسەر کردەوەو سۆزان خانیش باسی لەسەر کرد، بە تەئکید ئەوەی کاك شێروان باسی کرد ئێمە لە یاسایەکی پێشووتر خۆمان دەنگمان لەسەر داوە، نابێت لە یاسای هەڵبژاردنەکان بەپێچەوانە دەنگی لەسەر بدەین، بەنیسبەت (علی الاقل)یش لە فەقەرەی دووەمدا کاك عەونی باسێکی تەوزیحی لەسەر کرد، منیش تەئیدی ئەوە دەکەم حەقێکی لە 30٪ نیسبەی ژنان دادەنرێت، ئەو نیسبەتە نیسبەتێکە، بوو بە حەقێکی موکتەسەبی، ئیتر پێویست بەوە ناکات بڵێین (علی الاقل) کەمتر بێت، یان زیاتر بێت، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو (علی الاقل)ەی تێدا نەمێنێت، ئەو صیاغەیەی کە کاك عەونی باسی لەسەر کرد صیاغەیەکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، بڕگەی سێیەم/ لەنێو سێ کەسی یەکەم و هەتا دوایی ناوی یەکەم ئافرەت بێت، بەوەی زەمانەتەکە دروست دەبێت، ئەگەر ئێمە بە قانون لێرە دابڕێژین (لەنێو سێ کەسی یەکەم و هەتا دوایی ناوی یەکەم ئافرەت بێت)، ئەوە زەمانەتی لە 30٪یەکە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵی باس دەکەم هەردووکیان باس کراون، یەکێکیان ئەوەیە ئەو (علی الاقل)ە وەکو کاك عومەر باسی کرد نایەوێت، دووەمین/ تکا دەکەم تەنزیمێك بکرێت بۆ ئەو هەموو موداخەلاتە، چونکە قانونەکە ناڕوات بەو شێوەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رجائەن ئێمە ئیدارەی جەلسەکە دەکەین، ئەو بەڕێزانەی ناویان دەنووسرێت حەقیان هەیە موداخەلە بکەن، زۆر سوپاس، تەعلیقت لەسەر ماددەکە بۆ چاك كردنی، بۆ لابردنی، بۆ دەمجی، بۆ یەکی تر بەسەرچاوم، بەلاَم ئیدارەی جەلسە لێرە دەکرێت، زۆر سوپاس، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی دووەمە لە ماددەی هەشت، کە لێرە بوویە حەفت، دەڵێت هەر قائیمەیەك دەبێت نیسبەتی 30٪ لە ئافرەتان دابین بکات، ئایا ئەگەر قائیمەیەك یەك نەفەری هینا، ئایا چۆن دەتوانێتن ئەوە بکات؟ چۆن دەتوانێتن تەئمین بکاتن؟ ئەوە یەك.

دووەم/ دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی یەکەم، کە دەڵێتن پێویستە لە 30٪ بەنیسبەت ئافرەت دابین بکرێتن، ئەوە مومکینە بەنیسبەت موحافەزە، بەنیسبەت قەزا، بەلاَم بەنیسبەت هەندەك لەناحیەکان مومکینە یەك ئافرەت خۆی تەرشیح نەکرد بێت، ئەی ئەوە چۆن دەبێت، تەعاروز ناکات لەگەڵ ئەو قانونەی، ئەوە چۆن حەل دەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (ثانیاً) دەڵێت (ثانیاً: تخصص نسبة 30٪ على الاقل للنساء في المجالس، وتسري هذه النسبة على المقاعد التي حصلت عليها كل القوئم الفائزة) ئەوە (کل)ەکە زێدەیە بەڕاستی.

دوو/ (وعلى تشكيلها عند الترشيح) ئەوەش هەر زێدەیە، لە پێشاندا باس کراوە، ئەوە بۆچیە؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، من قسەم کرد سوپاست دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن رەئیتان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ موشکیلەمان نییە، یەعنی خیلافێکی جەوهەریش نییە لە مەوزوعەکە، تەنیاو تەنیا ئەمەیە ئێمە باسی قانونی موحافەزات دەکەین لە سێ ماددە بە صیاغەیەك دەنگمان داوە، ئەمەش ناوی قانونی ئێمە (قانون انتخاب)ە، ئینتیخاب باسی ئەوەیە چۆن تەشکیلی قەوائیم دەکرێت و هی دەنگدان ئەوەیە؟ ئەمە باشترە ئەو صیاغەی لە ماددەی چوار و ماددەی هەشت

له ماددەی پازدە لە قانونی موحافەزات ئەوەی دەنگمان بۆداوە بەو شێوەیە بوو، باسی (كيفية تنظيم القائمة)یە، لێرە مسۆگەر دەكەین ئەم نیسبەیە دەڵێین ئەوە بۆ ئەحزابە، بۆ تەنزیمی قائیمە دەكات، بۆ موفەوەزیەش وەكو قائیمە وەربگرن و قەبولی بكەین، دەڵێین (ثانياً: تنظم قوائم المرشحين بالشكل الذي يضمن نسبة مشاركة للنساء لاتقل عن 30٪ من الاعضاء)، ئینجا ئەمە چ ئەعزای ناحیە بێت، مەجلیسی ناحیە بێت، یان قەزا بێت، یان پارێزگا بێت، ئەوە قائیمەی موغلەقە، یەعنی كیانات بۆ خۆی تەنزیم دەكات، نیسبەی ئافرەتیش تێدا مەزمون دەبێت، وابزانم ئەمە رێكەو مەسەلەیەكی صیاغیەو زیاتر تەئكیدە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، فەرموو لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

روون كردنەوەیەكم هەیە، لیژنەی كاروباری ناوخۆ و لیژنەی كاروباری یاسایی لەناوخۆمان گفتوگۆی ئەو پرۆژەیەمان كردووە، هەروەها ئەوانەی صیاغەی ئەو یاسایەیان كردووەو تەجروبەی ئەوەیان كردووە، ئەو یاسایە بۆ موفەوەزیەی هەرێمیش ناردراوە، داواشمان لێ كرد كە بدەنە فەریقی دەولی مولاحەزاتی خۆیانمان بدەنێ، ئەوە یەك.

خاڵی دووەم/ كە دەگوترێت بۆ ناحیە چۆن دەبێت تەحقیقی لەوەی بكات بۆ سێ كەس كەمتر نەبێت، بەڕاستی لێرە جۆرێك لە تەوحید یەكخستنەوەی تێدایە، قائیمەكە تەنزیم دەكرێت بۆ هەمووان، چ لە پەرلەمان، لە موحافەزە، لە پارێزگاكان، لە ئەقزیە، لە نەواحی نابێت لە ژمارەی كورسیەكان زیاتر بێت و لە سێ كەس كەمتر بێت، بۆ هەمووان وەك جۆرێك لە تەوحیدی تێدایە، ئەوەی كە دەڵێت بڕگە دوو تەحقیقی هەدەفەكە ناكات، حەز دەكەم یەك خاڵ روون بكەمەوە بۆ بەو شێوەیە نووسراوە؟ بەو شێوەیە صیاغەمان كردووە كە لە 30٪ تەحقیق بكات، یەعنی زەمانی تێدا بێت، سێ فیكرەی تێدایە.

یەكەم/ (تخصص نسبة 30٪ على الاقل للنساء في المجالس) ئەوە تەخصیصی یەكەم.

دووەم/ دەڵێت (وتسري هذه النسبة على المقاعد التي حصلت عليها كل القوائم).

سێیەم/ (وعلى تشكيلها عند الترشح).

لەبەر ئەوەی مەترسی هەبوو لە هەندێك موحافەزات كە كراوە بەڕاستی تەحقیقی ئەو نیسبەیان نەكردووە كە لە یاساكەدا هاتووە، لێرە بەسێ ئەوەمان صیاغە كردووە، كە تەحقیقی نیسبەكە بكاتن.

ئەوەی سۆزان خان پێشنیاری كردو شیرین خانیش پشتگیری لێ كرد، ئەوە راستە، مانیعمان نییە وای لێ بێت (تخصص نسبة لاتقل عن 30٪)، ئەوەی دیكە كە دەڵێن قانونی موحافەزات بە نەوعێك صیاغەكە ئەوە ناكرێت، بەڕاستی لە كۆبوونەوەی پێشتریش هەندێك شتمان گۆڕی، بەتایبەتی لە شروتی ناخیب لەگەڵ ئەوەی یەك ناگرێتەوە.

برادەرێك باسی ئەوەی كرد كە تەوحید بكرێت، ئێمە پێمانوایە هەر یەكە بە بڕگەیەك بێت زۆر بە جوانتر و بە رێكوپێكتر هاتووە.

نازناز خان پرسیاری ئەوەی کرد کە یەکەم ناو ژن بێت و ئەو پرسیارەی لەگەڵ ئەوەی کاك عبدالرحمن دەڵێت ئەگەر یەکێك بردیەوە یەك مەقعەدی هەبوو، ئێستا ئەوەی نیزامی کۆتا بۆ برایانی تورکمان و برایانی کلدو ئاشوورو سریان دانراوە وا صیاغەیان کردووە، کە موفەوەزیە یەکەم ناو ناوی ژن بێتن، بەو جۆرە ئەوە بۆ موفەوەزیە دەمێنێتەوە، موفەوەزیە کە یەکەم ناو ناوی ژنی دانا بەڕاستی ئەگەر یەك مەقعەدیشی بەدەست بکەوێت، مەقعەدەکە بۆ ژنان دەڕوات و تەحقیقی هەدەفەکەی دەکات، چونکە ئێمە دەڵێین (لاتقل عن 30٪)، واتا ئەگەر زیاتریش بێت تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەم نوقتەیە زۆر حەساسە، لەبەر ئەوە دووبارە مەجال دەدەین ناو بنووسنەوە، بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێت، بەڵام سێ کەس دیفاعی لێ بکات، سێ کەسیش بە شکلێکی تر، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تەوزیحی بچووکم هەیە، راستکردنەوەیە بۆ قسەکانی برای بەڕێزم کاك سەردار، ئەویش ئەوەیە راستە هەر پرۆژەیەکی یاسایی بێتە پەرلەمان زۆر تەبیعییە لە لیژنەکان دەستکاری بکرێت، زۆر تەبیعییە هەر بڕگەیەکی لە پەرلەمان دەستکاری بکرێت تەصویت ئەکسەریەت لەگەڵ کێ بوو دەبێت پەسند بکرێت، بەڵام ئەم دوو یاسایە یەك تەواوکەری یەکترییە، ناکرێت ئێمە لە قانونی موحافەزات بە شکلێك تەصویت بکەین، لە قانونی ئینتیخابی موحافەزات بە شکلێکی تر تەصویت بکەین، بۆیە پێویستە ئێمە لێرە پابەندی ئەو پرۆسەیە بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك شێروان دەکەم، بەتایبەتی من پێشنیارێکم تەقدیم کرد، گوتم هەردوو بڕگە یەك بگرێتەوە تەئکیدی ئەوە دەکەین کە ماددەی چوار لە قانونی ئەنجومەنی پارێزگاکان هاتووەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەواو پێچەوانەی هەردوو برادەرم کاك عەونیش و کاك شێروانیش، لەبەر یەك هۆ، لەبەر ئەوەی ڕاستە ئێمە ئەمە میکانیزمی هەڵبژاردنەکانە، ئەمە لێرەدا باسی میکانیزم دەکەین، ئەو یاسای تەشکیلی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، ئەمە میکانیزمی هەڵبژاردنەکەیە، کە چۆن دەکرێت، لێرەیە باسی ئینتیخاباتەکە دەکرێت، کە تۆ چۆن مەجالیسەکەی پێ تەشکیل دەکەیت، من یەك داواکاریم هەیە، ئێمە ئەم حەقە حەقێکە داکۆکیمان لەسەر کردووە، بە مانای ئەوەی کە تۆ هێناوتە تەنها لە قەوائیمەکان داتنا زەمانی چیە لە دواییدا ئەو قەوائیمە مورەشەحە لە 30٪ی ژنەکان دابنێت، ئەگەر هاتو تۆ لێرەدا جێگیریت نەکرد بێت، من ئەو پرسیارە دەکەم چۆن زەمانەتی دەکەیت؟ ئێستا لە عێراق لەسەر مستەوای هەموو عێراق ژن لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لە 25٪ی هەیە، لە هەندێك شوێن لە 3٪ش نییە، حەز دەکەم بزانن، یەعنی لە 3٪یان داوەتێ، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوە حەقێکە موکتەسەبەو دیفاعیشی لێ دەکەین، ئێستا خۆی زۆر باشە بۆ دەستکاری دەکەن، ئەم موناقەشەی ناوێت، خۆی چۆنە ئێمە وا پێی رازین، تکایە دەستکاری مەکەن، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك هیوا فەرمووو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وا دەزانن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لە شێوازی پڕ کردنەوەی ئەو لیستە نییە، کە کۆمسیۆن بڕیاری لەسەر داوە، چونکە ئەگەر ئاگایان لێ بێت پێویست بەم خوازو خواستە ناکات، بەشێوەیەك دایانڕێشتووە ئەو مەترسیەی کە سۆزان خان و هەندێك لە خوشکان ئاماژەیان پێ کرد لە برایان وا نییە، بەم شێوە دایانڕێشتووە تەنها بۆ لیست لە یەکەمدا مەجالیان داوە پێی پیاو بێت، دووەم/ دەبێت ئافرەت بێت، سێیەم/ پیاو بێت، چوارەم/ ئافرەت بێت، یەعنی ئەگەر لیستێك دوو نەفەر بێنێت لە 50٪ی بەر ئافرەت دەکەوێت، ئەگەر سێ نەفەر بێت لە 33٪ی بەر ئافرەت دەکەوێت، ئەگەر چواری بێنێت لە 50٪ی بەر ئافرەت دەکەوێت ترسیان چیە، لە یەك کاتدا دەبێت مەجالی ئەوە بدەیت، خۆ تۆ مەجالی ئەوە نادەیت ئێجگار مرۆڤیش ئەوەندە پێ دانەگرێت، ئەگەر دوان بێت لە 50٪ی ئافرەتە، ئەگەر سێیان بێت لە 33٪ی ئافرەتە، ئەگەر چوار بێت لە 50٪ی ئافرەتە، ئیتر با ئێمە لەوە زیاتر هین نەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ئێستا ئەو صیاغەی تازە ئەوەی کە ئێوە گۆڕانکاری لەسەر بکرێت بیخوێننەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو صیاغەی دەکەین ئەوی لە مەجلیسی موحافەزات دەینین، ئەو عیبارە لەو مادده ئەوەی ماددەی چوارە، ماددەی هەشتە، ماددەی یازدەیە، عەینی ئەو عیبارەیە تەئکیدی زەمانی ئەم نیسبە دەکات، کە لە 30٪ مسۆگەر بکات، یەعنی هیچ ئەملاو ئەولای تێدا نەبێت، یەعنی عیبارەتەکە زیاتر تەئکید لەسەری و مونسەجیمە لەگەڵ ئەو ماددەیە، دوو پێشنیاری کاك عەونی کە ببێتە یەك مادده دەمجی هەردوو فەقەرە دەبێت، ئەو صیاغەیە بداتە ئێمە، یانیش ئەوەی ئێمە بکەینە (ثانیاً).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رجائەن تەخویل نییە، لێرە دەخوێندرێت و تەصویتی لەسەر دەدرێت، تەخویل ناکرێتن، ئێستا ماددەکە بخوێنن تەصویتی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە مادده بەو شێوەیە دەخوێنین:

(المادة (8):

أولاً: يجب ان لايقل عدد المرشحين في القائمة عن ثلاثة ولا يزيد على عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابية .

ثانياً: تنظم قوائم المرشحين بالشكل الذي يضمن نسبة مشاركة للنساء لاتقل عن 30٪ من الاعضاء).

بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):

رجائەن تەصویت لەسەری دەکەین بەم شێوەیەی کە لیژنەی یاسایی ئاخیر جار خوێندیانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: دابەشکردنی کورسیەکانی تەرخانکراو بۆبازنەکانی هەڵبـژاردن لە ڕێگەی نوێنەرایەتی ڕێژەییەوە دەبێت.

دووەم: کورسیەکان لەسەر پاڵێوراوەکان دا دابەش دەکرێ نەك لەسەر کیانە سیاسیەکان و نابێت هیچ کیانێك کورسی تەرخان کراو بۆ پاڵێوراوی سەرکەتوو بکێشێتەوە لەهەر کاتێکدا بێت.

سێیەم: دابەشکردنی کورسیەکان بۆ هەر لیستێك بەسەر پاڵێوراوەکان بە پێی زنجیرەی ناوەکانی کە تێیدا هاتووە دەبێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (9):

اولاً: يتم توزيع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابية من خلال نظام التمثيل النسبي.

ثانياً: يتم توزيع المقاعد على المرشحين وليس الكيانات السياسية و لا يجوز لأي من الكيانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص له وفي أي وقت كان.

ثالثاً: توزع المقاعد المخصصة لكل قائمة على المرشحين طبقا لترتيب الاسماء الواردة فيها .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بكەن تكایە دەستیان بەرز بكەن بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، فەرموو كاك بارزان كەرەم بكە.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناروونیەكی تێدایە دەڵێت (كورسیەكان لەسەر پاڵێوراوەكان دابەش دەكرێن، نەك لەسەر كیانە سیاسیەكان)، لەڕاستیدا لەسایەی نیزامی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، یان تەمسیلی نسبی، هەمیشە كورسی بەسەر قەوائیمدا دابەش دەكرێت، نەك بەسەر پاڵێوراوەكاندا، لیستەكە قائیمەی كیانە سیاسیەكە بەرپرسیارە لەپلە بەندی، یان ریزبەندی ناوەكان، ئەوەی كە دەكرێت تەنها لەو حاڵەتە كورسی بەسەر پاڵێوراوەكاندا دابەش دەكرێت، كە سیستەمی هەڵبژاردن سیستەمی نیزامی ئەغلەبیە بێت، زۆرینە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ماددەی دوو و سێ بكرێت بە یەك مادده، بەم شێوەیە بنووسرێتەوە (دابەشكردنی كورسیەكان بۆ هەر لیستێك بەسەر پاڵێوراوەكان بە پێی زنجیرەی ناوەكانی كە تێی دا هاتووە دەبێت، نابێت هیچ كیانێك كورسی تەرخان كراو بۆ پاڵێوراوی سەركەتوو بكێشێتەوە)، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، بەنووسراو بینێرە بۆ ئێرە تكایە، كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئیا من ئەو فەقەرە ئەویا زێدەیە، چونكە كە گوتمان قائیمە، یەعنی قائیمەی تەمسیل نسبی. یا دوێ/ ژی ئەو ماڤێت و نەڤێت ئەوە لەسەر كیاناتی سیاسی دێنە تەوزیع كرن، بەس هەر ئەو لیسە یا تازە نینە، جا ئەز بێژم (يتم توزيع المقاعد على مرشحى الكيانات السياسيه)، ئان ژی هەرسێك بكەینە یەك، هەرسێ فەقەرە ببنە یەك (يتم توزيع المقاعد على مرشحي الكيانات السياسية وفقاً لترتيب الاسماء الواردة في

القوائم ولا يجوز لأي من الكيانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص)، هەر سێك ببنە یەك، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەند خاڵی دووەم كاك بارزان گوتی، بەلاَم من پێم باشە هەر خاڵی دووەم كورسیەكان لەسەر پاڵێوراوەكان دابەش دەكرێت، بە رەئی من ئەوانەی تر زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە منیش هەمە هەر لەسەر بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە كاك بارزان بە تەوزیح باسیشی لەسەر كرد، بەلاَم ئەوە لە كۆتایی فەقەرەی دووەمدا (على ان تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص) مورەشەح لەویٚ مەقعەدی وەرنەگرتووە، كیاناتی سیاسیەكە مەقعەدی خۆی وەردەگرێت، لەبەر ئەوە من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كاك بارزان باسی كرد، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ماددەی نۆو ماددەی دە هەردووكی یەعنی ناروونیەك دەبینم، لەبەر ئەوەی لێرە دەڵێت بڕگەی یەك (یتم توزیع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابیة من خلال نظام التمثیل النسبي)، (التمثیل النسبي)، یەعنی دوو جۆر تەمسیل نسبی هەیە كامل و تقریبی، ئەگەر بەو موتلەقە بنووسین یەعنی بەڕاستی مەجالێك دەهێڵێتەوە بۆ ئەو كۆمسیۆنە، بۆ ئەو هەیئەتەیە كە ئیشراف دەكاتە سەر هەڵبژاردنەكان، ئەگەر تەمسیل نسبی كامل بێت، ئەوە عادەتەن دوو قائیمە دەبێت، قائیمەیەكی مەحەلی دەبێت، ئەوە لە ئاستی پەرلەمان و ئەوانەی كەوا قائیمەی لە ئاستی قەومی دەگرن، یەعنی دەنگە ماوەكان دەدرێتە قائیمە قەومیەكە، بۆیە لە بڕگەی دوو و سێیەمی ئەم ماددەیە دیسان باس لەوە دەكات، ئێمە لە ماددەی حەوت گوتمان قائیمەی موغلەق بێت، لە قائیمەی موغلەق عادەتەن ناوەكان بە تەرتیب دێت، یەعنی هەر كیانێك چەند دەنگ

وەردەگرێت، خۆی لە یەکەم ناودا ترشیح دەکات تاکو ئەخیری، بۆیە ماددەی نۆو ماددەی دە من یەك پێشنیارم هەیە، یەعنی یەك ماددە بنووسین ئەمە پێشنیارەکەمە بەم شێوەیە بێت (یكون نظام انتخاب المجالس وفقاً لنظام التمثيل النسبي التقريبي ويتم توزيع المقاعد على القوائم بطريقة معدل اقوى الاصوات)، یەعنی ئەم پێشنیارە رزگارمان دەکات لەو دوو ماددەیەش زۆر وردە، دواتر چۆن دەنگ دابەش دەکرێت؟ ئێمە بۆمان نووسیووە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن خۆی هەڵدەستێت بە دابەش کردنی دەنگەکان، ئێمە رێگاکەمان بۆ نیشان کردووە، بۆیە ئەو پێشنیارەم هەیە، دەتوانین وەکو ماددە نەنووسین، تەنیا ئەو پێشنیارە کافیە بۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (ثانياً: يتم توزيع المقاعد على المرشحين الفائزين) بە رەئی من زیاد بکرێت، بۆ پالێوراوە سەرکەوتووەکان، بۆ ئەوەی دیار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، مەریەم خان فەرموو.

**بەڕێز مريم حسن ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یا منیش ئەو مولاحەزەی یا دوێ (يتم توزيع المقاعد على المرشحين والكيانات السياسية) پاشان گوتی (ولا يجوز لأي من الكيانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص له) هەتا ئێرە بەسە، بەس ئێدی (وفي أي وقت كان) جێ نابێت لە زمانی قانونی، چونکە (لايجوز) ئەو دیار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (ثانياً) کە قسەی زۆری لەسەر کرا، چ بڵێین مورەشەح، چ بڵێی قائیمە، چ بڵێی کیانی سیاسی هەرسێکی یەك شتە، چونکە لێرە ئەو ماددەیە ماددەیەکە تەفسیری قائیمەی موغلەق دەکات، وەکو لە سێیەمدا دیارە،

دەڵێت (توزع المقاعد المخصصة) ئەوە تەعریفی قائیمە موغلەقە (توزع المقاعد المخصصة لكل قائمة على المرشحين طبقا لترتيب الاسماء الواردة فيها)، تەواو لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە سێ خاڵی سەرەكی تێدایە، یەكەمیان/ ئێمە لێرە دەبێت باس بكەین سیستەمی هەڵبژاردن چ جۆرێكە، تەمسیلی نسبییە، ئێمە راستە لەولایە گوتمان قائیمەی موغلەق، لەوێش كە وامان بەجێهێشت بەو مەرجەی بەجێمانهێشت كە لە ماددەی نۆ لە بڕگەی یەك باسی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی كرا.

دوو/ فیكرەكەی تر لە ماددەی دوو و سێ هاتووە، مەبەست لێرە ئەوەیە، كە حزب، یاخود ئەو كیان سیاسییە دەسەڵاتی كولی لەسەر ئەو پاڵێوراوە، یاخود ئەو فائیزە نەبێت، ئەوە دائیمەن ئەو فائیزە مورتەهیم بێت بە ئیرادەی ئەوە هەر كاتێك هەبێت بۆی بگۆڕێت، تەنها ئەوەكەی تەرتیبی دەنگەكان ئەو حزبە دایدەنێ، ئیدی تەواو كورسیەكان كە دابەش دەبێت بەپێی ئەو تەرتیبە دادەنرێت، ئەوەی كاك عادل باسی كرد، بەڕاستی ئەوەكەی مەفهومە كە تەمسیلی نسبی تەقریبییە، كامل نییە، لەبەر ئەوەی كامل بۆ پەرلەمان بەكار دێت، كە وڵاتەكە هەموو یەك دائیرە بێت، خۆی زیمنیەن باسی كراوە كە تەقریبییە، لێرە چەند ماددەیەك ئاماژەی پێ دەكات، یەكەم/ لە ماددەی حەوتەم دەڵێت (نظام القائمة المغلقة)، دوو/ لێرە كە دەڵێن (تمثيل النسبي)، سێ/ لە ماددەی دە لە بڕگەی سێ كە دەڵێت (توزع المقاعد المتبقية باعتماد باقي الاقوى)، لە ماددەی سێزدە لە بڕگەی دوو (يكون كل قضاء وناحية وفقا للحدود الإدارية الرسمية دائرة انتخابية واحدة)، لێرە زیمنیەن باس كراوە كە شێوازەكە شێوازی تەقریبییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، فەرموو كاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەس برای بەڕێزم كاك فرسەت مولاحەزەیەكی دەقیقیدا (توزع المقاعد المخصصة) ئەو نە موخەصەصەیە، تەخصیص نەكراوە فەوزی بە دەستی خۆی هێناوە، تۆزێك ئەو كەلیمەیە عیبارەتەكە دەگۆڕین سێیەم (ثالثاً/ توزع المقاعد المخصصة)، دەڵێین (توزع المقاعد التي تفوز بها القائمة على المرشحين طبقاً لترتيب الاسماء الواردة فيها)، موخەصەصە نییە، چونكە موخەصەصە پێشتر تەخصیص كرا بوو (فاز بالمقاعد) نە موخەصەصە لە، (فاز بها)، ئەوەی بڕگەی دوو مەبەستمان ئەوەیە جا نازانم صیاغەی دەوێت یەعنی مەبەستمان ئەوەیە تەسەلسولی مورەشەحین، یەعنی ئەو ریعایەتە دەكرێت،

نەك یان لە قائیمەكی سیاسی بۆ خۆیان دانێن حەسب تەسەلسول، ئەوە لـە فـەرزی ئەصوات لـە ئەنزیمـەی موفەوەزیە دیاری كراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان، ئەوەی دوو، پێدەچێت زیادە، چونكە لە سێیەم (تـوزع المقاعـد الـتي تفـوز بهـا القائمـة الفـائزة كـل القائمة على المرشحين طبقاً لترتيب الاسماء الـواردة فيهـا) بـە تەسەلسـول دانـراوە، ئـیتر حـەقی نامێنێـت لـە جێگایەكی تر بڵێت حەقی هەیە لێرە، تكایە لیژنـەی یاسـایی و نـاوخۆ ئـاخیر صـیاغەتان دیـاری بكـەن، بـۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستە ئێمە دەتوانین ئیستیغنا بكەین لە بڕگەی دووەم، تـەنیا ئەوەیـە ئـەوە زیـادە كۆ بێـژن نابێـت (كیـان تسحب من المرشـح الفـائز مقعـدە) یـەعنی ئەوەیـە، راسـتە ئەگـەر حەزفیشـی بكـەین هـیچ ئیشكال دروسـت نـابێت.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمـە وەكـو لیژنـەی نـاوخۆ لەگـەڵ دەقـی بڕگـەی دووەمەكەینـە، لێـرە دوو شـتی تێدایـە كیانێـك كـە لـە هەڵبــژاردن دەباتــەوە، مەجموعەیــەك، راســتە مەقعــەد دەیباتــەوە، بــەڵام دابــەش كردنەكــەی لەســەر مورەشەحین دەبێت، لێرە لە فیكرەی دووەمی نەفسی بڕگە دەڵێت (ولا يجوز لأي من الكيانات إن تسحب مـن المرشح الفائز المقعد المخصص له وفي أي وقت كان)، یەعنی بڕگەی یەكەم تەئكید كردنە بۆ هـی دووەم، بۆیـە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی تكایە ئاخیر صیاغەتان بە ئیتیفاقی هەردوولاتان دروستی بكـەن و بمانـدەنێ، چـونكە كـەس موخالیف نییە، بەس لەسەر صیاغەكەیە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رەئی ئێمە وەكو لیژنە لێرە كاك سەردار رەئی ئەوە نییە، ئێمە دەتوانین ئـەوەی جـەنابت تـەرحت كـرد ئیستیغنای لێ بكەین تەنیا فەقەرەی ئـەخیر (ولا يجوز لأي مـن الكيانـات) ئـەو ئیزافـە ببێـت بـۆ فەقـەرەی سێیەم كە دەبێتـە دووەم، ئـەو موخەصەصـەیەش وەكـو پێشـتر گوتمـان دەگوترێـت دەڵـێین (الـتى تفـوز بهـا القائمە) بەو شێوەیە دەبێت مانایەكەشی ڕێك دەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە بە نووسین هەردوولاتان بینووسن و موتەفیق بن لەسەری بیخوێننەوە بە وازیحی.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە لەسەر ئەو صیاغەیە موتەفیقین، (المادة التاسعة:

اولاً: یتم توزیع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابیة من خلال نظام التمثیل النسبي.

ثانیاً: توزع المقاعد التي تفوز بها القائمة على المرشحین طبقا لترتیب الاسماء الواردة فیها ولا یجوز لأي من الکیانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص له وفي أي وقت کان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، وەکو ئاخیر جار کە خوێندرایەوە هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ لەسەری موتەفیقن، ئەگەر جارێکی تر بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کۆتایی پێ بێنین.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

اولاً: یتم توزیع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابیة من خلال نظام التمثیل النسبي.

ثانیاً: توزع المقاعد التي تفوز بها القائمة على المرشحین طبقا لترتیب الاسماء الواردة فیها ولا یجوز لأي من الکیانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص له وفي أي وقت کان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستا بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

یەکەم: ژمارە دەنگە راستەکان لە بازنەی هەڵبژاردن دابەش دەکرێن بەسەر کورسیەکانی کە تەرخانکراون بۆ ئەو بازنەیە بۆ چنگ کەوتنی دابەشکاری هەڵبژاردن.

دووەم: دەنگە راستەکانی کە لیستەکە لە بازنەی هەڵبژاردن چنگی کەوتوون کۆ دەکرێنەوەو دابەشی دابەشکاری هەڵبژاردن دەکرێت بۆ دەست نیشان کردنی ژمارەی کورسیەکانی کە بۆ ئەو لیستە تەرخانکراوە.

سێیەم: ئەو کورسیانەی دەمێننەوە بەپێی مایەوەی بەهێز دابەش دەکرێن بەڕێژەی ئەو کورسیانەی کە چنگی کەوتوون.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (10):

اولاً: تقسم عدد الاصوات الصحيحة في الدائرة الانتخابية على عدد المقاعد المخصصة لتلك الدائرة للحصول على القاسم الانتخابي .

ثانياً: تجمع الأصوات الصحيحة التي حصلت عليها القائمة في الدائرة الانتخابية وتقسم على القاسم الانتخابي لتحديد عدد المقاعد المخصصة لتلك القائمة.

ثالثاً: توزع المقاعد المتبقية باعتماد الباقي الاقوى بالنسب للمقاعد التي حصل عليها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەوانەی کە دەیانەوێت قسەی بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناویان بنووسین، فەرموو لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە یەك هەڵەی مەتبەعی هاتووە لە سێیەم (توزع المقاعد المتبقية باعتماد الباقي الاقوى بالنسبة للمقاعد التي حصل عليها)، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئێستا دوو کەس داوای قسە کردنی کردووە، کاك ئیحسان و شێخ جەعفەر، کەسی تر هەیە قسەی بکە، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت منیش پرسیارا هەی لەسەر بڕگەی سێیەم لە ماددەی دە (باعتماد الباقی الاقوی) ئەوە فەقەرەیەك، وابزانم جارێکی تر لە ئینتیخابات کێشە هەبووە لەسەر باقی ئەقوا، کۆمەڵێك گفتوگۆش لەسەر کرا، بە تەسەوری من ئەو قەوائیمەی کە فائیزن، ئەگەر ئەو مەقعەدی ماون لەسەر ئەوان بەپێی ڕێژەی دەنگەکانیان دابەش بکرێن، لەوانەیە باشتر ببێت، چونکە ئەو کاتە نیسبەی دەنگەکان بەشێوەی عادیلانە، چونکە لەوانەیە باقی ئەقوایەکە بەشی ئەو دەیە نەبێتن، تۆ مەقعەدێك بە سی هەزار دەنگ دەهێنیت باقی ئەقوایەکەی دەیە، ئەوانەی سێ هەزار دەنگیان هەیە بۆ سێ مەقعەد سێ دەیی هەیە سی

هەزاری زیادی هەیە، ئەو کاتە ئەوی دیکە مەقعەدی دیکە بە دە هەزار دێتن ئەوانی تر سی ئیحتیاتی هەیە بۆ ئەوانە ناچێتن، بە تەسەوری من ئەگەر هەر بەو شێوەیە بێتن (باعتماد على القوائم الفائزة او توزع المتبقية على القوائم الفائزة حسب نسبة الاصوات التي حصلت عليها).

دووەم/ ئەو فەقەرەیە حەقە (بالنسبة للاصوات التي حصلت عليها) جارێ مەعقەدی (حصلت عليها) تێدا نییە، تەوزیع دەکەیت، کێ تەوزیع دەکەیت؟ بۆ کوێیە؟ مەسەلەکە وازیح نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی یەك هەیە هی ماددەکە دەڵێت (ژمارە دەنگە راستەکان لە بازنەی هەڵبژاردن دابەش دەکرێن بەسەر کورسیەکان) خۆی دەبێت بنووسرێت (دابەش دەکرێت بەسەر لیستەکان)، چونکە هەڵبژاردنەکان داخراون، داخراوەکە لیستە، لیستەکەش کە خۆی ئەو کەسەی خاوەن لیستەکە چۆن کورسی بەدەست دەهێنێت یەك و دوو و سێ داناوە بەپێی ناوەکان خۆی دەدات، چونکە لە بڕگەی دووەمدا باسی لیست دەکات، بۆ لە بڕگەی یەکەم دابەش بکرێت بەسەر کورسیەکاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی و ناوخۆ وەکو لیژنە رەئیتان بدەن.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەو موشکیلەی باقی ئەقوا بەڕاستی یەك لە موشکیلەکانە لە مەفهومی عەدالەت زۆرجار پێشێل دەکات، یەکێك لەو موشکیلانەی کە ئێستا لە قائیمەی ناونراوە داخراو لە خواروو ترە ئەم مەوزوعە بوو، کە دابەش کردنی ئەو کورسیانەی کە ماونەتەوە بەسەر قەوائیمی بڕاوە، تەبعەن 30٪ی کورسیەکان کە ئێستا بۆ ئەو قائیمەن نەڕۆیشتووە لە دەنگی ئەو لیستانەیە کە دەنگیان نەهێنا بوو، ئەمە بۆ خۆی مەفهومێکی ناعەدالەتی دروست کردووە، بەڕاستی کاکە ئەوە رێژە هەیە، ئەوە رێژەی تەواو هەیە، لیستی تەواو هەیە، 30٪ی کورسیەکان ئێستاکەش.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

مەفهوم بوو تەواو، تکایە لیژنەی ناوخۆ رەئیتان وەکو لیژنە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز دەكەم ئەو ماددەیە ئەگەر ئیجازەم بدەی روونی بكەینەوە، لە بڕگەی یەك باسی ئەوەی دەكرێت كە قاسمی ئینتیخابی چۆن دەردەكرێت، قاسمی ئینتیخابی ئەو دەنگانەی صەحیح ئەوانەی دەنگیانداوە، نەك رێژەی ئەوانەی مافی دەنگیان هەیە دابەش دەكرێتە سەر ژمارەی كورسیەكانی ئەو دائیرەیە، یەعنی ئەگەر سەد بێت ئەو ژمارەی دەنگەكان دابەش سەد دەكرێت قاسمی ئینتیخابی دەردێت، قاسمی ئینتیخابی چیە؟ ئەو رێژەی دەنگانەیە كە پێویستی پێیە بەدەستی بێنێت، تاكو مەقعەدێك ببەیتەوە، ئەوە یەك.

خاڵی دووەم/ باسی ئەوە دەكات هەر لیستێك چەند كورسی بە بەردەكەوێت؟ بەپێی ئەو دەنگانەی دابەشی قاسمی ئینتیخابیەكەی دەكەیت ژمارەی كورسیەكان دەردەچێت.

حاڵەتی سێیەم/ لەوانەیە خیلافمان لە حاڵەتی سێیەم هەبێت، كە كاك ئیحسان باس دەكات دەڵێت هێشتا نەبرایە، ئێمە لێرە باسی باقی ئەقوا دەكەین، یەعنی واتا دابەش كرایە، كورسیەكان هەمووی دابەش كرایە، پاش دابەش كردن باقی یەك دەمێنێتەوە، هەندێك كورسی دەمێنێتەوە، ئەو كورسیە چۆن دابەش دەكرێت؟ بە ئیعتیمادی باقی ئەقوا، لێرە دوو فیكرەیە، یەك/ ئەگەر بڵێین (بالنسبة للمقاعد التي حصلت عليها) واتا باقی ئەقوا بۆ لیستە براوەكان، ئەگەر بەس بڵێین (توزع المقاعد المتبقية باعتماد الباقي الاقوى) بۆ هەمووانە، بڕیاریش بۆ ئێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو كاك سەردار شەرحی كرد، یەعنی دوای تەوزیعی مەقاعید لەسەر ئەصوات نیسبەكە هەندێك مەقاعید دەبێت پێی دەڵێن (المقاعد الشاغرة) ئەوە شغورە، بۆ ئەوە كەسی قاسمی ئینتیخابی نییە باقی مایە، (اكثر البواقي) ئان بێژی (الباقي الاقوى) ئەمە دەدەینە ئەوی ئەوەی مەقعەدی شاغیر مایە دەدەینە باقی ئەقوا تەنیاو تەنیا ئیشكال لەمەیە ئایا ئەم باقی ئەقوایە بەس بۆ كیانات فائیز دەبێت، ئەمە زۆر خەتەرە، چونكە موشكیلە لەوە روویدا لە عێراق، ئێمە بڵێین (للكيانات المشاركة)، ئێمە لە لیژنەی قانونی مەبەستمان ئەوەیە بڵێین (توزع المقاعد الشاغرة على باقي الاقوى للكيانات المشاركة)، چی فەوز ببێت، ئان نەببێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان تكایە.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو قسەو سەرنجانەی سەیدا دەکەم، یەعنی بەپێی تێگەیشتنی خۆشمان هەتا لە ئینتیخاباتی پەرلەمانیش بەو شێوەیە، بەڕاستی ئەوە یەعنی ئەو دەنگانەی کە دەمێنێننەوە ئەوە ئەگەر تەنها بۆ ئەوانە بێت کە کورسییان هێناوە، ئیمکانە جۆرە زوڵم و غەدرێك بێت لەو کیاناتانەی با بڵێین نەگەیشتوونەتە، یەعنی ناگەنە ئیتر مەجالیسی موحافەزات، هەتا ئەوە بۆ پەرلەماناتیش وایە، لە تەجروبەی پەرلەمانی خۆشمان هەر وا بووە، ئەو دەنگانەی کە دەمێنێنەوە بۆ ئەو کیاناتانە دەبن کە لە سەرەوەی، یەعنی نەگەیشتینە، دەنگی پێویستیان نەهێنایە بۆ مەقعەد، فیعلەن گەیشتبێتە چ براوە بێت، یان براوەش نەبێت، بۆیە من سەد لە سەد تەئیدی ئەوەی سەیدا دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەوزیحاتەی هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ کردیان بەڕاستی بۆ ئەو بڕگەیە، بە تەسەوری من وا دەرناچێت، شێوازی دابەش کردنی کورسیەکان بە دوو شێواز دەکرێت، مەعەدەلی ئەقوا هەیە، باقی ئەقوا هەیە، لەکاتی پەیڕەو کردنی مەعەدەلی ئەقوا تەوزیعاتەکان بەشێوەیەکی تر بەڕاستی، نە بۆ هەردوو براوە دەبێت، نە بۆ ئەوەش کەمترە، باقی ئەقوا ئەحزابی بچووك ئەو کیاناتە سیاسیە بچووکانەی کە مەعەدەلی وطنیان نەهێناوە، دەتوانن موشارەکە بکەنەوە زۆرترین ڕێژە کە بۆ کامیان بێت ئەوەش دەچێت بەشداری دەکات لە ئەنجومەنەکە، بەڵام لە مەعەدەلی ئەقوا ئەو کورسیانە تەوزیع دەبن بەسەر براوەکاندا، براوە زۆرەکاندا زۆر جاریش وا دەرناچێت، ئێستا مەجال نییە مەسەلەن روونی بکەمەوە، مەسەلەن بۆ نموونە لە هەولێردا دوو سەد دەنگدەر دەنگ دەدات قیسمەی وەتەنی چل هەزار کەسە پێنج کورسیمان دەوێت، لە باقی ئەقوا مەسەلەن بەم تەوزیعاتە نازانم چۆنی روون بکەمەوە چوار قائیمەی موتەنافیس هەن قائیمەی ئەلف.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك بارزان ئەوە نیزامی نییە، ئەوە شەرحە، تکایە ئیلتیزام بە ئوسولی جەلسە بکەن، ئەگەر نیزامیت هەیە، نیزامیەکە بڵێ، ئەگەر شەرحە دەورت تەواو، چونکە ناوت نەنووسی بوو تکایە، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سێیەمە بە قەناعەتی من زیادە، یەعنی بەپێی یاسایی هەر زیادە، بۆ؟ چونکە ئەقوا بەواقی لە دەوائیری زۆردا دروست دەبێت، موحافەزە یەك دائیرەیە، ئەقوا بەواقی ناوێت، ئەقوا بەواقی لە موحافەزات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەمە نیزامی تازەیە کاك محەمەد رجائەن، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە نیزامی ئێمە نیزامی تەمسیلی نسبییە، چ دائیرە تەعدد بن، یان یەك دائیرە هەر ئیحتیمالی هەیە باقی ئەقوا بمێنێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە لە لیژنەی قانونیش ئەو باسەمان کرد، ئەگەر مەقاعید مان موتەبەقی تەوزیع دەکرێت لە باقی ئەقوا، باقی ئەقوا کێ بێت؟ ئەو کیاناتی موشارکین، ئینجا رەئی ئێمە هەردوو لیژنە ئیتیفاقمان کردووە لەسەر ئەوە کە صیغەکە بەو شێوەیە بێت (توزع المقاعد المتبقیه باعتماد الباقی الاقوی) تەنیا تاکو هەموو کیانات بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لە سەرۆکایەتی جەلسە دوادەخەین بۆ سەعات چوار، سەرۆکی فراکسیۆنەکان، لیژنەی ناوخۆ و یاسایی لە ژووری 140 حازر بن پێکەوە گفتوگۆ دەکەین، تکایە سەعات چوار لێرە بن، بۆ ئەوەی بتوانین ئەمڕۆ قانونەکە تەواو بکەین، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم:**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

بەناوی گەلی کوردستان، بەشی دووەمی دانیشتنی ژمارە 11ی خولی دووەمی هەڵبژاردن، پاش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممەی رێکەوتی 2009/5/11، بەردەوام دەبین، لێژنەی یاسایی و لێژنەی ناوەخۆ فەرموون بۆ جێگای خۆتان، ماددەی 10 فەرموون بۆ خوێندنەوەی، کەرەم کە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

یەکەم: ژمارە دەنگە ڕاستەکان لە بازنەی هەڵبژاردن دابەش دەکرێن بەسەر کورسیەکانی کە تەرخانکراون بۆ ئەو بازنەیە بۆ چنگ کەوتنی دابەشکاری هەڵبژاردن.

دووەم: دەنگە راستەکانی کە لیستەکە لە بازنەی هەڵبژاردن چنگی کەوتوون کۆ دەکرێنەوەو دابەشی دابەشکاری هەڵبژاردن دەکرێت بۆ دەستنیشان کردنی ژمارەی کورسیەکانی کە بۆ ئەو لیستە تەرخانکراوە.
سێیەم: ئەو کورسیانەی دەمێننەوە بە پێی مایەوەی بەهێز دابەش دەکرێن بە رێژەی ئەو کورسیانەی کە چنگی کەوتوون.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

اولاً: تقسم عدد الاصوات الصحيحة في الدائرة الانتخابية على عدد المقاعد المخصصة لتلك الدائرة للحصول على القاسم الانتخابي .

ثانياً: تجمع الأصوات الصحيحة التي حصلت عليها القائمة في الدائرة الانتخابية وتقسم على القاسم الانتخابي لتحديد عدد المقاعد المخصصة لتلك القائمة.

ثالثاً: توزع المقاعد المتبقية باعتماد الباقي الاقوى بالنسب للمقاعد التي حصل عليها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

لێژنەی ناوەخۆ رەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە؟

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە جارێکی تر دووپاتی ئەوەی دەکەینەوە کە تێبینیمان زۆرە لەسەر نووسخەی کوردیەکە، لەبەر ئەوەی نوسخەی عەرەبیەکە ئەساسە، هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەر ناوەڕۆکی ماددەکە و ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

لێژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لێژنە وەکو یەك بوون، بەڵام ئێستا باسی ئەو خیلافە دەکرێ، جەنابت ناوت نووسیونە، جا بزانە ئەوانەی لەگەڵ ئەوە بن بۆ کیانات، هەموو کیانات تەوزیع بکرێتە الباقی الاقوی، یان بەس بۆ کیانی فائیز، یەعنی ئەوەی بخەینە دەنگ، موناقەشە لەسەر ئەوە بکرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ قسە بکەن لەسەری ناویان بنووسن و ئیتیفاق کرا لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان و لێژنەکان، و لێژنەی یاسایی و دارایی لە هەر لایەك، سێ کەس تەئیدی بکات، شەرحی بکات و سێ کەسیش دژی بوەستێ و پاشان دەخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەو مەوزوعە زۆر روون و وازیح بووە بۆ هەموو

لایەك، ئێستا ئەو بەڕێزانەی كە صیاغەكەی ئەخیری لێژنەی یاسایی و لێژنەی نـاوەخۆ ئامادەیـان كـردووە، ئەوەی وەكو لە مەشروعەكەش هاتووە، ئەمینێتن، ئەو بەڕێزانەی كە ئەیانـەوێ قسـە بكـەن دەسـتیان بڵنـد بكەن، كاك دلێر محمد شەریف فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كە دانیشتین دیارە گفتوگۆكانمان لەسەر ئەو ئەساسە بوو كە دوو تەفسیر دانـرا بـۆ ئـەم حاڵەتـە، بـاقی الاقوی لەسەر چ ئەساسێك دابەش بكرێ؟ تەفسیرێك بەو مانایەی كە تەنها بـۆ ئـەو ناوانـەی كـە بـراوەن لـە ئینتیخاباتەكەدا، تەفسیرێكی تر بۆ هەموو ئەو لیستانەی كە بەشداریان كردووە، من حەز دەكەم شـتێك بـە موختەصەری باس دەكەم بۆ ئەو بەڕێزانەی ئەندامانی پەرلەمان بـۆ ئـەوەی وزوحێـك بـێ تـا بـزانین كـام مەبدەئیان عەدالەتترە كە من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە دابەش بكرێ بەسـەر هـەموو لیسـتەكاندا، نـەك تەنها بەسەر براوەكاندا، لەسەر ئەو ئەساسە چۆن بەسەر هەموو لیستەكاندا نەك براوەكـان تـەنها ئەوانـەی كە زۆرینەی دەنگ دەهێنن، بۆ نموونە، ئێمە لە ئینتیخابێك ئیعتیبار بكەین سێ لیست هەبێ، (أ و ب و ج)، كە نیسبەی دەنگدەر ئەبێ پێویست بێ بهێندرێ بۆ ئیستیحقاق و شەرعیەتی دەنگدان بـۆ هـەر كورسـییەك 40 هەزار بێ با وا دابنێین، حیزبـی أ تـوانی 85 هـەزار دەنـگ بهێنێ، حیزبـی ب تـوانی 75 هـەزار دەنـگ بهێنێ، حیزبـی ج 30 هـەزار دەنگـی هێنـا، لـەو حاڵەتـەدا حیزبـی أ 2 كورسـی دەهێنێـی و زائیـدەن پێـنج هەزاری زیاد دەبێ، حیزبی ب یەك كورسی هێناوە و 35 هەزاری زیـاد دەبـێ، حیزبـی ج 35 هـەزار دەنگـی هێناوە و هیچ كورسی نیە، ئەوانە لە كاتێكدا وا دابنێین ئەو كورسیانە كە پێویستە بۆ 25 كورسـی دابـەش بكرێت ئەم دەنگدانە، تۆ 23 كورسیت هاتووە و 2 كورسیت بەتاڵە لەم حاڵەتەدا، ئـەو دوو كورسـییە ئـەبێ لەسەر ئەساسی زۆرترین كە باقی الاقوایە لەو دەنگانە، ئەوانـە وەربگـرن، لـەو حاڵەتـەدا هـی دووەمیـان كـە 75 هەزاری هێناوە، یەك كورسی هەیە و 35 هەزار دەنگی هەیە زیادە لەوەی خۆی، ئەوە ئەبێتـە سـاحیبی یەك لە كورسییەكانی تر، دوای ئەوەی كە لـەوەی كـەمتر لـە 30 هـەزار دەنگـی هەیـە، بـەو پێیـەی كـە 30 هەزار دەنگی هێناوە بەڵام كورسی نەهێناوە، ئەوانە ئەبنە ساحیب كورسی دووەم، ئەوەی تریان، چونكە تـۆ ئەگەر وا نـەكەی و دابەشی بكەی بەسەر بـراوەكان، بـراوەكە 5 هەزار دەنگی زیادەی هەیـە، تـۆ 35 هـەزار و 30 هەزاری ترت هەیە كەواتە 65 هەزاری ئەدەیتە براوەكە، ئەوە لەو حاڵەتە ئەوانی تری بێبەش دەكـەن كە پێم وایە ئەوە هیچ عەدالەتی تێدا نیە، پێم وایە ئەوە ئەبێ لەسەر ئەو ئەساسە بێت، ئەو لیستانەی كە هەموو بەشداری دەكەن ئەبێ بەسەر ئەوان دابەش بكرێن، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

سوپاس، كاك خەلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە نیزامی ئینتیخابی ڕێژەیی، ئەو موشکیلە روو ئەدات کە تەوزیعی مەقاعد ئـەکرێت لەسـەر کیانـات بە حەسەب قاسمی ئینتیخابی کە هەر مەقعەدێك چەندی دەوێت، تەوزیع ئەکرێت و هەندێ مەقاعد شاغر ئەبێت، ئەم مەقاعیدە شاغیرانە چۆن تەوزیع ئەکرێ لەسـەر ئەصوات، لێـرە موشـکیلەکە بـەس لـە نیزامـی تەمسیلی نسبی هەیە، لێرە چوار جۆر هەیە بۆ تەوزیعی ئـەو ئەصواتانە، جۆرێـك هەیـە پێـی ئـەڵێن بـاقی الاقوی، جۆرێك هەیە پێی ئەڵێن(معدل المتوسط) ئەوەی تەریقەی هۆند کـە عـالمێکی بەلجیکیـە ئیبتیکاری ئەو تەریقەیەی کردیە لە ساڵی 1855-1899 لە بەلجیکا، تەنفیز کرا و لە ئیسپانیا و ئـەلمانیا و فنلنـدا و بورتوغال، تەریقەکی تر هەیە سان لۆر لیڤۆ، ئێستا ئەوانەی دەڵـێن ئەسـهەل تەریقـەی کـە عەدالـەتی تێـدا بی، ئەو دەنگانەی کە هاتینە بۆ کیانات بەلاش نەچن بۆ ئەوەی باقی الاقوی بۆ کیاناتە، ئەم باقی الاقوی بۆ کیاناتی موشاریکە لەبەر چەند هۆیەك، ئیستا ناڵێین قائیمەی موغلەقە بۆ مەجالسی مەحافەزاتیش بـی تـا گونجاو بێت لەگەڵ پەرلەمان، ئی پەرلەمان تەبەنی ئـەوەمان کـرد، بـا ئـەوەش تەبـەنی ئـەوە بکـەین، باشـە ئێمە هەر عەینەن لە قانونی پەرلەمانی خۆمان ئی کوردستان هەمواریش نەکرایە ئـەو بەنـدە، لـە مـاددەی 36 بڕگەی 4 ئەڵێ: تؤول المقاعد الشاغرة نتيجة لحصول بقايا لا تصل الى المعدل الانتخـابي الى القـوائم الـتي حصلت على اكبر البقايا على التوالي، ئەو اكبر البقايا یەعنی براوە بێت یان بـراوە نـەبێت، ئـەلموهیم ئێسـتا ئەگـەر کورسـییەك 40 هـەزاری دەوێ، کیانێـك 3999 دەنـگ بینیـت، کیـانێکی فـائیز هـەزار دەنگـی زیـاد بمێنێت، ئەو مەقعەدەی شاغرە دەدەیە ئەو و نادەیە 39999، ئەوە عەدالـەت نیـە، لـە هـیچ شـوێنێك، مـن چەند ئەنزیمەی ئینتیخابیم خوێندیە، باسی باقی الاقوی، باسی ئەوەی دەکات و لە ناوەکە دیـارە کـێ بـاقی الاقوایە، یەعنی اكثر المتبقي لە ئەصڵی ئەوەی کە نزیکی موعەدەلی ئینتیخابی کێیە، ئەو مەقعەدی شاغرە و ئـەو مەقعـەدی مایـە دەدەیـە ئـەو، لەبـەر ئـەوە زیـاتر عەدالـەتی تێدایـە و پێشـتر بـرادەران و بـەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان دەیانگوت ئێمە نـاڵێین قائیمـەی موغلەقـە، چـونکە لـە مەصالیحی حیزبـە بچوکەکان نیە، ئەوە هەر لە صالحی حیزبە بچوکەکان نیە، ئینجا با ئەوە بانێك و چەند هەوا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کاك عادل فەرمور.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەعلیقیکم لەسەر قسەکەی کاك خەلیل هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

رەجائەن نا، قسەکەی خۆت بکە و شەرحەکەی خۆت بکە، تەعلیق لە قسەی کەس مەدە.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی ئەو دوو فەقەرەیە بە زیاد دەزانم، بۆ ئەوەی دابەش کردنی دەنگەکان لەسەر لیستەکان شتێکی ئۆتۆماتیکیە و ئەو کۆمسیۆنەی، ئەو هەیئەی کە هەڵدەستی بە هەڵبژاردن، ئەو ئەو ئیشە دەکات، یەعنی پێویست ناکات بڕگەی یەك و دوو هەبێت، ئەوە مەوزوعێکە و ئەبێ خۆیان قاسمی ئینتیخابی دەرکەن لەسەر ئاستی پارێزگا یان لەسەر قەزا و ناحیە، ئەوە مەوزوعێکە کە تۆ وتت نیزامی ئینتیخابی، نیزامی تەمسیلی نیسبی تەقریبیە، ئەبێ خۆی ئەو عەملیانە بکات، ئەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی مەعەدەل ئەقوی و باقی الاقوی، من پێم وایە باقی الاقوی ئەگەر ئێمە ئەو کورسییەی کە ئەمێنێتەوە لەسەر بنەمای معەدەلی ئەقوی دابەش بکرێ، پێم وایە عەدالەتی زیاتری تێدایە لەوەی باقی الاقوی بێت، لەبەر ئەوەی ئەو حیزبەی کە لەسەر ئەساسی قاسمی ئینتیخابی خۆی کورسی ئەبا، ئەو کورسییە ئەمێنێتەوە و ئەو حیزبە کە زۆرترین رێژەی کورسییەکان کە ناگاتە کورسییەك ئەمێنێتەوە، کورسی دووەم ئەبا، ڕەنگە هەندێ حیزبی بچووك ئەو کورسییەی بەبەر ناکەوێ، بەڵام ئەگەر هاتو لەسەر معەدەل ئەقوی بێت، ئەو کاتە هەموو حیزبێك چەند دەنگەکەشی کەم بێت پێم وایە بە شێوەیەکی عەدالەت کە ناکرێ لێرە بە تەفصیل باسی بکەین، سێ رێگا هەیە و کاك خەلیل ئاماژەی بە رێگایەکیانی دا، ناکرێ بە تەفصیل لێرە باسی بکەین، من پێم باشە ئەو باقی الاقوی بکەینە معدەل الاقوی، لەبەر ئەوەی هەموو ئەحزابی بچووك بێبەش نابن لە دەسەڵات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

سوپاس، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە خیلافەکەمان تەنها لەسەر بڕگەی 3، لێرەدا حەز دەکەم یەك شت روون بکەمەوە، خیلافەکە لەسەر ئەوەیە پاش دابەش کردنی کورسییەکان هەندێ مەقاعدی شاغر دەمێنێتەوە، هیچ لیستێك ئەو قاسمی ئینتیخابییەی بە دەست ناهێنێت و ئەو دەنگانەی کە پێویستە ئەو مەقاعیدە شاغیرانەی بەبەربکەوێ، خیلافەکە لێرە ئەوەیە ئێمە وەکو لێژنەی ناوەخۆ ویاساییش، بەپێی راپۆرتەکەمان لەگەڵ ئەوەینە : بالنسبة للمقاعد التي حصل عليها، واتە لیستە براوەکان، سەبەبەکەی چیە، سەبەبەکەی ئەوە نیە مەبەستمان ئەوەیە ئەو کورسییانە لە بۆ ئەحزابە گەورەکان بڕوات، ئەوە راست نیە، براوە کامەیە؟ حیزبە هەرە گەورەکان لەگەڵ حیزبی قائیمەی هەرە گچکە، کامە باقی الاقوایە بۆ ئەو دەڕوات، نموونەك دەهێنمەوە، ئەگەر پەرلەمانی پێشوو لیستی نیشتمانی کوردستان 104 مەقعەدی بەبەر کەتیە، لیستی زەحمەتکێشان کورسییەکی بەبەر کەوتبوو، ئەگەر باقیەکەی زەحمەتکێشان بە قوەتر بێت لە لیستی نیشتمانی کوردستان، لیستی زەحمەتکێشان دەباتەوە، واتە مەبەستمان ئەوە نیە بۆ ئەحزابی گەورە و

گچکە، باقی الاقوی کامەی بگرێتەوە بۆ ئەوە، دوو، بۆ ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە تەنها لیستە براوەکان باقی الاقوی بگرێتەوە؟ چونکە شەرعیەتیان لەگەڵە، ئەوە خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە، لیستە براوەکان خەڵك دەنگیان بۆ داوە و شەرعیەتیان هەیە، من ناتوانم ئەو لیستەی کە هیچ کورسی بەبەر نەکەتیە و شەرعیەتی نیە و خەڵك دەنگی نەدایتی یەك کورسیش بەدەست بینی من ناتوانم لێرە بە قانون شەرعیەتی بدەمێ کورسییەکی بدەینێ، من دەتوانم ئەوەی کە میللەت شەرعیەتی دایتی و باقی الاقوی ئەو حیساب بکەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

ڕێزدار کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی کاك سەردار دەکەم، خۆی هەڵبژاردن چیە، هەڵبژاردن پرۆسەیەکی بەردەوام و دەوریە،تاقیکردنەوەیە، یەعنی کێبڕکێیە، ئەوەی دەیباتەوە خۆی ئەساسەکە لەسەر ئەوەیە کێ دەیباتەوە کورسی بە دەست دێنێ، یەکەم خەتوە کە جیا دەکرێتەوە، کێ بردییتیەوە حەقی کورسییەکانی ئەوە دەدۆڕێ، شەرعیەتی نامێنێ، ئەوەی شەرعیەتی نەما چۆن دەتوانی بیهێنیەوە لەبەر ئەوە من تەئیدی کاك سەردار دەکەم و بدەینە باقی الاقوی ئەو دەنگە زۆرانەی ماوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی، زۆر بە تەفصیلەوە ئەو مەوزوعەمان موناقەشە کرد، لەگەڵ لێژنەی ناوەخۆ هاتینە ئەو ڕەئیەی کە ئیعتیماد بکەینە سەر باقی الاقوی لە جێبەجێ کردنی کورسییە بەتاڵەکان، تەبیعی منیش هەر عەینەن ڕەئی کاك سەردارم هەیە، ئێمە وای بۆ دەچین لە لێژنەی یاسا و لێژنەی ناوەخۆ، کە ئەو کیانە سیاسیانەی کە سەردەکەون، شەرعییەتی گەلیان دەدرێتی، موباشەرەتن شەرعیەتی خۆیان وەردەگرن، پێمان وایە باقی الاقوی ئەبێ لە خزمەتی براوە بێت نەك لە خزمەتی ئەو کیانانەی کە سەرنەکەوتن، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر سەیری یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2002ەوە بکەین، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بکەین، دەبینین لە ماددە 16 لە فەقەرە سێ دەڵێت: توزع المقاعد المتبقية باعتماد طريقة الباقي الاقوى، واتە لەوێش ئەگەر لە بیرتان بێت، مەقعەدەکان تەوزیع کران لەسەر ئەو کیانانەی کە براوە بوون، نەك ئەو کیانانەی کە سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنابوو، لە زمنی ئەو کیانانە یەك کورسی بەبەر تەحالوفی کوردستانی کەوت، کە ئەویش تەوعویزیان

پێی دەگوت، نازانم چییان پێ دەگوت بەڕاستی، بۆیە بەڕاستی لەبەر دەقی نەصەکە و تەفسیراتی تریش هەیە لە بۆ مەسەلەی تەعویزی موعەدەلات و ئەوانە، بەڵام ئێمە لە لێژنەی یاسا و لە لێژنەی ناوەخۆ لەسەر ئەوە ڕێککەوتین و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

ئێستا دوو بۆچوون هەیە بۆ ئەمە، لێژنەی یاسایی داوا دەکات وەکو خۆی بمێنێتەوە کە هاتووە، پێشنیارێکی تریش هەیە کە کاک خەلیل و چەند بەڕێزێکی تریش پشتیوانیان لێ کرد، کە ئەوانەی سەر ناکەون، کورسی بە دەست ناهێنن زۆرینەی دەنگی دیکەیان ماوە، ئەوە کورسییەکی پێ بدرێت، لێرە شەنس ئەدەمە دوو کەس، کاک خەلیل و کاک شێروان حەیدەری شەرحی بکەن، داخوازی هاتووە لە ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن: تێنەگەیشتووینە باقی الاقوی چیە؟ تێنەگەیشتوونە معدل الاقوی چییە؟ کاک خەلیل مەوزوعەکەی خۆت بە موختەصەری شەرح بکە و دواییش جەنابی کاک شێروان شەرحی بکات بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، فەرموو کاک خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەرحی من ئەمەیە کە ئەڵێین: ئەم کورسییانەی دەمێنێن، هەندەك دەنگ دەمێنن ناگەنە نزیکی قاسم الانتخابی، ناگەنە ئەو عەدەدە کە کورسی بێنن، ئێمە ئەڵێین، ڕەئی ئێمە ئەوەیە، نزیکترین دەنگ بۆ ئەو قاسم ئینتیخابیە، نزیکترین دەنگ، یەعنی ئەقوی الباقی لەو دەنگە، اکثر الباقي کامەیە، چ لیست بێت براوە بێت یان براوە نەبێت، ئەو مەقعەدەی مایە دەدەینە ئەو، شەرعیەتەکە، خۆی هەمووی شەرعینە، شەرعیەتەکە چیە، شەرعیەتەکە ئەوەیە ئەوانە هاتینە ناو ئینتیخاب و ئەقوی الباقی هێنایە و کەسی تر ئەو حیصەی نەهێنایە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

وازیح بوو تکایە، کاک خەلیل لەگەڵ ئەوەیە، بیخوێننەوە صیغەکەی فەرموون.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الباقی الاقوی للکیانات المشارکە، هەر ئەوەندە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە ئەو کورسییانە تەوزیع بکرێتە سەر ئەوانەی کە براوەن، لەبەر ئەو ئەسبابانەی کە دەستنیشانم کرد، ئێمە پێمان وایە ئەو کیانە شەرعیەتیان وەرگرتووە، ناکرێ ئێمە کورسییەکی بدەینە

کیانێـك و بـه کورسـییەك شـەرعییەتی بـدەینێ و بـێ بەشـداری ئێمـە بکـات لـە دەسـەڵات یـاخود لـە هـەر هەڵبژاردنێکدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

ئێستا دەنگدانە، تکایە تەرکیز بکەن، کاك خەلیل موقتەرەحەکەت بە نووسراو بە بێ تەعلیق و بە بێ قسە کردن موقتەرەحەکەت بخوێنەوە و ئەیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تا ئێستا مونسەجم لەگەڵ قانونی پەرلـەمان چووینە، ئـەوەی ئێسـتا مونسـەجم نیـە لەگـەڵ قـانونی پەرلەمان، ثالثآ: توزع المقاعد المتبقية على الباقي الاقوى للكيانات المشاركة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ئەو موقتەرەحە کە لە لایەن چەند ئەنـدامێکی بـەڕێزی پەرلـەمانی کوردسـتانەوە هاتووە بۆ تەعدیلی مەشروعە ئەصڵیەکە کـە کـاك خـەلیل خوێندیـەوە، کـێ لەگـەڵێتی تکایـە دەسـتی بـەرز کاتەوە؟ بیست کەسی لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەصڵی مەوزوعەکەیە وەکو خۆی بمێنێتـەوە دەسـتی بەرزکاتـەوە؟ بە زۆرینەی هەرە زۆری دەنگەوە وەکو خـۆی مایـەوە، سـوپاس بـۆ ماددەیـەکی تـر تکایـە. بـەڕێزان مـاددەی پێشتر بە هەردوو فەقەرە یەکێکی تەصویتی لەسەر کرا، بەڵام سێ فەقەرە و هـەر سـێکی دەدەینـە دەنگـدان بە یەکەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵی نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ، دوو کـەس لەگەڵی نیە، بۆ ماددەکەی تر.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یانزدەم کە دەبێتە ماددەی دەیەم:

یەکەم: ئەگـەر ئەنـدامی ئەنجومـەن کورسـیەکەی لـە دەسـتدا بەهـەر هۆیـەك ئـەوا پـاڵێوراوی دوای ئـەو لـە لیستەکە بە پێی زنجیرەی ناوەکەی جێی دەگرێتەوە.

دووەم: ئەگـەر کورسـی بـەتاڵی تایبـەت بـە لیسـتێك بـوو و پـاڵێوراوی نـەمابوو، ئـەوا ئـەو کورسـیە بـۆ پاڵێوراوێکی تر لە کیانێکی سیاسی دیکە دەبێ کە رادەی نزمی لە دەنگەکانی پێویست هێنـابێ بـۆ وەدەسـت هێنانی کورسی و بە پێچەوانەی ئەمەش کورسیەکەی بە بەتاڵێ دەمێنێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (11) و التي تصبح المادة (10):

أولاً: إذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي في قائمته طبقا للترتيب الوارد فيها.

ثانياً: اذا كان المقعد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين يخصص المقعد الى مرشح اخر من كيان سياسي اخر حصل على الحد الادنى من عدد الاصوات المقرر للحصول على مقعد وبخلاف ذلك يبقى المقعد شاغرا .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كۆبوونەوەی موصەغەری جەنابتان لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان و هەردوو لێژنەی كاروباری ناوەخۆ و كاروباری یاسایی و سەرۆك لێژنەكان، هەندێك پرسیاری تر هاتە پێش، هەندێ پێشنیار، بۆیە بە ئیتیفاق ئێمە صیاغەی ماددەكەمان كردەوە، بە تایبەتی لە حاڵەتێك ئەگەر بێت و قائیمە مەئتەلیف بێت، مورەشەحەك نەمێنێت، ئەو دەنگەی پاشی یاخود ئەو ناوەی لە پاشی لەوانەیە لە حیزبێكی تر بێتن، بۆیە ئێمە عیلاجی ئەوەمان كردیە و صیاغەكی ترمان هەیە نوێیە و بەو صیاغەیە: المادة (11) و التي تصبح المادة (10):

أولاً: إذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي في قائمته طبقا للترتيب الوارد فيها بالنسبة للقوائم غير المؤتلفة.

ثانياً: : إذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي من نفس الكيان السياسي المؤتلف ضمن القائمة الانتخابية المؤتلفة

ثالثآ: اذا كان المقعد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين يخصص المقعد الى مرشح اخر من كيان سياسي اخر حصل على الحد الادنى من عدد الاصوات المقرر للحصول على مقعد وبخلاف ذلك يبقى المقعد شاغرا ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

سوپاس، ئەوە زۆر بە وردی موعالجە كراوە، كێ قسەی لەسەر هەیە ناوی بنووسین، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە باس لە دەستدانی ئەندامێیەتی دەكات، یەك لە ئەندامەكان ئەندامێتی لە دەست بدات بەهەر هۆیەك، لە لیستی ئیحتیات یەكێك دێتە شوێنی، باشە ئەگەر ئەو ئەندامەی ئەندامێتی لەدەستدا ئافرەت بوو، لە لیستی ئیحتیات یەكەم و دووەم ناو پیاو بوو، ئەوە كاریگەری لەسەر ئەو ڕێژەی كۆتای دەكات كە لە ماددەكانی پێشتر پەسندمان كرد و لە یاسای پارێزگاكانیش هەروا پەسندمان كرد كەوا لە 30٪ كەمتر نەبێ، كە ئەو مەقعەدە شاغر بوو، كاریگەری لەسەر كۆتا دەبێ و ئەوە لەو ماددەیە چارەسەر نەكرایە، پێشنیارم هەیە یان لە بڕگە یەك زیاد بكرێ، یان ئەوەتا بڕگەیەكی سەربەخۆ زیاد بكرێ كە ئەگەر

مەقعەدەكە شاغر بوو و شوێنی ئافرەتەكە لە لیستی ئیحتیات ئافرەتێك هەڵبژێردرێ بێتە شوێن ئەو ئافرەتەی كە ئەندامێتی لەدەستدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

فەرموو لێژنە.

**بەڕێز سەدار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا ئێمە صیاغەكمان حازرە، بەڵام لە كۆبوونەوەكەی ئیتیفاقمان لەسەر نەكرد، بۆیە نەمخوێندەوە، دەتوانین بڕگەیە زیاد بكەین بەو شێوازە: اذا كان المقعد الشاغر يخص امرأة، فلا يشترط ان تحل محلها امرأة، الا اذا كان ذلك مؤثراً على نسبة تمثيل النساء، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

ئەگەر لەسەر ئەو موفقتەرەحە و بەو ئیزافەی كە لە ئەخیردا كرا، كاك سەردار خوێندییەوە، كێ لەگەڵێتی تكایە دەستی بەرز كاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەیەكی تر، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم

بازنەكانی هەڵبژاردن

ماددەی دوازدەم كە دەبێتە ماددەی یانزدەم:

هەر هەڵبژێرێك مافی هەڵبژاردنی خۆی بە خۆی دەست دەداتێ لەو بازنە هەڵبژاردنەی كە ناوی لە تۆماری هەڵبژێرەكانی تۆمار كراوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

الفصل الرابع

الدوائر الانتخابية

المادة (12) و التي تصبح المادة (11):

يمارس كل ناخب حقه الانتخابي بنفسه في الدائرة الانتخابية التي يكون فيها مسجلاً في سجل الناخبين.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

كێ ئەیەوێ لەسەری قسە بكات؟ ئێستا كێ لەگەڵێتی دەستی بەرزكاتەوە، سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێزدەم کە دەبێتە ماددەی دوانزەم:**

**یەکەم: هەر پارێزگایەك بە پێی سنووری کارگێڕی خۆی دەبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان.**

**دووەم:هەر قەزاو ناحیەیەك بە پێی سنووری کارگێریی فەرمی بازنەیەکی هەڵبژاردنە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنە خۆجێییەکانی قەزاو ناحیەکان.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (13) و التي تصبح المادة (12):**

**أولاً: تكون كل محافظة وفقا للحدود الإدارية الرسمية دائرة انتخابية واحدة في انتخابات مجالس المحافظات.**

**ثانياً: يكون كل قضاء وناحية وفقا للحدود الإدارية الرسمية دائرة انتخابية واحدة في انتخابات المجالس المحلية للاقضية والنواحي.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

**تکایە کێ ئەیەوێ قسە بکات دەستی بەرز کاتەوە، نیە، ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە ئەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵە دەستی بەرزکاتەوە تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بۆ ماددەیەکی تر تکایە.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە لەبەر ئەوەی لە قانونی موحافەزات هاتووە، ئەو لێژنە موشتەرەکە کە ئەمرۆ بە فراوانی فراکسیۆن و سەرۆك لێژنەکان تێدا بەشدار بوون، وا ئیقتیراح کرا ئەو ماددەیە لا ببرێ، لەبەر ئەوەی لە قانونی موحافەزات هەیە و بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

**ئەم ماددەیە نەصەن لە قانونی پارێزگاکان هەیە، پێشنیار کرا لاببرێ، ئەگەر کەس نیە قسەی لەسەر بکات، فەرموو کاك رۆمیو.**

**بەڕێز رۆمیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە کۆتایی جەلسەکەی پێش ئەمە نەك هی بەیانی، لە حەفتەی رابووردوو، بریار درا بۆ ئەوەی کۆتا بۆ نەتەوەکانی تر دیاری بکرێ لەم یاسایە،**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

ئەولەن بریار نەدرا، دوایی با ئەو ماددەیە تەواو بکەین پاشان لەسەری قسە دەکەین، ئێستا پێشنیاری هەردوو لێژنە هەیە بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە ئیلغا بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێ دەستی بەرز کاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ یەك دەنگ، بە زۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە لابردرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم

ریکلامی هەڵبژاردن

ماددەی پازدەم کە دەبێتە ماددەی سێزدەم:

ڕێکلامی هەڵبژاردن لە هەموو رەسمێك دەبووردرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الخامس

الدعاية الانتخابية

المادة (15) و التي تصبح المادة (13):

تعفى الدعاية الانتخابية من اي رسوم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کێ لەسەر ماددەی 13 قسەی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز کاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم کە زۆر ئیلحاحم کرد دەبوایە لە بیدایەت من هەستابام، ئەو ماددەی کە داوای کۆتا دەکەین مەفروزە لێرە بێتن لە دەوائیری ئینتیخابی، ئەگەر ئێستا لێرە نەیێ دوایی لە چ فەصلێك دێت؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کەی ماددەکانمان تەواو کرد موناقەشەی ئەوە دەکرێ، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز قبولیان کرد جێگەی تەسەلسولەکەی لێرە دەکەینەوە، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدەم کە بوویتە ماددەی چواردەم:

یەکەم: دەستە ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات کە نابێ ریکلامی هەڵبژاردنی و هەڵواسی جارنامەی هەڵبژاردنی تێدا بکرێ بە درێژیی ئەو ماوەیەی کە رێ بە ریکلامی هەڵبژاردن دەدرێ و بلاوکردنەوەی هەر ریکلام یا بەرنامەی یان وێنەی پاڵێوراوەکان لە مەڵبەندی دەنگدان قەدەغەیە.
دووەم:پێویستە لەسەر کیانە سیاسیە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردن دا دروشمی ریکلامی هەڵبژاردن هەڵگرن و بە پێی ئەو رێنماییانە بێت کە دەستەبەری دەکات.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (16) و التي تصبح المادة (14):

أولاً: تحدد الهيئة الأماكن التي يمنع فيها ممارسة الدعاية الانتخابية وإلصاق الإعلانات الانتخابية طيلة المدة المسموحة للدعاية الانتخابية ويمنع نشر أي إعلان أو برامج أو صور للمرشحين في مراكز الاقتراع.

ثانياً: على الكيانات السياسية المشاركة في الانتخابات إزالة ملصقات الدعاية الانتخابية وبموجب تعليمات تصدرها الهيئة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

مام رەشاد کەرەم کە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارم هەیە، دەڵێ: : تحدد الهيئة الأماكن التي يمنع فيها، ئەوە (يمنع)ە یان (يسمح)ە؟ ئەو جوملەی لە دوای هاتیە دەبێ يسمح بێ، نابێ يمنع بێ، ئەوە پرسیارەکەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کاك مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئی من تەنها مولاحەزەیەکی لوغەویە، نابێ بڵێین: طيلة المدة المسموحة، دەبێ: طيلة المدة المسموح بها، ئەوە غەڵەتە با وا بە غەڵەتی نەڕوات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

لێژنەی یاسایی رەئیتان لەو مولاحەزاتانە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەئیدی ئەو راستكردنەوانە دەكەین، مامۆستا كاكە وەكو وتی: صیاغەی ماددەكە ڕێكە و تەبیعیە و هیچ موشكیلەمان نیە، موتەفیقین لەسەری، یەعنی ئێمە وا ئەبێینی باسی ئەو ئەماكینەیە ئەوەی مەمنووعە، یەعنی تەحدید ئەكات ئەو جێگایانەی كە مەمنووعە.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

**فەرموو كاك سەردار.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەوەی هاتووە، هەیئە بۆی هەیە ئەو شوێنانە دەستنیشان بكات كە ئەوەی مەنعی لێ دەكرێ، الاصل لە ئەوەكە مەسموحە لە هەموو جێگەیەك دانێین، ئیستیسنائەن ئەوەی ماڤی دەدەیە هەیئە چەند شوێنێك دەستنیشان بكرێ كە مەنعی تێدا بكات، بۆیە دووبارە دەكەمەوە، ئەصڵەكە ئەوەیە مەسموحە، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێزان ئێستا ماددەكە ئەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز كاتەوە تكایە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبول كرا، یەك كەس لەگەڵدا نیە بۆ ماددەی دواتر فەرموون.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی حەڤدەم كە بوویتە ماددەی پازدەم:**

**یەكەم: ڕێكخستنی كۆبوونەوەكانی هەڵبژاردن لەو تەلارانەی كە وەزارەتەكانیان تێدایە قەدەغە دەكرێ.**

**دووەم: بەكارهێنانی فەرمانگەكانی هەرێم كە مەبەست لە شوێنی كارو فرمانن قەدەغە دەكرێ لەبەردەم كاری حزبی یان ریكلامی هەڵبژاردن.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (17) و التي تصبح المادة (15):**

**اولاً: يمنع تنظيم الاجتماعات الحزبية و الانتخابية في الأبنية التي تشغلها الوزارات ودوائر الاقليم المختلفة.**

**ثانياً: يمنع استخدام دوائر الاقليم ويقصد بها مواقع العمل والوظيفة للعمل الحزبي و للدعاية الانتخابية.**

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.كمال كەركووكی):**

**كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟كاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به رەئی من دووەم زیادە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێشووتر لە یەکەم وتمان: هەیئە ئەو شوێنانە دیاری دەکات کە مەمنووعە بکرێتە دیعایەی ئینتیخابی، لێرە بۆ ئێمە هەستین و دیاری بکەین؟ بێ فائیدەیە، ثانياً: يمنع استخدام دوائر الاقليم ويقصد بها مواقع العمل والوظيفة للعمل الحزبي و للدعاية الانتخابية، ئەو برگەیە زیادە، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، کاك دکتور فەرموو.

**بەرێز د.فؤاد احمد بابان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە وەکو رێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقافیش بەبەردەوام بڵاوی دەکاتەوە، حەق وایە برگەیەکی تری، بەشێکی تری بۆ زیاد بکرێ، کە شوێنەکانی خواپەرەستی ئەم هەڵمەتانەی تێدا قەدەغە بکرێ، لەبەر ئەوە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە: يمنع تنظيم الاجتماعات الحزبية و الانتخابية في الابنية التي تشغلها الوزارات و الدوائر الاقليمية المختلفة و دور العبادة.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.كمال كەركووكی):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەردوو ماددەکە دەوائیر ئیقلیمی هاتووە، دەوائیر الاقليم المختلفە، یەکەم بوویتە مەنعی تەنزیمی ئیجتیماعاتی حیزبی و ئینتیخابی، دوای ئەوەش جارێکی تر وتوویەتی: منع الاستخدام، یەعنی هەردوو حاڵەتەکە ئەتوانین بکەین بە یەك ماددە و بڵێین: مەنعی حەملەی ئینتیخابی لەناو وەزارات و دەوائیری ئیقلیم و ئەوە، خاڵی دووەم بکرێتە بە مەنعی ئیستیخدامی دور العبادە بۆ حەملەی ئینتیخابی، یەعنی ئەوە هەردووکی بکرێتە دوو خاڵ.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، بەڵام دور العبادە هاتووە لە شوێنێکی تر، کاك عومەر کەرەم کە.

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە هەردوو فەقەرەکەی یەك دەلالەت و یەك مەعلومە ئەدات، من پێم وایە بەم صیغەی خوارەوە بنووسرێتەوە: يمنع تنظيم الاجتماعات الحزبية و الدعاية الانتخابية في الأبنية التي تشغلها الوزارات ودوائر الاقليم المختلفة، سوپاس.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی بۆچوونی بەڕێز عمر عبدالرحمن دەکەین، فیعلەن هەردووك یەکە، ئەو دیعایەشی بۆ ئیزافە بکرێ باشە، دور العبادە لە ماددەی 27 هاتیە، فەقەرەی 8، لە عقوبات لەوێ باسی ئەوە دەکات.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی یەکەم و دووەم تۆزێك جیاوازی تێدا هەیە، هی یەکەم، باسی کۆبوونەوەکانی حیزبی و ئینتیخابی هەڵبژاردن دەکات، ئەوەی دووەم، باسی کاری حیزبی و دیعایەی ئینتیخابی بە شێوازێکی گشتی دەکات، بەڵام دەکرێ تەوحیدی بکەین هەردووکیان، ئەگەر تۆزێك مەجالمان بدەنێ صیاغەکی تری دەکەین.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان پێشنارێك هات بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە ئیعادەی صیاغەی بکرێت، بەڵام لێژنەی یاسایی و ناوەخۆ لەگەڵ ئەوەن وەکو خۆی بمێنێت، ئێستا یەکەم جار ئەیدەینە دەنگدان بۆ ئەوەی ئیعادەی صیاغەی بکرێت، ئەگەر کاك عومەر تەنازول بکات ئەوە نایدەینە دەنگدان و وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کاك عومەر تەنازول ناکات، کێ تەئیدی موقتەرەحەکەی کاك عومەری کرد؟ 36 کەس لەگەڵیتی، کێ لەگەڵ ئەوەدا نیە و ئەیەوێت وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ باشە ئیعادەی صیاغەی دەکەینەوە، تکایە صیاغەکە ئامادە بکەن، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

اولاً: يمنع استخدام الأبنية التي تشغلها الوزارات ودوائر الاقليم و كافة مواقع العمل و الوظيفة للعمل الحزبي و الدعاية الانتخابية.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەو صیاغەی کە کراوە دەست بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ صیاغەی تازە پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە فەرموو.

**بەڕێز جمال قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەژدەم کە دەبێتە ماددەی شازدەم:

نابێ فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی هەرێم و دەستەلاَتە خۆجێییەکان دەستەلاَتی فرمانیان یاخود دەرامەتی هەرێم یان هۆیەکانی یاخود دەزگاکانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن یان بۆ هەر پالێوراوێك، بە دەزگاکانی ئاسایش و سەربازیشەوە بۆ مەبەستی ریکلامی هەلبژاردن یان کارتێکردن لە هەلبژێرەکان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (18) و التي تصبح المادة (16):

لا يجوز لموظفي دوائر الاقليم والسلطات المحلية استغلال نفوذهم الوظيفي او موارد الاقليم او وسائلها او اجهزتها لصالحهم او اي مرشح بما في ذلك اجهزتها الامنية والعسكرية بالدعاية الانتخابية او التأثير على الناخبين..

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کێ دەیەوێ قسە بکات؟ کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوەش وەکو ئەوەکەی پێشوو، بیکەینە، اجهزە قوی الامن الداخلی، بۆ ئەوەی پۆلیس و هەموو شتەکان بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە رەئیەکەی کاك شێردڵ دەکەم، بەلاَم رەئیم وایە دور العبادە لێرە داخیل بکرێ لەگەڵ ئەو فەرمانگانەی کە دەڵێ: مەمنووعە دیعایەی ئینتیخابی تێدا بکرێ، راستە لە ماددەی 27 هاتیە، لەوێ سزایە، لێرە مەنعە، مەنع و سزا فەرقی هەیە، هەر بۆیە پێم باش بوو لەگەڵ ماددەی پێشووتر داخیل بکرابا، بەلاَم مەجالتان نەدا قسە بکەین، ئێستا لێرە جێی دەبێتەوە و دور العبادە لەگەڵ ئەوانە رێك بخەن، سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، لێژنەی یاسایی و ناوەخۆ رەئیتان تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە تەئیدی رەئی بەرێز کاك شێردڵ دەکەین، ئەو اجهزە ببێتە قوی الامن الداخلی، تا شامل ببێت.**

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

**لێژنەی ناوەخۆ رەئیتان.**

**بەرێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هیچ تەئسیرێکی ئەوتۆی نیە، ئەگەر تێدا بێ زۆر واریدە.**

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

**بەرێزان ئێستا پێشنارێك هەیە، ئەو اجهزە الامنیە بکرێتە قوی الامن الداخلی، وەکو خۆی ماددەکە بنووسرێتەوە، تەنها اجهزتها الامنیە بکرێتە قوی الامن الداخلی، کێ لەگەڵیتی تکایە دەستی بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ یەك کەس لەگەڵی دا نیە، بۆ ماددەی دواتر تکایە.**

**بەرێز جمال محمد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی نۆزدەم کە دەبێتە ماددەی حەڤدەهەم:**

**یەکەم: نابێ هیچ پاڵێوراوێك لە رۆژی دەنگداندا بەرنامەی کاریاخود بڵاوکراوە یان غەیری ئەمانە لە بەڵگەنامە بەخۆی یان بە هۆی غەیری خۆی بڵاو بکاتەوە.**

**دووەم: نابێ هیچ لەوانەی کار لە فەرمانگەکانی هەرێم دەکەن یاخود ئەندامانی دەستەڵاتە خۆجێییەکان، لە رۆژی دەنگدان دا بەرنامەی کار بە خۆی یان بە هۆی غەیری خۆی بڵاو بکاتەوە.**

**سێیەم: نابێ ریکلام یان دابەش کردنی بەرنامەی کار یان بڵاوکردنەوە یان پلیت بەناوی پاڵێوراوێك بڵاوبکرێتەوە کە تۆمار نەکرابێ لەکەشفی پاڵێوراوەکان**

**بەرێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (19) و التي تصبح المادة 17:**

**أولاً: لا يجوز لأي مرشح إن يقوم يوم التصويت بتوزيع برامج عمل أو منشورات أو بطاقات أو غيرها من الوثائق بنفسه أو بواسطة غيره.**

**ثانياً: لا يجوز لأي من العاملين في دوائر الاقليم أو أعضاء السلطات المحلية إن يقوم يوم التصويت بتوزيع برامج عمل بنفسه أو بواسطة غيره.**

**ثالثاً: لا يجوز وضع إعلانات أو توزيع برامج عمل أو منشورات أو بطاقات باسم مرشح غير مسجل في كشف المرشحين.**

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کێ ئەیەوێ قسە بکات؟ فەرموو کاک بەکر.

**بەرێز بکر فتاح حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە یەك فەقەرە زیاد بکەین، بڵێین: پێش 24 سەعات لە رۆژی هەڵبژاردن، هەموو پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن قەدەغەیە، قەدەغە بکرێت باشترە، سوپاس.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاك ئارام فەرموو.

**بەرێز ئارام رەسول مامند:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەو بۆچوونە دەکەم، بەراستی عورفێکی هەڵبژاردن هەیە لە هەموو جیهان، 48 سەعات بەر لە برواری هەڵبژاردن لە لایەن دەستەی چاودێری هەڵبژاردن، لە لایەن کۆمسیۆنەوە، رێکلامی هەڵبژاردن رادەگیرێت، بۆیە من پێم وایە ئەم ماددەیە جێی ئێرە نیە، هەر لە زمنی دەسەڵاتی دەستەی چاودێری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنە، بۆیە من داوا دەکەم لابردرێ ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاك د.دلێر فەرموو.

**بەرێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ئەم ماددەیە ئەگەر بمێنێت، ئەشێ خاڵی یەکەم و دووەمی بکرێ بە یەك و مەسەلە بریتیە لە قەدەغەکردنی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن، پێش رۆژی هەڵبژاردن، لە راستیدا نەك لە رۆژی هەڵبژاردندا، ئەبێ بە لای کەمەوە 24 سەعات پێش ئەوە پرۆپاگەندەی ئینتیخابات نەمێنێ، خاڵی سێیەمیش ئەشێت دارێژرێتەوە وەکو خاڵی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەرێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ئەو موقتەرەحە دەکەین کە پێشی 24 سەعات حەملەی ئینتیخابی دەوەستێت بە هەموو وەسائیلێك.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

ببورن کاك عبدالرحمان اسماعیل ناوی نووسیبوو و قسەی نەکرد، فەرموو.

بەرێز عبدالرحمان اسماعیل سلیم:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك د.دلێر کردی، من نامەوێ بیکەم، زۆر سوپاس هەر ئەوەندەم هەبوو.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، لێژنەی یاسایی کەرەم کەن.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دەبێت ببێتە ماددەیەکی موستەقیل لە ئاخیری ئەم فەصڵە بێت، بەو شێوە بێت: تمنع الدعايە الانتخابيە بكافە اشكالها قبل 48 ساعە من موعد فتح باب التصويت.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا ئەو موقتەرحە کە 48 سەعات پێش ئەوە، پێشنیاری لێژنەی ناوەخۆ و یاسایی تکایە بە موشتەرەکی بماندەنێ بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موتەفیق بووین و بوویتە 24 سەعات، 24 سەعات بەسە، بۆ خۆیان ئەخەون و قەلەقیش نامێنێ و ئەوە.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

ئەیخەینە دەنگدانەوە، دوو موقتەرەح هەیە ئەیخەینە ئاخیری ماددەکە، بەڵام ئێستا چونکە موناقەشەی لەسەر کرا، دوو بۆچوون هەیە، یەکێك ئەڵێ 24 سەعات و یەکێك ئەڵێ 48 سەعات، کێ لەگەڵ ئەوەیە 24 سەعات فەرموو دەستی بەرزکاتەوە تکایە؟ 19 کەس لەگەڵ ئەوەنە کە 24 سەعات بێتن ئەغلەبیە لەگەڵ ئەوەنە کە 48 سەعات بێتن، 48 سەعات پەسند کرا، ئەو ماددەیە ئیدراج دەکرێ لە نیهایەتی ئەم فەصڵە، تکایە بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو فەقەرەی کە ئێستا دەنگمان لەسەر دا فەقەرەیەك نیە لە ماددەی 17، دەبێتە ماددەیەکی موستەقیل لە ئەخیری ئەم فەصڵەدا، ئێستا دەنگ لەسەر ماددەی 17 دەدەین، 19 کە دەبێتە 17، موناقەشە کرایە و قسەمان لەسەری کردیە، سێ فەقەرەیە و ئێمە وەکو هەردوو لێژنە لەگەڵ ئەوەینە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەی 17 کە سێ فەقەرەیە وەکو خۆی بمێنێت؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی بیستەم کە دەبێتە ماددەی هەژدەهەم:**

**هەستان بەکاری ریکلامی هەڵبژاردن لەلایەن پاڵێوراوانەوە قەدەغە دەکرێ کە هەڵخەڵەتاندنی هەڵبژێرەکانی تێدا بێ، یان غەش و بەکارهێنانی شێوازی بریندارکردن یان دەست درێژی بۆ سەر خەڵکی لەریکلامەکەی هەڵبژاردنی تێدابێ.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (20) و التي تصبح المادة (18):**

**يحظر على المرشحين القيام بأية دعاية انتخابية تنطوي على خداع الناخبين أو غشهم أو استخدام أسلوب التجريح أو التشهير بالآخرين في الدعاية الانتخابية.**

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

**کێ دەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تنطوي على خداع الناخبين أو غشهم أو استخدام أسلوب، ئەوە هەمووی بکرێتە یەك: يمنع التجريح و التشهير بالآخرين في الدعاية الانتخابية، ئەوەی پێشتر زۆر دوور و درێژە، خۆشی هەر هەمووی مەبەست ئەوەیە کە نابێ تەشهیر بە کەس بکەی و تەجریحی بکەی و بەکاری بێنی بۆ دیعایەی ئینتیخابی.**

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

**کاك جوتیار فەرموو.**

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە هەڵخەلەتاندنەکە لێرە شتێکی مەتاتیە، یەعنی چۆن دیاری دەکرێ چی هەڵخەلەتاندنە؟کیانێك هەبێت زۆر لە پرۆژە و دروشمەکانی ئەو پەیامەی کە هەڵی گرتووە تەصوری وا دەبێت کە ئەمانە بۆ هەڵخەڵەتاندنی دەنگدەرە و ناتوانێ ئەم پەیامانە جێبەجێ بکات و ئێستا هەڵیانئەخەڵەتێنێ و سەرگەرمیان دەکات بۆ ئەوەی دەنگ بدەن و دوا جار ناتوانێ ئەمانە جێبەجێ بکەن، گەر بچێتە ناو تەفسیر و تەئویلی ئەوە، رەنگە لە چوارچێوەی هەڵخەلەتاندنی دەنگدەر بێت و دەنگدەر وا لێ بکات کە دەنگی بداتێ، شتەکە لەسەر ئەرزی واقیعدا جێی نەبێتەوە، بۆیە مەفروزە ئەوە لەو چوارچێوە مەتاتیە**

نەبێت و بە نەوعێکی تر صیاغە بکرێت، ئەوە لە لایەك، جا قسە لەسەر ئەوە کرا کە نابێ ئەوە بکرێ و نابێ ئەمە بکرێ، ئەگەر ئەوانە کران، ئەو یاسا کامەیە کە ئەوکەسانەی سەرپێچی ئەکەن .

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس. کاك زانا فەرمووو.

**بەرێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە وڵاتی ئێمە کەمترین کەس کە ڕێکلامی ئینتیخابات دەکات مورەشەحەکانن، لێرە بۆ ناوی مورشەحەکان هاتووە؟ بڵێین: یحظر علی الکیانات السیاسیة، بەراستی نووسەرەکانن و ئیعلامە و کیانە سیاسیەکانە کە حەملە دەکات و تەشهیر دەکات و تەجریح دەکات، ئەوە لە ئینتیخاباتێکی فەردی مورەشەحێك کە بەتەنها خۆی تەرشیح بکات لە شوێنێك ئەو حەملە دەکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە جیاتی المرشحین بڵێین: الکیانات السیاسیە، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار د.شوکریە فەرمووو.

**بەرێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کورد ناڵێت هەستان بەکاری، یەعنی ئەوە تەرجومەیەکی حەرفی (قیام بە)، لەبەر ئەوە پێم جوانە و ڕەئیم لەگەڵ ڕەئی سۆزان خانیە، هەروا بنووسرێ: ڕێکلامی هەڵبژاردن لە لایەن پاڵێورانەوە لە ماوەی 48 کاتژمێر بە تایبەتی ئەگەر هەڵخەڵەتاندن و غەش و بەکارهێنانی شێوازی بریندارکردن یان هێرش کردنی تێدا بێ، چونکە دەست درێژی ئەوە بۆ سەر نامووسە و لێرەدا جوان نیە ئەو وشەیە لێرەدا بەکابێنێت، لەبەر ئەوەی هێرش کردن جوانترە، سوپاس.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی و ناوەخۆ ڕەئیتان تکایە، کاك سەردار فەرمووو.

**بەرێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە سوزان خان کردی، پێشنیارێکی باشە، بەڵام شێوازێکی موتلەقی تێدایە، ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوە نیە تەشهیر و تەجریح بە شێوەیەکی موتڵەق بێت، لەبەر ئەوەی لە قانونی عقوبات موعالەجەی کردیە، ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوەیە بەس مورەشەحینە، ئەوانەی دیعایەی ئینتیخابی دەکەن، لەوێ دەبێ عیلاج بکرێ تەشهیر و تەجریحی تێدابێ، فەرقەکەی لەگەڵ ئەو صیاغەی کە باسی کرد ئەوەندەیە، ئەوەی کاك جوتیار باسی دەکات، مەسەلەی خیداع، بەراستی لێرە لیستەکان یان کەیانی سیاسی ئەوانەی دیعایەی لۆ قوائیمی خۆیان دەکەن، نابێ هیچ فرت وفێڵی تێدا بێت لەگەڵ ناخب، دەبێ شێوازێکی

راست و دروستی بەکار بێنن لەگەڵیان، نەخیداعی تێدا بێ و نە غشی تێدا بێ، چونکە کێ ئیسباتی دەکات؟ البينە على من ادعى، ئەوە بۆ مەحکەمەی بەجێی دەهێڵین، با هەموو شێوازێکی سەلماندن دەبێ بۆ خۆیان بیسەلمێنن، ئەوەی کاک زانا باسی دەکات لە ماددەی 30 ئەوە عیلاج کرایە، سێ برگەی تێدایە، هەموو ئەو حالەتانەی عیلاج کرایە لە کیان سیاسی، ئێمە لێرە بەس باسی ئەشخاص دەکەین، ئەگەربێت و سەرپێچی یاسا بکەن ، مەسەلەی حەبس ئەوە لێرە نیە، مەسەلەن کیانی سیاسی کە بەشدار دەبێت لەو تاوانانەی هەڵبژاردن، لە ماددەی 30 ئەگەر ئیجازەم بدەی دەیخوێنمەوە: أولاً: في حالة ثبوت مساهمة الكيان السياسي في ارتكاب أي جريمة من الجرائم الانتخابية والمنصوص عليها في هذا القانون, يعاقب بغرامة مالية مقدارها (50000000) خمسين مليون دينار.

ثانياً: يحرم الكيان السياسي من الأصوات التي حصل عليها في المركز الانتخابي في حالة اقترافه إحدى الجرائم الانتخابية المنصوص عليها في البنود (أولاً، خامساً، سادساً، سابعاً, ثامناً ) من المادة (27) والمادة (28) من هذا القانون.

ثالثاً: يعاقب بالحبس وبغرامة لا تقل عن عشرة ملايين دينار ولا تزيد عن خمسة وعشرين مليون دينار كل من خالف حكم الفقرة اولا من المادة (22) من هذا القانون.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە گوتی خیداع چۆنە، تەبعەن مفهوەزیە سەیری توعون دەکات، دوایی ئەگەر ئەوە حەسمی نەکرد دەچێتە هەیئەی قەزائی ئەوەی لە مەحکەمەی تەمییز دروست بووە، ئەو لەوێ مەعاییری خۆی هەیە ئیسباتی دەکات کامە خیداعە و کامە خیداع نیە، ئەوەی تر ئەوەی کاک زانا ئەڵێت، ڕاستە (يحظر القيام بأية دعاية تنطوي)، چونکە ماددەی 24 ئیحالە دەکات بۆ ئەو ماددەش کە ئەڵێت: من خالف احكام المادە 17 و 18 و 19 و 20 و ئەوانە، ئەوەشی تێدایە و حەبسیشی تێدایە، کیان شەخصیەتێکی مەعنەویە حەبس ناکرێ، ئێمە لێرە ئەو مورەشەحینەی حەزف بکەین و دروست دەبێت، يحظر القيام باية دعاية، هەمووی دەگرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان مورەشەح ئەتوانی زیندان بکەی کە موخالەفەی کرد، بەس کیان ناتوانی، کاک فورسەت قسەی هەیە.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 20 باسی ئەوەی ئەکرد مورەشەح ببێتە کەیان سیاسی، باسی مورەشەح بکەین، کاك زانا داوا ئەکات مورەشەح ببێتە کیان سیاسی، من ئەڵێم نابێت ببێتە کەیان سیاسی، چونکە مادده 24 باسی حەبسی مورەشەح دەکات، ئەگەر باسی حەبس وەکو خۆی ماوە، خۆ کەیان سیاسی حەبس نابێت، مورەشەح حەبس دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك زانا ئەگەر سەحب دەکەیەوە؟ سەحبی ناکاتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا لێرە باسی حظر دەکات وەکو شتێکی مەبدەئی، چ مورەشەح بیکات، چ کەیان بیکات، ئەو پێشنیارەی کاك زانا زۆر ڕاستە، بەڵام لازمە موعالەجەی ماددەی 24ی بکەین، ئەو ماددەیە کە دەکاتە ماددەی 18 لاببەین، چونکە حەبسی تێدایە جا با ئەو حەبسە نەمێنێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەو نوقتەیە موهیمە، مەجالی چوار کەسی تر دەدەم قسە بکات، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکانی برای بەڕێزم کاك فرسەت دەکەم، چونکە کیان سیاسی حەبس ناکرێ، دەلیلیشمان لەسەر ئەوە مادده 30، کە تەنها غەرامەمان بۆ کەیانی سیاسی لە کاتی موخالەفە کردنی ئەم یاسایە دانایە، غەرامەی یەکەمیان 50 ملیۆن دینارە، بە نیسبەت ماددەی 30 فەقەر یەك، بە نیسبەت ئەوانی تریش مەسائیلی مەعنەویمان دانایە، وەکو عیقابێك لە بۆ کەیانی سیاسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك مەحمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کیانە وەکو رۆژنامە وایە، رۆژنامەش خۆ کۆمەڵێك خەڵکە، بەڵام سەرنووسەرەکە بەرپرسیارە، هەر هەڵەیەك لەو رۆژنامەیە بکرێ، سەرنووسەرەکە بەرپرسیارە، هەموو کەیانێك بەرپرسی هەیە، ئەو کەسە بەرپرسە لە هەموو موخالەفاتێك کە لەو کەیانە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو حەلێکی تەوفیفی ئەگەر بگوترێت، من تەئیدی رەئیەکەی کاك خەلیل دەکەم، يحظر القيام باي نشاط، بە موتلەقی بێت، و المطلق يجري على اطلاقه، یەعنی هەم کەیان بگرێتەوە و هەم مورەشەح بگرێتەوە، لێرەدا هەم حەبسی تێدا بێ و هەم غەرامە، یەعنی ئەگەر بێت و بە موتلەقی باس بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وا بێ ماددەی 24، حەبسی بۆ مادده 22شی دانایە، لە 22 سێ فەقەرە هەیە هەمووی باسی ئەحزاب و کیانات دەکات، دەبێ ئەویش لا ببەین، ئەوە یەك، منیش بەو حەلە تەوفیقیەی رازیمە کە کاك کەریم و ئەوانە تەرحیان کرد، بە موتلەقی القيام بای دعایە انتخابیه.......الخ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی ناوەخۆ لەگەڵ دەقی ماددەکەینە، حەز دەکەم یەك خاڵی روون بکەمەوە، هیچ کەیانێکی سیاسی نایێت مورەشەح تەشهیر بکات، کەیان سیاسی لە رێگای ئەندامەکانی خۆی دەکات، لە رێگای ئـەعزای خۆی تەجریح دەکات، ئەوەی لێرە هاتیە سزامان لە بۆ ئەو ئەشخاصانە دانـاوە، وەکـو حالـەتێك، جیهـەتێك شەخصیەی مەعنـەوی هـەبوو، کـە شـیکایەتی لـێ دەکـرێ خـۆ شەخصیە مەعنەوەیەکـە نیـە، شەخصـێك بەرپرسە لێی، هۆ لە دانانی ئەو یاسایە، کە یاساکەمان دانایـە، سـزایەکان لـە کـەمترینیان بـۆ زۆرترینیـان، مەسەلەی کەیاناتی سیاسی و ئەشخاصیش بە هەمان شێوە، بە پێی جەریمە و جەسامەتی جەریمـە، ئەگـەر جەریمەکە زۆر جەسیم بوو، مەسـەلەن کـەیان سیاسـیش سـزامان بـۆ دانایـە، لـە مـاددەی 22 فەقـەرە 2-3: يحرم أي حزب أو كيان سياسي يحتفظ بمليشيا مسلحة من المشاركة في الانتخابات، لەبـەر ئـەوەی ئەوەکـە زۆر گەورەیە بۆیە کەیان سیاسی و حزبمان داخیل کردیە، سێیەم: ثالثـاً: يحـرم أي كيـان سياسـي مـن المشاركة في الانتخابات وحساب الأصوات في حال قيامه بغلق منطقة انتخابية بالقوة أو التهديد باستخدام القوة لصالحة أو ضـد غـيره، چـونکە جەریمەکـە زۆر گەورەیـە، لێـرە باسـی حـزب و کـەیانی سیاسـیمان کردیـە، هـەروەها ماددەی 30، 50 ملیۆن دینار غەرامەمان دانایە، لەبەر ئەوەی جەرائیمەکان گەورەنە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەك ئەوەیە كە مورەشەح لابچێ، ڕەئیـەكیش هەیـە كـە وەكـو خـۆی بمـێنێ، كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە كـە مورەشـەحین لابچـێ تكایـە دەسـتی بەرزكاتـەوە؟ ماددەكـە وەكـو خـۆی ئـەمێنێ بـەس مورەشەحین لابچێت.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی كاك زانا دەكەین كەوای لـێ دێـت: يحظـر اي كيـان بايـة دعايـة انتخابيـة، تنطـوي علـى خـداع الناخبين و غشهم او استخدام اسلوب التجريح او التشهير بالآخرين، في الدعاية الانتخابية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كێ لەگەڵ ئەوە دایە تكایە دەستی بـەرز كاتـەوە؟ سـوپاس، كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە كـە وەكـو خـۆی بمێنێتـەوە؟ ئەغلەبیە وەكو خۆی ماوە، بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و یەكەم كە بوویتە ماددەی نۆزدەهەم:

خەرج كردنی پارە بۆ ریكلامی هەڵبژاردن لەماڵی گشتی یان لە بودجەی وەزارەتـەكان یـان مـاڵی وەقـف یـان ماڵی پشتگیریی دەرەكی قەدەغەیە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (21) و التي تصبح المادة (19):

يحظر الإنفاق على الدعاية الانتخابية من المال العام أو من موازنة الوزارات أو أموال الوقف أو من أموال الدعم الخارجي.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئەوانەی ئەیانەوێ قسە بكەن لەسەر ئەم ماددەیە دەستیان بەرزبكەنەوە، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵێكی گرنگ هەیە لێرە، مفەوەزیەش پێشنیاری كرد، ئەگەر بێت و دەستكاری بكەین زۆر باشە، ئەویش: دیاری كردنی سەقفێك بۆ ئینفاق لەسەر حەملەی دیعایەی ئینتیخابات، راستە مالەكە ئی ئەو حیزبەیە، لە ئاخیریدا موڵكی ئەو میللەتەیە، پێویست ناكات ئیسراف و تەبزیر بكرێ لەسەر حەملەی ئینتیخابی، بۆیە ئەم مەقتەعەی بۆ زیاد بكرێ باشە: و لا يجوز ان يتجاوز سقف الانفاق على الدعايه الانتخابيه، مبلغ(........)، مەبلەغێكی دیاری تەحدید بكرێ، لە زۆر وڵاتانی دونیا ئەوە هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە نیهایەتی ماددەکەدا هاتووە، من اموال الدعم الخارجی، ئەگەر مەبەستی لێرە دەعمی ئەموالی خاریجی بێت، ئەوە هەر لە ئەساسدا مەحزورە، هیچ حیزبێکی سیاسی، هیچ کەیانێکی سیاسی نابێت مال لە دەرەوەی وڵات وەربگرێت، بۆیە لێرەدا هاتنی بەو شێوەیە پێم وایە لە جێگای خۆیدا نیە، ئەوە هەر حەزف بکرێ زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

د.شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا یان مالی پشتگیری دەرەکی قەدەغەیە، یەعنی ئەبێ چی بێ ئەو مالە پشتگیریە؟ بۆیە پێویست ناکات لێرەدا بێت، ئەگەر لابرێ جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنە رەئیتان؟

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وا نیە حاڵەتێکی زۆر دیموکراسی بێت، هەندێ لیست هەیە مەسەلەن دەعم بۆ خۆی کۆدەکاتەوە، تەبەروعات کۆ دەکاتەوە، لەوانەیە بتوانێ تەبەروعاتی یەکجار زۆر کۆبکاتەوە و چەند بۆ حەملەی خۆی سەرف دەکات، ئەوەی گرنگە لای ئێمە، ئێمە دەنگمان لەسەر ئەوەی دا موددەیەك دادەنرێت، ئەویش تاکو 24 کاتژمێر پێش هەڵبژاردن، هەتا ئەو وەختە رادەوەستێت، مەسەلەی پارە کەس ناتوانێ رێی لێ بگرێ ئەوە یەك، دووەم: ئەوەی کاك کەریم بەحری باسی دەکات، بەراستی ئەوەی دەعمی خاریجی تاکو ئێستا باس نەکرایەو تەنزیم نەکرایە بەو شێوەیە، لەولاش عقوبەی بۆ دادەنرێت، پێمان وایە ئەو یاسایە، یاسایەکی موتەکامیلە و دەبێ هەموو جەوانیبەکانی وەربگرین، لەو جەوانیبانەش ئەوەیە کە دەبێ دەعمی خاریجی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەم ماددەیە وەکو خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرزکاتەوە، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و دووەم کە دەبێتە ماددەی بیستەم:

یەکەم: بەکارهێنانی هەر شێوەیەك لەشێوەکانی پاڵەپەستۆ یان ترساندن یان بەکافردانان یاخود بەخائین دانان یان پیشاندانی شتی هەڵخەڵەتێن یان پێدانی دەسکەوتی ماددی یان مەعنەوی یان بەڵێن پێدان لەلایەن هەر حزب یان کۆمەڵ یان ڕێکخستن یان کیان یان کەسەکان، یان هەر لایەنێکی تر قەدەغە دەکرێت.

دووەم: حزبێك یان کیانێکی سیاسی کە میلیشیای چەکداری هەبێت، بێبەش دەکرێت لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

سێیەم: هەر کیانێکی سیاسی بێبەش دەکرێت لەبەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان و حسێب کردنی دەنگەکان لەبارێکدا ئەگەر بەهێز یان بەهەڕەشە ناوچەی هەڵبژاردن دابخات بۆ بەرژەوەندی خۆی یان لەدژی غەیری خۆی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (22) و التي تصبح المادة (20):

أولاً: يحظر على أي حزب أو جماعة أو تنظيم أو كيان أو إفراد أو أي جهة كانت ممارسة أي شكل من أشكال الضغط أو التخويف أو التكفير أو التخوين أو التلويح بالمغريات أو منح مكاسب مادية أو معنوية أو الوعد بها.

ثانياً: يحرم أي حزب أو كيان سياسي يحتفظ بمليشيا مسلحة من المشاركة في الانتخابات.

ثالثاً: يحرم أي كيان سياسي من المشاركة في الانتخابات وحساب الأصوات في حال قيامه بغلق منطقة انتخابية بالقوة أو التهديد باستخدام القوة لصالحة أو ضد غيره.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کێ ئەیەوێ قسە بکات؟ ئەم ماددانە هەمووی ئیتیفاق لەسەری کران، بەس دیارە زۆر موناقەشە دەکرێ نازانم مەسەلە چیە، کاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم هەیە بۆ هەردوو لێژنە لەسەر برگەی یەکی ماددەی بیست، ئەو دوو بەشەی پێشەوە قەیناکە مەنع بکرێ، بەڵام چۆن حیزبێك، کەیانێکی سیاسی، تۆ مەنعی ئەوەی دەکەی ڕێکلام بکات بۆ خۆی، بڵێ، من خەدەمات پێشکەش دەکەم، من خزمەتی میللەت دەکەم، من پرۆژەم هەیە، ئەوە یان بەڵێن پێدان لە لایەن هەر حیزبێك، یان هەر کەیانێك، چۆن ئەو حیزبانە مەنعی ئەوە دەکرێن کە حەملەی ئینتیخابی بۆ خۆیان بکەن؟ پرۆژەش تەقدیم بکەن کە خزمەتی میللەت دەکەن، بەشی پێشەوە قەینا هەبێ، بەشی دواوە چۆن ئەبێ لەگەڵ کیان سیاسیەکان ناگونجێ بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (22):

أولاً: يحظر على أي حزب أو جماعة أو تنظيم أو كيان أو إفراد أو أي جهة كانت ممارسة أي شكل من أشكال سياسة الاكراه و الاغراء، ئەوەندە كافیە، ئەو هەموو درێژ پێدانە بەڕەئی من زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 22 كە بوویتە ماددەی 20، لەسەر یەكەم و دووەم و سێیەم قسەم هەیە، مەسەلەن یەكەم، ئەویش ئەوەیە بە حەقیقەت كە هاتووە (یان)زۆر لە شوێنێكدا هاتووە كە زۆر(یان)، (یان)ی تێدایە، و تێكەڵاوی و پێكەڵاوی تێدایە لە صیغەكە، من پێم باشە ئەوە بكرێتە أو ب و ج، بەو شێوەیە، یەكەم-أ: بەكارهێنانی هەر شێوەیەك لەشێوەكانی پاڵەپەستۆ یان ترساندن یان بەكافردانان یاخود بەخائین دانانی.

ب- پیشاندانی شتی هەڵخەڵەتێن یان پێدانی دەسكەوتی ماددی یان مەعنەوی.

ج- بەڵێن پێدان لەلایەن هەر حزب یان كۆمەڵ یان ڕێكخستن یان كیان یان كەسەكان، یان هەر لایەنێكی تر قەدەغە دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك پیر خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەكەم، وەكو ئەوەی كاك شێخ جەعفەریش ئیشارەتی پێدا، هەر گروپێك یان هەر حیزبیك، مافی خۆیەتی ڕێكلام بكات، ، من كە هاتم گەیشتمە جێی بڕیاری دهۆكم سۆزێ بداتە جەماوەری، ئینجا، بلا بمێنیێت، بەس : او منح مكاسب مادیە او معنویە، ئەز بێژم ئەو بێتە لادان باشترە، هەتا موغریات بمێنێت قەیناكە، او منح مكاسب مادیە او معنویە او الوعد بها، هەر كەسێكی بۆ خۆی ڕێكلامێ بكات و سۆز دەداتە خەڵكی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

د.عبدالرحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمان اسماعيل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم و سێیەم هەیە، كە هەردووكی وەكو یەكە، بە رەئی من هەردووك بكرێتە یەك خاڵ،: يحرم أي حزب أو كيان سياسي يحتفظ بمليشيا مسلحة من المشاركة في الانتخابات.

ثالثاً: يحرم أي كيان سياسي من المشاركة في الانتخابات وحساب الأصوات في حال قيامه بغلق منطقة انتخابية بالقوة أو التهديد باستخدام القوة لصالحة أو ضد غيره، هەردووكی یەكە، لەبەر ئەوە من وا بەباش دەزانم هەردووك ببێتە یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

زۆر سوپاس، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە بۆ بڕگەی یەكی تەهدیدیش زیاد بكەین، أشكال الضغط أو التهديد، لەبەر ئەوەی تەهدیدیش لەو تاوانانەیە كە ئەكرێ، ئەكرێ بە قسە بە هەندێ شت تەهدیدی خەڵك بكرێ، بڕگەی سێ، باس ئەكات و ئەڵێ: في حالة قيامه بغلق منطقة انتخابية، ئێمە لە ماددەی یەك تەنها پێناسەی مەركەزی ئینتیخابیمان كردووە، حەق وایە ئەو مەركەزە ئینتیخابییەی بكەینە مەنتیقەی ئینتیخابی، لەبەر ئەوەی مەنتیقەی ئینتیخابی زۆر فراوانترە، عادەتەن دەنگدان لە یەك مەنتیقەی ئینتیخابی، باش وایە بنووسن مەركەزی ئینتیخابی، پێناسەكە لە برگە 5 ئێمە پێناسەی مەركەزی ئینتیخابیمان كردووە، رەنگە لە مەركەزی ئینتیخابی ئەو مەشاكیلانە هەبێت، مەنتیقەی ئینتیخابی فراوانترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی یەكەمم كاك جەمال بۆتانی كردی، خاڵی دووەم ئەوەیە، لێرە تەحدید بكرێ لە دیعایەی ئینتیخابی، في الدعايه الانتخابيه، ئەوەی ئیزافە بكرێ لە ئاخیری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

کاك شێخ جەعفەریش قسەی لەسەر ئەوە کـرد، لێـرە (بـەڵێن) هـاتووە، بەراسـتی سـەرتاپای ئـەو پرۆسـەیە کەیانە سیاسیەکان ئیشیان لەسەر بەڵێندانە بـە خـەڵك، ئەگـەر قسـە لەسـەر (بـەڵێن) بێـت، لێـرەدا بـەڵێنی هەڵخەڵەتێنەر بێت، لە پێشتر قسەمان لەسەر بەڵێنی هەڵخەڵەتێنەر کرد، بەڵام پێویستە ئـەو بەڵێنـە جیـا بکرێتەوە، چونکە کۆی پرۆسـەکە، کـۆی کیانـەکان کـە دێـن، پرۆژەیـەکیان هەیـە، مەشـروعێکیان هەیـە، لـە مەشروعەکە بەڵێنە ئەیدەن بە خەڵك، ئەگەر چوونە سەر دەسەڵات و دەسەڵاتیان گرت، ئەو بەڵێنانە دەبێ جێبەجێ بکەن، لەبەر ئەوە ئەبێ ئاگامان لەو حاڵەتە بێت لێرە، برگەی دووەم و برگەی سێیەم لە راسـتیدا ئەو کیانە سیاسیانە ئەگەر میلیشای هەبێ بەشداری ناکات، بـەڵام لـە سـێیەمدا ئەگـەر بـەهێز ناوچـەیەکی داگیر کرد، بەڵام ئەگەر لە برگەی دووەمدا رێگەمان لەو کەیانە گـرت کـە میلیشـیای هـەبێت، ئـەی بـە چـی داگیری دەکات؟ لەبەر ئەوەی برگەی سێیەم پێ ئەچێ زیادە بێت، چونکە لەیەك دەچن، لایەنێك کـە هێـزی هەیە قەدەغە ئەکرێ بەشداری هەڵبژاردن بکات، کەواتە هێـزی بەدەسـتەوە نـامێنێ ناوچـەکە داگـیر بکـات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەم، لە ماددەی بیستدا، ئەکرێ ئـەم برگـەی یەکـەم لابـرێ، تێبـینی دووەمیشـم: میلیشای چەکداری بکرێ بە هێزی چەکداری، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشتریش موتەفیق بووین لەسەر ئەوەی تەئیـدی ماددەکـە دەکـەین وەکـو خـۆی هـاتووە، منح مکاسب مادیـە، باسـی شـێوەیەکی عـام ناکـات، باسـی ئـەوە دەکـات کـە کـەیانێك ئەچـێتە لای سـەرۆکی عەشیرەتێك، ئەوەندە پارەی دەداتی و دەڵێ کوڕی تۆ دەکەم بە قائیمقام، دەیکەمە موحافز، ئەوەندە دەکەم بۆ ئەوە، ئەوە کڕینی دەنگە، ئەوە دروست نیە، بەس عام وعـودی بڵـێ، مـن بـۆ ئێـوە شـاریعەکان وا دەکـەم، ئەوە حەقی خۆیەتی ئەوە وا ناگرین، ئەوە باسی شتی فەردی و موحەدەدە، ئێمە تەئیدی ماددەکـە دەکـەین وەکو خۆی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

د.شوكریە فەرمووو.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ماددەی 20 خاڵی یەكەم، وشە قەدەغەكردن بچێتە پێشەوە كە لە كۆتایی داندراوە، چونكە زۆر بە قوەت دەبێ، ئەوە خاڵێك، خاڵی دووەمم، 12 جار یان دانراوە، من لەگەڵ كاك حاتم یەكدەگرم كە ببێتە أ و ب و ج، خاڵی دووەم و سێیەم یەك بخرێت، هەروەها وشەی هەر حیزبێك، بچێتە سەرەوە، لە خاڵی دووەم، نەك هەر حیزبێك یان كەیانێك، كە میلیشیای چەكداری هەبێت، بێ بەش دەكرێت لە هەڵبژاردن، ئەم دوو خاڵە بكرێتە یەك، چونكە هەردووكی باسی كیانی سیاسی دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

نیساب كەمە، سێ كەسمان كەمە، فەرمووو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك پرسیار لەسەر بڕگەی 2 و بڕگەی 3 هەیە، بەڕاستی بڕگەی 2 و بڕگەی 3 جیاوازی زۆری تێدایە، بڕگەی 2 باسی ئەوە دەكات لایەنێك ئەگەر میلیشیایەكی موسەلەحی هەبێت، بڕگەی 3 ئەگەر بتوانێ ئەو مەنتیقە دابخات بەهێز، دەكرێت مەنتیقەی بەهێز و میلیشیاشی نەبێت، بە ئەنواعی هێز، چونكە لەلایەكی تر دەڵێت، ئەگەر بە هەڕەشە و بە هێنان، دەكرێ هێزیشی نەبێت، تەنها هەڕەشە دەكات و خەڵك دەترسێت و مەنتیقە دادەخرێت، واتە لێك جیاوازە، ئەوەی گیلاس خان باسی كرد، میلیشیا بكرێتە هێزێكی چەكداری، هەر حیزبێك كیانێكی سیاسی و هێزێكی عەسكەری هەبێت، واتە میلیشیایە و هەمان نەوعە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان، خاڵێكە كە تەوزیحی هەبێت، هەموو نەسی جەزائی وەكو حقوقیەكان دەڵێن، پێویستە زۆر ورد بێت، هیچ عقوبەیەكیش نابێت ئەگەر نەسێك نەبێت، لەبەرئەوە، ئەوە لە جێگای خۆی هاتووە، لیژنەی یاسایی و ناوخۆش لەسەر ئەسڵی مەوزوعەكەن، دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام نیساب كەمە، كێ ئێستا لەگەڵ ماددەكەیە وەكو خۆی بێت كە هەر دوو لیژنە پشتیوانی لێ دەكەن، تكایە دەستتان بڵند بكەن؟ فەرمووون، كێ لەگەڵ دانیە؟ یەك كەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی دواتر، كاك خلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا جێگای تەسبیتی ئەو ماددەیە، ئەوەی پێشتر دەنگمان بۆی داوە، دەبێتە ماددەی 21، لێرە تەسبیت دەکرێت، ئەخیری ئەو فەسڵە، دوای ئەو مادده وای لێ دێت (تمنع الدعاية الانتخابية بكافة أشكالها قبل ثمانية واربعين ساعة من موعد فتح باب التصويت) ئەمە دەنگمان بۆی داوە، ئەو مادده دێتە ئێرە، بوعده.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەنگمان بۆ ئەوە دا كە ئەو ماددەیە لە نیهایەتی فەسڵەكە دابندرێت، بەڵام ئەو سیاغەیە بەڕاستی پێویستی بە چارەسەر هەیە، لەبەرئەوە دەڵێت پێش 24 سەعات قەدەغە دەكرێت، ئەی ئەگەر كیانێكی سیاسی............ ؟.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

تكایە ئەوە دەنگمان بۆی داوە، پەسەند كراوەو زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان بەو شكلە قەبوڵیان كرد، بۆ ماددەیەكی تر تكایە، دواتر ماددەیەك پێشنیار بكەن، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

## بەشی شەشەم

## تاوانەكانی كاتی هەڵبژاردن

ماددەی بیست و دوو:

هەر كەسێكی بەیاننامەیەك یان وێنە یاخود بڵاوكراوەی هەڵبژاردنی تایبەت لەدەرەوەی شوێنەكانی بۆی تەرخان كراوە هەڵواسێت بەگرتن حوكم دەدرێت، كەلەمانگێك زیاتر نەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

## الفصل السادس

## الجرائم الانتخابية

المادة الثانية والعشرون:

يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على شهر كل من الصق البيانات أو الصور أو النشرات الانتخابية الخاصة خارج الأماكن المخصصة لها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكى):**

بەڕێزان كەس لەسەر ئەمە قسەى هەيە؟ كاك رشاد فەرمووو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من پێشنيار دەكەم ( يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على شهر أو بغرامة لاتزيد عن مائة الف دينار) لە حاڵەتى ئينتيخابات، بۆ خۆتان دەزانن لە جێيان سەيارەى دەڕازێننەوە، وێنەى لێ قەيم دەكەن، هەندێك جار مێرمنداڵێكە رسمێك بە ديوارێك هەڵدەواسێت، ئەوە ديارديەكى باش نيە بيگرن و ڕاستەوخۆ لە ژوورێى بكەن، مادام حوكمە با غەرامەشى لەگەڵ بێت، يەعنى يان غەرامە يان حوكم، بكرێتە ( يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على شهر او بغرامة لاتزيد على مائة الف دينار كل من الصق البيانات أو الصور أو النشرات الانتخابية الخاصة خارج الأماكن المخصصة لها).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكى):**

كاك بكر فەرمووو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من پێم باشە، بەگرتن حوكم بدرێت تاڕۆژى ئينتيخابات، دواى ڕۆژى هەڵبژاردن ئازاد بكرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكى):**

ليژنەى ياسايى رەئيتان تكايە؟ كاك خليل فەرمووو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقى ماددەكەين وەكو خۆى بمێنێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكى):**

ليژنەى ناوخۆ رەئيتان؟ فەرمووو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە كە ئەو سزايانەمان داناوە، بەڕاستى هەم بە هەماهەنگى هەردوو ليژنە، لەناو ئەوانەى سياغەى مەشروعەكەيان كردووە لەگەڵ هەردوو ليژنەكە، هەروەها هەوڵمان داوە نەسەقێكى هەبێت لەگەڵ ياساى هەڵبژاردنەكانى ئەنجومەنى پارێزگاكانى عيراق و، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكى):**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدان، کێ دەیەوێت ماددەکە وەکو خۆی بمێنێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدانیە؟ یەك کەس، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەیەکی تر، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 24 کە دەبێتە ماددەی 23.

ماددەی بیست و سێ:

ئەو کەسە بەماوەیەك حوکم دەدرێت کەلەمانگێك کەمتر نەبێت و لە شەش مانگیش زیاتر نەبێت، بەغەرامەیەکیش کەلەیەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، ئەگەر سەرپێچی ماددەکانی ژمارە (17 ـ 18-19-20-21) ی ئەم یاسایەی کرد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة والعشرون:

يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن شهر ولا تزيد عن ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن مليون دينار ولا تزيد على خمسة ملايين دينار من خالف أحكام المواد (17 ـ 18-19-20-21) من هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش ئەوەی دوو ماددە ئیلغا کرا لەو پرۆژەیە سیغەکەی بەو شێوەیە دەبێت:

ماددەی بیست و سێ:

يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن شهر ولا تزيد عن ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن مليون دينار ولا تزيد على خمسة ملايين دينار من خالف أحكام المواد (15، 16 ، 17 و 18 و 19) من هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە کە بووەتە ماددەی 24 ، ئەو سزایانە، بە رەئی من سزایەکان کەمن، لەبەرئەوەی ئەو تاوانانەی باسکران لە پێشەوە ئەو سزایە زۆر کەمە بە تایبەت بۆ ماددەی 21 کە باس لە بەکارهێنانی

ماڵی گشتی و بودجەی وەزارەتەکان دەکات بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردن، چۆن دەبێت ئەوەیان؟ لێرە ئەگەر بێتو ئەو بتوانێت ماڵی گشتی یان بودجەی وەزارەت بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردن بەکاربهێنێ، دەشتوانێ ئەو غەرامە کەمەی کە لێرە دانداراوە بیدات، بۆ نموونە لێرە غەرامەکە دەڵێت (لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد عن عشره ملايين دينار) ئەوە زۆر کەمە، حەقە حەبسەکەش عەینەن شت بەڕای من زیاد بکرێت، بکرێت بە (ستة اشهر، لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد عن سنة)، 21 یش ببرێت بۆ بڕگە 2ی ماددەی 30، چونکە ئەو تاوانە لە ماددەی 21 گەورەترە، حەقە ببرێتە بڕگەی 2 لە ماددەی 30 کە لێ ستاندنەوەی سیقەیە لەو کیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەیەکمان هەیە، ماددەی 21 کە (تمنع الدعاية الانتخابية قبل مدة 48 ساعة) مەفروزە ئەمیش بچێتە پاڵ ئەو ماددانەی تر، بۆ ئەوەی ئەو کیانە سیاسیە یاخود ئەو لیستەی کە بە پێچەوانەی ئەوەوە هەڵسێ، ئەویش بتوانێ هینێکی بەرامبەر بکەی، یەعنی ئێستا ئێمە بەو تەسەلسولەی تازە بیگۆڕین دەبێت بە 15 و 16 و 17 و 18 و 19، ئەی ماددەی 21 کە ئێمە ئیزافەمان کردووە، ئەوە چۆن چارەسەر بکەین و لە کوێ عقوبەی بۆ دابنێین؟ من پێم باشە هەر لەوێ دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاک رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم حەبس و غەرامە نەبیت بە یەکەوە، ئێمە لێرە حوکمەکەی دەدەین، با مەجالێك لێ گەڕێین بۆ قازی بڕێك مرونەتی بمێنێت، یان حوکم بێت یان جەزا، بەو شێوە بێت (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن شهر ولاتزيد عن ستة اشهر أو بغرامة لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد على خمسة ملايين دينار).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئیەکەی مام ڕشاد دام، ئێمە ماوەیەکە مولاحەزە دەکرێت زۆر پاپەندین بە دەقە جامدەکان، خاسەتەن عقوبات، کە فەلسەفەی سزادان نابێت بەو شێوەیە بێت، یەعنی حبس و غەرامە بە یەکەوە بە بێ ئەوەی هیچ مەجالێك و سوڵتەیەك بۆ قازی بەجێ بهێڵی بۆ ئەوەی بە پێی زروفی قەزیەکە، زروفی موخەففەفە قەزائی و قانونی، لێرەدا لە مەحاکم ناکرێت تۆ بیبڕینەوەو یەکسەر حەبس و غەرامە پێکەوە بێت، حەبس و غەرامە یان (بتلك العقوبتين) یان بە هەریەك لە عقوباتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیەکەم لەگەڵ ڕەئیەکەی مام ڕشاد و کاك کریمە، بەڵام حوکمەکە یان ئەو بێت یان ئەو، ئەو حوکمە کەمە مانگێك تا 6 مانگ، 6 مانگ تاساڵێك بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 23 کە ئەو بڕگانە (15 و 16و 17 و 19) ئەو ماددانە هەموویان نەفسی عقوباتن، ئەگەر بێین موقارەنەی بکەین، هەندێك عقوبات هەیە خەفیفن، یەعنی هەندێك لەو ماددانە هەیە موخالەفەی خەفیفە و هەندێکیشیان توندە، بۆ نموونە ماددەی 15 یەعنی تۆزێك توندە، ئەگەر موقارەنە بکەی لەگەڵ ماددەی 19، کە ماددەی 19 خەفیف ترە، لە هەمان کاتیش دا ماددەی 22 کە بووەتە 20 خۆی بڕگەی 2 و 3 (يحرم حزب)، یەعنی حیزبەکە لێرە کە حەرمان کراوە ئەسڵەن، یەعنی لەسەر ئەوە عقوبەشی دەدرێتێ؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیارەکەی سارا خان و گەلاوێژ خان دەکەم، بەڕاستی ماددەکانی 15 و 16 و 17 و 18 و 19 ئەوەی کە بووە بە 19 و 20 ئەمانە موخالەفەی زۆر قورسن باسی ئەوە دەکەن، بەکارهێنانی دام و دەزگای حکومەت، بەکارهێنانی پارەی دەوڵەت، بە خائین ناساندن و تەکفیر کردنی خەڵك، چۆن دەبێت عقوبەکەی ئەوەندە کەم بێت؟ من پێم وایە عقوبەکەی وەکو حەبسەکەش زۆر کەمە و پارەکەشی زۆر کەمە، بۆیە تۆ

ئەوە بکە بە دوو ماددەی جیا، (15 و 16 لەگەڵ 19 و 20 )جیابکرێتەوە عقوبەکەی زیاد بکرێت، چونکە ئەگەر سەیری ئەوە بکەین و بگەڕێینەوە بۆ ئەوانە موخالەفەی زۆر قورسن، ناکرێت بە ئەوەندە، بە تایبەتی کە مانگێك بۆ 6 مانگ بێت، حاکم دەتوانێت ئیفراجی بکات و حوکمەکەی بەسەرا جێ بەجێ نابێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەسڵی پێشوو ماددەی 21 مان ئیزافە کرد، ئەگەر بکرێت بۆ ماددەی 21 یش ئەگەر یەکێك موخالفی ئەو 48 سەعاتە بێت، عقوبەیەك دادەندرێت، چونکە من ئەیبینم بەڕاستی لەگەڵ ماددەی 15 و 16 و 17 و 18 و 19 عقوبەکەی یەك ناخرێت، چونکە تۆزێك ئەخفترە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەویش مەسەلەن عقوبەیەکی بۆ دابندرێت ئەو ماددەیەش، جا نازانم لیژنەی ناوخۆ و یاساییش چۆن جێگەی دەکەنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

فضیلە خان فەرموو.

**بەڕێز فضیلە رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی نەفسی تێبینیە کاك رشادم هەیە، ڕاستی یان غەرامە بێت، یان حەبس بێت، بەس ئەگەر حەبس بێت ئەو حەبسە زۆر کەمە، ئەگەر غەرامە بێت ژی زۆر کەمە، هەردووکیان زیاد ببیتن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی و ناوخۆ پێکەوە فەرموون رەئیتان، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێزخلیل ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەوزوعی کە دەڵێین حەبس ژی بیت و غەرامە، مە گۆتیە ئەو ئێمە زۆر حەریسین ئینتیخاباتی ئێمە لە ئەجوایەکی زۆر باش بکرێت، نزیك بن ئەم شتانە تێدا نەبێت و لە لیستی ڕەش دەربچین، با لەگەڵ ئەو تەوەجوهە بین، عقوبات نەوعەن ما موشەدەد بن، یەعنی لێرە حەبس و غەرامەیە، هەردووکی پێکەوە بن، ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم، دەڵێین ئەمە هەندێك عقوبات، عقوباتی موخالەفە کردنی خەفیفە، هەندێکیان زۆرە و هەمووی وەکو یەکن، ئەوەش مودەی حەبسەکە لە مانگێك تا 6 مانگە، غەرامەیەکیش

له 1 ملیۆن تا 5 ملیۆن، مەعنای وایە بۆ تەقدیری قازیە، ئەو تەقدیری دەکات نەوعی موخالەفەی ئەم حوکمە چۆن دەدات، ماددەی 21 تەئیدی خوشکە سۆزان دەکەین کە 21 یش ئیزافە ببێت لەوە، ئەما ماددەی 20، ئەوە موعالەجە کراوە لە ماددەی 30، ئەو بە فەقەراتە موعالەجە کراوە، بەس 21 ئیزافیە و ئەویش دەکەوێتە ژێر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆربەی پرسیارەکان هاوڕێم کاك خلیل جوابی دایەوە، تەنها لەسەر ئەو پێشنیارەی سۆزان خان، ئێمەش پشتگیری لەوەی دەکەین کە ماددەی 21یش ئیزافە بکرێت، بەڵام لێرە خاڵێکی تر هەیە کە لە ماددەی 30 ئەگەر کیانی سیاسی پێشێلی هەر خاڵێك بکات و جەریمەیەك بکات ئەوە لێرە 50 ملیۆن دینار غەرامە دەکرێ، بەڵام بەو ئیزافەیە ئەگەر ئەشخاسیش بیکات مانگێك تا 6 مانگ غەرامە دەکرێ و کیانە سیاسیەکەش 50 ملیۆن غەرامە دەکرێ و، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەداخەوە ئەو پەرلەمانتارانە حەق وایە هەموویان حزوریان هەبێت، نابێت بەزۆری غیابیان هەبێت، من زۆر بە زاهیرەیەکی زۆر زۆر خراپی دەزانم، ئێستا نیساب تەواوە، ئێستا ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوە بوون، سزاکە زیاتر بێت بۆ ئەوەی کە دەنگدانەکەی هەڵبژاردنەکە بە پاکی و بە ڕێك و پێکی بڕواتە پێشەوە، نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو کاك رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من پشتگیری لێ کرا، من گوتم یا جەزا یان غەرامە، سێ ئەندام پشتگیری لێ کرد، بۆ باس لەوە نەکرا؟.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك سەردارفەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەو بارەیەوە پێمان وایە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، لەبەرئەوەی ئەوانەی ئەو برادەرانە باسی لێوە دەکەن، بەڕاستی تۆزێك لە تەخفیفی تێدایە، ئێمە بۆیە ئەوە دەڵێین بۆ ئەوەی هیچ کەسێك دەوائیری حکومەت بەکارنەهێنێت لە ئینتیخابات، ئێمە لەحرسمانە بۆ ئەوەی کە کەس ئەموالی عام، میزانیەی وەزارەت بەکارنەهێنێت، لەبەرئەوەی دعایەی ئینتیخابی خیداعی ناخبینی تێدا نەبێت، غەشی تێدا نەبێت، تەشهیری تێدا نەبێت، بۆیە ئێمە ئەو تەشدیدەمان بەکارهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کوێستان خان فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە، کاک کریم لە جێگای خۆت قسە مەکە!

**بەڕێزکوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە گوتمان عقوبەکە کەمە کاک سەردار دەڵێ گوتوویانە زۆرەو کەم بکرێت، ئێمە دەڵێین کەمەو زۆر بکرێت، ئێمە 5 کەس تەئیدی ئەوەمان کرد کە ئەمە جیابکرێتەوە، 15 و 16 و 19 و 20 یەکەمی جیابکرێتەوە و بکرێت بە دوو ماددەی جیا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاک سەردارفەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم مام رشاد و کاک کریم بحری بوو، ئەوان گوتیان (مده لاتقل عن شهر ولاتزيد عن سته اشهر) ئێمە گوتوومانە (بغرامه)، ئەوان دەڵێن (أو بغرامه)، یەعنی یان ئەو یان ئەو، من جوابی ئەوانەم دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو کە تەشدیدی عقوبە بکرێت، لەگەڵ ئەوە داین عقوبەکە زیاتر بکرێت، بەڵام حوریەت بدرێتە قازی و دەستی کراوە تر بێت، بۆ ئەوەی کە هەندێك زروف دێتە پێشەوە کە لەوانەیە بەس بە غەرامە حوکم بدات، حەبس و غەرامە بێت پێکەوە، (أو كلتا العقوبتين)، (أو باحدى العقوبتين)، یەعنی مەجالێك بدرێت بە یەکێك لە عقوباتەکان عقوبە بدرێت، مەبەستمان ئەوە نەك ئەوەی تەخفیف بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەڵێ ئێستا 3 بۆچوون هەیە، یەکەم: کاك رشاد پێشنیاری کرد کە یان حەبس بێت یان غەرامە، جیا بکرێت، دووەم: ئەوەی گەلاوێژ خان و کوێستان خان پێشکەشیان کرد کە عقوبەکە تەشدیدی زیاتر بکرێت، سێیەم: لیژنەی یاسایی و ناوخۆش لەگەڵ ئەوەن وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێستا سێ بۆچوون هەیە، ئێستا ئەوەی کاك رشاد دەیدەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە جیابکرێتەوە یان عقوبە بێت یان غەرامە بێت؟ ئەوەی داوای تەشدید دەکەن ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ باشە ئەوانەی دەیانەوێت تەشدید بێت بە چ شکڵێك بێ سیاغەکەی بنووسنەوە، بمان دەنێ بۆ ئەوەی ئەو

ساغەیە بخەینە دەنگدانەوە، کێ دەیەوێت جودا بێت ئەویش بیدات، چونکە ئێستا دوو موقتەرەحی تازە هاتووە یەکێك تەشدید بێت، یەکێکی تر پێی وایە جودا بێت، هەردوو لیژنەکە لەگەڵ ئەوەن وەکو خۆی بمێنێت، ئەوانەی موقتەرەح پێشکەش دەکەن تەئخیر نەبن، چونکە حەقتان سقوت دەکات، کاك رشاد ئەگەر موقتەرەحەکەتان نیەت سقوت دەکات تکایە؟ بەڕێزان ئێستا موقتەرەحەکان هاتن، یەکەم: ئەوەی داوای تەشدید دەکات دەڵێت (یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزید عن سنة وبغرامة لاتقل عن خمسة ملایین دینار ولاتزید عن عشرة ملایین دینار لکل من خالف المواد (15 و 16 و 17 و 18 و 19 و 20، اولا)، ثانیا: یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن شهر ولاتزید عن ستة اشهر وبغرامة لاتقل عن ملیون و لاتزید عن خمسة ملایین من خالف احکام المواد 17 و 18 و 19 و 20)، ئەمە موقتەرەحێکە، موقتەرەحێکی تریش هەیە (یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن شهر ولاتزید عن ستة اشهر وبغرامة لاتقل عن عشرة ملایین أو باحدی هاتین العقوبتین)، هی سێیەمیش وەکو خۆیەتی کە لە ئەسڵی ماددەکە هەموو کوتلەکان لەسەری موافق بوونە، هەردوو لیژنەش ئێستا موقتەرەحی یەکەم ئەوەی (یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزید عن سنة وبغرامة لاتقل عن خمسة ملایین دینار ولاتزید عن عشرة ملایین دینار لکل من خالف المواد (15 و 16 و 17 و 18 و 19 و 20، اولا)، )، ثانیا: یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن شهر ولاتزید عن ستة اشهر وبغرامة لاتقل عن ملیون و لاتزید عن خمسة ملایین من خالف احکام المواد 17 و 18)، ئەمە دەخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە ئەڕوات، ئەگەر نا موقتەرەحی دووەم دەخەینە دەنگەوە لەگەڵ مەشروعی ئەسڵی، ئەو بەڕێزانەی کە لەگەڵن ئەوەی ئەخیرەن خوێندمانەوە کێ لەگەڵە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، 9 کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ نیە؟ فەرموون، ئەو موقتەرەحە رەفز کرا، سوپاس، دەچینە موقتەرەحی دووەم، (یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر ولاتزید علی سنة وبغرامة لاتقل عن عشرة ملایین أو باحدی هاتین العقوبتین)، وای نووسیوە خاوەن موقتەرەحەکە، کێ لەگەڵ ئەمەیە تکایە دەستی بڵند بکات؟ 7 کەسی لەگەڵە، کێ لەگەڵ دانیە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەسڵی مەشروعەکەیە بەو شێوەیەی کە لیژنەی یاسایی ئیزافەی کرد، بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، کاك سەردارفەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەی 21 مان ئیزافە کرد بۆیە بەو شێوەیە و بەو سیاغەیە دەبێت دەیخوێنینەوە وایە، ماددەی 23 (یعاقب بالحبس مدة لا تقل عن شهر ولا تزید عن ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن ملیون دینار ولا تزید علی خمسة ملایین دینار من خالف أحکام المواد (15، 16 ، 17 و 18 و 19 و 21) من هذا القانون. سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەموون، کێ لەگەڵ نیە؟ 11 کەس لەگەڵ دانیە، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە قبوڵ کرا، بەڕێزان بۆ ماددەیەکی تر تکایە، کاک جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست وپێنجەم کە بووەتە ماددەی بیست و چوارەم.

ماددەی 24:

بە گرتن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، وە بە غەرامەیەکیش لە سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت، و لە پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت هەر کەسێك ئەمانەی کرد:

یەکەم: بە ئەنقەست ناوێك یان تاوان یا سیفەتی قەڵب لە خشتەی هەڵبژێرەکان دابنێت، یاخود بە ئەنقەست ناوێك بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دابنێت.

دووەم: هەر کەسێك گەیشتە ناونووسکردنی خۆی و یان ناوی غەیری خۆی، بە بێ بوونی مەرجی پێویستی یاسایی و، دەرکەوت کە بەمە دەزانێ و، هەر کەسێکیش گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ناوێکی تر دابنێت یاخود لابدات.

سێیەم: لە هەڵبژاردندا دەنگی خۆی داو دەشیزانی ناوی لە تۆماری هەڵبژاردنەکاندا بە نایاسایی نووسراوە، یاخود مەرجە یاساییە پێویستیەکانی لە بەکارهێنانی مافەکەی لە هەڵبژاردندا لە دەست داوە.

چوارەم: بە ئەنقەست دەنگی بە ناوی غەیری خۆی دا.

پێنجەم: نهێنی دەنگدانی دەنگدەر بە بێ ڕەزامەندی خۆی بڵاو کردەوە.

شەشەم: بە کارهێنانی مافی خۆی لە هەڵبژاردنێك بۆ زیاتر لە جارێك.

حەوتەم: لیستی هەڵبژێری نەخوێندەواری گۆڕی و ناوێکی نووسی یان ئاماژەی ئەو ڕەمزەی کرد کە مەبەستی هەڵبژێر نییە، یاخود کۆسپی خستە پێش هەر هەڵبژێرێك بۆ لە دەستدانی مافی هەڵبژاردنەکەی.

هەشتەم: خۆی لە زیاتر لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا یان لیستێکی هەڵبژاردن پاڵاوت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 24:

يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة أشهر، و بغرامة لاتقل عن مئة ألف دينار و لا تزيد على خمس مئة ألف دينار كل من:

أولا: تعمد إدراج إسم أو أسماء أو صفات مزيفة في جداول الناخبين، أو تعمد عدم إدراج إسم خلافا لأحكام هذا القانون.

ثانيا: توصل إلى إدراج إسمه أو إسم غيره دون توافر الشروط القانونية المطلوبة، و ثبت أنه يعلم بذلك، و كل من توصل إلى عدم إدراج إسم آخر أو حذفه.

ثالثا: أدلى بصوته في الإنتخاب و هو يعلم أن إسمه أدرج في سجل الناخبين خلافا للقانون، أو أنه فقد الشروط القانونية المطلوبة في إستعمال حقه في الإنتخابات.

رابعا: تعمد التصويت بإسم غيره.

خامسا: أفشى سر تصويت ناخب بدون رضاه.

سادسا: إستعمل حقه في الإنتخاب الواحد أكثر من مرة.

سابعا: غير إرادة الناخب الأمي و كتب إسما أو أشر على رمز غير الذي قصده الناخب أو عرقل أي ناخب لمنعه من ممارسة حقه الإنتخابي.

ثامنا: رشح نفسه في أكثر من دائرة أو قائمة إنتخابية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

بەڵێ، بەڕێزان ئێستا كێ دەیەوێ قسە بكات لەسەر ئەمانە، زۆر زۆر تەبیعیە لە جەلسەی ئەمڕۆ، ئەوانەی دەیانەوێ قسە بكەن، ناویان بنووسین، ڕەجائەن موراعاتی ناو جەلسەكە بكەن، ئێرە جەلسەی پەرلەمانی كوردستانە، زۆر بە ئیحتیرام ئەوە بكەن، تكاتان لێ دەكەم، ئەو بەڕێزانەی كەناویان نووسیوە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ماددەكە دەكەم بە تەواوی، بەڵام وا مولاحەزە دەكەم لە كاتی چاپ كردنی، بڕگەك لە ماددەكە لادراوە، تێدا نەنووسراوە، ئەویش ئەوەیە( قام بالتزویر أثناء فرز الأصوات)، پێشنیار دەكەم ئەگەر وابێ، ئەوە ئیزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركوكی):**

كاكە لە خۆی دەپرسێ، كەس وەكیلی كاك عونی نیە لە باتی ئەو جواب بدا، ڕەجائەن، نەختێك هدوء ڕابگرین، بۆ ئەوەی ئیشەكانمان بڕوات، وا سەعات شەش و بیست دەقیقەیە، زۆریش هەمووتان هیلاكن، مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم أبو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەس مولاحەزەم لەسەر سابیعەنی هەیە، فەقەرەی حەفتەم کە دەڵێ( غیر إرادة الناخب الأمي)، مەرج نییە ئومی بێ، چونکە هەتا کوێریش بێ، یەعنی هەر ئومیەکەی لاببەن، ئەو قەیدەی ناوێ، هەر ناخیب مادەم ئیرادەی گۆڕی، یەعنی ئەوە شتێکی خراپە، یەك ئەوە، مولاحەزەکم لەسەر ئەوەی جەنابی کاك عونی کە دەڵێ تەزویریش بەگەڵ دەن، تەزویر عقوبەی حەبس نیە، سجنە، لەبەر ئەوەی دەبێ ئەوە ئەگەر وا بێ، ئەگەر تەزویری باوێینە ناوی، دەبێ سجنیش داخل کەین، سجن لە پێنج ساڵ پترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

فەزیلە خان، فەرموو.

**بەڕێز فضيلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ئەو خاڵانە بکەین، ئەو موخالەفە و ئەو عقوبە، یەعنی سەیری غەرامەکی بکەین، ڕاستی زۆر کەمە، چونکە من بە چاوی خۆم دیتمە، تەغیری ئیرادەی ناخیب چەند هاتیە کرنێ، یەعنی مەنعی ناخیبی کردییە لە تەسویت، ئەوە شتێکی بچووك نیە بە ڕاستی، لازمە غەرامەکە توند تر بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە أولا (جداول الناخبين)، ئێمە لە قانونەکانی خۆمان لامانبرد، لە ئی موحافەزەو لەوەش، دەکەینە ( سجل الناخبين) لێرە دەگۆڕێت، سەدری مادەکەش بە ڕاستی تەماشا دەکەین، حەبسەکە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، بەڵام غەرامەکە سەد هەزارە، یەعنی تەوازون نیە لە بەینی ئەو عقوبە بە قوەتەی کە حەبسە و، ئەو مادەیەی پێشتر لە بەینی مانگێك هەتا شەش مانگ بوو، کە چی غەرامەکە یەك ملیۆن دینار تا پێنج بوو، بۆیە یان دەبێ غەرامەکە زیاد بکەین، لە ملیۆنێك بۆ پێنج ملیۆن بۆ ئەوەی موقابیلی حەبسەکەی تەوازونێك هەبێ لە عقوبەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر ئەیڵێمەوە، یەعنی هێنراوە جارێکی تر، کۆمەڵێك جەریمەی ئینتیخابی کە زۆر فەرقیان هەیە، فەرقی ئەوە یەکێك ناوی خۆی بخاتە ناو لیستەکانەوە، بە بێ ئاگاداری، زۆر زیاترە لەوەی کە بچێ بڵێ وەڵلا من ئاگادارم فلان کەس دەنگی داوە بۆ فلان لیست، یەعنی ئەو دوو شتە زۆر زۆر جیاوازە، هەمووی هێنراوە دەرج کراوە بۆ یەك جۆر عقوبە، ئەو جاری بۆ مادەکەی پێشوو تریش، داوامان کرد

وتمان جیاکرێتەوە، هەر جەریمە و قورسایی خۆی هەیە، من ڕەئیم وایە یەکەم، دووەم، سێیەم، لەگەڵ هەشتەم، لەبەر ئەوەی ئەوانە جەریمەن، بە ڕاستی ئەو کەسە حەقی ئەوەیە سجنیش بکرێ، و غەرامەکەشی زۆر لەوە زیاتر بێت، بەڵام ئەوانی تر حەبسێکە یاخود ئەوەی کە هاتووە، سەد تا پێنج سەد هەزار، بکرێ بە دوو بڕگە چونکە جەریمەکان لە قورسی و سووکی دا فەرقی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکوکی):**

د. شکریة، فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەم ماوەیە کە بۆ شەش مانگ کەمتر نەبێت ئەگەر بگیرێت، وە غەرامەکەی سەد تا پێنج سەد هەزار بێت، ئەمە زۆر بە کەمی ئەزانم، چونکە یەکێك کە فێل دەکات، یا حیلەیەك دەکات، یا جریمەیێك لێرەدا نووسراوە، ئەم هەموو شتانەی کە کردووە، ئەم هەشت خاڵەی کە هەمووی لە خۆیدا کۆ کردبێتەوە ئینجا بێین سەد هەزار غەرامەی بدەین یاپێنج سەد، زۆر زۆر کەمە، من پێشنیازی ئەوە ئەکەم ئەو شەش مانگەی کە بۆ دائەندرێ ئەو سەد هەزارە بکرێت بە ملیۆنێك، ئەم پێنج سەد هەزارەش بکرێت بە دوو ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك شێخ الله، فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله إبراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من دەربارەی سزاکەی شەش مانگ حەبس و سەد هەزار غەرامە کەمتر نەبێ و پێنج سەد زیاتر نەبێ، شەش مانگەکەم پێ زۆرە بکرێتە سێ مانگ، بەڵام غەرامەکە یەکجار زۆر کەمە، ئەسڵەن سەد هەزار یەعنی نازانم چییە، غەرامەی چییە؟ پێم وایە غەرامەکەی لە ملیۆنەك کەمتر نەبێ و لە سێش زیاتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە تەواوەتی پشتگیری لە بۆچوونەکەی مامۆستا شیخ الله دەکەم، بەڕاستی ئێمە دەبێ لە هەندێ حاڵەتدا تۆزێك ورد ببینەوە لەوەی کە ئەو بڕگانەی کە لەم ماددەیە هاتوون، لە موقابیل ئەوەی کە ڕاستەوخۆ فەترەییێك بگیرێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، شەش مانگ فەترەیێکی زۆرە، غەرامە ماددییەکەش کەمە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر وەکو مامۆستا شیخ الله ئیشارەتی پێدا، بکرێتە سێ

مـانگ و غەرامـە مادييەكـە برێـك زيـاد بكرێـت، ئەمـە يەكـەم، دووەم برگـەی هەشـتەم، بـەرێز سـەرۆكی پەرلەمان، من پێم وايە جێی نابێتەوە لێرە، لەبەر ئەوەی هەر كەسێك خۆی لە بازنەيەكی هەڵبژاردن، يـان ليستەكی هەڵبژاردن بپاڵێوێ، ئەوەلەن ئێمە لەم ياسايە وتومانە، هەر پارێزگايـەك بازنەيـەكی هەڵبژاردنـە، دووەم: ئەو ناوانـەی كـە تەقـديم دەكرێـت، دەسـتە فيلتـەری دەكات، بۆيـە ئيمكـان نيـە شـتی وا ڕوو بـدات، كەسێك لە دوو بازنەی هەڵبژاردن ناوی خۆی تۆمار بكات، وە ئەگەر حاڵەتێكی وا بوو بێت، بـە ڕاسـتی مـن پێموايـە دەسـتە بـەر پرسـيارە لـەوێ كـە پـێش ئـەوەی نـاوی مورەشـەحين ديـاری بكـات فيلتـەری ئەمـەی نەكردبێت، بۆيە من پێموايە لێرەدا جێی نابێتەوە برگەی هەشتەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

كاك بكر، فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا يەكەم من پێموايە فيعلەن، يەعنی ئێستاش هەر لەگەڵ ئـەوەدام گرتنەكـە شـەش مـانگ كـەمتر نـەبێ يان غەرامە، ناكرێ هەر دووكی، هەم گرتن و هەم غەرامەش، غەرامەكـە بـەڵام زۆر كەمـە، غەرامەكـە پـێم باشە يەعنی على الأقل مەسەلەن پێنـج سەد هەزار كەمتر نەبێ لە مليۆنێكيش زياتر نـەبێ، نوقتـەی دووەم بەڕاستی سۆزان خان باسی كرد، ئەو تاوانانـەی كـە لێـرەدا نوسـراوە هـەمووی وەكـو يـەك نيـە، ئـەی نـاكرێ لەسەر ئەوەی تەنها نهێنی ناخيبێكی دركاندووە لەسەر ئەوە شەش مانگ سجن بكرێ، لەبەر ئەوە بەڕاسـتی پێموايە ئەوانە جيابكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

سوپاس بۆ گشتتان، ليژنـەی ياسايی ڕەئيتان دەربارەی ئەو پرسيارانـە ، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كاك عونی باسی كرد من پێموايە لە ماددەی (28) كە بوويتە (27)، لە برگە يەك دەڵێ( إستحوذ أو أخفى أو عدم أو أتلف أو أفسد أو سرق أوراق الإقتراع أو جـداول النـاخبين أو غـير نتيجتهمـا بـأي طريقـة مـن الطرق)، (غير نتيجتهما)، واتا تەزويريش دەگرێتەوە، ئەوەی مامۆستا كاكە باسـی دەكـا كـە ئـومی لابـدرێت، بەڕاسـتی ئـەوەی ئـومی لابـدرێت، نـازانم ئەگـەر ليژنـەی قـانونی لەگـەڵ بێـت مانيعمـان نيـە، بـەڵام ئەگـەر عيلاجەكە وای لێ بكەين (أمي أو العـاجز)، چـونكە ئەگـەر بـە جـارەك لابـدرێت زۆر مەتلـەب دەمينێتـەوە، خۆی مەبەستی جەنابتان ،مەبەست ئەوە بوو ئەگەر نابينـا بێـت، ئـەوەی مەسـائيلی غەرامـەی بـاس كرايـە بەڕاستی ئەوەی مامۆستا شيخ الله، ئەوەی كاك زانا باسی كرد دەڵێ غەرامەكە كەمە، لێرە غەرامەكە بۆ كەم كرايتەوە؟ لەبەر ئـەوەی زيندانيەكـە زيـاد كرايـە، ئەگـەر سـەيری مـەوادی كـەش بكـەين ئـەوەی پاشـی دێ،

هەمووی غەرامەکان کەمتر کرایتەوە، لەبەر ئەوەی حەبسەکە یاخود زیندانیەکە زیاد کرایە، بۆیە غەرامەکەی لەگەڵ کەم کرایتەوە، مەسائیلی کە ئەگەر غەرامەکە کەم بکرێتەوە، حەبس کەم بکرێ یان زیاد بکرێ، بەڕاستی ئەوە قابیلی نیقاشە و بڕیار بڕیاری ئێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت من بەعزێ تێبینیم هەیە، کە سەیری ئەو قانونە دەکەم، ئەگەر من سەیری بکەم یان خەڵکی کوردستان نەناسێ و نەزانێ مستەوای زانیاری و پێشکەوتن وپیادەکردنی دیموکراسیەت لە کوردستاندا چەندە و چۆنە، یەکسەر وا هەست دەکات ئەمە بۆ کۆمەڵە خەڵکێك نووسراوە کە هیچ باوەڕی بە هیچ شتێك نیە، ئەمە زۆر خەتەرە، ئێمە لە (1991)ەوە تا ئێستا کار لەوە ئەکەین کە خۆمان بە شێوەیەکی جوان بناسێنین بە دەرەوە و لەو مەجالەشدا دەوری باشمان بینیوە، خەڵك باوەڕی پێمانە، خەڵك پارە و سەروەتی خۆی ئەهێنێ بۆ کوردستان، لەبەر ئەوەی سیقەی پێمانە، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە ئێمەیە کە ئێمە دەتوانین بارێکی لە بار دروست بکەین، بە حەقیقەت ئەم هەموو توند و تیژیە، پێدەچێ ئێمە قەرارێك دەردەکەین، وەکو قەرار دژی ئیرهاب بێ، ئێمە هەڵبژاردنمان لەبەردەستە، ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی ڕێك و پێك هەڵبژاردن بکەین، هەموو تەرەفێکی سیاسی، هەموو کەسێك لە عائیلەکەیدا تەربیەتی خەڵکەکەی خۆی بە شێوەیەك بدا کە باوەڕی بە ڕاستی بێ، باوەڕی بە ڕاستگۆیی بێ، باوەڕی بە ئینسانیەت بێ، باوەڕی بەوە هەبێ کە نابێ....... .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاکە ڕەجائەن لە مەوزووعەکە دەرمەچن، داوا کراوە ئەو بەڕێزانە غەرامە زیاد بکرێت، ئەو غەرامەیە، کاك شێروان نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا نوقتەی نیزامیەکەم ئەوەیە، کاك سەردار مەسەلەی حەبسی ئیشارە کرد بەڕاستی، من لێرەدا، یەعنی حەبس دەڵێ دەتوانین قسەی لێ بکەین، ئەوەی کە من بۆی دەچم حەبس ئیمکان نیە ئێمە قسەی لێ بکەی، چونکە عقوبەی حەبس دیارە هەتا پێنج ساڵە، واتا ئێمە کە دامان ناوە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ، دەڵێن حەبس، کە گوتمان حەبس یەعنی لە پێنج ساڵ زیاتر نیە، کەواتە جەسامەتی جەریمە حوکم دەکا،

كە ئايا قازى سێ ساڵ حوكمى بدا، دوو ساڵ حوكمى بدا، هەتا پێنج ساڵ، سەقفە زەمەنيەكە مەفتوحە بە نيسبەت قازى بۆ ئەوەى حوكم بدا بە پێى جەسامەتى جەريمەكە، واتا ئێمە كە دەڵێين( لا تقل عن ستە أشهر)، ئێمە قازيمان تەقيد كرديە كە ئەبێ لە شەش مانگ كەمتر نەبێ، بەڵام سەقفى زەمەنيەكە مەفتوح بوو بۆ قازى، يەعنى ئەعلايەكەى مەفتوح تا پێنج ساڵە، چونكە كەليمەى حەبسمان بە كار هێنايە، كەليمەى سجنمان بە كار نەهێنايە، واتا لە پێنج ساڵ و بەرەو ژوورە بە نيسبەت ئەو عقوباتانەى كە داندراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

وەڵلا ئەو خاڵەى كاك عونى باسى كرد، لەگەڵ جەنابى سكرتێر موناقەشەكمان كرد، ئەوەى لە مادەى 28 هاتيە، لە بڕگەى يەك( أو غير نتيجتهما بأي طريقة من الطرق)، هەندێك جار هەيە لەوانەيە تەزوير بە تەواوى نايگرێتەوە، كابرا يەعنى ئەو شەخصە تەزوير دەكا، بەڵام شەرت نيە نەتيجەى ئەوەكە بگۆڕدرێت، بۆيە ئەگەر بڕگەيەك ئيزافە بكرێت ئێمە لە گەڵێنە، ئەويش بەو شێوەيە، (تاسعا: قام بالتزوير أثناء فرز الأصوات).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكى):**

بەڕێزان زۆر لەئەندمانى بەڕێزى پەرلەمان داوايان كرد غەرامە زياد بكرێت، بۆ ئەمە ئەگەر نەسێكتان هەيە يا ئەگەر كاك زانا كە ئيقتيراحەكەى خۆى سەحب بكات، چونكە زيندانەكە، حەبسەكە زۆرە كەسێكيش ئەوەندە حەبس بێ، غەرامەيەكى زۆريش بدات، ئەوەيە، فەرموو كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من تەنها تێبينيم هەيە لەسەر تەوازونى عقوبەكەى هەبوو، تۆ دەڵێى لە شەش مانگ كەمتر نەبێ، باشە با بيكەين بە لە شەش مانگ زياتر نەبێ، ئەوجا موقابيلى غەرامەكەى متەوازنە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكى):**

ئاخر شەرحيان كرد ئەڵێ حەبس، حەبس ئەبێت لەو فەترەى كەمتر نەبێت، كاك فرست موداخەلەى هەيە تكايە، كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەوى كاك زانا باس دەكات، ئەگەر عقوبەى بەديل بێتن، يەعنى غەرامە لە باتى حەبس بێت، من لەگەڵ ڕەئى ئەوم، بەس ئەوە عقوبەى بەديل نيە، هەم حەبسە هەم غەرامەيە، لەبەر ئەوە وەك خۆى بمينێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكى):**

بەڕێزان ئێستا دیارە هەموو دەیانەوێ وەکو خۆی بمێنێتن، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە مادەکە وەك خۆی بمینێتەوە، دەستی بەرز بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دا نیە؟ فەرموون، شەش کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ مادەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی بیست و شەشەم، کە ئەبێتە ماددەی بیست و پێنجەم.

ماددەی 25 :

بە گرتن بۆ ماوەیەك سزا دەدرێ، کە لە مانگێك کەمتر نەبێ، و لە سالێکیش زیاتر نەبێ، هەر کەسێك ئەوانەی خوارەوەی ئەنجام دا:

یەکەم: بە ئەنقەست دەستدرێژی بۆ سەر وێنەکانی پالێوراوەکان بکات، یا بۆ سەر بەرنامەکانیان کە لە شوێنی تایبەتی هەڵواسراون، بۆ حیسابی یەکێکی تر، یان لایەنێکی دیاری کراو، بە مەبەستی زیان گەیاندن بەو پالێوراوە، یان کار تێکردن لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

دووەم: خۆ کێشانەوەی پالێوراوێکی لە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاگەیاند و دەشیزانی ئەو کارە ڕاست نیە، ئەمەش بە مەبەستی کار تێکردن بێ لەسەر هەڵبژێرەکان یاخود گۆڕینی دەنگەکانی پالێوراو بۆ خۆی.

سێیەم: دەست درێژی کردنە سەر هۆیەکانی ڕیکلامی هەڵبژاردنی کە ڕێی پێدرا بێ بە پێی یاسا بە هەر هۆیەك، جا بۆ کوژاندنەوەی یان دڕاندنی یان غەیری ئەمانە بێ، یاخود هەر دەستکاریەك لەم جۆرە بێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 25:

يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن شهر و لا تزيد على سنة كل من:

أولا: تعمد الإعتداء على صور المرشحين أو برامجهم الملصقة في الأماكن المخصصة لها لحساب آخر أو جهة معينة بقصد الإضرار بهذا المرشح أو التأثير على سير العملية الإنتخابية.

ثانيا: أعلن عن إنسحاب مرشح أو أكثر من العملية الإنتخابية و هو يعلم بأن الأمر غير صحيح بقصد التأثير على الناخبين أو تحويل أصوات المرشح إليه.

ثالثا: الإعتداء على وسائل الدعاية الإنتخابية المسموح بها قانونا، لأي سبب كان، سواء كان بالشطب أو التمزيق أو غير ذلك أو كل تصرف من هذا القبيل.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی، ڕەئیتان دەربڕن، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی سەرۆکایەتی لەگەڵ لیجانی تایبەتمەند و سەرۆك فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیجانەکان، وا پێکهاتین شەتبی ئەو جوملەیە بکەین( لحساب آخر أو جهة معينـة) لـە (أولا)، واتـا ئەگـەر هـەر یەکـە زێـدە ڕۆیی یا دەستدرێژی بکاتە سەر وێنەکانی پاڵێوراو و بەرامجەکان و ئەوەی هەر ئەگـەر لـە بـۆ جیهەتـەکیش نەبێ، هەمان سزای هەبێت و صیاغەکەی بەو شێوازە دەبێت:

أولا: : تعمد الإعتداء على صور المرشحين أو برامجهم الملصقة في الأماكن المخصصة لها. سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کێ ئەیەوێ قسە بکات لەسەری، سێ بەڕێز دەیەوێ قسە بکات، کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەقریبەن وەکو پرسـیارێك وایـە کەئەیکـەم، لـە زۆربـەی ماددەکـانی پـێش ئەمـە هـاتوون، کـە لـە بڕگەی ماددەکاندا عقوبەکان بە پارە و گرتن و حەبس کردن بووە، بەڵام لە مـادەی 25 و 26 کـە لـە دوای ئەو مادەیە دێ، تەنها حـەبس کردنـە، ئەمـە ئـەو پرسـیارەم هەیـە، بۆچـی ئەمـە کـە غەرامـەی تێـدا نیـە؟ ئەمیش غەرامەی تێدا بێ، مادام وەکو هاوشێوەی ماددەکانی پێشوو ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای ئەبینم، یەکەم و سێیەم عەینەن شتە، باس لەوە ئەکات یا ڕەسمەکانیان لێبکرێتەوە، یـاخود تەعـەدا لەسەر وەسائیلی ئینتیخابیان بکات، یەعنی هەردووکی عیبارەتە لەوەی کە ئەو کەسە تەعەدای لێبکرێ، لـە کاتی مومارەسەی حەقی دیعایەی ئینتیخـابی خـۆی، کەواتـە هـەردووکی یەکێکـە، ئـەتوانین وای لێبکـەین ( تعمد الإعتداء على صور المرشحين أو وسائل الدعاية الإنتخابية المسموح بهـا قانونـا)، ئـیتر تـەواو، ئەمـە سـزا ئەدرێ، سەبارەت بە خاڵی (ثانیا)ش، یەعنی ئەمە وەکو ئـەوە وایـە تـۆ چیرۆکێك شـەرح بکـەی (أعلـن عـن إنسحاب مرشح أو أكثر في العملية الإنتخابية وهـو يعلـم بـأن..)، یـەعنی ئـەوە شـەرح کردنـە، مـن پـێم باشـە بووترێ ( إعلان الدعايات المغرضة للطرف الآخر في العمليات الإنتخابيـة)، ئـیتر ئـەم دیعایەیـە بـە هـەر چـی نەوعێك بێ لە دیعایەتی موغریزە بخرێتە ئەو بابی سزایەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سۆزان خان بیر و بۆچوونەكەی منی باسكرد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

بەڕێزان لیژنەی یاسایی و ناوخۆ لە دەربارەی ئەو بۆچونانە، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ئەو پرسیارەی كاك حاتم كردی، بەڕاستی لە دەست نیشان كردنی سزایەكان لەو یاسایەدا و لە هەموو یاساكان، چەند خاڵەك هەیە تەحدیدی دەكات، خاڵی كە لە هەموو یاساكان مەبەستم ئەوەیە بەپێی جەسامەتی جەریمەكە، جەریمەكە چەند گەورە بێت، سزایەكە ئەوەندە دەبێ، واتا دەبێ نەسەقەك هەبێ لە نێوان جەسامەتی جەریمە و سزایەكان، خاڵی دووەم: ئەمە وەكو باسمان كرد ئەو برادەرانەی صیاغەی ئەو مادەیان كردییە، بە ئیتیفاقی خۆیان لەگەڵ لجنەی قانونی بە تایبەتی و لجنەی ناوخۆ ئەو سزایانەیان دانایە، خاڵی سێیەم: ئێمە هەوڵمان دا لەبەرئەوەی تۆزێك رەبت هەیە لەگەڵ عیراق، لەوانەیە هەندێك كیاناتی دی لەولاش هەبێ، بیانەوێ لێرە لە مەجالیس موحافەزاتی خۆمان خۆیان تەرشیح بكەن، محاوەلەمان كردییە نەسەقێك هەبێ لە نێوان سزاكانی ئێمە و سزاكانی ئەوەی شوێنەكانی تری بەغدا، ئەوەی سۆزان خان باسی كرد، بە ڕاستی لێرە جیاوازییەك هەیە، لەبڕگە یەك باسی (صور المرشحين) و بەرامجەكان دەكات، كەچی لە بڕگە سێ باسی هەموو وەسائیلی دیعایەی ئینتیخابی دەكات، هەر وەسائیلێك بێت جیاوازییەكە، ئەو صیاغەی جەنابیشت پێشنیارت كرد، من پێموایە جۆرێك لە صیغەی موتڵەقی تێدایە ئەو صیغە موتڵەقە لە مەوادی دیكە موعالەجەی كردییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا یەك موقتەرەحێك هەبوو كە دەمج بكرێ، ئەویش سۆزان خان بوو، لیژنەی یاسایی وەڵامیان دایەوە، ئێستا نەصی مادەكە وەك خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرزبكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ، یەك كەس لەگەڵدا نیە، بۆ ماددەیەكی تر، لەگەڵ شەتبەكەی كە لیژنەی یاسایی و ناوخۆ ئیشارەتیان پێكرد، زۆر سوپاس، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و حەوتەم كە دەبێتە مادەی بیست و شەشەم.

ماددەی 26 :

بە گرتن بۆ ماوەیێك سزا دەدرێ، كە لە ساڵەك كەمتر نەبێ هەر كەسێك ئەمانەی كرد:

**یەکەم: هێز یان گەڤی بەکار هێنا بۆ نەهێشتنی هەڵبژێر، لە بەکار هێنانی مافی خۆی یان وای لیّ بکات بە جۆرێکی دیاری کراو دەنگ بدات.**

**دووەم: گەر شتێکی دا یان خستیە ڕوو یان بەڵێنی دا سوودێك بە هەڵبژێری یان غەیری ئەو بدات، تاكو بە جۆرێکی دیاریکراو دەنگ بدات، یاخود وا بکات دەنگ نەدات.**

**سێیەم: گەر سوودێکی قبوڵ کرد یاخود داوای کرد بۆ خۆی یا غەیری خۆی لەوانەی خزمەتێکی گشتیان، لە پرۆسەی هەڵبژاردندا پێدراوە.**

**چوارەم: گەر هەواڵی ناڕاستی لەنێو هەڵبژێرەکان بڵاو کردەوە لە بارەی ڕەوشتی یەکێك لە پاڵێوراوەکان یان لە بارەی ناوبانگ و ئابڕووی بە مەبەستی کارتێکردن لە ڕاکانی هەڵبژێرەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردندا.**

**پێنجەم: چووە ناو بارەگای تەرخان کراو بۆ هەڵبژاردن بە چەکی ئاگرین یا برینداركەر، بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**شەشەم: جنێوی داو قسەی خراپی کرد یان دەستدرێژی کردە سەر لیژنەی هەڵبژاردنەکان، یاخود یەکیّ لە ئەندامانی لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا.**

**حەوتەم: سندوقەکانی دەنگدان یاخود خشتەکانی هەڵبژاردن یاخود هەر بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیدار بیّ بە پرۆسەی هەڵبژاردنی تێکدا، یەعنی ببیّ بە هۆی تێکدانی پرۆسەی هەڵبژاردن.**

**هەشتەم: بە کارهێنانی دروشمەکانی ئایینی و شوێنی پەرستن بۆ مەبەستی کاری حیزبی یاخود ریکلامی هەڵبژاردن.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**کاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

**مادەی 27 کە بویتە بیست وشەش.**

**الماده 26 :**

**یعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة كل من:**

**أولا: إستعمل القوة أو التهديد لمنع ناخب من إستعمال حقه لحمله على التصويت على وجه معين أو على الإمتناع عن التصويت.**

**ثانيا: أعطى أو عرض أو وعد بأن يعطي ناخبا فائدة لنفسه أو لغيره لحمله على التصويت على وجه معين أو على الإمتناع على التصويت.**

**ثالثا: قبل أو طلب فائدة لنفسه أو لغيره من من كان مكلفا بأداء خدمة عامة في العملية الإنتخابية.**

**رابعا: نشر أو أشاع بين الناخبين أخبارا غير صحيحة عن سلوك أحد المرشحين أو سمعته بقصد التأثير على آراء الناخبين في نتيجة الإنتخاب.**

خامسا: دخل إلى المقر المخصص للإنتخابات حاملا سلاحا ناريا أو جارحا خلافا لأحكام هذا القانون.

سادسا: سب أو قذف أو إعتدى على لجنة الإنتخابات أو إحدى أعضائها أثناء عملية الإنتخاب.

سابعا: العبث بصناديق الإقتراع أو الجداول الإنتخابية أو أية وثائق تتعلق بالعملية الإنتخابية.

ثامنا: إستخدم الشعارات الدينية أو دور العبادة لأغراض العمل الحزبي أو الدعاية الإنتخابية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

زۆر باشە، ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ قسە بكەن، وجهەی نەزەری لیژنەی یاسایی و ناوخۆ، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان و هەروەها زۆرینەی سەرۆكی لیژنەكان دانیشتنمان كرد، و بە گشتی هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەم ماددەیە نەبوو، بۆیە حەز دەكەین وەكو خۆی بڕوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

سوپاس، كێ لەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن؟ كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا تێبینیم لەسەر هەشتەمە تەبعەن، بەكارهێنانی دروشمەكانی ئایین و شوێنەكانی خواپەرستی بۆ دیعایەی حیزبی و دیعایەی ئینتیخابی، لە كاتێكدا بەكارهێنانی دائیرەكانی حوكمەت و موئەسەساتی دەوڵەت، عقوبەكەی لە شەش مانگ تێناپەڕێ، بەڵام بەكارهێنانی مزگەوت، خۆ من لەگەڵ بەكارهێنانی دا نیم بە هیچ شێوەیەك، بەكارهێنانی مزگەوت عقوبەكەی ساڵێك بێ، من پێشنیار دەكەم نەقلی بكەینە مادەی شازدە، وەكو دەوائیری دەوڵەت، وەكو ئەوانە حیسابی بكەین، یەعنی ئەو بۆ لەوێ شەش مانگ، بۆ لێرە ساڵێك،ئەوە یەك، دووەم مەسەلەی شیعاراتی دینی شتێكی وازح نیە، شتێكی ئەوەیە بە كاردەهێنرێ لەوانەیە بەرامبەر مورەشەحێك، بەرامبەر كیانێكی سیاسی، شیعاری دینی چی؟ یەعنی بڵێم (لا إله إلا الله، محمد رسول الله)، ئەوە شیعاری دینیە، ساڵێك بچنە ژووری لەسەری! یەعنی لە ماوەی حەملەی ئینتیخابی هەرچی قسەی بكەی، بە پروپاگەندەی ئینتیخاب حسێبە بتەوێ و نەتەوێ، من هەستم ئایەتێك شەرح كەم، ئەوە پروپاگەندەی ئینتیخابی كرد، ئەوە شیعاری دینی بە كار هێنا، بۆیە ئەوەی لاببەین باشە، وەللاهی خۆ كەس بەكاری ناهێنێ، من لەگەڵ نیم بەكار بهێنرێ، بەڵام بۆ ئەم پەرلەمانە وا باشە بەڕاستی، كەلیمەی شیعاراتی دینی لاببردرێ، و ئەو بڕگەیە بچێتە سەر ماددەی شازدە، وەكو دەوائیری دەوڵەت تەعامولی لەگەڵ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

زۆر سوپاس، کاك حاکم سالم فەرمووو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللا مولاحەزەم لەسەر هەر هەشت فەقەرە هەیە، هەر هەشت عقوبە ساڵەك کەمتر نەبێ، ئیحتیماله هەزارەها حاڵەت پەیدا بن، ئەو کو موستەحەقی هەندێ نەبت ڕۆژەك حوکم بدرێن، ئەز دبێژم( یعاقب مده لا تقل عن سنه)، گەلەك عقوبەکا دژوارە، بێژین (یعاقب بالحبس مده لاتزید عن سنه)، سوپاس.

کاك جوتیار، فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام سەرپێچیەکانمان ورد کردەوە، پەنجەمان خستە سەر هەموو سەرپێچیەکان، قسەی لەسەر کرا، یەك حاڵەتی تر هەیە، هەندێك نەخوێندەوار یان کەم ئەندام، پێویستە فەرمانبەرێك دەنگی بۆ بدات، ئەگەر ئەو فەرمانبەرە پێچەوانە دەنگی دا، ئایا لێرە جێی ئەبێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم لەسەر بڕگەی دووەم هەیە، ئەگەر شتێکی دا یان خستیە ڕوو یان بەڵێنی دا سوودێك بە هەڵبژێر یان یان غەیری ئەو بدات، دائیمەن حەملاتی ئینتیخابی لەسەر ئەوەی سوود بە دەنگدەر بگەیەنێ و بە خەڵك بگەیەنێت، من پێم وایە ئەوە زۆر جار حەسەب ڕشوە و بەرتیل دان، نەك لەوەی من حەملەی ئینتیخابی بۆ ئەوەی سوود بە هاووڵاتی بگەیەنم، نەك بۆ ئەوە ئەم وتانە بۆ دەکەم، ئەم خاڵە فەقەت لە بەرتیل دا هەیە، لە هەموو حەملاتی ئینتیخابی لەسەر ئەوەیە سوود بە هەڵبژێر بگەیەندرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللامن پرسیاردەکەم، ئەگەر کاك سەردار گوێی لێبێ مەمنوونی ئەبم، بڕگەی چواری ئەو مادە، ئەوە ئەگەر هەواڵی ناڕاستی لەناو هەڵبژاردنەکان بۆ کەسایەتییەك، هەواڵی ناڕاست، ئەی ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بوو، کابرا خائینە و ڕابردووی خراپ بوو؟ ئەوە عقوبەی چیە؟ لە بڕگەی چوار دەڵێ (ئەگەر هەواڵی

ناڕاستی له ناو هەڵبژاردنەکان بۆ کەساتییەك هەواڵی ناڕاست له بارەی ڕەوشتی یەکێك....)، ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بوو؟ ئەمە خائین بووە، ئەوە پیاوی خراپە، عقوبەکەی چیە؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن أحمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە له لیژنەی ناوخۆ، دوو، سێ کەس تێبینیمان هەبوو لەسەر ئەم ماددەیە، ئێستا دەبوو لیژنەی ناوخۆ ئیشارەتی پێ بکەن، مەسەلەی درووشمەکانی دینی، ئەوە زۆر فراوانە، زۆر مەتاتیە بەڕاستی، دور العبادە ئەوە هەموومان یەك دەنگین، شوێنە پەرستراوەکان بەکار نەهێنرێن، بەڵام ئەوە وەزارەتی ئەوقاف بۆ خۆی تەعلیماتی هەیە، ڕێنمایی هەیە، بەڵام کە وتت دروشمی ئایینی ، مەسەلەن حیزبەکەی ئێمە له (بسم الله)یەوە هەمووی شیعاراتی دینیە، هەمووی ئایەت و حەدیسە، یەعنی ئەمە تەفسیر دەکرێ بە شێوازی جیاواز و سیاسی، پاشان له یاساکانی تر نەهاتووە، لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان باسی شوێنی پەرستنەکان دەکات، باسی دروشم ناکات، له یاساکانی عیراق نەهاتووە، وە دڵنیاشم هەردوو حیزبی دەسەڵاتداریش دەچنە لادێکان، مزگەوتەکان بە کار دێنن، بەڵام لەوانەیە حیزبەکانی تر بە کاری نەهێنن، جا ئەگەر ئەوە ڕاست بکرێتەوە(دور العبادە) ەکە بمێنێت، شیعاراتی دینی لابرێت، شتێکی چاکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

سوپاس، وەللا بە حەقیقەت خۆ (دور العبادە) بەس تەنها بۆ حیزبە ئیسلامیەکان مەخسەدی نیە ،بۆ هەموو لایەنێکی سیاسی و هەموو کیانێکە، ئیحتیرام بۆ ئەو شوێنە موقەدەسە کە نەکرێتە مونافەسەی دەنگدان، ئایەتیش تەنها بۆ حیزبی ئیسلامی نیە، بۆ منیشە بۆ حیزبەکانی تریشە، بۆ هەمووە، لەگەڵ هەرئەو ڕەئییە هەیە، چەند برادەرێك ئێستا پێشنیاری ئەوەیان کردووە، کە ئەوە لا بدرێت، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەو بارەوە، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت تێبینیەکەی کاك زانا، تەبیعی بە تەئکید، ئەگەر یەکێك درۆ یا خراپکارییەك بکات لەناو مزگەوت و له شوێنی موقەدەس، ئەبێ سزای زیاتر بێ له شوێنێکی تر، چونکە ئەو شوێنانە بەڕاستی ئەبێ بپارێزرێ، یەعنی مەنتیقە سزاکەی بە قەدەر شوێنێکی تر بێ!؟ نابێ لەو شوێنانە نە درۆ بکرێ، و نە بەعزێ شتی خراپ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەو برادەرانە داوا دەكەن كە سزاكە زیاد بكرێ، یان كەم بكرێ، بەڕاستی ئەمن گفتوگۆیان لەگەڵ ناكەم، ئەوە بڕیاری خۆتانە، دوو، كاك زانا كە باسی ئەوەی كرد، شیعاراتی دینی مەفهوم نیە، جارێ پێش هەموو شتێك دەمەوێ تەصحیحەك هەیە، لە مادەی هەشت دەڵێ(الشعارات الدینیه )، لە تەبعەكە غەلەتێكی تێدایە، شعارا ت دینیه بە خۆی (الدین) بوو، بە داواكاری كاك زانا كردمانە شعارات دینیه، یەعنی شعارات الدینیه دەبی لە لای تۆ كاك زانا زۆر مەفهوم بێ، دووش، كە بڵێی(لا إلە إلا الله، محمد رسول الله)، زیندانیت ناكات، هەموومان وا دەڵێین، وەختی ئینتیخاباتیش ئەوە داخیلی شیعاراتی ئینتیخابی نابێ، ئەوەی كاك جوتیار باسی كرد لە ماددە (25) فەقەرە (7) هەیە(غیر إرادة الناخب الأمي و كتب)، ئەوە هەیە، ئەوەی كاك بارزان وەڵاهی بیرم نەمایە، ئەوەی كاك شیخ جعفر باسی كرد، لە مەوادی دیكە هەیە لە هەندەك بڕگە باسی(تجریح) دەكا، و باسی (تشهیر) دەكا، لە هەندەك بڕگەی دیكە باسی(تخوین) و باسی(تكفیر)، ئەوە عیلاجی كردییە، ئەوەی كاك عبدالرحمن باسی كرد بەڕاستی ڕاست دەكات، ئێمە لە لجنەی ناوخۆ، هەندەك ئەندامان تێبینیان هەبوو، لە ڕاپۆرتەكەشمان نووسرایە لەسەر ئەو مادەیە و ئەو بڕگەیە، دوو بەڕاستی باسی ڕێنماییەكانی وەزارەتی ناوخۆی كرد، ڕێنماییەكان كە دەربچێتن، عادەتەن دەبێ ئیعتیماد لەسەر مەوادی قانونی بكات، دەبێ مەوادی قانونی بۆی دانێ، ئینجا وەزارەت یاخود وەزیر دەتوانێ ئەو ڕێنماییانە دەربكات، سەبارەت بە یاساكانی عیراقی ئەوەی جەنابت باست كرد، ئێمە مەرج نیە یاساكان هەموو نوسخە تەبقل ئەسڵ بێ لە بۆ یاساكانی عیراقی، ئێمە تایبەتمەندییەكانی خۆمان دەپارێزین، لە زۆر شت تایبەتمەندیمان پاراستیە لێرە، نەك هەر لەوە، بۆ لە هەندەك بڕگەی دی باسی (عمل الحزبی)مان كردییە، لەوانەیە لە ئەوەی عیراقیش نەبێ، لە وێش تایبەتمەندی نەبووە، سێ، بەڕاستی باسی ئەحزابی گەورەیان كردییە، د. كمال ، جەنابی سەرۆك ببوورن، ئەوە لە بۆ هەمووانە، تەنها بۆ حیزبی ئیسلامی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئەگەر چەند عقوبەكە زیاد بێت باشترە، بەڵام موخالەفە نەكرێ، با خەڵك فێر بێ، ئیلتیزام بە قەوانین بكات، لەبەر ئەوە بۆ ئەترسن یەكێ موخالەفە بكات سزا نەدرێ، هەر كەس بێ، با بدرێ، ئەگەر ڕەئیتان لەگەڵ بێ؟ ئێمە ماددەكە وەكو خۆی دەدەینە دەنگدانەوە، ئێستا دەنگدانە، ماددەكە وەك خۆی، بە هەر هەشت فەقەرەكەی دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرزكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نیە؟ چوار كەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە، فەرموو.

**بەڕێزجمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و هەشتەم كە دەبێتە ماددەی بیست و حەوتەم.

ماددەی 27:

به گرتن بۆ ماوەیەك سزا دەدرێ لە ساڵێك کەمتر نەبێ و بە غەرامەیەك لە سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێ هەر کەسێك ئەمانە بکات:

یەکەم: هەرکەسێك کاغەزەکانی دەنگدان یاخود خشتەکانی هەڵبژێرەکان یان ئەنجامەکانی بە هەر ڕێگایەك لە ڕێگاکانی دەستدرێژی کردنەسەر یان شاردنەوە یان لە ناو بردن یا تێکدان یا دزین.

دووەم: زیان بە ئازادی هەڵبژاردن یان ڕێوڕەسمەکەی بە هێز و گەف کردن گەیاند.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی 28 کە بوویتە 27 :

المادە 27:

یعاقب بالحبس مده لا تقل عن سنه و بغرامه لا تقل عن مائه ألف دینار و لا تزید عن خمسمائه ألف دینار کل من:

أولا: إستحوذ أو أخفى أو عدم أو أتلف أو أفسد أو سرق أوراق الإقتراع أو جداول الناخبین أو غیر نتیجتهما بأي طریقة من الطرق.

ثانیا: اخلف بحریة الإنتخاب و بنظامه بإستعمال القوة و التهدید.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەگەر کەس ڕەئی و موناقەشەی نیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، د. هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (ثانیا) دووبارەیە لەگەڵ مادە بیست و دوو کە بووە مادە بیست، (أولا)کە باسی (أشکال الضغط أو التخویف) ، لێرە کە باسی قوە و تەهدید دەکات، پێم وابێ دووبارەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری مادەکە دەکەم بە تەواوی، بەڵام پێشنیار دەکەم، (أو سرق صنادیق أو أوراق الاقتراع )، ئیزافە بکرێت لەسەر فەقەرەی یەکەم، واتا کە دەیخوێنمەوە (أولا) (إستحوذ أو أخفى أو عدم أو أتلف أو أفسد أو سرق أو أوراق الإقتراع أو سجلات الناخبین أو غیر نتیجتهما بأي طریقة من الطرق)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

گەلاوێژ خان فەرمووو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر مەبلەغەکە تەعقیبەکم هەیە، سەد هەزار زۆر کەمە، کە یەعنی قائیمەی ئەوراقی ئیقتیراع بدزرێت یان جەدوەلی ناخبین، سەد هەزار زۆر کەمە، من ئیقتیراح دەکەم لە پێنج سەد هەزار کەمتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك بکر، فەرموو.

**کاك بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقەت من نازانم، من پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکەین، ئینجا نازانم تێدا هەبووە یان نا؟ لەسەر ئاشکراکردنی بڵێن زانیاری لەسەرنەتیجەی ئینتیخابی پێش کۆتایی ئینتیخابات، پێش ئیعلان کردنی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە کرا و ئەو موداخەلانە، تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی د. هالە باسی کرد، جیاوازی هەیە، لێرە باسی ئەوە دەکات (یعاقب بالحبس) لە ئاخیری (کل من)، هەر کەسەك بێ، ئەوەی لە مادەی (22) هاتیە، تەنها باسی ئەحزاب و جەماعات و تەنزیمات وکیانات دەکات بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی کاك عونی باسی دەکا، بەڕاستی کە صناديق دەدزرێ مەبەستمان سندووقەکان نیە، ئەوراقەکانی ناو سەناديقە، ئەتوو لێرە کە دەڵێی (أوراق الإقتراع)، من پێموایە دەیگرێتەوە، ئەوەی کاك بکر تێنەگەیشتم بەڕاستی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکوکی):**

کاك بکر، فەرموو.

**کاك بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هینەکەی من ئەوەیە، پێشنیارەکەی من ئەوەیە، نازانم ئەگەر لە بڕگەیەکی تر هاتبێ، ئەگەر تێدا نیە ئیزافەی بکەین، ئاشکراکردنی زانیاری لەسەر نەتائیجی ئینتیخابات پێش کۆتایی هێنان بە ئینتیخابات ئەوە زۆر موهیمە، پێش ئیعلان کردنی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

كاك خليل، فەرمووو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئیدی سەیدا عونی دەكەم كە ئەو سندووقیش دەوێ، چونكە ئەو ئەوراق الإقتراع چیٚ بیت بیتاقەی ئیستیمارەی دەنگدانە، بەڕاستی لە پێشی لە ناو سندوق ئەو عەبەسە پیٚ بكات، سندوق ئیزافە بكرێت باشە، ئەو شتەی كاك بكر گوتی زۆر باشە، هەرچەندە ناكرێت ئیعلانی ڕەسمی بە حیساب ناكرێت، بەلاٌم لەویٚ لە عەدی فەرزەكە نەتیجەكە وابزانم عەمەلیەن هەر دەكرێت لەویٚ، بەس ئیعلان ناكرێت، ئیستیمارەكە دەبردرێت بۆ مفەوەزیە، لەویٚ ئیعلان دەكرێت، بەرەسمی نابێت و حیساب ناكرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئیعلانی نەتائیج بە تەدریج دەكرێت، رەسمی نیە، ئیعلانی رەسمی نیهائی دەكرێت لە هەموو دونیا، چەند سندوقێك هەبێت بلاٌودەكرێتەوە، ئەوە زۆر زۆر تەبیعیە، بەس ئیعلانی نیهائی مفەوەزیە شوێنێكی بۆ دیاری دەكات، تەشخیسی دەكات دوای تەعن و ئەوانە لەویٚ ئیعلان دەكات، ئێستا ئەو پێشنیارەی كاك عونی كردی، ئەگەر لیژنەی یاسایی و ناوخۆ وەری بگرن و سیاغەیەك بۆمان بكەن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

كاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆك سیاغەكە حازرە مانعمان نیە، عەدەمەش بگۆڕین بیكەینە(احرق)بۆیە بەو شێوازە دەبێت، بیكەین بە ماددەی (28) كە دەبێتە مادەی (27):

يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة، و بغرامة لاتقل عن مائة ألف دينار، و لاتزيد عن خمس مائة ألف دينار،كل من:

أولا: استحود أو أخفى أو عدم أو أتلف أو أفسد أو سرق صنديق الإقتراع، أو أوراق الإقتراع، أ, جداول الناخبين، أو غير نتيجتهما بأي طريقة من الطرق.

سجل الناخبين، جەداول دەكەینە (سجل الناخبين، سجلات الناخبين، أو غير نتيجتهما بأي طريقة من الطرق).

ثانيا: أخل بحرية الإنتخاب أو بنظامه بإستعمال القوة أو التهديد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):**

ئاخیر سیاغە كە خوێندرایەوە، كاك سەردار بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بەڕێزان گوێی لیٚ بگرن و بیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان ئەیخەینە دەنگدانەوە، كاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 28 كە دەبێتە ماددەی 27:

المادە 27:

يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة، و بغرامة لاتقل عن مائة ألف دينار، و لاتزيد عن خمس مائة ألف دينار،كل من:

أولا: استحوذ أو أخفى أو عدم أو أتلف أو أفسد أو سرق صناديق الإقتراع، أو أوراق الإقتراع، أو سجل الناخبين، أو غير نتيجتهما بأي طريقة من الطرق.

ثانيا: أخل بحرية الإنتخاب أو بنظامه بإستعمال القوة أو التهديد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركوكی):**

بەڕێزان دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە دەستی بڵند بكات تكایە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی (29) یەم كە دەبێتە مادەی (28).

ماددەی 28:

دەستدانە تاوانەكانی هەڵبژاردن، كە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە، بە سزای تاوانی تەواو دادەنرێ، ئەمەش بەدەرە لە حوكمەكانی بنەما گشتیەكان .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 28:

يعاقب على الشروع في جرائم الإنتخاب المنصوص عليها في هذا القانون بعقوبة الجريمة التامة، إستثناءا من قواعد الأحكام العامة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):**

بەڕێزان كێ ئەیەوێ قسەی لەسەر بكا، یەك كەس، فەرموو كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو مادەی شروعە لێرەدا، مادەیەکی زیادەیە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی قانونە خۆی قانونێکی ئیستیسنائیە، عقوباتی زۆری تیایە خاصە بە عملیاتی ئینتیخابی، ئێمە لە جەریمە تامەکاندا عقوبەیەکی زۆر باشمان بۆ هەموو شتەکان داناوەە، بەدئە بە تنفیز، بەڵام ئیتمامی جەریمەکە نەبووە، لەبەر ئەوەی خۆی قانونە، خۆی قانونێکی ئیستیسنائیە، تایبەتە بە قانونی ئینتیخابات، یەعنی عقوباتی عام نیە، کە شامل بێ و عام بێ بە هەموو جەریمەکان، شامل بێ و بەسەر هەموو کەسەکان جێ بە جێ بێ، ئەمە بۆ حالەتێکی تایبەتیە، من پێموانیە ئەم ماددەیە جێگای نەبێ لێرە، مادام بۆ جەریمەکان عقوبەی تایبەتیمان داناوە بە حەبس و غەرامەیەکی زۆر، ئەو مادەیە زیادەیە، زیادەیە لێرە و لا بدرێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی، وەریدەگرن ئیقتیراحەکەی؟ کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە وەك خۆی، چونکە جەرائیمی ئینتیخاب، بە شروعیش جەریمە دەبێ، تەهدید لێ ئەکرێ، بەڵام تەنفیز نەبووە، تەهدید لێ ئەکرێ، مەنعی ئینتیخاب ئەکات، لەسەر سەوتی دەکات، ئەمە تەنفیزیش نەبووە، ئەگەر تۆ بە قەواعیدی عامە بکەی، ئەمە نابێتە جەریمە، شروع نیە، ئینجا لێرە ئیستیسنائە لەوە، ئەمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان مادەکە وەکو دەقی خۆی هاتووە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز کات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بە زۆرینەی دەنگ، دوو کەس لەگەڵدا نیە، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (30) کە دەبێتە مادەی (29):

ماددەی 29:

یەکەم: لە بارێکدا کە بەشداریکردنی کیانی سیاسی لە هەستان بە هەر تاوانێك لە تاوانەکانی هەڵبژاردن ئیسپات بوو، کە دەقی لەم یاسایەدا هاتووە ئەوە بە غەرامەیەکی دارایی سزا دەدرێ، کە گوژمەکەی 50 ملیۆن دینارە.

دووەم: کیانی سیاسی بێ بەش دەکرێ لەو دەنگدانەی کە بە دەستی هێناوە لە مەڵبەندی هەڵبژاردنەکە، لە بارێکدا ئەگەر یەکێك لە تاوانەکانی هەڵبژاردن کە دەقی لە بەندەکانی یەکەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و مادەی بیست و شەش و مادەی بیست و حەوتی ئەم یاسایەدا هاتووە.

سێیەم: هەرکەسێك سەرپێچی لە حوکمی بڕگەی یەکەم لە مادەی بیستی ئەم یاسایەدا کرد، ئەوا سزا دەدرێ بە گرتن وە بە غەرامەیەك لە 10 ملیۆن کەمتر نەبێت و لە بیست و پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

أولا: في حالة ثبوت مساهمة الكيان السياسي في إرتكاب أي جريمة من الجرائم الإ نتخابية، و المنصوص عليها في هذا القانون، يعاقب بغرامة مالية مقدارها 50 مليون دينار.

ثانيا: يحرم الكيان السياسي من الأصوات التي حصل عليها، في المركز الإنتخابي، في حالة إقترافه إحدى الجرائم الإنتخابية المنصوص عليها في البنود: أولا، خامسا، سادسا، سابعا، ثامنا من المادة السادسة و العشرين والمادة السابعة و العشرين من هذا القانون.

ثالثا: يعاقب بالحبس و بغرامة لا تقل عن عشرة ملايين دينار، و لاتزيد عن خمسة و عشرين مليون دينار، كل من خالف حكم الفقرة أولا من المادة العشرين من هذا القانون. بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):

بەڕێزان ئێستا خوێندرایەوە ،کێ دەیەوێ قسە بکات، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی 50 ملیۆن دینارەکە، نازانم چۆن وەردەگیرێ، بۆ کۆمسیۆن کاتێك کە کیانێك تەسجیل دەکات ،بیست و پێنج ملیۆن وەکو تەئمینات وەردەگری، بۆ ئەوەی غەراماتی لەسەر حیساب بکات، ئێستا ئەوە لە بیست و پێنج ملیۆن زیاترە پارەکە، چۆن وەردەگیرێ، دەبایە کەمتر بایە لە بیست و پێنج ملیۆن، بۆ ئەوەی کۆمسیۆن بتوانێ وەریگرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پرسیارێکم هەیە، ئەو کیانە سیاسیەی کە بێ بەش دەکرێ لە دەنگدان، دەنگەکانی ئەفەوتێ، هەر بە پێی موعەدەلی باقی ئەڤواکە تەوزیع دەکرێ بەسەر لیستەکانی تردا؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئەوە بڕیارماندا، موناقەشە کرا، پەرلەمان ئیتیفاقی کرد، باسی باقی ئەفوا لێرە نیە، ئێستا باسی ئەم ماددەیە، ڕەئیت چیە لەسەری؟ چڕۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من بەس پرسیارێکم هەیە لە خاڵی سێیەم لە بڕگەی سێیەم کە ئەڵێ (یعاقب بالحبس)، مودەی حەبسەکە بۆ لێرە دیاری نەکراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەقەرە سێدا (یعاقب بالحبس و بغرامە لا تقل عن عشرە ملایین دینار، کل من خالف حکم الفقرە أولا من المادە (22)، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مادەی (22)، باسی کیانی سیاسی دەکات لە فەقەرە دوو و لە فەقەرە سێدا، لێرە لە ئەسڵی مەشروعەکە باسی ماددەی (22) دەکات، باسی 22 دەکات، ئەگەر بێینە سەر ئەسڵی مەشروعەکە لەسەر (22)، فەقەرە دوو و فەقەرە سێ باسی کیانی سیاسی دەکات، کیانی سیاسی شەخسێکی مەعنەویە لێرە، بە حەبس و غەرامە ئەوە شتێکی غێر قانونییە، بە کورتیش باسی لەسەر کراوە، دووەم: لە مادەی (22)، خۆی کیانی سیاسییەکە ئەگەر یەکێ لەو موخالەفانە بکات عقوبە دراوە بە حەرام کردنی، بە مەحو کردنی لە موشارەکە لە ئینتیخابدا، وە هەر کەسیش موخالەفە بکات یەك جار عقوبە دەدرێ، من پێموایە ئەو فەقەرەیە لێرە زیادە بە نیسبەت کیانی سیاسی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکوکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی، وەڵامی پرسیاری ئەو بەڕێزانەی کە موداخەلەیان کرد، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەوەی کاك زانا باسی کرد، سەبارەت بەو 25 ملیۆنەی کە کیانی سیاسی لە موفەوەزییەی دادەنێ، ئەوە نەك هەر تەنها لە بۆ غەرامات، بەڵکو هەر کیانی سیاسییەك ئەگەر دەنگ نەهێنێ، ئەو پارەی لە بۆ هەیئەت دەڕواتن ناگەڕێتەوە، دووەم: مەسەلەی وەرگرتنی پارەکە و چۆنیەتی وەرگرتنی پارەکە، بەڕاستی ئەوە بۆ مەحاکم، بۆ دادگاکان و بۆ دائیرەی جێبەجێ کردن یاخود دائیرەی تەنفیز دەگەڕێتەوە، سێیەم: چڕۆ خان باسی حەبس دەکات، دەڵێ ئەوەی سێیەم بۆ حەبسی تێدایە، لە بڕگەی یەکی ماددەی 22 کە بویتە 20، لەبەر ئەوەی ئەفرادی تێدایە، چونکە ئەفرادیشی تێدایە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

حەبس لە 24 سەعات تا پێنج ساڵ دیارە، قانونییەکان سەری لێ دەردەکەن، ببوورن.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگە سێی مادده 30 باس لەوە دەکات، لە بۆ ئەفراد هاتییە، بۆیە باسی ئەفراد هاتییە، باسی غەرامە کرایە، وە تەنها غەرامەکە لە بۆ فەقەرە یەکە، باسی فەقەرە دوو و سێ ناکا، فەقەرە دوو و سێ لە مادەی 22 کە بویتە 20، عقوبەی خۆی لەگەڵ خۆیتی، کە دەڵێ (یحرم أي حزب أو کیان سیاسي)، ئەوەی لێرە باسی دەکەین تەنها برگە یەکە کە عقوبەکە، سزاکەی لەگەڵ دا نییە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا مادەکە وەك خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز کات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، یەك کەس دژە، بۆ مادەیەکی تر، تکایە. سێ مادە ماوە، ئەوەکانی تری زۆر ڕۆتینییە، هەر ئێستا تەواو دەبێت، بۆ ئەوەی بڕۆین، قانونێکی تر تەواو کەین پاشان، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی حەوتەم**

**حوکمە گشتی و کۆتاییەکان**

**ماددەی سی و یەکەم کە دەبێتە ماددەی سییەم:**

**ماددەی 30:**

1 ـ دەستە سەیری ئەو ناکۆکی و ناڕەزاییانەی کە لە کاتی ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردن دەکات و بڕیاری خۆی دەدات.

2ـ دەستە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان-عیراق، کە لە سێ دادوەری نا موتەفەریغ پێك دێ، بۆ سەیرکردنی ئەو تانوتانەی کە بۆی هاتووە لەلایەن دەستە یان کەسەکان یان کیانە زیان لێ کەوتووەکان، لە ئەنجامی بڕیارەکانی کۆمسیۆن و بڕیارەکانی یەکلاکەرەوەیە.

**الفصل السابع**

**أحكام عامة و ختامية**

**المادة 30:**

1ـ تتولى الهيئة النظر في الخلافات و الإعتراضات الواقعة خلال إعداد و تنفيذ إجراءات الإنتخابات.

2- تتولى هيئة في محكمة تمييز إقليم كوردستان ـ العراق، تتكون من ثلاثة قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون المحالة إليها، من قبل الهيئة أو الأفراد أو الكيانات المتضررة من جراء قرارات المفوضية، و تكون قراراتها باتة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):**

بەڕێزان کێ لەسەر ئەو ماددەیە دەیەوێ قسە بکات؟ نوقتەی نیزامی مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشتر ئیقتیراحێکم هەبوو، بەس دیار بوو گوێیان نەدایێ، کاك فەرسەتیش، لە نیهایەتی فەسلی شەشەم ئەگەر بهاتایە ماددەیەکی ترمان ئیزافە بکردبایە، بۆ ئەوەی کەوا دەستی حاکم نەبەستین، زۆرجار جەریمە هەیە لەوەی بە قوەتترە وەزیفەکەی، مادەیێکی نوێم ئیقتیراح کرد، کە (لا يحول فرض العقوبات الواردة في هذا الفصل من فرض عقوبة أشد، وردت في قانون العقوبات أو المواد الجزائية الأخرى النافذة في الإقليم)، ئەوەی بکەین زۆر زۆر بە کەڵکترە بۆئەوەی کە بتوانین موحاکەمەی بکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):**

لەسەر ئەم پێشنیارە کێ دەیەوێ قسە بکات، قانونییەکان تکایە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو عقوبانەی کە لە جەرائیمی ئینتیخابی تەحدید کرایە لە قانونەکە، وا بزانم هەتا حەدەك زۆر توندە، ئەگەر ئەو ماددەی کە ماموستا کاکە پێشنیار دەکات ئیزافە بکرێ، زۆر زۆر قورس دەبێ، وابزانم موجبیشی نیە لەوەی زیاتر توندی کەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونی کاك عونیم هەیە، ئێمە جەرائیمەکانمان تەسنیف کردییە، موخالەفات، جنح، تا جونەح هاتییە، بەڕاستی لەوە زیاتر نیە لە زۆربەی جەریمەکان، ئەوەی ماموستا کاکە دەڵێت ئێستا، ئەوە ئیزافە بکەین، عقوبەکان بەرەو تەشدید کردن دەروات، چونکە لێرە ئەگەر تەزویرمان هەیە، عقوبەمان بۆ داناوە حەبسە، لەوێ تەزویر رەنگە بۆ 15 ساڵ دەروات، بۆیە مەعقول نیە ئێمە ئەگەر عقوبەکی ئەشەد هەبێت، ئەو عقوبە ئەشەدەکەی بدەن، بۆیە پێموایە ئەوەی لە یاساکەدا لە جێی خۆیەتی بەراستی، بۆ رەچاو کردنی ئەو قانونەی کە بۆ فەترەکی مەرحەلیە، چوار ساڵ جارێکە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاورام لەگەڵ کاك شێروان و کاك عەونی، ئیزافە بە شتێکی دیکە، ئێمە لە نەصی ئەو مەشروعە باسێکمان لەسەر کردووە، کەوا (لایعمل باي نص یعارض مع احکام هذا القانون) ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترئەوەی کە جەنابی مامۆستا کاکە باسی لەسەر دەکات، عقوبەی ئەشەدی بدرێتێ، ئەمە تەفسیلێکی بۆ کراوە، هەموو عقوبەی خۆی بۆ دانراوە، شتێکی تر هەیە لە قانون، ئەگەر وای لێبێت ئەو کاتە قازی ناچار دەبێت قانونی ئەسلەح بۆ متەهەم بەکار بێنێت، بۆ ئەوەی کە جەریمەکەی کردووە و مخالفەی کردووە، لەبەر ئەوە ( من حیث النتیجة)هەر دەگەڕێێتەوە سەر ئەم قانونە، لەبەر ئەوە ئەو قانونە خۆی شتێکی وەقتیە، من پێشتر وام گوت و ئیشارەتم پێی دا ، ئەمە عقوباتی عام نیە، ئەمە قانونێکە خاصە بە عەمەلیەکی ئینتیخابی موحەدەد، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، سۆزان خان، فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تازە لەقەبت دامێ حاکم، ئەوها بە ئاسانی دەستی لێهەڵناگرم، من پرسیارێکم هەیە، (تتولی الهیئة النظر في الخلافات الاعتراضات الواقعة).**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**لیسر ئەو قانونەیە، ئەو قانونەی کە پێشتر یەکێك، کاك شێروان و کاك عەونی و کاك عمر رەفزیان کرد، باشە مەمنون، کاك کاکە ئەگەر سەحبی بکەی، ئەوە بە سەلامەت دەربازی دەبێت، بەڵێ مەمنون، ئەسڵی قانونەکە وەکو خۆی هاتووە، ماددەی 31 بۆ ماددەی 31، ببورن، ماددەی 31، کە دەبێتە 30، کە مناقەشەی لەسەر هەبوو، تەواو بوو، قسە کرا لەسەری، بەس سوزان خان مابوو، فەرمووو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لێرە پرسیارم هەیە، ئەوەلەن دەڵێت(تتولی الهیئة النظر في الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال اعداد وتنفیذ اجراءات الانتخابات) ئەمە مەبەستی دەستەی هەڵبژاردنە ئەوەی خۆمان، بەلاَم ئەوەی کە لێی تێناگەم، ئەزانم مەحکەمەی تەمیزیش ئەو بڕیارانە دەدات، (في الطعون المحالة الیها من قبل الهیئة أو الافراد أو الکیانات المتضررة من جراء قرارات المفوضیة وتکون قراراتها باتة) یەعنی لێرە سەیری بکە چۆن هەیئە خۆی تعون وەردەگرێت، کەچی هەیئە خۆی دەچێت پەنا دەباتە بەر مەحکەمەی تەمیز بۆئەوەی، وازح نیە لەلای من، تکایە بۆم شەرح بکەن.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**تکایە لیژنەی یاسایی روونکردنەوە بۆ وەلاَمدانەوەی سۆزان خان.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەکە زۆر وازحە، لە کیانات، لە ئەفراد ئەوانە بۆ مفەوەزیە دەچن، یانیش کیان هەقی هەیە تەعن راستەو خۆ بباتەوە بۆ، هەیئەی قەضاوات، دادگای تەمیز، یانیش شتێکە، یان تەعنێکە، ئیعتراڒێکە هەیئە حەسمی ناکات، ناتوانێت سەیری بکات، دەڵێت تکایە ئەو مەوزوعە بچێتە مەحکەمە ئیحالەی بۆ بکات، ئەگەر شتێکی ئیداری فەنی بێت بتوانێت، ئەوە خۆی حەلی دەکات، ئەگەر نەیتوانی ڕەوانەی مەحکەمەی تەمیز بکات، بۆ کیاناتی موتەزەرەریش هەیە راستەوخۆ بۆ مەحکەمەی تەمیز بێت.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**ئێستا ماددەکە وەکو خۆی هاتووە، بە ئیزافەی (م) رجائەن بیخوێنەوە، وەکو ئاخیر سیاغە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**عەینی بەو شێوەیە لە قانونی ئینتیخاباتی پەرلەمان، کو فەترەیەکی لەمەو پێش دەنگمان بۆدا، بە عەینی شێوە بوو، ئێستا بەو شێوەیە دەیخوێنمەوە،**

**(المادة (31):**

**أولاً: تتولى الهيئة النظر في الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال اعداد وتنفيذ اجراءات الانتخابات.**

**ثانياً: تتولى هيئة في محكمة تمييز اقليم كوردستان_العراق من ثلاثة قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون المحالة اليها من قبل الهيئة أو الافراد أو الكيانات المتضررة من جراء قرارات المفوضية وتكون قراراتها باتة.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**نوقتەی نیزامی فەرموو، بەس نوقتەی نیزامی.**

**بەڕێز عادل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەموو تەعنێك مودەی قانونی هەیە، ئێمە لێرە مودەمان دانەناوە، هەموو تەعنێك لە هەموو جێگایەك مودەیەکی هەیە، پێویستە مودەی هەبێت.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس، لیژنەی قانونی، فەرموون.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**نەمزانی کاك عادل، ببورە نەمزانی چی گوت.**

**بەڕێز عادل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێم هەموو تەعنێك مودەی قانونی هەیە، ئایا ئەو تەعنە ماوەکەی چەندە؟ 10 ڕۆژ، 15 ڕۆژ،چەندە؟.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لە ئەحکام عامە لە تەمیز هەیە، لە مودەی محەددەدە ئەوە باس کراوە، چۆن 15 ڕۆژ نیە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە یەك هەڵە هاتووە، ئەویش وابزانم هەڵەیەکی مەتبەعیە، (أو الكيانات المتضررة من جراء قرارات هيئة)یە نەوەکو (مفوضية)(وتكون قراراتها باتة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ئاخیرسیاغەتان بخوێننەوە، بۆئەوەی بدرێتە دەنگدانەوە، تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (31):

أولاً: تتولى الهيئة النظر في الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال اعداد وتنفيذ اجراءات الانتخابات.

ثانياً: تتولى هيئة في محكمة تمييز اقليم كوردستان_العراق تتكون من ثلاثة قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون المحالة اليهامن، قبل الهيئة أو الافراد أو الكيانات المتضررة من جراء قرارات الهيئة وتكون قراراتها باتة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان وەکو چۆن ئێستا خوێندرایەوە، نوقتەی نیزامی کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە پێویستە بە نیسبەت فەقەرەی یەکەم سەقفێکی زەمەنی بۆ دابنێین، چونکە لە هی دووم ئێمە گوتومانە قەراراتی مەحکەمەی تەمیز باتە، ئەوە مشکیلە نیە، بەڵام هی فەقەرەی یەکەم، بە قەناعەتی من پێویستە سەقفێکی زەمەنی بۆ دابنرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەعزای لیژنەی یاسایی پێشنیارتان، چیە؟ چونکە ئەمە لە لای خۆتانەوە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیمکان هەیە بڵێین (تتولى الهیئة النظر فی الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال مدة خمسة عشرة یوما من تاریخ ورودها الیها، و الخاصة بتنفیذ اجراءات الانتخابات) یان پازدە یان 10ڕۆژ کەیفی خۆتانە، یان اسبوع.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەمە ئینتیخاباتە، سەقفێکی زۆری لازم نیە، دەبێت زۆر زوو حەسم بکرێت، کاك کریم تەوزیحەکەت بدە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە لێرەدا خۆی( خلال اعداد وتنفیذ اجراءات الانتخابات) یەعنی (اعداد و تنفیذ اجراءات الانتخابات) مودەکەی دیارە لەلای مفەوەزیە، خلالی ئەو مودە، مودەکەی دیارە، پێویست ناکات ئێمە لێرە زکری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان دەتانەوێت سەعاتێکی تر بێینەوە یان دەتانەوێت سبەی، باشە سبەی سەعات، لیژنەی یاسایی پێشنیارەکەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی تکایە، ڕەجائەن، سێ مادده مایە بۆ ئەوەی تەواو بێت، بۆ ئەوەی بەیانی ئیشی تری زۆرمان هەیە، بێینە سەر ئەوانە، ڕەجائەن تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ معالەجەی ئەو نەقسە بڕگەیەك ئیقتراح دەکەین بەو شێوەیە بێت، دەبێتە (اولاً ئیضافة:من کیانات أو الافراد أو الکیانات المتضررة الاعتراض والطعن على قرارات واجراءات الهیئة خلال ثلاثة ایام من تاریخ صدورها) ئەوە دەبێتە یەکەم، ئەوی تر دەبێتە (تتولى هیئة فی النظر فی الخلافات والاعتراض ) ئەوە دەبێتە ثانیا بەس ( لمدة سبعةایام) ئیزافە بکەین، ئەوەی تریش وەکو خۆی دەمێنێتەوە، مەحکەمەی تەمیز دەزانێت چۆن ئیشی خۆی دەکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان وەکوئێستا خوێندیانەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە ، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس ، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ یەك کەس لەگەڵ دانیە، سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر، تکایە، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و دووەم:

یەکەم: رۆژی هەڵبژاردنەکان بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیازێك لە دەستەوە دەست نیشان دەکرێت لە ڕێگەی هۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوە بەر لەوادەی ئەنجامدانی بە (60) شەست رۆژ ڕادەگەیەنرێ.

دووەم: دەنگدان لە یەك رۆژدا دەبێت بۆ ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان.

سێیەم: لە بارێکدا نەتوانرا هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەوا ئەنجومەنەکان بەردەوام دەبن لە بەڕێوەبردنی کاروباری تاکو ئەنجومەنە نوێیەکان هەڵدەبژێردرێن.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 32 کە بویتە 31،

المادة (32):

أولاً: يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئاسة مجلس الوزراء بناء على اقتراح من الهيئة يعلن عنه بوسائل الاعلام المختلفة قبل الموعد المحدد لاجرائه بـ(60) ستين يوماً.

ثانياً: يجري التصويت في يوم واحد لمجالس المحافظات.

ثالثاً: في حالة تعذر اجراء الإنتخابات تستمر المجالس في إدارة شؤونها لحين انتخاب مجالس جديدة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، کاك عادل کاك رشاد، فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی 3 هەیە، ئەڵێت ئەگەر ئینتیخابات نەکرا، ئەنجومەن هەر بەردەوام دەبێت، ناکرێت بۆ ماوەیەکی نادیار بەردەوام بێت، باش وایە مودەیەك دیاری بکەین ئێمە بەراستی ئەوە بۆتە عورفێك ئەو مەسەلەیە، شارەوانیەکان هەڵبژێردران و ئەو ساڵ پەرلەمان 13 ساڵە، یەعنی ئێمە بەراستی ئەو مەوزوعە بیبڕینەوە، باش وایە کاتەکە دیاری کراو بێت، مەسەلەن بۆ ماوەی سێ مانگ تصریف اعمال ئەگەر هەڵبژاردن نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك رشاد، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی دووەم، (يجري التصويت في يوم واحد لمجالس المحافظات) ئیزافە بکرێت (والاقضية والنواحی) چونکە هەرسێك بەیەکەوە دەبێت، لە پێناسەی ئەوها هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی سێیەم، ئەگەر ئینتیخاب نەکرا، ماوەکە دیاری بکرێت، ئیلا ئەو مەجلسە شەرعیەتی نامێنێت، ئیشەکەی دەبێتە تەسریفی ئەعمال، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگەیە بڕگەی سێیەم (في حالة تعذر اجراء الإنتخابات) بۆ ئەوە دانراوە خۆی لە ناو بڕگەکە هاتووە دڵێت( في حالة تعذر) ئەگەر عوزری لەگەڵ بوو نەکرا، وە خالی دەوام لەبەر ئەوەی دامان ناوە هەتا ئەگەر نەکرا، جارێکی تر ناچار نەبین لە پەرلەمان بێت تەسویتی بۆ بکەین، قەراری بۆ بدەین، وەکو ئەوەی ئەو ساڵ کرا، هەر بەخۆی یاسایەکە چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات، حاڵەتی دووەم ئەوەی مام رشاد باس دەکات، بەراستی هەڵبژاردنەکان بۆ پارێزگاو (والاقضية والنواحی ) لەیەك ڕۆژ ناکرێت، (والاقضية والنواحی) عادەتەن ئەوەی عیراق، مەسەلەن ماددەیەکی هەیە دەڵێت شەش مانگ پاش محافەزات دەکرێت، دوای شەش مانگەکەش نەیان کرد، دوایان خستەوە،.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا ئەم ماددەیە وەکو خۆی کە هاتووە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و سێیەم کە بۆ تە ماددەی سی و دووەم،

ماددەی سی و سێیەم:

پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پاسەوانی هەرێم (زێرەڤانی)و سوپاو کارمەندانی نەخۆشخانەکان و بەندیخانەکان و ئەوانەی لێیان دابەزیوون، لە مەڵبەندی دەنگدانی تایبەتی بەڕێوە دەچێ کە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەست نیشانیان دەکات، بە مەرجێك پێش چل و هەشت کاتژمێر لە وادەی هەڵبژاردنەکە جێ بەجێ بکرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (33):

تجري عملية اقتراع منتسبي قوى الأمن الداخلي وحرس الاقليم (البيشمه ركة) والجيش والعاملين في المستشفيات والسجون ونزلائهما في مراكز اقتراع خاصة تحددها الهيئة بالتنسيق مع الوزارات المختصةعلى ان تجرى قبل ثمانية واربعين ساعة من موعد اجراء الانتخابات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان كێ لەسەر ئەم ماددەیە قسەی هەیە؟، نیە، ئەم ماددەیە وەكو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و چوارەم كە دەبێتە ماددەی سی و سێیەم،

ماددەی سی و چوارەم:

پێویستە لەسەر هەموو لایەنێكی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان پێش ئەوەی بچینە ئەو ماددەیەی سی و سێ، بەڕێزان لە كتلەی برا ئاشوریەكان پێشنیارێكیان هەبوو، بۆ محافەزەكانیش كۆتا دەبێت، برا ئەرمەنیەكان و برا توركمانەكان و برا ئاشوریەكان داوایان دەكرد، ئینجا ئەم نوقتەیە ئایا بۆ ئەم مەرحەلەیە زەرورە یان بخرێتە مەرحەلەیەكی تر، تكایە رەئیتان لەسەری بدەن و بخرێتە دەنگدانەوە، كێ دەیەوێت قسە بكات لەسەر ئەم ماددەیە؟، كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە كوردستان زۆر حەریسین تا بتوانین مافیان بدەینێ، ئێمەش بەشداریان بكەین، لە هەموو مەجالس، وەكو خوتەمان داناوە لەپەرلەمان راستە ئیحتیماڵە زۆر دەقیق نەبین لە تەشخیس كردنی، لەبەر ئیحسائمان نیە تەواو، كەمە یان زۆرە، ئەوە بۆ ئیحسا دەمێنێت، بە عەینی مەعناوە بە عەینی تەسەورو بۆچون، من وا دەبینم یەعنی ئێستاش پێویستە ئێمە ئەو كۆتایە دا بنێین بۆ برا توركمانەكان، بۆ برا كلدانەكان و ئاشورو سریان، لە مەجالسی محافەزات دا بنێین، ئەوە لە دهۆك مەعلومە كە مەسیحی هەن، بەو مكەوناتە دوو مەقعەد بۆیان دادەنێین، لە هەولێریش دوو بۆیان دادەنێین، سێ توركمان، سلێمانیش یەكێك بۆ مەسیحی، من ئیقتراح بەو شێوەیە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمه لەگەڵ داین، یەعنی کوتلە بۆ برایانی کلدو ئاشوری دابنرێت، بۆ برایانی تورکمان، بەلاّم حەدی مەعقول یەعنی ئەگەر ئەوەکمان لەبەر دەست بێت، ئیحسائیەك من ناتوانم لە خۆمەوە بڵێم سێ بۆ تورکمان، بۆ نمونە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ برایانی تورکمان پێنج مەقعەدمان داناوە، لە کۆی 111، لە هەولێر ئەگەر تەقسیمی مناسب هەبێت، تەقریبەن 29 کورسی دەبێت، لەو 29یە دەبێت تۆ بزانی لەولا چەندە، چەندکەم دەکرێتەوە، ئەگەر یەك مەقعەد بێت، بۆ برایانی کلدو ئاشوریش بەهەمان شێوە، سلێمانیش بەراستی من لەگەڵ ئەوە دانیمە لە سلێمانی مەقعەد دابنرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باوەڕناکەم کەس هەبێت لەناو ئەو پەرلەمانە، لەگەڵ ئەوە دانەبێت کە کۆتا بۆ برایانی بەڕێزم تورکمانەکان و ئاشوری و کلدانی و سریانیەکان دابنێت، چونکە ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز هەیە، بۆ پاراستنی مافی ئەو نەتەوانەی کە لەگەڵ ئێمە دەژین لە گۆڕەپانی کوردستان، ئەمە لە لایەك لەلایەکی تریشەوە مەرج نیە ئێمە، کۆتا لە ناو یاسایەکە دیاری بکەین، چونکە ئێمە هەتا ئێستا هیچ ئیحسایەکمان لەبەر دەستدا نیە، بتوانین چۆن بۆ برا تورکمانەکان کورسی دابین بکەین، برا ئاشوری و کلدانی و سریانیەکان کورسیان بۆ دابنێین، دەبێت چەندیان بۆ دابنێین، ئێمە هیچ ئیحسایەکمان لەبەر دەستدانیە، بۆیە ئەمە پێویست بە دیراسە دەکات، جگە لەوەش ئێمە رابردووەکمان هەیە لەگەڵ ئەو بەڕێزانە زۆر لەو مافانەی کە هاتۆتە جێبەجێ کردن هەموو بە تەحالوفاتی سیاسی هاتۆتە جێبەجێ کردن، مەرج نیەئیلا لەناو ئەو یاسایە ئێمە دەبێت جێگیری بکەین، بەبێ ئەوەی هیچ دیراسەیەکمان هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام لەگەڵ مەبدەئەکەدام، هەموومان وابزانم لەگەڵ ئەو مەبدەئەین، بەلاّم من پێمwایە لەو قۆناغە ئێمە بۆ تەحالوفاتی سیاسی بەجێی بهێلین، هەروەکو لە پەرلەمانی ئەو خولەی ئێستا بە تەحالوفاتی سیاسی ئەو مەسەلەیە جێبەجێ کراوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە دام ئەو شوێنانەی کە چڕیەکی دانیشتوانی ئەو پێکهاتانەی هەیە،نوێنەریان هەبێت لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەتایبەتی دهۆك و هەولێر، رێژەکەی چۆن بێت چۆن نەبێت، ئێمە دەبێت بە دیراسەیەکی ورد بێت، بەپێی پێوەرێك بێت، نابێت لە خۆڕا دەست نیشان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێك لەو برادەرانە دەکەم، کە ئاشوری و سریانی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

پرسیار مەکە، رەئی خۆت بدە رەجائەن، رەجائەن رەئی خۆت بدەو بەس.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئینتیخاب بکرێت ، مجلس ناحیە بێت، مجلس ناحیەی عنکاوە، ئەگەر کۆتای بۆ دانەنێن، یەعنی هیچ کەس دانەنێن، ئەوە زەرەر دەکەن، نواحی و ئەقزیەکان، بەلأم لە محافەزەکان لەوانەیە کۆتا بۆ ئەوان دابنێن، بەلأم لە قەزاو ناحیەکان لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

گەلأوێژ خان، فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شاباجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەرلەوەی چەندین برادەران باسیان کرد، خۆتان دەزانن لە پەرلەمانی خۆمان کە کاتێك کە بڕیار لەسەر کۆتا درا، بەهەمان شێوە ئیحسائیەکمان نەبوو، مەبدەئێکە کە ئیعتراف بەمافی نەتەوەکانی تر دەکرێت، لەو بابەتەوە داوای کۆتامان کردووە، ئەم کۆتایەش نەوەکو ئێستا لە ساڵی 1992 وە داوامان کردووە، ئەوەی ئێستا لە بۆ محافەزات داوا دەکەین، با هەر لە مەبدەئێك دابەزێت، ئەم قانونە بۆ دەورەی دابێت ئەکید گۆڕانکاری تیادەبێت، شەرت نیە ئیحسائیات بکرێت، بۆ هیچ ئینتخاباتێك تا ئێستا ئیحسامان نەکردووە، لەسەر ئاستی هەموو عیراق، ئەو ئیقتراحەی من پشتگیری زۆر سوپاسی مامۆستا خلیلیش دەکەم کە روون کردنەوەیەکی کرد لەجیاتی، لەوانەیە منیش هەر خۆم بە هەمان شێوە موقتەرەحەکەم دەکرد، جا داوا دەکەم ئەگەر برادەران پشتگیریمان بکەن، تایبەتمەندی خۆمان هەبێت، باشترە ئەگەر تەحالفات هەبێت ئەوەی دەیەوێت تەحالفێك بکات لەگەڵ هەر لایەنێکی تر، ئیعتیادیەو حوریشە لەو بابەتەوە، بەس لەهەمان کاتدا داوادەکەین تایبەتمەندی خۆشمان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك پیر خدر، ئاخیر کەسەو دوایی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بینم پشتی سێ سەعات و نیو کو دانوستاندنی دکەین، دانی دووێ ژی دانیشتنامە، ئو بابەتەکێ هۆسا ئەڤە نەحەسم بت وەك پێشنیار، یان دووێ دڤێت ئاماژە بچەندی بکەت، پرۆژەی دەستورێ هەرێمێ، ماددەی 105، ئەڤ چارەیەك بۆ ڤی خالێ دانایە، (اذا تمثیل عادل بمكونات شعب كوردستان) ناوێت وان ژی ئینایە، تورکمان، سریان(فی انتخابات مجالس المحافظات و الاقضیة والنواحی)پیر خدر وەکو کوردەکی یەزیدی، کو دەرگایەکی دڤێت، مەسەلەن کۆدێ دەرگایەکی بۆمە دکەت، ئی ئیمە گرانترن وەکو کوردی

ئێزدی، ئیرۆکەش پێشنیارا مە لەدەڤ ئەڤ بابەتە تێرو تەسەل نایەتە دانوستاندن، بیتە پاش خستن بۆ سبەینێ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کۆتا هەبێت بۆ نەتەوەکانی تر؟ رجائەن رجائەن بێ دەنگ، پێشنیارێك هاتووە، داوا دەکات کۆتا هەبێت، لە برا ئەرمەنیەکان و برا ئێزیدی و براتورکمان و ئێزدی کوردو برا تورکمان و برای کلدان و ئاشوری، داوا دەکەن کۆتا هەبێت، داوادەکەن لە سلێمانی هەبێت، لە دهۆك هەبێت، لە هەولێر هەبێت، هەندێك بەڕێزیش رەئی خۆیان دا ئێستا لەناو پەرلەمان، ئەڵێن لەبەر ئەوەی ئیحسائیە نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەو نسبەیە دیار نیە، لەپەرلەمان ئەو نسبەیە دراوە، بمێنێت بۆ وەختێکی تر، ئێستا پێشنیارەکی ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کردووە، ئەوەلی دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر قبول کرا، پاشان نسبەکانی دەست نیشان دەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە لەم مەرحەلەیە هەبێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس،کێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ مەرحەلەیەکی تر بێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، تەئخیر کرا بۆ مەرحەلەیەکی تر، تکایە ببورن، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر تکایە، ئیحتیرامی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەگیرێت، ئەکسەریەت تاخیری کرد بۆ مەرحەلەیەکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و چوارەم کە دەبێتە ماددەی سی و سێیەم.

ماددەی سی و چوارەم:

پێویستە لەسەر هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (34):

على جميع الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەم ماددەیە زۆر تەبیعیە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددە سی چوار تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و پێنجەم کە دەبێتە ماددەی سی و چوارەم.

ماددەی سی و پێنجەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (35): لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئەم ماددەیەش وەكو ماددەكانی تره، كێ لەگەڵدایه دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیه دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و شەشەم كە دەبێتە ماددەی سی و پێنجەم.

ماددەی سی و شەشەم:

ئەم یاسایه لەمێژووی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەكرێت و له رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) بڵاو دەكرێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (36):

ینفذ هذا القانون اعتباراً من تأریخ اصداره وینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ، فەرموو كاك كریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی من پێشنیار دەكەم، كە ئەو یاسایه له كاتی بڵاو كردنەوەی له جەریدەی رەسمی جێبەجێ بكرێت، چونكه ئەوە ئیستیسنائه، ئێمە خەریكە ئیستیسنائەكان دەكەینە ئەسڵ، بۆیە لەگەڵ ئەوە دامە كە لە تاریخی نەشر جێبەجێ بكرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی رەئیتان تكایه.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری له پێشنیارەكەی كاك كریم دەكەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان كێ پێشنیارەكەی ئەو ماددەیه بە وەرگرتنی پێشنیارەكەی كاك كریم وەردەگرێت، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیه دەستی بەرز بكاتەوە؟سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا (اسباب موجبه) لەگەڵ یاساكە بخوێننەوە، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیە پێویستەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

بـە مەبەسـتی پتـەوکردنی ڕێبـازی دیمـوکراتی لـە هـەرێمی کوردسـتان وچەسـپاندنی یـەکێك لـە گـرنگترین بنچـینەکانی دەستاودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەلأت و بە مەبەستی ڕێگە گرتن لە خەست کردنـەوەی دەسـەلأتەکان، لـە ڕێگـەی دابـەش کردنیان لەسەر بنچینەی نامەرکەزی کارگێڕیی، تاکو هاوولأتی بتوانێ ئازادی خۆی و مافەکانی وەرگرێ لە پێنـاوی گەیانـدنی خزمەتگوزارییەکان بۆی بەشێوەیەکی باشتر، بۆ فەراهـەم کردنـی ژیـانێکی ئـازادی شـکۆمەندانە بـۆی لـە ڕێگـەی ئەنجامـدانی هەڵبژاردنە ئازادو پاکەکان بۆ هەموو پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الأسباب الموجبة**

**بهدف توطيد النهج الديمقراطي في اقليم كوردستان وتكريس احد اهـم اسسـه وهـو التـداول السـلمي للسـطلة وبهدف الحيلولة من تركيز السلطات من خلال توزيعها على اساس اللامركزية الادارية لتمكين المواطن للتمتع بحريته وحقوقه ولايصال الخدمات اليه بصورة افضل لتوفير حياة حرة كريمة له من خلال إجـراء انتخابـات حرة ونزيهة وعادلة لجميع المحافظات و الأقضية والنواحي فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بـەڕێزان کـەس لەسـەر ئەسـباب موجیبـە قسـەی هەیـە، ئێسـتا هـەموو یاسـایەکە لەگـەل ئەسـباب موجیبـە بەیەکەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ سـوپاس، کـێ لەگەڵدانیـە دەسـتی بـەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سبەی سەعات 11 دانیشتنی ترمان هەیـە، دوو پـڕۆژەی خوێندنەوە زائیـدەن یاسـای وەزارەتـی نـاوخۆ، تـا سـبەی سـەعات 11 بەخێربچـن، کۆتـایی بـە دانیشـتنەکە دێنین، سەرکەوتووبن**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێ** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**سێ شەممە رێکەوتی 12\5\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 12/ 5/2009

**کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2009/5/12 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی پەرلـەمان, بـە ئامادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (12)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (12)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکـەوتی 12/ 2009/5 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-خوێندنـەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی سەرۆکایەتی هەرێم، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.**

**2- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێراق، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.**

**3- خوێندنـەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق ژمـارە(1)ی سـاڵی 1992ی هـەموارکراو، کـە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشکەش کراوە.**

**4- خسـتنەڕوو وگفتوگـۆکردنی پـڕۆژەی یاسـای وەزارەتـی نـاوخۆ، کـە لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە(3416) لە 2008/4/6.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنە.**

**1-خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی سەرۆکایەتی هەرێم، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.**

**2- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێراق، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.**

**3- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق ژمـارە(1)ی سـاڵی 1992ی هـەموارکراو، کـە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشکەش کراوە.**

**4- خسـتنەڕوو وگفتوگـۆکردنی پـڕۆژەی یاسـای وەزارەتـی نـاوخۆ، کـە لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە(3416) لە 2008/4/6.**

داوا له ليژنەی یاسایی دەكەم بێن له شوێنی خۆیان دابنیشن، بۆ دەست پێكردن بەبەرنامەی كار، خاڵی یەكەم لەبەرنامەی كار،( خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژەی یاسای درێژكردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەكەمی سەرۆكایەتی هەرێم، كه لەلایەن ژمارەی یاسایی له ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە). داوا له ليژنەی یاسایی دەكەم پرۆژەكە بەكوردی و عەرەبی بخوێننەوە، كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك وبرایانی ئەندامی پەرلەمان، ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەشكراوە، ئێستا دەقی داواكاری ژمارەی یاسایی لەئەندامانی پەرلەمان دەخوێنمەوە، لەگەڵ پرۆژەكە بەزمانی عەرەبی.

**بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**بابەت/ پرۆژە بڕیار**

سڵاو وڕێز:

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان پرۆژەی بڕیاری هاوپێچمان گەڵاڵە كردووە، بەناوی ( پرۆژەی بڕیاری درێژكردنەوەی خولی یەكەمی هەڵبژاردنی یەكەمی سەرۆكی هەرێم)تكایە، بخرێتە بەرنامەی كار لەكۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كەوا ئیمزایان كردووە.

1 - شێروان حەیدەری.
2 - عەونی بەزاز.
3 - عبدالكریم هەمەوەندی.
4 - ڕۆژان دزەیی.
5 - خلیل ابراهیم.
6 - تاڤگە محمد علی.
7 - محمد صالح اسماعیل.
8 - طارق جامباز.
9 - دلێر محمد شریف.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر كەمال، فەرمووو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ناوانەی کەوا ئیمزایان کردووە، نۆ ئەندامن دەبێ دە ئەندامن بن تا ئەو پرۆژەیە بخوێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەیەکی نیزامی زۆر ڕاستە، نۆ ئەندام ئیمزایان کردووە، باشە کاک جمال قاسم ئیمزا کرا، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەوە نۆ ئەندامە بەس لەوانەیە ئەندامی تر هەبێت، بیەوێ ئێستا ئیمزای بکات، کاک جمال قاسم لە ئەصڵەکەدا ناوی هەیە، ئەمە نوسخەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا جارێکی تر بیخوێنەرەوە بە تەواو کردنی هەر 10 ئیمزاکە، فەرمووو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کەوا ئیمزایان کردووە، ناوەکانیان دەخوێنمەوە.

1 - شێروان حەیدەری.

2 - عەونی بەزاز.

3 - عبدالکریم هەمەوەندی.

4 - رۆژان دزەیی.

5 - خلیل ابراهیم.

6 - تاڤگە محمد علی.

7 - محمد صالح اسماعیل.

8 - طارق جامباز.

9 - دلێر محمد شریف.

10 -جمال محمد قاسم.

## قرار رقم (    ) لسنة 2009

### قرار تمديد ولاية رئيس اقليم كوردستان_العراق

المادة الاولى: استثناءً من حكم المادة الثالثة من قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 المعدل تمدد ولاية رئيس الاقليم المنتهية ولايته في 2009/6/12 لحين اجراء انتخاب رئيس جديد للاقليم ومباشرته.

المادة الثانية: لا يعمل بأي نص  قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القرار.

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كوردیەكەی بخوێننەوە، تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕیاری ژمارە (      ) ساڵی 2009**

**بڕیاری درێژكردنەوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێمی كوردستان_عیراق**

ماددەی یەكەم:

بەدەر لە حوكمی ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 2005 ی سەرۆكایەتی هەرێم كە لە 2009/6/12 كۆتایی پێدێت، درێژدەكرێتەوە تاكو هەڵبژاردنی سەرۆكێكی نوێ و دەست بەكاربوونی.

ماددەی دووەم:

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بریارە بێت.

ماددەی سێیەم:

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە  پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم بریارە جێ بەجێ دەكەن.

ماددەی چوارەم:

ئەم بریارە لە رۆژی بلاّوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێ بەجێ دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئـەم پرۆژەیـە ئاراسـتەی لیژنـەی یاسـایی و ئەنـدامانی پەرلـەمان دەكـەم، ئەگـەر پێویسـت بكـات لێـرەدا متمانـەمان داوە بـەجێگری سـەرۆكی هـەرێمیش، لەبەرئـەوە دەبێـت تـا كـاتی هەڵبـژاردن ئـەوە لەناحیـەی قانونیەوە چی دەبێت، ئەوە ڕوون بكەنەوە لە موناقەشەكردندا، فەرموون بۆ خاڵی دووەم. 2- خوێندنـەوەی یەكەمی پڕۆژەی یاسای درێژكردنـەوەی خـولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق، كـە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژەیەش لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەشكراوە، ئێستاش دەقی داواكارییەكەو پرۆژەكە دەخوێنمەوە.

**بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**بابەت/ پرۆژە بڕیار**

**سڵاو ورێز:**

**ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان پرۆژەی بڕیاری هاوپێچمان گەڵاڵە كردووە، بەناوی ( پرۆژەی بڕیاری درێژكردنەوەی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان) تكایە، بخرێتە بەرنامەی كار لەكۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.**

**لەگەڵ ڕێزماندا.**

**ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە ئیمزایان كردووە:**

1 - شێروان حەیدەری.
2 - عەونی بەزاز.
3 - عبدالكریم هەمەوەندی.
4 - رۆژان دزەیی.
5 - خلیل ابراهیم.
6 - محمد صالح اسماعیل.
7 - طارق جامباز.
8 - دلێر محمد شریف.
9 - ئارام رسول مامەند.
10 -جمال محمد قاسم.

## قرار رقم ( ) لسنة 2009

## قرار تمديد الدورة الانتخابية الثانية

## لبرلمان كوردستان - العراق

**المادة الاولى:**

تستمر الدورة الانتخابية الثانية لبرلمان كوردستان - العراق التي ستنتهي في 2009/6/4، ويبقى البرلمان قائماً لحين انتخاب برلمان جديد وإنعقاد جلسته الاولى.

**المادة الثانية:**

لايعمل بأي قانون أو قرار يتعارض مع احكام هذا القرار.

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

**المادة الرابعة:**

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕیاری ژمارە(    ) ساڵی 2009**

**بریاری درێژكردنەوەی خولی  هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان**

ماددەی یەكەم:

خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان - عیراق كە لە 2009/6/4 كۆتایی پێدێت بەردەوام دەبێت و پەرلەمان دەمێنێتەوە تاكو هەڵبژاردنی پەرلەمانێكی نوێ و ئەنجامدانی كۆبوونەوەی یەكەمی.

ماددەی دووەم:

كار بە هیچ یاسایەك یا بڕیارێك ناكرێت پێچەوانەی ئەم بریارە بێت.

ماددەی سێ یەم:

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم بریارە جێ بەجێ دەكەن.

ماددەی چوارەم:

ئەم بڕیارە لە رۆژی بلاوكردنیەوە  لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێ بەجێ دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان دەكەم، خاڵی سێیەم لەبەرنامەی كار3 - خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ژمارە(1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**بابەت/  پرۆژەی یاسا**

سڵاو وڕێز:

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان پرۆژەی  هاوپێچمان گەڵاڵە كردووە، بەناوی ( پرۆژەی یاسای هەمواركردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، ژمارە(1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو تكایە، بخرێتە بەرنامەی كار لەكۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە واژوویان كردووە:

1 - شێروان حەیدەری.
2 - عەونی بەزاز.
3 - عبدالكريم هەمەوەندی.
4 - محمد صالح اسماعيل.
5 - طارق جامباز.
6 - شيرين عبدالرحمن.
7 - صبريه غفار.
8 - جمال يوسف.
9 - جمال قاسم.
10-جعفر شێخ مصطفی.

**مشروع قانون التعديل الخامس لقانون انتخاب برلمان كوردستان_العراق**
**المرقم (1) لسنة 1992 المعدل**

**المادة (1):**

**تعدل الفقرة (2) من المادة الثانية والعشرين من القانون وتقرأ كالآتي:-**

**2- تقدم قوائم المرشحين خلال مدة عشرين يوماً من تأريخ اعلان موعد الانتخابات الى رئيس الهيئة العليا مشفوعة بالوثائق المطلوبة في المادة الحادية والعشرين من هذا القانون.**

**المادة(2):**

**تضاف الفقرات التالية الى المادة الخامسة والعشرين من القانون ويكون متن المادة فقرة (1) لها وتقرأ كالآتي:-**

**1- تبدأ الدعاية الانتخابية في اليوم التالي لاعلان قوائم المرشحين وتنتهي قبل ثمان واربعين ساعة من بدء عملية الاقتراع.**

**2- تحدد الهيئة الأماكن التي يمنع فيها ممارسة الدعاية الانتخابية وإلصاق الإعلانات الانتخابية طيلة المدة المسموح بها للدعاية الانتخابية ويمنع نشر أي إعلان أو برامج أو صور للمرشحين في مراكز الاقتراع.**

**3- على الكيانات السياسية المشاركة في الانتخابات إزالة ملصقات الدعاية الانتخابية وبموجب تعليمات تصدرها الهيئة.**

**4- يمنع تنظيم الاجتماعات الحزبية و الانتخابية في الأبنية التي تشغلها الوزارات ودوائر الاقليم المختلفة.**

**5- يمنع استخدام دوائر الاقليم ويقصد بها مواقع العمل والوظيفة للعمل الحزبي و للدعاية الانتخابية.**

**6- لا يجوز لموظفي دوائر الاقليم والسلطات المحلية استغلال نفوذهم الوظيفي او موارد الاقليم او وسائلها او اجهزتها لصالحهم او اي مرشح بما في ذلك اجهزتها الامنية والعسكرية بالدعاية الانتخابية او التأثير على الناخبين.**

7- لا يجوز لأي مرشح إن يقوم يوم التصويت بتوزيع برامج عمل أو منشورات أو بطاقات أو غيرها من الوثائق بنفسه أو بواسطة غيره.

8- لا يجوز لأي من العاملين في دوائر الاقليم أو أعضاء السلطات المحلية إن يقوم يوم التصويت بتوزيع برامج عمل بنفسه أو بواسطة غيره.

9- لا يجوز وضع إعلانات أو توزيع برامج عمل أو منشورات أو بطاقات باسم مرشح غير مسجل في كشف المرشحين.

10- يحظر على المرشحين القيام بأية دعاية انتخابية تنطوي على خداع الناخبين أو غشهم أو استخدام أسلوب التجريح أو التشهير بالآخرين في الدعاية الانتخابية.

11- يحظر الإنفاق على الدعاية الانتخابية من المال العام أو من موازنة الوزارات أو أموال الوقف أو من أموال الدعم الخارجي.

12- يحظر على أي حزب أو جماعة أو تنظيم أو كيان أو إفراد أو أي جهة كانت ممارسة أي شكل من أشكال الضغط أو التخويف أو التكفير أو التخوين أو التلويح بالمغريات أو منح مكاسب مادية أو معنوية أو الوعد بها.

13- يحرم أي حزب أو كيان سياسي يحتفظ بمليشيا مسلحة من المشاركة في الانتخابات.

14- يحرم أي كيان سياسي من المشاركة في الانتخابات و حساب الأصوات في حال قيامه بغلق منطقة انتخابية بالقوة أو التهديد باستخدام القوة لصالحة أو ضد غيره.

المادة(3):

تلغى الفقرة (رابعاً) من المادة السادسة والثلاثين (المكررة) من القانون.

المادة (4):

تلغى المادة السابعة والخمسون من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل ويحل محلها مايلي:-

1- يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على شهر كل من الصق البيانات أو الصور أو النشرات الانتخابية الخاصة خارج الأماكن المخصصة لها.

2- يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن شهر ولا تزيد عن ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن مليون دينار ولا تزيد على خمسة ملايين دينار من خالف أحكام الفقرات (17،18،19،20،21) من هذا القانون.

3- يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (6) ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن (100000) مائة ألف دينار ولا تزيد على (500000) خمسمائة الف دينار كل من:

4- تعمد إدراج اسم أو أسماء أو صفات مزيفة في جداول الناخبين أو تعمد عدم إدراج اسم خلافا لإحكام هذا القانون.

5- توصل إلى إدراج اسمه أو اسم غيره دون توافر الشروط القانونية المطلوبة وثبت انه يعلم بذلك وكل من توصل إلى عدم إدراج اسم آخر أو حذفه.

6- أدلى بصوته في الانتخاب وهو يعلم إن اسمه أدرج في سجل الناخبين خلافا للقانون أو انه فقد الشروط القانونية المطلوبة في استعمال حقه في الانتخابات.

7- تعمد التصويت باسم غيره.

8- أفشى سر تصويت ناخب بدون رضاه.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

9- استعمل حقه في الانتخاب الواحد أكثر من مرة.

10- غير إرادة الناخب الأمي وكتب اسما أو اشر على رمز غير الذي قصده الناخب أو عرقل أي ناخب لمنعه من ممارسة حقه الانتخابي.

11- رشح نفسه في أكثر من دائرة أو قائمة انتخابية.

12- تعمد الاعتداء على صور المرشحين أو برامجهم الملصقة في الأماكن المخصصة لها لحساب آخر أو جهة معينة بقصد الإضرار بهذا المرشح أو التأثير على سير العملية الانتخابية.

13- أعلن عن انسحاب مرشح أو أكثر من العملية الانتخابية وهو يعلم بان الأمر غير صحيح بقصد التأثير على الناخبين أو تحويل أصوات المرشح إليه.

14- الاعتداء على وسائل الدعاية الانتخابية المسموح بها قانونا لأي سبب كان سواء أكان بالشطب أو التمزيق أو غير ذلك أو كل تصرف من هذا القبيل.

خامساً:- يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة كل من : -

15- استعمل القوة أو التهديد لمنع ناخب من استعمال حقه لحمله على التصويت على وجه معين أو على الامتناع عن التصويت.

16 أعطى أو عرض أو وعد بان يعطي ناخبا فائدة لنفسه أو لغيره لحمله على التصويت على وجه معين أو على الامتناع عن التصويت.

17- قبل أو طلب فائدة لنفسه أو لغيره ممن كان مكلفاً بأداء خدمة عامة في العملية الانتخابية.

18- نشر أو أذاع بين الناخبين أخبارا غير صحيحة عن سلوك احد المرشحين أو سمعته بقصد التأثير على اراء الناخبين في نتيجة الانتخاب.

19- دخل إلى المقر المخصص للانتخابات حاملا سلاحا نارياً أو جارحاً خلافاً لإحكام هذا القانون.

20- سب أو قذف أو اعتدى على لجنة الانتخابات أو احد أعضائها اثناء عملية الانتخاب.

21- العبث بصناديق الاقتراع أو الجداول الانتخابية أو أية وثائق تتعلق بالعملية الانتخابية.

22- استخدم الشعارات الدينة او دور العبادة لاغراض العمل الحزبي او الدعاية الانتخابية.

23- يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة وبغرامة لا تقل عن ( 100000) مائة ألف دينار ولا تزيد على (500000) خمسمائة ألف دينار كل من:

أ- استحوذ أو أخفي أو عدم أو اتلف أو افسد أو سرق أوراق الاقتراع أو جداول الناخبين أو غير نتيجتهما بأية طريقة من الطرق.

ب- أخل بحرية الانتخاب أو بنظامه باستعمال القوة أو التهديد.

24- يعاقب على الشروع في جرائم الانتخاب المنصوص في هذا القانون بعقوبة الجريمة التامة استثناءً من احكام القواعد العامة.

25- في حالة ثبوت مساهمة الكيان السياسي في ارتكاب أي جريمة من الجرائم الانتخابية والمنصوص عليها في هذا القانون، يعاقب بغرامة مالية مقدارها (50000000) خمسين مليون دينار.

26- يحرم الكيان السياسي من الأصوات التي حصل عليها في المركز الانتخابي في حالة اقترافه إحدى الجرائم الانتخابية المنصوص عليها في البنود (أولاً، خامساً، سادساً، سابعاً، ثامناً ) من المادة (27) والمادة (28) من هذا القانون.

27- يعاقب بالحبس وبغرامة لا تقل عن عشرة ملايين دينار ولا تزيد عن خمسة وعشرين مليون دينار كل من خالف حكم الفقرة ( اولاً) من المادة (22) من هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی موزافمان داناوە بەس پێڕانەگەیشتین لە تەبع دەمجی بکەین، ئێستا دەقی ماددەکە دەمج دەکەین، ئەو ماددەیە دوێنێ لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان پەسەندمان کرد، پێمان باشە لێرەشدا جێگای بکەینەوە، ماددەکەش بەم شێوەیە:

مادة مضافة: تضاف المادة التالية الى القانون وتكون بتسلسل المادة (        )

أولاً: اذا فقد عضو البرلمان مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي في قائمته طبقاً للترتيب الوارد فيها بالنسبة للقوائم غير المؤتلفة.

ثانياً: اذا فقد عضو البرلما ن مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي من نفس الكيان السياسي المؤتلف ضمن القائمة الانتخابية المؤتلفة.

ثالثاً: اذا كان المقعد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين يخصص المقعد الى مرشح آخر من كيان سياسي آخر حصل على الحد الأدنى من عدد الاصوات المقرر للحصول على مقعد وبخلاف ذلك يبقى المقعد شاغراً.

رابعاً: اذا كان المقعد الشاغر يخص امرأة فلا يشترط أن تحل محلها امرأة اخرى الا اذا كان ذلك مؤثراً على نسبة تمثيل النساء.

**الاسباب الموجبة**

لضمان اجراء انتخابات نزيهة وشفافة في الاقليم ولكون الجرائم الانتخابية وعقوباتها غير دقيقة ولاجل تشديد العقوبات للجرائم الانتخابية بعد توضيح حالاتها وبغية تسهيل اجراء الانتخابات وإزالة العقبات التى تحول دون نزاهتها و شفافيتها فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ولیژنەی مافی مرۆڤ دەكەم، لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، داوا دەكەم كە هەر ئەمڕۆ دابنیشین بۆ ئەوەی سبەی بتوانین قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان تەواو بكەین، چونكە تۆزێك وردەكاری دەوێت، داوا دەكەم لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆو لیژنەی مافی مرۆڤ، دیراسەتی بكەن، بەحەقیقەت ئەوە هی ئەوە نیە لێرەدا بێین خاڵ بەخاڵ موناقەشەی بكەین، لەبەرئەوەی لە قانونی هەڵبژاردنی پارێزگاكانیشدا هاتووە لە بەغداد، بەڵام ئەوەندەیە كە هەندێ فەقەراتی تێدایە خەلەلی تێدایە لەناحیەی زمانەوانی، لەناحیەی عەمەلی، یان بۆ نموونە 12 ئیعادەی صیاغەی دەوێت، چواردە دەبێ ئینتیباه بكەین، سبەی بەپشتیوانی خوا كۆدەبینەوە، ئەو سێ پرۆژەی كە خوێندمانەوە یەكلایان دەكەینەوە، چوارەم خاڵ لەبەرنامەی كار 4- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بە نووسراویان ژمارە(3416) لە 2008/4/6.

وەزیری ناوخۆ بۆ نەهاتووە، كاك سەعد، فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین( وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنێ بەتەنسیق لەگەڵ برادەرانی سەرۆكایەتی لە بەشێكی كۆبوونەوەكە ئامادە نەبووم، بۆیە من ئاگام لەوە نەبوو كە ئەو ماددەیە دەخرێتە بەرنامەی كاری ئەمڕۆی دانیشتنەكە، بەڕێز وەزیری ناوخۆش ئاگادار نیە، بۆیە من داوا لەبەڕێزتان ولە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیش دەكەم، ئەگەر ئیمكان هەبێت، ئەو دانیشتنە تەئجیل بكرێت بۆ كاتێكی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆو لیژنەی یاسایی ئێوە ڕەئیتان چیە؟، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە مانعمان نیە، بۆ دواخستنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاخر ئێوە ڕەئیتان چیە؟.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش مانعمان نیە، بۆ دواخستنی، مادام جەنابی وەزیر ئامادە نیە، چونكە بەبێ ئەویش نابێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوەندەی من بزانم جەنابی وەزیر مەشغوڵە، مادام ئێوەش دەتانەوێت وەزیر لێرە بێت، بۆیە من ئیقتراح دەكەم بۆ ڕۆژی دوو شەممەی داهاتوو، كە دوابخرێت، كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ئەو پرۆژەیە دوابخرێت بۆ دوو شەممەی داهاتوو، تكایە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینە قبوڵ كرا، خاڵی چوارەم دواخرا بۆ دوو شەممەی داهاتوو، كاك هیوا نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا حەز ئەكەم شتێكم هەیە ئاراستەی جەنابتانی بكەم، ئێمە كە ئەچینە دەرەوە ئەوە ماوەیەكی زۆرە لەبەردەم دەزگاكانی ڕاگەیاندنـدا بێدەنگیمان هەڵبژاردووە، چونكە وەڵامـان وەكو مـەخرەجێكی یاسایی نیە؟ من ئەم پرسیارە ئاراستەی جەنابتان دەكەم، بۆ ئەوەی ئێمە وەكو پەرلەمان حەلێكمان بۆیان هەبێت، لەبەردەمی ئیعلامدا ئیحراج نەبین، ئەویش بابەتی سیستمی دەسەڵاتە لە هەرێمی كوردستاندا، ئێمە پەرلەمانی كوردستان قەرارمان داوە، هەڵبژاردن بۆ سەرۆكایەتی هەرێم لەسەر ئاستی جەماوەر بێت، پێویستە وەڵامێكمان هەبێت، ئایا سیستمی دەسەڵات لەئاستی عێراق پەرلەمانیە، لەبەرئەوە بۆ سەرۆكی كۆمار هەڵبژاردن ناكرێت، پەرلەمان قەراری لێ دەدات، حەزئەكەم جەنابتان ئەمە وەك پرسیارێك وەڵام بدەنەوە، بۆ ئەوەی ئێمەی پەرلەمانتاران وەڵاممان هەبێت، ئایا لەدەستووری هەرێمدا دەسەڵات لە هەرێمی كوردستان سەرۆكایەتیە، یان پەرلەمانیە، یان تێكەڵاوە، حەز ئەكەم وەڵاممان هەبێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك هیوا، وەڵلا من تەعەجوب ئەكەم، كەچۆن قسەت نەكردووە لە ڕاگەیاندندا، چۆن توانیووتە، وەڵلا موهیمە لەمەودوا صیغەی صەبورت پێدەدەم، وەڵلا ئەوە دیاردەیەكە ئەبێ دیراسە بكرێت، بەڕێزان مەوزوعی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی هەرێم ڕاستەوخۆ پێش هەموو شتێك یاسای سەرۆكایەتی هەرێم خۆتان قەرارتان بۆ داوە، ماددەیەكی سەریحە دەڵێ سەرۆكی هەرێم لەلایەن جەماوەرەوە هەڵدەبژێردرێت، لە دەنگدانێكی گشتیدا، كەواتە خۆتان دەنگتان بۆ ئەوە داوە، ئەمە یەك، دوو: جاری پێشووش وابزانم كاك عوسمان بانی مارانی پرسیاری كردو جوابم دایەوە، وتم سیستەمی وڵات دیاری ناكرێت بەوەی كە سەرۆكایەتیە یان پەرلەمانیە، ئەگەر بێت و فەقەت بەوە قیاس بكرێت كە سەرۆكی هەرێم یان سەرۆكی كۆمار، لەلایەن خەڵكەوە هەڵدەبژێردرێت، ئەگەر سەرۆكی كۆمار لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرا تەنها ئەوە كافی نیە بڵێیت ئەو وڵاتە یان ئەو هەرێمە، سیستەمەكەی سەرۆكایەتیە، یاخود بەعەكسەوە ئەگەر لە پەرلەماندا هەڵبژێردرا، ئەوە دەلیلی ئەوە نیە بەتەنها كە ئەو سیستەمەی لەو وڵاتەدا هەیە، یان لەو هەرێمەدا هەیە پەرلەمانیە، بەڵكو دەستووری ئەو وڵاتە، دەستووری هەرێم، دەستووری ئەو كۆمەڵە، هی ئەو مەجموعە یاسایانەی كە كۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن، ئەوە نیشانی ئەوە دەدات كە ئەو كۆمەڵگایە سیستەمی پەرلەمانی پەیڕەو دەكات یان سەرۆكایەتی پەیڕەودەكات، دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێم، دەسەڵاتی جێبەجێكردنە،**

دەسـەڵاتی لەسـەر پەرلـەمان نیـە، دەسـەڵاتی لەسـەر دادوەری نیـە، دەسـەڵاتی دادوەری سـەربەخۆیە بـەقانونێك کـەخۆمان دەرمـانکردووە، دەسـەڵاتی تەشـریعی پەرلـەمان سـەربەخۆیە، بەوقانونـەی کـە هەیـەتی، بـەڵام سـەرۆکی هـەرێم کـە هەڵدەبژێردرێت لەلایەن جەماوەرەوە، بەتەئکید قوەتێکی مەعنەوی زیاتری دەداتێ لـەوەی کـە لەپەرلەمانـدا هەڵبـژێردراوە، بە متمانەی خەڵك موباشر سەرۆکی هەرێم دەبێت، من تەفسیری خۆم بۆی ئەوەیە کە ئێمە سیستەممان لێـرەدا پەرلەمانیـە، سەرۆکایەتیشە، لەبەر ئەو ە سەرۆکایەتیەکە خـەڵك موباشـر دەنگی داوە بـۆ سـەرۆکی هـەرێم، بـەڵام پەرلەمانیـە وەکو یاسا، وەکو کۆمەڵگایەکی بەرەو موئەسەساتی ویاسایی بەڕێوەدەچێت، جا ئەوە ئـەو پرسـیارەی کـە کـردت ئـەوە دووەمجارە ڕوونـی دەکەمەوە، ئەوە قانونی خۆمانە، خۆمان لێرە پەسەندمان کردووە، ئەوەی جەنابی سـەرۆکی هـەرێم لێـرە داوای کـرد شـتێکی تازە نەبوو داوای بکات، داوای کردووە قانونەکە جێبەجێ بکەن، ئێمە یەکەمجار کەلە پەرلـەمان هەڵمانبـژارد، ئـەوە ئیستسـنا بوو، لەوێ ئیستسنامان کرد، لەبەر زرووفی ئەوێ کە نەدەکرا ئەو هەڵبژاردنە ڕاستەوخۆ بکرێت، چونکە پێداویستی دەویست، ئێمەش ئەو بۆشاییەی کە هـەبوو دەمانەویست پـڕی بکەینـەوە، جـا لەبـەر ئـەوە ئـەو ڕوونکردنەوەیـەم داوە، ئـەوەش جاری دووەمە وەکو وتم، ڕەنگە پرسیارەکەشت لـەجێگای خـۆی بێـت، ئومێـدیش دەکـەم هـەموو خـەڵکیش ئـەو ڕاسـتیە بـزانن، زۆر سوپاس، دانیشتنەکەمان کۆتایی پێدێنین، سبەینێ سەعات 11 تکام وایـە، هەرچـی مولاحـەزەی هەیـە لەسـەر ئـەم پـڕۆژەیـە، بیـدات بەلیژنـەکان بـۆ ئـەوەی وەخـت نـەکوژین، فەقـەرە بـە فەقـەرە هەرچـی مولاحـەزاتتان هەیـە بیـدەن بـە لیژنـەی یاسایی، بۆ ئەوەی سبەینێ بتوانین ئەو پڕۆژانە تەواو بکەین، زۆر سوپاستان دەکەم، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)**

**چوارشەممە رێكەوتی 13\5\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)

**چوارشەممە رێكەوتی 13/ 5/2009**

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێکـەوتی 2009/5/13 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە ()ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (13)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 13/ 2009/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری درێژ کردنەوەی خولی هەڵبـژاردنی یەکـەمی سـەرۆکایەتی هەرێم کە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنـی پـرۆژەی بڕیـاری درێـژ کردنـەوەی خـولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمان کوردستان - عێراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پـرۆژەی یاسـای هـەموار کردنـی پێنجـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو، کـە لـە لایـەن ژمـارەی یاسـایی لـە ئەنـدامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بـەپێی حوکمـەکانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتیی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شـەممە رێکەوتی 2009/5/13دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری درێژ کردنەوەی خولی هەڵبـژاردنی یەکـەمی سـەرۆکایەتی هەرێم کە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنـی پـرۆژەی بڕیـاری درێـژ کردنـەوەی خـولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمان کوردستان - عێراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پـرۆژەی یاسـای هـەموار کردنـی پێنجـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو، کـە لـە لایـەن ژمـارەی یاسـایی لـە ئەنـدامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

داوا له‌ لیژنه‌ی یاسایی و ناوخۆ و مافی مرۆڤ ده‌كه‌م فه‌رموون له‌ شوێنی خۆتان دابنیشن، هه‌رچه‌نده‌ خاڵی یه‌كه‌م و دووه‌م عیلاقه‌ی به‌ مافی مرۆڤ نییه‌، به‌س بێت له‌ ئێستاوه‌ دانیشێت، خاڵی یه‌كه‌م له‌ به‌رنامه‌ی كار/ خستنه‌ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژه‌ی بڕیاری درێژ كردنه‌وه‌ی خولی هه‌ڵبژاردنی یه‌كه‌می سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێم كه‌ له‌ لایه‌ن ژماره‌ی یاسایی له‌ ئه‌ندامانی په‌رله‌مان پێشكه‌ش كراوه‌.

داوا له‌ لیژنه‌ی یاسایی ده‌كه‌م بۆ خوێندنه‌وه‌ی راپۆرتی لیژنه‌كه‌یان فه‌رموون.

**به‌ڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

له‌به‌ر كورتی ماوه‌ نه‌مانتوانی راپۆرته‌كه‌ی لیژنه‌ی یاسایی به‌ كوردیه‌كه‌ی ته‌بع بكه‌ین، له‌به‌ر ئه‌وه‌ ئێستا ته‌نها به‌ عه‌ره‌بیه‌كه‌ی بۆتان ده‌خوێنمه‌وه‌.

**الى/ رئاسة پرلمان كوردستان ـ العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

اجتمعت اللجنة القانونية يوم الاثنين 2009/5/12 المصادف ليوم 21/گولان/2709 كوردي/ بحضور اغلبية اعضاءها لدراسة مشروع قرار تمديد ولاية رئيس اقليم كوردستان-العراق المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة 12 في 2009/5/12 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة المشروع، راجين التفضل بعرض المشروع ورأي اللجنة القانونية بتأييده على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأي المناسب بصدده.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**

خۆی ئه‌گه‌ر مادده‌ به‌ مادده‌ كوردیه‌كه‌و عه‌ره‌بیه‌كه‌ ره‌ئی لیژنه‌ی قانونی بخوێنه‌وه‌.

**به‌ڕێز اخر جمال انور:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

**بڕیاری ژماره‌ (     ) ساڵی 2009**

**بڕیاری درێژكردنه‌وه‌ی ویلایه‌تی سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان _ عێراق**

مادده‌ی یه‌كه‌م:

به‌ده‌ر له‌ حوكمی مادده‌ی سێیه‌م له‌ یاسای ژماره‌ (1) ی ساڵی 2005ی سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێم كه‌ له‌ 2009/6/12 كۆتایی پێ دێت، درێژ ده‌كرێته‌وه‌ تاكو هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆكێكی نوێ و ده‌ست به‌كار بوونی.

**به‌ڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قرار رقم (     ) لسنة 2009**

**قانون تمديد الدورة الانتخابية الاولى لرئيس الاقليم**

**المادة الاولى: استثناءً من حكم المادة الثالثة من قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 المعدل تمدد ولاية رئيس الاقليم للدورة الانتخابية الاولى لرئاسة الاقليم لحين اجراء الانتخابات للدورة الانتخابية الثانية له.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕەئی لیژنەی یاسایی تکایە، لیژنەی یاسایی بە کولی لەسەر ئەو قانونە تەئیدی کردووە، کەس قسەی نییە لەسەر ئەو ماددەیە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.**

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە کاتی دەسەڵاتدان بە سەرۆکی هەرێم بۆ دیاری کردنی ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبـژاردن، لـەو کاتەشـدا ئێمـە کاتێکمان دیاری نـەکرد، لـە هـیچ قانونێکـدا بـەو جۆرە قـانون داناڕێـژرێت، پێویسـتە ماوەیـەکی بـۆ دیـاری بکرێت، بۆیە من لێرەدا داوا دەکەم کەوا کۆتایی مانگی 30/ئـەیلولی/2009 دیـاری بکرێـت، چـونکە ئەمـە قانونە، ئەگەر هاتوو هەتا ئەو دەمەش، ئەو کاتەش ئـەنجام نـەدرا، جـارێکی تـر دێتـەوە بـەردەم پەرلـەمان، لێرە دەتوانین درێژەی پێ بدەین، بۆیـە دووبـارە سـەبارەت بـە دەسـەڵاتی سـەرۆکی هـەرێم و بـە دەسـەڵاتی پەرلەمانیش مـن داوا دەکـەم کـەوا ڕۆژێکـی دیـاری کـراو دیـاری بکرێـت بـا 30/ئـەیلولی/2009 بێـت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**گێلاس خان فەرموو.**

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش هەمان ڕای دکتۆر نوریم هەیە، یەعنی پێشنیار دەکەم سەقفێکی زەمەنی ڕۆژێـك دیـاری بکرێـت بـۆ ئەو هەڵبژاردنە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**دکتۆر ڕەمەزان فەرموو.**

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری دیاری كردنی كاتەكە دەكەم لەگەڵ تێبنیەكی ترمدا، ئەگەر ئەمە بكرێتە درێژ كردنـەوەی سەرۆكایەتی هەرێم، ئەو وەختە پێویست ناكات ئێمە تەعدیلێكیش بۆ جێگری سەرۆكی هەرێم، كە دەڵێین سەرۆكایەتی هەر هەمووی دەگرێتەوەو پێویست بە هەموار كردنێكی تر ناكات بۆ جێگرەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیارێكم هەیە بەدیلی ئەو مادده یەكە، یەعنی من وردی لەو ماددەیە نابینم، لەبەر ئەوەی سەرۆكی هەرێم خۆی شەرعیەتی هەیە تاوەكو $6/12$، یەعنی ئەوەش هەر هی خۆیەتی، بۆیە پێشنیارەكەی من وایە دەڵێم (تستمر رئیس الاقلیم في ممارسة صلاحیاته القانونیة بعد انتهاء دورته الانتخابیة الاولى لحین انتخاب واداء الیمین القانونیة لرئیس الاقلیم الجدید)، یەعنی من ئەوە بە قانونی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێموایە هەموو درێژ كردنەوەیەك لە بەرژەوەندی گەلی كوردستاندا نییە، بەڵام ئێستا ناچارین بـۆ دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێم درێژ بكەینەوە، وای لێهاتووە بەڕاستی هەڵبژاردنەكانمان لە كاتی خۆیدا ناكرێت، پەرلـەمان نـەكرا، شـارەوانی نـەكرا، ئەنجومـەنی پارێزگاكـان نـەكرا، ئـەوەش ناكرێـت، یـەعنی ورده ورده متمانەی خەڵك پێمان كەم دەبێتەوە، ورده ورده گومان دەكەوێتە سەر سیستەمی حكومڕانی لە كوردسـتان، بەڵام بە هەر حاڵ ئێستا هیچ چاری ترمـان نییـە، جگـە لـە درێـژ كردنـەوە، درێـژ كردنـەوە مـاوەی دیـاری كراوی نەبێت، بەڕاستی كارێكی زۆر بـاش نییـە، لەبـەر ئـەوە مـن پێشـنیار دەكـەم یەكـەم شـت ئـەو ماوەیـە دیاری كراو بێتن، ئێمە لەوانەیە لە $7/25$ هەڵبـژاردن دەكرێـت، چـەند رۆژ دواتـر، ئـیتر پـازده رۆژ دواتـر، $21/$ ئەیلولە، چەندە؟ گرنگ ماوەكەی دیاری كراو بێت لە $6/12$ەوە هەتا بـۆ نموونـە $9/1$ یـەعنی دیـاری بكرێت، بۆ ئەوەی ماوەكەی دیاری بكرێت، ئەوە یەك.

دووش/ پرسـیارێكم هەیـە بەڕاسـتی، بەنیسـبەت ئالیـەتی دەسـت نیشـان كردنـی جێگـری سـەرۆكی هـەرێم، جارێكی تر ئێمە پێدا بچینەوەو گۆڕانكاری دەكەین یان نا؟ یەعنی ئەوەش دیاری بكرێت.

سێیەم/ نازانم ئەگەر دەكرێت ماددەیەكی تر زیاد بكرێت، یان هەر ناكرێت، مادام سەرۆكی هـەرێم لەلایـەن جەماوەرەوە، لە لایـەن خەڵكەوە هەڵدەبـژێردرێت، لـە پەرلـەمان هەڵنابـژێردرێت، ماددەیـەك زیـاد بكـەین یەعنی سەرۆكی هەرێم هەر كاتێك بـوو بـە سـەرۆكی هـەرێم، هـەر كەسـێك بێـت، مەبەسـتم هـیچ كەسـێك نییە، یەعنی دەست بەرداری سەرۆكایەتی، یان سكرتێری حزبەكـەی بـێتن، چـونكە لـە دوو رووەوە، یـەعنی

ئەو ماددەیە زیاد بکەین، یەکەمیان لەوەیە کە هەموو خەڵك بەبێ فەرق و جیاوازی دەنگ بۆ ئەو سەرۆکە دەدەن، لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەمووە، دووەمیش/ ئەو لایەنگیریەی سەر حیساب نابێت بۆ حزبەکەی ئەگەر لە یەك کاتدا سەرۆکی هەرێم بوو، لە زۆر وڵاتانی دنیاش ئەوە پەیڕەو کراوەو وابزانم ئەزموونێکی سەرکەوتووش بووە، لەبەر ئەوە پێم باشە ماددەیەکی تر زیاد بکەین، کە سەرۆکی هەرێم پێویستە دەست بەرداری سەرۆکایەتی، یان سکرتێری حزبەکەی بێتن لەکاتی دەرچوونیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من هەندێك مەسائیل کە ڕەنگە ڕەبتی بە موناقەشەی ماددەکەوە نەبێت وەڵامت دەدەمەوە، هەندێك برادەرانیش وەڵام دەدەمەوە.

یەکەم/ دوو مەوزوعت ئیسارە کرد، یەکێکیان دواخستنی هەڵبژاردن، خۆت وەکو هەموو ئەندامانی پەرلەمان باش دەزانی کە دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان نە لە دەستی پەرلەماندا بووە، نە لە هێزە سیاسیەکاندا بووە، پێش هەموو کەسێك نۆ مانگ پێش ئێستا لەو پەرلەمانە. هەشت مانگ و نیو پێش ئێستا لەو پەرلەمانە باسمان کرد، دەست نیشانی $5/19$مان کرد، واتە پێشی هەڵبژاردنی کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان، کە لە $6/4$ کۆتایی دێت، ئێمە ئاگاداری کۆمسیۆنی باڵاشمان کرد گوتمان لە $5/19$ ئیقتیراح دەکەین کە هەڵبژاردن بکرێت، دواتر کە کۆمسیۆنی باڵا دواکەوت لە ئیشەکانیدا، ئینجا کە هاتیشەوە ئاخیر لەحەزە باسی ئەوەی کرد ئێمە سێ مانگ پێشترمان دەوێتن، دواتر یاسایەکە بە تێگەیشتن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا بۆ ئەوەی لەگەڵ بڕیاری یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە هەڵبژاردن و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵا بگونجێت، چەندین پێشنیاریان خستەڕوو، هەروەها پێشنیاری تر هاتە پێشەوە بۆ هەموار کردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەوە بووە هۆی دواکەوتنی، دوایێ ئەو دواکەوتنە زۆر دوانەکەوتووە، یەعنی دوو مانگ و شتێکە حیساب ناکرێتن کە دواکەوتووە، ئێمە لە هەڵبژاردنی ساڵی $1992$ کردمان لەبەر وەزعی نالەبار تا $2005$ نەمانتوانی بیکەین، لەبەر ئەوە ناکرێتن ئێستا ئەو توهمەی بخەیتە سەر ئێمەو بڵێیت خەڵك و میللەت پێمان وا دەڵێتن، بە پێچەوانەوە میللەت وامان پێ ناڵێت، من پێموایە متمانەی بە ئێمە زیاد دەبێت، لەبەر ئەوەی لە وەختی خۆیدا ئەنجامامان داوە، لە پێش وەختی خۆی داوامان کردووەو هەموو جهودێکیشمان سەرف کردووە، بۆ ئەوەی دوانەکەوێت، ئەمە یەك.

ڕوون کردنەوەیەکی تر، سەبارەت بە جێگری سەرۆکی هەرێم، جێگری سەرۆکی هەرێم بەپێی یاساکە بەردەوامە، پێویست بە تەمدید کردن ناکات، بەردەوامە لە کارەکانی خۆی، تاوەکو گۆڕانکارییەکی دێتە پێشەوە، یان خۆی واز دەهێنێت، یان سەرۆکی هەرێم دەیگۆڕێت، بەڵام متمانەکەی لێرە وەرگیراوە، کە متمانەی پێ دراوە بۆی دانەنراوە بڵێی لە چوار ساڵدا تەواو دەبێت، بۆیە پێویست بەوە ناکات، ئێمە باسمان کردوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی لەگەڵ جانبی قانونیەکە، لەگەڵ کاك فرسەتدا جێگری سەرۆکی هەرێم سەقفی نییە، بۆمان دیاری نەکردووە کە لە فلان وەقتدا تەواو دەبێتن کارەکەی، بۆیە نەمانخستە بەرنامەی کاریشەوە، ناکرێتەوە بڵێی تەمدیدی سەرۆکایەتی دەکەم، سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمە، جێگرەکەیەتی،

رەئیسی دیوانە، کۆمەڵێك راوێژکاری هەیە، شتی هەیە، قانون شتی وا ناکاتن، دەمێنێت ئەو ئیقتیراحەی کاك دکتۆر نوری کە لەلایەن گێلاس خان و کاك ئارێز و ئەوانە پشتگیری لێ کرا، یەعنی هەردوو سیستەم هەیە، دەکرێتن تۆ دەست نیشانی رۆژێك بکەیت، بەلاّم بۆ ئێمە وا باشترە، ئێمە دەڵێین تا ئەو رۆژەی دەست بەکار دەبێت، یەعنی رۆژی هەڵبژاردن $7/25$ بۆ بلێین $7/30$، مومکینە بتوانین لە شەش رۆژ، حەوت رۆژ پاشی هەڵبژاردن بێت سوێند بخواتن و دەست بەکار بێت، هەر کەسێك هەڵبژێردرێت بۆ ئەم پۆستە، بۆی ئیلا تا $7/30$ راوەستین، لە ئەمریکا ئەو سیستەمە هەیە، وایە راستە، هەڵبژاردن لە مانگێکدا دەکرێتن و دوو مانگی تر ئەو دەسەلاّتە ئاڵوگۆڕ دەکرێت، بەلاّم ئێمە دەڵێین لەو رۆژەوە هەوڵ بدرێت، زووتر بۆ بچێتە مانگی نۆ و ئەوانە، ئێمە پێویستیمان بە وەخت هەیەو لەو ماوەیەدا پاش هەڵبژاردن بەزووترین کات پێویست دەکاتن ئەو سوێند خواردنەو ئەو پۆستە پڕ ببێتەوەو بۆشایی نەمێنێت، کاك شێردڵ قسەت هەبوو فەرمووو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئێمە کە ئیشەکەمان تاخیر بوو لە کۆمسیۆنی بالاّ کە دوایخست هەر لەبەر میزانیەکە، سەبەبی ئەساسی میزانیە بوو، من ئەمڕۆ بەیانی زوو پێش ئەوەی بێمە ئێرە لە دەنگی ئەمریکا گوێم لێ بوو فەرەج حەیدەری رەئیسی کۆمسیۆنی بالاّ گوتی راستە رەئیس وزەرا موافەقەتی کرد لەسەر میزانیەکە، بەلاّم کە چووە جیهاتی ئەوانەی کە پارەکە سەرف بکەن، جیهاتی تەنفیزی گوتیان نەخێر ئەوە لەسەر نەفەقاتی تەشغیلی دەبێت، لەبەر ئەوە هەتا ئێستا موافەقەتیان لەسەر میزانیەکە نەکردووە، ئێمە چۆن دەتوانین ئێستا وەختەکە تەحدید بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە مەوزوعێکە هەر وەختێکی وا هاتە پێشەوە مەسئوولیەتەکە هی ئێمە نییە، کۆمسیۆنی بالاّ وەلاّم دەداتەوە، رۆژەکە راستە، رۆژەکە تەحدید ناکرێت، لەبەر ئەوە نازانین چی دەکاتن، کاك دکتۆر ئەگەر موسیرى لەسەر پێشنیارەکەت دەیخەمە دەنگدانەوە، بەڵێ دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم ئەوە نییە تاکو $30$/ئەیلول ئەو کارە بەردەوام بێت، لەو کاتە ئەگەر هاتو هەڵبژاردن ئەنجام درا سەرۆکی هەرێم بەپێی قانونی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم جارێکی تر هەڵدەبژێرێتەوە، بەلاّم ئەمە وەکو حاڵەتێکە دامانناوە، ئەگەر هەتا ئەو دەمە هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا، ئەو دەسەلاّتەی هەیە، ئەگەر پاش ئەوەش هات درێژەی پێ کێشا، جارێکی تر قانونەکە دێتەوە پەرلەمان، دووبارە بۆی درێژ دەکەینەوە، مەبەستی من ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جا بۆ بێتەوە پەرلەمان، بۆ ئێمە مرونەتێکی وا نەبێتن کە تاوەکو هەڵبژاردن نەکرێتن، من باوەڕ ناکەم و ئومێدیشم وایە هیچ گۆڕانکارییەك نەیەتە پێشەوە لە ڕۆژی هەڵبژاردن و ئەوانە، بەلاّم بۆ ئێمە لە ئێستاوە پێش بینی سلبی بکەین و پێمان وا بێتن هەڵبژاردن دوادەکەوێتن و بێین دابنیشین جارێکی دیکە بێینەوە ئێرە، ئێمە لە رووی یاساییەوە ئەوەم پێ باشترە کە کراوە بێتن بڵێتن تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دەست بەکار بوونی، نوقتەی نیزامیت چیە کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە من مەبەستم تۆمەت دروست کردن نەبوو بۆ پەرلەمان، من گوتم ئەو هەموو دواخستن و ئەو هەموو نەکردنی هەڵبژاردنە کە لە کاتی خۆی دیاری کراوە، ئەگینا ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان داوامان کردو راستە پێشنیار کراوە لە $5/19$ بکرێت، من ئاگادارم لە $1/4$ جەنابت نامەت بۆ کۆمسیۆن و سەرۆکایەتی هەرێمت نووسیووە، من حەزم کرد ئەو روون کردنەوەیە بکەم، دەڵێم ئەو هەموو دواخستن و پاش خستنەی هەڵبژاردنەکان کاریگەری سلبی دەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو جەنابیشت روونت کردەوە، ئاشکرایە کە دواکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دواکەوتنەی کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن دەریانخستووە، چەند رۆژ بەر لە ئێستا رێزدار سەرۆکی هەرێم بۆ خۆی لە پەرلەمان ئامادە بوو و خۆی جەختی لەوە کردەوە، کە پێویستە سەرۆکی هەرێمیش لە رێگای دەنگدانی راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، ئەم پێشنیارەی ئەو برا بەرێزانەو بەرێز کاك دکتۆر نوری بەراستی من وای دەبینم گومانێك هەیە لە قسەکاندا، لە دیاری کردنی کات بۆ ماوەی سەرۆکایەتی، هەر کاتێك پەرلەمان بڕیارێك دەدات، هەر کاتێك پەرلەمان قانونێك دەردەکات، جگە لەوەی کە دەبێت گرنگی ئەو قانونە لەبەرچاو بگیرێت، دەبێت واقیعیەتی ئەمرۆی کوردستانیش لە نەزەر بگیرێت، ئەمرۆ کوردستان پێویستی بەوە هەیە کە پەرلەمان بەردەوام بێت، تا ئەو رۆژەی هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام دەدرێت، پێویستی بەوە هەیە سەرۆکایەتی هەرێم بەردەوام بێت، تا ئەو رۆژەی سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت، یاخود هەڵدەبژێردرێتەوە، بۆیە من پێموایە پەرلەمان پێویست ناکات ئەم هەموو بیرۆکراسیەتە لە کارەکانی خۆیدا بنوێنێت، ئەمرۆ بەروارێك دیاری بکات، پاش ماوەیەکی تر پێویست بکات تەمدیدی بکات، یاخود بیهێنێتە پێشەوە، بۆیە برگەکە وەکو خۆی هاتووە زۆر باشەو، من پێموایە ئەو بۆچوونە هینی پێ ناکرێت لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێكی تر فەقەرەكە دەخوێنمەوە دەڵێت (بەردەوام دەبێتن سەرۆكی هەرێم لە ئیش و كارەكانی خۆی لە 6/12دا تەواو دەبێت، بەلاَم تاوەكو هەڵبژاردنی سەرۆكی تازە بۆ هەرێم و موباشەرە كردنی تەمدید دەكرێت ئەو فەترەیە) زۆر وازیحە.

عەرەبیەكەی (استثناءً من حكم المادة الثالثة من قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 المعدل تمدد ولاية رئيس الاقليم المنتهية ولايته في 2009/6/12 لحين اجراء انتخاب رئيس جديد للاقليم ومباشرته)، زۆر وازیحە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم تكایە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بێت.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیەش تەبیعییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم تكایە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەكەن.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەیەكی رۆتینییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوار تكایە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیەش دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕیارەکە بە هەموو ماددەکانیەوە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.

خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی بڕیاری درێژ کردنەوەی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، پێم باشە بڕگەکان زۆرە، بڕگە بە بڕگە بخوێننەوە، دوایێ ڕەئی خۆتان بدەن، فەرموو تەقریرەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة پرلمان كوردستان ـ العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

اجتمعت اللجنة القانونية يوم الاثنين المصادف 2009/5/12 المصادف ليوم 21/گولان/2709 كوردي/ بحضور اغلبية اعضائها لدراسة مشروع قرار تمديد دورة برلمان كوردستان - العراق المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة 12 في 2009/5/12 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة المشروع، راجين التفضل بعرض المشروع ورأي اللجنة القانونية بتأييده على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأي المناسب بصدده .

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕیاری ژمارە (      ) ساڵی 2009**

**بڕیاری درێژکردنەوەی خوڵی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان**

**ماددەی یەکەم:**

خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کە لە 2009/6/4 کۆتایی پێ دێت بەردەوام دەبێت و پەرلەمان دەمێنێتەوە تاکو هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی یەکەمی.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قرار رقم (   ) لسنة 2009**

**قرار تمديد الدورة الانتخابية الثانية**

**لبرلمان كوردستان - العراق**

**المادة الاولى:**

**تستمر الدورة الانتخابية الثانية لبرلمان كوردستان - العراق التي ستنتهي في 2009/6/4، ويبقى البرلمان قائماً لحين انتخاب برلمان جديد وإنعقاد جلسته الاولى.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەو ماددەیەش تەمدیدی پەرلەمانە وەكو هینەكەیە، باشە ناوتان دەنووسم، فەرموو كوێستان خان.**

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من داوا دەكەم ئەو پێشنیارەی كە لە بڕیارەكەی پێشوودا نەمانتوانی دانێین مودە بۆ كاتی سەرۆكی هەرێم، بۆ پەرلەمان دابنێین، بەڕاستی لەكاتی خۆیدا لە 7/25 لەو ڕۆژەی هەڵبژاردن دەكرێت وادەی پەرلەمان بەسەر بچێت و ئەو مودە یاساییە كاتیشی بۆ دابنرێت تەجروبەی پەرلەمانی پێشوومان لە یادە كە چەندی خایاند؟ پەرلەمانی ئێمەش كە هەڵبژاردن كرا دوای شەش مانگ ئەم پەرلەمانە سوێندی یاسایی خوارد، بۆ ئەوەی ئەو گرێ و مەسەلانە نەیەنە پێشەوە جارێكی دیكە تەئكیدێكم دەكەمەوە كە سەقفێكی زەمەنی دابنرێت و سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خەڵكی كوردستان دەنگیان بە ئێمە داوە تا 2009/6/4، من پێموایە بۆمان نییە وەكو خۆمان ئەو مافە بدەینە خۆمان چەند ڕۆژێكی دیكە زیاد بكەینە سەری، بۆیە من پشتگیری ئەم بڕگەیە ناكەم، پێموایە نابێت تەمدید بكرێتەوە، پێم باشترە 6/5 بچینەوە ماڵێ چاوەڕێ بكەین تا ئینتیخابات دەكرێت، فەراغێكی تەشریعی هەبێت زۆر باشترە لەوەی كە ئێمە لێرە بەردەوام بین و هەر خەریكی درێژ كردنەوە بین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**دكتۆر نوری فەرموو.**

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان پێشنیازم دووبارە دەکەمەوە سەبارەت بەوەی کەوا پێویستە رۆژێکی دیاری کراو دەست نیشان بکرێت، بۆ ئەوەی کەوا پاش ئەوە ئەو پەرلەمانە شەرعیەتی نەمێنێت، 30/ئەیلولیش دانێن بۆ ئەو کاتە، ئەگەر هاتو پێش ئەو کاتە هەڵبژاردن ئەنجام درا ئەوە شەرعیەتی خۆی وەردەگرێت، ئەگەر هاتو هەتا ئەو کاتەش ئەنجام نەدرا، ئەوە جارێکی تر دێتەوە بەردەم پەرلەمان، لەبەر ئەوەی دەستوورمان نییە، ئێمە دەتوانین بەپێی قانون هەمواری ئەو قانونە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

صبریە خان فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە بۆ سەرۆکی هەرێم بەڵێ لێرە بەپێی یاسایەکە تەرتیبمان کردو کاتمان بۆ دیاری کرد، ئەو حەقەش جارێکی تر لێرەوە بدەینەوە سەرۆکی هەرێم مافی خۆیەتی، بەلأم بەڕاستی منیش دەڵێم جەماوەر ئێمەی هەڵبژاردووە، زۆر ئاساییە، ئەمە حاڵەتێك نییە بەس لە کوردستان بووە، لە بەریتانیا بووە، لە لوبنان بووە، حالأتی ئیستیسنای حەرب و ئەم شتانە فەینێکی دروست کردووە بۆ تەمدید کردنەوەیەك، بەلأم با ئێمە بەم نەریتە زۆر رەواجی پێ نەدەین، با فەراغێك دروست ببێت جەخت لەسەر پەرلەمانی دوایی دروست بکات کە زوو دەست بەکار بن و کابینەی تازە دروست بکرێت، پێموایە ئەو فەراغە گرفتێکی ئەوتۆ دروست ناکات، پشتگیری ئەو رەئیەش دەکەم ئەگەر ئەوە نەبوو 7/25 تەسبیت بکرێت بۆ ئەوەی تەمدید کردن نەیەتە کایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ماددەکە زۆر جوان هاتووە، ماوەکەش کە لە 6/4ەوە دەست پێ دەکات، بەس من تێبینیەکم هەیە کە دەڵێت پەرلەمان دەمێنێتەوە، راستە دەمێنێتەوە تا هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ، بە رەئی من ئەگەر تا هەڵبژاردنێکی نوێ، چونکە پەرلەمان هەر پەرلەمانە، ئیتر نوێ بێت، کۆن بێت بە رەئی من وا جوانترە تا هەڵبژاردنێکی نوێ و ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی تر ئەوە جوانترە بە رەئی من، یەکەم کۆبوونەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم من پێشی هەموو كەسێك ئەگەر بیرت بێت رۆژێكیان لە ژوورەكەی جەنابت بووم، پەرلەمانی یەمەن خۆی تەمدید كرد بۆ سالێك، وتم خوا بكەم ئێمە ئەو رۆژە بەچاوی خۆمان نەبینین، ئەوە بینیمان خۆمان دەست بەرز دەكەینەوە بۆ خۆمان تەمدیدی خۆمان بكەین، من رەئیەكەم ئەوەیە زروفەكە قاهیر نییە، با ئەو فەترەیە، ئەو فەراغە دروست بێت هیچ كێشەیەكی ئەوتۆ نییە، ئەگەر ئەو فەراغەیە دروست بێت، ئەگەر بۆ دوو مانگ بێت، ئێمە ترسمان لەوە نییە ئینتیخابات تەئجیل دەبێت، 7/25 من موتەئەكیدم دەكرێت، ترسم لەوەیە وەكو دەورەكەی ئێمە شەش مانگ تاخیر بكرێت دانیشتنی یەكەمیان، لەبەر ئەوە من هیوادارم ئێمە دەست بەرز نەكەینەوە بۆ تەمدید كردنی خۆمان، پەرلەمان هەتاكو رۆژی 6/4 بەكارەكانی خۆی هەڵبستێت و لە دوای ئەوەوە زۆر زۆر تەبیعییە با لە فەراغی قانونیدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محەمەد حەكیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی پێشنیارەكەی كاك دكتۆر نوری دەكەم سەقفی زەمەنی دیاری بكرێت بەو تاریخە شتێكی چاكە. دووەم/ ئێمە بڕیار بدەین جەلساتی ئاسایی دوای 6/4 نەكەین مەگەر حاڵەتی نائاسایی بوو، بۆ ئەوەی فەراغێكی تەشریعی دروست نەبێت لە حالاتی طارئ دانیشتن بكەین، پرسیارێكم لە جەنابت هەیە لەگەڵ حكومەتی هەرێمدا وەلامێك هەبێت ئەگەر عێراق حكومەتی مەركەزی پارەكەی هەر نەدا بە كۆمسیۆن، ئایا ئێمە رێ دەدەین بە كۆمسیۆن كارەكانی رابگرێت؟ لەسەر زەوئی ئەوە حەتمەن ئینتیخاباتیش دوادەكەوێت، یان حكومەتی هەرێم دەبێت بڕیارێكی لای خۆی هەبێت ئەگەر بەغداش پارەكەی نەدا، چونكە بەپێی ئەو مەعلوماتەی من هەمە لە بریكاری وەزارەتی دارایی عێراقەوە حكومەتی عێراق هەرگیز پارەكە نادات، چونكە نەفەقات و مەساریفی ئینیتخابات بە حیسابی ئەوە نازانم مەعلوماتم زۆر نییە لەسەر مەساریفی نەفەقاتی سیادی لادراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان رام هەیە، دەڵێم ئەگەر فەراغێکی تەشریعی بێت، پێموایە باشترە لەوەی، چونکە ئێمە جەماوەر، میللەت دەنگی بە ئێمە داوە، شەرعیەت خۆمان نەماندوەتە خۆمان، تاوەکو وادەی کار کردنمان درێژ بکەینەوە، پێموایە ئەگەر لە 6/4 ئێمە کارەکانمان رابگرین و فەراغێکی تەشریعی بۆ ماوەی دوو مانگ هەبێت، یان کەمتر، ئەوە هیچ شتێکی ئەوتۆ دروست نابێت، بۆیە دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو دەنگانەی داوا دەکەن لە 6/4دا وادەی کار کردنمان تەواو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدانیم تەمدید نەکرێت، چونکە لە دوای ئەو وەقتە قانونییەوە هەر شتێك دێتە ئاراوە، ئیتر مەصدرێك، شوێنێك نییە موشکیلەمان بۆ حەل بکات، من لەگەڵ ئەوەدام کە تەمدید بکرێت، بەلام سەقفێکی موحەدەدی بۆ دابنرێت، ئیعتیادی ئەگەر جارێکی تر رۆتینیش بێت جارێکی تر دێینەوە، بەلام من لەگەڵ ئەوەدا نیم تەمدید نەکرێتەوە، چونکە لە هەر فەراغێك و لە هەر موشکیلەیەکی تازە زیاترە دەکەوێتە سەر ئیتیفاقیاتی سیاسی و دەگەڕێینەوە مەرحەلەی سفر جارێکی تر، دەبێت جیهەتێك هەبێت قانونیەن سەلاحیاتی هەبێت، ئیتر نازانم نەصەکە لێرە وازیحە، ئەم پەرلەمان دەمێنێتەوە بە هەمان صەلاحیاتی ئێستاوە دەمێنێتەوە، یان وەکو پەرلەمانێك بۆ تەسریف ئەعمال دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی یاسا ماوەی کاری پەرلەمان چوار ساڵ یاساییە، خەڵك کە دەنگی بۆ ئێمە داوە بۆ چوار ساڵ، واتا چوار ساڵ و یەك رۆژ نایاساییە، خۆزگە ئێمە لە پەیڕەوی ناوخۆ کارێکمان دەکرد پەرلەمان قەت نەتوانێت دەسەلات بۆ خۆی زیاد بکات، یان قەت نەتوانێت ئیمتیازات بۆ خۆی زیاد بکات، یەعنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بەرژەوەندی خودی پەرلەمان و ئەندامی پەرلەمانن، بەلام کە هەیە ئێستا ئەوە بەلای من زۆر جیاوازی هەیە درێژ کردنەوەی ماوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ پەرلەمان، سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەمانەوە هەڵبژێردراوەو دەکرێت پەرلەمان بە نوێنەرایەتی خەڵك ئەو دەنگە بدات، بەلام ئێمە جارێکی تر دێین ئەم کارە دەکەین، یەعنی بە رەئی من کارێکی باش نابێتن، لەبەر ئەوە من پێم باشە لە 6/4 ئێمە کۆتایی بە پەرلەمان بێنین، ئەو ماوەیە بە بۆشاییەکی یاسایی هەبێت، لە زۆر وڵاتانی دنیاش دەبینی سەرۆکی دەوڵەت، یان سەرۆکی جمهوریە، یان مەلیکە پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە بۆ ماوەی سێ مانگ، چوار مانگ، بەلام حکومەت کارەکانی خۆی دەکات تا ئەو کاتە، لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ ئەوەمە کە

نەك یەك ڕۆژو تا مانگی حەوت، بەڵكو یەك سەعاتیش لە 6/4 تێ نەپەڕێت و ئێمە دەست بەرداری ئیش و كارەكانی خۆمان بین و چاوەڕوان بكەین تا پەرلەمانێكی تر هەڵدەبژێرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە هەنـدێك لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان، نـاڵێم هـەموویان ئەوانـەی كـە قسـەیان كـرد غـەیری پروپاگەندەی هەڵبژاردن نەبێت هیچی دیكە نییە، ئەمە یەك.

دوو/ ئێمە لەو پەرلەمانە بڕیارماندایە، لێرەوە بڕیار دراوە سەرۆكی هەرێم لێرە ئامادە بـووە ڕۆژی دەست نیشان كردنی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە 7/25 دەست نیشانی كردووە، هاوكات ئەو بڕیـارەش لەگـەڵ قسـەی ئەو بەڕێزانە یەكتری دەگرێتەوەو هیچ تەمدیدی تر لەگۆڕێ نییە، بۆیە من پێموایە ئەوەی كـە هـاتووە لـە جێگای خۆیەتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم سەیرە نازانم ئەو واقیعەی ئێمە حەقە برادەران هەموومان بیر لـەو واقیعـی كوردسـتان بكەینـەوە، ئایا وەكو كاك شێردڵ تازە باسی كرد دەتـوانین لـە دوای 7/25 كـە قـەراری لەسـەر دراوە، ئەگـەر مانیعێـك پەیدا بوو و بودجەكە نـەبوو، دەتـوانین بیكـەین، نـەخێر، كەواتـە مـن پێموایـە وەكـو كـاك شـێروان گـوتی بەشـێك لـە موداخـەلاتی بـەڕێزان بـۆ كەسـبی ڕەئـی خەڵكـە، حەقـە تەماشـای بەرژەوەنـدی كوردسـتان و واقیعەكە بكەین، بۆیە من تكا دەكەم وەكو خۆی بڕوات ئەو مەسـەلەیە، ئێمـە دەڵـێین بـا پەرلـەمان بچێتە ماڵەوە، ئەگەر چووە ماڵەوە، پەرلەمانی پێشوو، دەورەی پێشوو دوو جار دەورەكە تەمدید كرایـەوە، ئایـا لـە بەرژەوەندی میللەتی كوردو كوردستان نـەبوو، ئـەوجارە ئەگـەر ئێمـە نـەمانتوانی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان، سەرۆكایەتی هەرێم چ نوقصانێكی هەبووە بۆ مەوعیدەكە كە بۆ پەرلەمانەكە بكرێـت، نـەخێر چ نـەكراوە، كەواتە پێویستە ئێمە بێین بیر لە بەرژەوەندی میللەت و وڵاتەكەمان بكەینەوە، چونكە ناكرێت ئێمە بڵێین بـا بچـینە ماڵـەوە پەرلەمانەكـە بـەجێ بهـێڵین، كەواتـە حكومـەت و كوردسـتانەكە چـۆڵ دەكـەین، لەگـەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من له جياتی نوقته نیزامیەكانتان دوو قسە دەكەم، چونكە نامەوێت جەلسەكە بچێتە ئەو تەوەرە، رەدو ئەو قسە بكات، ئەو رەدی بداتەوە، بەڕاستی بۆ ئەوە دانەنیشتووین، هەر كەسێك هەڵدەستێت قسەی كردووە لێرە، حەقی خۆیەتی رەئی خۆی دەدات بە سەراحەت لەسەر هینەكان و بۆچوونی خۆیەتی، تێگەیشتنی خۆیەتی چی بكەین و چی نەكەین، پروپاگەندە ئەگەر بكرێتن لە هەموو شوێنێكدا بەشێوەیەكی غەیر موباشیر ئەوە تەبیعییەو لێڕاهاتووین، ئەوەی كراوەو عەكسەكەشی، جا لەبەر ئەوە زۆر بە تەبیعی دەزانم هیچیش ئەوە ناكەین، بەلاّم من یەك شت دەڵێم، فەرموو كوێستان خان بزانم، ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبێت قەتعت دەكەم ببوورە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزتان، بەڕاستی تاكو ئێستا زۆر باش توانیوتانە نەیەڵن هیچ كەسێك لەسەر قسەی ئەندام پەرلەمان قسە بكات، ئێمە بە سوپاسەوە هەڵوێستی بەڕێزتان دەنرخێنین، هی سەرۆكایەتی، حەقە لەمەودوا نەیەڵن هیچ ئەندامێكی پەرلەمان هەڵستێت قسە لەسەر قسەكانی ئەندام پەرلەمان بكات، هەر كەس ئازادە قسەی خۆی دەكات، بەلاّم لەسەر یاسایەكان و لەسەر ئەوەی خۆی قسە دەكات، بۆی نییە قسە لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان بكات، ئێمە هەڵوێستی ئێوە بەرز دەنرخێنین، تكا دەكەین بەو شێوەیە ئەو نەهامە بەردەوام بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من ئەو قسەیەم كرد بۆ ئەوەی تۆ ئەو قسەیە نەكەیت، بەلاّم هەر كردت، بە هەر حاڵ دوو نوقتە لە پێشە بەڕاستی، ئەوەلەن جارێ لە هەواوە نەهاتووین تەجروبەی پێشوومان، هەڵبژاردنی ساڵی 1992 چەندین جار بەشێوەی جیا جیاو جۆراوجۆر لە هۆڵی پەرلەمانیش نا، لەبن خیوەتان تەمدیدی بۆ كرا، ئێمە بۆ شتێك بكەین و دواییش خوا نەخواستە شتێك بێتە پێشەوە بڵێین بۆ ئەو بڕیارەماندا، بۆ هەڵمانوەشاند، جارێ نەصێكیش هەیە لە هەندێك كاك فرسەت ئێستا بیری خستمەوە، دەڵێت ئەگەر پەرلەمان لە هەندێك وڵاتدا سەرۆكی وڵات دەتوانێت حەلی بكاتن، یەك لە دەستوورەكان دەڵێت ئەگەر حەلیشی كرد بێت، ئەگەر پێویستی كرد هەڵبژاردن ئەنجام نەدات، قانونەن دەبێت پەرلەمانە هەڵوەشاوەكە بێت كۆببێتەوە، جا ئێمە بۆ خۆمان تووشی ئەو جۆرە تەفسیراتەو شتە بكەینەوە، یەك شت هەیە لەپێش تەبعەن مەنتیقێكی تێدایە، ئەویش ئەوەیە لە رۆژی هەڵبژاردن، كە رۆژی هەڵبژاردن دەكرێتن پەرلەمان كۆ نەبێتەوە پاشان ئەوە تەبیعییە، هەفتەیەكە، دە رۆژە، وەكو بڵێی ئیلا لە جەلسەی یەكەمیش، تا جەلسەی یەكەمیش، یەعنی 25ی مانگ هەڵبژاردنەكە، بڵێین تا رۆژی هەڵبژاردن، ئەوە مەنتیقێكی تێدایە لەگەڵ داوایەكانی بەشێك لە برادەران كە قسەیان كرد لەگەڵ ئەوانیش دەگونجێتن، بۆیە ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەو جوملەیان لا ببەن (وانعقاد جلسته الاولی) تەبیعییە، چونكە ئەوە پەرلەمانە وەكو سەرۆكی هەرێم نییە، ئەوە ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان دەگۆڕدرێت لە رۆژی هەڵبژاردندا دەنگ دراوەتە پەرلەمانێكی

تازە، بۆیە ئەگەر نەتیجەشی دەرنەچوو بێت، ئەوە پێویست ناکاتن بە دانیشتن، ئیلا ئەگەر بێتو هەین کرا، ئەگەر بڵێی (لحین اجراء انتخابات جدیدة) ئەوە تەحصیل حاصله، شتەکان مەعلومە، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ پێشنیاری جەنابت، بەڵام ئەوە ناکرێت، چونکە ئەو فەترەیەی کە پەرلەمان ئینتیخابات دەکرێت ئەگەر جەلسەکە ئینعیقاد نەکرێت، مانای وایە سوڵتەی تەشریعی لە وڵاتدا نامێنێت، ئەوەش غەڵەتەو سابیقەی پێشووشمان لە قەوانینی پەرلەمان هەر بەو صیغەیەش داڕێژراوە، بۆ نموونە قانون رەقم (2) ساڵی 1998 (قانون تمدید الدورة الانتخابیة الاولى للمجلس الوطني لكوردستان - العراق

تستمر الدورة الانتخابیة الاولى للمجلس الوطني لكوردستان – العراق المقرر انتهائها في 1998/6/4 وفق قرار التمدید الثالث الصادر عن المجلس برقم (2) في 1996/9/3 ویبقى المجلس قائماً لحین انتخاب المجلس الوطني الجدید وانعقاد جلسته الاولى)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەعفەر ببوورە ناوی نووسرا بوو، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە بۆ هەردوو لیژنە، ئەگەر ئێمە تەحدیدی مودەکە بکەین هەڵبژاردن بۆ 7/25ەکە دیاری کراوە، ئەوە زەختێك دەبێت لەسەر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەڕاستی ، ئێستا سەرۆکایەتی حکومەت خۆشمان بۆ تەئمینی پارەکە.

دوو/ 8/10 دیاری بکەین بۆ جەلسەی یەکەمی پەرلەمان، زەختێك دەبێت لەسەر لایەنەکان، بۆ ئەوەی ئەوانیش زووتر پێك بێن بۆ تەشکیلەی پەرلەمانەکە، یەعنی دوو مەوعید دیاری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە دەقەکە زۆر جوان هاتووەو لە جێی خۆیەتی، ئەگەر هیچ دەستکارییەکی نەکەین، دەبێت ئێمە حیسابی ئەسوەئی ئیحتیمالات بکەین، باشە پەرلەمان هەڵبژێردرا خولی سێیەم، بەڵام بۆی نەکرا ئینعیقاد بکاتن، ئایا ئەو فەترەیە چ حیساب دەکرێت؟ یان ئەو دەستەیە شتێکی بەسەر هات، دەبێت ئێمە ئەسوەئی حاڵات رەچاو بکەین، بۆیە لە ڕۆژی ئینعیقاد دەبێت بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دكتۆر ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە، ئەوەی كە نووسراوە دروستە، چونكە تا ئەوان سوێندی یاسایی نەخۆن ئەم پەرلەمانە كۆتایی پێ نایەت، دەبێت ئەوان سوێندی یاسایی بخۆن پەرلەمانی نوێ، ئینجا ئەمەی ئێستا كۆتایی پێ دێت، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەصەكە كە لە لایەن یاساییشەوە هێن كرا، نەصەكە وازیحە ئەو ڕەئیانەی تر موحەدەد نییە، ئەگەر نەصەكە دەنگی نەهێنا، ئینجا دەكەوینە سەر ئیقتیراحەكان، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم:

خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان - عێراق كە لە 2009/6/4 كۆتایی پێ دێت بەردەوام دەبێت و پەرلەمان دەمێنێتەوە تاكو هەڵبژاردنی پەرلەمانێكی نوێ و ئەنجامدانی كۆبوونەوەی یەكەمی.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

تستمر الدورة الانتخابية الثانية لبرلمان كوردستان - العراق التي ستنتهي في 2009/6/4، ويبقى البرلمان قائماً لحين انتخاب برلمان جديد وإنعقاد جلسته الاولى.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

كار بە هیچ یاسایەك یان بڕیارێك ناكرێت پێچەوانەی ئەم بڕیارە بێت.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

لايعمل بأي قانون أو قرار يتعارض مع احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەیەكی ڕۆتینییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێ یەم:

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەكەن.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەیەكی ڕۆتینییە، تێبینیت هەیە لەسەر ئەو ماددەیە فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە چوار ساڵە ئێمە لێرەینە صیغەی دارشتنی ئەو ماددانەی ئەخیری ڕێك نەخراو ڕێك نەخرا، جارێك دەڵێت لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، جارێك دەڵێت ئەنجومەن جێ بەجێی دەكەن، جارێك دەڵێت بۆیان هەیە، یەعنی هەموو جار هەر جارێك بە نەوعێك، لەبەر ئەوەی داواكارم لیژنەی یاسایی، یان ئەوە صیغەیەك بێنێتەوە هەموو جار وەكو یەك بێتن، ئێمە دەنگی بۆ بدەین، هەر جارێك بە جۆرێك دەنگی لەسەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەموو صیغەكان هەر راستە، (كل طرق تؤدي الى روما) هەمووی راستە، جێ بەجێ كردنەكەیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بلاوكردنیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێ بەجێ دەكرێت.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**قەراره بۆ یەك جاره، فەرمووو سارا خان نوقتەی نیزامی.**

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**كه ماددەی سێ دەنگم نەدا نەتپرسی بۆچی؟**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بۆچی نەمپرسی، چونكه له سۆزان خانم پرسی، گوتی ئیعتیرازم لەسەر هەموو ماددەكه هەیە، گوتم تۆش هەر هەمان شت دەڵێی، فەرموو.**

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تێبینیم هەیه، چونكه ئەو بڕیاره مەجلیسی وزەرا تەنفیزی ناكات، ئەوه بڕیاره پەیوەندی به پەرلەمانەوه هەیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوڵتەی تەنفیزی هەموو شتێك تەنفیز دەكات، هەموو قەرارێك سوڵتەی تەنفیزی تەنفیزی دەكات، جێ بەجێی دەكاتن، ماددەی چوارەم دەخەمە دەنگدانەوه، كێ لەگەڵدایه دەستی بەرز بكاتەوه؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوه؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بڕیارەكه هەمووی دەخەمە دەنگدانەوه، كێ لەگەڵدایه دەستی بەرز بكاتەوه؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییه دەستی بەرز بكاتەوه؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا بڕیارەكه تەواو بوو، من پێموایه ئەوه ئەركێكه، مەسئوولیەتێكه لەسەر شانتان، نەك به پێچەوانەوه، تەمدید كردنی پەرلەمان ئەركتان زیاد دەكاتن و دەبێت دەوام بكەن لێره، كۆمەڵێك پرۆژەی یاسایی گرنگمان له پێشه، مەسئوولیەته، دوای مەخەن، بۆ ئەوەی پەرلەمانی تازه كه دەست به ئیش دەكات قۆناغێكی تره، مەسئوولیاتێكی تره به حازری بێن، دوایێ ئەو مەشروعانه سقوت دەكات، لەبەر ئەوه مەسئوولیەتیان زیاد دەكاتن تەواو، خاڵی سێیەم له بەرنامەی كار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی پێنجەمی یاسای هەڵبـژاردنی پەرلەمانی كوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو، كه له لایەن ژمارەی یاسایی له ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوه.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە راپۆرتێكی هاوبەشمان هەیە لەنێوان لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و مافی مرۆڤ ئامادە كردووەو پێكەوە دیراسەمان كردووە، رەئیشمان هەمووی موتەفیقە، ئێستا دەیخوێنمەوە، بۆ ئەوەی كەوا لەسەر هەمان ماددەكە بڕۆین.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/التقرير المشترك**

**استناداً لحكم المادتين (39،46) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان - العراق رقم (1) لسنة 1992 المعدل اجتمعت اللجان الثلاث القانونية والداخلية وحقوق الانسان يوم الثلاثاء 2009/5/12 المصادف ليوم 21/گولان/2709 كوردی لدراسة مشروع قانون التعديل الخامس لقانون برلمان كوردستان رقم (1) لسنة 1992 المعدل والمحال اليهم بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة 12 في 2009/5/12 وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجان الى مايلي:**

**1- تأييد المشروع بصورة عامة.**

**2- بالنسبة للمادة الاولى من المشروع لاتوجد عليها أية ملاحظات.**

**ئێستا با ماددەی یەكەم بخوێندرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەسڵی ماددەی یەكەم بخوێننەوە، دوایێ رەئی خۆتان لەسەر بدەن.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ببوورە، هەر لە ئەوەل دانیشتن ئیعتیزارمان خواست كە نەمانتوانی ئەو تەقریرە بكەینە كوردی، لەبەر ئەوەی ماوەكەی یەكجار كورت بوو، بۆیە ئێستا تەنها بە عەرەبیەكەمان هەیە دەخوێنینەوە.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (1):**

**تعدل الفقرة (2) من المادة الثانية والعشرين من القانون وتقرأ كالآتي:**

**2- تقدم قوائم المرشحين خلال مدة عشرين يوماً من تأريخ اعلان موعد الانتخابات الى رئيس الهيئة العليا مشفوعة بالوثائق المطلوبة في المادة الحادية والعشرين من هذا القانون.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەر سێ لیژنە بە هاوبەشی تەئیدی ئەو ماددەیە دەكەن، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من خۆم مولاحەزەم هەیە، نەك مولاحەزەم هەیە، بەلاَم لەبەر ئەوەی لە تەماس داین لەگەڵ کۆمسیۆنی بالاَ، ئەوان پێیان باشە لە پێنج ڕۆژ زیاتر نەبێت ئەو درێژ کردنەوەیە، لەبەر ئەوەی پێویستیان بە ئیشێکی زۆر فەنی هەیە، دە ڕۆژ بێتن دوا دەکەون، بۆیە من ئیقتیراح دەکەم لەسەر داوای ئەوان، ئەو دە ڕۆژە ببێتە پێنج ڕۆژ، واتە خۆی دە ڕۆژە ببێتە پازدە ڕۆژ (خمسة عشرة يوماً)، بۆ ئەوەی جوابمان نەدەن بڵێن وەڵلاهی ئەوەش قانونێك، قەرارێکتان لەسەر دەرهێناوە پێمان جێ بەجێ نەکرێت، بۆیە من پەیوەندیم پێ کردن و زۆریش کەوتینە قسەو زۆر هەوڵیشمدا لەگەڵیان، بەلاَم گوتیان لە پێنج ڕۆژ زیاتر ناتوانین، بۆیە بیکەنە پازدە ڕۆژ تەبیعییە، من دوێنێش قسەم لەگەڵ کردن، ئەمڕۆ بەیانیش قسەم لەگەڵ کردوون، بۆیە من داواکارم کە ئەگەر لە جیاتی بیست ڕۆژەکە لەسەر داوای ئەوان ببێتە پازدە ڕۆژ، باشە هەرسێ لیژنە، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو یاسایە، یەعنی ئەو هەموار کردنە خۆتان دەزانن ئەو یاسایە ئێستا لە کاتی جێ بەجێ کردندایە، ئیشی لەسەر دەکرێت، دواتر ئێستا ئەگەر ئێمە هەمواریشی بکەین، پێویستی بە ئیصدار هەیە، پێویستی بە تەصدیق هەیە، ئەو کاتانەی کە هەمووی پێویستە بەو قۆناغانەدا بڕوات بە سەعاتێك و دوو سەعات تەواو نابێت، ئەگەر هەر تاخیر بوونێکیش لەوەدا هەبێتن هەموو جەدوەلی زەمەنی ئیش و کاری کۆمسیۆنیش تێك دەداتن بەڕاستی، بۆیە من لەگەڵ ئەو تەعدیلەدا نیم، ئەو تەعدیلەی ئێستا ئێمە موناقەشەی لەسەر بکەین و پەسندی بکەین، من بەشێوەیەکی گشتی قسە دەکەم، ئەگەر ئامانج لە مەسەلەی سزایاکانیشدا ئەوە دەکرێتن، ئەوە هەموو نیزامی کۆمسیۆن هەیە، لەوێ ئەو شتانە هەمووی دیاری کراوە، کۆمسیۆن ئیلتیزامی پێوە دەکات، کیانە سیاسیەکان ئیلتیزامی پێوە دەکەن، کیانە سیاسیەکان تەئمیناتیان داناوە، دواتر لە ڕێی محاکم کێشەکان یەکلایی دەبێتەوە، بۆیە بەڕاستی ئەوە بەشتێکی زیاد دەزانم، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تەئسیر ناکات، ئێمە لێرە قەرارێکی بدەین ئەوەلەن هەوڵ دەدەین و پەلە دەکەین، بۆ ئەوەی ئیصدار بکرێت لە وەختی موناسیبی خۆی پێش ئەوەی دە ڕۆژەکە تەواو بێت، هەر سێ لیژنەکە موافیقن لەسەر ئەوەی بیست ڕۆژەکە ببێتە پازدە ڕۆژ، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك غەفورم، بەڕاستی ئەم ڕێنماییانە هەمووی لە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە وەرگیراوە، کاتی خۆشی لە ساڵی 2005دا بەبێ ئەوەی کەوا قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەم ڕێنماییانە هەبێت، هەڵبژاردن ئەنجامدرا، چونکە بەپێی

ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن کارەکان ئەنجام دەدرێت، ئێستاش کاتەکە درەنگە پێویستمان بەوە نییە کەوا لەوێوە بە کۆپی بێنین و بیخەینە ناو قانونی خۆمانەوە، هەر کاتێك کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بۆ هەرێمی کوردستان دەست نیشان کرا، ئەو کاتە قانونێکی تایبەتی بۆی دادەڕێژرێت، ئەم قانونە دەچێتە ئەوێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جوابم بۆ جەنابت و بۆ کاك غەفوریش ئەوەیە کۆمسیۆنی باڵا ڕێنماییەکانی بەرزتر نییە لە قانونی خۆمان، یەعنی لە قانونی خۆمان ئێمە دە ڕۆژمان داناوە، لەبەر ئەوە کۆمسیۆنی باڵا پابەندە بە قانونی ئێمە ڕێنماییەکانی ئەو دواتر دێت، ئەگەر شتێك لە قانونەکانی ئێمەدا نەبێت ئەوجا ڕێنماییەکانە، مادام ئێمە بە قانونمان گوتمان دە ڕۆژ، ناتوانێت بیکاتە پازدە ڕۆژ بە ڕێنماییەکی خۆی، دەبێت ئێمە قانونی خۆمان تەعدیل بکەین، بەنیسبەت ئەوانی ترەوە سزای تێدایە، عقوبەکە دەبێت بە قانون بێت لە لای خۆمانەوە، ئەگەرنا ناتوانین یەکسەر هین بکەین، فەرموو کاك کەریم ئەگەر قسەیەك زیاترت هەبێت لە قسەکانی من فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ قاعیدەی قانونی دەڵێت (لاجریمە ولا عقوبە الا بنص) واتە نەصێکی قانونی ناکرێت بە پەیڕەو، یان بە تەعلیمات بێت، ئەوە جواب بۆ ئەو مەسەلەیە.

ئەوەی دوو من پێشنیار دەکەم، لەبەر ئەوەی سەرجەم ئەو سزایانەو، ئەو ئینتیهاکاتانەی کە لێرە باس کراوە، ئێمە لە پەرلەمان، لە قانونی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەنگمان بۆداوەو پەسندمان کردووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەر هەمووی بخوێندرێتەوەو بە یەکجار بخرێتە دەنگدان و لەلایەن ئەندامی پەرلەمان پەسند بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبوایە ماددەی یەکەم تەواو بکەین، ئینجا ئەو قسەیە بکەیت، ئێستاکە ماددەی یەکەم بەو گۆڕانکاریەی دەیخوێنمەوە وای لێ دێتن ( تعدل الفقرة (2) من المادة الثانية والعشرين من القانون وتقرأ كالآتي:

2- تقدم قوائم المرشحين خلال مدة (15) يوماً من تأريخ اعلان موعد الانتخابات الى رئيس الهيئة العليا مشفوعة بالوثائق المطلوبة في المادة الحادية والعشرين من هذا القانون)، کێ لەگەڵ ئەو ماددە تەعدیلەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، واتا دە ڕۆژەکە بووە پازدە ڕۆژ بۆ تەقدیم کردنی ناوی پاڵێوراوانی لیستەکان بۆ کۆمسیۆنی باڵا، بەپێی قانونەکە دە ڕۆژ بوو، ئێستا پێنج ڕۆژ زیاد کرا، ئینجا ماددەی دوو، موقتەرەحەکەی کاك کەریم ئەگەر پێتان باشە هەمووی پێکەوە بخوێندرێتەوەو دەنگی بۆ بدرێت، مامۆستا کاکە دوێنێ هەندێك

مولاحەزاتماندا موعالەجەتان كـردووە، ئێستا موقتـەرەحێك هەيـە دەڵێـت هـەموو بخوێندرێتـەوە، بخرێتـە دەنگدان، باشە كاكە بخوێنەوە، باشە ماددەی دووەم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بالنسبة للمادة الثانية من المشروع نقترح إعادة صياغتها بالشكل التالي:

المادة(2): تلغى المادة الخامسة والعشرين من القانون ويحل محلها مايلي:

اولاً:- تبدأ الدعاية الانتخابية في اليوم التالي لاعلان قوائم المرشحين وتنتهي قبل ثمان واربعين ساعة من بدء عملية الاقتراع.

ثانياً:- تحدد المفوضية الأماكن التي يمنع فيها ممارسة الدعاية الانتخابية وإلصاق الإعلانـات الانتخابيـة طيلـة المدة المسموح بها للدعاية الانتخابية.

ثالثاً: على الكيانـات السياسـية المشاركة في الانتخابـات إزالـة ملصقات الدعايـة الانتخابيـة وبموجـب تعليمـات تصدرها المفوضية.

رابعاً:

1- يمنع استخدام الابنية التي تشغلها الوزرات ودوائر الاقليم وكافة مواقع العمل والوظيفة للعمـل الحزبـي او للدعاية الانتخابية.

2- لا يجوز لموظفي دوائر الاقليم والسلطات المحلية استغلال نفوذهم الوظيفي او مـوارد الاقليـم او وسـائلها او اجهزتها لصالحهم او اي مرشـح بمـا في ذلـك قـوى الامـن الـداخلي والاجهـزة العسـكرية للدعايـة الانتخابيـة او التأثير على الناخبين.

خامساً:

1- لا يجوز لأي مرشـح إن يقـوم يـوم التصـويت بتوزيـع بـرامج عمـل أو منشـورات أو بطاقـات أو غيرهـا مـن الوثائق بنفسه أو بواسطة غيره.

2- لا يجوز لأي من العاملين في دوائر الاقليم أو أعضاء السلطات المحلية إن يقوم يوم التصويت بتوزيـع بـرامج عمل بنفسه أو بواسطة غيره.

3- لا يجوز وضع إعلانات أو توزيع برامج عمـل أو منشـورات أو بطاقـات باسـم مرشـح غـير مسـجل في كشـف المرشحين.

سادساً: يحظر على المرشحين القيام بأية دعاية انتخابية تنطوي علـى خـداع النـاخبين أو غشـهم أو اسـتخدام أسلوب التجريح أو التشهير بالآخرين في الدعاية الانتخابية.

سابعاً: يحظر الإنفاق على الدعاية الانتخابية مـن المـال العـام أو مـن موازنـة الـوزارات أو أمـوال الوقـف أو مـن أموال الدعم الخارجي.

**ثامناً: يحظر على أي حزب أو جماعة أو تنظيم أو كيان أو إفراد أو أي جهة كانت ممارسة أي شكل من أشكال الضغط أو التخويف أو التكفير أو التخوين.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**هەرسێ لێژنەكە موتەفیقن بە تەعدیلاتەوە، شتەكە لە بەغداشدا بە هەمان شێوە هاتووە، ئەگەر كەس قسەی لەسەر نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، خۆی هەمان شتە لە قانونی موحافەزات موناقەشەتان كردووە، خۆ ناكرێت ئیختیلافی لەسەر هەبێتن، عەینی عقوبە لە قانونی موحافەزات موناقەشەتان كردووەو دەنگتان بۆ داوە، ئێستا بە تازە كردنەوەكەی من پێموایە هینە، دەیخەمە دەنگدانەوە، دەرگای موناقەشە بكەینەوە، یان نا، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەرگای نەكەینەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەرگای موناقەشە بكەینەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینە قەبولیان كرد كە دەرگای موناقەشە نەكرێتەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە ماددەی دوو، چیە كاك شێردڵ فەرموو.**

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە ئەسبابی موجبە نووسراوە (ولكن)، ئەو (لكن)ە (لكون).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جارێ نەهاتووین، صیاغە موهیم نییە، ماددەی دوو كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی سێ. ماددەی سێ بەخۆم دەخوێنمەوە هەتا دەبینینەوە، (المادة (3): تلغى الفقرة (رابعاً) من المادة السادسة والثلاثين (المكررة) من القانون)، ئەو ماددەیە دووبارەیە كێ لەگەڵدایە ئیلغای بكەینەوە، فەرموو.**

**بەڕێز اندراوس یوخنا گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو ماددەیە لە قانونی ئینتیخاباتی موحافەزات موناقەشە نەكراوە، ئێمە دورشمان لەسەر هەیە، لە یاسای ئینتیخابات ئەو ماددەیە نەهاتووە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**با لیژنەی یاسایی ئەوەل جار شەرحی بكات فەرموو.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە یاسای ئینیتخاباتی ئەنجومەنی موحافەزات، ئێمە ئەو فەقەرەیەمان دانا، بۆ ئەوەی هەر موكەونێكی سیاسی بەخۆی دەنگی خۆی بدات لەوێ، ئەمەش كە دیقەتمان دایێ ئەوەش زەرەر بوو بۆیان، بۆیە ئەوەمان لەغو كردەوە مانای تیلقائی هەر كەسێك دەنگی بداتێ تەبیعییە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك ئەندریوس.

**بەڕێز اندراوس یوخنا گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وامان بیستووە كە لیژنەی یاسایی دەڵێت موفەوەزیەی عولیا ئیعتیرازی لەسەر ماددەكە هەیە، نازانم وا هەیە؟ ئێمە لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو پەرلەمانە لە ساڵی 1992 ئێمە داوامان كردووە كە كۆتامان هەبێت، ئامانجمان لەو كۆتایە چیە؟ كە ئێمە خۆمان بە خۆمان هاووڵاتی خۆمان و نوێنەری خۆمان هەڵبژێرین، لە ساڵی 1992 وابووە، كە كاتی چووینە قاعەی هەڵبژاردن سێ جۆرە بیتاقەی ئینتیخابی هەبوو، بیتاقەی ئینتیخابی گشتی، بیتاقەی كۆتا، بیتاقەی هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم، كە چووینە لەوێ لەمنیان پرسی چت دەوێ؟ بیتاقەی گشتی، یان بیتاقەی كۆتا، یان بیتاقەی سەرۆكی هەرێم، گوتم بیتاقەی كۆتا لەگەڵ بیتاقەی سەرۆكی هەرێم، نوێنەری خۆم بەخۆم هەڵبژارد، لەو كاتە من حەقم هەبوو بیتاقەی گشتی وەربگرم و نوێنەرێكی تر بۆ خۆم هەڵبژێرم، واتا ئەگەر من بۆ نموونە ئەندامی حزبێكی ترم، نەك لەگەڵ خۆم بڵێین پارتیم، یان یەكێتیم، یان شوعیم، حەقی خۆمە نوێنەری پارتی هەڵبژێرم، بەلآم لێرە مەبەستمان چیە؟ كاك كەریم حەقی نییە بە من بڵێت ئەندریوس یوخنا هەڵبژێرم بۆ نوێنەری ئاشوورییەكان، حەقی نییە، ئەمە قانون دەڵێت كۆتا، یەعنی نوێنەری ئەو نەتەوە با بزانین كاكە، مەنتیق نییە كاك كەریم بچێت لە ئینتیخابات ئەندریوس یوخنا هەڵدەبژێرم بۆ نوێنەری ئاشوورییەكان مەبەستمان ئەوەیە، لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەكەین ئەگەر كۆتایە بەڕاستی با ئەو مەبدەئە وەك چۆن لە یاسای ئێمە پەسندمان كردووە با بمێنێتەوەو فەرزی لەسەر موفەوەزیە بكەن بیتاقەی ئینتیخابی جیاواز بێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

گەلاوێژ خان فەرمووو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیزافەت لەوەی كاك ئەندراوس هەروەك دەزانین قانون تەنها نص نییە، بەڵكو روح و مفاهیمە و، ئەگەر ئەم بڕگەیە لاببرێت، ئەوە مەبدەئی كۆتا تەفریغ دەبێت لە محتەوایەكەی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو ماددەیەمان بۆ ئیلغا کردەوە ئەو فەقەرەیە؟ یەکەم/ موفەوەزیـە گـوتی ئـەوە دیموکراتیـەتی تێـدا نییە، ئیجباری ناخیب دەکەیت بۆ ئەوەی دەنگ بـۆ جێیـەکی موعەیـەن بـدات، ئـەوە لـە هـیچ جێیـەکی لـە عێراق مومارەسە نەکراوە.

دووەم/ ئێمە هیچ ئیحصایەکی دەقیقمان نییە، نە بۆ برا تورکمانەکان، نە بۆ برا مەسـیحیەکان، بـۆ ئـەوەی کەوا بۆیان تحدید بکەین و بیتاقەی خاصیان بدەینێ بڵێین ئێوە بڕۆن لە فلان دائـیرەی ئینتیخـابی دەبێـت دەنگ بدەن، لەبەر ئەوە وای لێکرا، پاشان ئـەوە هاوکارییـە بـۆ ئـەو بـرا مەسـیحیانە، نـەك هـەر بـۆ ئـەوان، بەڵکو بۆ برا تورکمانەکانیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەوە وەکو باسیان کرد، هەم موفەوەزیەی عولیا لە دانیشـتنەکەی کـە خـۆم حـازر بـووم گوتیـان ئـەوە لەگەڵ مەعاییری دوەلی ناگونجێتن، ئەوە قسەی ئەوانە.

دووەمیش/ ئەوەی کە مەنتیقەکەی مەقبولە، ئەوەی یەکـەم موشـکیلە نییـە مـەعاییری دوەلـی بـۆ خـۆم بـۆ خۆمان مەعاییری دادەنێین ئەوە قەیـدی ناکـات، بـەڵام گوتیـان سـجلی ناخیبینمـان نییـە، ئیحصـامان نییـە، سجلی ناخیبینمان نییە، ئەگەر بۆ برا ئاشووری و کلدانیش تا حەددێك بکرێـت، بـۆ بـرا تورکمانـەکان هـەر ناکرێـت، ئـەوە ناکرێـت، نازانرێـت تـا ئێسـتاکە ئیحصا نـەکراوە، لەبـەر ئـەوە ئـەوان گوتیـان ئەگـەر ئـەوە بنووسن، ئێمە ناتوانین جێ بەجێ بکەن، ئێمەش قانونێك بنووسین نەتوانین جێ بەجێی بکەین ئیشکالێك دروست دەکات، ئێمە ئێستا پەسندی بکەین، کۆمسیۆنی باڵا بڵێت ناتوانم ڕێنماییەکانی خۆی هەیەو داینـاوە سەنادیق و هەموو قائیمەکانی تەقسیم کردووە بەو شێوەیە، پێی بڵێ ئیلا دەبێت ئەوەی لەو کیاناتە هەیـە دەبێت ئەوان تەنیا دەنگمان بۆ بدەن، دەڵێ من ناتوانم، کە ناتوانی، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئێمە نەصەن و روحەن لەگەڵ کۆتاین و لەگەڵ تەخصیصی ئـەو مەقاعیـدە دایـن، بـەڵام مـن پرسـیار دەکەم ئایا ئافەرین ئەم حزبانە نەتوانن وا لـەو خەڵکە بکەن کـە بچـن دەنگیـان بـۆ بـدەن، کەواتـە یـەعنی چۆن نوێنەرایەتیان بۆ هەڵدەبژێرن، یەعنی من ئێستا کەسێك بم لە کریسـتیان بم، یـاخود بڵێـی کلـدان بم، یان ئاشووری ناچم دەنـگ بـدەم بـە یـەکێکی تـر، دەچـم دەنـگ دەدەم بـە نوێنەرەکـەی خـۆم، چونکە مـن موتەئەکیدم ئەو دەچێت نوێنەرایەتی من دەکات، یەعنی دەنگەکەی خۆم بە خەسار نادەم، با ئێمـە بـزانین قەدری دەنگدەر چیە؟ دەنگەکە چیە؟ لەبەر ئەوە من داوا دەکەم لەوانەی کە خاوەنی قائیمەی کۆتـان، ئـەو نەریتـە دادەهێـنن لـەناو کۆمەڵگایـە کـە وا لـە خەڵکەکـە بکـەن دەنگیـان بـۆ بـدات هـی نوێنـەری خۆیـان هەڵبژێرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

قسەكانت راستە، یەعنی شتێكی تریش هەر كۆتایە قەیدی ناكات، بەلاّم لە نەتیجە جەنابت لێرە ئەندام پەرلەمانی، تەنیا نوێنەری كلدان و ئاشووری و بزووتنەوەی ئاشووری نی، نوێنەری هەموو هەرێمی كوردستانی، ئەندامی پەرلەمانی كوردستانی خۆ نەنووسراوە لەسەر نیوچەوانی تۆ مواصەفاتەكانت، دەڵێ ئەندامی پەرلەمانی كوردستانی، دەتوانی بەناوی پەرلەمانەوە قسەی بكەیت، بمانەوێ بەناوی گەلی كوردستانیش بكەیت، ئەوە تەواو، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە خۆمان بە دیموكراسی ناساندیتمان لەسەر ئاستی هەموو دنیادا، كەچی هەر لە هەمان یاسادا نیسبەی كۆتامان بۆ ژن دانا مەترسیشمان هەیە، دوێنێ باسیشی زۆر لێكرا كە ژن بە 120 دەنگ دەچێتەوە پارێزگا، پیاو بە بیست هەزار دەنگ دەچێتەوە پارێزگا، ئەی بۆ ژن ناتوانێت وا موجتەمەع ئیقناع بكات دەنگی پێ بدات، بۆ ئەمەی كە كۆتا چەند حزبی مونافیسین شەرع دەنگ دەدات ئێستا بۆ ئەو سندوقانەی كە دانراوە، بۆ ماف ئەوەمان نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عەفوم دەكەیت، یەعنی جوابەكەت دوایێ ئاسانە دەتوانی بیڵێین و ئەوانە، بەلاّم ژن ئیشكالێك لەسەر ئەوە نییە، ئەو لە 30٪ بۆ هەموو كیانەتەكان وەكو یەكە، بۆ هەموو قەومیاتەكان وەكو یەكە، بۆ هەموو ئاینەكان وەكو یەكە، موشكیلە لەوەدا نییە.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قانونی یاسای پارێزگاكانی هەرێم دوێنێكە قەرارمان لەسەردا هەمان حاڵەت بووینە زەحییە، كە نوێنەرانی برادەرانی توركمان لە موحافەزەی دهۆك نییە، لە سلێمانی نییە، ئێمەش كۆتامان پێ نەدرا لەسەر ئەو ئەساسە، یەعنی دائیمەن دەبین بە زەحییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە مەوزوعێكی ترە، قانونی موحافەزات، ئەوە مەوزوعێكی ترە بە جۆرێك قەبول كراوە قابیلی موناقەشەیەو دیموكراتیەت ئەوەیە قەبولی نەتیجەكەی بكەیت، تەواو كاك ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو بۆچوونانەی كە باس كرا بەتایبەتی گەلاوێژ خان و بەڕێزان، بەڕاستی من پشتگیری لەوەی سۆزان خان دەكەم، تەبعەن ئەوەی سۆزان خانیش ئاماژەی پێ كرد ئەوە دەستوورییە، لە دەستووردا هاتووە رەئی موفەوەزیەی عولیا تەعنی هەیە لەسەر ئەوەی بەو شێوەیەی كەوا دەڵێن، چونكە

ئەوە حرمانی حەقی ئینسانە، ماددەی پازدە لە حقوق و حوريات دەڵێت (لكل فرد الحق في الحياة والامن والحرية ولايجوز حرمانه من هذه الحقوق او تقيدها الا وفقاً للقانون)، يەعنی ئێمە ناتوانين بە كەيفی خۆمان هينی بكەين، دوايیَ يەعنی بەڕاستی منيش لەگەڵ ئەوەم ئەگەر من خۆم بە ئاشووری بزانم، يان بە كلدان بزانم، يان بە سريان بزانم، يان بە توركمان بزانم، چۆن بچم دەنگ بدەم بە ليستێكی تر، حەتمەن دەنگ بەو كەسە دەدەم كە بە نوێنەری خۆمی دەزانم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، موناقەشە كرا، دەبێت مەنتيق بەكار بێنين بۆ رەئيەكان، ماددەی سێ دەخوێنمەوە (المادة (3): تلغى الفقرة (رابعاً) من المادة السادسة والثلاثين (المكررة) من القانون)، دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەيە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرينەی دەنگ وەرگيرا، تكايە ماددەی چوار.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بالنسبة للمادة الرابعة نقترح إعادة صياغتها بالشكل الآتي:-

المادة (4): تلغى المادة السابعة والخمسون من القانون ويحل محلها مايلي:-

اولاً:- يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على شهر كل على الصق البيانات أو الصور أو النشرات الانتخابية الخاصة خارج الأماكن المخصصة لها.

ثانياً:- يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن شهر ولا تزيد عن ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن مليون دينار ولا تزيد على خمسة ملايين دينار من خالف أحكام الفقرات (رابعا, خامسا, سادسا, سابعا) من المادة الخامسة والعشرون من هذا القانون.

ثالثاً:- يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (6) ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن (100000) مائة ألف دينار ولا تزيد على (500000) خمسمائة الف دينار كل من:

1- تعمد إدراج اسم أو أسماء أو صفات مزيفة في جداول الناخبين أو تعمد عدم إدراج اسم خلافا لإحكام هذا القانون.

2- توصل إلى إدراج اسمه أو اسم غيره دون توافر الشروط القانونية المطلوبة وثبت انه يعلم بذلك وكل من توصل إلى عدم إدراج اسم آخر أو حذفه.

3- أدلى بصوته في الانتخاب وهو يعلم إن اسمه أدرج في سجل الناخبين خلافا للقانون أو انه فقد الشروط القانونية المطلوبة في استعمال حقه في الانتخابات.

4- تعمد التصويت باسم غيره.

5- أفشى سر تصويت ناخب بدون رضاه.

6- استعمل حقه في الانتخاب الواحد أكثر من مرة.

7- غير إرادة الناخب الأمي وكتب اسما أو اشر على رمز غير الذي قصده الناخب أو عرقل أي ناخب لمنعه من ممارسة حقه الانتخابي.

8- رشح نفسه في أكثر من دائرة أو قائمة انتخابية.

9- قام بالتزوير اثناء فرز الاصوات.

رابعاً:- يعاقب بالحبس مدة لاتقل على شهر ولاتزيد على سنة كل من :-

1- تعمد الاعتداء على صور المرشحين أو برامجهم الملصقة في الأماكن المخصصة لها لحساب آخر أو جهة معينة بقصد الإضرار بهذا المرشح أو التأثير على سير العملية الانتخابية؛

2- أعلن عن انسحاب مرشح أو أكثر من العملية الانتخابية وهو يعلم بان الأمر غير صحيح بقصد التأثير على الناخبين أو تحويل أصوات المرشح إليه.

3- الاعتداء على وسائل الدعاية الانتخابية المسموح بها قانونا لأي سبب كان سواء أكان بالشطب أو التمزيق أو غير ذلك أو كل تصرف من هذا القبيل.

خامساً:- يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة كل من : -

1- استعمل القوة أو التهديد لمنع ناخب من استعمال حقه لحمله على التصويت على وجه معين أو على الامتناع عن التصويت.

2- أعطى أو عرض أو وعد بان يعطي ناخبا فائدة لنفسه أو لغيره لحمله على التصويت على وجه معين أو على الامتناع عن التصويت.

3- قبل أو طلب فائدة لنفسه أو لغيره ممن كان مكلفاً بأداء خدمة عامة في العملية الانتخابية.

4- نشر أو أذاع بين الناخبين أخبارا غير صحيحة عن سلوك احد المرشحين أو سمعته بقصد التأثير على آراء الناخبين في نتيجة الانتخاب.

5- دخل إلى المقر المخصص للانتخابات حاملا سلاحا نارياً أو جارحاً خلافاً لإحكام هذا القانون.

6- سب أو قذف أو اعتدى على لجنة الانتخابات أو احد أعضائها اثناء عملية الانتخاب.

7- العبث بصناديق الاقتراع أو الجداول الانتخابية أو أية وثائق تتعلق بالعملية الانتخابية.

8- استخدم الشعارات الدينية او دور العبادة لاغراض العمل الحزبي او الدعاية الانتخابية .

سادساً:- يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة وبغرامة لا تقل عن ( 100000) مائة ألف دينار ولا تزيد على (500000) خمسمائة ألف دينار كل من:

1- استحوذ أو أخفي أو عدم أو اتلف أو افسد أو سرق صناديق أو أوراق الاقتراع أو سجلات الناخبين أو غير نتيجتهما بأية طريقة من الطرق.

2- أخل بحرية الانتخاب أو بنظامه باستعمال القوة أو التهديد.

سابعاً:- في حالة ثبوت مساهمة الكيان السياسي في ارتكاب أي جريمة من الجرائم الانتخابية والمنصوص عليها في هذا القانون, يعاقب بغرامة مالية مقدارها (50000000) خمسين مليون دينار.

**ثامناً: يحرم الكيان السياسي من الأصوات التي حصل عليها في المركز الانتخابي في حالة اقترافه إحدى الجرائم الانتخابية المنصوص عليها في البنود (أولاً، خامساً، سادساً، سابعاً, ثامناً) من المادة (25) من هذا القانون.**

**تاسعاً:- يعاقب بالحبس وبغرامة لا تقل عن عشرة ملايين دينار ولا تزيد على خمسة وعشرين مليون دينار كل من خالف حكم الفقرة ( ثامناً) من المادة (25) من هذا القانون.**

**عاشراً:- يحرم أي حزب أو كيان سياسي يحتفظ بمليشيا مسلحة من المشاركة في الانتخابات.**

**حادي عشر: يحرم أي كيان سياسي من المشاركة في الانتخابات وحساب الأصوات في حال قيامه بغلق منطقة انتخابية بالقوة أو التهديد باستخدام القوة لصالحه أو ضد غيره.**

**ثاني عشر: يعاقب على الشروع في الجرائم الانتخابية المنصوص عليها في هذا القانون بعقوبة الجريمة التامة استثناءً من احكام القواعد العامة.**

**ئەوە هەمووی لە یاسای پێشوو دەنگی لەسەر دراوە، ئێستا ئەگەر ئەمر بکەیت هەموومان بەبێ موناقەشە ئەوە دەنگی بۆ بدەین، چونکە جارێکی تر ناتوانین تەغیر بکەینەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**مەبدەئەکەمان تەسبیت کرد، ئەوەیە مادام موناقەشەی لەسەر کراوە لە پێشوودا قەراریشماندا لێرە موناقەشەی نەکەین، دەنگ بدەین بۆی، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەگیرا، ماددەی دواتر تکایە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**اما بالنسبة الى المادة الخامسة فتضاف الى الباب السابع وتحت عنوان (احكام متفرقة) ونقترح تخويل اللجنة القانونية بترتيب تسلسلات المواد المضافة بعد المصادقة عليها وكالآتي:**

**مادة مضافة:**

**أولاً: اذا فقد عضو البرلمان مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي في قائمته طبقاً للترتيب الوارد فيها بالنسبة للقوائم غير المؤتلفة.**

**ثانياً: اذا فقد عضو البرلما ن مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي من نفس الكيان السياسي المؤتلف ضمن القائمة الانتخابية المؤتلفة.**

**ثالثاً: اذا كان المقعد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين يخصص المقعد الى مرشح آخر من كيان سياسي آخر حصل على الحد الأدنى من عدد الاصوات المقرر للحصول على مقعد وبخلاف ذلك يبقى المقعد شاغراً.**

**رابعاً: اذا كان المقعد الشاغر يخص امرأة فلا يشترط أن تحل محلها امرأة اخرى الا اذا كان ذلك مؤثراً على نسبة تمثيل النساء.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ماددەیەكی تازەیە، هەبوو، ئەویش موناقەشە كراوە، بەس یەك فەقەرە ئیزافە كراوە وابزانم ئەویش تەحالوفی كیانات تێك نەچێتن، ئەگەر فەراغێك بوو بەپێی موستەحەقی كیانەكە بۆی هەین بكرێتن، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەگیرا، ئەسبابی موجیبە تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الأسباب الموجبة**

لضمان اجراء انتخابات نزيهة وشفافة في الاقليم ولكون الجرائم الانتخابية وعقوباتها غير دقيقة ولأجل تشديد العقوبات للجرائم الانتخابية بعد توضيح حالاتها وما يتعلق بالدعاية الانتخابية وبغية تسهيل اجراء الانتخابات وإزالة العقبات التي تحول دون نزاهتها وشفافيتها فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس هەموو ماددەكان لەگەڵ ئەسبابی موجیبە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەگیرا، زۆر سوپاس دەستتان خۆش بێت، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین، بەرنامەكەمان تەواو بوو، وەزارەتی ناوخۆمان دواخست بۆ هەفتەی داهاتوو، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین رۆژی دوو شەمە ئاگادارتان دەكەینەوە، ئەگەر تاریئێك هاتە پێش پێتان دەڵێین، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**دووشەممە رێکەوتی 18\5 \2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (14)

## دووشەممە رێكەوتی 18/ 5/2009

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2009/5/18 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركوكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (14)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 18/ 2009/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بەنووسراویان ژمارە (4519) لە 2009./5/11

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (12)ی ساڵی 1992، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بەنووسراویان ژمارە (990) لە 2009/4/27.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بە نووسراویان ژمارە (3416) لە 2008/4/6.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2009/5/18دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە بەنووسراویان ژمارە (4519) لە 2009./5/11

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (12)ی ساڵی 1992، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بەنووسراویان ژمارە (990) لە 2009./4/27

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە (3416) لە 2008/4/6.

خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بەنووسراویان ژمارە (4519) لە 2009/5/11 فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی یاسای پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان لە بیست و حەوت مادده پێك دێت، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

پرۆژەی یاسای پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان دەدرێتە لیژنەی یاسایی و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان بۆ دیراسەت و لێدانی رەئیان دەربارەی. بۆ خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (12)ی ساڵی 1992، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بەنووسراویان ژمارە (990) لە 2009/4/27، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای خانەنشین بوونی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 1999 لە سێ مادده پێك دێت، ئەویش لە ئەنجومەنی وەزیران ئەم پرۆژەیە پێشکەش پەرلەمان کراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەم پرۆژەیەش دەدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە (3416) لە 2008/4/6، لێرەش بەخێرهاتنی رێزدار کاك کەریم سنجاری دەکەین وەزیری ناوخۆ، بەخێرهاتنی بەڕێز کاك سەعد دەکەین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، فەرموون بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئەسڵی پرۆژەکە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بە زمانی عەرەبی پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەم.

**مشروع قانون وزارة الداخلية لاقليم كوردستان – العراق**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1-الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- الوزارة: وزارة الداخلية لحكومة اقليم كوردستان.

3- الوزير: وزير داخلية الاقليم.

4- وكيل الوزارة: وكيل وزارة الداخلية.

5- الوحدة الادارية: المحافظة – القائمقامية – الناحية.

6- قوى الامن الداخلي: الشرطة – المرور – السفر والجنسية والجوازات والاقامة – الدفاع المدني.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

3- وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

4- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ناوخۆ.

5- یەکەی کارگێڕی: (پارێزگا – قائیمقامیەت – ناحیە).

6- هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ: (پۆلیس – هاتووچۆ – گەشت و رەگەزنامە – بەرگری شارستانی).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی زۆر سوپاس، کە یاسای وەزارەتی ناوخۆ هاتە پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن، من یەك پێشنیارم هەیە بۆ ماددەی حەوتەم، کە ئێمە ناردوومانە بڕگەی دوو/ بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆی گشتی، بەڕێوەبەرایەتی

بەدواداچـوونی تونـدو تیـژی دژی ئافرەتـان، ئێمـە وەکـو وەزارەتـی نـاوخۆ پێشـنیار دەکـەین بکرێـت بـە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ ئەوەی سەلاَحیاتی فراوانتر بێت و باشتریش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

رەئی لیژنەی هاوبەشتان گوێ لێ دەبێت، پاشان دەرگا دەکرێتەوە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەری بکەن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**ب/ راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی یاسایی وناوخۆ**

لیژنـــەی یاســـایی و لیژنـــەی نـــاوخۆ بـــۆ لێکۆڵینـــەوە لـــە پـــرۆژە یاســـای وەزارەتـــی نـــاوخۆی هـــەرێمی کوردستان_عیراق ، کە لە پاش خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلـەمان، لـە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (8) رۆژی 2008/4/16 دا بـۆ لیژنەکـەمان رەوانـەکرابوو, کۆبوونەوەیـەکیان لـە رۆژی 2008/10/8، رێکـەوتی 16/رەزبـەر/ 2708 کوردیـدا ئەنجامـدا ، هـەروەها لـە 2008/4/24 لەگـەڵ وەزیـری نـاوخۆو وەزیـری کاروباری ناوخۆی هەرێم و گەورە بەرپرسانی هەردوو وەزارەتەکەو لە رۆژی یەکشـەممەی 2009/4/19, رێکەوتی 30/نەورۆزی 2709ی کوردی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ وگەورە بەرپرسانی چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا. پاش گفتوگۆو راگۆڕینەوە، هەردوو لیژنە بە شێوەی گشتی پشتگیری لـە پـرۆژە یاسـاکە دەکـەن و راسپاردەو پێشنیارەکانیش لەم راپۆرتە هاوبەشە بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش دەکەن:

⋆ لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات، بڕگەی دووەم و پێنجـەمی مـاددەی یەکـەم هـەموار بکـرێن و بـەم شـێوەیەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

ماددەی یەکەم:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

3- وەزیر: وەزیری ناوخۆ.

4- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ناوخۆ.

5- یەکەی کارگێڕی: (پارێزگا - قەزا - ناحیە).

6- هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ: (پۆلیس، هاتوچۆ، گەشت، ولاَتنامە، بەرگریی شارستانی).

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الی/ رئاسة برلمان کوردستان_العراق**

**م/التقرير المشترك  للجنة الشؤون القانونية ولجنة الشؤون الداخلية**

**عقدت لجنة الشوؤن القانونية ولجنة الشوؤن الداخلية اجتماعات عديدة فيما بينها بتأريخ 2008/10/8 المصادف ليوم 16/رەزبەر/2708 ومع وزيري الداخلية والاقليم للشؤون الداخلية وكبار المسؤولين في الوزارتين في 2008/4/24 ومع وزارة الداخلية بحضور كبار المسؤولين في الوزارة يوم الاحد المصادف 2009/4/19 المصادف ليوم 30/نەورۆز/2709 كوردي لدراسة مشروع قانون وزارة الداخلية لأقليم كوردستان - العراق المحال اليها بعد القراءة الأولى في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (8) والمؤرخة في 2008/4/16 وبعد المناقشة والمداولة فان اللجنتين تؤيدان مشروع القانون بشكل عام  وتقدمان توصياتهما واقتراحاتهما في هذا التقرير المشترك كالآتي:**

1. **المادة الاولى: تقترح اللجنة تعديل الفقرة الثانية  والخامسة لتكون المادة الاولى على النحو الآتي:**

**المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعانى المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون.**

**اولاً/ الاقليم: اقليم كوردستان ـ العراق.**

**ثانياً/ الوزارة: وزارة الداخلية في الاقليم.**

**ثالثاً/ الوزير: وزير داخلية الاقليم.**

**رابعاً/ وكيل الوزارة: وكيل وزارة الداخلية.**

**خامساً/ الوحدة الادارية: (المحافظة– القضاء– الناحية).**

**سادساً/ قوى الامن الداخلي: (الشرطة– المرور– السفر والجنسية– الدفاع المدني).**

**ئەوەی گۆڕانکاری لەو ماددەیەدا کراوە، تەنها لە بڕگەی دوو و لە بڕگەی پێنجە، لە بڕگەی دوو حکومەتی ئیقلیمی کوردستان دانراوە، هەروەها لە بڕگەی پێنج قائیمقامیەت کراوە بە قەزا لە رووی صیاغەو دارشتنەوە، بەس لێرەدا پێمان باشە ئێمە لە بڕگەی شەش داوا لە وەزیری ناوخۆی بەڕێز بکەین کە روون کردنەوەیەك سەبارەت بەوە بدات لە پێناسەی قوای ئەمنی داخلی سەفرو جنسیە، ئایا سەفرو جنسیە بەچ شێوەیەك، سەفرو جنسیە بەپێی ماددەی دە بڕگەی پێنجی دەستووری عێراقی لە دەسەڵاتەکانی ئیتیحادییە، واتا فیدراڵیە، لێرەدا ئایا سەفرو جنسیە سەر بە وەزارەت بەچ شێوەیەك، واتا عیلاقەیان بە حکومەتی ئیتیحادیدا رێکخستووەو زۆر سوپاسی دەکەین.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**پێش وەقت داوا لە رێزدار وەزیری ناوخۆ کاك کەریم دەکەین کە وەڵام بداتەوە، پاشان دەرگا دەکرێتەوە بۆ گفتوگۆی ئێوەی بەڕێز، فەرموو.**

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**راستە ئەم سەفرو جنسیە بەپێی دەستوور عایدی بەغدایە، وەزارەتی ناوخۆی بەغدایە، ئێمە ئەوە ساڵێك و نیوە، دوو ساڵە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی بەغدا خەریکی گفتوگۆین تا ئێستا نەگەیشتونەتە حەلێك،**

ئاخير ئيتيفاق كراوه لەنێوان ئێمەو ئەوان كە موديريەتێكی عام لە كوردستان بكرێت ببێتە (المديرية العامة لمساعدة شؤون السفر والجنسية في العراق)، بەلأم تا ئێستا ئيتيفاقی نيهائی نەكراوه، بە رەئی من ئەم برِگەيه بمێنێت، چونكە ئەگەر ئێمە ئێستا لێره دەريبكەين لە ژێر دەسەلأتی ئێمەش نامێنێت، يەعنی بێ سەرو بەر دەبێت، بێ سەرو شوێن دەبێت، بۆيه پێشنيار دەكەم بمێنێتەوە، تا ئێمە لەگەڵ بەغدا دەگەينە حەلێكی نيهائی، كە گەيشتينە حەلی نيهائی ئەو وەختە پێشنيار دەكەين ئەم برِگەيه هەموار بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەرِێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەرِێزان، ئەو بەرِێزانەی دەيانەوێت قسە بكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، كاك شێروان فەرموو.

**بەرِێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من يەك مولاحەزەم هەيە ئەويش ئەوەيە لە قيوای ئەمنی داخلی جەوازات هاتيە، سەفريش هاتيە، پێموايه جەوازات راستترە لە سەفر، جا ئەگەر جەنابی وەزير وەلأممان بداتەوە زۆر سوپاسی دەكەين.

**بەرِێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

رێزدار كاك كەريم فەرموو.

**بەرِێز كريم سنجاری/ وەزيری ناوخۆ:**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە عێراقيش هەر سەفر بەكار دێت تا ئێستا نەگۆرِاوە وەكو يەكە، بۆيه ئێمە دامانناوە بە هەمان شێوە.

**بەرِێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

زۆر سوپاس، كاك عوسمان فەرموو.

**بەرِێز عثمان احمد حمد امين:**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر برِگەی شەشەم، چونكە برِگەی پێنجەم كاك شێروان باسی كرد، بەس برِگەی شەشەم گەشت و رەگەزنامە، رەگەزنامە بەرِاستی تەرجومەكە تەرجومەيەكی حەرفيە، وا دەزانم لە رووی زمانيەوانيەوە.

**بەرِێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

تكايە عەرەبيەكە ئەساسە، لەسەر عەرەبيەكە قسە بكە، گێلاس خان فەرموو.

**بەرِێز گێلاس محی الدين محمد غريب:**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لە بڕگەی شەشدا (هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ: پۆلیس، هاتووچۆ، گەشت و ولأتنامە، بەرگری شارستانی) ئاسایشی تیا نییە، من پرسیارەکەم ئەوەیە ئاسایش بۆ لێرە دانەنراوەو سەر بەکوێ دەبێت و بۆچی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نابێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم لەسەر خاڵی شەشەمە کە دەڵێت هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئەوە ئاسایشی تیا نییە، ئەگەر ئاسایشی تیا بێت باشترە با ئەویش هەر سەر بەم دەزگایە بێت، چونکە ئاسایشی ناوخۆی لە ئەستۆیە، ئەگەر تیاشی نەبێت هەر بنووسرێت هێزەکانی ناوخۆ، ئیتر ئەم وشەی ئاسایشە بۆ بێتە ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، بۆ ئاسایش لێرە نەهاتووە، دیارە هەموومان دەزانین تاکو ئێستا دوای ئەوەندە یەکگرتنەوەی ئیدارە هێشتا دوو ئاسایشمان هەیە وا پێویست بوو لە وەزارەتی ناوخۆ بێت، هەرچەندە من دەزانم کە پێشتر پرۆژە یاسایەك هاتۆتە پەرلەمان بۆ ئاسایش و دوایی سەحب کراوەتەوە لە لایەن حکومەتەوە، بەلأم ناکرێت دوای ئەوەند ساڵ هێشتا ئاسایش یەکتری نەگرتبێتەوە، دوو ئاسایشمان هەبێت و مەصیری دیار نەبێت، بۆیە بە رەئی من لێرە ئاسایش جێی بکرێتەوەو هەر دوو ئاسایش یەك بگرێتەوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت و سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من کرا، هەر هەمان پرسیار بوو کە گێلاس خان و گوڵناز خان و کوێستان خان کردیان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، فەزیلە خان فەرموو.

**بەڕێز فضیلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش نەفسی مولاحەزەم لەسەر خاڵی شەش هەبوو، جەماعەت ئیشارەتیان پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، دكتۆرە شوكریە فەرمووو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مەسەلەی خاڵی شەشەم بوو ئەوی جەوازات كاك شێروان باسی كرد، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە لەگەڵ تێبینیەكەی جەنابی وەزیرم كە لە عێراقیش بە سەفرو جنسیە هاتووە هەروەكو لە راپۆرتی هاوبەشیش هاتووە، ئێمە لە لیژنەی یاسایی و ناوخۆ لەگەڵ هەردوو وەزارەت دانیشتین بڕیار درا كە لیژنەیەك دروست بكەن هەردوو وەزارەت كاتی خۆی و پرۆژەیەكی تریان گەلاڵە كرد، هەندێك راوبۆچوونی تریان وەرگرت، پێشنیاری ئەوان ئەوە بوو كە سەفرو جنسیە بگۆڕدرێت بە (الجنسیة والجوازات والاقامة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەسەر هەمان خاڵی شەش قسەم هەبوو، لەسەر مەسەلەی ئاسایش، ئەگەر چی ئەو پرۆژەیەش هەیە كە لە رابردوو هاتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئاسایش بەشێوەیەكی جیاواز تەنزیم بكرێت، بەلاَم بە قەناعەتی من هەر زەرورەت وایە لەناو ئەو وەزارەتەدا بێت، چونكە ئەویش بەشێكە لە جێ بەجێ كردنی قانون، ئەركی جێ بەجێ كردنی دەكەوێتە سەرو كۆمەڵێك سیفاتی قانونی و تەسروفاتی قانونی تیا هەیە، پێموایە باشتر وایە، باشتریش هاوسۆز دەبێت لەگەڵ سیستەمی دیموكراتی ئەگەر لەناو ئەم وەزارەتە بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاستان دەكەم، لیژنەی ناوخۆ رەئیتان تكایە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو ئەو خوشك و برایانە باسیان کرد گێلاس خان و گوڵناز خان و کوێستان خان و پەخشان خان و فەزیلە خان کاك دلێریش دیارە هەموویان مولاحەزەیان لەسەر خاڵی شەشە، لەسەر ئەوەی کەوا بۆ ئاسایشی ناوخۆی تێ نەکراوە، ئەو مەسەلەیە تەبعەن وەکو باسیان کرد زۆر راستە، پرۆژە یاسا هاتووە خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەلاَم لەبەر ئەوەی بە باش زانراوە جارێ ئەو مەسەلەیە لەناو وەزارەتی ناوخۆ داخیل نەکرێتن، چونکە لە عێراقیش بە هەمان شێوە جیا کراوەتەوە، ئێمەش بە پێویستمان زانی جارێ دوایی بخەین تا ماوەیەکی تر، تا ئەو کاتەی پرۆژە یاسایەکی تری بۆ ئامادە دەکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین صیغەیەکی بۆ بدۆزینەوە، ئایا ئەوە دەزگایەکی سەربەخۆ بێت؟ یان وەزارەتێکی سەربەخۆ بێت؟ یان سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت؟ هێشتا لە موناقەشەو موشتومڕ تەواو نەبووە، ئەمڕۆ بەیانیش کۆبوونەوەیەکمان کرد بە ئامادە بوونی زۆربەی زۆری سەرۆکی لیژنەکان کە هەمان رەئیان هەبوو، کە جارێ ئەو مەسەلەیە دوا بخرێت تا پرۆژە یاسایەکی تر دێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، جەنابی وەزیر رەئیتان تکایە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئاسایش وەختی خۆی عایدی وەزارەتی ناوخۆ بوو، بە یاسایەك لەم پەرلەمانە دەرچوو جیاواز کرا، لە وەزارەتی ناوخۆ نەما، ئێمە ئێستا ناتوانین داخیلی بکەین لە سیستەمی خۆمان، لە قانونی خۆمان کە ئیش لەگەڵ ئێمە نەکەن، ئێستاش وەکو کاك ئیسماعیل باسی کرد لە موناقەشە دایە، لەوانەیە سبەینێ بڕیارێك دەربچێت تەوحید بکرێت، بکرێتە سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، یان بکرێتە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، ئەو وەختەی کە بڕیار دراو هاتە پەرلەمان لێرە ئینجا ئەو وەختە بڕیار دەدرێت کە بکرێتە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، یان نا، ئێستا عایدی وەزارەتی ناوخۆ نەماوە، ئێمە ناتوانین داخیلی بکەین کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نین بەپێی یاسا، کە یاسایەك لەم پەرلەمانە دەرچوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان راو بۆچوونی لیژنەی ناوخۆمان هەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا هەمووتان گوێتان لێ بوو دەیخەینە دەنگدانەوە بەو وەرگرتنی ئەو پێشنیارانەی کە لیژنەی یاسایی کرد بووی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەمی ئەسڵی پڕۆژەکە.

المادة الثانية: تتولى الوزارة تحقيق الاهداف والمهام التالية:

1- تنفيذ السياسة العامة لحكومة الاقليم والعمل على وحدته وحماية امنه الداخلي.

2- العمل على تطبيق مبدأ سيادة القانون وتوطيد النظام العام والمحافظة على الاموال العامة والخاصة.

3- العمل من اجل حماية واحترام ممارسة الحريات الديمقراطية وحقوق الانسان وتجسيد دور مؤسسات المجتمع المدني في الاقليم.

4- العمل على منع وقوع الجريمة ومكافحتها بهدف تحقيق الامن والاستقرار في الاقليم.

5- التعاون والتنسيق مع الوزارات والمرافق العامة المختصة بشأن المهام والواجبات المتعلقة بحماية الامن وحفظ النظام العام والتنسيق مع وزارة الداخلية الاتحادية او اية منظمة عراقية او دولية ضمن اختصاصات الوزارات الاقليم.

6- نشر الوعي الثقافي والامني وخلق مناخ امن بين قوى الامن الداخلي مع مختلف فئات المجتمع المدني والافراد لتوجيههم بالتعاون والتنسيق لحماية المصلحة العامة المشتركة.

7- تتولى الوزارة رعاية النازحين والمهجرين والمرحلين واللاجئين والسعي لتحسين اوضاعهم وتقديم الحلول وتوفير الخدمات والتنسيق مع الوزارات والجهات المعنية بشأنهم.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم لە ئەسڵی پڕۆژەکە.

ماددەی دووەم: وەزارەت هێنانەدی ئەم ئامانج و گرینگیانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

1- جێبەجێ کردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێم و کارکردن بۆ یەکگرتنی و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ.

2- کار کردن و پیادە کردنی پرەنسیپی سەروەری یاساو بەهێز کردنی سیستەمی گشتی و پارێزگاری کردن لە سامانی گشتی و تایبەتیدا.

3- کار کردن لە پێناو پاراستن و ڕێزگرتنی هەڵسوڕاندنی ئازادیە دیموکراسیەکان و مافەکانی مرۆڤ و بەرجەستە کردنی ڕۆڵی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمدا.

4- کار کردن لەسەر قەدەغە کردنی تاوانکردن و نەهێشتنی بە ئامانجی هێنانەدی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمدا.

5- هاوکاری و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەت و دەزگا گشتییەکانی تایبەت بە گرینگی و ئەرکەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی ئاسایش و سیستەمی گشتی و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی

فیدراڵی، یان هەر ڕێكخراوێكی عێراقی، یان نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەكانی وەزارەتی هەرێم.

6- بڵاو كردنەوەی هۆشیاری ڕۆشنبیری و ئاسایش و دروستكردنی كەش و هەوایەكی تەنایی لەنێوان هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ لەگەڵ توێژە هەمەجۆرەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و تاكەكان، بۆ ئاراستە كردنیان بە هاوكاری و هەماهەنگی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هاوبەش.

7- وەزارەت چاودێری كردنی ئاوارەو دوور خراوو ڕاگوازراو پەنابەران دەگرێتە ئەستۆو هەوڵی چاك كردنی بارودۆخیان دەدات و چارەسەرەكان پێشكەش دەكات و خزمەتگوزاریەكان فەراهەم دەكات و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنەكانی پەیوەندیدار دەربارەیان دەكات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، لیژنەكان پێشنیاز دەكەن: زاراوەی (سەلامەتی گشتی) بۆ بڕگەی چوارەم زیاد بكرێت و، وشەی (هەرێم) كە لە كۆتایی بڕگەی پێنجەمدا هاتووە لا ببرێت و، دەستەواژەی (وەزارەت هەڵدەستی) كە لە سەرەتای بڕگەی حەوتدا هاتووە لاببرێت و ماددەكە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی دووەم: وەزارەت هێنانەدیی ئەم ئامانجانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

1- جێبەجێ كردنی سیاسەتی گشتیی حكومەتی هەرێم وكاركردن لە پێناو یەكێتی هەرێم وپارێزگاری لە ئاسایشی ناوخۆی.

2- كاركردن لەپێناو پیادەكردنی بنەمای سەروەریی یاساو پتەوكردنی سیستەمی گشتی و پارێزگاری لە سامانەكانی گشتی و تایبەت.

3- كاركردن لەپێناو پاراستن و ڕێز لێ گرتنی پیادە كردنی ئازادیە دیموكراسیەكان وماف مرۆڤ وكارا كردنی ڕۆڵی دامەزراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمدا.

بەڵام لە خاڵی سێیەمدا ئەمڕۆ لە كۆبوونەوەی سەرۆكی لیژنەكان یەك لە برادەران پێشنیاری كرد كە ڕێز لێ گرتن لاببرێت، ڕێز لێ گرتنمان لابردووە:

3- كاركردن لەپێناو پاراستن و پیادە كردنی ئازادیە دیموكراسیەكان وماف مرۆڤ و كارا كردنی ڕۆڵی دامەزراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمدا.

بۆ ئەوەی خوشك و برایان ئاگادار بن. لە بڕگەی یەكەمیش بە هەمان شێوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەڕێز جەنابی وەزیر بۆ لادانی ئەو (احترام) فەقەرە سێ لە ماددەی دوو ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز كريم سنجارى/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە موافیقین لەگەڵ ڕەئی لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەڕێزان، كێ دەیەوێت قسە بكاتن، دەستی بەرز بكاتەوە؟ ببوورە تەواوی بكەن.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

4- كار كردن لە پێناو نەهێشتنی تاوان و قەلاچۆ كردنی بە ئامانجی هێنانەدیی ئاسایش و ئارامی و سەلامەتی گشتی.

5- هاوكاری كردن و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەكان و دەزگا گشتییە پێوەندیدارەكاندا، لەو كارو ئەركانەدا كە پەیوەندیان بە پاراستنی ئاسوودەیی و سیستەمی گشتیەوە هەیە، هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵی، یان لەگەڵ هەر ڕێكخراوێكی عێراقی، یان نێودەوڵەتیدا لە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندیەكانی وەزارەتەكەدا.

6- بلاوكردنەوەی وشیاریی ڕۆشنبیری و ئاسایش وهێنانەكایەوەی ڕەوشێكی ئارام لەنێوان هێزەكانی ئاسایشی گشتی و گروپە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و تاكەكاندا بۆ ئاراستەكردنیان بەرەو هاوكاری و هەماهەنگی كردن، بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندی گشتیی هاوبەش.

7- چاودێری كردنی ئاوارەو دوورخراو و ڕاگوازراو پەنابەران و هەوڵی چاككردنی بارودۆخیان دەداتو چارەسەرەكان پێشكەش دەكاتو خزمەتگوزاریەكان فەراهەم دەكاتو هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتو لایەنەكانی پەیوەندیدار دەربارەیان دەكات.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

2. المادة الثانية:

تقترح اللجنتان اضافة (السلامة العامة) للفقرة الرابعة وحذف كلمة الأقليم الواردة في نهاية الفقرة الخامسة وحذف عبارة (تتولى الوزارة) الواردة في مقدمة الفقرة السابعة وإعادة صياغتها لتكون المادة الثانية على النحو الآتي:

(اهداف ومهام الوزارة)

المادة الثانية: تتولى الوزارة تحقيق الاهداف والمهام التالية:

اولاً: تنفيذ السياسة العامة لحكومة الاقليم والمحافظة على وحدته وحماية امنه الداخلي.

لێرە (العمل) كراوەتە (المحافظة) لە كۆبوونەوەی دواییدا.

ثانياً: العمل على تطبيق مبدأ سيادة القانون وتوطيد النظام العام والمحافظة على الاموال العامة والخاصة.

ثالثاً: العمل من اجل حماية ممارسة الحريات الديمقراطية وحقوق الانسان وتجسيد دور مؤسسات المجتمع المدني في ألاقليم.

رابعاً: العمل على منع وقوع الجريمة ومكافحتها بهدف تحقيق الامن والاستقرار والسلامة العامة.

خامساً: التعاون والتنسيق مع الوزارات والمرافق العامة المختصة بشأن المهام والواجبات المتعلقة بحماية الامن وحفظ النظام العام والتنسيق مع وزارة الداخلية الاتحادية او اية منظمة عراقية او دولية ضمن اختصاصات الوزارة.

سادساً: نشر الوعي الثقافي والامني وخلق مناخ آمن بين قوى الامن الداخلي مع مختلف فئات المجتمع المدني والافراد لتوجيههم بالتعاون والتنسيق لحماية المصلحة العامة المشتركة.

سابعاً: رعاية النازحين والمهجرين والمرحلين والاجئين والسعي لتحسين اوضاعهم وتقديم الحلول وتوفير الخدمات والتنسيق مع الوزارات والجهات المعنية بشانهم.

لێرەدا ئەوەی دارِێژراوەتەوە تەنها لابردنی وشەی (هەرێمە) کە لە نیهایەتی فەقەرەی پێنجدا هاتووە، هەروەها لادانی (تتولى الوزارة)یە کە لە پێشەکی فەقەرەی حەوتدا هاتووە، هەروەها لە کۆبوونەوەی ئەمرِۆی بەیانی لە برِگەی یەك (العمل) کراوەتە (المحافظة على وحدته) لە برِگەی یەکدا، لە برِگەی سێش وشەی (احترام) لادراوە، برِگەی چواریش (والسلامة العامة)ی خراوەتە سەر، زۆر سوپاس.

**بەرِێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەرِێزان، ئەو بەرِێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ئێستا ناویان دەنووسین، فەرموون، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەرِێز محمد فرج احمد:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر سێیەم قسەم هەیە (العمل من اجل حماية وضمان ممارسة الحقوق والحريات العامة)، ئیتر یەعنی حوریاتی دیموکراتیە جیا کردنەوەی ئەوان نییە، ئەوە کە زۆر گرنگە مافی مرۆڤ و حقوق و حوریاتە ئەوە بەگشتی (حماية وضمان الحقوق والحريات العامة)، سوپاس.

بەرِێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):

سوپاس، کاك شەوقی فەرموو.

**بەرِێز شوقی حسین ابرهیم:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برِگەی سێیەم پێم باشە لەدوای (ممارسة الحريات الديمقراطية وترسيخ مبادئ حقوق الانسان) تا ئێرە (في الاقليم)، (تجسيد دور مؤسسات المجتمع المدني)، من پێموایە ئەوە زیادە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی داخلی ئیشی ئەوە نییە کە کارای ئەو مونەزەماتانە بکات، ئیشی ئەوەیە کە حوریاتی دیموکراتیەت دابین بکات لە مومارەسە کردنی دەسەلآتی، کە ئەوەش هەبوو ئەو رێکخراوانە کارا دەبن، ئەگەر بوونی هەبێتن.

سەبارەت بە بڕگەی شەشەم دەڵێت (نشر الوعي الثقافي) من پێموایە کافی نییە بۆ هێزەکانی پۆلیس و ئەوانەی کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆنە، یەعنی رەنگە بتوانێ بە جەریدەیەك بێت، بە نەشرەیەك بێت ئەوە بکاتن، بەلاّم کردنەوەی دەورات بەتایبەتی لەسەر مافەکانی مرۆڤ، بۆ ئەوەی مومارەسەی دەسەلاّتە بتوانن پارێزگاری، یاخود با بڵێین هۆشیاری زیاتریان هەبێت بۆ پارێزگاری کردن لە مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆرە شوکریە فەرمووو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی شەشەم تێبینیم هەیە، (نشر الوعي الثقافي والامني وخلق مناخ آمن)، ئەو (خلق مناخ آمن) لێرە من پێم زیادە، هەر جوانترە (نشر الوعي الثقافي والامني بين قوى الامن الداخلي)، هاوڕاشم لەگەڵ خاڵەکەی کاك شەوقی دەورات بکرێتەوە بۆ هێزەکانی ناوخۆو ئەم لایەنانە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی شەشەم یەك، دوو تێبینیم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زیاتر ئیهتیمام دەدات بە لایەنی سەقافی و ئەمنیەکەیان، بەلاّم یەعنی کە سەقافەتیش بەشێکە لە دروست کردنی ئەو هێزانە، بەلاّم ئێمە لە هەمووی گرنگتر مافەکانی مرۆڤ و حقوقی مەدەنی و ئەو شتانەش دەبێت هەمووی بخرێتە ناوی، ئەو کەسەی کە دەچێتە ناو ئەو شوێنەوە کار دەکات، دەبێت کەسێك لەو رووەوە زۆر باش پێ گەیەنرا بێت، کە بەداخەوە تا ئێستا بەو شێوەیە نییە، بەلاّم ئەوەی کە سەرنجی راکێشاوم لە دوای ئەوە (مع مختلف فئات المجتمع المدني والافراد لتوجيههم بالتعاون والتنسيق لحماية المصلحة العامة المشتركة)، یەعنی من حەز دەکەم ئەو روون کردنەوەیە وەرگرم بزانم ئەمە چۆن ئەم تەنسیق و تەوجیه و ئەو شتانە، یەعنی بەڕاستی ئەمە وەزارەتی ناوخۆ ئەوەندە کاری هەبێت بەسەر تەنزیم کردنی ئەو کارانەوە حەقی نەبێت بەسەر تەوجیه و خەڵك وا لێ بکات تەعاونی لەگەڵدا بکات و موخبیر دروست بکات، یەعنی ئەوە جەوێك لەو گومانە دروست دەکات لەلای خەڵك، هەر بە بینینی ئەو خاڵی شەشەمە، لێرە دەمەوێت باسی ئەوەش بکەم لە خاڵی حەوتەمدا باس کراوە (رعايه النازحين والمهاجرين والمرحلين واللاجئين)، بەلاّم حەوادیس کاتێك کە روو دەدات، کارەسات کاتێك کە روودەدات یەکەم هێز کە دەکەوێتە مەیدانەوە هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆیە، هێزەکانی بڵێین (قوة الامن الداخلي)یە شورتەیە، ئەمانەیە، لێرە بۆ باس نەکراوە، کارەسات کاتێك کە روودەدات کێ لێی بەرپرس دەبێت؟ کێ دەکەوێتە مەیدانەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك جوتیار فەرمووو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کۆی ئەو ئامانجانە لێرە دیاری کراون لە پرۆسەیەك جێ بەجێ بکرێت پێویستیان بە کارەکتەری فەعال بکات کە بتوانرێت راهێنرا بن، رۆشنبیر کرا بن، پێویستیان بە ئەکتەری لێهاتوو و بەتوانایە، لێرە لەناو مەهامەکاندا خاڵێك ئاماژە بەوە نەدراوە کە کادیر پێ بگەیەنرێت و شێوازی پێ گەیاندنی کادیر چۆن بێت، بە رەئی من واباشترە خاڵێکی بۆ زیاتر بکرێت لەناو مەهامەکاندا وەزارەتیش ئەوە بێت شوێنی راهێنان و مەشق و کردن و پێ گەیاندنی ئەفسەری بەتوانا، کادیری بەتوانا هەر لە رووی رۆشنبیری و دیمورکراتی و رۆشنبیری و پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی ئینسان لێرە دیاری کرا بێت، گەر ئەوە نەخەنە ناو مەهامی کارەکەیانەوە، کەسێکی بەتواناو ئەفسەری بەتوانایان نەبێت و نەیکەینە ئەرکی خۆیان بۆ پێ گەیاندن، ناتوانن سەرجەم ئەو مەهامانە لێرە جێ بەجێ بێتن، بۆیە پێشنیار دەکەم لێرە خاڵێك ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، سارا خان فەرمووو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ ئەو ماددەیە، ئەویش بگوترێت (کار کردن بۆ بەدواداچوون و بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان)، چونکە لە ماددەی سێ بڕگەی نۆدا بەڕێوەبەرایەتیەك هەیە بەناوی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، ئەوە جەنابی وەزیریش گوتی بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوە باشتریش، بەلاٌم دەبێت لەو ئامانجانە ئاماژەی پێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆر رەمەزان فەرمووو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لە بڕگەی دووەمی ماددەی دووەمە، بە رەئی من کە دەڵێت (تتولى الوزارە) ئەم کارە تەنیا کاری ئەم وەزارەتە نییە تا (تتولى) بێت، پێم باشترە بە (یشارك) دوایی ئەو ئەهدافانە، ئەهدافی حکومەتە بەگشتی و هەموو دەزگاکانی پەرلەمان بە حکومەت، ئەمە ئەهدافی تەنیا وەزارەتێك نییە، تا بە تەنیا بتوانێت ئەو ئەرك و واجیبانە بەجێ بگەیەنێت، ئەو مەهامانە، پێم باشترە بەشێوەی (یشارك) بێت، نەوەك (تتولى) بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئارام فەرمووو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم وەزارەتێکی زۆر گرنگەو لە جێی خۆیەتی لێرەوە دەستخۆشی لە هەوڵەکانی وەزارەت بکەین لەپێناو پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێم و بە گرنگی وەرگرتنی ئەم یاسایەش، لەڕاستیدا ئامانجەکان کۆمەڵێ خاڵی زۆر باشی تێدایەو، من پشتیوانی لێ دەکەم، تەنها خاڵێکی دیکە ئەگەر جەنابی وەزیریش بتوانێت بۆچوونمان بداتێ لەسەری، کە من بەپێویستی دەزانم لێرەدا جێی بکرێتەوە، بەڕاستی لەم ماوەیەدا دەبینین کۆمەڵێك کۆمپانیای ئەمنی هەم ناوخۆیی و هەم ئەمنیش لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن، ئێستا پێم وا بێت سیستەمێکیش وەزارەتی ناوخۆ تا رادەیەك مۆڵەتی کار کردنیان پێ دەدات، من بە گرنگی دەزانم ئێمە بۆ ئەم ماددەیە بگەینە ئامانجەکان زیاد بکەین، ئەویش بە بەخشینی مۆڵەت و دانانی ستاندەرو چاودێری کردنی کۆمپانیاکانی ناوخۆ و بیانی، بەبێ گومان بۆ ئەوەی ئەوانیش کۆنتراکتیان لەگەڵ کۆمپانیای تر هەیە، بتوانن بەشێوەیەك کار بکەن کە وەزارەتی ناوخۆ لە رووی ستاندەرەوە بتوانێت چاودێرییان بکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئاخر فەرمووو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من دەربارەی خاڵی حەوتەمە، کە دەڵێت (وەزارەت چاودێری نازیحەکان دەکات و ئاوارەو دەربەدەرو لێ قەوماوەکان دەکات)، بە حەقیقەت هیچ سیستەمێکی ئیداری لەو خاڵەی نەکراوە، من پێم باشەو پێشنیاریش دەکەم، چونکە بۆ ئەو بابەتە مودیریەتێکی عام هەبوو سەر بە ناوچەکانی دەرەوەی سەر بە هەرێم، کە ئێستا ئیلحاقی بە وەزارەتی ناوخۆ نەفسی مودیریەتێکی عامەیان بۆ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی مەهامیان یەکجار زۆرە، ئاوارەش هەموو جۆرە ئاوارەیەکیش هەیە زۆر لە کوردستان، ئومێدەوارین ئاوارە چی تر نەبن، کە تەوەقوع بکەین کە زیاتریش هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، تاڤگە خان فەرمووو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تێبینیەکەی من لەسەر خاڵی سێیەمە، سەبارەت بە (کارا کردنی رۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی)، پێم باشە هەر لە خاڵی شەشەمدا جێگای ببێتەوە (هۆشیاری و رۆشنبیری ئاسایش بەهەماهەنگی

لەگـەڵ دامـەزراوەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی دەکرێـت)، لێـرەدا ڕێکخراوەکـان، یـاخود بڵـێین دامـەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئێمە وەزارەتێکمان هەیە، یاخود بڵێ وەزیرێکمان هەیە کە کاروباری ئەوان دەکات، هـەم وەزارەتی ڕۆشنبیریش بەو ئیشە هەڵدەستێت، پێموایە ئەوە زیادە لە خاڵی سێیەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێـرە (اهـداف ومهام الـوزارة) عینـوانی ماددەکەیـە، لـە یەکەمـە ئەهـداف و مـەهامی ئەوەیـە کـە سیاسـەتی حکومەتی هەرێم جێ بەجێ بکات، لە بڕگەی دووەمـدا (العمـل علـى تطبيـق مبـدأ سـيادة القـانون)، (العمـل على) عادەتەن شتێکە کار دەکرێت بۆ ئەوە بوو، یان نەبوو، لەبـەر ئـەوە مـن پێشـنیار دەکـەم (العمـل علـى) لابرێت (تطبيق مبدأ سيادة القانون.............).

سەبارەت بە چوارەمیش بە هەمان شێوە (العمل على) لابرێت (منع وقوع الجريمـة) و پێشـنیار دەکـەم ئـەم بڕگەیـەش ئیزافـە بکرێـت، یـان ئـەم عیبارەتـە (والعنـف في المجتمـع عامـة وبشـكل خـاص العنـف ذد النسـاء والاطفال) تەواو بکرێت (والسلامة العامـة) پێشـنیار دەکـەم (والسـلامة العامـة للمـواطنين) ئیزافـە بکرێـت، (للمواطنين) یان (مواطنين) زیاد بکرێت.

خاڵی شەشەم (نشر الوعي الثقافي وخلق المناخ)، پێموایە کەلیمەی (خلق) لە قانوندا تۆزێك یـەعنی (تحقيـق الثقة) لە جیاتی (خلق المناخ امـن وتوجيـه الافـراد............)، سـیقە لـە بـەینی موئەسەسـاتی موجتەمـەع، یەعنی کە لێرە لام وایە هەندێك برادەر بە هین تەفسیریان کرد مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنییە، بەڵام هـەموو موئەسەسـاتی موجتەمـەع کـە لـە دەرەوەی موئەسەسـاتی عەسـکەرین بڵـێین ئـەوە موئەسەسـاتی مەدەنییە تەحقیقی سیقەو مەناخی ئامن لە بەینی هەموو ئەو موئەسەساتانە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەبیعی پشتیوانی ڕەئی گشتی هاوبەش دەکەم، بەڵام لەم ڕۆژانە وابزانم دوێـنێ بەرنامەیـەکی سـەعاتیم دیت لەسەر وەزارەتی داخلی ئەمریکی و تەقریبـەن وڵاتـانی تریشـی پیشـاندا، یـەك مەسـئوولیەت کـە لێـرە دیاری نەکراوە پاراستنی ژینگە، یـەکێك لـەو دامودەزگایانـەی کـە دەبێـت پاراسـتنی ژینگـە بکات، وەزارەتـی داخلیە، تەبیعی بۆ ئەم مەبەستەش مودیریەتی گشتی پێویستە، هەروەها مودیریەتی تایبەتیش بۆ هەموو ئـەو بارانـەی کـە پەیوەنـدیان بـە پاراسـتنی ژینگـەوە هەیـە، چ سـامانە ئاویـەکان، چ ئـەو مـەعامیل و

مەسانیعانەی کە دەکرێنەوە لە دەوروبەری شارەکان، تەبیعی دەبێت جیهازێکی تەنفیزی هەبێت بۆ ئەوەی ئاگای لە وەزعەکە بێت، بە تەئکید وەزارەتی داخیلی دەبێت دەور ببینێت لەو مەوزوعە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە ئیزافە بکرێت بۆ سەر کارەکانی وەزارەتی داخلیە، پاراستنی ژینگە لە کوردستانی عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، مریەم خان فەرموو.

**بەڕێز مریم حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی من دوو تێبینیا هەبوو، سێی کاك شەوقی و کاك محەمەد فەرەج گۆتن، بەس یا حەفتێ ئەز رابت نابینم (رعاية النازحين والمهاجرين والمرحلين) چ عیلاقە بە وەزارەتی ناوخۆ نینە ئەز باوەر بکەم نابینم، نەدیتیەش ڤێ وەختێ هاتین (لتحسين اوضاع وتقديم الحلول لهم) من نەدیتیە بەری خۆ بەراستی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی سێیەم و چوارەم هەیە، لە خاڵی سێیەم بە ڕەئی من کەلیمەی ئیحتیرام بمێنێتەوە بەو شێوەیە بخوێندرێتەوە (العمل من اجل احترام حقوق الانسان وحماية الحريات وممارسات الديمقراطية) لێرە ئەو (ممارسة الحريات الديمقراطية) بکرێتەوە (وحماية الحريات وممارسات الديمقراطية) بەو شێوەیە باشترە.

لەچوارەمیش دیسان لەگەڵ پەخشان خاندا هاوڕام لەسەر ئەوەی کە کەلیمەی عونف زیاد بکرێت لە دوای جەریمەوە بڵێ (العمل على منع وقوع الجريمه والعنف...........).

(تجسيد دور المؤسسات المدني في الاقليم) ئەوەش لە خاڵی سێیەم لابرێت با ئاماژە بەوە نەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم قسەکانی من پەخشان خان زۆری کرد، ئەوەی کە بەڕاستی مەبەستە کە دەڵێت ئەهدافەکانی وەزارەت، ئەوە نییە مەسەلەن دەڵێت هاوکاری کردن و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکان و هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵی عێراق، یەعنی ئەمانە ئەم هەماهەنگی و هاوکاریانە پێموایە ئامانج نییە، ئەوە وەسیلەیەکە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ئامانجانەی کە لێرەدا هاتووەو

هەموو ئەو كار كردن لە پێناوی ئەوانەش وەكو پەخشان خانیش باسی كرد، منیش پێموایە ئەوانە بیانگۆڕین و سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت من لە خاڵی شەشەم دەبینم تۆزێك ناگونجاوە لەو صیاغەیە، ئەویش بە صیاغەی تر سەیر دەكەم، رەنگە باشتر بێت لە جیاتی (نشر الوعي الثقافي والامني) بنووسرێت (تأهیل افراد قوی الامن الداخلي العلمیة) وەسائیلی تازە هەیە ئێستا وەكو جاران نەماوە وەعی سەقافی كیفایەت نییە، ئەو (نشر الوعي الثقافي) زیاتر بۆ خەڵكەكە بێت (ونشر الوعي الثقافي الامني الداخلي ومختلف فئات المجتمع المدني والافراد), تەحویل بكرێت بۆ (نشر الوعي الثقافي للافراد) خەڵكەكە بێت، بەلاّم لە رووی علمیەوە قیوەی ئەمنی داخلی ئەوانەی كە موختەسن تەئهیل بكرێن لە رووی علمیەوە چۆن تەعامول لەگەڵ خەڵك بكەن، ئەوانەی كە لە ئەورووپاو دەرەوەو ولأتانی پێشكەوتوو هەیە، هەر وەعی سەقافی كیفایەت نییە بۆ ئەفرادی قیوەی ئەمنی داخلی، لەبەر ئەوە بە رەئی من (تأهیل افراد قوی الامن الداخلي العلمیة) بیدایەتە ئەوە هەبێت، ئینجا وەعی سەقافی.

خاڵی حەوتەم (رعایة النازحین والمهاجرین والمرحلین واللاجئین) ئەمەی تر (والسعي لتحسین اوضاعهم وتقدیم الحلول وتوفیر الخدمات) بە رەئی من ئەوە تەدەخولێكە لە وەزارەتی ناوخۆ، رەنگە وەزارەتی ناوخۆ تووشی كێشە ببێت، ئەگەر ئەوە ببێت (للمحافظة علی حیاتهم وممتلكاتهم) كیفایەتە، چونكە ئەمەی تر خەدەمات و وەزارەتی تر ئەوە تووشی هەندێك موداخەلاتی تر دەبێت، رەنگە سەر ئێشە بێت بۆ وەزارەتی ناوخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مولاحەزەكەم لەسەر ئەهداف و مەهامی ئەم وەزارەتە، ئەهدافەكانی لە فەقەرە یەك و دوو و سێی ماددەكە باسی لەسەر كراوە بزەبت، ئەوەیە كە سیاسەتی عامەی حكومەتی ئیقلیم ببابەڕێوە راستە، مەبدەئی سیادەی قانون مومارەسەی حوریاتی دیموكراتی، بەلاّم من پێموایە لە فەقەرەی دووەم نابێت بگوترێت (العمل علی تطبیق مبدأ سیادة القانون)، چونكە مەبدەئی سیادەی قانون خۆی یەكێكە لەو مەبدەئانەی كە بە مەبدەئی سیادەی قانونیەوە قانون سیادەی خۆی دەپارێزێت، دەبێت وەزارەت چۆن تەنفیزی سیادەی حكومەتی ئیقلیم دەكات، دەبێت تەنفیزی مەبدەئی سیادەی قانون بكات، یەعنی

تـەنفیزی موقـەرەرات، ئـەو قەراراتانـەی کـە لـە محاکمـەوە دەردەچـێت موکتەسـیب دەردەچـێت، دەبێـت تەنفیزی ئەو قەرارە بکات، نەك (العمل على تطبيق مبدأ سيادة القانون)، بەڵێ تەنفیز، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە بەنیسبەت موهیمەکانی وەزارەتەوە، وەزارەت موهیمەکانی لە چوارو پێـنج و شەشـدا باسـیان لەسەر کراوە، ئەمە موهیمەی وەزارەت، بەڵام بەنیسبەت فەقەرەی حەوتەوە، هەندێ لە برادەرەکان باسـیان لەسەر ئەوە کرد کە فەقەرەی حەوت شتێکی زیادەیە، راستە فەقـەرەی حـەوت منـیش بـە ئیزافـەی دەزانم، چونکە ئەمە یەکێکە لە ئیختیصاصەکانی وەزارەتی حقوقی ئینسان، وەزارەتـی حقـوقی ئینسـان موختەسـە بەوەی کەوا موحافـەزەی لاجیئ و نـازیح و ئەمانـەی کـە هـاتوون تـەئمینی حـەیات و ئەمانـەی بـەرێت بـۆ بەڕێوە، من پێموایە ئەم فەقەرەیە، فەقەرەی حەوت زۆر زیـادە لێـرە، چونکە وەزارەتـی داخلیـە بـا ئـەرکی زۆر دەخرێتە سەر، ئەگەر وەزارەتی داخلیە بتوانێت فەقەرەی یەك و دوو و سێ وەکو ئەهدافـەکانی بۆمـان بەرێت بەڕێوە، چوار و پێنج و شەش وەکو موهیمەکانی شتێکی زۆر باشە ئەو فەقەرەیە هەر ئیلغا بکرێت، واتا فەقەرەی حەوت ئیلغا بکرێت، لەو ماددەیەدا نەمێنێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، جەنابی وەزیر دەربارەی ئەو صیاغەو موداخەلاتانەی ئەندامانی پەرلەمان، کاك کەریم کەرەم بکە، لیژنە رەئیتان تکایە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکان کە کران لەسەر خـاڵی دوو و سـێ و شەشـە، داواش دەکـەن بڕگـەی حـەوت زیـادە لابـدرێت، زۆربەی لەسەر ئەوەیە کە کار کردن دەبێت وەزارەتی ناوخۆ کـار بکـات، ئـەدی ئەگـەر کـار نـەکات، پێموایـە دەبێت شتێکی بۆ دیاری بکرێت و کار لەسەر ئەو مەوزوعەو ئەوانە بکات کە بۆی دانـراوە، ئەهـدافی دەبێـت کار لەسەری بکات، کـە داوا دەکـەن کـار لابـدرێت، لەسـەر خـاڵی شەشـەم کـە باسـی بـڵاو کردنـەوەو وشـیاری رۆشنبیری دەکەن، من پێموایە کەلیمەی هۆشیاری و رۆشنبری ئەوە شتێکی ئەساسیە وەزارەتی ناوخۆ پیـادە بکرێت، بەتایبەتیش ئێستا کە دوو کۆلیژ هەیە، کۆلیژێك لە سلێمانی هەیە، یەکیش لە هەولێر هەیە، ئەوە خۆی لە خۆیدا وەکو جاران نییە، ملیشیات نییە، ئەوانە کە ئێستاکە دەردەچن هەمووی تەلەبەی کولیەنـە، لە کولیە دەردەچن، هەمووی دەوراتی رۆشنبیری و سەقافی و کۆمەڵێك لەو دەورانەیان بینیوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەنـدێك پێشـنیار لەلایـەن هەنـدێك ئەنـدامی پەرلەمانـەوە پشـتگیری لـێ کـرا لەوانـە بـاس لـە رۆڵـی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنی کـرا تـا چـەند پەیوەنـدی بـە وەزارەت هەیـە، باشـە ئـەو رێکخراوانـە کـە

دادەمـەزرێن مۆڵـەت، ئیجازە لـە وەزارەتـی نـاوخۆ وەرنـاگرن؟ کاریگـەری نـاو وەزارەتـی نـاوخۆ لەسـەر ئـەو ڕێکخراوانـە، بـاس لـە کردنـەوەی دەورات کـراوە، یـاخود پـێ گەیانـدنی کـادیر، هـەر یەکـە لـە ماددەکـانی پرۆژەکەدا هاتووە کولیەی شورتە سەر بە وەزارەتە، باشە ئەو کولیەیە بۆچ دانراوە؟ بۆ ئەوەی نییـە کـادیر پێ بگەیەنێت سەر بە وەزارەتی ناوخۆیەو یەکێك لە ئەرکەکانی وەرگرتنی قوتابی بۆ ئەوەیە کادیر بۆ ئـەو وەزارەتە پێ بگەیەنێت، بۆیە ئەم کۆلیژە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە.

سـەبارەت بـە پێشـنیاری ئـەوە کـرا کـە بڕگـەی دوو بگۆڕێـت، ئێمـەش لاریمـان نییـە ئەگـەر بـەو شـێوەیە دابڕێژرێتەوە، چونکە هەندێك ئەندامان پێشنیاریان کرد کە بڕگەکە پاشـەو پـێش بکرێـت (المحافظـة علـى النظام العام والاموال العامة والخاصـة)، لـە بڕگـەی سـێ و شـەش (احـترام ممارسـة الحريـات) ئەگـەر بکرێتـە (ضمان) لاریمان نییەو لە ناوەڕۆکی ماددەکان ناگۆڕێت، بڕگەی چوارەم پێشنیاری ئەوە کـرا کـە توندوتیـژی بەرامبـەر بـە ئافرەتـانیش پێشـنیار بکرێـت، پێمـان شـتێکی باشـە، ئەگـەر جـەنابی وەزیـریش روون کردنەوەیـەکی هەیـە، زۆر سـوپاس، پێشـنیاری ئـەوەش کـرا بڕگەیـەکی تایبـەت بـە ژینگـە لـە ئەرکـەکانی وەزارەت ئەویش بەڕێوەبەرایەتی هەیە لە ماددەکـان بـەوەم نـەزانی کـە لێـرە لـەو ماددەیـە باسـی بکـەن لـە ئەرك و مەهامەکان، چونکە لە بەڕێوەبەرایەتیەکان باسی لێوە کراوە تایبەتە بە پاراستنی ژینگە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باس کرا بەڕاستی هەمووش تەقریبەن لە نەتیجەی نیهائی، ئێمە پشتگیری لەو قسانەی لیژنـەی یاسایی و ناوخۆ دەکـەین و هـیچ موشـکیلەمان نییـە، بـەس یـەك خـاڵ هەیـە دەڵێـت (العمـل علـى منـع علـى وقـوع الجريمە) پەخشان خان ئەوەی تەرح کـرد، ئەگـەر دەکرێـت بکرێـت بـە (منـع وقـوع الجريمـە)، ئێمـە پێمـان بکرێت مەنعی وقـوعی جەریمـە بکـەین لـەوە باشـتر، بـەڵام ئێمـە دەبێـت هـەوڵ بـدەین بـۆ مـەنعی وقـوعی جەریمە نەکرێت، هەندێك خاڵی تر باس کـرا پاراسـتنی ژینگـە، تـەبیعی ئێمـە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، وەزارەتێك هەیە بـەناوی وەزارەتـی ژینگـە مـەهامی خۆیـەتی، ئیشـی خۆیـەتی، بـەڵام ئێمـە یـەکمان هەیـە، مودیریـەی عامـەمان هەیـە، مودیریـەی عامـەی شـورتەی غابـات، مودیریـەی شـورتەی غابـات، یـەکێك لـە ئەرکـەکانی ئەوەیـە حیمایـەی بیئەیـە، تـەبیعی ئێمـە تەنسـیقێکی زۆرمـان لەگـەڵ وەزارەتـی ژینگـە هەیـە، مەسەلەن بۆ نموونە فەحسـی سـەیارات، ئێمـە تەنسیقمان لەگـەڵ وەزارەتـی ژینگـە چـەند جەلسـەمان کـرد لەگەڵیان، ئێستا فەحسی سەیارات دەکرێت لە هەولێرو لە هەموو موحافەزات جێ بەجێ دەکرێت، یـەك لـە ئەرکەکانی ئەوەیە غازی سەیارات مەنع بکرێت، ئێستا لـە فەحسـی سـەیارە ئەگـەر مـەنعی غـاز لـە فـەحس دەرنەچێت، ئەو سەیارەیە دەرناچێت.

یەكێك لە بڕادەران باسی ئەوەی كرد مۆڵەت دانانی شەریكاتی ئەمنی، تەبیعی شەریكات هەمووی مۆڵەتدانی بەپێی یاسا لە وەزارەتی تیجارە دەكرێت، ئێمە ناتوانین ئەم ئەركە لە وەزارەت وەربگرین، بەلاَم ئێمە تەنسیقێكی تەواومان هەیە لەگەڵ وەزارەتی تیجارە، تا ئێمە موافەقەت نەكەین بۆ شەریكاتی ئەمنی وەزارەتی تیجارە ئیجازەیان ناداتێ، بەنیسبەت ئەوەی تەرح كرا كە مودیریەتێكی عام بۆ ئاوارەكان دابنرێت، تەبیعی ئێمە لێرە مەكتەبێكمان داناوە، بە تەسەوری ئێمە مویریەتی عامە زۆرە، مەكتەبێك مورتەبیتە بە وەزیر، ئیدارەشیان دەكات، هەندێك دەڵێن بۆ عایدی وەزارەتی ناوخۆیە، تەبیعی ئاوارەكان لە هەموو موحافەزەكان دابەش كراون، لە هەموو ئەقزیەو نەواحی، لێرە موحافز، مودیر ناحیە، قائیمقام، دەتوانن بە ئەركەكانیان هەڵبستن، تەبیعی ئێمە تەنسیق دەكەین لەگەڵ هەموو وەزارەتی تر، ئەو مولاحەزاتانەم هەبوو تەبیعی ئەگەر تەبیعی ئەوانەی كە ئیزافە كرا بوون بۆ گۆڕانكاری لە حیمایەو ئەوانە موافیقم، زۆر سوپاس، ئەگەری كەواریسیش داخیل بكرێت وەكو ئامانجێك موشكیلەمان نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسایی بۆ ئیعادەی صیاغە، ئەوە تەئیدی جەنابی وەزیریش ئەوە ئێستا دەنووسرێت دەدرێتەوە لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی بیخوێننەوە دەنگی لەسەر بدرێت، لیژنەی یاسایی و ناوخۆ فەقەرەی حەوت كە زۆر موناقەشەی لەسەر كرا كە حەزف بكرێت، ئەوەی موقتەرەح كرا، ئەگەر موقتەرەحەكەیان وەردەگرن و رەئی ئێوەش بدەن، پاشان رەئی جەنابی وەزیریش وەردەگرین، لیژنەی یاسایی رەئیتان لەسەر فەقەرەی حەوت تكایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی و ناوخۆش لەگەڵ ئەوە نینە كە بڕگەی حەوت لابدرێت، چونكە یەك لە ئەركەكانی وەزارەتی ناوخۆیەو پێویستە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز كریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە داین كە ئەو بڕگەیە بمێنێت، چونكە زۆر گرنگەو لە مەهامی وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

خاوەنی ئیقتیراح بۆ لادانی بڕگەی حەوت ئەگەر موافیقن سەحب بێت وەكو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و جەنابی وەزیر پێیان وایە كە زۆر گرنگە ئەو بڕگەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، دیارە دەنگ نییە، مانای وایە وەكو خۆی دەمێنێت، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیقتیراحەکەم تەقدیم کرد عەدەدێکیش لە برادەرانی پەرلەمان هەر تەئیدی ئەوەیان کرد کە ئەو فەقەرەیە زیادەو موهیمەی وەزارەت نییە، جا باشترە جەنابت بیخەیتە دەنگدانەوە، بزانی دەنگ دەهێنێت، من ئیقتیراحەکەم سەحب ناکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئێستا فەقەرەی حەوت دەخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسایی و ناوخۆیی پێیان گرنگە بمێنێت، جەنابی وەزیر پێی گرنگە بمێنێت، کاك عومەر لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری پەرلەمان پێیان گرنگە لابچێت، دەیخەینە دەنگدانەوە، فەقەرەی حەوت بۆ ئەوەی لابچێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، چوار کەس لەگەڵ ئەوەیە لابچێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی صیاغەی فەقەرەی دوو تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ماددەی دوو پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەم بەو گۆڕانکاریەی کە کرا:

1-تنفيذ السياسة العامة لحكومة الاقليم والعمل على وحدته وحماية امنه الداخلي.

2- العمل على تطبيق مبدأ سيادة القانون والمحافظة على النظام العام وحماية الاموال العامة والخاصة.

3- العمل من اجل حماية وضمان ممارسة الحريات الديمقراطية وحقوق الانسان وتجسيد دور مؤسسات المجتمع المدني في ألاقليم.

4- العمل على منع وقوع الجريمة والعنف ضد المرأة ومكافحته بهدف تحقيق الامن و الاستقرار والسلامة العامة.

5- التعاون والتنسيق مع الوزارات والمرافق العامة المختصة بشأن المهام والواجبات المتعلقة بحماية الامن و حفظ النظام العام والتنسيق مع وزارة الداخلية الاتحادية او اية منظمة عراقية او دولية ضمن اختصاصات الوزارة.

6- نشر الوعي الثقافي والامني وخلق مناخ آمن بين قوى الامن الداخلي مع مختلف فئات المجتمع المدني والافراد لتوجيههم بالتعاون والتنسيق لحماية المصلحة العامة المشتركة.

7- رعاية النازحين والمهجرين والمرحلين والاجئين والسعي لتحسين اوضاعهم وتقديم الحلول وتوفير الخدمات والتنسيق مع الوزارات و الجهات المعنية بشانهم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، بەو شێوەیەی کە وەکو ئێستا خوێندرایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادةالثالثة:

اولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن تنفيذ سياساتها والاشراف على تنفيذ القوانين والانظمة واصدار التعليمات والاوامر والبيانات ضمن مهام اعمال الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الادارية والعسكرية والتنظيمية والفنية ومتابعتها وتوجيهها والتنسيق بين مرافقها العامة ضمن حدود هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى، وله تخويل بعض من صلاحياتها الى وكلاء الوزارة و رؤساء الوحدت الادارية والمدراء العامين ورؤساء الدوائر ويكون مسؤلا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه.

ثانياً: وكلاء الوزارة:

1-وكيل الوزارة لشؤون قوى الامن الداخلي.

2- وكيل الوزارة للادارة العامة.

ويتولى الاشراف على قوى الامن الداخلي ويتولى الاشراف على دوائر الشؤون العامة والوحدات الادارية والادارات المحلية ويمارس المهام والصلاحيات التى يخوله الوزير على ان يكونا من ذوي الخبرة والكفاءة وحاصلين على شهادة جامعية اولية على الاقل.

ثالثاً: مكتب الوزير: يرأسه موظف بعنوان مدير او ضابط لاتقل رتبته عن نقيب حاصل على شهادة جامعية اولية، ويعاونه عدد من الموظفين والمنتسبين.

رابعاً: مكتب وكيل الوزارة: يكون لكل وكيل وزارة مكتب خاص يرأسه موظف أو ضابط بعنوان مدير ويساعده عدد من الموظفين والمنتسبين.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

یەکەم/ وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی کردنی جێبەجێکردنی یاساو پەیڕەوەکان ودەرکردنی ڕێنمایی و فەرمان و بەیاناتەکانی لە چوارچێوەی گرنگی کارەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانی و هەموو کارەکانی دیکەی کارگێڕی و سەربازی وریکخستنی هونەری و

بەدواداچوون وئاراستەکردنیان و هەماهەنگی کردن لەنێوان دەزگا گشتیەکانیدا لەچوارچێوەی سنووری ئەم یاسایەو یاساکانی بەرکاری دیکەو مافی سپاردنی هەندێ لە دەسەلأتەکانی هەیە بۆ بریکارانی وەزارەت سەرۆکی یەکەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و سەرۆکی فەرمانگەکان و بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لەبەر ئەوەی ئەندامێکی هاوکارە تیایدا.

دووەم/: بریکارانی وەزارەت

1- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

2- بریکاری وەزارەت، بۆ کارگێڕیی گشتی.

سەرپەرشتی کردنی هێزی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانگەکانی گشتی و یەکەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوخۆ، دەگرێتە ئەستۆ، ئەرك و ئەو دەسەلأتانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ هەلّدەسورێنێ و دەبێ شارەزاو بەتوانا بن و بەلای کەمی بڕوانامەی زانکۆی بەراییان هەبێ.

سێیەم/ نووسینگەی وەزیر:

فەرمانبەرێك بەناونیشانی بەڕێوەبەر یان ئەفسەرێك بە پلەی لە نەقیب کەمتر نەبێت، سەرۆکایەتی دەکات و دەبێ بڕوانامەی زانکۆی بەراییان هەبێت و چەند فەرمانبەرو کارمەندێك یارمەتی دەدەن.

چوارەم/ نووسینگەی بریکاری وەزیر:

هەر بریکارێکی وەزارەت نوسینگەیەکی تایبەتی دەبێ، فەرمانبەرێك یان ئەفسەرێك بە ناونیشانی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات وچەند فەرمانبەرو کارمەندێك یاریدەی دەدەن.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەکانی (سێیەم وچوارەم وپێنجەم وشەشەم وحەفتەم) لیژنەکەمان و لیژنەی یاسایی پێشنیاز دەکەن لێکبدرێن, چونکە بابەتەکانیان دەکەونە ژێر پێکهاتەکانی وەزارەت. لەگەلّ ئەنجامدانی چەند گۆڕانکاریەك, وەك هەموارکردنی بڕگەی دووەمی ماددەی سێیەم ودیار کردنی ژمارەی ڕاوێژکاران کە لە ماددەی چوارەمدا هاتووە بە چوار راوێژکارو دارشتنەوەی مادەکە و سڕینەوەی ڕستەی (پێکهاتەی یەکە کارگێڕیەکان و دەسەلأتەکانیان لە هەرێمدا بە یاسایەك رێکدەخرێت) لە ماددەی پێنجەم وداڕشتنەوەی و دووبارە ڕێزبەندکردنی ئەندامانی ئەنجومەن لە بڕگەی یەکەمی ماددەی شەشەمدا بەپێی گرنگی وزنجیرەی فەرمانیان ودارشتنەوەیان بۆ ئەوەی ببنە ماددەی سێیەم وبەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

**پێکهاتەی وەزارەت**

ماددەی سێیەم: وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

**یەکەم/ وەزیر:** سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی و سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی یاساو پەیڕەوەکان ودەرکردنی ڕێنماییی و فەرمان و بەیانەکانی پەیوەست بە ئەرکوفەرمانەکانی وەزارەت وپێکهاتەکانی وسەرجەم کاروباری کارگێڕی وسەربازی وریکخستن وهونەری وبەدواداچوون وئاراستەکردنیان و هەماهەنگی کردن لە نێوان دەسگا گشتیەکانیدا لەسنووری ئەم یاسایەو یاسا کارپێکراوەکانی دیکەدا. بۆشی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بە بریکارەکانی وەزارەت وسەرۆکەکانی یەکە کارگێڕیەکان وبەڕێوەبەرە گشتیەکان وسەرۆکی فەرمانگەکان بدات و وەك ئەندامێك بەرپرسێکی دەستەبەرە لە پێش ئەنجومەنی وەزیران.

**دووەم/ هەردوو بریکاری وەزارەت**

1- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

2- بریکاری وەزارەت، بۆ کارگێڕیی گشتی.

ئەمانە سەرپەرشتیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وفەرمانگە گشتیەکان ویەکە کارگێڕیەکان وکارگێڕیە خۆجێییەکان دەکەن وئەو ئەرکوفەرمان ودەسەڵاتانە پیادە دەکەن کە وەزیر پێیان دەدات ودەبێ خاوەن ئەزموون ولێهاتووبن وبەلای کەمی هەڵگری بڕوانامەیەکی زانکۆیی سەرەتایی بن.

**سێیەم/ نووسینگەی وەزیر:**

فەرمانبەرێك یان ئەفسەرێك بە ناونیشانی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات وچەند فەرمانبەرو کارمەندێك یارمەتی دەدەن.

**چوارەم/ هەردوو نووسنگەی جێگرەکانی وەزارەت:**

هەر جێگرێکی وەزارەت نووسینگەیەکی تایبەتی دەبێت وفەرمانبەر یان ئەفسەرێك بە ناونیشانی بەرێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات وچەند فەرمانبەرو کارمەندێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم/ ڕاوێژکاران:**

ڕاوێژکارانی وەزیر بە پلەی تایبەت و هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی لە بواری تایبەتمەندی خۆیان دەبن و بەلای کەمی دەبێ 15 ساڵ ڕاژەی کردەنیان هەبێ و خاوەن ئەزموون ولێهاتووبن. ڕاوێژ پێشکەش بە وەزیر دەکەن لەو پرسانەی بۆیان ڕەوانە دەکات و, بە پێشنیاری وەزیر دادەمەزرێن, بەمەرجێك ژمارەیان لە چوار راوێژکار تێپەڕنەکات.

**شەشەم/ پارێزگاری پارێزگاکان:**

پارێزگار فەرمانبەری جێبەجێکاری یەکەمە لە پارێزگا وپەیوەست دەبێ بە وەزارەت وئەرکی جێبەجێکردنی یاساو پەیڕەوو ڕێنمایی وئەو فەرمانانەیە کە لە وەزیرەوە دەردەچێ وبە پلەی تایبەت وەك جێگری وەزیرە لە ڕووی مافەکانی وڕاژەی فەرمانبەری.

**حەفتەم/ ئەنجومەنی وەزارەت:**

1- له دیوانی وەزارەت ئەنجومەنێك پێك دەهێندرێت بەناوی (ئەنجومەنی وەزارەت) وبەم جۆرەی خـوارەوە پێکدێت:

أ- وەزیر – سەرۆکە.

ب- بریکارانی وەزارەت – ئەندامن.

ج- پارێزگارەکان – ئەندامن.

د- بەڕێوەبەرە گشتییەکان – ئەندامن.

هـ- ڕاوێژکاران ئەندامن

2- ئەنجومـەن هەرشـتێکی لەلایـەن وەزیـرەوە بـۆ رەوانـە بکرێـت لێکۆڵینـەوەو گفتوگـۆو ڕای خـۆی لەسـەر دەردەبڕێت.

3- وەزیـر بـۆی هەیـە هـەر کەسـێکی خـاوەن تایبەتمەنـدی وشـارەزایی لـە کارمەنـدانی وەزارەت، یـان لـە وەزارەتەکانی دی بانگهێشت بکات بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن, یان بەپێی پێویست.

4- ئەنجومەن هەر سێ مانگ، یان لەسەر داوای وەزیر وبەسەرۆکایەتی خـۆی کۆبوونـەوەکانی ئـەنجام دەدات و لـەکاتی ئامادەنـەبوونی, ئـەو بریکـارەی وەزارەت لـەجیاتی ئـەو سـەرۆکایەتی دەکـات، کـە وەزیـر بـۆ ئـەم مەبەستە ڕایدەسپێرێ.

5- بریارەکانی ئەنجومەن لە رۆژی دەرچوونیانەوە بەرکاردەبن.

هەشتەم/ بەڕێوەبەری گشتیی دیوان:

فرمابنـەرێك بەپلـەی بەڕێوەبـەری گشـتی بـەڕێوەی دەبـات، کـە بڕوانامـەی زانکـۆیی سـەرەتایی بەدەسـت هێنابێت و، خاوەن ئەزموون و لێهاتوو بێت، ئەمانەی خوارەوەشی پێوە بەندە:

1- بەڕێوەبەرایەتیی کارگێری.

2- بەڕێوەبەرایەتیی خۆیەتی.

3- بەڕێوەبەرایەتیی ژمێرکاری.

4- بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانان وبەدواداچوون.

5- بەڕێوەبەرایەتیی خاروبار( المیرە) و ئامێرەکان.

6- بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن و پێوەندییەکان.

7- بەڕێوەبەرایەتیی لێوردبوونەوەو چاودێری.

8- بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاریەکان (بەنکی زانیاری)

نۆیەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ناوخۆ:

فەرمانبـەرێك بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گشـتی کـە بڕوانامـەی زانکـۆیی سـەرەتایی بەدەسـت هێنـا بێـت، یـان ئەفسەرێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەڕێوەی دەبات، کە روتبەی لـە عەقیـد کـەمتر نـەبێت و بڕوانامـەی

**زانکۆیی سەرەتایی بە دەست هێنا بێت و، خاوەن ئەزموون و لێهاتوو بێت، ئەمانەی خوارەوەشی پێوە بەندە:**

**1- بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵەو ڕێکخراوو پارتەکان.**

**2- بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژ بە ئافرەت.**

**3- بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری نهێنی و پێوەندی کردنەکانی تایبەت.**

**4- بەڕێوەبەرایەتیی ئاڕاستەکاری و ڕێنیشاندانی مەعنەوی.**

**5- بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوونی تاوانەکانی بەرنامە بۆ دارشتراو.**

**6- بەڕێوەبەرایەتیی راهێنان و شیاندن ولێکۆڵینەوەو تێزەکان.**

**7- بەڕێوەبەرایەتیی هەماهەنگی و پەیوەندیە هەرێمیەکان.**

**دەیەم/ بەڕێوەبەری گشتی بۆ کارگێڕیی خۆجێیەتی:**

**فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بەدەست هێنا بێت و، خاوەن ئەزموون و لێهاتوو بێت، ئەمانەی خوارەوەشی پێوە بەندە:**

**1- بەڕێوەبەرایەتیی کارگێڕی وخۆیەتی.**

**2- بەڕێوەبەرایەتیی ژمێرکاری.**

**3- بەڕێوەبەرایەتیی مولکەکان.**

**4- بەڕێوەبەرایەتیی لێوردبوونەوەو چاودێری.**

**5- بەشی ئەندازەی پرۆژەو نەخشەکاریەکان.**

**6- بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانان و بەدواداچوون.**

**7- بەڕێوەبەرایەتیەکانی کارگێڕیە خۆجێیەکان لە پارێزگاکانی هەرێمدا.**

**یازدە: دەستەی پشکێنەری کارگێڕی**

**فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت و، بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بەدەست هێنا بێت، و چەند پشکێنەرێك یاریدەی دەدەن. دەستە تایبەتمەند دەبێت بە پشکنینی یەکە کارگێڕیەکان وفەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان وئەو بەشانەی سەربە وەزارەتن جگە لە فەرمانگەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.**

**دوازدە: بنکەی پەرەپێدانی کارگێڕی**

**ئەم بنکەیە کادیری کارگێڕی وسەرۆکەکانی یەکە کارگێڕیەکان ئامادە دەکات وئاستی ئەداو لێهاتوویی زانستی وکارگێڕی ورێکخستن وهونەریان بەرز دەکاتەوە وبەپەیڕەویك کاروباری بنکە ڕێکدەخرێت.**

**سیازدەم: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:**

**ئەفسەرێکی پۆلیس بەڕێوەی دەبات، پلەی لە (رائد) کەمتر نەبێت و، لە بوارەکانی کاری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا بە ئەزموون و لێهاتوو بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لەبارەگای وەزارەتەکەدا دەبێت.ئەرك و**

**فرمانیشـی لـه هەماهـەنگی کـردن لـەنێوان بەڕێوەبەرایەتیـە گشـتیەکانی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆو فەرمانگەکانی سەر بە (بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) دیاردەکرێ.**

**چواردەم: فەرمانگەی یاسایی:**

**فرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە پلەی بەڕێوەبەر، یان ئەفسەرێکی خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بێـت لـە یاسـادا لێهـاتوو وبـەلای کـەمی دە سـاڵ ئـەزموونی هـەبێت لـە تایبەتمەندیەکـەی وبـە وەزیـرەوە پەیوەست دەبێت.**

**پازدە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس:**

**1- بەڕێوەبەرێکی گشتی خـاوەن ئـەزموون و پسـپۆڕ لەکارەکەیـدا بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامـەی زانکـۆیی سەرەتایی بەدەست هێنابێت و ئەفسەرێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت، پلەی لە (عمید) کەمتر نـەبێت. دوو (یاریـدەر) یاریـدەی دەدەن، پلـەیان لـە (رائـد) کـەمتر نـەبێت، کـە پاراسـتنی سیسـتەمی گشـتی و پیـادە کردنی بنەمای سەروەریی یاسـاو، هـەر کارێـك پێوەنـدی بـە کاروبـاری پۆلیسـەوە هـەبێ، دەگرێتـە ئەسـتۆ. بارەگای گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس لەمانە پێك دێت:-**

**أ- بەڕێوەبەرایەتی تاوانکاری و جموجۆڵ (الحرکات).**

**ب- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی.**

**ج- بەڕیوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.**

**د- بەڕیوەبەرایەتی ژمێرکاری.**

**هـ- بەڕیوەبەرایەتی لێوردبوونەوەو چاودێری.**

**و- بەڕیوەبەرایەتی ئامار.**

**ز- بەڕیوەبەرایەتی پلاندانان و بە دواداچوون.**

**ح- بەڕیوەبەرایەتی مەشق و شیاندن.**

**گ- بەڕیوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژیی دژ بە ژنان.**

**2- ئەم بەڕیوەبەرایەتیانەی خوارەوەشی پێوە بەندن:**

**أ- بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی پارێزگاکان.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرگری شارستانی لە پارێزگاکاندا.**

**ج- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای هەرێم.**

**د- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاراستنی دامودەزگاکانی پەترۆڵ.**

**هـ- بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاری لە دارستان وژینگە لە هەرێمدا**

**و- بەڕێوەبەرایەتی لێپێچینەوەی بەڵگە تاوانکاریەکان لە هەرێمدا.**

**ز- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی پێوە کردنی پۆلیس.**

**ح- بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی لە فرۆکەخانەکاندا.**

**گ- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چالاکیەکانی شارستانی لە هەرێمدا.**

**شازدە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت ولأتنامە:**

**ئەفسەرێکی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی وخاوەن ئەزموون و تایبەتمەند لە کارەکەی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی هەبێ ، یان ئەفسەر بێت لە هێزەکانی ئاسایشی گشتی و پلەی لە (عەمید) کەمتر نەبێت و بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بە دەست هێنا بێت و دوو (یاریدەر) یارمەتی دەدەن، پلەیان لە (رائد) کەمتر نەبێت. هەموو کاروبارێکی ولأتنامەو ناسنامەی باری شارستانی و ئیقامەو پاسپۆڕت لەچوارچێوەی یاسا بەرکارەکاندا دەگرێتە ئەستۆ. بارەگای گشتی لە مانەی خوارەوە پێك دێت:**

**أ- بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ولأتنامە.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسپۆرت .**

**ج- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئیقامە.**

**د- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناسنامەی شارستانی.**

**هـ- بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.**

**و- بەڕێوەبەرایەتیی کارگێڕی وخۆیەتی.**

**ز- بەڕێوەبەرایەتیی ژمێرکاری.**

**ح- بەڕێوەبەرایەتیی لێبووردنەوەو چاودێری.**

**گ- بەرێوەبەرایەتی ئامار.**

**2- ئەمانەشی پێوە بەندن:**

**أ- بەرێوەبەرایەتییەکانی ولأتنامەو ناسنامەی باری شارستانی لە پارێزگاکاندا.**

**ب- بەرێوەبەرایەتییەکانی پاسپۆڕت لە پارێزگاکاندا.**

**ج- بەرێوەبەرایەتییەکانی ئیقامە لە پارێزگاکاندا.**

**هەڤدە: بەرێوەبەرایەتیی گشتی هاتووچۆ:**

**1- ئەفسەرێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەرێوەبەری گشتی وپلەی لە عەمید کەمتر نەبێ و، بڕوانامەی زانکۆی سەرەتایی بە دەست هێنابێت و لە بواری کارەکەی خۆیدا بە ئەزموون و پسپۆڕ بێت.**

**دوو/ (یاریدەر) یارمەتیی دەدەن کە پلەیان لە (رائد) کەمتر نەبێت، سەپاندنی یاساکان و پێڕەوو ڕێنماییەکانی هاتووچۆ و ڕێکخستنی جموجۆڵی ڕەوت و، ئەندازەی هاتووچۆ لەئەستۆ دەگرێت و لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

**أ- بەرێوەبەرایەتی کاروباری هونەری.**

**ب- بەرێوەبەرایەتی ئەندازەی هاتووچۆ.**

ج- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی وخۆیەتی.

د- بەرێوەبەرایەتیی فەرمانگەی یاسایی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی ژمێرکاری.

و- بەرێوەبەرایەتی لێووردبوونەوە وچاودێری.

ز- بەرێوەبەرایەتی پلان دانان وبەدواداچوون.

ح- بەرێوەبەرایەتی میرەو پەیوەندی کردن.

2- بەرپوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکانیشی پێوە بەند دەبن.

هەژدە: دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ: ئەزموون و پسپۆڕ بێت و بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بەدەست هێنابێت، ژمارەیەك پشکێنەر لە گەورە ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یاریدەی دەدەن. ئەم دەستەیە تایبەتمەند دەبێت بە پشکنینی گشت بەرێوەبەرە گشتیەکانی هێزی ناوخۆ وفەرمانگە سەربازیەکانی دیکەی پەیوەست بە وەزارەت.

نۆزدە: دادگاکانی هەمیشەیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:

ئەم دادگایە، بە فەرمانی وەزیر، پێك دێت لە سەرۆکی دادگا کە پلەی لە عەمید کەمتر نەبێت وئەزموونی لە 10 ساڵ کەمتر نەبێت ودوو ئەندامی هەمیشەیی پلەیان لە عەقید کەمتر نەبێت ئەندامێکی یەدەگ وداواکارێکی گشتی پلەیان لە نەقیب کەمتر نەبێ وگشتیان لە ئەفسەرانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ وهەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی لە یاسا دەبن.

دادگا تایبەتمەند دەبێت بە بینینی گشت جۆرەکانی ئەو تاوانانەی دەخرێنە پاڵ ئەفسەر وکارمەندانی هیزی ئاسایشی ناوخۆ ویاساکانی سزایی واصولی تایبەت بە هێزی ئاسایشی ناوخۆ ویاساکانی سزایی دیکە واصولی دادگای سزایی پیادە دەکەن وبڕیارەکانیان دەکەونە بەرچاودێری ولێوردبوونەوەی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان ودەرماڵەکانی دادوەران بۆ سەرۆك وئەندامانی دادگاکە ودەرماڵەی داواکاری گشتی بۆ داواکاری گشتی سەرف دەکرێت.

بیستەم: نووسینگەی کۆچ وکۆچ پێکراوان:

ئەم نووسینگەیە بە وەزیرەوە پەیوەست دەبێت و فەرمانگەکانی کۆچ و کۆچ پێکراوان، لە پارێزگاکانی هەرێمدا پێیەوە پەیوەست دەبن.

بیست و یەك: کۆلێژی پۆلیس:

(ڕاگرێکی کۆلێژ) بە پلەی بەرێوەبەری گشتی بەرێوەی دەبات وراستەوخۆ سەر بە وەزیر دەبێ بەمەرجێك ئەفسەرێکی پۆلیس پلەی لە عەقید کەمتر نەبێت وبە پەیڕەوێکی تایبەت کارەکانی رێك دەخرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەوانەی ناویان حازر نووسراوە دەڕۆن بە غایبیان دەنووسین، ئێستا هەژدە کەس نووسراوە غائیب، بەڵام پەنجاو هەشت کەس غائیبە لەگەڵ ئیجازە، بۆ ئاگاداریتان، من ئـاخیری جەلسـە ئەوانـەی حـازر نـەبن ناوەکانیان بە غائیب دەنووسین، ئەمە یەك.

دوو/ ئـەوەی دەچـێتە دەرەوە لـەناو جەلسـە لـە دە دەقیقـە زیـاتر لـە دەرەوە بێـت ئـەویش بـە غائیـب دەنووسرێت، بۆ ئاگاداریتان، ئێستاش بە عەرەبی بیخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

3. المادة الثالثة:

نقترح دمج المواد (الثالثة, الرابعة, الخامسة, السادسة, والسابعة) لان المواضيع الواردة في هذه المواد تندرج كلها ضمن تشكيلات الوزارة مع اقتراح اجراء هذه التغيرات, تعديل الفقرة الثانية من المادة الثالثة, وتحديـد عـدد المستشارين الواردة في المادة الرابعة بأربعة و إعادة صياغة هذه المادة, حذف جملة (وتنظم تشكيلات الوحدات الادارية في الاقليم وصلاحياتهم بقـانون) الـواردة في المـادة الخامسـة واعـادة صـياغتها, واعـادة تبويـب اعضـاء المجلس الـواردة في المـاداة السادسـة حسـب أهميـة وتسلسـل الوظيفـة في الفقـرة الأولى, وإعـادة صـياغتها المـادة السابعة, لتكون المادة الثالثة على الشكل الآتي:

**(تشكيلات الوزارة)**

**المادة الثالثة: تتشكل الوزارة ممايلي:**

اولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن تنفيذ سياساتها والاشراف على تنفيذ القوانين والانظمة واصدار التعليمات والاوامر والبيانات ضمن مهام اعمال الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الاداريـة والعسـكرية والتنظيمية والفنية ومتابعتها وتوجيهها والتنسيق بين مرافقها العامة ضـمن حـدود هـذا القـانون والقـوانين النافذة الاخرى، وله تخويل بعض من صلاحياتها الى وكلاء الوزارة ورؤساء الوحـدت الاداريـة والمـدراء العـامين ورؤساء الدوائر ويكون مسؤلا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه.

ثانياً: وكيلا الوزارة:

1- وكيل الوزارة لشؤون قوى الامن الداخلي.

2- وكيل الوزارة للادارة العامة.

يتوليان الاشراف على قوى الامـن الـداخلي وعلـى دوائـر الشـؤون العامـة والوحـدات الاداريـة والادارات المحليـة ويمارسان المهام والصلاحيات التى يخولهما الوزير على ان يكونا من ذوي الخبرة والكفاءة وحاصلين على شـهادة جامعية اولية على الاقل.

ثالثاً: مكتب الوزير: يرأسه موظف بعنوان مدير او ضابط لاتقل رتبته عن نقيب حاصل على شهادة جامعية اولية، ويعاونه عدد من الموظفين والمنتسبين.

**رابعاً: مكتبا وكيلي الوزارة:** يكون لكل وكيل وزارة مكتب خاص يرأسه موظف أو ضابط بعنوان مدير ويساعده عدد من الموظفين والمنتسبين.

**خامساً: المستشارون:** يكون مستشار الوزير بدرجة خاصة ومن حملة الشهادة الجامعية الاولية في مجال اختصاصه وله خدمة فعلية لاتقل عن (15) سنة ومن ذوي الخبرة والكفاءة يتولي ابداء المشورة في القضايا المحالة اليه من الوزير ويتم تعينه باقتراح من الوزير على ان لايتجاوز عددهم عن اربعة .

**سادساً: محافظوا الاقليم:**

**المحافظ:** هو الموظف التنفيذي الاول في المحافظة ويرتبط بالوزارة ادارياً وعليه تنفيذ القوانين والانظمة والتعليمات والاوامر الصادرة من الوزراء وهو بدرجة خاصة (وكيل وزارة) فيما يخص الحقوق والخدمة الوظيفية.

**سابعاً: مجلس الوزارة:**

1/ يشكل في ديوان الوزارة مجلس يسمى (مجلس الوزارة) ويتألف من:

| | |
|---|---|
| أ. الوزير | رئيسا للمجلس |
| ب. وكيلا الوزارة | اعضاء |
| ج. المحافظون | اعضاء |
| د. المدراء العامون | اعضاء |
| هـ. المستشارون | اعضاء |

2/ يتولى المجلس دراسة ومناقشة وابداء الرأي في كل ما يحال اليه من الوزير.

3/ للوزير دعوة اي من منتسبي الوزارة او الوزارات الاخرى ممن له اختصاص او خبرة لحضور الجلسة او بحسب الاقتضاء.

4/ يعقد المجلس اجتماعاته كل ثلاثة اشهر او بدعوة من الوزير و برئاسته وفي حالة غيابه ينوب عنه في رئاسة الجلسة وكيل الوزارة الذي يكلفه الوزير بذلك.

5/ تعتبر قرارات المجلس نافذة من تاريخ صدورها.

**ثامناً: المديرية العامة للديوان:** يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والكفاءة وترتبط بها:

1- مديرية الادارة.

2- مديرية الذاتية.

3- مديرية الحسابات.

4- مديرية التخطيط والمتابعة.

5- مديرية الميرة والاليات.

6- مديرية الاعلام والعلاقات.

7- مديرية التدقيق والرقابة.

8- مديرية تكنولوجيا المعلوماتية (بنك المعلومات)

**تاسعاً: المديرية العامة للداخلية:** يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية او ضابط في قوى الامن الداخلي لاتقل رتبته عن عقيد وحائز على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والكفاءة وترتبط بها المديريات التالية:

1- مديرية متابعة العنف ضد المرأة.

2- مديرية الجمعيات و المنظمات والاحزاب.

3- مديرية الامور السرية والاتصالات الخاصة.

4- مديرية التوجيه والارشاد المعنوي.

5- مديرية متابعة الجرائم المنظمة.

6- مديرية التدريب والتأهيل والدراسات والبحوث.

7- مديرية التنسيق والعلاقات الاقليمية.

**عاشراً: المديرية العامة للادارة المحلية:**

يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والكفاءة و ترتبط بها:.

1- مديرية الادارة والذاتية.

2- مديرية الحسابات.

3- مديرية الاملاك.

4- مديرية التدقيق والرقابة.

5- قسم هندسة المشاريع والتصاميم.

6- مديرية التخطيط والمتابعة.

7- مديريات الادارات المحلية في محافظات الاقليم.

**حادي عشر: هيئة التفتيش الاداري:**

يرأسها موظف بدرجة مدير عام من ذوي الخبرة والاختصاص حاصل على الشهادة الجامعية الاولية، يعاونه عدد من المفتشين تختص الهيئة بتفتيش الوحدات الادارية والدوائر والمديريات العامة والاقسام التابعة للوازارة عدا دوائر قوى الامن الداخلي.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ثاني عشر: مركز التطوير الاداري:**

يقوم باعداد الكوادر الادارية ورؤساء الوحدات الادارية ورفع مستوى ادائهم وامكانياتهم العلمية والادارية والتنظيمية والفنية وينظم شؤون المركز بنظام.

**ثالث عشر: مديرية شؤون قوى الامن الداخلي:**

**يرأسها ضابط شرطة لاتقل رتبتة عن رائد ومن ذوي الخبرة والكفاءة في مجالات عمل قوي الامن الداخلي وتكون في مقر الوزارة وتحدد مهامها في التنسيق بين المديريات العامة لقوى الامن الداخلى والدوائر التابعة لوكيل الوزارة لشؤون قوى الامن الدخلي.**

**رابع عشر: الدائرة القانونية:**

**يراسها موظف بدرجة مدير او ضابط حاصل على الشهادة الجامعية الاولية في القانون وله الخبرة والكفاءة على ان لايقل عن عشر سنوات في مجال اختصاصه ويرتبط بالوزير.**

**خامس عشر: المديرية العامة للشرطة:**

**1. يديرها مديرعام من ذوى الخبرة والاختصاص في عمله حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ضباط قوى الامن الداخلي لاتقل رتبته عن عميد ويعاونه مساعدان لاتقل رتبتهما عن رائد ويتولى حفظ النظام العام وتطبيق مبدأ سيادة القانون وكل ماله علاقة بأمور الشرطة ويتالف المقر العام للمديرية العامة للشرطة من:**

**أ- مديرية الجنائية والحركات.**

**ب- مديرية الادارة.**

**ج- مديرية الدائرة القانونية.**

**د- مديرية الحسابات.**

**هـ- مديرية التدقيق والرقابة.**

**و- مديرية الاحصاء.**

**ز- مديرية التخطيط والمتابعة.**

**ح- مديرية التدريب والتأهيل.**

**ط- مديرية متابعة العنف ضد المرأة.**

**2. وترتبط بها المديريات التالية:**

**أ- مديريات شرط المحافظات.**

**ب- مديريات الدفاع المدني في المحافظات.**

**ج- مديرية شرطة كهرباء الاقليم.**

**د- مديرية شرطة حماية الغابات والبيئة في الاقليم.**

**هـ- مديرية شرطة حماية المنشات النفطية.**

**و- مديرية تحقيق الادلة الجنائية في الاقليم.**

**ز- مديرية مخابرة الشرطة.**

**ح- مديريات الدفاع المدني في المطارات.**

**ط- مديرية شرطة النشاطات المدنية في الاقليم.**

**سادس عشر: مديرية السفر والجنسية العامة:**

**1. يرأسها ضابط بدرجة مدير عام من ضباط قوى الامن الداخلي لاتقل رتبته عن عميد على ان يكون حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال عمله ويعاونه مساعدان لاتقل رتبتهما عن رائد يتولى كافة الشؤون المتعلقة بالجنسية والاحوال المدنية والاقامة والجوازات ضمن حدود القوانين النافذة ويتألف المقر العام من:-**

**أ- مديرية شؤون الجنسية .**

**ب- مديرية شؤون الجوازات .**

**ج- مديرية شوؤن الاقامة .**

**د- مديرية شؤون الاحوال المدنية .**

**ه- مديرية الدائرة القانونية .**

**و- مديرية الادارة والذاتية .**

**ز- مديرية الحسابات .**

**ح- مديرية التدقيق والرقابة .**

**ط- مديرية الاحصاء .**

**2. وترتبط بها:**

**أ- مديريات الجنسية والاحوال المدنية في المحافظات**

**ب- مديريات الجوازات في المحافظات.**

**ج- مديريات الاقامة في المحافظات.**

**سابع عشر: المديرية العامة للمرور:**

**1- يرأسها ضابط بدرجة مدير عام من ضباط قوى الامن الداخلي حاصل على الشهادة الجامعية الاوليه ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال عمله لاتقل رتبته عن عميد ويعاونه مساعدان لاتقل رتبتهما عن رائد يتولى تطبيق القوانين والانظمة والتعليمات المرورية وتنظيم حركة السير وهندسة المرور وتتألف من:-**

**أ- مديرية الشؤون الفنية.**

**ب- مديرية هندسة المرور.**

**ج- مديرية الادارة والذاتية.**

**د- مديرية الدائرة القانونية.**

**هـ- مديرية الحسابات.**

**و- مديرية التدقيق والرقابة.**

**ز- مديرة التخطيط والمتابعة والاحصاء.**

**ح- مديرة الميرة والاليات والمخابرة.**

2-وترتبط بها مديريات مرور المحافظات.

ثامن عشر: هيئة تفتيش قوى الامن الداخلي:

يرأسها ضابط بدرجة مديرعام لاتقل رتبته عن عميد من ذوي الخبرة والاختصاص في مجال عمله ومن حملة الشهادة الجامعية الاولية، يعاونه عدد من المفتشين من كبار ضباط قوى الامن الداخلي وتختص بتفتيش جميع المديريات العامة لقوى الامن الداخلي والدوائر العسكرية الاخرى المرتبطة بالوزارة.

تاسع عشر: المحاكم الدائمية لقوى الامن الداخلي:

تشكل المحكمة بأمر من الوزير من رئيس المحكمة لاتقل رتبته عن عميد وله خبرة لاتقل عن عشر سنوات وعضوين اساسين لاتقل رتبتهما عن عقيد وعضو احتياط بنفس الرتبة ومدعي عام لاتقل رتبتهما عن نقيب وان يكون كل منهم من ضباط قوى الامن الداخلي ومن حملة الشهادة الجامعية الاولية في القانون وتختص المحكمة بالنظر في كافة انواع الجرائم المسندة الى ضباط ومنتسبي قوى الامن الداخلي وتطبق بحقهم القوانين العقابية والاصولية الخاصة بقوى الامن الداخلي وكذلك القوانين العقابية الاخرى واصول المحاكمات الجزائية وتخضع قراراتها الى رقابة وتدقيق محكمة تمييز إقليم كوردستان - العراق ويصرف مخصصات الحكام لرئيس واعضاء المحكمة ومخصصات الادعاء العام للمدعي العام.

عشرون: مكتب الهجرة والمهجرين:

يرتبط بالوزير مباشرة ويرتبط بها مديريات الهجرة والمهجرين في محافظات الاقليم.

حادي وعشرون: كلية الشرطة:

يتولى ادارتها (عميد كلية) بدرجة مدير عام يرتبط بالوزير مباشرة على ان يكون ضابط شرطة لاتقل رتبته عن عقيد وتنظم امورها بنظام خاص.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئێستا پێش ئەوەی بچین دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە، ڕەئی جەنابی وەزیر دەپرسین بۆ ئەم دەمجە، بزانین ڕەئیان چۆنە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ ئیعتیرازمان نییە لەسەر ئەو دارشتنە، موافیقین لەسەری، بەس یەك، دوو مولاحەزەم هەیە (مديرية متابعة العنف ضد المرأة) لە زۆر جێگا هاتووە، بە ڕەئی من ئەوە لابرێت، چونکە ئێمە مودیریەتێکی عام دروست دەکەین.

نوقتەی تر، (مركز التطويرالاداري)، کە خوێندیەوە نەیگوت (ويرأسها موظف بدرجة ........)، چونکە لە هەمووان دەڵێت (يرأسها موظف بدرجة عقيد او رائد) مەرکەزی تەتویری ئیداری باس نەکرد لە خوێندنەوەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

یەعنی بۆ دەمجەکە موافیقن، پێشنیاری لیژنـەی هاوبـەش، لیژنـەی یاسـایی و نـاوخۆ کـە ئـەو ماددانـە بـەو شێوەیە دەمج بکرێت، ئێوەی بەڕێز، ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر ئێـوە مـوافیقن بـەو شـێوەیەی کـە هـاتووە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە بۆ دەمجەکە، پاشان موناقەشە دێینەوە لە بیدایەت دەست پێ دەکـەین، کـێ موافیقـە بـۆ دەمجەکـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسـایی دووبـارە لـە پێشـەوە دەسـت پـێ بکەن.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە پێشنیاز دەکەین کە ماددەکە هەمووی پێکەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و موناقەشـە بکرێـت، هەر کەس چ مولاحەزەی هەیە لەسەر بڕگەکان مولاحەزاتی خۆی بڵێتن، لێـرەش ئێمـە تەسـجیلی دەکـەین، دوایێ دەیخەینە دەنگدانەوە، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت موناقەشە بکەن دەستیان بـەرز بکەنـەوە تـاکو ناویـان بنووسـین، کوێسـتان خـان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیار دەکـەم بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی بەدواداچـوونی توندوتیـژی دژ بـە ئـافرەتیش دابنرێـت، بەڕێوەبەرایـەتی بەدواداچـوونی توندوتیـژی دژ بـە ئافرەتـان هەیـە، بـەلاَم بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کـە سەرپەرشتی ئەو بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژیانە بکات لە پارێزگاکان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کوێستان خان جەنابی وەزیر لە بیدایەتی جەلسە ئەو پێشنیارەی کرد، کە مودیریەتی عـام بـۆ توندوتیـژی دژی ئافرەتان ئیزافە بکرێتن، ئەویش دەخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس، کوردستان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز کوردستان پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم لە خاڵی نۆو پازدەدا هـاتووە سـەبارەت بـە بەڕێوەبەرایەتیـەکان دیسان تەئکیـد دەکەمەوەو پشتیوانی لە کوێسـتان خـان دەکـەم بەڕێوەبەرایەتیـە گشـتیەکان ببێتـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی توندوتیژی دژ بە ئافرەت لە دوو خاڵیشدا هاتووە، پێشتریش لە کۆبوونەوەکان باسمان کردووە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك جەمال فەرموو، تکایە دووبارەی مەکەنەوە، شتێك کە گوتراوەو دیارە، روونە، ئیتر پێویست ناکات جارێکی تر، کەی دەستت بەرز کرد یان لەگەڵی، یان لەگەڵی نی، ئەوجا دەنگ بدە، کاك جەمال کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(المديرية العامة للمرور) من پێشنیارێك دەکەم، ئەگەر جەنابی وەزیر پێی باش بێت مودیریەتێکی تر ئیزافە بکرێت، ئەویش (مديرية الرادارات والشؤون الفنية)، ئێستا دانرێت لە کوردستاندا هەمووی، بە رەئی من مودیریەتێکی موهیمیش دەبێت، ئەوەی رادارات ئێستا لەسەر جادەکان دادەنرێت، بە رەئی من مودیریەتێکی موهیمە بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت و شتێکی حەزاریشەو باشە لە مەسلەحەتی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینم هەیە، یەکەم/ بەڕێوەبەری نووسینگەکان دەڵێت سەرۆکایەتی دەکات، ئەمە ئسلوبی بەڕێوەبردنە، ئەم سەرۆکایەتیە نازانم بۆچی هەموو رۆژێ دووبارە دەبێتەوە لە یاسای وەزارەتەکان.

دەربارەی موستەشارەکانیش، لە هیچ ئەنجومەنی وەزارەتێکدا موستەشارەکان ئەندام نەبوون دەنگیان هەبێت، ئەوە راوێژ پێشکەش بە جەنابی وەزیر دەکات، وەزیر بەشداری دەکات لە ئەنجومەنی وەزارەتدا، نوقتەیەکی تریش لەسەر موستەشارەکان مەرج نییە ئەمانە مووەزەف بن و دەرەجەی تایبەتی، دەکرێت ئەمانە نووسینگە بن، خەڵکی شەخصی بێت، یاخود وەك نووسینگەیەك بن بۆ کاتی پێویست.

نوقتەیەکی تریش، ژمارەیان، مەرج نییە ئێمە ژمارەیان تەحدید بکەین بۆ هەموو وەزارەتێك وەکو یەك، ئەم وەزارەتە ئیش و ئیختیصاصاتی زۆری هەیە، ناکرێت وەکو وەزارەتێك ئیشێکی هەیە بڵێین دەبێت چوار موستەشار بێت، دەکرێت دە موستەشاری هەبێت بەپێی ئەو تایبەتمەندانەی، یان ئەو ئەرکانەی کە وەزارەتەکە بەجێی دێنێت بۆ دەستی ببەستین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكريە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم كە دەڵێت (وحاصلان على شهادە جامعيە اوليە على الاقل)، ئەو (على الاقل)ە نەمێنێت و، هەموو چۆن مەكتەبی وەزیر دەبێت شەهادەی جامیعی هەبێت، من پێشنیاز دەكەم موستەشارەكانیش و لەگەڵ موحافزی ئیقلیمیش ئەوانیش شەهادەی هینیان هەبێت، چونكە پلەی موحافز پلەكەی وەكیل وەزیرە، هەروەها مودیر عامەكانیش لە وەزارەتەكانی تردا ئێمە بڕیارماندا هەموویان هەڵگری شەهادەی جامیعی بن، بۆیە من ئەو پێشنیازە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك شەوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسين ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەكەم دەربارەی سەلاحیاتی وەزیر كە هاتووە لە دێری دووەم نیهایەتی دێری دووەم دەڵێت (وسائر شؤونها الادارية والمالية)شی بۆ زیاد بكرێت، ئەوە لەوێیە نەقصەكە.

لە خاڵی یەكەم دەربارەی (المستشارون)، دەڵێت (يتم تعينه باقتراح من الوزيز وموافقة مجلس الوزراء) ئەوە پێویستە لە هەموو قانونی وەزارەتەكانی دیكەش وا هاتووە.

خاڵێكی دیكە زیاتر بۆ لیژنەی قانونییە، ئێمە لە تەواوی قانونی وەزارەتەكان ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان دائیمەن ئیشارەمان داوە بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكان نەچووینەتە ناو تەفاصیل، لێرە زۆر چووینە ناو ئەو تەفاصیلە بۆ ئەو وەزارەتە، ئەوە ڕەنگە وەڵامەكەی لە لای لیژنەی یاسایی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولاحەزەم لەسەر بڕگەی یەكەمە، ئەمە لە قانونی هەموو وەزارات بەم شێوەیە هاتووە لە ساڵی 1992 تاكو ئێستاش هەر بەردەوام بووە، بۆ خۆم مولاحەزەیەكم بۆ دروست بووە چەند جاریش باسم كردووە، جارێكی تریش خوشكە پەخشان عەینی ئەو نوقتەی ئیسارە كرد، لە لیژنەی یاساییش باسم كرد، بەس تاكو ئێستا نازانم یەعنی وەرنەگیراوە، من دڤێت ئەو بۆچوونە یان حەز دەكەم سەیدا فرسەتیش بە جددی ئەو مەوزوعە وەقفە لەسەر بكات، ئەوە ئاخیر وەزارەتە موناقەشە دەكەین، لێرە ئێمە باسی مەسئوولیەتی وەزیر دەكەین، بڕگەی یەكەم باسی وەزیر دەكەین كە سەرۆكی باڵای وەزارەتە، بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی كردنی هەموو كاروباری وەزارەت دەكات لە ئەخیری māددەكە لە هەموویان دەڵێین (ويكون مسؤولاً امام

مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه)، مەسئوولیەتی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ وزەرا، وەزیرەكان ئان مەسئوولیەتی فەردییە، یان مەسئوولیەتی تەزامونیە، یەعنی مەسئوولیەتی جەماعی، مەسئوولیەتی جەماعی، یان مەسئوولیەتی شەخصی، ئەگەر حكومەت هەموو بێت، مەجلیسی وزەرا هەموو بێت، ئەوە بۆ خۆی وەكو سیاسەتی عام هەموو پێكەوە مەسئوولیەتی تەزامونیان هەیە، بەس لێرە لەو بڕگەیە باسی وەزیر دەكەین، وەزیر مەسئووله بەرامبەر مەجلیسی وزەرا هەموو ئەرك و كاروباری وەزارەت ئێستا كەم تەرخەمیەك، خەلەلێك، نەقصێك لە شورتەی مرور بێت، یان لە دیفاع مەدەنی بێت، یەعنی هەر ئیشێك باقی ئیختیصاصی وەزارەتی ناوخۆ بێت، وەزارەتی زراعە چ عیلاقەتی پێ هەیە، وەزارەتی صحە چ عیلاقەتی پێ هەیە، من دەڵێم لەوێ مەسئوولیەتەكە مەسئوولیەتی فەردییە بەرامبەر مەجلیسی وزەرا، نە بە ئیعتیباری عوزوی موتەزامینن لە سیاساتی عام هی حكومەت بەشێوەیەكی گشتی وەزیر مەسئوولیەتی تەزامونی هەیە، بەس بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە نیتاقی ئیختیصاصی سەر وەزارەت مەسئوولیەتی فەردییە، شەخصیە، یەعنی (یتحمل كامل المسؤولیة)، كە گوتت تەزامونی، یەعنی جوزئێك لە مەسئوولیەت هەڵدەگرێت، ئەوانی تریش مەسئوولیەت دەبێتن، من لێرە دەڵێم مەسئوولیەتەكە لێرە مەسئوولیەتێكی فەردییە، نەك تەزامونی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو دەمجە دەكەم كە لە راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆدا هاتووە، سەبارەت بە تەشكیلاتی وەزارەت منیش هەمان تێبینیم هەیە، ئێمە چووینەتە ناو تەفاصیلەكەوە، كە ئەوە ئیشی وەزارەت و وەزیرە بە ئەنزیمەو تەعلیمات و بەوانە ئەو مودیریاتانە دادەنرێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدانیم بچینە ناو ئەو تەفاصیل و ئەو مودیریاتانەوە، ئەمە دوو.

سێیەم/ كاك خەلیل پێشی من كەوت، بەڕاستی مەسئوولیەتی تەزامونی هەموو وەزیرێك لەبەر ئەوەی ئەندامی مەجلیسی وزەرایە تەحەمولی مەسئوولیەتی تەزامونی دەكات لەسەر شتی كار، ئەوە جیایە، چونكە شتەكان دێتە مەجلیسی وزەرا مەسئوولیەتێكی تەزامونی هەیە لە وەزارەتی خۆیدا تەحەمولی كاملی مەسئوولیەت دەكات، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوەم ئەوەش موعالەجە بكرێت بە تەواوەتی من پشتگیری رەئی جەنابی وەزیر دەكەم سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتیەكانی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و، ئەوە رەئی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان بوو، زۆر زۆر شتێكی سیقەی ئینسان زیاتر دەكات كە خودی سوڵتەی تەنفیزی ئەو پێشنیارە دەكات، هەر لێرەشدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بدەم بە دەوری مودیریاتی بەدواداچوونی توندوتیژی كە ئەوە لە ماوەی ساڵێك و قصورە كار دەكەن، دەورێكی باشیان هەبووە لە كەم كردنەوەی ئەو دیاردەیە.

سەبارەت بە لێرە لەو مودیریاتانە کە من پێشنیار دەکەم نەك نەچینە ناو تەفاصیلی، بەڵام لێرە هاتووە (المديرية العامة للداخلية) بەڕاستی هاتووە هی دووەمی (مديريات الجمعيات والمنظمات والاحزاب) بە ڕەئی من بۆ جەمعیات و مونەزەمات ئەوە بیری لێ بکەینەوە لە شوێنێکی دیکە بێت کاری جەمعیات و مونەزەمات، نەك لە وەزارەتی داخلیە.

سەبارەت بە مودیریەی عامە دیوان، هەشتەم/ نووسراوە (مديريه تكنولوجيا المعلومات (بنك المعلومات))، لام وایە ئەوە تەدقیقی دەوێت، بەوە ناڵێن تەکنەلۆجی بە تێگەیشتنی من (مديريه تكنولوجيا المعلومات) بەڵکو بەنگی مەعلوماتە، یان داتا بەیسە، چونکە ئیشەکەی کۆکردنەوەی مەعلوماتە، نەك تەکنەلۆجیای مەعلومات، من لەگەڵ ئەو تێبینیانەم کە جەنابی وەزیر سەبارەت بە ڕەچاو کردنی ئەو تێبینیانە سەبارەت بە مودیریەتی سەفەرو جنسیە کە پێموایە مودیریەتێکی عام بێت، ئەو تێبینیانەی جەنابی وەزیر کردی بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێنجەم لە ڕاوێژکاران هاتووە دەڵێت ڕاوێژکاران وەزیر بەپلەی تایبەتی و هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی سەرەتایی لە بواری تایبەتی خۆیان دەبێت بەلای کەمی دەبێت پازدە ساڵ ڕاژەی خەدەمیان هەبێ و خاوەنی ئەزموون بن، من لەگەڵ ئەمەم کە هەر چەندە زیاتر خاوەنی ئەزموون و لێهاتوویی و شارەزایی بن، ئەوە جێگەی خۆیەتی، بەڵام پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، هەتا لە جەنابی وەزیریش ئایا پازدە ساڵ زۆر نییە؟ ئەگەر بکرێتە دە ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کاتی خۆشی لە لیژنەکە باسم کرد، دوو تێبینیم هەیە ئەگەر جەنابی وەزیر بە باشی بزانێت لە پازدە ئێمە ئەگەر بتوانین بڕگەیەك زیاد بکەین بڕگەی دوو بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی خۆپیشاندانان زیاد بکرێت، ئەوە بۆ جەنابی وەزیر زۆر باشە ئێستا هەیە، ئەگەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکی خۆپیشاندان پۆلیسی تایبەتی دەوێت بۆ خۆپیشاندان، ئەمە یەك.

دووەم/ ئەگەر ئێمە بتوانین دوو بەڕێوەبەرایەتی بکەینەوە ئەگەر بچووکیش بێت، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکان، پۆلیسی شارەوانییەکان زۆر موهیمە، چونکە ئێستا زۆر گرفتیان هەیە، بەڕێوەبەرایەتیەکیش دانێین بۆ پاراستنی شوێنە ئاسەوارەکان لە کوردستاندا، ئەوەش دەبێتە دیاردەیەکی

گەورەو خەڵك خەریكە دەستیان بۆ دەبات، یەعنی بەڕێوەبەرایەتیەك بۆ پاراستنی شوێنە ئاسەواریەكان، بەڕێوەبەرایەتیەك بۆ پۆلیسی شارەوانییەكان، ئەگەر بڕگەیەكیش زیاد بكرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی خۆپیشاندان، ئەوە زۆر چاكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ڕێزدار كاك فرسەت موداخەلەیە هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە ئەوەی خوشكە پەخشان باسی كرد، لە قانون بەس باسی مودیریاتی عام دەكات، سەبەب چیە؟ ئەگەر تەماشای پرۆژەی ئەسڵی قانونەكە بكەین لە ماددەی هەشت دەڵێت (للوزیر استحداث او دمج او فك او الغاء او ربط مدیریات او اقسام او مراكز او شعب عند الاقتضاء)، مادام ئەسڵەن ئیستیحداس سەلاحیاتی وەزیر دەكات، من بۆ بێم لێرە لە قانون باس بكەم و سەلاحیات بە وەزیر بدەم ئیلغائی بكات، ئەوە ناحیەك.

ناحیەی دووەم/ پێش ئێستا لە قەوانینی هەندەك وەزارەت ئەوە بەكارمان هێناوە، قانون بەس باسی مودیریاتی عامی كردووە.

نوقتەی سێیەم/ ئەوە لە هەموویان موهیمترە لە پرۆژەی دەستوور ماددەیەك هەیە دەڵێت نابێت پەرلەمان تەنازول لە سەلاحیاتی خۆی بكات بۆ هیچ جیهەتێك، سبەی ئەگەر پرۆژەكە ئیقرار بوو لێرە ئیشكالێك پەیدا دەكات، تۆ لەناو قانون باسی مودیریاتت كردووە؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا پێكهاتەكانی وەزارەت هاتووە و یەكێكیان بریتی یە لە:

- مدیریة الداخلیة العامة.

بڕگەی دەهەم (مدیریة الجمعیات والمنظمات والاحزاب) نەمێنێ، چونكە بەراستی ئەمە كەلتوری دەوڵەتی شمولیە و لە دونیای دیموكراسی دا ئەوە جێگای نابێتەوە، و بەخاڵێكی لاواز دەژمێردرێت، چونكە ئێمە یاسای جمعیات و احزابمان هەیە، تەنها اعلام كردن كافیە، ئەگەر سەرپێچی كرا، دادگا و یاسا هەیە.

لێرەدا هەندێ پێشنیارم هەیە لەم ماددەیەدا جێگایان بكرێتەوە:

1-مدیریەتێك بۆ بەدواداچوون و لێپێچینەوە لە پێشێلكاریەكانی ماف و ئازادیەكان كە لەلایەن دەزگاكانی سەر بەوەزارەتی ناوخۆوە دەكرێن، بوونی دەزگایەكی چاودێری و لێپرسینەوە لە پێشێلكاریەكان هەنگاوێكی زۆر گرنگە.

2-مدیریـەتێك بـۆ پارێزگـاری لـە سـامانە سروشـتی یـەکانی کوردسـتان وەکـو ئاسـن و فسـفۆرو فـافۆن و جۆرەکانی بەردو خاك بۆ پیشەسازی، کە ئێستا لێپرسینەوە زۆر کەمە، چونکە ئەو دائیرە بەرپرسانە وەکو پێویست ناتوانن بەر لەو سەرپێچیانە بگرن.

3-مدیریەتێك بۆ پاراستنی کەلەپور(آثار) کە ئەو ئاسارانە رابردوو ومێژووی ئەم گەلەیە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کوێستان خان پێشنیاری کردووە، ئەگەر جەنابی وەزیر رازی بێت ئێمە وەکو لیژنـەی نـاوخۆ لاریمـان نییـە لەسەری، راستە جەنابی وەزیر پێشنیاری کرد.

کـاك جـەمال یوسـف باسـی بەڕێوەبـەری راداری کـرد، ئەگـەر ئـەوەش هـەر بەهـەمان شـێوە ئەگـەر لیژنـەی یاسایی و جەنابی وەزیر لەسـەری رازی بێـت پێشـنیارێکی باشـە، ئێمـە وەکـو لیژنـەی نـاوخۆ لاریمـان نییـە لەسەری.

شوکریە خان باسی ئەوەی دەکات کە لە لایەنی کەم لابرێت لە شەهادە، ئەوەشیان ئەگەر لیژنـەی یاسـایی و جەنابی وەزیر رازی بێت، ئەوەشـیان موشـکیلە نییـە، دەڵـێ بەلایـەنی کـەم شـەهادەی بـەرایی هـەبێت، ئـەو لایەنی کەمە شتێکی زیادە، ئەمەش موافیقین لەسەری.

کاك شەوقی باسی وردەکاریـەکانی وەزارەت دەکـات، دەڵێـت لـە وەزارەتـەکانی دیکـە باسـی ئـەو وردەکاریی و تەفاصیلە نەکراوەو زۆری لە برادەرەکانی دیکەش هـەر بەهـەمان شـێوە باسـی ئـەوەیان کـرد، کـە بـاس لـەو وردەکاریانـەی ئـەو وەزارەتـە نـەکرێت، ئێمـەش وەکـو لیژنـەی نـاوخۆ و لیژنـەی یاسـایی لـە کۆبوونـەوەکان موناقەشەی ئەوەمان کرد، بەڵام زۆربەی گەورە بەرپرسانی هەردوو وەزارەتی ئەو کـاتی لـە موناقەشـەکاندا بەشـدار بـوون، ئـەوە پێشـنیاری ئەوانـەو داوایـان کـردووە کـە وەزارەتـی نـاوخۆ وەزارەتێکـی تایبەتمەنـدەو پێویستە بەو شـێوەیە لەبەرچـاو بگیرێـت و دیـاری بکرێـت، ئـەوە پێشـنیاری خۆیانـەو ئـەوە پەیوەنـدی بـە جەنابی وەزیرەوە هەیە، لەگەڵ رێزمان جەنابی وەزیر وەڵامی ئەو مەسەلەیە بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنە یەك یەکەتان قسە دەکەن بە نووسین وەریگرن، لیژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

چەند پێشنیارێك لە لایەن ئەندامانی بەڕێز کرا سەبارەت بە زیاد کردنی چـەند بەڕێوەبەرایەتیـەك، ئـەوە دەسەڵاتی خودی وەزیرە لە یاسایەکە بێ و باس نەکرێت هەروەکو لە روون کردنەوەکەی کاك فرسەت باسی کرد، بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتی خودی وەزیرە، بۆی هەیـە زیـادی بکـات، یـان کـەمی بکاتـەوە، بـەڵام ئەگـەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، پێویستە لێرە باس بکرێت، هەندێك لە ئەندامان باس لەوەیان کرد کـە ئـەو

یاسایە، یاخود ئەو پرۆژە یاسایە زۆر باس لە وردەکاریەکان دەکات، بەپێی تایبەتمەندی وەزارەتەکە هەندێك وردەکاری پێویستە لەو یاسایە باس بکرێت، بەراوردی نەکەین لەگەڵ یاسای وەزارەتێکی دیکە، تایبەتمەندی وەزارەتی ناوخۆ بپارێزین، کاك شەوقی پێشنیاری کرد زیاد کردنی وشەی مالیەو ئابووریش زیاد بکرێت، پێمان شتێکی باشە کە لە رێز کارگێڕی ئابووریەکەش زیاد بکرێت، هەروەها بەنیسبەت دامەزراندنی راوێژکار پێشنیار لەلایەن وەزیر بکرێت، ئێستاش هەر بەو شێوەیە کە وەزیر پێشنیاری دامەزراندنی راوێژکار دەکات، پێشنیارەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران رەوانە دەکرێت تاکو لەوێ فەرمانی دەرچوونی ئەو راوێژکارانە دەردەچێت.

باس لە جیا کردنەوەی جەمعیات و ئەحزاب کرا لە وەزارەتی ناوخۆ، ئێمە پێمان شتێکی باش نییە کەوا بەس جەمعیات جیا بکرێتەوە سەر بە وەزارەت بێت، چونکە چەند شتێکە پەیوەندی بە ئاسایش و شتی وا هەیە، رەزامەندی وەردەگرین، مۆڵەتەکە لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت، پێمان باشە هەر لەسەر وەزارەتی ناوخۆدا بمێنێت، تەنها پێشنیاری تێبینیەکەی بەڕێز کاك خەلیل دەمێنێت کە باس لە دوو جۆرە بەرپرسیارەتی وەزیری کرد، شەخصی وەزیر، ئینجا وەزیری ناوخۆ بێت، یان وەزیری هەر وەزارەتێك بێت، ئەو دوو بەرپرسیاریەتەی کاك خەلیل کە بۆی دەچین یەکیان بەرپرسیارەتی وەکو تاکێکە، هەر مەبەستمان ئەوە نییە وەکو هاوولاَتیەك، وەکو ئەو کەسەی کە ئەو پۆستەی لە ئەستۆ گرتووە وەزیری یەك لە وەزارەتەکانە، ئەوە لێرە وەزیر هەروەکو لە پێناسەکەی وەزیر هاتووە بەرپرسی یەکەمی وەزارەتە، واتا بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی هەموو کارەکانی وەزارەت لە رێگای ئەو بەڕێوەبردنەی کاروباری وەزارەت بەشێك لە سیاسەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران جێ بەجێ دەکات، ئەو بەرپرسیارەتیە ئەگەر باس بکرێت و باس نەکرێت هەر هەیە، بەرپرسی یەکەمە کاروبارەکان بەڕێوە دەبات هەر کەموکوڕییەك هەبێت ئەو لێی مەسئوولە.

سەبارەت بە مەسئوولیەتی تەزامونی ئەو مەسئوولیەتە جەماعیە، شتێکی زۆر باشە زەختی لەسەر بکەین، لەو رێگایەوە دەتوانین داوای ئیستیجوابی وەزیر بکەین، چونکە لێرە کە باس لە مەسئولیاتی تەزامونی دەکرێت وەزیر ئەندامێکە لە ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەو مەسئوولیەتە زەختی لەسەر دەکەین و لە یاسای زۆر لە وەزارەتەکان باسمان لێوە کردووە، واتا وەزیر نەك بە تەنها وەکو ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەرامبەر بەو سیاسەتە گشتیەی کە ئەنجومەنی وەزیران تەبەنای دەکات و پەیڕەوی دەکات و جێ بەجێی دەکات، بۆیە پێمان باشە ئەو مەسئوولیەتە تەزامونیە بمێنێت، ئەوەش هەر رێگایەکە دەتوانین لە رێگای ئەو مەسئوولیەتە، مەسئوولیەتی فەردی هەر هەیە باس بکرێت و نەکرێت، تەزامونەکە پێویستە باس بکرێت لە رێگای ئەو دەتوانین داوای زۆر لە ئیستیجواب و موسائەلەی وەزیر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ هەر موداخەلەیەکی ترتان هەیە، هەردووکتان زوو حەسمی بکەن، لیژنەی یاساییش ئێوەش هەر موداخەلەکی ترتان هەیە حازری بکەن، با لیژنەی ناوخۆ پێشنیارەکانی ئەخیری خۆیان بدەن، پاشان ئێوە، لیژنەی یاسایی با ئەوان تەواوی بکەن پاشان ئێوە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك، دوو ئەوە مابوو جوابی بدەمەوە، برادەرێکی تریش پێشنیاری کرد کە بەڕێوەبەرایەتی ئاسار دابنرێت، من پێموایە ئەوە تەعاروز دەکات لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی یەك لە وەزارەتەکان پێموایە لە وەزارەتی بەلەدیات هەیە، یان سیاحەیە بەڕێوەبەرایەتی ئاسار هەیە، پێویست ناکات لە وەزارەتی ناوخۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دابنرێت، برادەرێکی تر پێشنیاری کرد کە پازدە ساڵ زۆرە، بۆ لە شوێنەکانی تر دە ساڵ دانراوە، ئەوەش هەر لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆ خۆیان بوو، کە پێشنیاری ئەوەیان کرد، پێویستە ئەوەی کە دێت لە پازدە ساڵ کەمتری نەبێت، چونکە ئەوەی کە دێتە ناو وەزارەت بەپێی روتبەکانیان، ئەو روتبانەی کە لە وەزارەت وەردەگرن، هی وا هەیە دەگاتە عەقید، لە عەقیدو بەسەرەوەیە، ئەوە ئەگەر بەپێی ساڵی خزمەتیان بێت، ئەگەر نەگاتە ئەو پلەیە ناتوانێت، دەبێت بەپێی ساڵی خزمەتەکانیان بەراورد نەکرێت ناگاتە پازدە ساڵ، ناتوانین لە پازدە ساڵ کەمتر بێت، زۆر سوپاسی جەنابی وەزیریش دەکەین لێرە بتوانێت وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە کاك ئیسماعیل باسی کرد، من ئەوە یەکەم جار ئەو بەڕێوەبەرایەتی خۆپیشاندان بکرێتەوە، ئەوەش شورتەی ئاسەرەکە زۆر موهیمە بەڕاستی، چونکە دەستکاری شتەکان دەکرێت، ئەمە دوو.

سێیەم/ ئەوەی کەوا کاك حاتەم باسی کرد، وەڵامی دایەوە، ئەوەی شوکریە خان، دەڵێت دەبێت شهادەیان هەبێت دیاری کراوە لە خاڵی شەش کراوە کە ئەوانە موستەشار دەبێت شەهادەی هەبێت، ئەوەی دکتۆر رەمەزان کە باسی کراو عەدەدەکە دیاری نەکرێت، وەزارەتی ناوخۆ کاتی خۆی زۆر موناقەشە کرا، ئەو وەزارەتانەی کە تایبەتمەندیەتی خۆیان هەیە، ئەو عەدەدە دیاری کراوە، بەلاَم دەست نیشان کراوە، بۆ ئەوەی بتوانن ژمارەیەکی دیکەی موستەشار داخل بکەن لەکاتی پێویستدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ئاخیر موداخەلەتەکانتان هەردووکتان بڵێن، بۆ ئەوەی جەنابی وەزیریش رەئی خۆی بڵێت.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمووی وەڵامدرایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك کەریم هیچت نەما.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەوەی کاك محەمەد فەرەج دەڵێت لە شتی من نەگوتراوە، ئەو مودیریاتانەی جەنابت پێشنیارت کرد، ئەوە دەسەڵات دراوەتە جەنابی وەزیر، ئەو دەتوانێت ئیستیحداس بکاتن هەر وەختێك زەرور بێت هەبێتن، ئەوە یەك.

سەبارەت بە مەسەلەی جەمعیات، پێموایە جەمعیات لێرە ناتوانین لابدەین، دەبێت ئێمە قانونی جەمعیات بگۆڕین، ئەوجا دەبێت بێین لێرە لای ببەین، تا ئێستاش قانونی جەمعیاتمان نەگۆڕیوە، هەر هی کۆنە.

سەبارەت بە مەسەلەی موەزەف، هەموو موەزەفێك هەڵبەتە بەرپرسە، هەموو پۆستێکیش وەزیفەیە، پێموایە فەرمانبەر لە جێی خۆیدا زۆر راستەو لەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر رەئیت.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی بۆچوونەکانی ئێمەو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ یەکە، چونکە ئێمە موناقەشەی ئەو مەوزوعەمان کردووەو پێکەوە ئەوەمان دارشتووە پێش ئەوەی بێین، بۆیە من موتەفیقم لەسەر ئەو مولاحەزاتانەی کە گوتیان، دوو، سێ مولاحەزە هەیە، یەك/ بەنیسبەت جەمعیات، تەبیعی زۆر لە برادەران داوا دەکەن لەسەر وەزارەتی ناوخۆ نەمێنێت، ئێستا بەپێی یاسا عایدی وەزارەتی ناوخۆیە، لە ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەك تەشکیل کراوە بۆ گۆڕینی، بۆ پێشنیار کردن بۆ هەموار کردنی یاسای جەمعیات، تەبیعی هێشتا تەواو نەبووە، لە فورسەتێکی نزیکدا تەواو دەبێت دەدرێتە پەرلەمان، ئەو وەقتە لەبەر دەستی ئێوەیە چ بڕیار دەدەن، ئێمە وەکو حکومەت لێرەین.

بەنیسبەت دامەزراندنی چەند مودیریەتێکی تازە، تەبیعی لێرە سەلاحیەت دراوەتەوە بە وەزیر، ئێمە دیراسەتی ئەو پێشنیارانە دەکەین، ئەو مودیریەتەی کە بزانین پێویستە ئێمە ئیستیحداسی دەکەین و ئیجرائاتی پێویستی بۆ دەکەین، ئەو مودیریاتانەی کە دانراوە زۆر برادەر دەڵێت کە زیادەیەو با ئێمە تەبیعی لەبەر تایبەتمەندی وەزارەتی ناوخۆ پێویستیمان بەو مودیریاتانە هەیە، بۆیە لەناومان داناوە کە ئەمانە پێویستن، یەك لە برادەران باسی مودیریەتی راداراتی کرد، کە تەبیعی ئێمە مودیریەتی شوئونی

فەنیەمان هەیە لە مروری گشتی، رادارات عایدی شوئونی فەنییە، چونکە مودیریەتەکە لەویەیە، ناتوانین یەك مودیریەت ئەركی شتی رادارە......... هەموو عایدی ئەوە.

بۆ پازدەساڵە، تەبیعی کاك ئیسماعیل باسی کرد بۆ موستەشار، تەبیعی دەبێت موستەشار خیبرەتێکی باشی هەبێت لە ڤیوای ئەمنی داخلی خاصەتەن، ئێمە دەرەجاتمان هەیە، تۆ ناتوانیت یەکێك بکەیتە موستەشار رتبەکەی عەقیدە، مودیر شورتەی عامە پلەی لیوایە، جا بۆیە ئێمە پازدە ساڵمان دانا وەکو حەدێکی ئەعلا بۆیان، شەهادەی جامعی (علی الاقل) ئەوەی دکتۆرە شوکریە موافقین لەسەری، هیچ موشکیلەمان نییە لەسەری، کە گوتمان شەهادەی جامعیە، پێموایە شەهادەی جامعیە ئەگەر ماجستێری هەبێت ئەویش شەهادەی جامعی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز پێشنیاری جەنابی وەزیر بۆ مودیریەی عامە بۆ موکافەحەی عونف دژی ئافرەت، ئەوە کوێستان خان و پەخشان خان و چەند ئەندامێکی تری بەڕێزی پەرلەمان پشتگیرییان لێ کرد، ئەگەر موتەفیقن لەسەری ئیزافە بکرێت دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیزافە بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو مودیریەی عامە ئیزافە کرا، بڕۆ سەر یاسایەکە، لیژنەی یاسایی و ناوخۆ ئەو ئاڵوگۆڕەی کە موافیق بوون هەردوولاتان لەسەری حازری بکەن و بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی گشت ماددەکە بدەینە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تریش کرا، سێ ئەندامی پەرلەمان کاك فرسەت و من و کاك شەوقی باسمان لێ کرد، جەنابی وەزیر روونی کردەوە ئەو تەفاصیلە، بەڵام لام وایە کە زیاتر لە دوو ئەندام تەئیدی پێشنیارێکیان کرد، دەبێت ئەویش بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سەرچاو با وەڵامیان بدەنەوە، پاشان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ کاتی خۆی لەگەڵ وەزارەت دانیشتووین بە تەفاصیل باسمان لەو مەسەلەیە کردووە بۆ تایبەتمەندی وەزارەتی ناوخۆ لە یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەکە، وا بە پەسند زانراوە کە ئەو تەفاصیلە باس بکرێتن، بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتە لە کاتی یەکگرتنەوە دایە، بۆیە راست دەکەیت ئێمە لەگەڵ ئەوەدا لە وەزارەتەکانی دیکە باسمان لەوە نەکردووە ئەو تەفاصیلە، چونکە دەسەڵات دراوەتە جەنابی وەزیر، لێرەدا ئێمەو لیژنەی ناوخۆ سوورین لەسەر ئەوەی کەوا ئەو تەفاصیلە بمێنێتەوە، ئەوە یەکێکیان.

ئەوەی دوو/ کاك دکتۆر رەمەزان پێشنیارێکی کرد، بەڕاستی لە رووی صیاغەو جەمالیەتی نەصەوە من لەگەڵ ئەوەدام لێرەدا ئێمە مودیریەی عامەمان هەیە، مودیریەی عامە دەڵێت دەبێت بگوترێت (یدیرها بدرجە مدیر عام)، نەك (یرأسها)، (یرأسها) ئەگەر دائیرە بێت دەڵێی (یرأسها)، بەلآم مودیریەت دەبێت (یدیرها)، لێرە لە هەر شوێنێك (یرأسها) بێت دەبێت بیکەین بە (یدیرها)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی)؛**

جەنابی وەزیر رەئیتان لەسەر ئەوەی مودیریاتەکان لابچێت، مودیریە عامەکان بمێنێت، رەئی جەنابت چۆنە؟ وەك ئەو پێشنیارەی کە رێزدار کاك فرسەت کردی.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ؛**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەوە کاك کەریم باسی کرد، ئێمە رەئیمان ئەوەیە کە بمێنێت، چونکە یەکەم بە تەوحیدی وەزارەت و ئەو هەموو مەشاکیلەی هەیە لە وەزارەت، دوو وەزارەت بووە، ئێستا بۆتە یەك وەزارەت، بۆ ئەوەی هیچ ئیشکالیاتمان نەمێنێت، ئێمە بە مەسڵەحەتمان زانی ئەوها بێت، بۆ ئەم مەرحەلەیە زۆر شتێکی باشە، سوپاس، ئیشکالمان نییە (ویدیرها مدیر عام).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی)؛**

رێزدار خاوەن موقتەرەح ئەگەر سەحبی نەکەن وەکو جەنابی وەزیر پێشنیاری کرد، لەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوو وەزارەت بووە بۆ ئەم مەرحەلەیە وا پەسندە، ئەگەر سەحبی بکەن، نایخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله؛**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی شتێکی موهیمم کرد کو نەصێکمان هەیە لە پرۆژەی دەستوور، من حەز دەکەم برادەرانی لیژنەی قانونی جوابم بدەن، سبەی ئەگەر پرۆژەی دەستوور ئیقرار کرا، نەصێکی وازیح و سەریحی تێدایە دەڵێت نابێت پەرلەمان تەنازول لەسەر سەلآحیاتی خۆی بکات بۆ جیهەتێکی تر، ناوی مودیریات لە قانون هاتووە، ئیلغا کردنی لەناو قانون یەعنی مومارەسەی سەلآحیاتێکی تەشریعی ئەسڵەن هی پەرلەمانە، ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکاتن؟

دوو/ من رەئیەکم هەیە، من نازانم حەز ناکەم لێرە، یەعنی یەکبوونی هەردوو وەزارەت بۆ وای لێ بکەین مەسڵەحەتی نازام چۆن چارەسەری بکەم؟ یەعنی ئەگەر هاتو مودیریاتی عام تێدا بێتن، سبەی هەردوو وەزیری جاران ئیتیفاق بکەن تەشکیلاتی مودیریاتی عام بە ئەمرێکی وزاری دروست بکەن، چ تەئسیرێك دەکات؟ ئەو ئیتیفاقەی هەردوو وەزارەت ئیدارەی سلێمانی و هی هەولێر دەتوانن چارەسەر بکەن بە ئەوامری وزاری، بۆ بچێتە ناو قانون، سبەی بەخۆیان دەستی خۆیان ببەستن، ناتوانن ئیلغای مودیریات، یان ئیستیحداسی مودیریاتەك بکەن، نیقاشەکەم نیقاشی دەستووری و قانونییە، مەوازیعی سیاسی، ئان هی حزبایەتی بەڕاستی بەنیسبەتی من خارجی مەوزوعی منە، من نیقاش و رەئیەکەم بۆ ئەوە بوو کو سبەی

دەستی وەزیری ناوخۆ نەیەتە بەستن، نەتوانێت چارەسەری ئەو وەزعە بکات، جارێکی تر بێنە پەرلەمان، پەرلەمان قانونەکە بگۆڕێت، بۆ زانیاری دەتوانێت ئێمە ئێستا چارەسەری بکەین، نوقتەی تر ئەو وەزعە پێش ئێستا هاتۆتە باس کرن لە قەوانینی وەزارەتەکانی تر مودیریات لەغومان کرد، نەصەکە بەو شکلە ما کو موعالەجەی مودیریاتی عام بکەین، من لەسەر ئەو رەئیەمە کو مودیریات تێدا نەبن، مودیریاتی عامی تێدا بن، ئەو مەوزوعەی ئیتیفاقی هەردوولا ئیتیفاقیان هەردوو وەزارەت هی هەردوو ئیدارە دەتوانن چارەسەر بکەن، تەئسیری ناگاتێ، سبەی با ئەمرێکی وزاری دەربچێت ئەو تەشکیلاتانە لە زیمنی ئەمری وزاریدا بێت، ئان زیمنی نیزامەکەدا بێت، هیچ شتێك ناگۆڕێتن، قسەکانم لە مەسڵحەتی وەزارەتی ناوخۆیە بۆ ئەوەی سبەی نەکەوێتە موشکیلەیەك حەل نەکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، مەشروعی ئەنجومەنی وەزیرانە بەو شێوەیە هاتووە، کاك شێروان کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموا نییە هیچ تەناقوزێك لە مەسەلەکاندا هەبێ، زۆر وەزارەتمان رواندووە، بەو شکلە خورد کراوەتەوە، هەتا مودیریاتیش و زۆریش وا بووە لەسەر ئاستی مودیریەی عامەکان راوەستاوە و دەسەلأتمان داوەتە وەزیری تایبەتمەند، بۆ ئەوەی بتوانێت ئیلغای بکات، ئیستیحداسی بکات بەنیسبەت مودیریات، ئێستا من تەسەور ناکەم تەنازولێك لە سوڵتەی تەشریعی بەڕاستی، من ئەگەر دەسەلأت بدەمە وەزیرێك مودیرێك بۆ خۆی دابنێت، یان مودیرێك ئیلغا بکات، یان ئیستیحداسی بکات تەسەور ناکەم ئەوە بەو موفهومە واسیعیەی تەنازول کردنی سوڵتەی تەشریعییە بۆ سوڵتەی تەنفیزی، بە دەیان قانونمان لێرە دەرکردووە، دەسەلأتیشمان داوەتە جەنابی وەزیر، بۆ ئیستیحداس، بۆ دەمج، بۆ ئیلغا، بۆیە من پێموایە لە جێگای خۆیەتی و هیچ تەناقوزێکی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بۆ ئەم مەوزوعە تەنها مەجال دەدەمە ئەندامانی لیژنەی یاسایی کاریان لەسەر کردووە، کاك سەردار کەرەم بکە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەلەن ئێمە دەستوورمان نییە، دەستووری هەرێمی کوردستان تاکو بڵێین لێرە موخالەفەی دەستوور دەکات، یەعنی موخالەفەی شتێك دەکات کە عەدەمە، هەر نییە.

دوو/ لێرە لە پەرلەمان کە ئەو سەلأحیاتەیەی دەداتە وەزیر، تەنیا مودیریات دەینێت دوایێ سەلأحیاتی دەداتە وەزیر بە دەمج و ئیلغاو بەوە، ئەمە تەنازول لە سەلأحیاتی خۆمان ناکەین وەکو پەرلەمان، پەرلەمان سێ سەلأحیاتی هەیە، تەشریعە، تەصدیقی میزانیە، موراقەبەی حکومەتە، ئەوە هەروەکو خۆی

دەمێنێت بە دەلیل، ئەما هەر ڕۆژێك بێت دەتوانین ئەو ماددەی تەعدیل بكەین مەسەلەی دەمج و ئیلغاو ئەوانە هەر ماددەكەی ئەسڵەن نەهێڵین.

سێ/ وەكو برادەران باسیان كرد لە هەردوو لیژنەو جەنابی وەزیریش باسی كرد، ئەو مودیریاتە دانراوە لەبەر ئەوەی خصوصیەتی وەزارەتە، هەردوو وەزیر داوایان كرد، زۆر برادەرو خوشكان لەوانەیە باس بكەن خصوصیەتی ئەو وەزارەتە چیە؟ خصوصیەتی، یاخود تایبەتمەندی ئەو وەزارەتە لەوێ یەك سەرچاوەی دەگرێت، كە بەڕاستی مەسەلەی ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری لە وڵات، ئەو بەخۆی تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك زانا ئەندامی لیژنەی یاسایە، تەنیا ئەندامانی لیژنەی یاسایی گوتمان مەجالیان پێ دەدەین، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەو پەرلەمانەی هەردوو ئەوەمان پیادە كردووە، ئەسڵ ئەوەیە كە ئێمە بەس باسی مودیریاتی عام بكەین خوردی نەكەینەوەو نەچینە ناو تەفاصیل، بەڵام لە چەند وەزارەتێكیش تەفاصیلیمان داناوە لەبەر خصوصیەتی ئەو وەزارەتە، بۆیە ئەگەر ئێستا ئەو تەفاصیلە هەبێت هیچ زیانێكی نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەڕێزان، ئێستا ئەوانەی لە لیژنەی یاسایی كە دیفاعیان كرد كە وەكو خۆی بمێنێت، خاوەن موقتەرەح ڕێزار كاك فرسەت و خوشكە پەخشانیش دیفاعی لێ كرد، ئێستا پەخشان خانیش حەقیەتی دیفاع لە ڕەئیەكەی خۆی بكات، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من نازانم وا باس دەكرێت، كە ئێمە سەلاحیەتمان داوەتە وەزیر، بە عەكسەوە من هەست دەكەم دەستی وەزیریمان بەستووە، بۆمان دەست نیشان كردووە، ئەوە مودیریەتە یەك، دوو، سێ، چوار، یەعنی ئەوە دەست بەستنەوەی وەزیرە، من سوورم لەسەر ڕەئیەكەم، هیوادارم بخرێتە دەنگدانەوەو سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەڕێزان، ئێستا ئەو پێشنیارەی كاك فرسەت كە چەند ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان پشتیوانی لێ كرد دەیخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەیە پێشنیارەكە ئەو مودیریاتانە لابچێت، هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆو جەنابی وەزیر لەگەڵ ئەوەن وەكو خۆی بمێنێتەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە لابچێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ (26) كەس لەگەڵ ئەوەیە لابچێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس،

بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێستا لیژنەی یاسایی و ناوخۆ بۆ ئەو گۆڕانکارییانە دەست نیشان بکەن کام ماددەیە، بۆ ئەوەی گشت ماددەکە بخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەنگماندا بۆ مودیریەی عامەمان زیاد کردووە لە مودیریەی عونف دژی ژنان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئیزافە کرا بە دەنگدان، بەس ئێستا لیژنەی یاسایی و ناوخۆ ئەو گۆڕانکارییانەی دراوە، ئەو پێشنیارانە هەمووی دەنووسن ئینجا دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێت بنووسین کە مودیریەتە عامەکان لە موحافەزات مودیریە هەبێت، موحافەزەکان سەر بەو مودیریەتە عامەنە، وەکو مودیریەی عامەکانی دیکە لە پێکهاتەکەی بنووسرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە پێمانوایە لەبەر ئەوەی پرۆژە یاسایەکمان بەدەستەوەیە بەناوی پرۆژە یاسای رووبەڕوو بوونەوەی یان بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە خێزان، بۆیە لێرەدا پێمان باشە مودیریە عامەکە بکرێتە (المديرية العامة للعنف الاسري) لە جیاتی دژی ئافرەت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

دەنگدرا وەکو خۆی (المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المرأة) تەواو، ئەوە جارێکی تر نایەتەوە موناقەشەی بکەین ناوەکەی چی لێ دێت تکایە، لیژنەی یاسایی تکایە صیاغەی ئەو ئالوگۆڕانەی کە موافەقەتان کرد لەسەری بیخوێننەوە ئاخیر جار زۆر سوپاس، سۆزان خان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مودیریەتە راستە توندوتیژی دژی بە ژنان، بەلاًم لە یاسا تازەکەی کە ئێمە لەم هەفتانە هینی دەکەین، نەهێشتنی توندوتیژی خێزانیە کە منداڵیش دەگرێتەوە لەگەڵیدا، پیاویش دەگرێتەوە لەگەڵیدا، هەر نەهێشتنی توندوتیژییە، لەبەر ئەوە من لە یەکەم دەقیقەشەوە پێشنیارم کرد جەنابت قەبولت نەکرد، نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی، یان حیمایەت ئوسرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەو شێوەیەی دەنگ درا لەسەری بۆی ناگەڕێینەوە، دەتوانن پاشان پرۆژەیەك بنێرن بۆ هەموار کردنی، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن ئەو تەغیراتانەی هەبوو بڵێن، بۆ ئەوەی ماددەکە بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاد کردنی بڕگەیەك بڕگەی یازدە (المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المرأة ويديرها موظف بدرجة مدير عام او ضابط حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والكفاءة).

لە پێناسەکەی وەزیر وشەی ئابووریمان زیاد کرد (المالية والادارية) لە هەر شوێنێك (يرأسها) هاتووە بگۆڕدرێت بە (يديرها)، ئەو سێ گۆڕانکارییەمان کردووە بۆ ئاگاداریتان، بۆ موستەشاریش شەهادەی جامعی بەلای کەمی، باشە (على الاقل)ەکەش لادرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئێستا ماددەکە بە کاملی بەو ئیزافەو گۆڕانکاریە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

1- يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

2- للوزير استحداث او دمج او فك او الغاء او ربط مديريات او اقسام او مراكز او شعب عند الاقتضاء.

3- للوزير تشكيل لجان دائمية او مؤقتة لتنفيذ مهام معينة عند الحاجة.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

1-ئەرك و تایبەتمەندی وەزارەت بەپێی پێڕەوێك دیاری دەکرێت.

2- وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی، یان بەش، یان سەنتەر، یان هۆبەکان لە کاتی پێویستیدا سەر لەنوێ دابمەزرێنێ، یان لێکیان بدات، یان هەڵیانوەشێنێتەوە، یان لێکیان گرێبدات.

3- وەزیر بۆی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی دیاریکراو و لە کاتی پێویستیدا لیژنەی هەمیشەیی، یان کاتی دابمەزرێنێ.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:کە دەبێتە ماددەی چوارەم

لیژنە پێشنازدەکات بڕگەی سێیەمی لابچێت، چونکە هەرخۆی وادەبێت وپێویست بەباسکردنی ناکات.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة والتي ستصبح بتسلسل المادة الرابعة:

تقترح اللجنة حذف الفقرة الثالثة منها لأنها تحصيل حاصل.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان تکایە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موافیقم لەسەری.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش، یاسایی و ناوخۆ داوایان کرد فەقەرەی سێ حەزف بکرێت، جەنابی وەزیر موافیقە، ئەگەر موناقەشەتان نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

5. المادة التاسعة والتي ستصبح بتسلسل المادة الخامسة:

تقترح اللجنتان اعادة صياغتها على الشكل الآتي:-

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان لەسەر ئەوە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موافیقین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەگەر مولاحەزەتان نییە لەسەری، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

يلغى قانون وزارة الداخلية لاقليم كوردستان رقم (9) لسنة (1993) المعدل.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

یاسای وەزارەتی ناوخۆیی ژمارە (9)ی ساڵی (1993)ی هەموار کراو هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەری تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6. اما بالنسبة للمادتين العاشرة والحادية عشرة: لاتوجد اية ملاحظات عليهما وتصبحان بتسلسل المادة السادسة والسابعة منها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەگەر کەس مولاحەزەی لەسەر نییە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کەلیمەی ئەخیری ببێتە وتعدیلاتە، چونکە قانونەکە سێ تەعدیلاتی لەسەر دەرچووە بە وازحی تەعدیلی دووەم لە قانونەکاندا رەقمی تێدا نەنووسراوە، ئەگەر بنووسین (وتعدیلاتە) (یلغی قانون رقم 9 لسنة 1993 وتعدیلاتە) کێشەکە چارەسەر دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

لەبەر ئەوەی یەك موفتەرەحە نادرێتە تەصویت، لیژنەی یاسایی وەریدەگرن پێشنیارەکەی، ئەگەر وەریبگرن ئیزافە دەکەین.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە لە جێی خۆیەتی، ئێمەش پەسندی دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەسندی دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

پەسند کرا بەو شێوەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشر:

لایعمل باي نص یتعارض مع احکام هذا القانون.

**بەڕێز جعفر مصگفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم كەلیمەی قەراریش ئیزافە بكرێت، چونكە لە سنووری سلێمانی قەرارات دەرچووە موتەعەلیقە بە قانون، تا رێك بكەوێت بە جارێكی قانون و قەرار.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاكە سنوور نییە، یەك كەسە ئیقتیراحەكە وەرناگیرێت، وەكو خۆی دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دوازدەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكات.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

7. المادة الثانية عشرة والتي ستصبح بتسلسل المادة الثامنة:

تقترح اللجنتان اعادة صياغتها بالشكل الآتي:-

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقه تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەڕێزان، دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشر:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێزدەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، یاسایەکە ئەسباب موجیبەیان لەگەڵ دانەناوە، گشت یاسایەکە وەکو گفتوگۆ کرا لەسەری و پەسند کرا هەمووی بە یەکەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزبایی لە وەزارەتی ناوخۆو گەلی کوردستان و وەزیر دەکەین، ئەگەر جەنابی وەزیر قسەیەکی هەیە بۆ پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی زۆر سوپاس، سوپاسی برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بۆ ئەو ماندوو بوونەو بۆ ئەو موناقەشە بەنرخانەی کە بەشداریان تێدا کرد، ئومێدەوارم و بەڵێن دەدەم کە ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ ئەوەی پێویست و ئەوەی لەسەر شانی ئێمەیە، ئێمە جێ بەجێی بکەین و هەوڵێکی جددی بدەین بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش و سەرو ماڵی هاووڵاتیان، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15)**

**چوارشەممە رێكەوتی 27\5\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15)

## چوارشەممە رێكەوتی 2009/5/27

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2009/5/27 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (15)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (15)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 27/ 5/2009 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی كوردستان كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، بە نووسراویان ژمارە 4519 لە 2009/5/11.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

1-خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پـرۆژەی یاسـای پـەیمانگای دادوەری لـە هـەرێمی كوردسـتان كـە لـە لایـەن ئەنجومــەنی وەزیرانــەوە پێشــكەش كــراوە، بــە نووســراویان ژمــارە 4519 لــە 2009/5/11، ســەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز كاك فاروق جـەمیل وەزیـری داد، كـاك سـەعد وەزیـری هـەرێم بـۆ كاروبـاری پەرلـەمان دەكەین، بەخێر بـێن، هـەروەها بـەخێر هـاتنی مێوانـان و راگەیانـدن دەكـەین، كـاك تەحسـین بـەخێر بێـی سەرچاو، لە ئەمریكاوە هاتووە لەگەڵمان بێت، سەرەتا دەمەوێ ئامـاژە بـەوە بـدەم كـە پـێش چـەند رۆژێـك ئەندامێكی پەرلەمان كۆچی دوایی كرد، كاك رۆبیتـان، بەداخـەوە كـە نەخۆشـییەكی ترسـناكی تـووش بـوو، چەند مانگێك بوو لە نەخۆشخانەكانی ئەڵمانیا عیلاجی دەكرد، بەڵام ژیان وایە، كۆتایی هـەموو ئینسـانێك مردنـە، زۆر بەداخـەوەین جـارێكی تـر سەرەخۆشـی لـە خۆمـان و بنەماڵـەی خوالێخۆشـبوو كـاك رۆبیتـان دەكەین، بەم بۆنەیەوە داواتان لێ دەكەم دەقیقەیەك بۆ گیانی پاكی كاك رۆبیتان و هەموو شەهیدانی گەلی كوردســتان بوەســتن، فــەرموون، داوا لــە لێژنــەی یاســایی دەكــەم، بــێن لــە شــوێنی خۆیــان دابنیشــن بــۆ دەســتپێكردنی ئــیش و كارەكانمــان، بەرنامــەی كارمــان: خســتنە روو و گفتوگــۆ كردنــی پــرۆژەی یاســای پــەیمانگای دادوەری لــە هــەرێمی كوردســتان كــە لــە لایــەن ئەنجومــەنی وەزیرانــەوە پێشــكەش كــراوە، بــە نووســراویان ژمــارە 4519 لــە 2009/5/11، داوا لــە لێژنــەی یاسـایی دەكـەم بـۆ ئـەوەی راپۆرتەكـەیان

بخوێننەوە، ڕەنگە باشتر وا بێ ئەصڵی راپۆرتەکە مادده بـە مـادده و دوایـیش ڕەئـی خۆیـان لەسـەری بـدەن، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی راپۆرتەکەی بخوێنمەوە دەمەوێ ئاماژە بە خاڵێك بکەم، کە ئەم پرۆژەیە بە زمانی عەرەبی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتبوو، بە زمانی کوردی تەرجومە نەکرابوو، لەبەر نەبوونی کاتیش بەڕاستی ئێمە پێمان نەکرا تەرجومەی بکەین بۆ زمانی کوردی، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، دیتمـان هـەتا ئێسـتا ئـەو پرۆژانەی کە لە حکومەت دێتەوە، ئیشارەت بەوەی دەکات کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی، هەر ماوە ناوەکەی، بەڵام ئاماژە بەوە ناکەن کە لـە تەعـدیلی چوارەم نـاوی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی گۆڕی و بـوو بـە پەرلەمانی کوردستان، ئومێدەوارین لەمەودوا مولاحەزەی ئەو نوقاتانە بکەن، زۆر سوپاس،

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

اجتمعت اللجنة القانونية مساء يوم الاثنين 28/گولان/2709 كوردى المصادف ليوم 2009/5/18 لدراسة مشروع قانون المعهد القضائي في اقليم كوردستان_العراق المقدم من قبل مجلس الوزراء بكتابه المرقم (4519) في 2009/5/11 والمحال الى اللجنة بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (14) في 2009/5/18 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة مشروع القانون مبدئياً وتقترح كتابة ديباجته واتباع نفس الاسلوب المتبع في تبويب و تشريع القوانين والقرارات من البرلمان وتقدم تقريرها وتوصياتها بشأن المشروع بالاكثرية وكالآتي:

**اولاً:** بالنسبة للمادة الاولى : تؤيدها اللجنة ولا توجد عليها اية ملاحظات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مادده بە مادده بخوێننەوە، دوایی لێژنە ڕەئی خۆی بدات.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مسودة قانون المعهد القضائي في اقليم كوردستان

المادة الاولى:يؤسس في اقليم كوردستان- العـراق معهـد يسـمى بالمعهـد القضـائي في اقلـيم كوردسـتان- العـراق، و يرتبط بوزير العدل.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیەی نیـە و پشـتگیری ماددەکـە دەکـات وەکـو خـۆی کـە لـە حکومەتەوە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە تەبعەن كوردییەكەش مەعلومە ئێوە هەمووتان كوردی دەزانن، لە هەرێمی كوردستان پەیمانگای دادوەری دادەمەزرێ و پەیوەندی دەبێت بە وەزیری دادەوە، لێژنەی یاساییش پشتگیری لەو ماددەیە دەكات، كەس قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ كاك كەریم قسەی هەیە و خۆشی ئەندامە لە لێژنەی یاسایی، فەرموو كاك كەریم.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لێژنەی یاسایی زۆر گفتوگۆمان لەسەر ناوی پەیمانگاكەمان كرد، ناوی مەعهەدی قەزائی، ئێمە پێمان باش بوو، لە ناو لێژنەی یاسایی كە ناوی مەعهەدەكە ببێتە (معهد القضاء العالي)، سەبەبەكەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ماددەی بیستی هەمان پرۆژەدا هاتووە كە شەهادەی دبلۆم عالی دەدرێتە ئەو كەسانەی كە تەخەروج دەكەن لەو پەیمانگانە، ئەوە یەك، سەبەبی دووەمیش ئەوەیە، ئەوانەی كە شەشی ئامادەیی تەواو دەكەن و دەچنە مەعهەد، ئەوانە دبلوم وەردەگرن، مەعهەدەكەش مەعهەدێكی تەكنیكیە، مەعهەدێكی ئیعتیادیە، بەڵام ئەوە لەبەر ئەوەی خەریجی بەكالۆریۆس دوای ئەوەی شەهادەی بەكالۆریۆس وەردەگرن و دەچنە ئەو مەعهەدە، بۆیە دەبێ جیاوازی هەبێ لەگەڵ مەعهەد و پەیمانگاكانی تر، پێمان باش بوو ناوەكە بكرێتە (معهد القضاء العالي)، پێم وایە ئیتیفاقیشمان لەسەر ئەوە كرد، بەڵام نازانم برادەران بۆ ئاماژەیان بەوە نەكرد؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئی لەسەر ئەو مەوزوعە هەیە؟

**بەڕێز فاروق جميل/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە هەر وەكو خۆی بمێنێتەوە ناوەكە، لە مەعهەدی قەزائی عیراقیشدا هەر هەمان شتە، پێم وایە ئەوە چ لەمەسەلەكە ناگۆڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزيز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەش لەبەر ئەوەی دەزگایەكی خوێندنە، بۆ چی سەر بە خوێندنی باڵا نەبێت؟ بۆچی سەر بە وەزارەتی داد بێت؟ چونكە لەوێش هەر پرۆسەی خوێندنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جوابدەوە كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت كاك كەریمی، تەبعەن ئێمە موناقەشەمان كرد لە لێژنەی یاسایی، كە ناوەكە چ بێت، بەڵام ئەغلەبیە قەراریان دا كە ناوەكە هەر وەكو خۆی بمێنێتەوە، المعهد القضائي في كوردستان، نەك المعهد القضائي العالي، دووەمین بە نیسبەت گوڵناز خان، یاسامان هەیە، یاسای وەزارەتی داد، مەعهەد قەزائی بەشێكە لە بەشەكانی وەزارەتی داد، واتا پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ وەزیری دادە، نەك وەزیر خوێندنی باڵا، یەعنی هیچ پەیوەندی بە وەزیری خوێندنی باڵا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت قسەكانی كاك كەریم كە دەڵێ: دبلۆمی عالی، عادەتەن دبلۆمی عالی لە مەرتەبەیەكی عیلمیە و عیلاقەی بە ماجستێر و مەسەلە زانستیەكاندا هەیە، لێرە ئێمە دەمانەوێ ئیعدادی كەوادری قانونی بكەین، تەئهیلی كەوادری قانونی بكەین، بۆیە پێویست ناكات ئێمە لێرە بڵێین دبلۆمی عالی هەبێ، مەسەلەكە مەسەلەكی عیلمیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی یەكەم كە زۆرینەی لێژنەی یاسایی پشتگیری لێ دەكەن، و جەنابی وەزیریش تەئیدی كرد، وەكو خۆی دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵێتی دەستی بڵند بكات؟، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی وەكو خۆی مایەوە، ماددەی دووەم.

**بەڕێز عبدالكریم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

یهدف المعهد الى ما یلي:

1-اعداد القضاة و اعضاء الادعاء العام.

2-تأهیل القضاة واعضاء الادعاء العام الموجودین في الخدمة من الصنفین الثالث و الرابع.

3-تأهیل كوادر قانونیة مختلفة من موظفي مجلس القضاء و وزارة العدل و الوزارات و المؤسسات الحكومیة الاخرى و رفع كفاءته تمهیداً لتولیهم الوظائف القضائیة.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمه له راپۆرتەکەماندا ئێشارەتمان دایه که بەس کەلیمەی(تمهیدأ) لابردرێ، له نیهایەتی فەقەرەی سێیەم، بەڵام دوایی کۆبوونەوەکمان کرد، تێبینیمان کرد که موحامیش بۆیان هەبێ داخیلی ئەو دەورەیەش بێ، لێرە پێشنیار دەکەم، ئەگەر برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی رەزامەندیان دا، جەنابی وەزیریش ئەوە لێرەیه، ئەو خاڵەش ئیزافه بکەن، موحامیش بۆی هەبێ موشارەکە بکات لەو دەورانە کە ئەو مەعهەدە دەیکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر لەسەر ئەو موقتەرەحە تازەیە رەئیت چیه؟

**بەڕێز فاروق جمیل/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆرم پێ باشه و ئیشەکی باشتان کردیه لێژنەی قانونی کە ئەو مەعهەدەیان شمولیتری کردیە و موئەسەساتی دەوڵەتیش دەگرێتەوە، چونکە مەسەلەکە لێرە هەر ئەوە نیە کە کوادر لۆ حاکمان و ئیدیعای عام بکەینەوە، بەڵکو شمولی زۆربەی شوێنی دائیرەکانی تر دەگرێتەوە، قوتابی علوم، وەکو مودیر ناحیەکان، ئەوجا ئەوە ئیقتیراحێکی باشه، ئەگەر موحامیش بگرێتەوە ئەوە زۆر باشه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوتان دەنووسم، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی کە لێژنەی یاسایی و جەنابی وەزیریش تەئکیدی لەسەر کردەوە کە پێیان باشە له ئیعدادی قضاة و ئەعزای ئیدیعای عام، موحامیشی تێدا بێ، چونکە ئەوە واقعێکە موحامیش بەشێکن لە ئوسرەی قەزائی، حاکم قەزای جالیسی پێ دەوترێ، بە موحامیش دەوترێ قەزای واقیف، هەر ئێمە لە کاتی خۆی لە قانونی سوڵتەی قەزائی حەقێکمان دا بە موحامیان بتوانن ببنە عوزوی مەحکەمەی تەمیز و ببنە حاکم، لەبەر ئەوە ئەگەر لێرە تەئهیل بکرێن، عەدەدی موحامیش ئێستا زۆر بووە، بە تەئکید ئەو ئیعدادە موحامیش بگرێتەوە، موحامی کەفوء و باش پێئەگەینێ، ئەوە یەك، دوو:لە فەقەرەی دووەمدا، بە نیسبەت ئەو موحامیانەی کە ئێستا پارێزەرن، راستە پارێزەر دەرەجاتی هەیە، بە دەرەجەی موستەشار و ئەوانە هین بێ، ئەگەر تەئهیلیش بکرێ بۆ ئەوانەی باسی حاکمەکانی صنفی سێ و چوار بکرێ زیاتر، بە تەئکید ئەو موحامیانەی کە ئێستا بەردەوامن لەو مەعهەدە تەئهیل بکرێن، ئەو تەئهیلە مودەیەکی بۆ تەحدید بکرێت، بەشەرتێ مودەکە دوو ساڵ بێت، ئەو کاتە لەگەڵ نقابەی پارێزەراندا ئەتوانین تەنیسقەك بکرێت، مودەیەکی بۆ تەحدید بکرێ لەو مودەیەدا ئەو موحامیانە دەورەیەکی تایبەتی تێدا ببێنن، تەئهیلی قانونی زیاتر دەبن و ئەتوانن خزمەتی زیاتر بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری بۆ رەئی برادەران، ئێستا ئێمە عەدەدەكی زۆری موحامیمان هەیە، شەش هەزار موحامی ئێستا لە كوردستان هەیە، 13 كولیەی قانونی بە ئەهلی و بە حكومی و بە صەباحی، 13 یان 14ن دووی كەركووكیش هەیە، ئەوانیش هەر دێنە ئێرە بۆ وەزیفە، موحامی یەكێكە لە روكنی تەحقیقی عەدالەتە، جوزئێكە لە مەنزومەی قەزائی، ئێمە بە تەماییینە لە كوردستان بونیەی تەحتی قضاء، قضاء بێت یان ئیدیعای عام بێت یان موحامی بێت، كە ئەم سێكوچكە زۆر زەروورن لە كوردستان، تا بكرێت ئێمە تەهیئەیان بكەین و ئیهتیمامیان پێ بدەین باشە، ئێستا رەحمێك بەو میهنە بكەین، مستەوای ئێستا چونكە ئەوەندە زۆر بووینە، هەموو شێوە قبوڵ ئەكەن، خەریجی مەعهەدی تەمریز قبوڵ ئەكەن، ئیعدادیە، صناعە، تجارە، ئەوانەی ئەهلی، یەعنی ئێستا شتێكە وای لێ هاتیە تەقریبەن مستەوا زۆر زەعیف بووە، پێم باشە ئەو فیلترە دابنێین، بڵێین، ئەو قائیمەی اعداد بكەینە: القضاة و الادعاء العام و المحامين، ئەوە رەئی نقابەی موحامینیشە لێرە، چونكە ئێستا بەس ئێمە لە هەولێر، ئەم ساڵە 170 كەس لە صباحی تەخەروج دەكەن، 189 كەس لە مەسائی تەخەروج دەكەن، پاش سێ ساڵی تر لە هەولێر 2150 كەس فەقەت تەخەروج دەكەن، پێم باشە بۆ موحامی وا لێ بكەین ئەوانە خەریجی مەعهەد قەزائی بن، راستە قانونی نقابەی موحامیشمان هەیە ئەتوانین ئەو كاتە ئەویش تەعدیل بكەین، بۆیە تەئیدی ئەوە دەكەم ئیعدادیش ئیزافە بێت، تەئهیلیش ئیزافە بێت، هەردووكیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە پشتگیری ئەو رەئیەی لێژنەی یاسایی دەكەم، ئێمە پێمان وایە كە مەعهەدی قەزائی بۆ ئەوەیە گەشە بە قەزا و بە دادوەری بدرێت، بە میهنەی قەزا بدرێت لە هەرێمی كوردستان، پێشمان وایە قەزا خۆی سێگۆشەیەكە، سێ زولعی هەیە، یەكیان دادوەریە و ئەوەی تریان، بۆیە ئەگەر بێت و داواكاری گشتی و دادوەری گەشە بكات و بە پیشەی پارێزەرایەتی لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، لە رێگای پەیمانگا و لە شێوەی ئەو پەیمانگایە پەرەی پێ بدرێ، پێمان باشە بە هەمان شێوە ئەو خێزانەی دادوەری كە دادوەری و ئیدیعای عام و پارێزەرایەتیە، پارێزەرایەتیش بگرێتەوە، بە هەمان شێوە ئێمە پێشنیارمان كردووە كە ئەنجومەنی دادوەری كە لە ماددەكانی دیكە دێنە پێش كە نەقیبی موحامینیش ئەندام بێت تێیدا، هیوادارین كە برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بۆ ئەو مەسەلەیە بدەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕەئیەکەی لێژنەی قانونی دەکەم بەراستی، پێم وایە ئەو ژمارەی کە وەردەگیرێن لە کۆلێژەکانی یاسا ژمارەیەکی زۆر زۆرە، دوو: کۆلێژەکی زۆرمان کردۆتەوە، سێ:قبولّ بە شکلەکی عەشوائیە بەڕاستی، بۆیە ئەوە بوویتە مایەی نزم بوونی ئاستی زانیاری دەرچووانی کۆلێژی یاساکان، بۆیە دانانی تەئهیل و ئیعداد بە قەناعەتی من، بە شتێکی باش دەزانم، بەلاّم لێرەدا دەمەوێ ئیشارەت بە یەك خالّ بدەم، ئێمە ناتوانین لەو قانونە شرووت بۆ تەئهیلی موحامیین دابنێین، ناتوانین شرووت بۆ ئیعدادی موحامیین دابنێین، بەلاّم دەکرێ یاسای نقابەی سەندیکای پارێزەران تەعدیل بکرێ، بۆ ئەوەی تەنسیق بێ بەینی مەجلیسی مەعهەد و بەینی نقابەی موحامیین، بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیعداد و تەئهیلی موحامییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی بەڕێزان کردیان لە ماددەی 9 فەقەرەی 5 هاتووە، ان یکون حاصلاً علی شهادة بکالوریوس في القانون من احدی الجامعات العراقیة او الجامعات المعترفة بها علی ان تکون الدراسة فیها منتظمة و علی ان لا تقل تقدیرها عن جید، موحامی بێت یان خەریج بێت لەوێ حەقی هەیە وەربگێرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهەر حالّ، من پێم وایە، بۆ ئەوەی هین بین، لە فەقەرەی سێ کاك فاروق، کاك عەونی، ئەندامانی لێژنە، لە فەقەرەی سێ: تأهیل کوادر قانونیة مختلفة من موظفي مجلس القضاء و وزارة العدل و الوزارات و المؤسسات الحکومیة الاخری و المحامیین، پاش ئەوە شەتب بکرێ، شەرت نیە ئەوەی داخیلی ئەو مەعهەدە بێت تەعین بکرێ یان دەرەجەی بەرز بکرێ، تەئهیل کوادر قانونیە، ئەوەی تر کە تەئهیل کرا، وەزارەتی عەدل یان شوێنەکانی تر بە پێی هین دەبێ، ئەو کەلیمەیەی: رفع الکفاءات و تأهیلهم لتولي، ئەوەندەی ڕەش بکەنەوە، تمهیداً لتولیهم ڕەش بکرێتەوە، زیادە، لەوێندەر جێی موحامیەکە دەبێتەوە، وەکو ئەوانی تر، پێت باشە؟ کاك عەونی پێتان باشە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە موحامی لەفەقەرەی یەکەمی ئیزافە بکرێ، اعداد القضاة و الادعاء العام و المحامیین، یەعنی موحامی لۆ میهنەی موحامات، هەر عایدی ئەو مەعهەدەی بێت، لەفەقەرەی یەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاروق.

**بەڕێز فاروق جمیل/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باش نیە، چونکە فەقەرەی یەك خاصە بە قضاة و ئیدیعای عامە، فەقەرەی سێ، شمولی هەموو کەوادری قانونی و موەزەفەکان و ئەوانە، پێم وایە هەر کە موحامی لە فەقەرە سێ جێی ببێتەوە کیفایەتە، یەعنی پێویست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری عەدلیش پشتگیری لەوە دەکات کە موحامی لە فەقەرە سێ دا بێت، فەقەرەی یەکەم فەقەت قضاة و ئیدیعا عام بێت، فەقەرەی دووەمیش ئەوانە دیارە، ئێستا سێیەم کەوادری قانونیە، د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك لەگەڵ بڕگەی سێ جیاوازی هەیە، بڕگەی یەك باس لە ئیعداد دەکات، بڕگەی سێ باس لە تەئهیل دەکات، بڕگەی دووش تایبەتە بە قضاة و ئیدیعای عام، بۆیە پێمان باشە لە بڕگەی یەك بێت لە ئیعدادەکە، واتە تۆ ئامادەیان دەکەی، دوای ئەوەی کە بەکالۆریۆسیان وەرگرت ناتوانن مومارەسەی موحامات بکەن، خولێکیان بۆ دەکەیەوە و ئامادەیان دەکەی، ئەوجا دەبنە موحامی و دەبنە ئەندام لە سەندیکای پارێزەران، پێمان باشە لە بڕگە یەکیش زیاد بکرێ، بڕگە سێش زیاد بکرێ، تەئهیل و ئیعداد، لە هەردووکیان.

**بەڕێز فاروق جمیل/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە لە فەقەرە سێ هەر دەتوانی بڵێی تەئهیل و ئیعداد، شمولولی هەردووکیان بکات، هەر لە فەقەرەی سێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر مەبەست لەوەدا بێت، ئەو موحامیانەی کە ناتوانن موحامات بکەن، ئیلا داخیلی ئەو دەورەیە نەبن، ئەگەر مەبەست بۆ ئەوە بێت، دەبێت لە فەقەرەی یەك بێت، ئیعدادی قضاة و ئیدیعا عام و

المحاميين، لەبەر ئەوە موحامی کافی نیە کە کولیەی تەواو بکات، ئەگەر مەبەستت ئەوە بێت کە تەئهیل بکرێ و دەوری موحامات ببێنێ، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستمان ئەوەیە ئیعدادەکەش، هەر ئەو مەعەهەدە ئیعدادی بکات، حەتا ئەگەر بۆ ماوەی دوو مانگ بوو، سێ مانگ بوو، ئەوجا بتوانێ موحاماتی بکات، کە پاش ئەوەی تەخەروج دەکات لەو مەعهەدەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من یەك شتم بۆ روون بکەنەوە، ئەو مەعهەدەی کە خوێندکارو قوتابی وەردەگرێ، هەموویان لە یەك مستەوا و لە یەك دەورە دەبن؟ یان دەورەیەك بۆ موحامی و دەورەیەك.، ئەگەر هەموویان لەیەك دەورە دەبن جێیان نابێتەوە بەراستی، کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەئکید جیاواز دەبێت، حاکم و مودەعی عام پێکەوە دەبن، و موحامیەکان جیاواز دەبن، یەعنی فەرقی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بۆ یەکەم بێت باشترە، ئەگەر موافیقن باشە، کێ ئیعتیرازی هەیە موحامی لەیەکەم بێت؟ کەس ئیعتیرازی لەسەر ئەوەی هەیە؟ هیچ ئەوە رۆیشت، ئەوەی دووەمیش: تمهیداً لتولي المهام، ئەوە لێژنەی یاسایی تەئیدی ئەوەی دەکات کە شەتب بکرێ، باشە ئێستاکە ماددەکە وای لێ هات لە کوردییەکەی، یەکەم: بۆ راهێنانی قازی و ئەندامانی ئیدیعا عام و موحامیین، دووەم: هەروەها راهێنانی قازی و ئەندامانی ئیدیعا عام کە ئێستا کار دەکەن و لە خزمەتدان، لە دەرەجەی سێ و چوار، سێیەم: راهێنان و پێگەیاندنی قانونی و ئەوانەی کە لە دەوائیری دەوڵەتدا ئیش دەکەن، فەرمانبەرانی ئەنجومەنی قەزا و وەزارەتی داد و وەزارەتەکانی تر و موئەسەساتی حکومەت، بۆ ئەوەی کەفائەتیان بەرز بکرێتەوە. تەواو، ئینجا لێرەدا جارێکی تر بڵێین:موحامیین، لە سێیەمیشدا (و المحامیین) زیاد بکەین.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ با زیاد بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا عەرەبیەکەتان بۆ دەخوێنمەوە لەلای وازیحترە،

المادة الثانية:

يهدف المعهد الى ما يلي:

1-اعداد القضاة و اعضاء الادعاء العام و المحاميين.

2-تأهيل القضاة واعضاء الادعاء العام الموجودين في الخدمة من الصنفين الثالث و الرابع.

3-تأهيل كوادر قانونية مختلفة من موظفي مجلس القضاء و وزارة العدل و الوزارات و المؤسسات الحكومية الاخرى و و المحاميين و رفع كفاءتهم .

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە بە نیسبەت موحامی، چۆن لە ئیعداد دەكرێ، دەبێ لە تەئهیلەكەش داخیل بكرێ فەقەرە دوو، نەك فەقەرە سێ، لە فەقەرە دوو دەبێ داخیل بكرێ نەك فەقەرە سێ كاك عەدنان، چونكە بە نیسبەتی سێ، هەر یەكی حاڵەتی جوایزن، بە نیسبەت حاڵەتی یەكەم دەڵێ: اعداد القضاة و الادعاء العام و المحاميين، ئەوە ئیعدادە، بە نیسبەت دووەم: تأهيل القضاة و الادعاء العام و المحاميين، دەبێ لەوێندەرێ بێ، بە نیسبەت ئی سێیەم: تأهيل الكوادر القانونية لمختلف الموظفين، محامی موەزەف نیە، لە یەكەم و لە دووەم بێت باشترە نەك لە سێیەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عەفوم دەكەی كاك شێروان، من قانونی نیم، دووەم: نابێت، تۆ لێرە تەصنیفت كردووە، قوزات لە یەكەم و دووەم هاتووە، موحامی چۆن داخیل دەكەی لێرە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو موحامیانە، ئەو موحامییەی كە ئێستا هەویەی هەیە هەتا ئەورۆ، هەتا ئەو قانونە تەصدیق دەكرێ، ئەوە ئیمكان هەیە تەئهیل بكرێ، دەوراتیان لۆ بكرێتەوە، بە نیسبەت ئەوەی تر، ئیمكان هەیە، قانونی نقابە تەعدیلاتی لێ بكرێ لۆ ئەوەی ئیعدادی موحامی بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر هەر لە دووەم ئیزافە بكرێ، دەبێ بخرێتە ئاخیری جوملە، لە دووەمیش ئیزافە بكرێ، بخرێتە ئاخیری جوملە، كاك فاروق موافیقی؟ باشە، ئەوەش هین كرا، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە ئەوها بێت، دەستی بڵند بكات، تكایە، فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ ئەو ماددەیە قبوڵ كرا، بۆ ماددەی سێ تكایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

للمعهد شخصية معنوية و استقلال مالي و اداري.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێژنەی یاسایی رای وایە ئەو ماددەیە حەزف بكرێ، لەبەر ئەوەی زیادە، چونكە مەعەهەد بەشێكە لە بەشەكانی وەزارەتی داد بە پێی ماددەی سێ فەقەرەی شەشەم، لێرە شەخصیەی مەعنەوی بدرێتی و میزانیەی مەعنەوی هەبێ، هیچ پێویست نیە، كیفایەتە وەزارەتی عەدەل خۆی بەو كارە هەڵبستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت چیە؟ موئەیدە، فەرموو كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە مەعهەدی قەزائی وەكو جامعاتی تر، وەكو مەعاهدی تر، چۆن شەخصیەی مەعنەوی و ئیستیقلالی مالی و ئیداریان هەیە، بەهەمان شێوە دەبێ مەعهەدی قەزائی شەخصیەی مەعنەوی و ئیستیقلالی مالی هەبێ، چ لەوە ناگۆڕێ كە سەر بە وەزارەتی عەدلە، بەڵێ سەر بە وەزارەتی عەدلە، بەلام لەناو وەزارەتی عەدل دەبێ شەخصیەتی مەعنەوی هەبێ، وەكو ئەوەی بەلەدیات سەر بە وەزارەتی بەلەدیاتە، بەلام بەلەدیات شەخصیەتی مەعنەوی خۆی هەیە، بەهەمان شێوە مەعەهەدی قەزائی زۆر ئاساییە شەخصیەی مەعنەوی خۆی هەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا تۆ تەئیدی ئەصڵی مەشروعەكەی دەكەی، موقتەرەحی لێژنەی یاسایی دەڵێ: ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت، جەنابی وەزیریش تەئیدی كردووە، ئەو موقتەرەحەی دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێ دەستی بڵند بكات، فەرموون، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بمێنێتەوە؟ دوو كەس، بە ئەكسەریەت ئیلغا كرا ماددەی سێ، ماددەی چوار.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

1-یشرف على المعهد مجلس یسمى مجلس المعهد، یشكل من:

أ-رئیس محكمة التمییز،رئیسآ

ب-اقدم قضاة محكمة التمییز، نائبآ.

ج-رئیس مجلس شورى الاقلیم عضوآ.

د-رئیس هیئة الاشراف القضائي، عضوآ.

ه-رئیس هیئة الاشراف العدلي، عضوآ.

و-رئيس الادعاء العام، عضواً.

ز-احد عمداء كليات القانون في الاقليم، يسميه وزير التعليم العالي و البحث العلمي، عضواً.

ح-مدير عام المعهد، عضواً و مقرراً.

2-يتولى نائب الرئيس مهام الرئيس عند غيابه.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکەی دەکات بە تەواوی، بەڵام پێشنیار دەکات فەقەرەك ئیزافە بکرێت، نەقیبی موحامی کوردستانیش ببێتە ئەندام لەو ئەنجومەنە، بە عەرەبیەکە بەو شێوەیە دەبێت: نقيب محاميين كوردستان،عضواً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت چیە؟

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ڕەئیە نیم کە نەقیبی موحامیین عوزو بێت لەو مەجلیسە، چونکە ئەوە مەجلیسەکە عیلاقەی بە وەزارەتی عەدل و دام و دەزگاکانی حکومەتەوە هەیە، نقابەی موحامیین، نیقابەیەکی سەربەخۆیە، پێویستیش ناکات هەبێ، بۆیە من تەئیدی ئەو ڕەئیە ناکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالکریم.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی دوو، ئیعداد و تەئهیلی موحامییمان ئیزافە کردیە، کە ئەوانە وای لێهات، سەندیکا دەبێ مومەسیلێکی هەبێ لەو مەجلیسە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوە تەئیدی مامۆستا کاکە دەکەم، دەکرێ لە شوێنێك کە ئیعدادی موحامیین کە نەقیبی موحامی لێی بەرپرسیارە، ئیعدادی موحامی بگرێتە بەر دەبێ بکرێتن بۆ دانانی ماددەکە و بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی ئەو پارێزەرانە، نەقیبی موحامیین ئەندام نەبێت لەو مەجلیسە کە

مەجلیسی قەزایە، من پێم وایە شتێکی زۆر زۆر ئاساییە و لە جێی خۆیەتی کە نەقیبی موحامیین ئەندام بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ئیشکالەکەم لەوەیە، ئەوە تێکەڵ کردنی دوو شتە، شتێکی ڕەسمی و شتێکی غەیرە ڕەسمی، یەعنی سەندیکا دائیمەن غەیرە ڕەسمیە، ئەوە هەیئەتێکی ڕەسمیە، ئایا عەجەبەن شتی وا دەبێ مەسەلەن لە هەیئەتێکی غەیرە ڕەسمی؟ بەڵام ئەگەر بتوانین موعالەجەی بکەین و ئەویش بەشدار بێ، بیکەین بە موستەشار، یەعنی لە سەندیکا یەکێکی لێ دیاری بکات بکرێتە موستەشار بە سیفەتی موستەشاری، بێتە ناو ئەو دەستەیە، شتێکی دروستە، بەڵام پێم وا نیە وەکو فەردێکی سەندیکا بێتە ئێرە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەوە دەکەم، نەقیبی موحامی زۆر زەرووره لە ئی عیراقیش هەیە، لە ئی فەلەستینیش هەیە، لە ئی ئوردن هەیە، لە زۆربەی وڵاتان هەیە، چونکە ڕەبتیان بەیەکەوە هەیە، بەس ئەوەی تر لە خاڵی حەوتەم: احد عمداء کلیات القانون في الاقلیم، یسمیه وزیر التعلیم العالي و البحث العلمي، عضواً، من زۆر لە قەوانینی دیتم، هەر چەند لە لێژنەی باسم نەکردیە، بەڵام لە دوای موتابەعات، بکرێتە:یسمیه وزیر العدل باشترە، من ئیقتیراح دەکەم، چونکە ئەو بە خۆی عەمیدی هەڵدەبژێرێت و ڕەبتە بەوی ئەو مەعهەدە، دەقیقتر دەردەچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی حەوت، (أحد عمداء) کە مامۆستا ئاماژەی بۆ کرد، من پێشنیازی ئەوە دەکەم کەوا بنووسرێ (ممثلین إثنین عن أعضاء هیئة التدریس یتم إنتخابهما من قبل التدریسین في المعهد)، چونکە لە ئەنجومەنی زانکۆکاندا نوێنەرانی مامۆستایان لەو یانە بەشداری دەکەن، هەڵئەبژێردرێن لە لایەن مامۆستایانەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە تەماشای ماددەی شەشیش بکەین، لە بڕگەی چوار باس لەوە دەکات دەڵێ (وضع مفردات مناهج الدراسة النظریة والتطبیقیة و تحدید حصصها)، پاشان (تحدید وضع قواعد

الإمتحانات)، چەند بڕگەیەك هەیە، ئەوە بەڕاستی ئەركی سەرەكی ئەو مامۆستایانەن، كەوا لەوێ دا دەرس ئەڵێنەوە، ئەوان پێویستە لەو ئەنجومەنەدا نوێنەریان هەبێ، بۆ ئەوەی دەنگیان هەبێ بتوانن بە شێوەیەكی باشتر بەشداری بكەن لە كارەكانی ئەو مەعهەدەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو، جاری پێشتر قسەم نەدایێ، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەمە، یەكەم: كە باسی دادگا ئەكەی، هەر شتێك بۆ دادگا بكەی، بریتیە لە سێ كوچكە، (قازی، مودەعی عام، محامی)، یەعنی هەر شتێك ئەكەی دەبێ نوێنەری ئەوانەی تێدابێ بە قەناعەتی من، ئەوە یەكەم، یەعنی تەئیدی ئەوە دەكەم كە نەقیبی محامیینی تێدابێ، بەڵام شتێك كە عیلاقەی بە دادگاوە هەبێ بەڕاستی، نابێ شتی تری لە تەعلیمی عالی تێدا بێ، بە ڕەئی من ئەوە شیاو نیە، ئەوەی ماددەی حەوتەم (أحد عمداء كلیة القانون)، ئەوە دوورە لە قەزاوە لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من ئەوە ئەگەر لابردرێ شتێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نازانم، من بە ئیجازەی لێژنەی قانونی موداخەلەیەك دەكەم، هەرچەندە هین نیە، یەعنی ئەوەلەن (أحد عمداء كلیة القانون) ئەوە وەكو كاك فرسەتیش بۆی هین كردم، بۆ ئەوەیە، مەعهەدەكە ئاگاداری مەناهجی خوێندن بێت، پێویستیان بە تەدریسیین دەبێت لە كولیات و ئەوانە، بۆ ئەوەی ڕەبتێك هەبێ بە ڕێگای ئەووەوە، ئەو مەعهەدە بتوانێ مەناهجەكانی خۆی ڕێك بخات، ناكرێت ئەو عەمیدە وەزیری عەدل دەستنیشانی بكات، چونكە ئەمە وەزارەتێكی ترە، مەسئولی هەیە، هەر دەبێ وەزیر هینی بكات، جەنابی وەزیری داد زۆر وڵات هەیە سەرۆكی سەندیكای محامیین ئەندامە لە لێژنەی قەزائی، مەجلیسی قەزائی لە ئیتالیا، ئیتالیاكە ئەكیدە لەبەر ئەوەی كاك فرسەت لە سەردانی ئەلمانیادا، لە موتابەعە كردنی دەستووردا ئەوەی ڕەچاو كردووە، بێجگە لەوەش یەعنی ئێمە مادەی پێشوو كە دەنگمان بۆ دا، لە سێ فەقەرەدا هەر ئیعدادی محامیینی تێدایە، تەنسیقێكی دەوێت، ئەوانەی ناویان هاتووە تا بڕگەی (9)، هەر یەكە ڕەبتێكی هەیە بەو مەعهەدەوە، موەزەفینە، قوزاتە، مودەعی عامە، سەرۆكی سەندیكا بۆ ئەوەیە، بۆ ئەوەی ئەو ڕەبتە هەبێت، ئەو تەنسیقە هەبێت، ئەو تەنزیمە هەبێت، بۆیە ئەگەر جەنابت موافیق بی، پێم باشە بۆ ئەوەی ڕەئیەكە لەگەڵ لێژنەی قانونی یەك بگرێت، جا ئەگەر جەوابەكەم شافی بووبێت، ئەوە داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم ڕەئی خۆی بڵێت، فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق - وەزیری داد:**

ئەگەر مولاحەزەتان كردبێ لە موناقەشەی قانونی ئەنجومەنی قەزائیش، هەمان ڕەئی هەبوو كە نەقیبی موحامیین ببێتە عزو لە مەجلیسی قەزا، بەڵام تەبیعی بە تەئكید پاش ئەوەی كە موناقەشەی كرا جارێكی

تر موافەقەت نەکرا، من بۆیە لێرە میسالێکم هێنا، وەکو وەزارەتی داد هەر دەست بە ئەوە دادەگرین، کە نەقیبی محامیین هیچ عیلاقەیەکی بەو مەسەلەیەوە نیە و، ئەگەر وابێ ئەو مەعهەدە سبەی ڕۆژێ کەوادیریکەش تەئهیل دەکات، باشە مەفروزە کەوا وەزارەتی داخیلیەش ئەندام بێ لە وێ و، بەشەکانی دیکە و، وەزارەتەکانی دیکەش عەزو بن تێدا، ئەوجا بە هیچ نەوعێك ناگونجێ، بە تایبەتیش وەکو مامۆستا فەرمووی، نەقابەی محامیین نەقابەیێکی ئەهلیە و ڕەسمییە و دائیرەیەکی موئەسەساتیە، ئەوە یەکیان، دووەمیان بە نیسبەت مەسەلەی کولیەی قانون، من پێم باشە تەسمیەکە وەزیری عەدل بیکات بە تەشاور لەگەڵ وەزیری تەعلیمی عالی، ئەوە باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیری خوێندنی باڵا بە مشاوەرە لەگەڵ وەزیری عەدل، لەبەر ئەوە قەرارەکە وەزیری خوێندنی باڵا دەیدا، بەڵام بە مشاوەرە لەگەڵ وەزیری عەدل،ئەوە ڕاستترە، فەرمووو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق-وەزیری داد:**

چونکە مەجلیسەکە عایدی وەزارەتی دادە، یەعنی مەجلیسێك عایدی وەزارەتی داد بێ، چۆن دەبێ وەزیرێکی دیکە موەزەفی بۆ دابنێ، عزوی بۆ دابنێ؟ ئەوە ناکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر وەزیری داد، وەزیری خوێندنی باڵا کە قەرارەکەی دەرکرد، ئەو عەمیدە ئینتیداب بکات بەوە، دواتر وەزیری داد موافەقەت دەکات، مەجلیسەکەی کە تەشکیل کرد ناوی ئەویشی تێدایە، بە تەئکید وایە، باشە ئێستا ئەوەی نووسراوە (يسميه وزارة التعليم العالي والبحث العلمي بالتشاور مع وزير العدل عضوا)، تەسمیەکە، دوایێ تۆ کە ئەمرەکە دەردەینی پاشی ئەو تەشاورەی کە کردوویەتی لە ئەمرەکە دەنووسی، چونکە وەزیری عەدل دایدەنێ، بۆ مەجلیسەکەی کە دادەنا، فڵان وفڵان و فڵان، هەر بە ئیمزای وەزیر عەدلە، بەڵام پێشتر ئەو تەسمیەیەی کردووە بە تەشاور لەگەڵ وەزیری عەدل، کاکە دەزانم وەزارەتی عەدل ڕاستە، ئەمرەکە وەزارەتی عەدل دەریدێنێ، تەسمیەی مەجلیسەکە دەکات، ئەو ئەندامەشی تێدایە، بەڵام پێشتر پێویست دەکات بە تەشاور تەسمیەکە لە لایەن وەزیرەوە بێت، موەزەفەکی خۆیەتی، ئەو تەسمیە دەکات، وەزیری عەدل لەبەر ڕۆشنایی ئەو تەسمیەیە قەرارەکەی دەردەینێ بە تەشکیلی مەجلیسی قەزا، لەوانەی خوارەوە، ئەوە ئەسەح ترە و، قانونیتریشە، کەواتە دەمێنێ فەقەت ئەو نوقتەیە کە ئەندامێکی ئیزافە بکرێت، لیژنەی قانونی داوای کردووە کە سەرۆکی سەندیکا ببێتە ئەندام لەو مەجلیسە، جەنابی وەزیر پێی باش نیە ئەوە وابێت، من موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە فەقەرەی (9) ئیزافە بکرێت، سەرۆکی سەندیکاش ببێتە ئەندام لەو مەجلیسە، کێ لەگەڵ مەقتەرەحی لیژنەی یاساییە؟ دەستی بڵند کات، تکایە؟ فەرموو، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ نەقیبی سەندیکای پارێزەران، دەبێتە ئەندام لە مەجلیسی قەزای مەعهەدی قەزا، ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە بەو ئەو گۆڕانکارییەوە، کێ لەگەڵە؟ بەڵێ عەفوو، فەرمووو.

**بەڕێز فاروق جميل صادق-وەزیری داد:**

عەفوو، بە نیسبەت فەقەرە (7)، ئەوەش مەناقەشەمان کرد، کە ئێمە ئیقتیراحمان ئەوەیە کە وەزیری عەدل دایبنێ بە تەشاور لەگەڵ وەزیری تەعلیم عالی، ئەوەش دەبێ ساغ بکەینەوە، ئەوجا ماددەکە هەمووی بخەینە بەر دەنگ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی گوتمان (أحد عمداء كليات القانون في الإقليم يسميه وزير التعليم العالي و البحث العلمي عضوا بالتشاور)، ئەو تەشاورە نەمخستە دەنگەوە لەبەر ئەوەی خیلافی لەسەر نەبوو، جەنابت تەئیدت کرد، هین و ئەوانە، بۆیە کە ماددەکە، کە هەر شتێك ئەگەر خیلافی لەسەر بوو، کەسەك بی گووتبا تەشاوری تێدا نیە، ئەو وەختی مەجبوورم بیخەمە دەنگەوە، بەڵام کە ئیتیفاقی لەسەرە، هەموو ماددەکە بەو گۆڕانکارییەی کە کردمان، یەعنی لە ماددەی حەوتدا، (بالتشاور) ەکە داخیل دەکرێ، ماددەی، بڵێم فەقەرەی (9) ئیزافەمان کرد، هەموو ماددەکە بەو گۆڕانکارییە، حەوتەکە دەبێتە ئەوە (أحد عمداء كليات القانون في الإقليم يسميه وزير التعليم العالي و البحث العلمي بالتشاور مع وزير العدل)، تەواوە؟ کاکی برا سەد جار شەرحمان کرد، پاشی ئەوە قەرارەکە وەزیری عەدل مەجلیسێك تەشکیل دەکات، دەڵێ بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێم درا، بڕیارم دا، مەعهەدی قەزا تەشکیل بکەم، لەوانەی خوارەوە:1، 2، 3، حەوتەمەکەش ناوەکەی لایەتی، دەنووسرێ لەوێ، بەڵام پێشتر تەسمیەکەی وەزیری تەعلیمی عالی کردوویەتی، پێی گوتووە بە نووسراوێك، فڵان کەس دەستنیشان دەکەم بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لای ئێوە، ئەو لەبەر ڕۆشنایی ئەوە ئەو قەرارە دەردێنێت، فەرموو کاك فاروق.

**بەڕێز فاروق جميل صادق - وەزیری داد:**

من پێموایە بەو سیغەی کە ئێستا جەنابت فەرمووت، مەعنایەکەی ئەوها نادات لە پاش ئەوەی، دوایێ تووشی ئیشکالیەتێکی قانونیش دەبین لەو مەسەلەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ئەوەی ئێمە باسمان کرد، بە تەشاور لەگەڵ وەزیری عەدل، جەنابی وەزیر دەڵێت، دەبێ وەزیری عەدل تەسمیەی بکات بە تەشاور لەگەڵ وەزیری تەعلیمی عالی، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەمیدی کولیە، یەکێکە لە مونتەسیبینی وەزارەتی تەعلیمی عالی، وەزیری عەدل ناتوانێ تەحەکوم لەسەر موەزەفینی وەزارەتێکی تر بکات ، بەڕاستی دەبێ ئەوە بە مشاوەرە بێت، کە تەنسیقیان کرد ئەو وەختە وەزیری تەعلیم عالی ئەمرەکە دەردێنێ نەك وەزیری عەدل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی چیە؟ قسەکەی من، سوپاست دەکەم، تەوزیحت بۆ کردم ئی ئەوانە، دوو شتە، یەکێکیان، ئەوە موەزەفی وەزیر تەعلیم عالیە هەر پێویست دەکات ڕەئی وەربگرین، دوو، وەزیری تەعلیمی عالی باشتر دەزانێ کام عەمید باشە، چەند جامیعەیە؟ خۆ یەك جامیعە نیە، لەو کوردستانەدا هەشت، نۆ جامیعەی ڕەسمی هەیە، هەشت، نۆ عەمیدی کولیەی قانون هەیە، ئەو دەزانێ کامەیان باشتر مەئەهەلن، باشن، بۆ ئەو ئیشە شارەزاتر لە باری قانون و ئەو هینانە پێی دەڵێن، بەڵام قەرارەکە دەگەڕێمەوە دەڵێم، قەرار دەردەچێ بە تەشکیلی مەجلیسەکە لە لایەن وەزیری عەدلەوە، کە ئەو دەستنیشان دەکات، حەوتەم دەنووسێ، فڵان دکتۆر، عەمیدی کولیەی هین، ئەندام لە مەجلیسی فڵانە، ئەو فەقەرەی دەخەمە دەنگەوە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەدا یەك ڕەئیم هەیە، یەعنی ئیللا ئەبێ یەکێك بێ لە عەمیدەکانی کولیاتی قانون؟ ناکرێ کەسێك بێ شارەزا بێ لە بەڕێوەبردنی مەعهەدێکی ئاوا؟ ئەو سات تۆ نەجاتت دەبێ لەو ئیشکالیەتە، وەزیر خۆی کەسێك دەستنیشان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، گوتمان تەدریسی بۆ ئەوەی ئاگای لە مەناهج بێ، گۆڕانکاریی چی بووە، قەوانین چی بووە، ئاخر باشتر وایە، خۆ هەر دەبێ یەکێك بێت، چەند عەمیدێکت هەیە، بۆتە عەمید لەبەر ئەوەی موئەهەلاتی هەیە، باشترە، خۆ ناکرێ بڵێ قانونی بێت، ڕەنگە سەدان کەس بێت، وابزانم تەواو، باشە فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیری داد ئەم هەیئەتە پێك دێنێت، بڕگەی حەوتەم زۆر بە باشی هاتووە، ئەگەر لە ئاخیرەکەی تەنها ئەوە ئیزافە بکەین، لەسەر داوای وەزیری داد، وەزیری تەعلیم عالی عەمیدەك پێشنیار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئێستا دوو هینە، دوو ڕەئییە، یەکێکیان ئەوەی کە جەنابی کاك وەزیر دەڵێت تازەیە، ئەو دەڵێ تەسمیەکە لە لایەن وەزیری عەدلەوە دەبێت بە تەشاور، ئەو موقتەرەحەی هینەوە، کێ لەگەڵ ئەوەی تازەیە کە دەڵێ (تەسمیەکە لەلایەن وەزیری عەدلەوە بێت)، دەستی بڵند کات تکایە؟ فەرموو، کێ لەگەڵ دا نیە دەستی بڵند کا؟ زۆرینە دەڵێن وەکو خۆی (بالتشاور مع وزير العدل)، کەواتە پاش ئەوەی کە دەنگیان بۆ دا، دەیخوێنمەوە، ( أحد عمداء كليات القانون في الإقليم يسميه وزير التعليم العالي و البحث العلمي بالتشاور مع وزير العدل عضوا)، نۆیەمیشمان ئیزافە کرد، ماددەکە هەمووی بەو گۆڕانکارییەوە دەخەمە

دەنگەوە، کێ لەگەڵە دەستی بڵند کات؟ فەرموو، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوول کرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (5)

يجتمع مجلس المعهد مرة واحدة في الشهر على الأقل، و لرئيس المجلس أو ثلاث من أعضائه دعوته للإنعقاد عند الضرورة، و ينعقد المجلس بحضور ثلثي أعضائه، و تتخذ القرارات بالأكثرية، و عند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری تەواوی ماددەکە دەکات وەکو خۆی کە لە حوکمەت دا هاتیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر کەس مولاحەزەی نیە، ئەوە تەبیعیە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم سیغەیە زۆر سەیرە، یەعنی بۆچی ئێمە ئیجباریان کەین، مانگی یەك جار ئەم مەجلیسە کۆبێتەوە، لەوانەیە تۆ وا پێویست بکات کە هەموو حەفتەیەك کۆببنەوە، بەڵێ ئەزانم (على الأقل)ە، با ئێمە خۆمان ڕزگار کەین لەم سیغەیە ئیتر، با شێوازێکی تر دابنێین، (كلما دعت الضرورة)ش ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بە قانون جەبریان نەکەین مانگی جارێك کۆببنەوە، شەش مانگ جارێکیش کۆ نابنەوە، زۆر باش هاتیە، مایە ماددەکە بە پشتگیری لیژنەی یاسایی و، ڕەئی حوکمەتیش هەر ئەمە بووە لە ئەساس دا ، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵە دەستی بڵند کات؟ فەرموو، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوول کرا، بۆ ماددەی شەش تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم أبو بكر مصطفى (هەمەوەند):**

المادة (6)

يمارس المجلس الإختصاصات التالية:

1 - الإشراف العام على المعهد.

2 - إقتراح الخطط لتنظيم شؤون المعهد و تطويره و الإشراف على تنفيذها.

3 - **إختيار العدد المطلوب من بين المتقدمين للدراسة في المعهد الذين تتوفر فيهم الشروط القانونية للقبول على أساس الشهادة و الكفاءة و الدرجة والنزاهة.**

4 - **وضع مفردات مناهج الدراسة النظرية و التطبيقية و تحديد حصصها.**

5 - **إضافة مواد أخرى للتدريس في المعهد علاوة على المواد المنصوص عليها في هذا القانون أو حذفها.**

6 - **تحديد موعد بدء الدراسة و إنتهائها و تعين الفصول الدراسية و مواعيدها و مدة العطل.**

7 - **وضع قواعد الإمتحانات و تحديد أوقاتها و كيفية إجرائها و مراقبة سيرها.**

8 - **إقرار نتائج الإمتحانات.**

9 - **تصنيف الناجحين بإعدادهم قضاة و أعضاء إدعاء عام وفقا للحاجة و حسب معدل درجات التخرج من المعهد و الرغبة.**

10 - **وضع القواعد الإنضباطية المتعلقة بطلاب المعهد.**

11 - **وضع النظام الداخلي للمعهد.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکەین، پێشنیار دەکەین فەقەرە پێنج لا بدرێ، چونکە وای دەزانین فەقەرەکی زیادە، بە تایبەتی موفرەداتەکە لە قانونەکەیدا نەهاتیە و، فەقەرەی چوار وەزعەکەی بە کاملی حەل دەکات (وضع مفردات مناهج الدراسة النظرية و التطبيقية و تحديد حصصها)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر لەسەر ئەو موفتەرەحەی لیژنەی یاسایی بە حەزفی فەقەرەی پێنج چی ئەڵێی؟ کەس هینی نیە، فەقەرەی پێنج، فەرموو کاکە، قسەت هەیە؟ فەقەرەی پێنج لیژنەی یاسایی داوا دەکات ئیلغا بکرێت، کێ لەگەڵ ئەو ئیلغایەیە دەستی بڵند کات تکایە؟ فەرموو، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ ئیلغا کرا، هەرچەندە ژمارەیەك هەر ئینتیباهیشیان نەکرد، دیارە مومتەنیعن! فەقەرەی پێنج ئیلغا کرا، فەرموو کاکە.**

**بەڕێز عبدالکریم أبو بکر مصطفى (هەمەوەند):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**فەقەرە (9)، بە ڕەئی من(تصنيف الناجحين بإعدادهم قضاة و أعضاء إدعاء عام)، پێم شتێکی ڕاست نیە، چونکە ئەوە کاتی خۆشی ئەوە موشکیلەیێکی گەورەی پەیدا کردییە، ما بەینی حاکم و ئیدیعا عامەکان، کاتی خۆی مەعهەد قەزائی بەغدایێ، عادەتی بوو ئەوەی دەرەجەی خراپ با، دەیکردە ئیدیعای عام، ئەوەی دەرەجەی بە قوەتتر با دەیکردە حاکم، ئێستاش ئەو تەمایوزە لە ناو حاکم و ئیدیعای عامەکان هەیە، ئەمە ئەوەی دانەنێین باشترە، بە عەکسەوە لە بۆ هەر یەکێکیان دەورەیێك بکەینەوە، ئەوانەی لە بۆ ئیعدادی ئیدیعای عام بێت بە تەنها بن، ئەوەی لە بۆ ئیعدادی قوزات بێت بە تەنها بن، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت؟

**بەڕێز فاروق جميل صادق - وەزیری داد:**

بەڵێ، بە پێی قانونی ئیدیعای عام کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوەش تەعریف کرا، ئیدیعای عام سیفەتی حاکمی وەرگرت، بەس ئەوان قازیان پێ دەووترێت، بۆیە هیچ فەرقێك نیە لە نێوان حاکم و مودەعی عام.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی جەنابی وەزیر دەکەم، فیعلەن ئەو بڕیارە لە پەرلەمان دەرچوو، پێشان ئەو فەرق و فروقاتانە نەبوو، فەرق و فروقات هەبوو بە نیسبەت ئیدیعای عام، بە نیسبەت قازی، بەڵام ئێستا لە حقوق و لە ئیمتیازات و لەوانە هەموو یەك بوون، بۆیە بە قەناعەتی من ئەمە لە جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر کەس قسەی نیە ماددەکە دەخەمە دەنگەوە، فەرموو کاك جمال، لە ئەمریکا شتێکی وا موخالف هەیە؟

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی شەش خاڵی (9)، (تصنيف الناجحين بإعدادهم قضاة و أعضاء إدعاء عام وفقا للحاجة و حسب معدل درجات التخرج من المعهد و الرغبة)، لە کۆمەڵگای مەدەنی شتێك هەیە، تەبیعی لێرەش بە تەئکید وا ئەزانم پێی ئەوترێ( محامی منتدب)، ئەو کەسانەی کە پارەیان نیە محامی بگرن، حوکمەت محامیان بۆ ئەگرێ، لە کۆمەڵگای مەدەنی جیهازێکی تایبەت هەیە پێی دەوترێ (public defender)، ئەوە دام و دەستگاییێکە لە مەحکەمە، عادەتەن سومعەیان وەکو پێویست نیە، سومعەیان یەعنی چی وەکو پێویست نیە؟ یەعنی ئەکرێن بە نوێنەری هەر کەسێك تەقریبەن بە ئینگلیزی پێی ئەڵێن(dumper)، یەعنی فڕێی ئەدەنە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە لێرە جێگەی ئەمە بکەینەوە محامییە باشەکان هەڵبژێرین بۆ ئەوەی ئەو دەورە ببینن، بۆ ئەوەی مەسئولیەتی خۆیان و عەدالەت لەم دام و دەزگا جێگەی خۆی بگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە یەکێکیان زمانەوانی، ئەڵێ ( یشترط في من يقبل في المعهد مايلي: (أن يكون)، ئەو (أن) انە، هەمووی زیادن، (یکون عراقي الجنسية، يجيد لغتين، يتمتع بسمعة)، ئەوانە ..................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماددەی شەشین، ببورە، کاکە ماددەی شەش کە فەقەرە پێنج ئیلغا کرا، فەرموو کاک زانا.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕای من دەبێ فەقەرەیەکی بۆ زیاد کەین، پەیوەندی بە کردنەوەی خول هەبێ، خولی تەئهیلی بۆ محامیەکان، ئەوەی ئێستا باس دەکات لە صەلاحیاتی ئەو مەجلیسە هەمووی باسی ئیدیعای عام و قازییە و، یەك مەنهەجی دیراسە و خوێندنە لە پەیمانگا، موافەقەت کردن لەسەر کردنەوەی خولی شیاندن بۆ پارێزەران و ئەوانی تر کە پێویستە خولیان بۆ بکرێتەوە، ئەو خاڵەی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیغەیێك بڵێ، بزانم، لە فەقەرەی پێشتر نووسیومانە، کاك زانا و کاك کەریم، هەردووکتان لە لیژنەی یاسایی بوون، بۆ لەوێ ئیقتیراحتان نەکرد؟

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێشوتر باسی پارێزەران تەسبیت بوو، بۆیە دەبێ لێرە خاڵێکی بۆ بنووسین، (کردنەوەی خولی شیاندن بۆ پارێزەران)، (ئامادەکردن و شیاندنی پارێزەران)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئاخر دەزانی چیە؟ شتێك هەیە، ئەوەلەن: ئەوە خۆی مەعهەدە دەورات ناکاتەوە، خۆی مەعهەدە، تەنها بۆ محامین نیە، تەحسیل حاسلە ئەوە، وا بزانم شتێکی وای تێدا نیە، ئەگەر شتێك نیە دەیخەمە دەنگەوە، فەقەرەی پێنج ئیلغا کرا، ئەوی تر دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵە دەستی بلند کات؟ فەرموو، کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لە گەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی حەوت، کە ئێستا دەبێتە ماددەی شەش.

**بەڕێز عبدالكريم أبو بكر مصطفى:**

ماددەی حەوت کە دەبێتە ماددەی (6)

المادە (6)

يتولى إدارة المعهد مدير عام على أن يكون قاضيا من الصنف الأول، يعين بمرسوم إقليمي بإقتراح من وزير العدل بعد المداولة مع مجلس القضاء على أن يحتفظ بصفته القضائية.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لیژنەی یاسایی لە ڕاپۆرتەکەمان پێشنیاری ئەوەمان کرد، کە جوملەی (بمرسوم إقليمي) نەمینێ، لە جیاتی ئەو (بقرار من مجلس الوزراء) بە کار بێت، واتا ماددەکە بەو شێوەیە دەبێت، (يتولى إدارة المعهد مدير عام على أن يكون قاضيا من الصنف الأول يعين بقرار من مجلس الوزراء بإقتراح من وزير العدل بعد المداولة مع مجلس القضاء على أن يحتفظ بصفته القضائية)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟**

**بەڕێز فاروق جميل صادق-وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵلا من تەئیدی ڕەئی لیژنەی قانونی دەکەم، چونکە قازی خۆی لە ئەساسەوە بە مەرسومی ئیقلیمی دامەزراوە، ئیتر دەمینێتەوە دانانەکەی بە مدیر عام، ئەوا مەجلیسی قەزا و وەزیری عەدل دەتوانن ئیقتیراح بۆ مەجلیسی وزەرا و، ڕەئیسی مەجلیسی وزەرا موافەقەتی لەسەر بکات، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕاست دەکات، پێشتر دەرچووە بۆی، مولاحەزەی لیژنەی قانونی ڕاستە، پێشتر مەرسومیان بۆ دەرچووە، کەواتە ئەو ماددەیە بەو ئیقتیراحی لیژنەی قانونییەوە، خیلافت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز خلیل إبراهیم محمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**فەقەت (يتولى) بکە (تتولى)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس ڕاست دەکات،(تتولى إداره المعهد)، بۆ مدیر عامەکە دەگۆڕێت، نا نا(يتولى إدارة المعهد مدير عام)، تەواوە تەواو، (يتولى) کە بۆ مدیر عامەکە دەگەڕێتەوە، ئەگەر بۆ ئیدارەکە بایە ڕاست دەبوو، نەسەکەی بخوێنەوە کاک عەونی بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان.**

**بەڕێز عونی کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الماده (6)**

**يتولى إدارة المعهد مدير عام على أن يكون قاضيا من الصنف الأول يعين بقرار من مجلس الوزراء بإقتراح من وزير العدل بعد المداولة مع مجلس القضاء على أن يحتفظ بصفته القضائية.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نـا، نـا بـووە مەجلیسـی وزەرا، قـەراری مـەجلیس وزەرایـە، کـە تـۆ وەزیـری عـەدل ئیقتیراحـی کـرد لـە کۆبوونەوەی مەجلیس وزەرای ئیقرار دەکرێت، بـە تەئکیـد رەئـیس وزەرا هـین دەکات، مـەجلیس وزەرایـە، ئەو سیغەیەی کە کاك عونی خوێندییەوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بۆ ماددەی حەوت، دەیخەمە دەنگـەوە، کێ لەگەڵە دەستی بڵند کات؟ فەرموو، کێ لەگـەڵ دا نیـە؟ بـە کـۆی دەنـگ قبـوڵ کـرا، بـۆ مـاددەی هەشـت، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده هەشت بووە مادده 7، لەبەر ئەوەی مادده 3 مان ئیلغای کرد،

المادە (7)

1 - يمارس مدير عام المعهد المهام و الإختصاصات التالية:

أ - إدارة شؤون المعهد العلمية و الإدارية و المالية.

ب - تنفيذ قرارات المجلس.

ج- تمثيل المعهد أمام الهيئات الرسمية و الغير الرسمية.

د- رفع التقارير عن سير الدراسة إلى مجلس المعهد.

ه- أية إختصاصات أخرى يخوله إياه المجلس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکات و، هیچ تێبینیەکی نیە لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵە دەستی بڵند کا؟ فەرموو، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ ماددەی هەشـت کـە بۆتە حەوت قبوڵ کرا، فەرموو بۆ ماددەی 9 کە بۆتە ماددەی 8.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە (8)

يشترط في من يقبل في المعهد ما يلي:

1 - أن يكون عراقي الجنسية و متمتعا بالأهلية الكاملة.

2 - أن يجيد اللغتين الكوردية و العربية قراءة و كتابة.

3 - أن يتمتع بسمعة و سيرة حسنة و غير محكوم عليه بجناية عمدية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف و لم يسبق فصله من المعهد ما لم يكون بسبب مرض مانع ثابت بتقرير من لجنة طبية رسمية.

4 - أن تتوفر فيه شروط الجدارة و اللياقة البدنية بعد إجتيازه فحصا طبيا من قبل لجنة مختصة.

5 - أن يكون حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون من إحدى الجامعات العراقية أو الجامعات المعترف بها، على أن تكون الدراسة فيها منتظمة و أن لا يقل تقديره عن جيد.

6 - أن لا يقل عمره عن ثمانية و عشرين سنة و لا تزيد عن ثمانية و ثلاثين سنة.

7 - أن تكون له ممارسة فعلية لمدة ست سنوات في أجهزة وزارة العدل أو مجلس القضاء و المحاكم التابعة له أو ممارسة فعلية لمهنة المحاماة أو وظيفة قانونية في الدوائر و المديريات و الأقسام القانونية في الوزارات و المؤسسات الحكومية لمدة لا تقل عن ثمان سنوات على أن يكون قد ترافع عن عشر دعاوي على الأقل في السنة الواحدة وتخصم سنتين من المدتين المذكورتين بالنسبة للحاصلين على شهادة الماجستير في القانون و خمس سنوات للحاصلين على شهادة الدكتوراه في القانون سواء كانت الممارسة قبل الحصول على الشهادتين أو بعدهما.

8 - أن لا يكون حزبيا و عليه أن ينهي إرتباطه الحزبي عند التقديم إلى المعهد إن كان حزبيا.

9 - أن يجتاز إمتحانا تحريريا و شفهيا في القوانين التي يقررها مجلس المعهد.

10 -أن يجتاز المقابلة التي يجريها مجلس المعهد.

**بەڕێز عونی کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری زۆرینەی بڕگەکانی ماددەکە دەکات، بەڵام تێبینی لەسەر فەقەرەی پێنجەم هەیە و، پێشنیار دەکات کە (جید) لابچێ لە نیهایەتی جوملەکەی و، لە شەشەمیش تەمەنە 38 ەکە ببیتە 45 و، بە نیسبەت دعاوی لە جیاتی 10 دەعوا دەبیتە پێنج دەعوا و، کەم کردنەوەی ساڵەکان لە جیاتی دوو ساڵی ببێتە سێ ساڵ و، لە فەقەرەی حەفتەمیش هەروەها بەو شێوەیە بێت، چونکە لە مادده 35 ی قانونی سوڵتەی قەزائی ژمارە 23 ی 2007، بە وەزعێکی تر کرایە هەتا تەنسیقێکی هەبێ لەگەڵ ماددەی 35 ی قانونی سوڵتەی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ڕەئیەکان لیژنەی قانونی من ئیزافەیەکیش دەکەم لە فەقەرەی شەش دا، (لایقل عمره عن ثمان و عشرون سنة) محامی چۆن دەیگرێتەوە، یەعنی سیغەیەك بدۆزنەوە یان فەقەرە بەس عومرەکە تەمەنی لەوە زیاتر نەبێت، ئەوە دابنێن، چەند کەمتر بێت ئەوە تەقدیرەکە بمینێت، (على أن لا يزيد عمره عن....) فلان، ئەوە باشترە، بۆ ئەوەی هین بێت، کاك فاروق ڕەئیتان لەسەر ئەو موقتەرەحاتی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز فاروق جميل صادق-وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئیمان تەبیعی یەكەم هەتا پێنجەم ئەوە هیچ، لە شەشەم عومر پێویست ناكات حەدی ئەدنایەكەی بۆ دابنێی، عومرەكەی زیاد بكرێت، بەڵام 45 وەكو ئەوان دەڵێن زۆرە، بە ڕەئی من 40 ساڵ كیفایەتە، ئەوە یەك، لە 40 ساڵ دوو ساڵیش دەخوێنێ ، بە نیسبەت فەقەرە 7، (بأن تكون له ممارسة فعلية لمدة ست سنوات في أجهزة وزارة العدل)،ئەوە كەمە مەفرووزە هەشت ساڵ بێ، چونكە خۆی قازی و نائیب مودەعی عام كە تەعین دەبن، دەبێ 10 ساڵ خزمەتی قەزائیان هەبێ، بە پێی قانونی سوڵتەی قەزائی، تۆ لێرە شەش ساڵ مومارەسەی هەبێ، دوو ساڵیش ئەوەكەی بكات دەبێتە هەشت ساڵ، مەعنای تۆ بە هەشت ساڵ، ئەو وەختە دەتوانی حاكم یان نائیب مدير عام تەعین بكەی، ئەوە لەگەڵ قانونی سوڵتەی قەزائی تەعاروز دەكات، من پێموایە، هەر باشتریش وایە بكرێتە هەشت ساڵ، دوو ساڵیش لە مەعهەدەكە دەخوێنێ ئەوە دەبێتە 10 ساڵ، ئەو وەختە موئەهەل دەبێ بۆ ئەوەی ببێتە قازی یان نائیب مودەعی عام، بە نیسبەت حەمەلەی شەهادەی عولیا، من پێم باشە بە نیسبەت ماجستێر دوو ساڵیان بۆ حسێب بكرێ، بە نیسبەت دكتۆراش پێنج ساڵ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك سوئال دێتە پێشەوە، ئەویش بە نیسبەت محامینە، ئێمە لێرە گوتمان إعداد المحاميين، لێرەش دەڵێ (له ممارسة فعلية لمهنة المحاماة)، یەعنی ئەوە مەخسەد یەكەمجار ئەوانە بوو ئەوەی كە بتوانن محامات بكەن، لێرەش دەڵێ دەبێ مومارەسەی فیعلی هەبێت لە موحامات، دەبێ جوملەیەك ئیزافە بكەن لێرەدا مەقسەدەكە قازی بێت، فەرموو كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام پارێزەریش وەردەگیرێت دەبێ ئیستسنا بكرێت لە فەقەرەی شەش و فەقەرەی حەوت، نابێ قبوڵی پارێزەر بكرێت، چونكە محامی هەركە لە كولیە دەردەچێت، دەبێ تەقدیم بكات بۆ معهدی قەزائی، ئەگەر بیەوێت میهنەی محامات بكات، ئەوەی محامات كە هاتووە ئەبێ ممارەسەی فیعلی هەبێت، ئەوە بۆ قازیە نەك بۆ محامات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر دەبێ ڕستەیەك بنووسین (بالنسبة لتاهيل القضاة) فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ماددەی هەشتەم لە سەرەتاكەیەوە، (يشترط في من يقبل في المعهد لاعداده قاضياً او عضواً للإدعاء العام مايلي)؛ ئاوای لێبكەین ئەو كاتە محامی بۆ ئەوەمان نیە بۆ تەئهیل، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ئەشكالێكی باش حەل ئەكات، (يشترط في من يقبل في المعهد لاعداده قاضياً او او عضواً للإدعاء العام مايلي): ئەوە ئەو ئەشكالەمان لەكۆڵ ئەكاتەوە، باشە ڤیان خان تۆ قسەكەت ماوە بیكەیت، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەنیسبەت فەقەرەی چوارەوە قسەم هەیە، بەڕاستی كە ئەڵێت( ان تتوفر فيه شروط الجدارة واللياقة البدنية) (اللياقة البدنية) لێرەدا وابزانم لە شوێنی خۆی نەهاتووە، بڵێین) السلامة البدنية)، جەدارەش پێوەرەكانی چیە؟ بەڕاستی تا لێرەدا هەبێت، ئەتوانین هەر لەفەقەرەی یەك ( بالاهلية الكاملة)كە لە كۆتاییەكەی هاتووە، بڵێین( أهلية قانونية كاملة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی شەش، تەمەنی (28)ساڵ كەمە، لە (22)ساڵ لە كولیە تەخەروج دەكات، دەبێ (8)ساڵ خیبرەی هەبێت و ممارەسە بكات تا دەگاتە(30)، بۆیە پێشنیار ئەكەم بنووسرێت(30) ساڵ، هەروەها (45)كەی لیژنەی قانونیش تەئید ئەكەم، سەبارەت بەخاڵی حەوتەم، كە دەڵێت دەبێ بەلانی كەم (10) دەعوا ببینێت، لێرەدا ئەوانەی كەوا مەسئولی كاروباری یاساین لە كاروباری حكومەتدا، لە وەزارات ئەوا مەغدور ئەبن، ئەوان تاوانیان چیە.؟ ئەگەر ساڵێك ئەو وەزارەتە دەعوای نەبێت، یان (10) دەعوای نەبێت، بۆیە ئەگەر ئەو (10) دەعوایە چارەسەر بكەین یان لای ببەین یان كەمی بكەینەوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی بەرپرسی بەشی یاسایین لە وەزارەتەكان مەغدور نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە بەڕاستی حەدی ئەدنا هەبێت، بەنیسبەت قبوڵ، تەئیدی ڕەئیەكەی كاك زاناش دەكەم بەنیسبەت تەمەنەكە، چونكە ئەگەر ئێمە بمانەوێت (10)ساڵەكە قەپات بكەین بە پەیمانگای دادوەری ئەبێ تەمەنەكەی لە (30)ساڵ كەمتر نەبێت، چونكەلە(22) تەخەروج دەكات (8)ی دێتە سەر و (2)ساڵی پەیمانگاش دەكات (10)ساڵ بۆیە لێرە پێویستە (28)ەكە ببێت بە (30)، ڕەئیەكیش هەبوو لە لیژنەی قانونی حەز ئەكەم ئەوەش تەوزیح بكەم، مومكینە برادەران تەوزیحیان نەكردووە، كە وتیان (45)

زۆره، بیکەین بە (40)ساڵ، لەبەر ئەوەی تەمەنی خانەنشینی بە نیسبەت حوکامەوە (65)ساڵە، پێویستە ئەو حاکمەی کە تەئهیل ئەکرێت (25)ساڵ خزمەت بکات، بۆ ئەوەی حقوقی حکومەتیش هەدری تێدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر نوری، فەرموو

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەمیان: زمانەوانیە، (یشترط في من یقبل في المعهد مایلي):

1- ان یکون عراقي الجنسیة، 2- یجید اللغتین، 3- یتمتع بسمعة، 4- إجتیازه فحصاً طبیاً، سەبارەت بە فەقەرەی چوار، ئەوە بەڕاستی ئەو فەقەرەیە ناگونجێت، ( ان تتوفر فیه شروط الجدارة واللیاقة البدنیة) کەسێك ئەگەر هاتو بەلەش جەدارەی نەبوو، من چەندین حاکمم بینیوە لە بەریتانیا بەڕاستی لیاقەی بەدەنی نیە، (پشت کۆمە)، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی نەتوانێ بەو ئەرکە هەستێت، تەنها بووترێت( اجتیازه فحصاً طبیا من قبل (لجنة مختصة) سەبارەت بە فەقەرەی چوار، پێویست ناکات ئێمە باسی تەمەنی بچووك بکەین، لایزید عمره عن (40) سنه ئەوە کافیە، دێینەوە سەر فەقەرەی هەشت، (ان لا یکون حزبیاً وعلیه ان ینهي إرتباطه الحزبي عند تقدیمه الی المعهد إن کان حزبیاً). بەو شێوە بێت دیارە حزبایەتی وەکو بەرگێك وایە، من ئەمڕۆ لەبەری ئەکەم و سبەینێ فڕێی دەدەم، وابزانم حزبایەتی نابێت بەو شێوە تەماشا بکرێت، ئەبێ لێرەدا صیغەیەکی تری بۆ بدۆزرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارێکم لەسەر (ان یجید اللغتین الکوردیة و العربیة قراءة وکتابة). لەم وڵاتەی ئێمەدا تورکمان هەیە، ئاشوری هەیە، ئەرمەنی هەیە، کە کوردی نازانن، بۆیە بیکەین بە( الکوردیة أو العربیة) ئەوەم پێ باشترە، بۆ خاڵی چوارەمیش من تەئیدی دکتۆر نوری ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەنیسبەت فەقەرەی شەشەوە هاوڕام، لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك زاناو کاك شێروان، بەنیسبەت تەمەنەکانەوە، کە لە (30) بۆ (40) ساڵ کەمتر نەبێت، بە نیسبەت عەدەدی دەعواوە، من پێم وایە

عەدەدی دەعوا هەر لابېرێت، هیچ نسبەتێکی بۆ دانەندرێت، بۆچی؟ چونکە ئەم معهد قەزائیە، کە تەشکیل ئەکرێت ناوی خۆی بە تەئهیل و إعدادەوەیە، دوو ساڵی پڕ دیراسە ئەخوێنن، دوو ساڵ نـەزەری و تـەتبیقی ئەخوێنێت، هەندێ دەوائیر هەیە، فەرمانبەرە حقوقیەکانی تێدا مەحروم ئەبن لەم حەقەی کـە ئێمـە لـەم قانونەدا باسی لەسەر ئەکەین، هەتا هەتایە ناتوانێ تەقدیمی مەعهەدی قەزائی بکات، لەبەرئەوەی ڕەنگە لە ساڵێك و پێنج ساڵیش و لە دە ساڵیش، پێنج دەعوا نەبینێت، لەبەرئـەوە مـن بەقیاسـێکی تـەواوی دانـانێم، ئەگەر پێنج دەعوا بێت یان دە دەعـوا بێـت، لەبەرئـەوە باشـتر وایـە، هـیچ عـەدەدێکی بـۆ دانەنـدرێت، بـۆ؟ چـونکە مەعهـەد خـۆی تـەئهیلی ئـەکات، دەرسـەکانی بەنـەزەری و بـە عەمـەلیش لەبـەردەم حـاکم فێـری چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەعواکانی ئەبێت، لەبەرئەوە پێم باشـە ئـەوە بێـت بـۆ حزمـەتی ئـەو فەرمانبـەرە حقوقیانەی کەوا لە داوائیرەکانی تردا ئـیش ئەکـەن، بـەڵام بەنیسـبەت محامیـەوە ئـەوە شـتێکی تـرە، خـۆی تەحصیل حاصلە، چونکە دەعوا ئەبینێت، بەنیسبەت فەقەرەی هەشتەوە، (ان لا یکون حزبیـاً وعلیـە ان ینهي إرتباطه الحزبي عند تقديمه الى المعهد إن كان حزبياً). وەکو دکتـۆر نـوری باسـی کـرد، خـۆی مـەفروزە حاکم مستقل بێت، هەر بە موتڵەق بڵێت ((ان لا یکون حزبیاً). ئیتر پێویست ناکات( إنهاء) بێنێـت و دوایـی بگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕەشاد، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە بۆچوونەکەی جەنابت ئەکەم، بەنیسبەت ئـەو محامیانـەی کـەوا تـازە تەخـەروج ئەکـەن، ئێمـە ئـەبێ عیلاجێکـی ئـەوان بکـەین بەڕاسـتی، کەفائـەتی عیلمـی هـەر زۆر دابـەزیوە، هـەروەکو ئاشـکرایە لای هەمووتان، ئەوانە کە دێن ڕاستەوخۆ محامات ئەکەن، سـەرکەوتوو نابێـت لـەو دەورانـەی کـەوا دەکرێتـەوە، دەبێ تایبەت بێت بەو محامیە تازانە و تەئهیلیان بکەن، ئینجا ممارسەی محامات بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا کاك ڕەشاد، مولاحەزەکەی زۆر بەجێیە، باشە ئەی مەرجی قبوڵی محامی چیە؟، ئـەوە لەسـەرەتاکەوە ئەوەی مامۆستا کاکە وتی موعالەجەی ئەوەی کرد، کاك خەلیل، فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من کرا، دەربارەی خاڵی حەوتەم، بۆ مەوزوعی دەعوا، چونکە شئونی قانونی لـەدەوائیر ئـەوە شـەرت نیە، دەعوا ببینن، با ئەوانە مەحروم نەبن، یان ئەو پێنج دەعوایە تایبەت بکەین بـە محـامی یـان ئەصڵەن هەر نەمێنێت، یەعنی مەشمولی ئەوانی تری نەکەین، ئەوی تـر بڕگـەی نۆیـەم، شـەفەهیەن ئـەوە لاببـەین، چونکە موقابەلە هەیە و ئیمتیحانی تەحریری کافیە، موقابەلە بۆ باسـی شـروتی شـکلیە بـۆ عاهـات و ئـەو

شتانەیە، تەحریریش ئەوە ئیمتیحانە، شەفەهی ئەوە مومکینە ،یەعنی لەوێ حەیف و مەیلێکی زۆر دروست دەکەیت، هەر قازیەك ئەتوانێت ئیمتیحانی شەفەهی پرسیاری وا قورس بکات کەس لێی دەرنەچێت، یەعنی ئەوە متروکە بۆ میزاجی ئەوانەی کە ئیمتیحانیان دەکەن، لەوێ قابیلە بۆ زوڵم، ئەوە شەفەهیەن من لەگەڵی نیم کە لەوێ بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر دلێر، فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە فەقەرەی یەك و دوو زیادە، چونکە لەفەقەرەکانی تردا ئەتواندرێت ئەوە جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی نۆ و دە، جگە لەوە لەفەقەرەی پێنجدا باس لە شهادە ئەکات، (أن یکون حاصلاً علی شهادة بکالوریوس في القانون من إحدی الجامعات العراقیة أو الجامعات المعترف بها.... الی اخره) ئەمە پێویست بەو هەموو شتە ناکات، هەر تەنها(أن یکون حاصلاً علی شهادة بکالوریوس في القانون من إحدي الجامعات العراقیة أو مایعادلها)، ئەوە کیفایەتە ئیتر ئەوی تر تەفاصیلێکی زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە بۆچوونی لیژنەی قانونی ئەکەم، بۆ حەدی ئەعلا بەتایبەتی تەمەن بکرێت بە (45)ساڵ، بەڵام ئەوەی کاك زانا پێشنیاری کردو کاك شێروان و کاك عومەریش پێم وابێ پشتگیریان لێکرد، کە حەدی ئەدنا لە (28)ساڵ بکرێت بە(30)ساڵ بەڕاستی ئەو پێشنیارە ڕەنگە نەگونجێت لەگەڵ یاساکانی تر، بەتایبەتی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە ماددەی (35) فەقەرەی (3)کە دەڵێت( شروتی دادوەر دەبێ تەمەنی (30) ساڵ بێت)، لێرەدا ئەگەر ئەصڵی پرۆژەکە (28)ساڵ بێت، دوو ساڵێش خوێندنە ئەو کاتە دەکاتە(30) ساڵ، ئەگەر بیکەین بە (30)ساڵ دوو ساڵ خوێندن ئەکاتە (32)ساڵ لێرەدا ناکۆکی دروست ئەبێت لەنێوان هەردوو یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا ئەوە قسەکانت تەواو بوو، بەڵام بەڕاستی ئەگەر ئیجازەتان هەبێت، یەکەم: لیاقەی بەدەنی ڕەنگە زیاد بێت، مادام فەحصی توبی هەبێت، دوو: فەقەرەی شەشەم ئەگەر سەبرتان هەبێت هەمووی بەیەکەوە ئەڵێم چونکە دوورو درێژە، فەقەرەی شەش بێت بە( ان لایزید عمره عن(40) عاماً) لێرە بەجێی بهێڵن، فەقەرەی هەشت زیادە، (ان لایکون حزبیاً) چونکە لێرە شەرتێك هەیە، نابێ قازی حزبی بێت، لێرە بۆ قازی، بۆ ادعای عام نابێ حزبی بێت، بۆیە لێرەدا زیاد هاتووە، لە قبوڵکردنی معهد موجەرەد قبوڵی

دەكەیت پێویست ناكات ئەو مەرجە هەبێت بۆ قبوڵكردن، چونكە كە بوو بە قازی یان بە إدعای عام ئەو وەختە شەرتەكە لەوێ ئەبێت، بۆیە با فەقەرەی هەشت شەتب بكرێت، نۆیەم( ان یجتاز إمتحاناً تحریریاً و شفهیاً) ئەوەش شتێكی ئاساییە، بەڵام لێرەدا شتێك دێتە ئاراوە، كە پێویستە بیكەین بۆ ئەوە فەرق بێت لەبەینی ئیعدادی قازی و إدعای عام و محامی، من ئیقتراح دەكەم ماددەی هەشتەم، (یشترط في من یقبل في المعهد مایلي) اولاً: یەك، دوو، سێ، ئەوانەی كە وتمان، ثانیاً: فیما یتعلق في قبول القضاه و اعضاء الإدعاء العام اضافة الی الفقرات الواردة یشترط: 1- ان لایقل عمره عن (30) عاماً، 2- ان تكون له ممارسة فعلیة لمدة (6)سنوات في أجهزة وزارة العدل أو مجلس القضاء والمحاكم التابعة له أو ممارسة .... الی اخره) ئەو وەختە قبوڵی قازی ئەكات یەكێكیان لە (30)ساڵ كەمتر نەبێت بۆ ئەوەی (10)ساڵ خزمەتی هەبێت، دووەمیش: ئەو ممارسه فعلیه كەباسی ئەكەن ئەوان بگرێتەوە نەك فەرمانبەر و محامی بگرێتەوە، واتە سێ شەرتەكە لەیەكەمدا شامله بۆ هەمووان، دوو شەرتەكەش لە دووەمدا شامله بۆ قازی و ئیدعای عام، بەو شێوە نەبێت موعالەجەكە نابێت، بۆیە ئەگەر ئیجازەم بدەنێ یەكەم شت من فەقەرەی هەشت دەخەمە دەنگەوە بۆ ئەوەی شەتب بكرێت، برادەرانیش داوایان كرد، كە گوایە زیادەیە لێرەدا، ( ان لایكون حزبیاً) كێی لەگەڵدایە ئەو فەقەرەیە شەتب بكرێت؟ تكایە بادەستی بڵند بكات؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ باشە ئەوە شەتب كرا، دووش: فەقەرە شەشەم لەجیاتی ( ان لایقل عمره عن (30) عاماً) بكرێت بە (ان لایزید عمره عن (40) عاماً) كاكە ئەوەی تر وتمان لە دوو، سێ قانونی تردا هاتووە، كە نابێت قازی حزبی بێت، مدعی عام نابێ حزبی بێت، بەس لێرە تۆ قبوڵی بكەیت فەقەت لە معهد ئەوە ناكرێت كەی بوو بە قازی یان بە مدعی عام، ئەو وەختە ئەبێ ئیستیقالە بكات، نەك تۆ وەكو قوتابیەك قبوڵی بكەیت، كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرەدا زۆر باش هاتووە، ئەگەر ئیجازە بدەن، ئەوەی كە دەچێتە معهد قەزائی پێشەكی ئەبێ بزانێ كە حزبیەت لەو دەقەیەوە نەماوە، بەو شێوەیە لە معهدەكە وەردەگیرێت، نەك بچێتە معهد و دوایی بڵێت وەڵڵا من حزبی نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عەفووم دەكەی كاك شێروان، ئەوەی كە دەبێت بە ئەندام لەو معهدە یەكێكی شارەزایە لە قەوانین، ئەزانن لە قانونی قەزادا هاتووە، كە نابێ حاكم حزبی بێت، لە قانونی إدعای عام هاتووە نابێ مدعی عام حزبی بێت، یەعنی ئەوە ئۆتۆماتیكیە پێویست ناكات، تۆ كەسێكی غەریب ناهێنی، یەكێك دێنی و وەریدەگری لەو پەیمانگایەدا، شارەزایە لە قەوانین، پێشتر ئەزانێت كە ئەو دەبێت بەقازی و پاش ئەو پەیمانگایە نابێ حزبی بێت، یەعنی ئەوە ئۆتۆماتیكیە فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی قانونی کە پڕۆژەکە هات ئێمە موناقەشەیەکی تێروتەسەلی ئەو ماددەمان کرد، بەتایبەتی ماددەی (35)ی قانونی سوڵتەی قەزایی کە هێنامە گۆڕێ، ئەو مەرجانەی کەوا لێرەدا هاتووە، هەمان شت لەوێش هاتووە، ئەگەر پێتان باشە بیخوێنمەوە هەتا ئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لە وەزعەکە هەبێت ئینجا موناقەشەی بکەن، نەك قانونەکە بە وەزعێکی تر بڕوات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی چی کاك عونی عەفووم دەکەی، پێویست ناکات، چونکە ئێمە دەنگمان بۆ داوە، بەڵام تەئکید بۆ ئەوەی کە ئەو دەنگدانە ڕاست بوو، دەڵێت( ان لایکون حزبیاً وعلیه ان ینهي إرتباطه الحزبي عند تقدیمه الی المعهد). باشە ئەگەر سافت بوو، دەرنەچوو، کاتێ کە دەگەڕێتەوە حزبیەکەشی لەدەست چووە، و نەبووە بەقازیش، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق( وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پەیمانگایە بەس تایبەت نیە بە قازی و مدعی عام، تا تۆ ئەو مەرجە فەرز بکەی، چونکە سبەی ڕۆژ تۆ دەورەیەك بۆ تەقویە دەکەیتەوە کەسانێك دێن، وەك مودیری ناحیە، محقق عدلی، کاتب عدلی، باشە بۆ ئەوەی لەسەری فەرز بکەی کە حزبی نەبێت، کەیفی خۆیەتی کە حزبیە، بەس حزبایەتی بۆ ئەوە هاتووە مدعی عام و بۆ حاکم، ئەوەش قانونی سوڵتەی قەزائی و قانونی ادعای عام حەسمی کردووە ئەو مەسەلەیە، یەعنی شتێکی زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بیرت خستمەوە کە ئەوەی دەنگمان بۆ دا، فیعلەن ڕاستە، چونکە تۆ محامیش تەئیدی دەکەی، محامیت دێیت ئیعدادی دەکەی، کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەنگمان بۆ نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئیلغای فەقەرەی هەشت، برا دەنگمان بۆ داوە، باشە جارێکی تر دەیخەمە دەنگەوە، تەئکیدیشم دەنگمان بۆ داوە، ئەو فەقەرەیە کە دەڵێت ( ان لایکون حزبیاً وعلیه ان ینهي إرتباطه الحزبي عند تقدیمه الی المعهد إذا کان حزبیاً) لەگەڵ ئەو شەرحانەی کە من کردم، ئەوانەشی کە جەنابی وەزیر کردی، باشە ئێستا نیصابمان نیە، باشە جەنابی وەزیر هەتا نیصاب دەبێت، ئەو فەقەرەیە بۆ ئەوەی وازح بێت، هەندێ مەرج

هەیـە، تـەنها محامی دەگرێتـەوە، هەنـدێکی تـر قـازی دەگرێتـەوە، بـەو شـێوەیە تەفسـیر بکرێـت، مـەرجی قبوڵکردنی لە پەیمانگادا، یەکەم: ئەو شەش مەرجەی کە باسمان کرد، دووەم: بەنیسـبەت قـازی مـدعی عـام دوو مەرجی تریش هەیە، یەکێکیان: تەمـەنیان، کـە دەبـێ لـە (30) سـاڵ کـەمتر نـەبێت، دووەم: ممارسـەی فعلی هەبێت، بۆ (6)ساڵ لە وەزارەتی عەدل، یان مجلسی قەزا، یان محاکم، ئەوە لە خاڵی حەوتەم نووسراوە بخرێتە ئەوێ، بەو شێوەی لێ بێت، تۆ ڕەئیت چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق( وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەصنیفەکە زۆر باشە، بەس مەسەلەی تەمەنەکە، وەختی خۆی لە قانونی سوڵتەی قەزائی ئەوەمان ئیسارە کرد، من پێم وایە حەدی ئەدنا تەحصیل حاصلە، پێویست ناکات دابندرێت، یەعنی کە تەخەروج دەکات لە (22) ساڵی دەبێت کە (10)ساڵیش خزمەتی هەیە، ئەوە شتێکی زیـادە ئێـوە تەقیـدی دەکـەن و موناقەشـە دەکەن لەسـەر (25) و(28)سـاڵی، ئـەوە هـیچ پێویسـت ناکـات حـەدی ئـەدنای هـەبێت، حـەدی ئەعلاکـەش بیکەن بە (40)ساڵ زۆر زۆر شتێکی چاکە، بەس من بەنیسبەت فەقەرەی حەوتـەم، مولاحـەزەم هەیـە، کـە دەڵێـت (ان تکـون لـە ممارسـة فعلیـة لـمدة (6)سـنوات) ئـەو (6) سـاڵە، دەبـێ بکرێـت بـە (8) سـاڵ، چـونکە لەبەرئەوەی قانونی سوڵتەی قەزائی (10)ساڵی داناوە بۆ حاکم و نائب مدعی عام، ئینجا بۆیە بـۆ حـاکم و نائب مدعی عام دەبێ ئەو ممارسە فعلیە ببێت بە (8)ساڵ لەباتی (6)ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا وابزانم، ئەگەر بێت و مـادام وای لێهات، ئـەو ماددەیـە پێویسـت بـە ئیعـادەی صیاغە دەکاتـەوە، ئێستا نیصاب هەیە، کەواتە جارێکی تر فەقەرەی هەشـت شـەرح دەکەمـەوە، بـۆ ئـەوەی بیخەینـە دەنگـەوە، فەقەرەی هەشت دەڵێت ( ان لایکون حزبیاً وعلیه ان ینهي إرتباطـه الحزبـي عنـد تقدیمـه الی المعهد إذا کـان حزبیاً) ئەوە وتمان ئەو فەقەرەیە زیادە لێرەدا، لەبەرئەوەی لە قانونی مەجلسی قەزادا هـاتووە، لـە قـانونی إدعای عام هاتووە ئەوانە نابێ حزبی بـن، بێجگـە لـەوەش ئـەو پەیمانگایـە محـامی قبـوڵ دەکـات بـۆ ئیعـداد کردنی محامیەکە، کـە محـامی تـازە تەخـەروج دەکـات پـەیمانگای بـۆ دەکاتـەوە کـە لەوانەیـە پێویسـت بـەوە نەکات، جەنابی وەزیـریش تەئیـدی ئـەو موقتەرەحـەی کـرد کـە شـەتب بکرێـت، بـەڵام برادەرانـی تـر کـاک شێروان و چەند برادەرێکی تریش دەڵێن پێویستە هـەبێت لێـرەدا، مـن موقتـەرەحی تـازە کـە ئـەوە شـەتب بکرێـت، دەیخەمـە دەنگـەوە کێـی لەگەڵدایـە بادەسـتی بڵنـد بکـات تکایـە؟، دەیـژمێرین 19. فـەرموون کێـی لەگەڵدا نیە؟ باشە زۆرینەیـە، بۆیـە دەمێنێتـەوە، ئـەوە ڕۆیشـت بـەس محـامی وامـان هەیـە داخـڵ نابێـت و دەگەڕێتەوە، بۆ حزبایەتیەکەی لەدەست بچێت، بەهەرحاڵ ئەو ماددەیە بەوەی کـە فەقـەرەی هەشـت ئیلغـا کرا، ئەگەر بێت ودوای بخـەین بـۆ ئـەوەی ئیعـادەی صیاغەی بکەنـەوە، بـە وەرگـرتنی ئـەو مولاحەزاتانـەی کەجەنابی وەزیریش هەیبوو، لەگەڵ خۆشی دابنیشن، ڕەنگە ئەمڕۆ تەواوی نەکـەین، چـونکە پێویسـتی بـە ئیعادەی صیاغە دەبێت، بۆ ئەوەی فەصڵ بکرێت ئەوانەی کە قازی و ئەندامی إدعای عامن، لەگەڵ محامی و

**فەرمانبەر، مەرجەکانیان جیاوازە، ئیعادەی صیاغەی بکەنەوە جارێکی تر تەقدیمی بکەنەوە، ئێستا بڕۆن بۆ ماددەی دە کە بووە بە ماددەی نۆیەم، کاک ڕەشاد نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**موعالەجەی محامیە تازەکان نەکرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ماددەکە ئیعادەی صیاغەی دەکەنەوە، تۆ مولاحەزەکەی خۆتیان پێ بڵێ، ڕاست دەکەیت، فەرموون بۆ ماددەی دوایی.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة:**

**يحدد عدد المقبولين سنوياً لأعدادهم كقضاة و أعضاء إدعاء عام على أساس خطط مجلس القضاء و وزارة العدل.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە؟ سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو ماددەیە هیچ خیلافی لەسەر نیە، بۆیە دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ ئەوەش قبوڵکرا، بۆ ماددەی یازدەم کە بووە بە ماددەی دەیەم.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة العاشرة:**

**أولاً: يمنح الموظف المقبول في المعهد إجازة دراسية أمدها سنتان براتب تام مع المخصصات.**

**ثانياً: يمنح المحامي المقبول في المعهد مخصصات شهرية تعادل ما يستحقه أقرانه في الوظيفة من الراتب والمخصصات حسب سنوات الخدمة والشهادة.**

**ثالثاً: يلزم كل من يفصل من المعهد، لأي سبب كان، بإعادة جميع ما أستوفاه من رواتب و مخصصات، ألا إذا كان ذلك بسبب مرض مانع ثابت بتقرير من لجنة طبية رسمية.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بێجگە لە گۆڕینی کەلیمەی (ماأستوفاه) بەکەلیمەی (ماقبضه) لەفەقەرەی سێیەمی ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(ماقبضه) ئەوە ڕاستە، دیارە کەسیش قسەی لەسەر نیە؟ بۆیە دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دوازدەم کە دەبێتە ماددەی یازدەم.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

أولاً: تكون مدة الدراسة في المعهد لإعداد القضاة و أعضاء الادعاء العام سنتان تقويميتان.

ثانياً: تخصص مائة درجة لكل مادة من المواد التي تدرس في المعهد، و للبحث الذي يجب على الطلبة تقديمه.

ثالثاً: تكون درجة النجاح الصغرى لكل مادة وللبحث خمسين من المائة(50٪)، على ان لايقل المعدل العام لجميع المواد والبحث عن ستين من المائة(60٪).

رابعاً: تخصص خمسون من المائة(50٪)من الدرجة لكل من مادتي المرافعات المدنية وأصول المحاكمات الجزائية للأمتحان التحريري، وخمسون من المائة (50٪) لتقييم الطالب خلال السنة.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەمان لەگەڵ دەقی ماددەکەیەو هیچ تێبینی لەسەر نیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی کە قسەیان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، فەرموو دکتۆرە شکریە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەنیسبەت خاڵی چوارەمەوە قسەم هەیە، کە تەخصیصی (50) دەرەجە کراوە بۆ حاڵەتی ئیمتیحانی تەحریری لەو دوو ماددەیە، هەروەها (50) دەرەجەی تریش بۆ تەقیمی قوتابی، ئێمە لە پەیمانگاو لە زانکۆشدا، (60) دەرەجە دائەنێین بۆ تەحریری و(40) دەرەجەش بۆ تەقیمی قوتابی، لەبەرئەوە من پێشنیاز ئەکەم، ئەو (50) دەرەجەیە بکرێت بە(60) دەرەجە، (50)کەی تریشی زۆرە بکرێت بە(40)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵناز خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من بەس بڕگەی یەکەمی لێرە بمێنێتەوە، کە ماوەی دوو ساڵ بێت، ئەگینا ئەوی تری ئیشی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی پەیمانگاکەیە، ئەم دەرەجە دانانە ئیشی ئێرە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا دوو ساڵی تەقویمی لێرەدا غەڵەتە ،مەفروز وایە دوو ساڵی دیراسی بێت، چونکە ئەگەر وابێت ئەبێ پشوویان نەبێت، لەڕووی دیراسیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی تکایە ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرسیارەکانی دکتۆرە شوکریە، ئەوە ئەندامانی پەرلەمان ئەتوانن بڕیاری پێ بدەن، گوڵناز خان وابزانم تەئیدی کرد، بەنیسبەت پێشنیاری دکتۆر دلێر، لێرە لە پەیمانگا، پشوو نیە، دەوامەکە بەردەوامە، بۆیە بە عیبارەی سەنە تەقویمیە هاتووە نەك سەنەی دیراسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت هەیە لەسەر ئەو مولاحەزاتانەی کەوا درا، گوڵناز خان هی تۆ چی بوو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عەونی لە پرسیارەکەی من نەگەیشت، من دەڵێم ئەمە ئیشی ئێرە نیە، با ئەمە شەتب بکرێت و لابرێت، ئەمە ئیشی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی پەیمانگاکەیە، نەك لێرە دەرەجات دابندرێت، هەر لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەکانی پێشوو ئیشارەتمان بەوە داوە، لێرە ئەو ماددەیە وجودی زۆر پێویستە، چونکە تەقیمێکی باش ئەکرێت، ئینجا بڕیاری لەسەر ئەدرێت، نەك بە وەزعێکی غەیر ئیعتیادی بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی ئەوەی دکتۆرە شوکریە چی بوو، فەرموو جارێکی تر تەرحی بکەرەوە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەهەموو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، حەتا لە عێراقیشدا لە هەموو پەیمانگاکانیشدا، دەرەجەی تەحریری (60) دەرەجەیە، ئەوی تریش (40) دەرەجەیە، ئینجا بۆ ئەم پەیمانگایە، بکرێت بە (60) لەگەڵ (40)، ئەوەش تەحصیل حاصل ئەبێتەوە بە (100) لەخاڵی چوارەمدا، هەرواش ڕۆشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەوە مەعقولە، بەس من نازانم لەقانوندا جێگای ئەبێتەوە؟ سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئاگاداریتان ئێستا موعەدەلی دەرچوون لە هیچ جێگایەکی دونیادا پەنجای خشت نەماوە، جا لەبەر ئەوە ئەبێ حسابی خۆتان بکەن، هەندێ شوێن هەیە (56) دائەنێت، هەندێ شوێنی تر (55) دائەنێت، وا خەریکە لە هەندێ شوێنی تر ئەگاتە (60) یەعنی ئەو کەسە (60) نەهێنێت لە (100) بەدەرچوو حساب نیە، ئیتر یان ئەوەتا ئێمە ئەبێ هەنگاوێك بەرەو ئەوە بنێین، یان ئەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، لەدونیادا وایە، نیسبەتی دەرەجەی دەرچوون بەرزبووەتەوە لەدونیادا، پەنجا خشتەکەی جارانی ئێمە نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت لەسەر ئەو موقتەرەحە چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق( وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەئیدی ڕەئی سۆزان خان دەکەم، موعەدەلەکە ببێت بە (60) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا فەقەرەی چوار رابعاً: تخصص خمسون من المائة(50٪)من الدرجة لكل من مادتي المرافعات المدنية وأصول المحاكمات الجزائية للأمتحان التحريري. خمسون من المادة معها لتقيم الطالب) ئەو خەمسون بیلمائە مەبەستت ئەوەیە ببێتە چل؟ کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل (وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی تەقیمەکە من پێم وایە بە میزاجی شەخسی دەگۆڕێت زیاتر، من پێم وایە ئەوە ئیقتراحێکی چاکە بکرێتە چل، ئەوەی تریش بکرێتە شەست، واباشترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەوەی فەقـەرەی چـوارەم لەسـەر موقتـەرەحی د.شـکریە لەلایـەن جـەنابی وەزیریشـەوە پشـتگیری لێ کـرا، (تخصص ستون فی المائة من الدرجة لكل من مادتي المرافعات المدنيـة واصول المحاكمـات الجزائيـة للامتحان التحريری واربعون فی المائة لتقيـم الطالـب خـلال السـنة) بـەو گۆڕانکاریـە دەیخەمـە دەنگـەوە، سـۆزان خـان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەی من وەزیر پشتگیری کرد لەسەر سێیەم بوو( تكون درجـة النجـاح الصغری لكـل مـادة وللبحـث خمسـين بالمائة) ئێمە و جەنابیشی پشتیوانی لە ئیقتراحەکەی من کرد کە دەرەجەی دەرچوون دەبێت شەسـت بێـت، (درجه النجاح الصغری)، د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی خۆشم چەندین ساڵ لە لیژنەی ئیمتیحانی دا بـووم، هـەتا هـی دکتـۆرا و ماجسـتێریش، خـاڵی سێیەم زۆر جوان هاتووە ئەو تەڵەبەیەی لەوێیە دەرەجەی 50 بێت یەعنی دەرچوونە، بەڵام خاڵی چوارەم وا تەقسیم بووە لە هەموو عـیراق دا شەسـت بـۆ تەحریریـە بـۆ هـەموو ماددەکـان ئـەوە چـلەی تـریش یـان تەقیمە یان شەفەویە، ئاخر دووانە یەکەم زۆر جوان هاتووە، نسبەی نەجاحە، ئەو تەڵەبەیە 50ی وەرگرت یەعنی ناجحە، 40ی وەرگرت ڕاسبە، 45ی وەرگرت راسبە......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با نەکەوینە ئەو هەڵەیەوە، تەنها دوو ماددەیە ئەویش ماددەی (مرافعات المدنيه واصول المحاكمـات الجزائيـه لامتحان التحريری) تەنها دوو مادده ئەوە ئەگرێتەوە، بەڵام لە سـێیەم دا (درجـه النجـاح الصـغری) ئەوەیـە کە وەزیریش پشتگیری لێی کرد کە دەرەجەی دەرچوون نابێت لە شەست کەم تر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو دوو ماددەیە ئەساسی مەعاهدەکەیە ئەسڵەن! کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی تێی گەیشتم مەسەلەی نەجاحەکە 50یە، بەڵام موعەدەلەکە شەستە، هی هەموو ماددەکان، پێم وایە لە جێگای خۆی هاتووە، لە هیچ دەرسێك نابێت لە 50 کەمتر بێت، عمومی دەرەجاتەکانیش لە 60 کەمتر نەبێت، ئەوەی 40 و 60 کەش من لەگەڵ دکتۆرە شکریەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر پشتگیری موفقتەرەحی سۆزان خان دەکەی دەبێ بیخەینە دەنگدانەوە؟ ئەگەر سەحبیشی دەکەی ئەوە شتێکی ترە؟ کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل (وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موعەدەل 60 بێت لە نەسەکەش وایە، بەڵام بە نیسبەت ئەوەی تر من پێم باشە 60 لەسەر تەحریریەکە بێت 40 لەسەر شەفەهیەکە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا ئێمە فەقەرەی 3 باش هاتووە دەرەجەی سوغرا 50یە، بەڵام موعەدەلەکەش 60 ئەوە هیچ، چوارەم بگۆڕدرێت گوتمان ببێتە 60 بۆ تەحریری 40یش بۆ تەقیم، ماددەکە بەو گۆڕانکاریەی لە فەقەرەی 4 دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی 13 کە بووەتە 12، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشر:

يفصل من المعهد كل من تغيب عن حضور عشرين ساعة فی كل فصل دراسی الا اذا كان التغيب ناشئا عن مرض مانع ثابت بتقرير من لجنة طبية مختصة يقبله مجلس المعهد فيجوز له اعادة السنة مع الدورة التالية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو ئەوەی کە لە حکومەتەوە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە خیلافێکی هەیە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من خیلافەکەم هەر ئەوەیە لە ماددەی 12 باس لە سەنەی دیراسی کراوە، لێرە باس لە 20 سەعات لە فەسڵی دیراسی کراوە، پێ دەچێت دیراسە لە مەعهەد سەنەی دیراسیە نەك فەسڵی دیراسی، ئەوە بکەنە سەنەی دیراسی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو 20 سەعاتە ئایا فەسڵی دیراسی چەندە؟3 مانگە یان 6 مانگە؟ چونکە هەیە 6 مانگە، هەیە ساڵێکە، جا لێرە دیار نیە ئەو 20 سەعاتە نیسبەتی ماددەکان چەندە، ئەوەی کەوا غائیبە چەندە حەزدەکەم وەزیر بۆمان ڕوون بکاتەوە، چونکە ئەگەر 2 سەعات بێت، کە هەفتەی لە جامیعات 12 سەعات دەخوێندرێت، هەندێك کولیە هەفتەی 18 سەعات دەخوێنێت، هەندێکی تریش هەیە 15 سەعات دەخوێنێت، لێرە ئەم 20 سەعاتە نازانین هی چەند ماددەیە! فەسڵەکە چەندە!؟ جا بۆیە حەزدەکەم وەزیر ڕوونی بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تێبینیم لەسەر ئەوەیە کە هەموو شتەکان لەسەر نەخۆشیە، ئەگەر نەخۆشی هەبێت فەسڵ ناکرێت، لە ماددەی پێشووتریش هەر باسی ئەوەمان کرد، ئینسان زۆر جار هەیە کە بۆ نموونە تەڵەبەیەك شەرت نیە بە هۆی نەخۆشیەوە، کێشەکی کۆمەڵایەتی هەیە، کارەساتێکی سروشتیە، کێشەیەکە کە بۆ نموونە موخالەفەیەکە، دەعمێکی سەیارە دەکات، کەسێك تەنازولی لێ نەکات تەوقیف دەکرێت، یەعنی ئەمانە ناکرێت تەنها لە نەخۆشی دا حەسری بکەینەوە، یەعنی حەقە کۆمەڵێك ئەسبابی تر هەیە کە ئینسان ئیرادەی خۆی نیە وای لێ دەکات ئەو تەڵەبەیە دەوام نەکات فەترەیەك، تەنها نەخۆشی نەکەینە سەبەبی فەسڵ نەکردنی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شکریە نوقتەی نیزامی چیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئایا لە مەعهەد دا سەنەویە یان فەسڵیە؟ چونكە ئێمە لە هینی وەزارەی خوێندنی باڵا دووانمان داناوە فەسڵیشمان هەیە و سەنەویشمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نەبوو، شتێكت لەبیر چووە، جەنابی وەزیر فەرموو مولاحەزەكانت.

**بەڕێز فاروق جمیل (وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئەو 20 سەعاتەی تەبیعی ئەو مەشروعەی كە داندراوە، وەختی خۆی دیوانی تەدوینی قانونی هەبوو ئەوان مەشروعەكەیان داناوە بە تەنسیق لەگەڵ حوكام و شتی وا، من نازانم مەبەستی چیە بزەبت، بەڵام بە پێی نەسەكە فەسڵی دیراسی هەیە، مانای وایە دێت 20 سەعات ئەگەر لە فەسڵی دیراسی ئەوجا ئەگەر 4 مانگە یان 6 مانگە ئەوە مەجلسی مەعهەدەكە ئەوەی دەكات، بەڵام لەهەر فەسڵێك بە هەموو دەرسەكانەوە ئەگەر لە 20 سەعات زیاتر غائیب بوو مانای وایە دەبێت شمولی بكات نەسە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم پێشنیارەكەی كاك عادل پێشنیارێكی باشە، فیعلەن شەرت نیە ئیللا ئێمە حەسری بكەین بە نەخۆش بوون، حادیسەیەكە بۆ ئینسان ڕوودەدات وادەكات بەینێك لە مەعهەد دوور بكەوێتەوە، بۆ ببێتە سەبەب بۆ فەسڵ كردنی، پێشنیار دەكەین ئەو كەلیمەیە بگۆڕێت بە (بدون عذر شرعی).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە شوێنێك دا بیكەنە (والاسباب القاهرە)، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل (وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو مەسەلەیە زۆر تەوەسوعی تێدا نەكرێت باشترە، ئەوە باسی ئەوە دەكات كە نەخۆشی یان حادسە، حادسەش ئەگەر خوانەخواستە سەیارەیەك لێی بدات ئەوەش هەمان شتە، یەعنی ئەوە نیە كە شمولی نەكات، شمولی دەكات، خۆ كەسێك دەمرێت مانای ئەوە نیە، خراپە بەرەئی من ئەگەر ئەوە تەوەسوعی تێدا بكرێت، چونكە لە ئیجتهادات ئەوە دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەی ئەوەی كە دەڵێت (كل فصل دراسی) یان (كل سنە دراسیە)؟ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەسڵی دیراسی لەناو قانونەکە تەحدید نەکراوە، تەحدید کردنی فەسڵی دیراسی بە قەناعەتی من لە زمنی دەسەڵاتی مەجلسی مەعهەدە کە خۆیان تەحدیدی فەسڵەکە دەکەن، ئەمە یەك، دووەم: بە نیسبەت ئەسڵی قانونەکە بە قەناعەتی من زۆر زۆر باش هاتووە بە نیسبەت مەسائیلی نەخۆشی، وەمانای ئەوەش نیە کە یەکێك لە مەعهەد بوو ئیجازاتی پێ نەدرێت، یان ئەگەر عوزرێکی هەبوو ئیجازەی پێ نەدرێت، ئەوانە زۆر شتی تەبیعین لەگەڵ مەجلسی مەعهەد تەوەسوعی پێ نەکرێت لە قانونەکە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی ئەگەر پشتگیریەکەت بۆ موقتەرەحەکەی کاك عادل بەردەوامە دەبێ بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موشاوەرەمان کرد، پشتگیری موقتەرەحەکەی کاك عادل دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل موقتەرەحێکی کردووە و لیژنەی یاسایی پشتگیریشی لێ دەکات، ئەو فەقەرەیە تەنها بۆ نەخۆشی نەبێت بۆ غیابەکە، یەعنی تەغەیوبەکە ( لاسباب ناشئا عن مرض ثابت بتقریر من اللجنة الطبیة المختصة، یقبله مجلس المعهد او لاسباب اخری قاهرة) ئەو موقتەرەحەی کاك عادل و بە پشتگیری کردنی لیژنەی یاسایی دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ زۆرینە لەگەڵ ئەوەن کە ئەو (لاسباب اخری قاهرة) ئیزافە بکرێت، تەبعەن لە هەموو حاڵەتێك مەجلسەکە قەرار دەدات ئەو ئەسبابە قاهیرەیە یان نا، ماددەکە پاش ئەو گۆڕینە دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، بە زۆرینە قبوڵ کرا، بۆ ماددەی 14 کە بووەتە ماددەی 13، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة ثالثة عشر:

اولآ: یعتبر مقبل في النتیجة النهائیة لکل سنة دراسیة من:

أ ـ لم یحصل علی درجة النجاح فی مادة واحدة لکل فصل دراسی او البحث الواجب تقدمه او کان معدله العام اقل من ستین من المائة للسنة الدراسیة.

ب ـ تخلف عن الامتحان النهائی الدور الاول بسبب مرض مانع ثابت بتقریر من اللجنة الطبیة الرسمیة یقبله مجلس المعهد.

ثانیا: للمکمل فی المعدل العام ان یختار مادة واحدة واکثر للامتحان فیها لغرض الحصول علی درجة النجاح فی المجموع.

ثالثا: يمتحن المكمل فى الفصل الدراسى فى احدى المواد الدراسية التطبيقية تحريريا فى الامتحان مكملين، ويبقى تقيم الفصل له قائما.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری لەو ماددەیە دەكەین بە تەواوی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاتم فەرمووو.

**بەڕێز حاتم محمد جان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا لێرە لە بڕگەی (ب)ی ماددەی 13 وابزانم دووبارە بۆتەوە كە كاك عادل و لیژنەی یاسایی جاری پێشوو گۆڕیان، لە ماددەی پێشوو (تخلف عن الامتحان النهائى الدور الاول بسبب مرض مانع ثابت بتقرير من اللجنة الطبية الرسمية يقبله مجلس المعهد) ئەوە بە حەقیقەت سیاغەكەی بگۆڕدرێت باشە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پرسیارێكم لە جەنابی وەزیر و لیژنەی یاسایی هەیە، ئەو ماددەیە هەموو دەسەڵاتی مەجلس نیە، لێرە بۆ دەقی قانونی بۆ دەنووسرێت؟ ئەو ماددەیە هەمووی دەسەڵاتی مەجلسە بە نیزام دەتوانێت بۆی دابنێی، كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر مولاحەزە بكەین، ماددەكان یەك مەربوتی یەكە، یەكێك باسی فەسڵ دەكات، ماددەی تر باسی ئیكمال دەكات، ماددەی ئەخیری باسی راسب بوون دەكات، واتە موتەكاملە ناتوانین یەكێك بەجێ بێڵین و ئەوەی تر ئیهمال بكەین، یان حەزفی بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كرخی فەرمووو.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەلەو من لە مەوادەكانی پێشتر بەشداریم نەكرد، بەڵام لە ماددەكانی پێشتر و لەو ماددەیەش زۆر بە وردی چووەتە ناو بابەتەكانەوە، بەڕاستی ئەوە ئیشی یاسایەكە نیە، یەعنی كە تۆ باسی فەسڵ دەكەی، چەند حاڵەتێكت داناوە، ئەگەر فەسڵ هەبوو بێجگە لەو حاڵەتانە، كەواتە بەڕاستی ئەو مەجلسەت بەستا، ناتوانێ

فەسڵی بکات، ئەگەر حاڵەتێکی تر هەبوو پێویستی بە فەسڵ کردن هەبوو، لێرە من پێم وایە ئەو مەسائیلانە دەبێت بدرێتە مەجلسی کولیەکە یان مەجلسی مەعهەدەکە، یەعنی ناکرێت ئێمە هەموو شتێکیان بۆتەحدید بکەین، ئەگەر حاڵەتێك لە خارجی ئەو شتەی هەبێت کە ئێمە لێرە بە یاسا دامان ناوە چۆن موعالەجەی دەکەن؟ بۆیە پێم وایە ئەوە هەمووی هەڵبگیردرێت و خۆی تەحسیلْ حاسڵیشە، یەعنی کا دەرەجەکانیش؟ من پێم وایە قاعیدەیەکی عام هەیە لەسەر دەرەجەکان، ئەوەش هەڵبگیردرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وردەکارەیەی کە لە قانونەکە دا هاتووە لە جێی خۆیەتی، لەبەرئەوەی مەعهەد یەکەم جارە لە کوردستان دەکرێتەوە و بۆ ئەوەیە حاڵەتەکان بە تەواوی وازح بێت، هیچ کەسێك یان ئەنجومەن یان کەسی تر نەتوانی دەسکاری لە کارەکانی ئەو مەعهەدە بکات، کە بە ناحیەی قانونی بە تەواوی تەسبیت کرا، ئەوانە کاری پێ دەکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فؤاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم کەوا ئێمە لە ماددەی 6 دا دەسەڵاتمان داوە بەوەی کەوا ئەنجومەنەکە خۆی نیزامی داخلی مەعهەدەکە دابنێ، لەبەرئەوە ئەو مەعهەدە خۆی وردەکاریەکان دادەنێ و ئیمتیحان چۆن دەکات و کێ دەردەچێ و دەرچوون چیە و غەش کردن چیە و سزاکانی چیە؟ ئەمە شتێکی زۆر تەبیعیە و پێویست ناکات بەڕاستی ئەم وردەکاریانە لەم یاسایە بەم شێوەیە بێتە خوارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی هەردوو بەڕێزان کاك کرخی و د.فؤاد دەکەم، هەر سێ ماددەی 14 و 15 و 16 زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی لابردنی ئەو ماددەیە و ماددەی دواتریش دەکەم، ئەگەر مایەوەش خاڵی دوای نەخۆشی ئەسبابی ئوخرای قاهیرە ئەوەش زیادبکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار ئەندامی پەرلەمان داوایان کرد کە ئیلغا بکرێت، د.شکریە فەرموو.

**د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم ماددەیە زۆر جوان هاتووە و لە جێگەی خۆیەتی و وادیارە ئەمە لیژنەیەکی دیاری کراو لە بەینی زانکۆ و وەزارەت دا ئەمەیان داناوە، هەمووی بە قانون شی کردووەتەوە، ئەوەی کەوا ئیکمال بێت، دەرەجەی نەهانی بێت لە یەك ماددە دەبێتە ئیکمال، دەتوانێ ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفوم دەکەی د.شکریە ئێستا قسەت هێن دەکەم، موشکیلەمان لەوە دانیە کە دەقیقە، ئێمە دەڵێین لە قانون دا ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد لە قانون دا پێویست ناکات، ئەوە ئیشی مەجلسی قەزایە ئەو ئەوشتانە دادەنێت، ئەوەمان بۆ ڕوون بکەوە، لێرە بێت یان لەوێ بێت؟.

**د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خوێندنی باڵاش داهەیە، لە هی وەزارەتی تەعلیمی عالی ئەمە بە تەفسیلی هەیە، لێرەشدا زۆر بەوردی و جوانی ئەمە قانونە ڕێگەی لە هەموو واستەیەك گرتووە، ڕێگەی لە دەستێوەردان گرتووە، ئەمە زۆر بە جوانی هاتووە دەستی ئەوە خۆش بێت کە ئەمەی داناوە، دەستی وەزیریش خۆش بێت کە تەئیدی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە با حەسم بکەین بمێنێ یان نەمێنێت؟ 4 ئەندامی پەرلەمان گوتیان بمێنێت، کاك عونی و د.شکریە شەرحیان کرد، کە نەمێنێت و زیادەیە، کە کاك عونی د.شکریە عەکسی رەئیەکەیان دا، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ 16کەس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە؟ زۆرینە پێی وایە بمێنێتەوە، جا لەبەرئەوە ئەو دوو برادەرەی کە قسە دەکەن لەسەر مانەوەو نەمانەوەی قسە نەکەن، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی(أ) دەڵێت کەسەکە ئیکماله ئەگەر لەیەك ماددە کەوت بێت، یەك ماددە بەڕای ئێمە زۆر کەمە، چونکە ئەگەر بەو حیسابە بێت ئەگەر دوو ماددەی هەبێت یەکسەر راسبە، یەعنی مەجالەکە زۆر بەرتەسکە بۆ ئەو کەسە، مەجالی

زیاتر بێت یان بکرێتە دوو ماددە یان زیاتر، بۆ ئەوەی مەجال زیاتر هەبێت، ئێستا لە سیستەمی تازەش هەروایە یەعنی ئیکمالی دەرسەکانی زۆر ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە برگەی (ب) هاتووە (تخلف عن الامتحان النهائی الدور الاول بسبب مرض مانع) ئەوەش ئەسبابی قاهرەی بۆ ئیزافە بکرێت هەروەکو لە ماددەی پێشوش ئیزافە کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مولاحەزەی سارا خان بە تەئکید قازی فەرقی هەیە، کە دەبێتە قازی ئیکمال بێت یەعنی قازیاتی پێ ناکرێت، چۆن دەبێت! لە دەرسێك بکەوێت ئەگەر قازیەك بێتە پێشەوە ئیکمال بێت مانای وایە ناتوانێت حوکم بدات بە تەواوی، وەکو تەڵەبەی هێن نیە، ئەوەی کاك رشاد گوتی پێم وایە ڕاستە لێرە دەبێت ئیزافەی بکەین وەکو ماددەی پێشتر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نابێت ئەو ئیقتراحەی کاك رشاد قبوڵ بکرێت، چونکە لەوێ باسی فەسڵ دەکەین، فەسڵ جیاوازە لەگەڵ ئیکمال، بابەتەکە جیاوازە، لێرە پێی ناوێت ئەگەر ئیکمال بوو عوزرێکی مەشروعیش هەبێت، ئەو دەوام دەکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی چۆن ئەوەی کە غائیب بوو لەبەرئەسبابی قاهیرە، چی لێ دەکەی؟ لەوێ تۆ داخلت کرد، لێرە چی لێ دەکەی؟ ئیمتیحان ناکاتەوە؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەتمەن مەجلس بە گوێرەی ئەو زەوابتەی کە لە ماددەکان دا هەیە ئیعادەی ئیمتیحانی دەکاتەوە، بەڵام لەوێ باسی مەوزوعی فەسڵ دەکات، یەکجاری ئیرتیباتی بە مەعهەدەکە نامێنێت، لێرە نا لە مەعهەد دەوام دەکات، بەڵام ئیعادەی ئیمتیحان دەکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**نەدانی ئیمتیحان دەبێتە سەبەبی فەسڵ، ئیمتیحان نەدان دەکاتە سەبەبی فەسڵ، لەبەرئەوە مەفروزە ئەسبابی قاهرە شمولی بکات، لە هەر ماددەیەکی تریش ئەگەر هاتبێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو موقتەرەحەی کاک رشاد دەیخەمە دەنگەوە لەبەرئەوە من تەئیدی دەکەم، کاک زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا)-:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش هەمان پێشنیارم هەبوو و پێشتریش ئیشارەتم بۆی کرد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێرە ئیزافەی ئەسبابی قاهرە بکرێت وەکو لە ماددەی پێشوودا هاتووە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوە ئیزافە بکرێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ لە (ب)دا دەڵێت (ئەو کەسە ئیعتبار دەکرێت کە موکمیلە، ئەگەر لە ئیمتیحانی نیهائی دەوری یەکەم لەبەر نەخۆشی نەبوو، ئێمە لەوێ گوتمان لەبەر نەخۆشی ئەسبابی قاهرەی ئوخرا، کاک رشادەو کاک زانا دەڵێن ئەسباب قاهرەی ئوخرا لێرە ئیزافە بکرێت، کاک عونی دەڵێت، منیش رەئی خۆم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان پێم وایە دەبێت لێرە ئیزافە بکرێت، چونکە ئەگەر نەکرێت ئەسباب قاهرە غائیب بوو چی دەکرێت؟ مەعنای وایە ئەوەی دەنگمان بۆی دا غەڵەت بووین، ئەگەر وابێت؟ بۆیە لێرە ئەسباب قاهرە ئوخرا، لە کەروکووکە ودێتە ئێرە ڕووداوێك ڕووی دا، سەیارەیان مەنع کرد بێتە ئێرە، ئەوە ئەسبابی قاهرەیە، بە دەستی خۆی نیە، ئیمتیحانەکە خۆ ڕاناگرێت؟ خەتفیان کردو داوای پارەیان لێی کرد! چی دەیگرێتەوە؟ وەکو نەخۆشەکە عوزری مەشروعی هەبێت کە غائیبە، ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە کە ئەوە لێرە ئیزافە بکرێت ئەوەی کاک رشاد و کاک زانا، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینە ئەوەش ئیزافە بکرێت، ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە بەو گۆڕانکاریانەی کە کرا، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، مامۆستا کاکە فەرموو بۆ ماددەی دواتر.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة عشرة:**

**1 ـ يعتبر راسبا فى الامتحان النهائى كل من لم يحصل على درجة النجاح فى اكثر من مادة او مادة والبحث فى الدور الاول او فى احدهما والمعدل العام.**

**2 ـ كان مكملا ولم يحصل على درجة النجاح فى امتحان المكملين او لم يشترك فيه لاى سبب كان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وردبینیمان كرد لە ماددەكە و پرۆژەكە، مولاحەزەمان كرد فەقەرەی 3 كۆپیە لە قانونی عیراقی، بەڵام نەهات بوو لە مەشروعەكە، لەبەرئەوە پێشنیارمان كرد ئەوەش تەسبیت بكرێت (3 ـ ثبت غشه او محاولته الغش في اي مادة من المواد التي يمتحن فيها).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزانی چیە ئەگەر ئینتیباه بكەن، ئەوە یەكێك كە دەبێتە قازی ئەگەر غەش بكات چۆن ئیعتباری بۆ دەكرێت؟ دەبێت فەسڵ بكرێت! یەعنی ئەوە 1 و 2 كافیە، 3 یەمەكە لە جێگایەكی تر جێگای بكەنەوە، لە ماددەی دواتر باسی كردووە، یەعنی غەشەكە دەبێت فەسڵ بكرێت، نەك ئیعتبار بكرێت بە ساقیت، ئەگەر غەش بكات بە هیچ شێوەیەك موئەهەل نیە ببێتە قازی، لەبەرئەوە ئەگەر سەحبی ناكەن موقتەرەحەكەتان دەیخەمە دەنگەوە، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی سەحبی كرد، هەر یەكەم و دووەم دەمێنێتەوە، دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ دەنگدانەكە تەواو نەبووە، فەرموو كاك حاتم بزانین چیت هەیە؟

**بەڕێز حاتم محمد جان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا لە بڕگەی 2ی ماددەكە هاتووە و دەڵێت (كان مكملا ولم يحصل على درجة النجاح فى امتحان المكملين او لم يشترك فيه لاى سبب كان)، (اى سبب) لەوە دەچێت ئیشارەتمان بۆ ئەوە دا، بۆ حاڵەتی تایبەتمەندی هەیە، ئەو (اى سبب)ە ڕوونبكرێتەوە كە سەبەبی نەهاتنەكەو ئامادە نەبوونەكەی لە ئیمتیحانەكە چیە؟ بۆ كێشەیە بۆ دەعمی سەیارەیە؟ بۆ چیە؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

گوتمان كاكە هی ئیمتیحانی دووەمە، لە ئیمتیحانی دووەمە ئیكمالی، كە لە جاری یەكەم تەئجیل كرا، جاری دووەمیش نەیەت ئەسبابی موجبەشی هەبێت، حەقی نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەیە، مادام ئێمە باس لە مەعهەدێكی قەزائی دەكەین و قازی دەردەچێت لێوەی، ئەوەی كە راسب دەبێت بۆی هەیە ئیعادە بكاتەوە؟ یان بۆی نیە؟ چونكە ئەگەر بۆی هەبێت ئیعادەی بكاتەوە بەڕاستی ئەوە دەبێت بە شتێكی زۆر ناخۆش، حەقە ئەوەی كە راسب دەبێت بۆی نەبێت جارێكی تر لەو مەعهەدە تەقدیمی خوێندن بكاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایە لە ماددەی تردا دەتوانین موعالەجەی بکەین، کاك کرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارێکم لەسەرۆکایەتی هەیە، ئەگەر ئەو قانونە ئەوەندە پەیوەندی بە دەرەجات و پەیوەندی بە بەڕێوەبردن و دەرچوون و ئیکمال بوونی ئەوانە هەیە، بۆچی لیژنەی پەروەدەو خوێندنی باڵا دیراسەی لەسەری نەکرد و جەنابیشتان پێشکەشتان نەکردووە، تەبعەن ئێستا ئەوانیش پەیوەندی بە تەربیە و خوێندنی باڵاوە هەیە، دەبووایە ئەوانیش تەقریری خۆیان هەبا و ڕەئی خۆیان هەبا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەڵەن مەعهەدێکە عایدی وەزارەتی عەدلە، لە حکومەتیشەوە هاتووە، دراوەتە هەموو ئەندامانیش و داومانەتە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئەگەر هەر ڕەئیەك هەیە د.شکریە قسەی تێدا دەکات و مامۆستاشە و ئەندامی لیژنەکەشە، د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ئیعتبار دەکرێت راسبە (یعتبر راسبا فی الامتحان النهائی) سێ خاڵی داناوە، یەکێك لەو خاڵانە دەڵێت ( لم یحصل علی درجة النجاح فی اکثر من مادة و البحث فی الدور الاول) بە ڕەئی من بکرێتە لەبەر ئەوەی وەرزی بوو (فی الفصل الاول والفصل الثانی)، ئەمە یەك، چونکە دەوری یەکەم بیڵێ، چونکە لە ماددەکانی تردا فەسڵیە، ئەم مەعهەدە مەعهەدێکە دیراسەی فەسڵیە سەنەوی نیە، دووەم: زۆر بە جوانی هێناوە، بەڵام کە لە سێیەم فەراغێکی داناوە (أو لم یشترك فیە لای سبب)، ئەگەرئەمە بکەین بە خاڵی سێیەم (اذا لم یشترك فی الامتحانات نهائیا) تەڵەبەکە نهائیەن نەهاتووەتە ئیمتیحان، ئەمە بکەین بە خاڵی سێیەم، ئەگەر تەڵەبەکە ئیشتراکی نەکرد نهائیەن دەبێتە راسب، ئەمە خاڵی سێیەم، خاڵی چوارەم: مادام وشەی راسبی هێناوە، ئەوە واردیشە لە ناو جامیعەشدا، مادام بە چ سەبەبێك راسب بووە، بە سەبەبی غەش کەواتە (یعتبر راسبا بسبب الغش).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دواتر موعالەجەی ئەوەی کردووە د.شکریە، کاك عونی مولاحەزەتان هەیە لەسەر ئەو قسانە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام فەقەرەی 3 ئیلغا کرا ئێمە هیچ مولاحەزەمان نیە، تەئیدی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەگەر دەوری ئەوەڵ بێت یان فەسڵی ئەوەڵ بێت، چ فەرقی هەیە؟

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر فەسلێكی دیراسی وەكو ساڵێكی خوێندن سەربەخۆ تەماشا دەكرێت، ئەوە دوو دەورە ،دەوری یەكەم خولی یەكەم و خولی دووەم، ئەوە باسی ئەوە دەكات، فەسلی دیراسی یەكەم ،كۆرسی یەكەم، خولی یەكەم و دووەمی هەیە، كۆرسی دووەمیش دیسان خولی یەكەم و دووەمی هەیە، واتە فوتابیەك لەهەردوو كۆرس، چوار جار، چوار فورسەتی لە پێشە كە تاقیكردنەوە ئەنجام بدات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوەی هەندێك ملاحەزات هات، لەماددەی دواتر ئەوها لێكراوە، وەكو خۆی دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ماددەی 16 كە دە بێتە ماددەی 15 فەرموو.

المادةالخامسة عشرة:

يفصل من المعهد كل من ثبت غشه في اي مادة من المواد التي يمتحن فيها، او رسب في السنة الاولى، امامن رسب في السنة الثانية فيجوز له اعادة تلك السنة مع الدورة التالية لمرة واحدة فقط الا اذا كان الرسوب بسبب الغش.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەكەمان پشتگیری دەقی ماددەكە دەكات،زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باش هاتووە چ خیلافەكی باوەڕ ناكەم لەسەر هەبێت، كاك زانا ملاحەزەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(الا اذا كان الرسوب بسبب الغش) دەبێت لابربدرێت، لە كۆتایی فەقەرەكە، چونكە لە ماددەكەی پێشوو لاماندا.( الا اذا كان الرسوب بسبب الغش) وتمان ئەگەر غەش بێت یەكسەر فەسل دەبێت، رسوب نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئەو ملاحەزەی جەنابت راستە، بەلاّم بۆ لابردنی هیچ شوكوكیەت و شوبهەیەك نیە، ئەگەرنا بێیە سەر لغەویەن، ئەوەی دەڵێی راستە، بەس ئەوە بۆتەئكیدە، نەوەك بڵێ لێرە نەی وتووە، مادام پۆلی دووە، غەشیشی كردبێت، ئەوە بە تەئكیدە، عەفوو، كاك جمال ملاحەزەی ترت هەبوو، فەرموو.

**بەرێز جمال محمد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە سەیری ئەو قەزیە وەکو مەکتەب نەکرێت، یەکێك غەشی کردووە ئەمساڵ، مەجالی ئەدرێت ساڵێکی تر، ئەمە دائیرەی عەدالەتە، سبەینێ دەبێت بە حاکم و ئیشرافی مەحاکم ئەکات، ئەو کەسەی کە غەشی کرد ئەسڵەن نابێت لە دام و دەزگای عەدالەت بە هیچ شێوەیەك ئیش بکات، کە ئیسپات بوو بەسەریدا نابێت ئیش بکات، بەس ئەمە بەرەئی من ئەگەر بکرێت بە دوو فەقەرە، فەقەرەی یەکەم ئەوەی راسب بێت ساڵێك شتێکی واردە، مەسەلەن مەجالی نەبووە، سەعی نەکردووە، وەکو پێویست ئیهتیمامی پێنەداوە، راسب دەبێت، بەڵام مەعنای ئەوە نیە ناتوانێت دەربچێت، بەس مەسەلەی غەش، نوقتەی دووەم، ئەمەی یەکەم بکرێت بە راسب بۆی هەبێت کە ئیعادەی بکاتەوە، دووەم، ئەوەی غەشی کرد ئەبێت فەسڵ بکرێت، و نابێت مەجال بدرێت لە دام و دەزگای عەدالەت ئیش بکات.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال ئەوە بۆ خەڵکەکی موتەفەوقن، خەڵکەکی متەمەیزن، خەڵکێکن لە موستەقبەل پاش ئەوەی پەیمانگا تەواو دەکەن، دەبنە واجهە، حاکم، قازی، خەڵکەکە دەبێت متمانەی تەواو بێت، هەر موجەرەد راسب بوو، خۆ دەگەڕێتەوە وەزیفەی خۆی، خۆ فەسل ناکرێت، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بڵێی، سبەینێ دەبێتە حاکم دەڵێن ئەها لە مەعهەدەکە ساڵێك ساقیت بوو، ساڵی یەکەم ساقیت بوو، هینی کردووە متمانەکەی پێی هێنابێت، لەبەر ئەوە فەقەرەکە وەکو خۆی هاتووە، ماددەکە وەکو خۆی هاتووە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ ماددەکە پەسەند کرا، ماددەی 17 کە دەبێتە ماددەی 16.

**بەرێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

يصنف المتخرجون في المعهد الى الدرجتين التاليتين:

اولا: الدرجة (أ) ويشمل كل من كان معدله لجميع المواد والبحث لايقل عن ثمانين من المائة80٪ للسنتين ويمنح قدما لغرض العلاوة والترفيع لمدة سنة واحدة.

ثانيا: الدرجة(ب) وتشمل كل من كان معدله لجميع المواد والبحث ستين من المائة60٪ الى تسع وسبعين من المائة 79٪ للسنتين ويمنح قدما لغرض العلاوة والترفيع لمدة ستة اشهر.

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەکە دەکات بە تەواوی.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك سەردار بەس قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە برگە دوودا بەڕاستی نمرە 60 معەدەل 60 هەتا 79، پێموانیە دەرەجەكی ئەوەندە زۆر بێت تەمیزەكی زۆر گەورەی تێدابێت، هەقی ئەو تەرفیع و عەلاوەو ئەوەی تێدابێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە (یمنح قدماً) ئەوە لابرردرێت لە ئاخیری، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

قسەت هەیە كاك محمد، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەوە هەیە،( معدله من) ئەبوایە بنوسرابوایە ( للتعین) باشترە، نەوەكو عەلاوەو تەرفیع، هێشتا هین نەبووە، ئەم كابرایە دانەمەزراوە، عەلاوەو تەرفیع پەیوەندی بە وەزیفەوە هەیە، یەعنی بەكار كردنەوە بە دەوام، مانەوەی لە دەواما ئەوە ببێتە هۆی عەلاوەو تەرفیع، نەوەكو دەرەجە، دەرەجە بۆ تەعینات شتێكی باشە، یەعنی ئەو كەسانەی كە یەكەم و دووەمن لەبەر چاو بگیرێت بۆ تەعینات پێموایە ئەوە راست ترە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر ئەو ملاحەزاتانە چیە؟ بۆ ئەوانەی تەسنیفەكەو بۆ ئەو ملاحەزاتانەی كە دراوە.

**بەڕێز فاروق جمیل/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە هەشتا بەسەرەوە باشە، بەڵام ئەوەی تر شتێكی زیادە، یەعنی ئەوە هیچ پێویست ناكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە دوو، سێ كەس ناوتان دەنووسم، كاك شێروان، د.شكریە، د. فؤاد، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە بە نیسبەت دەرەجەكەی كە هەشتا هەتا سەد، ئەوە یەك ساڵ قیدەمی دراوەتێ، بۆ غەرەزی تەرفیع و عەلاوەو ئەو شتانە، كە دەڵێی تەرفیع و عەلاوە، ئەكید تەئسیر لەسەر خدمەكەی دەكات، بە نیسبەت ئەوەی تر كە شەش مانگی داوەتێ، لە 60 ەوە تاوەكو 80، ئەگەر ئەو تەبریرەی كاك سەردار كردی لە 60 ەوە تاوەكو 80 بگرێتەوە، هەق وایە ئەو تەبریرەش بگرێتەوە كە بەینی 80 تا 100، یەعنی ئەگەر 99 ش بێنێت هەر عەینی قیدەمی دەدرێتێ، هەتا ئەگەر 80 بێنێت عەینی قیدەمی دەدرێتێ، بە نیسبەت

حاڵەتی دووەم ئەگەر 60 بێنێت، عەینی شەش مانگ قیدەمەکەی دەدرێتێ، ئەگەر 79 ش بێنێت عەینی قیدەمەکەی دەدرێتێ، وابزانم نەسەکە نەسێکی متەوازینەو لە جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خاڵی یەکەمەوە، کە 80 ی داناوەو بۆ غەرەزی عەلاوەو تەرفع هەتا ساڵێکی داناوە، بەرەئی من ئەگەر ئیمتیاز بێت، ئەگەر نایاب وەرگرێت، ئەوە هەقی خۆیەتی هەتاوەکو ساڵێك عەلاوەو تەرفیعی بدرێتێ، خاڵی دووەم ئەگەر جید جدا بێت، زۆر باشە بەراستی ئەوە بۆ پێنج شەش مانگ هەقیەتی، یەعنی ئێمە لە زانکۆ یەکەمەکانی کولیە ئێستا وای لێهاتووە تەعینات دەکرێت، بۆچی یەکەمی کولیە؟ چونکە یەعنی نایابی هێناوە، ئیمتیاز، یاخود جید جدا هێناوە زۆر باشە، بەلاَم من لێرەدا ئەمە لەسەرووی جەیدەوەیە، ئەوە جید عالیە، جید عالی بۆ قضات کەمە، بەلاَم ئەگەر ئیمتیاز بێت وەڵلا شایەنی ئەوەیە ساڵێیکیش عەلاوەو تەرفیعی بدەیتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فؤاد فەرموو.

**بەڕێز فؤاد احمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستی من پێموایە ئەم دابەش کردنەی دەرچووەکان بە دوو بەشەوە، جێگای خۆی نیە، وا باشترە کەوا هەریەکێك کەوا ئەم مەعهەدە تەواو دەکات، دەرەجەی 60 ی هێنابێت یان90ی هێنابێت، هەر یەکەیان وەکو خوێندنی بالاَ، ساڵێك قیدەمی بدرێتێ، دەرەجەکەی چەندی هێناوە زۆر مهیم نیە، ئەوە وا پەیڕەو دەکرێت لەو لایەنانەی کەوا خوێندنی بەرزیان پێ دەڵێن، خوێندنی بالاَ، پێویست ناکت سنفیان بۆ دابنێین، دیار بکەین بە دوو بەشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیرسلیمان کامەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم ودووەمدا تایبەت مەندیەك و ئیمتیازێکی دراوەتێ، حیکمەت چیە بابلێین لەو ئیمتیازەی کە دەی درێتێ بۆمان روون بکاتەوە جەنابی وەزیر، بۆ لە باقی خوێندنەکانی تر، کولیەکانی تر هەر مەرحەلەیەکی تر کە ئیمتیازی لە 100٪ یش بێنێت، یان لە 90٪ ش بێنێت، نابێت، دووەم کە باس لەوە دەکات کەواتە هەمووان دەگرێتەوە، ئێمە لە ماددەکانی پێشوودا، باسمان لەوە کردووە کە معەدەلی لە 60 کەمتر بێت بەراسب حساب دەبێت، یان بە دەرچوو حساب نیە، ئەوە لە 60 بەرەو سەرەوە قبوڵ کراوە، کەواتە هەرچی دەرچوو بێت، تەرفیع و عەلاوەی بۆ حسابە، دووەم ئەوە لەوانەیە لە

وەزیفە دابێت لە کاتێکدا لە وەزیفە دایە دەچێت ئەو دەورە دەبینێت، وەزیفەکەش ئەو خوێندنەشی هەر بۆ بە خزمەت حسابە لەو کاتەدا، کاتی خوێندنەکەشی هەر بۆ بە خزمەت حسابە، زۆر سوپاس، جا بەس ئەوەندە روون کردنەوەیەکمان دانێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێزعەونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مناقەشەکان وادیارە، ئێمە تەبعەن لەلیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکەمان کرد، بەلاَم ئەفکاری نوێ ئێستا هاتە گۆڕێ، پێمان باشە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبوڵی بکەن، لێرە ( لایقل عن ثمانین الی 90 للسنتین ویمنح قدما لغرض العلاوة والترفع لمدة سنة واحدة) ئەوی تریش 60 ببێتە 70 هەتاوەکو (80 للسنتین و یمنح قدما لغرض العلاوة الترفیع) چونکە 90 دەرەجە ئیمتیازە، 80 جید جدەنە، لەوان کەمتر جید دواتر مەقبولە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، قسەو مناقەشە تەواو بوو، ئێستا تەسریفەکە لەسەر ئەوەیە، قیدەمەکە بۆ تەزویع کردنی ئەو خوێندکارە لە مەعهەدەکەیە، لەبەر ئەوە سێ ئیمتیاز هەیە، چوار هەیە، یەك ئیمتیاز، یەك جید جیدەن، یەك جید، یەك مەقبول، مەقبولەکە هیچ ئیعتیادی نایگرێتەوە، مەقبول نیە، متەوەست هەیە، زۆر باشە هەیە، باشە هەیە، نایابیش هەیە، بەڕێز ماموستا کاکە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەعهەدە تەبعەن بۆ ئەوەیە ئەوە تەشجیعە بۆ خوێندن، بڕوام وایە ئێمە تەنها لە 80موافەقەی بۆ دابنێین، ئەوەی تر یەعنی چ داعی هەیە ئێمە ئەو ئیمتیازەی بدەینێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەعهەدە هەرلە وەزارەتی عەدل نیە لە وەزارەتەکانیش هەندێکیان مەعهەدی وایان هەیە دوو ساڵیشە، بەلاَم دائیم دوو قیدەم دەدەن ناکرێت ئەوەی بکەی، هەتا لە عەسکەری کوتلەی ئەرکان هەیە، ئەوانەی لە 80 وە بەرەو سەرەوە، ساڵێکیان دەدەنێ ئەوەی تر شەش مانگیان دەدەنێ، یەعنی ئەوە شتێکی رۆتینە، لە هەموو وەزارەتەکان ئەوە هەیە، لەوەزارەتی خاریجیەش ئەوە هەیە، لە وەزارەتی سناعەش ئەوە هەیە، لە هەموو شوێنەکان ئەوە هەیە، لەبەر ئەوە دەستی لێنەدەین، چۆن هاتووە ئەوها بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڤیان خان بزانین.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو دابەش کردنە بە شتێکی باش نازانم لێرە، کە ئەگەر سەیری بکەین هەرکەسێك کە خوێندنی بالأ تەواو دەکات، لە هەر وەزارەتێکیش بێت قیدەم وەردەگرێت، لە پلەکی قیدەم وەردەگرێت، لە وەزارەتی خوێندنیش دیسان لە پلەی زانستیەکە وەردەگرێت، ئەوجا شتیکی زۆر زۆر باشە، ئەگەر ئەو کەسەی کە ئەو مەعهەدەی تەواو کرد، قیدەمێك وەربگرێت، ئەوجا کەواتە ماوەکە ئێوە دەست نیشانی بکەن، شەش مانگ تاسالێك بێت، بەلأم ئەوەی کە متەفەوق دەیهێنێت دەرەجەی باشترە یان ئەوەی کە بە متەوەست یان پەسەند قبولّ دەردەچێت، ئەوە خەلأتی ڕێز لێنان هەیە، بە متەفەوقین خەلأت وەردەگرن، وەکو لە هەموو زانکۆکان باوەو بەو شێوەیە بمێنێتەوە، ئەمە عەدالەتی زۆرترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرقەکەی کاك شێردلّ، ئەوەیە لەگەلّ مەعهەدی دیکەی ترو ئەوانە، ئەمە دەچێتە وەزیفەیەکی تر ئەغلەبیان، مەعهەدی تر لە وەزیفەی خۆی دەمێنێتەوەو دەرەجەیەکی بۆ زیاد دەکرێت، کابرا مۆزەفێکە لە وەزارەتی عەدل، باش ئەو مەعهەدە دەبێتە قازی، لەبەر ئەوە، ئەوە زەرورییە فەرقێکی هەبێت، بەنیسبەتی من فەقەت ئەوەندەیە، لە تەسنیفەکە تەسەلسولەکە فەرقی هەبێت، نایاب شتێك بێت، زۆر باش، باش، ناوەندی، کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو برادەران ئیشارەتیان پێی داوە، ئەوە بۆ حافیزە، بەراستی بۆ تەشجیعە، هەرکەسێك بێتە ئەو مەعهەدە، حافیزێکی دەدرێتێ، ئەوەی کە دەرەجەی باش دێنێ با سالێك قیدەمی وەربگرێت، موبارەکی بێت، ئەوەی دوای شەش مانگەکە وەردەگرێت و خوا حافیز، با هەموو هەولّ بدەن کە هەشتا بێنن بەراستی، یەعنی ئەوەیە مەوزوعەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

متەفقم لەسەر ئەوەی کە حافزە بۆ خەلّکی زیرەك و ئەوانەی متەفەوقن، بەلأم بەم شێوازەی بەراستی حافز نیە، ئێمە لە ماددەی 12 کە بوەتە 11 لە فەقەرە سێ، دەلّێت (علی ان لایقل المعدل العام لجمیع المواد والبحث عن ستین بالمائة60٪) یەعنی دەرجەی نەجاح خۆی 60، یەعنی لێرە ئەگەر 60 هەتا 79 بێت، یەعنی هەر کەسێك ناجیحیش بێت، ئەو قیدەمەی وەردەگرێت، کەوا حافیزەکە لەکوێیە، یەعنی لێرە دوو

پێشنیار دەکەین، یان ئەوەتا تەکلیفەکە با بۆ دەرەجەی نایاب بێت 90 هەتا 100، زۆر باشەکەش لە 80 هەتا 90.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە فەرموو تێگەیشتم، یەعنی خۆی ئەو ملاحەزەیە راستە ، لەبەر ئەوە ئەو تەشجیعە بۆ متەفەووق بەو شکلە بمێنێت بیکەینە دوو، فەقەت لە هەشتا موافقە سالێك بێت، ئەوەی تر 70 تاوەکو 80 شەش مانگ بێت، ئەوەی تریش ئیعتیادیە هیچمان نیە لەسەر، باشە کاکە ئەوە دەبێت کە 70 تاوەکو 79، خۆی متەفەوق 80 یەکە هەتا سالێکە لە 70 تاوەکو 79 شەش مانگە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێزعبدالکریم هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشرة:

يصنف الناجحون في نهاية السنة الثانية الى قضاة واعضاء ادعاء عام وفقاً للحاجة وحسب الدرجة و الرغبة.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەمان پشتگیری دەقی ماددەکە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمەش ماددەیەکی چاکە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

يعين المتخرج في المعهد بمرسوم اقليمي بمنصب قاضي من الصنف الرابع اذاكان من بين المؤهلين للقضاء وبوظيفة نائب مودعي عام من الصنف الرابع اذاكان من بين المؤهلين لهذه الوظيفة وذلك بالراتب والصنف او الدرجة التي يستحقها بموجب شهادته وخدمته وممارسته والقدم الممنوح له بموجب احكام هذا القانون وتعتبر مدة الدراسة في المعهد ممارسة لغرض التعيين وتحديد الراتب بالنسبة لغير الموظف.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەکەیە و پشتگیری دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل و د.شکریە داوای قسەیان کردووە، لەگەڵ کاك جمال، فەرموو کاك عادل.

**بەڕێزعادل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دەڵێت ئەوەی کە خەڵکی ئەو پەیمانگایە دیاری دەکرێت کە کێ شیاوە ببێتە دادوەر، کێ شیاوە ببێتە نائیب مودەعی عام، بەڕاستی نازانم پێوەرەکان روون نیە، ئەگەر ئەو بڕگەی مولحەقەکەی دوایی بێت روون نیە، (وذلك بالراتب والصنف) نازانم پێوەرەکە چیە؟ دەڵێن دەرچوو تۆ بۆ قازی باشی و تۆ بۆ نائیبی مودەعی عام، یەعنی حەقە ئەوە روون بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەرەتاوە ئەوە تەسنیف دەکرێت، ئەوە زۆر تەبیعیە، د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی 7 کە بوو بە ماددەی 6 ئەڵێ مەرسومی ئقلیمیمان کرد بە (قرار من مجلس الوزراء)ئێرەش مەرسوم ئیقلیمیە بکرێت بە (قرار من مجلس الوزراء )سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە شتێکی ترە، ئەوە تەعینی قازیە،فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی تر، ئەوە دەبێت بە مەرسوم بێت، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت لە کۆمەڵگای مەدەنی شتی وانیە هەرکەسێك لە شوێنێك تەخەروج بکات یەکسەر تەعینی بکەن، عادەتەن (عند الضرورة) هەیە، کە ئەگەر پێویست بێت، دەبێت بە مرەشەح، کە پێویست بوو ئینجا دادەنرێت، مەرج نیە یەکسەر لەوە تەخەروجی کرد بکرێت بە حاکم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش نووسرا( وفقا للحاجە) ئەگەر نووسرا ئەوە جەنابت هین دەکات، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە التاسعە عشرە:

يمنح المتخرج في المعهد شهادة (دبلوم عالي) في العلوم القضائية تتضمن اكماله للمتطلبات الدراسية فى المعهد والتقدير الذي حصل عليه وتسلسل تخرجه.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەمان پشتگیری دەقی ماددەکە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس کاك عمر وابزانم ملاحەزەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی قانونەکە قانونی مەعهەدی قەزائیە لێرە ( معهد القضاء، معهد العالي للقضاء) ئەو عالیە من پێموایە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دبلوم عالیە، مەعهەد عالی نیە، عالیە کەمان لابرد، د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم لە وەزیر هەیە یا لە لیژنەی یاسایی دبلومی عالی لە پێش راپەڕینەوە بە ماجستێر حیساب دەبوو، یەعنی لە بیرمە کاك نیزام الدین گلی دبلومی عالی هەبوو لە دوای ئەوەی کە چووە ئەو مەعهەدی قەزایە لە بەغدا بە ماجستێر حیساب بوو، ئایا ئێستا ئەوە بە ماجستێر حیساب دەکرێت یان نا؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێموایە ماجستێر حیساب ناکرێت، بەغداش وایە، دونیا وایە مەعهەدی قەزا ئەوەیە هینە، ماجستێر دەبێت لە جامیعە بێت، دیراسە تەقدیم بکات، هین بێت، ئەوە حیساب ناکرێت، کەسی تر نەماوە وابزانم، دەیخەمە دەنگەوە ئەو ماددەیە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیە پەسەند کرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العشرون:

لايعين قاضيا او نائب مدع عام بعد صدور هذا القانون ما لم يكن متخرجاً من المعهد العالي للقضاء او اي معهد قضائي معادل له في العراق.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین، پاش لابردنی کەلیمەی العالی پێش للقضاء ( المعهد القضائی) ئەوەیە معادەلەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکاریەی کە داوای کردووە لیژنەی یاسایی، لە جیاتی مەعهەد عالی مەعهەد قضاء ، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادردزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە الحادیه والعشرون:

لوزیر العدل اصدار التعلیمات الازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە مادەی خیتامی پرۆتۆکۆلیە، پشتگیری دەکەین، هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە الثانیة والعشرون:

علی الوزراء والجهات المختصة تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی بەس ئیعادەی سیاغەی ماددەکەی کردووە، بەم شێوەیە( علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە موفتەرەحەکەی دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة والعشرون:

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەش هەر ئیعادەی سیاغەی کراوە بەو شکلە( لايعمل بأي قانون أو قرار يتعارض واحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگەوە، لەگەڵ موفتەرەحی لیژنەی یاسایی، ئەو ماددەیە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة والعشرون:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقايع كوردستان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ئەخیریش هەر ئیعادەی سیاغەیە بەو شێوەیە( ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ نشره الجريدة الرسمية وقايع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موفتەرەحی لیژنەی یاسایی بۆ ئەم ماددەیە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بەس ئەو ماددەیەی پێشتر کە وتمان سیاغەی بکەنەوە، ئەگەر تەواوتان نەکردووە، پێنج دەقیقە مەجالتان بدەینێ بۆ ئەوەی تەواوی بکەن، فەرموو کاک سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی نۆ کە بوەتە ماددەی هەشت پێشنیار دەکەم سیاغەکەی بەم شێوەیە بێت، فەقەرەی شەش و فەقەرەی حەوت دەمجی بکەین و بیبەینە ئەخیری، بەم شێوازە بێت( باضافة الشروط الواردة على يشترط لغير محامي) ژمارە شەش ببێتە (ا) ژمارە حەوتیش ببێتە( ب).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لەگەڵیان دابنیشن بزەبت دە دەقیقە، ئێستا دوو كەم چارەیگێكە، دوو كەم پێنج دەقیقە كۆبوونەوەی دەكەینەوە، جەنابت لەگەڵ لیژنەی یاسایی دابنیشە بۆ تەكمیلەی، تا هین نەبێت، بۆ خوێندنەوە، ماددەیەكی گرنگە، دە دەقیقە ئیسراحەتە دێینەوە، دوو كەم پێنج دەقیقە لێرەین.**

***دوای پشوو:***

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەینەوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم ئەو صیاغە تازەیە بۆ ئەو ماددەی كە باسمان كرد بیخوێننەوە تكایە.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

**اولاً: يشترط في من يقبل في المعهد لاعداده قاضياً او عضواً للادعاء العام مايلي:**

**1- ان يكون عراقي الجنسية ومتمتعاً بالاهلية الكاملة.**

**2- ان يجيد اللغتين الكوردية والعربية قراءة وكتابة.**

**3- ان يتمتع بسمعة وسيرة حسنة وغير محكوم عليه بجناية عمدية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف ولم يسبق فصله من المعهد مالم يكن بسبب مرض مانع ثابت بتقرير من لجنة طبية رسمية او لاسباب قاهرة.**

**4- ان يكون سالماً من الامراض والعاهات البدنية التي تعيق اداء واجبهم.**

**5- ان يكون حاصلاً على شهادة بكالوريوس في القانون من احدى الجامعات العراقية او الجامعات المعترف بها على ان تكون الدراسة فيها منتظمة.**

**6- ان لايزيد عمره عن (43) سنة.**

**7- ان تكون له ممارسة فعلية لمدة (8) سنوات في اجهزة وزارة العدل او مجلس القضاء والمحاكم التابعة له او ممارسة فعلية لمهنة المحاماة او وظيفة قانونية في الدوائر والمؤسسات الحكومية لمدة لاتقل عن (8) سنوات على ان يكون قد ترافع عن (5) دعاوى على الاقل في السنة الواحدة وتخصم سنتان من المدتين المذكورتين بالنسبة للحاصلين على شهادة الماجستير في القانون وخمس سنوات للحاصلين على شهادة الدكتوراه في القانون سواء كانت الممارسة قبل الحصول على الشهادتين او بعدهما.**

**8- ان لا يكون منتمياً لاي حزب او جهة سياسية وعليه انهاء ارتباطه السياسي عند تقديمه الى المعهد ان كان منتمياً.**

**9- ان يجتاز امتحاناً تحريرياً وشفهياً في القوانين التي يقررها مجلس المعهد.**

**10- ان يجتاز المقابلة التي يجريها مجلس المعهد.**

**ثانياً: يستثنى المحامون من احكام الفقرتين (السابعة والثامنة) من هذه المادة للقبول في المعهد لغرض الاعداد والتأهيل.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئینجا ئەوەی (یستثنی اولاً من هذه المادة)، (فقرة ثمانیة وسابعة اولاً من هذه المادة)، ئەوە وابزانم پاشی ڕێکەوتن لە بەینی ئەو فەقەرەی دووەم، بۆ ئەوەی صورتەکان هین کرا، چونکە ئەو دوو شەرتەی، ئەو دوو فەقەرەیە خاصە بە قوزات و مودەعی عام کە حزبی نەبن یەك، کە خیبرەتیان وا هەبێت، بۆیە فەقەرەی دووەم ئیزافە کرا، ئەو محامیەکان نەگرێتەوە بە دوو شەرتە، هینەکەش بە راوێژ لەگەڵ وەزیر تەمەنی لە چل ساڵ کەمتر نەبێت، ئەوەش ئیتیفاقمان لەسەر کرد، دەیخەمە دەنگدانەوە، خیلاف لەسەر عمرەکەیە، جەنابی وەزیر تۆ ئیقتیراحت چەندە؟

**بەڕێز جمیل فاروق صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحەکەمان بەڕاستی من پێم باش بوو (40) ساڵ بێت، بەڵام دوایی لەگەڵ لیژنەی قانونی دانیشتووین گەیشتینە نەتیجەیەك (43) ساڵ بەو دوو ساڵەش مەعهەدەکە تەواو دەکات دەبێتە (45) ساڵ، یەعنی لەوەی زیاتریش ناکرێتن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گفتوگۆم کرد لەگەڵ بەڕێزان، دیارە ڕەئی جیا هەبووە، من بەنیسبەتی خۆم ڕەئیم ئەوەیە کە عمرەکە لە (40) ساڵ زیاتر نەبێت و حەدی ئەدنایەکەشی دەبێت (30) ساڵ لێرە دابنێین، بەڕاستی بەینی سی و چلە، لە پرۆژەی حکومەتیش حەدی ئەدناو ئەعلا هاتووە، بۆیە من لەگەڵ (40) ساڵەکەمە، حەدی ئەعلایەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر ئەو مەوزوعە زۆر لەسەری وەستاین لە لیژنەی قانونی بە ئیجماعیشمان کردە (45) ساڵ، لەبەر ئەوەی ئەوە یەکەم جار مەعهەد قەزائی دروست دەکرێت لە کوردستان، پێشتر بە قەوائیم خەڵك بووە حاکم چ لێرە، چ لەوێ، لە عێراق عمری (40) ساڵە، چونکە ئەوە شەست و شتێك ساڵە ئەو مەعهەدە هەیە، ئێستا سی و دوو دەورە لە عێراق تەخەروج بووەو (40)ە، یەعنی مەجالی زۆریان هەیە، هی ئێمە ئەوە چەند ساڵە تەراکومێك دروست بووە عمرەکە (45) ساڵ بێت تا خەڵکی تر هەیە مەغدور نەبێت، ئەمە واقیعی ترەو زۆر مونەسەجم ترە لە وەزعی ئێمەی ئێستا (45) ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆره ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەمەنانەی کە دیاری دەکەین هەر لە خۆڕا وا باس ناکەین چل ساڵ بێت، چل و سێ ساڵ بێت، چل و پێنج ساڵ بێت، ئێمە دەبێت تەماشای یاسای سوڵتەی قەزائی بکەین لە چل ساڵی، قازی تەقاعود دەبێت لە شەست و پێنج، باشە تۆ یەکێکت وەرگرتووە قوتابیە چل ساڵە لەو پەیمانگایە دوو ساڵان دەخوێنی دەبێتە چل و دوو ساڵ، ئەو مەسرەفەی لێ دەکەی و ئەو دوو ساڵە ئەو موخەصەصاتەو راتبی خۆی وەردەگری، چەند ساڵ خزمەتی پێ دەکرێت؟ لە چەند ساڵ خانەنشین دەکرێت؟ دەبێت ئەوانە هەمووی لەبەرچاو بگرین، ئینجا بڕیار بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خوێندکارەی کە تەقدیم دەکات بێگومان لە تەمەنی (45) ساڵ، ئەگەر دوو ساڵیش بخوێنی (65) ساڵ تەقاعود دەبێت (18) ساڵ خزمەت دەکات، جگە لەوەی ئەوە لەسەر جادە نەهاتووە، ئەوە پێشتریش چەند خزمەتی هەبووە، ئەگەر لە سی ساڵیەوە حیساب بکەین تا پازدە ساڵی تر خزمەتی کردووە، چ وەکو موحەقیق عەدلی، چ وەکو وەزارەتی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو رەئی هەیە لە بەینی ئەوەی کە مادام ئیستیسنای موحامیەکانمان کرد، ئەوەی کاک شێروانیش دەڵێتن حەدی ئەدنایەکەی سی ساڵەکە، لەگەڵ ئەوەی کە ئیتیفاقیان کردووە لە (43) ساڵە، بۆ موفرەدەکەیە، موقتەرەحەکەی کاکە، هەمووی موقتەرەحە، بەو تەریقەیە موناقەشە ناکرێت، بیست و هەشت بێتن، یان سی، رەئی خۆت بڵێ و هێن دەکەین و ئەوانە، ئەگەر لای ببەین تەحصیل حاصلە ناگۆڕێت، چونکە ئەوە ئەو مودەتەی دەوێت لە فەقەرەی حەوتدا نووسیوتە شەش ساڵ دەبێت وا خزمەتی هەبێت، کە تۆ وتت ئەوەی موقتەرەحی ئەخیر کە لەگەڵ جەنابی وەزیر ئیتیفاقیان کرد لە چل ساڵ کەمتر نەبێت ئۆتۆماتیکیەن (28) (29) (30) ساڵ نابێت لەوە کەمتر بێت، لەبەر ئەوەی تەخەروج دەکات لە بیست ساڵیە، شەش ساڵ هەتا تەعین دەبێت، شەش ساڵ لەوێ خزمەتی هەیە هەر دەگاتە ئەو مەرحەلەیە، ئینجا لەبەر ئەوە ئەگەر بێتو بڵێی کەمتر نەبێتن، لێرە دوو رەئی هەیە خۆیان لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر ئیتیفاقیان کردووە لەسەر (43) ساڵ، من یەکەم جار ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لە (43) ساڵ زیاتر نەبێت، ئاخر ئەوە ئێستا پێشنیاری تازەیە لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیریش موافەقەتی کردووە، کێ لەگەڵ ئەوەیە زیاتر نەبێتن تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (24) دەنگ،

زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ ئێستا ئەوەی گوتمان موقتەرەحی لیژنەی یاسایی (43)ساڵ بوو (24) دەنگ دەرچوو، کێ لەگەڵ موقتەرەحی (40) ساڵیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە (40) ساڵ بێت حەدی ئەعلای دەستی بەرز بکاتەوە؟ (28) دەنگ زۆر سوپاس، کەواتە چل ساڵەکە وەرگیرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە (45) ساڵ بێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ (16) دەنگ، کاك هیوا لەگەڵ هەردووکی دەستی بڵند کرد (43)یەکەو (45)ەکە، باشە چل ساڵەکە تەسبیت بوو، بە زۆرینەی دەنگ چلەکە وەرگیرا، ئێستا ماددەکە بەوەی کە تەصویتمان کرد بە چلەکە ماددەکە بە گشتی خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، پێش ئەوەی بچینە دیباجەوە سارا خان مولاحەزەیەکی باشیدا لەکاتی هینەکاندا، ئێمە لە ماددەیەکدا، ماددەی (21) کە بۆتە ماددەی (20) (لایعین قاضیاً او نائب مدعي عام بعد صدور هذا القانون مالم يكن متخرجاً من المعهد القضائي او اي معهد قضائي معادل له في العراق)، ئەگەر مانای وایە مولاحەزەی ئەو راستە تا دوو ساڵیش کەس قازیەك تەعین ناکرێت، ئێمە دەنگیشمان بۆدا، بۆیە ماددەیەکی ئەحکام خیتامیمان حازر کردووە لەگەڵ کاك فرسەتدا پشتگیریمان لە رەئیەکەی سارا خان کرد، وەکو حوکمێکی خیتامی (استثناءاً من حكم المادة العشرين من هذا القانون يجوز تعين القضاة واعضاء الادعاء عام بموجب احكام قانون السلطة القضائية لسد الشواغر الضرورية للاقليم لحين تخرج الدورة الاولى من المعهد القضائي للاقليم)، ئەو ماددە ئیزافیە ئینتیقالیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیەش وەرگیرا، سوپاس بۆ سارا خان کە تەنبیهی کردین بۆ ئەو هینە، ئەسبابی موجیبە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة

بالنظر للتطورات الكبيرة الحاصلة في اقليم كوردستان - العراق في مجال استكمال اقامة مؤسساته الدستورية وبالنظر لصدور قانون السلطة القضائية رقم (23) لسنة 2007 والذي يعتبر بحق نقلة نوعية كبيرة في مسيرة استقلال القضاء في الاقليم وانسجاماً مع تلك التطورات وتعزيزاً لها ولغرض رفد جهاز القضاء بكوادر مؤهلة علمياً ومهنياً وقادرة على اداء مهامها بكفاءة واقتدار كقضاة واعضاء ادعاء عام ومحامين ولتطوير كفاءة القضاة واعضاء الادعاء العام الموجودين في الخدمة ولرفع المستوى العلمي والقانوني للموظفين العاملين في المؤسسات القضائية والعدلية واعداد وتأهيل المحامين ورفع كفائتهم تمهيداً لتوليهم المناصب القضائية المختلفة ولتطوير المستوى القانوني للموظفين العاملين في المؤسسات الرسمية وشبه الرسمية في الاقليم ولكل ذلك فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

قانونەكە بە ئەسبابی موجیبەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، پیرۆزبایی لە جەنابی وەزیری دادو لیژنەی یاسایی دەكەین و لە ئێوەو لە هەموومان دەكەین بە پەسند كردنی ئەو یاسایە هەنگاوێكی گرنگە بۆ پێشەوە چوون و دامەزراندنی كۆمەڵگایەك، لەبەر رۆشنایی سەروەری یاساو جێ بەجێ كردنی یاساكان محاكممان بەرەو پێشەوە دەڕواتن، ئەگەر جەنابی وەزیریش قسەیەكی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بەناوی وەزارەتی دادەوە زۆر سوپاسی هەمووتان دەكەم، كە ئەمڕۆ ئەو قانونەتان پەسند كرد، بەڕاستی ئەو قانونە زۆر زۆر پێویست بوو، دەبوایە زۆر پێش ئێستا كرا بوایە، بەلاَم بەخۆمان دەزانین لەبەر ئەو زروفەی كە هەرێمی كوردستان تێكەوت بوو، نەدەتوانرا ئەو قانونە جێ بەجێ بكرێت، بەلاَم ئێستا یەك حكومەتەو یەك وەزارەتی دادە، یەك جیهازی قەزائیمان هەیە، دووبارە من زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس لێرەدا كۆتایی بەدانیشتنەكەمان دەهێنین تا رۆژی دوو شەممە، ئومێد دەكەین رۆژی دوو شەممە دەكاتە چەندی مانگ؟ ئاگادارتان دەكەینەوە، رۆژێك پێشتر ئاگادارتان دەكەینەوە، زۆر سوپاس، بەخێر بێن سەرچاوان، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین.

| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
|---|---|---|
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |